MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# پێشەكییەك لەسەر
# كۆمەڵناسیی سیاسی

# پێشەكییەك لەسەر
# كۆمەڵناسیی سیاسی

د. ئەحمد نەقیب زادە

وەرگێڕانی

مەسعوود ڕەواندووست

*ئەم کتێبە وەگێڕدراوی ئەمەی خوارەوەیە:*
در آمدی بر جامعەشناسی سیاسی
سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)
چاپ دوم، تهران۱۳۸۰

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **پێشەکییەك لەسەر کۆمەڵناسیی سیاسی**
- نووسینی: د. ئەحمەد نەقیب زادە
- وەرگێڕانی: مەسعوود رەواندووست
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ۸۸۵
- نرخ: ۳۵۰۰
- چاپی یەکەم : ۲۰۰۷
- تیراژ: ۱۵۰۰
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (۲۰۷)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موگریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........ ۱

**بەشی یەکەم: بوارەکان** ........ ۵

**پاری یەکەم:** کۆمەڵناسیی سیاسی چییە؟ ........ ۷

بەشی یەکەم : کۆمەڵگا چییە ؟ ........ ۸

بەشی دووهەم : سیاسەت چییە ؟ ........ ۲۸

بەشی سێهەم : پەیوەندیی کۆمەڵگا و سیاسەت ........ ٤۰

**پاری دووهەم:** هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی سیاسی ........ ۷۰

بەشی یەکەم : هۆکارە پایەدارەکان ........ ۷۱

بەشی دووهەم : هۆکارە نیوە پایەدارەکان ........ ۹٤

**بەشی دووهەم: هێما، سیستەم و ئەرکە سیاسییەکان** ........ ۱۳۹

**پاری سێهەم:** دەسەڵات، باڵادەستی و رەوایی سیاسی ........ ۱٤۵

بەشی یەکەم : دەسەڵات و دەسەڵاتی سیاسی ........ ۱٤٦

بەشی دووهەم: باڵادەستیی سیاسی ........ ۱٥٤

بەشی سێهەم : رەوایی سیاسی ........ ۱۷۷

**پاری چوارەم:** سیستەمی سیاسی و دەوڵەت ........ ۱۸٥

بەشی یەکەم : سیستەمی سیاسی ........ ۱۸٦

بەشی دووهەم : دەوڵەت ........ ۱۹۷

**پاری پێنجەم:** دەورگێڕان و هێزە سیاسییەکان ........ ۲۳۰

بەشی یەکەم: حیزبە سیاسییەکان ........ ۲۳۱

بەشی دووهەم: گرووپەکانی گوشار ........ ۲٤٥

بەشی سێهەم: هێزەکانیتر ........ ۲٥٤

## پێشەکی

کۆمەڵناسیی سیاسی یەکێك لە لقەکانی کۆمەڵناسیی گشتییە کە لەسەر بۆچوونێکی تایبەت بەرامبەر بە کۆمەڵگا دامەزراوە. ئەم بۆچوونە لە لایەك لایەنی ئایدۆلۆژیك بە خۆوە دەگرێ و لە لایەکیترەوە لایەنی لۆژیك ناسانە. لە ڕەهەندی ئایدۆلۆژیکەوە ئەم ڕوانگەیە ڕەسەنایەتییەکی تایبەت بۆ کۆمەڵگا قایلە و لە سەر ئەو بڕوایەیە کە تەواوی دیاردە و کردارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن، یان بە واتایەکی ڕاست تر، بەرهەمەکانی کۆمەڵگان و ڕەفتارە تاکەکەسییەکانیش بە توندی لە ژێر کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دان. ئایین، ئابووری، سیاسەت و هەر گوتەزایەکی کۆمەڵییتر، شتێك نییە جگە لە بەرهەمەکانی ئەم گشتە بەرهەمهێنەرە. لە ڕەهەندی لۆژیك ناسانەشەوە زانستی کۆمەڵناسی زانستێکی گشتگیرە، کە لە پلەی یەکەمدا بنەمای تەواوی زانستە مرۆڤایەتییەکانە و، لێهاتوویی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوایەتییەکانەوە بگرە هەتا دیاردە کەلتوورییەکان، لە لقەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان زیاترە.[1]

لەسەر بنەمای ئەم بەربڵاوییە لە کار و کردەوەدایە کە کۆمەڵناسی بە سەر زۆر لقی لاوەکی وەك کۆمەڵناسیی ئابووری، کۆمەڵناسیی کەلتووری، کۆمەڵناسیی ئایینی و کۆمەڵناسیی سیاسیدا دابەش دەبێ.[2] بنەمای کۆمەڵناسیی سیاسی لە تەواوی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسانی بەرجەستەی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، بە هەندێك جیاوازییەوە بەدیدەکرێ. بۆ هەندێك کەس، مارکس باوکی کۆمەڵناسیی سیاسییە، چونکە ئەو سیاسەت بە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەزانێ و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەت بە شێوەیەکی زانستی دیاریدەکا. بەڵام ڕوانگەی تاك هۆیی، کە تەنیا یەك هۆکار بۆ شیکردنەوەی دیاردەیەك دێنێتە بەرباس، زیاتر لە ڕوانگە فەلسەفییەکان دەچێ، نەك ڕوانگەی کۆمەڵناسانە. لە بناغەڕا

---

١- در مورد رابطه جامعه‌شناسی با سایر علوم، محسنی، منوچهر، مقدمات جامعه‌شناسی، ص ٢١ - ٢٣

2- Gazeneuve, Jean; sociologie de Marcel Mauss; chap. 2.



کەسێك کە سیاسەت بە شتێکی دووهەم و لاوەکی دەزانێ، چۆن دەتوانێ بە باوکی سیاسەت بژمێرێ، لەحاڵێکدا کە مۆنتسکیۆ لێهاتووییەکی زیاتری بۆ ئەم ناوە هەیە، چونکە تەواوی هۆکار و توخمەکانی کاریگەر لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هاوکات دەخاتە بەرباس و کاریگەریی دوو لایەنەی ئەم هۆکارانە لەسەر بازنەی گشتێتی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی شێوازێکی پێکهاتەییدا دەخاتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەدا هیچ هۆکارێك بە تەنیایی نابێتە هۆی هۆکارەکان، بەڵکو هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە دیاردەکانی تر وەردەگرێ و کاریگەرییان لەسەر دادەنێ. لە پێکهاتنی سیستەمێکی سیاسیدا کە خۆی هێمای بەرچاو و دیاریکەری هەست پێکراوی کۆمەڵگایەکە، تەواوی هۆکار و توخمەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگاوە، لە هۆکارە هەرێمییەکانەوە بگرە هەتا توخمە بیۆلۆژیك و مێژوویی و کەلتوورییەکان، کاریگەرن.[3] لێرەدایە کە لە جیاتی بە یەکسان زانینی تەواوی کۆمەڵگا و دیاریکردنی توخمێك یان هۆکارێك وەك هۆکاری دیاریکەر، لە لایەك لەگەڵ کۆمەڵێك لە هۆکار و توخمەکان سەرقاڵ دەبین و لە لایەکیترەوە حیسابی هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکیتر جیادەکەینەوە.

بنەماکانی دوو ڕوانگە لەمەڕ کۆمەڵگا، واتە ڕوانگەی هێڵی و تاك هۆیی لە لایەك و فرەییخواز لە لایەکیترەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا داڕێژرا، بەڵام دەسکەوتە بەربڵاوەکانیان لە سەدەی بیستەمدا ئاشکرا بوو. بە دوای کۆمەڵێك کار و توێژینەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەڕێوەچووە، کۆمەڵناسیی سیاسی بەسەر چەند لقی لاوەکیی دیکە، وەك کۆمەڵناسیی شۆڕشەکان، کۆمەڵناسیی حیزبەکان و کۆمەڵناسیی دەوڵەت دابەشکرا، کە بۆتە هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەدەبیاتی سیاسی لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا.

چونکە کتێبێکی دەرسی دەبێ دەرهاویشتەیەکی بێلایەنانە لە تەواوی تیۆرییەکان و شێوازەکان بە دەستەوە بدا، هەتا بەر لە ڕێنوێنی خوێنەر بە ئاڕاستەی ڕوانگەیەکی تایبەت بگرێ، ئێمە هەوڵ دەدەین لە پێناسەکردنی بابەت بە شێوەی وشەناسانە(ئیتیمۆلۆژیك) دەست پێبکەین بە هێنانە ئارای بابەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی، شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل لە کۆمەڵناسیی سیاسی بەدەستەوە بدەین. لەسەر بناغەی ئەم شێوازە، خوێنەر وێڕای ئاشنابوون لەگەڵ بابەت و مەسەلە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسیی سیاسی، دەتوانێ لێکۆڵینەوەکانی دوایی

---

٣- منتسکیو، روح القوانین، ص ٣٩٠ تا ٤٨٣

خۆی لەو بوارەدا لەسەر بنەمای ویست و حەزی کەسێنیی خۆی ڕێکبخا و لە یەکێك لە لقە لاوەکییەکانی کۆمەڵناسیدا دەستبداتە لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانە.

ڕێکخستنی باسەکە بەو جۆرەیە، کە لە پاری یەکەمدا ڕوو دەکەینە پێناسەکردنی تیۆریکی کۆمەڵناسیی سیاسی و ئەو تیۆرییە جۆراوجۆرانەی کە لە پەیوەندیی کۆمەڵگا و سیاسەتدا هەیە، لە پاری دووهەمدا توخمەکان و هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر ژیانی سیاسی شیدەکەینەوە. لە پاری سێهەمدا کردەوەی سیستەمە سیاسییەکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە کۆتاییدا دەورگێڕەکان و هێزە سیاسییەکان دەخەینە بەرچاو. پرسیارێك کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا بۆ هەر خوێندکارێکی زانستە سیاسییەکان دێتەپێش ئەوەیە کە چ جیاوازییەك لەنێوان زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا هەیە، چونکە ڕەنگە تەواوی ئەو سەردێڕانەی کە لە دەرسی پێشەکیی زانستی سیاسەتدا لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونە، بە جۆرێك لێرەشدا هەبێ. کەسانێکی وەك مۆریس دۆوێرژێ پێیان وایە کە بە کردەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا نییە، چونکە زۆربەی زانکۆکانی ئەمریکا ئەوەی ئێمە وەك کۆمەڵناسیی سیاسی باسی دەکەین لە بەشی زانستە سیاسییەکاندا و بە ناوی زانستی سیاسەت دەیخوێنن.[٤]

لە فەرەنساش دەستەواژەی کۆمەڵناسی زیاتر نیشانەی دوور بوونە لە شێوازە قانوونی و فەلسەفییەکانە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر قورسایی بە سەر زانستی سیاسەتدا دەکرد و، هەڵبژاردنی سەردێڕی کۆمەڵناسیی سیاسی بە مانای پێخۆشبوونی شیکارییە ناباو و زانستیترەکان.[٥] لە هەمان کاتدا بە باوەڕی ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسیدا هەیە کە پەیوەندیی بە گۆشەنیگا و تێڕوانینی توێژەرەوە هەیە. بۆچوونی گشتی بە نیسبەت زانست بۆچوونێکی دەرهەست، نەگۆڕ و جیهانداگرە. هەر بۆیە لە زانستی سیاسەتدا دەبێ بە شوێن هەندێك پەیوەندیی نەگۆڕدا بین کە لە هەموو جێگایەك و هەموو سەردەمێکدا نەگۆڕ بن" بەڵام لە کۆمەڵناسیدا دەبێ لە پلەی یەکەمدا مل بۆ ڕێساکانی کۆمەڵناسی کەچ بکەین، چونکە ڕوانگەی کۆمەڵناسی وادەخوازێ کە دیاردەی ناوبراو لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی ئەودا شیبکرێتەوە. هەر بۆیە ناکرێ سیاسەت و دیاردە سیاسییەکان

4- Duverger, Maurice; sociologie de le politique; p. 5.
5- Ibid.; p. 5.



جیا لەم کۆمەڵە شی بکرێنەوە. ئەویتر ئەوەیە کە خەسڵەتی جیهانداگریی زانست جیێ خۆی دەداتە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکان. ئەمڕۆ ئیتر ناکرێ سیاسەت لە ئێران لەگەڵ سیاسەت لە ئەمریکا بە یەك شت بزانین. سیستەمی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە پێڕەوێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگاکەیانە. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا دۆخی جیهانداگری خۆی دەپارێزێ تەنیا ڕێسا کۆمەڵناسەکانە، خاڵێکیتر بزۆزی(دینامیزم)ی کۆمەڵایەتییە. هیچ هێزێك توانای بەرگری لە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانی نییە. هیچ شتێك نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە. کەوابوو زانستی کۆمەڵناسیش کە دەڕوانێتە ئەم ئاڵوگۆڕانە خۆی بەردەوام لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە. بە دوور نییە ئەو تیۆرییانەی ئەمڕۆ جێی خۆیان بە تیۆری نوێ بسپێرن و ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی لەسەر دادەگرین سبەی بێئیعتیبار بێ.

# بەشی یەکەم

# بـــــــوارەکــــــــان

## پاری یەکەم:

## کۆمەڵناسیی سیاسی چییە؟

کۆمەڵناسیی سیاسی لە دوو چەمك پێکهاتووە و پێناسە کردنی ئەم زانستە، سەرەتا پێویستی بە پێناسەکردنی کۆمەڵگا و سیاسەت، پاشان پێناسە کردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە هەیە. پێناسە کردنی کۆمەڵگا و سیاسەت مێژوویەکی بە درێژایی بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. هەر بەو پێیە بەدیهاتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەر لەوەی بابەتی دەمەتەقە فەلسەفییەکان بێ بابەتی چیرۆك و ئەفسانەگەلێك بووە کە مرۆڤیان لە ناوەندی راز و رەمزی بووندا داناوە . سیاسەتیش چ لە چوارچێوەی ئەفسانەی شا و پەریدا و چ لە چوارچێوەی ئەفسانەی پاڵەوانانەدا، وەك چەمکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاتە گۆڕێ. لەگەڵ ئەو لەمێژینەییەشدا رەنگە دژوارترین پرسیارێك کە بەرەورووی کۆمەڵناسێك دەبێتەوە ئەوەبێ کە کۆمەڵگا چییە ؟. هەر وەك دژوارترین پرسیارێك کە دەکرێ لە سیاسەتناسێك بکرێ ئەوەیە کە سیاسەت چییە ؟ . کاتێك پێناسەکردنی چەمکە بنچینەییەکان تا ئەورادەیە دژوار بێ، تێکەڵ کردنی ئەوان دژوارتر و ئاڵۆزتر دەبێ.

بە گشتی دەکرێ سێ دەرەنجامگیریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا بەدەستەوە بدەین کە هێنانەگۆڕی هەر کامیان ئاراستەی تێگەیشتنی ئێمە لە کۆمەڵناسی دیاری دەکا. ئاڵۆزی و دژواری پێناسەکردنی کۆمەڵناسیی سیاسی کاتێك روونتر دەبێتەوە کە تێبگەین، لە پێناسەکردنی سیاسەتیشدا دەکرێ سێ دەرەنجامگیریمان هەبێ. کەوابێ لە لێکدانی سێ دەرەنجامگیری لە کۆمەڵگا و سێ دەرەنجامگیری لە سیاسەت، نۆ دەرەنجامگیری بەدەست دێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو ئەگەرەش هەیە کە هەرکام لەو پێناسانە لەگەڵ ئەوانیتر یەك بگرێتەوە.



## بەشی یەکەم

## کۆمەڵگا چییە؟

ئەم پرسیارە زیاتر لەوەی کە لایەنی کۆمەڵناسیی هەبێ لایەنێکی فەلسەفیی هەیە. کۆمەڵناس بابەتی توێژینەوەی خۆی لەسەر «توێژینەوەی رەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ، هەڵسوکەوتەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان»[1] دادەنێ.

"مارسێل مۆس" کۆمەڵناس و خەڵکناسی ناوداری فەرەنسی، کۆمەڵگا بەم چەشنە پێناسە دەکا : «گروپێك لە مرۆڤەکان ئەوەندەیان بەردەوامی هەبێ کە لە چەند ژێر گرووپ و چەند وەچە کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەوڵاتێکدا دەژین، پێکهاتبێ»[2]. بەڵام کۆمەڵناسان کەمتر لەمەڕ چۆنییەتی و ناوەڕۆکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بوونەوەرێك بە ناوی «کۆمەڵگا» پرسیار لەخۆیان دەکەن. لە هەمان کاتدا داهێنانی وشەی «کۆمەڵناسی» لە لایەن "ئۆگۆست کۆنت"ەوە (١٧٩٨-١٨٥٨) ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو رشتە زانستییە نوێیە نەك دەبێ بابەت و تەوەرەکانی توێژینەوەی خۆی بناسێنێ بەڵکو دەبێ پێناسەیەکی گشتگیر لە کۆمەڵگا بەدەستەوە بدا. ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە لە زیادبوونی بێپێشینەی حەشیمەت، لە شەڕ و شۆڕشەکانەوە بگرە هەتا ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە پیشەسازی و پێکهاتنی توێژە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ لە لایەك و تیۆری و بیرۆکە نوێیەکانی سەردەمی رۆشنگەری لە لایەکی ترەوە، بەستێنێکی گونجاویان بۆ کۆمەڵناسی پێکهێنا. ئەوە بوو کە کۆمەڵناس سەرەتا لە پەرچەکردارێکی دژی بیرۆکە بان سروشتییەکان، هەروەها پەرچەکردارێك بەرامبەر بە بیرۆکە فەلسەفییە پەتییەکان ماوەیەك رێگەی ئەزموونگەرێتی (positivism) و، هاوکات رێگەی گشترِوانی (Holism)، واتە باوەڕ بە گشتێتیی دابەش نەبووی کۆمەڵگای گرتە بەر و پاشان لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کەمێك نەرمتر بۆوە و بنەمای کۆمەڵگای لە جیاتی گشتێکی لەپێشاهاتوو (ماتقدم)، لەسەر مامڵە کۆمەڵایەتییەکان ( interaction ) دانا. بەمجۆرە سێ تیۆریی بنەڕەتی لەمەڕ کۆمەڵگا پێکهات کە هەر یەکەیان دەخەینە بەرباس.

---

1- Turner, Jonathan H.; sociology; p. 2.
2-Mauss, Marcel; "Fragment d'un plan de sociologie generale descriptive", Annuales sociologiques A, fasc 1, 1934, pp. 1-5

## ١- تیۆرییە کلاسیکەکان:

١- کۆمەڵگا وەك دیاردەیەکی ناسروشتی و پەیمانی (قرارادی): ئەم تێگەیشتنە لە کۆمەڵگا لەسەردەمی نوێدا، تایبەت بە سەدەکانی سەرەتایی ئەم سەردەمە، واتە سەدەکانی شازدە و حەڤدەیە کە پانتاییەکەی هەتا سەدەی هەژدەهەمیش درێژەی هەبووە. لەم دەورەدا روانگەی گشتی لەمەڕ مەسەلە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر جۆرێك سەرچەشن وەرگرتن لە دیاردە سروشتییەکان دامەزرا بوو . بەو پێیە لە نێوان کۆمەڵگای مرۆڤەکان و مێگەلی مەڕ و گورگەکان، لە ناوەرۆك دا جیاوازییەك نییە و، ئەو جیاوازییە حاشاهەڵنەگرانەش کە هەن، گوایە بە هۆی تۆخمێکی دووهەم، واتە ئاوەزی مرۆڤەوە بەدیهاتووە . مرۆڤ لە ژێر تیشکی ئاوەزەوە بڕیاردەدا و خۆی لە بارودۆخی لێقەوماوی و چارەڕەشی، کە ژیانی پڕ لە مەترسی و ناخۆشی کردووە، رزگار دەکا، چونکە بناغەی ئەم ژیانە کە لەسەر دووبەرەکی نێوان مرۆڤەکان دانراوە بەرهەمێکی جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی بە دواوە نییە. شەڕ زاتی ئەم شێوە ژیانە و، لە بناغەدا بەشێك لە زاتی مرۆڤە و بە پێچەوانە، ئاشتی پرۆسەیەکی دەسکرد و ناسروشتییە. کتێبی "میری ماکیاڤیللی" بێ ئەوەی راستەوخۆ ئاماژە بەو گوتەزایە بکا، هەر لەسەر ئەم گریمانەیە دانراوە. بەڵام "هۆبز" و رەنگە تەواوی لایەنگرانی پەیمان ( اصحاب قرارداد ) زۆر لەو باشتر، هەوڵیان بۆ بەرجەستە کردنی ئەم بیرۆکەیە داوە. لە بنەڕەتدا گریمانەی پێویستیی پەیمان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵگا دیاردەیەکی رەسەن و دیاریکەر نییە، بەڵکو بوونی خۆی لە سایەی ستراتیژی و بڕیارێك دەبینێتەوە کە تاکەکان بە پێی پێویست گرتوویانەتە بەر. لە روانگەی هۆبزەوە مرۆڤەکان لە بارودۆخی سروشتیدا وەك دەنکەکانی خیز لە تەنیشت یەك چنراون و هیچ پەیوەندییەکی سروشتی و قانوونمەندیان بە یەکەوە نییە. یەکسانی مرۆڤەکان لەگەڵ لێك دابڕانێکی کە لە نێوانیاندا هەیە بۆتە هۆی ترسانی ئەوان لە یەکتری و شەڕی بەدوادا دێ: چونکە هەر مرۆڤێك بۆ مرۆڤەکەیتر وەك گورگێکە بۆ گورگەکەیتر.[3] ترس و ئەڤین دوو هاندەری بنەڕەتین کە کردارەکانی مرۆڤ رێبەری دەکەن. ئەڤین و خۆشەویستیی خود و ترس لەوی تر.[4] ئەو شتەی مرۆڤ لە وەها بارودۆخێك (بارودۆخی سروشتی) رزگار دەکا عەقڵە. هەر ئەو دوو هاندەرە کە دەبوونە هۆی شەڕ، مرۆڤ بەرەو ئاشتی

3- Chevalier, J.J.; Les grandes oeuvres politiques; p. 57.
4- Chanteur, Jean; De la guerre a la paix; p. 66.



هاندەدەن. ئەڤین و خۆشەویستی خود و ترس لەوانیتر، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەم ئاکامە کە دەس بۆ دانوسانێکی نابەرابەر بەرێ و کۆمەڵگای مەدەنی لە پەنای دەوڵەت یان " لێویاتان " پێك بێنێ.[5] عەقڵ شتێك نییە جگە لە لێکدانەوە، ئەو لێکدانەوەش مرۆڤ بۆ وەها دانوسانێك هاندەدا. ئاشکرایە کە کۆمەڵگا لەو ئاخێوەدا گوتەزایەکی سروشتی و زاتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ناسەرەکییە و هەرشتێکی لەمەوبەدوا پێکدێ لە نایەکسانی تاکەکانەوە هەتا یاسا و هتد، بەرهەمی ئەو دیاردە ناسەرەکییەیە. بە واتایەکیتر کۆمەڵگای مەدەنی کە خۆی ئاکامی لێکدانەوە و پەیمانە، سەرچاوەی ئاڵوگۆڕەکانی دواترە، هەر بەم پێیە کۆمەڵگا و دیاردەکانی رەسەنایەتییان نییە. "جان لاك"یش(١٦٣٢-١٧٦٤) لە روانگەیەکیترەوە ئەو تێڕوانینە دەخاتە بەرباس: ﴿مرۆڤ بە مافی ئازادی تەواو و مافی بەهرەمەندبوون لە تەواوی پوانەکانی یاسای سروشتەوە هاتۆتە ئەم جیهانە و لەم مافانەدا لەگەڵ تەواوی مرۆڤەکانی تر شەریك و یەکسانە ... بەڵام بوون و مانەوەی کۆمەڵگای سیاسی مەحاڵە مەگەر ئەوەی کە ئەم کۆمەڵە وەك کەسێکی راستەقینە مافی ئەوەی هەبێ دارایی خۆی بپارێزێ و لەم رێیەدا بتوانێ تاوان و جەنایەتەکان سزا بدا. کەوابوو کۆمەڵی سیاسی کاتێك پێکدێ کە هەرکام لە تاکەکانی، دەستی لە مافی سروشتی خۆی هەڵگرتبێ و ئەو مافەی دابێتە دەستی کۆمەڵ ... . کەوابوو کۆمەڵی سیاسی یان مەدەنی تەنیا کاتێك پێکدێ کە تاقمێك لە مرۆڤەکان لێك کۆ ببنەوە و هەرکام، لە مافێکی کە لە بارودۆخی سروشتیدا بۆ بەڕێوە بردنی یاسا سروشتییەکەیان هەیانبووە، دەست هەڵگرن و ئەم دەسەڵاتە بە کۆمەڵ بسپێرن. کاتێك تاقمێك لە مرۆڤەکان کە لە بارودۆخی سروشتیدا ژیاون، لێك کۆ ببنەوە و کۆمەڵ پێك بێنن و شاندی سیاسی ساز بکەن و حکوومەتێك لەسەر خۆیان بکەنە دەسەڵاتدار، کۆمەڵی سیاسییان پێکهێناوە﴾.[6] کەوابوو مرۆڤ بەپێی ناوەڕۆکی خۆی و بڕیاری سروشت خاوەنی ئازادی تەواوە، بە جۆرێکە کە گۆایە سەروەری بێ ئەملا و ئەولای خۆی و داراییەکانییەتی و لەگەڵ گەورەترین کەسایەتییەکان یەکسانە و کۆیلەی کەس نییە.[7] بەڵام بە وردبینییەوە بۆ پاراستنی

5- Leviathan; chap. 5. p. 38.

١١ لە نامەی دووهەم لە مەڕ حکوومەت، نووسراوی جان لاك،لە کتێبی، آزادی فرد و دولت،نووسراوی محمود صناعی، انتشارات سخن، ١٣٣٨، ل ١٩١ - ١٩٣

7 - Traite du gouvernement civil; chap. 9, in Dominique Colas; La pensee politique; larousse, 1992, p. 237

داراییەکانی خۆی دەستی داوەتە پێکهێنانی کۆمەڵ و پێڕەوی کردن لە حکوومەتی بەسەر خۆیدا ئەرك کردووە.[8]

"ژان ژاك رۆسۆ"ش یەکێکی تر لە لایەنگرانی پەیمانە. هەرچەند جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تێڕوانینی ئەو و "هۆبز" یان "لاك" لەمەڕ بارودۆخی مرۆڤ لە دۆخی سروشتی ـ پێش چوونە نێو کۆمەڵگای مەدەنی ـ یان لەسەر پاڵنەرەکانی مرۆڤ بۆ چوونە نێو کۆمەڵگای مەدەنی، بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لەم خاڵەدا کە کۆمەڵ دیاردەیەکی دەسکرد و ناسەرەکییە، یان لە ئاکامی هەوڵێکی وشیارانەی مرۆیی پێکهاتووە، لەگەڵیان کۆکە. مرۆڤی وەحشی واتە مرۆڤی پێش چوونە نێو کۆمەڵگای مەدەنی، مرۆڤێکی تەنیا، نەجیب، رەسەن و بەهێزە کە لە دۆخێکی یەکسان لەگەڵ ئەوانیتردا دەژی، لەکاتێکدا کە هەر ئەو مرۆڤە لە کۆمەڵگادا تووشی هەزاران گەندەڵی و چارەڕەشی دەبێ، ئەوە شارستانییەتە کە بارودۆخی سروشتی دەکاتە بارودۆخی شەڕ. هاندەری مرۆڤ بۆ چوونە ناو کۆمەڵگای مەدەنیش، نە هەوڵدان بۆ پاراستنی داراییەکانییەتی و نە ترس لە برسێتی،[9] بەڵکو یەکییەتی لەگەڵ خەڵکانیتر و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو مەترسییانەیە کە لە بەرامبەر سەروەری تاکەکەسی ئەواندا لە بارودۆخی سروشتیدا پێکدێ. کەوابوو مرۆڤ بۆ پاراستنی ئەو پوانانەی کە لە بارودۆخی سروشتیدا هەیبوو، وەك ئازادی و یەکسانی، مل بۆ پەیمانێك کەچ دەکا، کە وێڕای گەرەنتی کردنی ئاسایشی تاکەکەسی، هێزی پێویست بۆ پاراستنی ئەم پوانانە بەدەستبێنێ. لە کاتێکدا کە بە باوەڕی "هۆبز" مرۆڤ بۆ چوونە نێو کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێ چاوپۆشی لە ئازادی خۆی بکا.[10]

تیۆری بارودۆخی سروشتی لەگەڵ زۆر خوێندنەوەی جیددی بەرەوڕوو بۆوە. یەکەم ئەوەیە کە هیچ سەردەمێکی مێژوویی نابینین، کە تێیدا مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتیدا ئەمجۆرەی کە "هۆبز" و "رۆسۆ" و ئەوانیتر باسی لێوەدەکەن، ژیابێ. هەروەها تیۆرییەکانی پەیوەست بە زاتی مرۆڤ، بەگشتی چ ئەوەی کە ئەو زاتە شەڕخواز بێ یان نەجیب و شەریف، ناسەلمێندرێ. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لایەنەکانی پەیمانی جێی ئاماژەی ئەو فەیلەسووفانەی کە بە لایەنگرانی پەیمانیان ناودەبەن، نادیار و نەناسراون. ئەگەر مرۆڤەکان خۆیان پێکەوە پەیمانیان بەستووە کە دەسەڵات بە یەکیتر (لێویاتان) بسپێرن، لێویاتان لەم پەیمانەدا هیچ جێیەکی نییە

8- Ibid.
9- Ibid.; p. 278.
10- Dukouchet, paul; Histoire de la philosophie des idees politiques; pp. 98-99.



و ئەگەر لەگەڵ خودی ئەو (لێویاتان) پەیمانیان بەستبێ، ئەم کارە چۆن دەگونجێ ؟ ! چونکە لێویاتان خۆی دوای بەستنی پەیمان دێتە دنیاوە.[11]

ئەم تیۆرییانە کە بناغەیان لەسەر تاکخوازی دانراوە، بوونە هەوێن و بنەمای تیۆرییە لیبراڵیستییەکانی سەدەی هەژدەهەم. هاوکات بیرمەندانی لیبراڵ، ئازادی بێ ئەملا و ئەولایان بە نکۆڵیکەری کۆمەڵگا نەدەزانی، بەڵکو ئەویان بە بەشێك لە زاتی مرۆڤ زانیوە و بەدوای ئەوەدا بوون کە ئازادییەکانی تاك، کە ریشەیان لە یاسای سروشت دایە لە هەر هەلومەرجێکدا لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بپارێزن. لەم روانگەیەوە کە ئەم بیردۆزانە زیاتر سەرنجیان بە ئابووری دەدا تا کۆمەڵگا و سیاسەت، جار و بار تووشی دژوارگۆیی دەبوون. هەروەك "جێرمی بێنتام" (١٧٤٨-١٨٣٢) زانای بەریتانی و داکۆکیکەری رەسەنایەتی بەرژەوەندی، لە شوێنێکدا کۆمەڵگا وەك فۆڕمێکی دەسکرد وەسفدەکا کە بۆ پایەداری و بەردەوامی ئەو دەبێ بێپسانەوە بە کەوچکێك لێك بدرێ، لە شوێنێکیتر بەو هۆیەوە کە تاك لە زاتدا کۆمەڵایەتییە[12] و بەختەوەری تاکەکەسی ئەو بۆ هەموان تەشەنە دەکات، قازانجی تاك بە هەوێن و بنەمای قازانجی گشتی لە قەڵەمدەدا (بەو هۆیەوە دەکرێ ئەو بە داهێنەری تیۆرییەکی نوێی کۆمەڵایەتی بزانرێ). بەڵام لە پشت بۆچوونەکانی "بێنتام"، "جیمز میل" (١٧٧٣-١٨٣٦)، "جان ستوارت میل" (١٨٠٣-١٨٧٣) و زانایانی تری ئەم رێبازە، دەردەکەوێ کە ئەوەی رەسەنایەتی هەیە تاکە و کۆمەڵگا شتێك نییە جگە لە کۆمەڵێکی ساکاری نێوان تاکەکان. کەوابوو ناکۆکییەك لە نێوان تاك و کۆمەڵ بەدی ناکرێ. کۆمەڵ و بنیاتە گشتییەکان دەبێ لە خزمەتی تاکدا بن، ئەگینا فەلسەفەی بوونی خۆیان لە دەست دەدەن. بەڵام جیاوازییەك کە لە نێوان ئەم بیرمەندانە و لایەنگرانی پەیماندا هەیە لە بۆچوونی سیاسیی ئەواندایە. دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لە پەیمان، دەوڵەتێکی بەهێزە و رۆڵێکی گرنگی هەیە لە کاتێکدا کە دەوڵەتی لیبراڵەکان دەوڵەتێکی لاواز بە رۆڵێکی کەمڕەنگەوەیە. بەهەر حاڵدا ئەم گێڕانەوانە زیاتر بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە بوو نەك بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرییە کە دەڵێ، کۆمەڵگا شتێك نییە، جگە لە چنینی تاکەکان لە تەنیشت یەك، وەك حەسەن + تەقی + نەقی + ... ، یان کۆبوونەوەی بەهەڵکەوتیان . لێرەدا دەبێ باسێك لەسەر قوتابخانەکانی

11- Turpin, Dominique; "Critiques de la representation", pouvoir; no 7, 1978, pp. 7-17.
12- Chatelet, Francois et al; histoire des idees politiques; p. 93.

دەروونناسی و مافی بکەین . چونکە بەشێك لە مافناسان و دەروونناسان لە رووی شێوازناسی و، پێداگرتن لەسەر بایەخی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان لە کردارە کۆمەڵایەتییەکاندا، بایەخێکی ئەوتۆ بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان نادەن. بۆ وێنە گابرییێل تارد (GabrielTard) (١٨٤٣-١٩٠٤) کە هەم تاوانناس بوو و هەم تا رادەیەك بناغەدانەری دەروونناسی کۆمەڵایەتی و، رکابەری جیددی ئەمیل دۆرکهایم (کۆمەڵناس و گشتڕوانی خەڵکی فەرەنسا)، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بە شتێك جگە لە بەرهەمی میکانیکی و بێڕۆحی کردارە تاکەکەسییەکان و هەڵسوکەوتی نێوان تاکەکان نەدەزانی. بەو پێیە بە باوەڕی تارد رەسەنایەتی هی تاك بوو و، کۆمەڵگا بە ئاکامی جموجۆڵەکانی تاك دەژمێردرا.

٢- کۆمەڵگا وەك گشتێکی دابەش نەبوو و لەپێشاهاتوو. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم کە کۆمەڵناسی وەك لقێکی دیاریکراو ناسرا، لە پێناسەکردنی کۆمەڵگاشدا رێگەی زێدەڕۆیی گیرایە بەر و زۆر تیۆری پێکهاتن کە راست بە خاڵی بەرامبەری تیۆرییەکانی پشت ئەستوور بە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەژمێردران. لە تێڕوانینی زاڵی کۆمەڵناسیی سەدەی نۆزدەهەم دەکرێ چەند پێوەر وەك خاڵی هاوبەشی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی ئەم سەدەیە بدۆزرێنەوە کە سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسانی جۆراوجۆر، لەو بەشانەدا بەیەکەوە کۆکن:

یەکێك لەم پێوەرانە، رەسەنایەتی کۆمەڵگا و خەسڵەتی مەدەنیی مرۆڤە“ دووهەمیان تێڕوانینی گشتڕوان بەرامبەر بە کۆمەڵگا، بەو مانایە کە کۆمەڵگا وەك گشتێکی دابەش نەبوو، لە پێشەوەی بوونی ئەندامەکانییەتی. لە رووی شێوازناسییەوە، هۆلیزم بەو مانایەیە کە ناکرێ روونکردنەوەی گشتێك هەتا ئاستی شیکردنەوەی پاژەکانی ئەم گشتە بچووك بکرێتەوە. بە واتایەکیتر ناکرێ کۆمەڵناسی هەتا ئاستی هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی نێوان تاکەکان بچووك بکرێتەوە. سێهەم، مێژووخوازی و باوەڕ بە پێشکەوتنی مێژوویی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان و تێپەڕینیان بە قۆناغە جیاجیاکانی هەڵدان و گەشەکردن دایە. چوارەم، ئاوەزمەندانە بوونی کردارە کۆمەڵایەتییەکان و ئەگەری روونکردنەوەی ئاوەزمەندانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم پێوەرانە ئەوەندەی کە لە کۆمەڵناسیی کۆنت و دۆرکهایم، یان تیۆریی ئۆرگانیسیستی سپنسەردا بەرچاو دەکەون، ئەوەندەش پێوەری کۆمەڵناسیی "مارکس"ن. جیاوازیی بۆچوونی ئەوان لە چەند لایەنیترەوەیە کە ئاماژەیان پێدەکەین.

بە هەرحاڵ ئەم تیۆرییانە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون کە هەرچەند کۆمەڵگا لە تاك و گرووپەکان پێکهاتووە، بەڵام هەر وەك ئاوێتە لە زانستی کیمیادا، ناوەڕۆککی جیاواز لە پاژە



پێکهێنەرەکانی خۆی بەدەستهێناوە و گشتێکی جیاوازی بەرهەمهێناوە. وەك ئاو کە لە ئۆکسیجین و هایدرۆجین پێکهاتووە بەڵام نە تایبەتمەندییەکانی ئۆکسیجینی هەیە و نە هی هایدرۆجین، خۆی بوونەوەرێکی جیاواز لە هەردووکیانە. ئۆگۆست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧) رۆڵێکی گرنگی لە پێکهاتنی تیۆریی کۆمەڵناسی نوێدا گێڕا. ئەو نەك هەر داهێنەری سەردێری کۆمەڵناسی (لە جیاتی فیزیکی کۆمەڵایەتی) بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بەڵکو لە دیاریکردنی سنوور و بابەتەکانی ئەم لقەشدا رۆڵێکی کاریگەری گێڕا. رۆڵی ئەو هەم لە بۆچوونەکانی بەرامبەر بە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ و هەم لە شێوازەکەی لەتوێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەمان شێوازی پۆزیتیڤیستی بوو. بۆچوونی ئەو لەمەڕ کۆمەڵگا، لەگەڵ بۆچوونی ئەرەستۆ یەك دەگرێتەوە. ئەو کۆمەڵگای بە دیاردەیەکی سروشتی و خۆڕسك دەزانی کە لە سروشتی مرۆڤەوە (مدني الطبع) سەرچاوەی گرتووە.[13] هەر بەو پێیە تەواوی ئەو تیۆرییانەی کە بە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە پشت ئەستوور بوون، بە باوەڕی کۆنت نالۆژیك بوون. ئەو دەیگوت نەك هەر نابێ هەقیقەتی کۆمەڵگا لە هەقیقەتی مرۆڤدا پەیدۆزی بکرێ بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێ هەقیقەتی مرۆڤ لە هەقیقەتی کۆمەڵگادا پەیدۆزی بکرێ. کۆمەڵگا وەك گشت، بەسەر مرۆڤدا، وەك پاژ باڵادەستی هەیە. ئەم بە لەمێژینە زانینەی گشت، لە روانگەی کۆنتەوە دوو تایبەتمەندیی بنەڕەتی هەیە. یەکەم ئەوەیە کە پەیڕەوی ئەو یاسایانەیە کە بەسەر دیاردە سروشتییەکانیتردا زاڵە، چونکە کۆمەڵگا و دیاردە سروشتییەکان جیاوازییەکیان لەگەڵ دیاردە فیزیکییەکان نییە“ هەردووکیان لە سروشت سەرچاوە دەگرن و پەیڕەوی یاساکانی حاکم بەسەر سروشت دان. دووهەم ئەوەیە کە هەر شتێك کە تایبەت بە ژیانی بەکۆمەڵ و تاکەکەسیی مرۆڤ بێ، لەم گشتەوە سەرچاوە دەگرێ. لە ئایینەوە هەتا ئابووری و لە سیاسەتەوە هەتا کەلتوور ، هەموو بە بەرهەمەکانی ئەم گشتە دەژمێردرێن. هیچ زاتێکی خوایی، یان شتێکی رازاوی لە ئارادا نییە. هەموو شتێك ریشەی لە کۆمەڵگادا هەیە، ئەوە کۆمەڵگایە کە داهاتووی خۆی لە ژێر تیشکی بزۆزی خۆیەوە دیاری دەکا. هەر بۆیە کۆنت پێی وابوو کە ئایین لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا کە پەردە لەسەر نهێنییەکان لادەدەن، لە ناودەچێ و بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە رۆڵی پتەوکەری ئەو بێبەری نەبێ، دەست بکرێ بە داهێنانی ئایینێك کە لەسەر بناغەی ئەڤین و خۆشەویستی بەرامبەر بە هاوچەشن، بێ پلە و پایەی خوایی و، بێ بوونی هیچ خوایەك دامەزرابێ. چونکە ئایین، بنەماڵە و خاوەندارییەتی

13- Dubois, Michel; Les fondanturs de la pensee sociologique; p. 68.

کۆڵەکەی هەموو کۆمەڵگایەکن و مرۆڤ ڕێگەی دەرچوونی لەوانە بۆ نییە. بەڵام بە باوەڕی ئەو لە کۆمەڵگای نوێدا کۆمەڵگاسالاری جێی خواسالاری دەگرێتەوە.[١٤]

هەروەك گوترا لە نزیك بە تەواوی کۆمەڵناسانی سەدەی نۆزدەهەمدا جۆرێك هۆلیزم بەدی دەکرێ . ئەم هزرە لە لایەن کۆنت و دۆرکهایمەوە لە هەمووان بەرچاوترە” بەڵام "مارکس"یش سەرەڕای پێداگری لەسەر ململانێی "چینایەتی" وەك کلیلی سەرەکی تێگەیشتنی مێژوو، لەگەڵ هزری هۆلیزم بێ پەیوەندی نییە. لە راستیدا شەڕی دیالێکتیکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، یان پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخانیش، لە بۆشایی، یان بێکۆتاییدا بەدی نایە، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی پێکهاتەییدا بەڕێوەدەچێ کە دەکرێ بە گشتێتیی ئاماژە پێکراوی کۆنت بشوبهێندرێ. لەسەردەمی زاڵبوونی قوتابخانەی پێکهاتەخوازیدا، ئەو مارکسیستانەی کە ئەم روانگەیە کاری تێکردوون (وەك لوویی ئالتۆسێر و نیکۆس پلانزاس) بە جیاکردنەوەی هزرەکانی مارکسی لاو و مارکسی پیر لەسەر روانگە بابەتیترەکانی مارکس، بەتایبەت پێکهاتەخوازی (گشتێتیی پێکهاتەیی) پێیان دادەگرت کە لەودا بکەر (سوژە) بە قازانجی گشت وەلا دەنرێ.[١٥]

بەڵام بێگومان، دەکرێ ئەمیل دۆرکهایم (١٨٥٨-١٩١٧)، بناغەدانەری قوتابخانەی فەرەنسی کۆمەڵناسی، بە هێمای بەرچاوی ئەم هزرە بزانین کە دەڵێ کۆمەڵگا گشتێکی پێکەوەلکاوی دابەش نەبووە. بە باوەڕی دۆرکهایم یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی شتێکی سروشتی و رەسەنە، لە کاتێکدا کە هەرچەشنە دژایەتی، یان ناکۆکییەك لە ناو کۆمەڵگایەکدا، بە نیشانەی نەخۆشی و بە شتێکی ناسروشتی لەقەڵەمدەدرێ. هەر بۆیە کۆمەڵگا نەریتییەکان کە پەیڕەوی لە یەکپارچەیی بە شێوەی میکانیکی، یان پەیوەندی سۆزداری و بێ ئەملاوئەولای ئەندامان بەم گشتە دەکەن، لە چاو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، کە پەیڕەوی یەکپارچەیی ئۆرگانیك و لە رووی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتین، رەسەنایەتییەکی زیاتری هەیە. ئەوەی بەدیهاتنی ئەم گشتە گەرەنتی دەکا «ویژدانی کۆمەڵی» یە کە وەك هەودای لێك گرێدران و توخمی هاوبەشی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگایە و ، ئەوەی لە پێکهاتنی ئەم ویژدانەدا رۆڵی سەرەکی هەیە سیستەمی هێما کەلتوورییەکان وەك بەهاکان، باوەڕەکان، دۆگما ئایینییەکان، ئایدۆلۆژییەکان و هتد. هەر بەو پێیە کەلتوور و لێکۆڵینەوەی کەلتووری بایەخێکی تایبەتییان

14- Ibid.; p. 71.
15- Lallement, Michel; histoire des idees sociologiques; tom 2 p. 125.



لە کۆمەڵناسیی دۆرکهایمدا هەیە. هەر چەندە کۆمەڵگاکان ئاڵۆزتر و ناهاوچەشن تر دەبن، سروشتی ئەو هێمایانە، لە ئاکامدا ویژدانی کۆمەڵی دەگۆڕێ و، دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی شێوەیەکی نوێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێ.

لە هەر دوو بارودۆخەکەدا، زاڵبوونی ئەم گشتە (کۆمەڵگا) بە سەر ئەندامەکانی (تاکەکان) دا بەجۆرێکە کە بۆ تەواوی کردارە بە رواڵەت تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك رۆڵی دیاریکەری هەیە. بە جۆرێك کە تەنانەت دیارترین شتەکان وەك مافی ژیانی تاکیش لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری وەردەگرێ. دۆرکهایم لە کتێبی خۆی بە ناوی "*خۆکوژی*" (١٨٩٧) دا هیچ بایەخێك بۆ دەروونناسی یان دۆخی تاکەکەسی لە کردار و بڕیارەکانی تاك دانانێ. تەنانەت سەرچاوەی تایبەتیترین کارەکانی ژیانی تاکیش دەبێ لە پەیوەندی و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزرێتەوە. کەوابوو هەر وەك گوتمان دۆرکهایم خاڵی بەرامبەری گابریێل تارد تاوانناس و دەروونناسی هاوچەرخی خۆی بوو.[١٦]

بۆچوونەکانی ئۆگۆست کۆنت و دۆرکهایم لە ڕێگەی هێربرت سپنسەر(١٨٢٠-١٩٠٣) و قوتابخانەی ئۆرگانیزمی ئەو، لە بەریتانیاش کاریگەری خۆی هەبوو. شوبهاندنی کۆمەڵگا بە بوونەوەرێکی زیندوو، لە راستیدا شتێك نەبوو جگە لە دەربڕینی روانگە گشتڕوانییەکان بەرامبەر بە کۆمەڵگا و، هزرە گەشەخوازەکان، کە بە شێوەی جیاواز لە هزری کۆنت و دۆرکهایمدا هەبوو، لێرەدا لە چوارچێوەی خوازەیەکی نوێدا دێتە بەرباس.[١٧]

لە تەواوی لقەکانی ئەم هزرەدا جۆرێك کۆخوازی و بایەخ نەدان بە تاك لە لایەك و، پیڕەوی کردنی دەوڵەت، سیاسەت و باقی دیاردەکان لە کۆمەڵگا، لە لایەکیترەوە بەرچاو دەکەوێ. لە راستیدا ئەم دیاردانە لە ئاست کۆمەڵگادا باری سەرخانی و پیڕەوییان هەیە.

٣- کۆمەڵگا وەك بەرهەمی مامەڵەی نێوان تاکەکان و گرووپەکان . لێرەدا کۆمەڵگا وەك گشتێکی لە پێشاهاتوو کە هەر لە پێشەوە بە سەر پاژ و ئەندامانی خۆیدا زاڵبێ لە بەرچاو ناگیرێ، بەڵکو خۆی بەرهەمی پەیوەندییەکە کە لە نێوان ئەم ئەندام و تاکانەدا پێکدێ. ئەگەر لە تیۆریی پێشوودا کۆمەڵگا بە «بەرهەمێکی ئاوێتەیی» لە کیمیادا شوبهێندرابوو، ئەوا لێرەدا بە تێکەڵ دەشوبهێندرێ. شەربەت تێکەڵاوێك لە ئاو و شەکرە کە تێیدا نە تایبەتمەندییەکانی ئاو لەناوچووە نە تایبەتمەندییەکانی شەکر، لێك جیاکردنەوەی دووبارەشیان

16- Ibid.; tom 1, pp. 152-183
17- Turner, J.; op. cit.; p. 6.

لە یەکتری ئەستەم نییە. کەوابوو لەم روانگەیەدا تاك بە تەواوی لە کۆمەڵگادا ناتوێتەوە کە لە هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێ، بەڵکو وەك توخمی بنەڕەتی جێگەیەکی گرنگی هەیە و کۆمەڵگاش لە مامڵە و پەیوەندیی نێوان ئەم تاکانە پێکدێ کە بە لە ناوچوونی ئەم پەیوەندییە ئەویش لەناودەچێ.

ئەم روانگەیە، کەم و زۆر وێڕای جۆرج زیمێل (١٨٥٨-١٩١٨) فەیلەسووف، مێژووناس و کۆمەڵناسی ئەڵمانی کە هاوچەرخ و هاوکاتی دۆرکهایم بوو، کەوتە بەرباس و بەهێز کرا. پێناسەی ئەو بۆ کۆمەڵگا زۆر ساکار و روون بوو: ﴿کۆمەڵگا شوێنێکە کە چەندین کەس لە نێوان خۆیاندا کرداری دوولایەنە بکەن﴾. بەو پێیە بوونی کۆمەڵگا پەیوەندیی تەواوی بەم کردارە نێوخۆییەوە هەیە کە لە نێوان تاکەکاندا پێکدێ. بە واتایەکیتر کۆمەڵگا وەك گشتێکی ئۆرگانیکی کە یەکیەتیی توخمەکانی خۆی گەرەنتی دەکا، تەنیا لەسەر بنەمای بزۆزی ئەم تاکانە بەدیدێ کە ئەویان پێکهێناوە، ئەم تاکانەی کە بە قازانج، بە دژ، یان لەگەڵ ئەوانیتر کاردەکەن و لە وەڵامی ئەم کارانەدا کە دەیکەن لەگەڵ کردار و پەرچەکرداری ئەوانیتر بەرەوڕوو دەبنەوە.[18]

چەند خاڵی بنەڕەتی لە تیۆریی کۆمەڵناسیی جۆرج زیمێلدا هەیە کە دەبێ سەرنجیان پێبدرێ. بەر لە هەموو شتێك بایەخی تاك وەك بەردی بناغەی هەر فۆرمێکی کۆمەڵایەتی و ئەویتر رۆڵێك کە کرداری دوولایەنە لە پێکهاتەی کۆمەڵگا و بایەخێك کە پەیوەندی و راگەیاندنەکان لەم سۆنگەیەوە هەیانە" خاڵیتر لایەنی رێژەیی ئەم پەیوەندی و راگەیاندنانە و لە ئاکامدا هزری رێژەییبوونێکە لە بەرامبەر هزری بێگومانی و دۆگماتیکی دۆرکهایمدا، لە بەرهەمەکانی زیمێلدا بەرچاو دەکەوێ. بەجۆرە کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەو دۆخە دوگماتیك و وشکەی کە لە هزری کۆنت و دۆرکهایمدا بەخۆیانەوە گرتبوو بەدەردەکەون و لە رێژەییبوونی زیمێلدا دەگەنە ئەو نەرمی و شلکییە کە ئەگەری راوەستانەوەی تاك لە بەرامبەر کۆمەڵگادا پێکدێنێ.

لێرەدا رەنگە وای لێکدەنەوە کە بە پێی تیۆریی زیمێل کۆمەڵگا لە لایەك دیاردەیەکی بەرێکەوت و بێبناغەیە کە بوونی ئەو بە ویست و بڕیاری تاکەکان بەستراوەتەوە و، لە لایەکیترەوە کرداری تاك خۆی پەیڕەوێکە لە هاندەرە دەروونی و ئابوورییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان، کە توێژینەوەیان لە چوارچێوەی دەروونناسی، ئابووری و مێژوو و هتد دایە و

18- Dubois, Michel; op. cit.; p. 111.



هەرکام لەم لقانە لە هەوڵی تێگەیشتنی کرداری مرۆڤ لە باری مانا، ئاکامەکان و دیاریکەرەکان، لە روانگەی خۆیانەوەن. لە ئاکامدا بابەت و سنووری زانستی کۆمەڵناسی دیار نابێ، مەگەر ئەوەی کە زیمێل بیەوێ کۆمەڵگا بە پێشانگای ئاڵەبووکەکان بشوبهێنێ کە هەرکام لەم ئاڵەبووکانە بە پێی هاندەرێکی تایبەت جموجۆڵێك لەخۆیان نیشان دەدەن.

بۆ پارێز کردن لەم گوماناوی بوونە، زیمێل باسی فۆڕم و ناوەڕۆك دێنێتە گۆڕێ. ناوەڕۆك لە راستیدا بریتییە لە هێزێك کە تاك بەرەو کردار هاندەدا. ئەم هێزە، وارسکەی سێکسی هەتا بەرژەوەندیخوازی، حەز و ئیشتیاکان، بارودۆخی دەروونی، ئامانج و هتد لەخۆ دەگرێ کە لە هەرتاکێکدا بەدی دەکرێن و دەتوانن لەسەر ئەوانیتر کاریگەری دابنێن و لەوان کاریگەری وەرگرن. ئەم ناوەڕۆکە رەنگە بکەوێتە بەر سەرنجی مێژووزان، ئابووریزان، دەروونناس و باقی پسپۆڕییەکان، بەڵام کاتێك ئەم هاندەرانە بتوانن شێوەگەلێکی تایبەت لە هاوژیانی بە پێی کرداری دوولایەنە لە نێوان تاکەکاندا پێکبێنن، ئەمجارە کۆمەڵناس بابەتی خۆی دەدۆزێتەوە. کەوابوو ئەگەر کرداری دوولایەنە وەك کەمترین مەرجی کۆمەڵگاگری لە قەڵەم بدەین، مەرجێکیتریش پێویستە هەتا بتوانین دیاردەیەك بە ناوی کۆمەڵگا بدەینە بەر لێکۆڵینەوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەم کردارە دەبێ لە چوارچێوەیەکی گشتی یان فۆڕمێکی تاقدا رووبدا هەتا بە شێوەیەکی کەم و زۆر نەگۆڕ، پێکهاتە بە کرداری تاکەکان بدا.[19]

ئەم چوارچێوە گشتییە هەمان فۆڕمی کۆمەڵگا، یان شکڵەکانی کرداری دوولایەنەیە کە دەکەوێتە بەر سەرنجی کۆمەڵناسان. جگەلەوەش، باسی فۆڕم ئەوەندەی کە شیکردنەوەی زیمێل لە دۆرکهایم جیا دەکاتەوە، ئەوەندەش لە شیکردنەوەی هۆبز و باقی نکۆڵیکەرانی کۆمەڵگای جیا دەکاتەوە. بەجۆرە هزری رێژەیی و مامناوەندی زیمێل، مەودای جیاکەرەوەی دوو بیرۆکە توندڕەوەکەیتر، واتە نکۆڵیکەرانی کومەڵگا و لایەنگرانی رەسەنایەتی کۆمەڵگایە. بەم هۆیە کە بە شێوەیەکی گشتی تەواوی بیرۆکەکانی کۆمەڵناسیی سەدەی بیستەم بەم بۆچوونە وەفادار ماونەتەوە، دەکرێ بگوترێ کە بایەخی کارەکانی زیمێل زۆر لە خولیکاتی ئەو زیاترە و لە بنەڕەتدا ئەو کۆمەڵناسێکی بان ژیانی (Posthume) یە کە بایەخی هزرەکانی دوای مردنی روون بۆتەوە. خزمەتی ئەو بە کۆمەڵناسی، بە تایبەت لە بواری توێژینەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەم فۆڕمانەی کە یەکیەتیی ئۆرگانیکی کۆمەڵگا پێکدێنن، بایەخێکی زۆری هەیە. لە راستیدا ئەو بوو بە هۆی ئەوەی کە تویکڵی ئەم گۆیە گەورەیە (کۆمەڵگا)

19- Dubois, Michel; op. cit.; p. 113.

بشکێ و کۆمەڵناس بتوانێ بچێتە ناخی ئەم گشتەوە (تێپەڕین لە ماکرۆسۆسیۆلۆژییەوە بەرەو میکرۆسۆسیۆلۆژی). بەمجۆرە چەمکەکانی کۆمەڵناسیش بوونە خاوەنی پێناسە و شرۆڤەیەکی نوێ. جگە لەوەی کە زۆر لایەنی دیاریکراو وەك قوتابخانەی شیکاگۆ[٢٠] بە شێوەی ڕاستەوخۆ کارتێکەری ئەویان لەسەر بووە، زۆر لە چەمك و دەستەواژەکانی کۆمەڵناسی لە کۆمەڵناسیی زیمێل وەرگیراون. بۆ وێنە کرداری دەروونی یان کرداری دوولایەنە (interaction) لەو چەمکانەن کە زیاترین کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵناسان، بە تایبەت کۆمەڵناسانی قوتابخانەی شیکاگۆ، لە نێوانیاندا جۆرج هێربرت مید (١٨٦٣-١٩٣١) هەبوو. مید کۆمەڵگاگری، وەك ﴿پێکهێنانی شوناسێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کرداری دوولایەنە﴾وە پێناسە دەکا. بەدوای ئەودا مامڵەخوازی (interactionnisme) قوتابخانەیەکی نوێی پێکهێنا کە تاقمێکی زۆر بە شوێنیدا چوون. یەکێکی‌تر لە چەمکەکان ﴿ململانێ﴾ (conflict) یە کە بە باوەڕی مارکس هۆی سەرەکیی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو و، بە پێچەوانە لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە بە نیشانەی نەخۆشی و لاوازیی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمدەدرا. بەڵام بە باوەڕی زیمێل هەم ململانێ و تەکووزی و ، هەم لێکدابڕان و یەکگرتنەوە بەم ڕەوتە بنەڕەتییانە دەژمێردرێن کە بە ڕێژەیەکی جیاواز لە تەواوی دامەزراوە و یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن. بەمجۆرە، ململانێ، لێکدابڕینیی خۆی لەدەستدەدا و دەبێ بە گوتەزایەکی کارکردی یان فۆنکسیۆنێل. دواتر لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا، ئەم ڕوانگەیە کاریگەری لەسەر فۆنکسیۆنالیزمی هێور کراوی ڕۆبێرت کینگ مۆرتۆن و لوئیس کۆزێر دانا کە ئاماژە بە ڕۆڵی پۆزیتیڤی ململانێ دەکا. خاڵێکی‌تر کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ شێوازناسیی زیمێلە کە ئەویش لە پۆزیتیڤیزمی کۆنتەوە دوورە. کاری ویلهۆڵم دیلتای (١٨٣٣-١٩١١) واتە ڕزگار کردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بەندی پۆزیتیڤیزم و لێك جیاکردنەوەی زانستە ڕۆحی یان مەعنەوییەکان

---

٢٠- قوتابخانەی شیکاگۆ بە کۆمەڵێك لە چالاکییە کۆمەڵناسانەکان دەگوترێ کە توێژەرانی زانکۆی شیکاگۆ لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ هەتا ١٩٤٠ دا بەڕێوەیان برد کە زیاتر تایبەت بوون بە کۆمەڵناسیی ورد، وەك کۆمەڵناسیی هەڵبژاردنەکان. ئەم سەردەمە کە دەسپێکی گەشە و سەرکەوتنی کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان بوو، بە بەرهەمەکانی کەسانێکی وەك "ئالبیۆن ئەسماڵ"، "تۆماس" و "ڕۆبێرت ئەزراك"، دەناسرێ کە بە توندی لە ژێر کاریگەریی "جۆرج زیمێل" بوون. دزە و بڕشتی هزری زیمێل پاش یەك دەیە سستی کە بە دوای لە برەو کەوتنی قوتابخانەی شیکاگۆدا ڕوویدا، دووبارە بە بەرهەمەکانی کەسانێکی وەك "چۆن ڤۆلف"، "کاپلۆ" و "کۆزێر" لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا بووژایەوە.



لە زانستە سروشتییەکان لە بناغەڕا کارێکی مێژوویی بوو کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی دواتر دانا. ئەم لێك جیاکردنەوە توندڕەوانەیە، کە کەوتە بەر ڕەخنەی ویندلباند و ریکێرت، بە پێچەوانەوە، بوو بە ئیلهامدەری کۆمەڵناسیی تێگەیێنەرانەی ماکس ڤێبەر و بە هەندێك هێور کردنەوە لە لایەن "زیمێل"یشەوە کەڵکی لێوەرگیرا. دیلتای و زیمێل لە دوو بواری جیاواز واتە فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا بە یەك ئاکام گەیشتن کە بریتی بوو لە بایەخدان بە تاك. دیلتای کە لە لایەنگرانی قوتابخانەی کانت بوو و، باوەڕی بە ڕۆڵی بکەرناسانە هەبوو، لەسەر بایەخی تاك لە ناسینی بابەتدا پێی دادەگرت. هەر ئەو بایەخە لە تیۆریی کۆمەڵناسانەی زیمێلدا بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاك دەدرێ. هەر لەو کاتەدا زیمێل بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕێبازێکی داهێنەرانە دادەنێ کە دەبێ لە بەکارهێنانیدا جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی زانستی و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرچاو بگیرێن. بەم مانایە کە کۆمەڵناس بۆ تێگەیشتنی چەمکی بنەڕەتیی کۆمەڵگاگری لە فۆڕمە تایبەتییەکانیدا، دەبێ پەنابباتە بەر داهێنانی هێڵ و کەسایەتیگەلێکی ڕەها کە مەگەر وەك گەلاڵەیەکی سەرەتایی یان پاژەیی یان لایەنی چاکسازی‌کراوی ئەم، ئەگینا لە دنیای ڕاستیدا هەرگیز دەست ناکەوێ. کە وابوو توێژەر دەبێ هەموو کاتێك لە بیری بێ لە نێوان نموونە یوتوپیاییەکان (کە ڤێبەریش پەنایان بۆ دەبا) کە ئەو لە جیهانی زەینیی خۆیدا دروستیان دەکا لەگەڵ واقعییەتی دەرەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە . بە گشتی ئەم تیۆرییە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای کردەوەی بەرامبەر دامەزراوە لە هەموو جێیەك زاڵبوو ، بەجۆرێك کە نزیکەی تەواوی تیۆرییە نوێیەکانی کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا لە بەستێنی ئەم ڕوانگەیەوە دامەزرا . لەجێدا لە نێو ئەم بۆچوونە گشتییەدا تیۆری‌گەلێکی جیاواز پێکهات کە زیاتر پەیوەندی بە ناوەرۆك یان پڕۆسەی ئەم کردارە بەرامبەرەوە هەیە. بۆ وێنە جۆرج هێربرت مید کۆمەڵگا وەك ﴿تاکی بە گشتی بوو﴾ یان ﴿منی بەوی تر بوو﴾ یان ﴿ئەوی تری بە گشتی بوو﴾ دەخاتە بەرباس. بەم واتایە کە لە ڕاستیدا تاکەکان لە چوارچێوەی ئەم دانوسانە بەردەوامەدا شوناسێکی تاك پێکدێنن، یان بە واتایەکی‌تر تاك لەگەڵ ئەوانیتر بە یەکگرتوویی دەگا. بەم پێیە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوانیتر، یا هەروەك گابرییێل تارد بە ڕەنگێکی دەروونناسانەوە دەیگەیاند، لاساییکردنەوە و وەك خەڵك چوون تەوەری سەرەکیی پێکهاتنی کۆمەڵگا پێکدێنی. کەسانێکی‌تر وەك هێربرت بلۆمێر کۆمەڵگا وەك مامڵەیەکی ڕەمزی لەبەرچاو دەگرن. لێرەدا تاك ﴿من﴾ نەك هەر خاوەنی سەربەخۆیی تەواوە ، بەڵکو کرداریش

پەیوەندی بە لێکدانەوەی ئەوەوە هەیە. کەوابوو، کرداری گرووپیش شتێك نییە جگە لە کۆی کردارە تاکەکەسییەکان. تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بە پێی ئەو بارودۆخەی هەیانە، لە رووی سەلیقەی خۆیان هەڵوێستێك دەگرن کە وەرگرەکەی تاکەکانی ترن.

### ٢- تیۆرییە نوێیەکان:

تیۆرییە کلاسیکەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوونە بنەمای زۆربەی قوتابخانە و تیۆرییە نوێیەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم. پتەوی و تۆکمەیی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا بە رادەیەکە کە کۆمەڵناسانی هاوچەرخ نەك هەر توانای روو وەرگێڕان لەوەیان نییە، بەڵکو هێز و پتەویی تیۆرییە نوێیەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تیۆرییانە. ئەوەتا کۆمەڵناسێکی ناوداری وەك پارسۆنز لە ئەمریکادا بەم هۆیەوە ناوبانگی دەرکرد کە لە بەرهەمەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ سەر دۆرکهایم، ڤێبەر و زیمێل. دواتر لە ژێر گوشاری کۆڕە ئاکادیمیەکانی ئەمریکادا ناچارکرا ناوی کۆمەڵناسە ئەمریکییەکانیش بێنێ. کەوابوو نابێ چاوەڕوان بین لە تیۆرییە نوێیەکاندا توخمگەلێکی بە تەواوی نوێ و تازە بدۆزرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانە ئەم تیۆرییانە شتێك نین جگە لە رووی چاکسازی کراو، گۆڕاو و هەندێك جار فۆڕمی تێکەڵکراوی ئەم تیۆرییانە کە زۆرجار لە چوارچێوە و سەردێڕی تەکنیکی و، وەرگیراو لە تەکنۆلۆژیای نوێدا دەخرێنە روو. رەنگە ئەو شتەی نوێیە ئەوە بێ کە هەرکام لەم تیۆرییانە هەڵگری یەك یا چەند مۆدێلی توێژینەوەییشن. سروشتییە کە ئێمە لێرەدا بە تەمای هەڵسەنگاندنی دەیان هزری ورد نین کە هەرکام ئاماژە بە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکا" چونکە دەمانەوێ تێبگەین ئایا لە تیۆرییە نوێیەکاندا بۆچوونێکی تایبەتی لەمەڕ کۆمەڵگا هەیە یان نا ؟. زۆربەی تیۆرییە کۆمەڵناسانەکان کە بە شێوەی کەڵاَن هاتوونەتە بەرباس، لە راستیدا تێکەڵاوێك بوون لە دوو تیۆریی گشتخواز و مامڵەخوازی سەدەی نۆزدەهەم یان بە شێوەیەکی بەرچاو لە تێکەڵاو کردنی تیۆرییەکانی دۆرکهایم و زیمێل بەدەستهاتوون.

١- تیۆرییە کارکردییەکان (فۆنکسیۆنالیزم). ئەم تیۆرییە ـ کە بە شێوەی کۆ بەکار دێ، چونکە روانگەگەلێکی جیاوازی لەسەر هەبووە ـ لە راستیدا پەرچەکردارێك بوو لە بەرامبەر وردە کۆمەڵناسییە ئەزموونییەکان، کە لە دەسپێکی سەدەی بیستەم بەسەر رەوتی کۆمەڵناسیی ئەمریکادا زاڵبوو (قوتابخانەی شیکاگۆ). بنەماکانی تیۆریی کارکردخوازی لە

تیۆرییەکانی دۆرکهایم و سپنسەردا هەبوون کە دیسان لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ لە تیۆرییە خەڵکناسییەکاندا بە تایبەت لە تیۆرییەکانی برۆنیسلاس مالینفسکی و رادکلیف (براون) دا لە فۆرمی نوێی خۆیاندا هاتنە بەرباس و خەریك بوو لە دەیەی ١٩٥٠ دا بە سەر تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیدا زاڵبن، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا لە ریزی یەکێك لە دەیان تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی هاوچەرخ دان. بە پێی ئەم تیۆرییە، پاژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەك، وەك گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یان بنیاتەکان لە رێگەی بەرهەم، یان ئەرکەکانی خۆیانەوە لەگەڵ کۆی گشتیی کۆمەڵگا، کە خۆشیان بەشێکن لەو، پەیوەندی دەگرن و کۆی ئەم ئەرکانە گشتێکی وێکهەڵکردوو(متعامل) پێکدێنێ. لە راستیدا هەروا کە دۆرکهایم لە بواری دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا دەیگوت یان سپنسەر کۆمەڵگای بە بوونەوەرێکی زیندوو دەشوبهاند کە لە ئەندام و پەل و پۆ پێکهاتووە کە هەرکام ئەرکێکی تایبەتی لە ئەستۆدایە، لە تیۆریی کارکردخوازیشدا هەر پاژێك لە کۆمەڵگا ئەرکێکی تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ گشتدا لە ئەستۆدایە، کە ئەگەر ئەم ئەرکە لە دەستبدا فەلسەفەی بوونی خۆی لەدەست داوە و دەبێ وەلابنرێ" وەك جەرگ کە ئەرکی دەلاندنی شیرەی پەنکریاسی لە لەشدا لە ئەستۆدایە، بنیاتێکی کۆمەڵایەتیی وەك بنەماڵە یان دەوڵەتیش ئەرکێکی لە ئەستۆیە کە لە پێکهاتن و بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرە. بەم شێوەیە دەکرێ کۆمەڵگا بە ماشێنێك بشوبهێندرێ کە لە بەشی جیاجیا پێکهاتووە کە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن و کۆی ماشێنەکە پێکدێنن. ئەم تیۆرییە هەر لەسەرتاوە لەگەڵ رەخنەی توند و تۆمەتی کۆنەپارێزی بەرەورووبۆوە" چونکە بنەمای ئەم بیرۆکەیە لەسەر نەگۆڕی و هاوچەشنی دامەزراوە، لە کاتێکدا کە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا زۆرکێشەی ئاشکرا و نهێنی بەدی دەکرێ کە لە چوارچێوەی ئەم بیرۆکەیەدا ناگونجێ" هەروەك ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەبەرچاو نەگیراون. رەخنەیەکیتر لەم روانگەیەوە گیراوە کە هزری کارکردخوازیی رۆڵی پێکهاتەکان لەبەرچاو ناگرێ و تەنیا سەرنج دەداتە ئەرکەکان.

٢- تیۆریی پێکهاتەیی ـ کارکردی و تیۆریی سیستەمەکان. هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم رەخنانەی کە لە کارکردخوازی گیرا بوو بە هۆی هەندێك دەستێوەردان و چاکسازی لەم تیۆرییەدا کە خۆی زۆر تیۆریی نوێی پێکدێنا. ئەگەر بمانەوێ هەمیشە بە تیۆریی کارکردخوازی وەفادار بین، دەبێ ئەم تیۆرییانە بە سێ دەستە دابەش بکەین: یەکەم کارکردخوازییەکی نەگۆڕ کە زیاتر لە بواری خەڵکناسی و لە نێو کەسانێکی وەك مالینفسکی



و رادکلیف براوندا جێی خۆی کردۆتەوە" دووهەم، کارکردخوازی کراوی بووی رابێرت کینگ مۆرتۆن کە بە ئەرکە شاراوەکان، واتە ئەم ئەرکانەی کە لەسەرەتادا مەبەست نەبوون، بەڵام لە کردەوەدا لە ئەندام یا ئۆرگانێك روودەدەن، دیاری دەکرێ. ئەم وێنایە نیشاندەدا پەیوەندیی نێوان ئۆرگان و فۆنکسیۆن زۆریش نەگۆڕ نییە. بەم پێیە رێژەیی بوونی پەیوەندی نێوان ئۆرگان و فۆنکسیۆن، سەرەڕای دەوڵەمەند کردنی تیۆریی کارکردخوازی، ئەوی لە پتەوی و تۆکمەیی بێ بەشکرد" سێهەم تیۆریی پێکهاتەیی ـ کارکردی (structuro-fonctionnalisme)ی تالکۆت پارسۆنز کە سەرەنجامەکەی، تیۆریی سیستەمەکانی لیکەوتەوە. تالکۆت پارسۆنز (١٩٠٢-١٩٧٩) هەڵکەوتووترین کۆمەڵناسی ئەمریکایە لە سەدەی بیستەمدا، وێڕای وەفادارمانەوە بە روانگەی کارکردخوازی، بە هێنانی رۆڵی پێکهاتە بۆ نێو کردارە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرستیژێکی نوێیدا بە تیۆریی کارکردخوازی (پێکهاتەی کرداری کۆمەڵایەتی ١٩٣٧). بەڵام رەوتی وەرچەرخانی فکریی ئەو سەرەنجام تیۆریی گشتیی کردار (١٩٥٧)ی لیکەوتەوە. بایەخی کاری ئەو لەم روانگەیەدا بەربڵاوە دایە کە لە کۆمەڵناسیدا بەکاری دێنێ و هیچ کونج و بناوانێك نابوێرێ. بە واتایەکی تر ئەو، کارە وردەکانی ئەوانیتری بەیەکەوە لکاند و روانگەیەکی گشتیی پێکهێنا. بە باوەڕی ئەو ﴿هەر کردارێکی کۆمەڵایەتی پشت ئەستوورە بە چوار توخم کە پێکهاتە و ئەرکی ئەو نیشان دەدەن: یەکەم ئەوەیە کە هەر کردارێك هەڵگری بوونی کارگێڕ یان ئەکتەرێکە" دووهەم ئەوە کە هەر کردارێك بە لای ئامانجێکدا دەشکێتەوە کە بەرەو لایەکی تایبەت رێنوێنی دەکا" سێهەم ئەوەیە کە کردار لە چوارچێوەیەکدا روودەدا، کە لە گشت یان لە پاژدا لەگەڵ رەوشێك کە ئامانجی کردار پێکدێنێ جیاوازی هەیە. ئەم رەوشە دەبێ بە سەرنجدان بە دوو جۆر هۆکار شیبکرێتەوە: ئەو هۆکارانەی کە لە دەسەڵاتی بکەردا نین و لە ویستی ئەو بەدەرن {رۆڵی پێکهاتەکان} و، ئەو هۆکارانەی کە لە دەسەڵاتی ئەو دان. هۆکارەکانی جۆری یەکەم دەکرێ بە مەرجەکانی کردار و جۆری دووهەم بە ئامێری کردار ناودێر بکرێن" چوارەم ئەوەیە کە ئەم چوارچێوە شیکارانەیە دەستەبەری پەیوەندیی نێوان تەواوی توخمەکانی سەرەوە واتە توخمەکانی گیرۆدە لە کردارێك دان﴾.[٢١] بەمجۆرە کۆمەڵناسی بە باوەڕی پارسۆنز زانستی توێژینەوەی کردارەکانە.

دواتر پارسۆنز ئەم کردارەی لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتردا کە ئەکتەرێکی زۆر و مەرجی جیاواز لەخۆبگرێ واتە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، خستە بەر توێژینەوە" لەم سیستەمەدا

---

21- Parsons, Talcott; The structure of social action (1937); pp. 44-45.

ئەکتەرەکان لەدوای وەدەستهێنانی زیاترین ڕەزامەندین و مەرجەکانیان لە لایەن سیستەمێك لە هێماکان پێکدێ. سیستەمێکی کەلتووری ئەم هێمایانە ڕێکوپێك دەکا کە هێماکان بۆخۆیان بە بەشێك لەم سیستەمە دەژمێردرێن.

تیۆریی گشتیی سیستەمەکان: تیۆریی سیستەمەکان یەکێکی‌تر لە تیۆرییە گرنگەکانی سەدەی بیستەمە کە لە ڕوانگەیەکی گشتڕوانانەوە بە شوێن پێناسەکردنی کۆمەڵگا و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە. ئەم ڕوانگەیە سەرەتا لە بیاڤی بوونەوەر ناسی و سایبرێنتیکەوە هاتە بەرباس. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵناس فێن بێرتالانفی، هەوڵیدا ئەو پەیوەندییانەی کە هەن و هەروەها هی دەوروبەریشی بە شێوەیەکی سیستەماتیك بخاتە بەر لێکۆڵینەوە. پاشان بۆ بەیانییەکەی شەڕی دووهەمی جیهانی نۆربێرت واینێر تیۆریی سایبرێنتیکی لەسەر بنەمای سندووقی ڕەش (یا هەر شتێکی پیشەسازی کە بە شێوەی خودکار «ئۆتوماتیك» دژکردەوە نیشاندەدا، وەك تێرموستات) دارشت. دواتر بێرتالانفی لە دوای هەندێك توێژینەوەی جیاواز کە لەم بوارانەدا ئەنجام دران، تیۆریی گشتیی سیستەمەکانی لە ساڵی ١٩٥٦ دا هەڵێنجا و ڕایگەیاند . بەڵام ئەم تیۆرییە لە ڕادەبەدەر دەرهەست بوو. هەرچەند هاتنی ئەم تیۆرییە بۆ نێو بیاڤی سیاسەت، کە لە سایەی کارەکانی دێیڤید ئیستۆن (شیکردنەوەی سیستماتیکی ژیانی سیاسی) و پارسۆنزەوە روویدا، یارمەتییەکی گرنگی بە گەشەسەندنی زانستی سیاسەتدا بەڵام ئەم تیۆرییە هەمیشە بە هۆی دەرهەست بوون و ڕوانینی ساویلکانە کەوتۆتە بەر ڕەخنە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرییە لە بەرامبەر تیۆری پێکهاتەخوازیدا کە سەلمێنەری جۆرێك نەگۆڕی بوو و، ئاڵوگۆڕەکانی لەبەرچاو نەدەگرت، خاوەنی خاڵێکی بەهێزی جێی سەرنجە. هەر سیستەمێك لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەی کە لەگەڵ شوێنکاری خۆی هەیەتی، لە بەرامبەر ئەم هاندانانەی کە لە شوێنکارەوە سەرچاوەیان گرتووە، پەرچەکردار نیشاندەدا. ئەم هاندانانە لە ڕێگەی هاتووەکانەوە (inputs) کە وەك هەستەکان لە بوونەوەری زیندوودا کار دەکەن، دەگەنە سیستەم و بە هۆی ڕێگە نێوخۆییەکانەوە کە وەك زنجیرەی دەمارەکان لە بوونەوەری زیندوودان، دەبەسترێتەوە بە ناوەندی بڕیاردان کە وەك مێشك لە لەشی بوونەوەری زیندوودایە. دواتر پەرچەکرداری سیستەم بە شێوەی چەند بڕیارێك، لە ڕێگەی دەرچووەکانەوە (outputs) کە وەك دەست و پێ و جووڵانەوە و کردارەکانی دیکەی بوونەوەری زیندوون، بۆ شوێنکاری دەوروبەری ڕادەگوێزی و لەوێ کاردانەوە (Feedback) ی دەبێ و پەرچەکرداری شوێنکاری بەدوادا دێ. ئەم کردارە دووبارە



بۆ نێو سیستەم دەگوازرێتەوە. هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی چوار گوتەزا لەم ئەرکانەی کە بەردەوامی و بەرێوەچوونی سەرکەوتووانەی سیستەمی کردار گەرەنتی دەکەن، ئەنجامدەدا کە بریتین لە:

- گونجان لەگەڵ هەلومەرجی گشتیی دەوروبەر: ئەم ئەرکە وەڵامی ئەو پێداویستییە دەداتەوە کە سیستەم، سەرچاوەکانی ژیانی خۆی لە شوێنکاری دەوروبەری خۆیدا دەدۆزێتەوە.
- ئاراستەی وەدیهاتنی ئامانجەکان: سیستەم بێ بوونی ئامانجگەلێکی دیاریکراو و ئامرازی پێویست بۆ گەیشتن بەوان، توانای پاراستنی خۆی نابێ.
- هاوپەیوەندیی نێوخۆیی سیستەم: هاوهەنگاوی و هاوپەیوەندیی نێوان پاژە جیاوازەکانی سیستەم بە جۆرێك کە نەگۆڕیی ئەو گەرەنتی بکا.
- هەبوونی مۆدێلەکانی چاودێری بە مەبەستی بەرهەمهێنان، پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی بەها هاوبەشەکان کە خۆی بەدیهێنەری هاندەرە پێویستەکان بۆ کرداری تاکەکەسییە.

بەمجۆرە سیستەم بریتییە لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو کە بە هۆی دەرچووەکان (خروجیها) و هاتووەکانە(ورودیها)وە لەگەڵ دەوروبەری خۆی دانوسانی هەیە و خۆی خاوەنی چەند بەشە سیستەمی لێك بەستراوە، کە لەگەڵ چوار ئەرکەکەی سەرەوە یەك دەگرنەوە. بەشە سیستەمە گرنگەکان بریتین لە:

- بەشەسیستەمی کۆمەڵایەتی کە بە باوەڕی پارسۆنز بە گرنگترین و یەکەمین بەشە سیستەمی کۆمەڵگا دەژمێردرێ و، ئەرکی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی وەفادارییە کۆمەڵێیەکانی لە ئەستۆیە.
- بەشە سیستەمی پاراستنی مۆدێلە کەلتوورییەکان کە پێکهاتنی بەهاکان و ئاراستە کەلتوورییەکانی لە ئەستۆیە .
- بەشە سیستەمی سیاسی کە لە ڕاستیدا ئەرکی ئامادەکردنی سەرچاوە پێویستەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەیەکی تایبەتی لە ئەستۆیە. پاراستنی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بەرگریکردن لە وڵات، پاراستنی ڕێکوپێکی گشتی لە ئەرکەکانی بەشە سیستەمی سیاسییە کە خۆی پێویستی بە هێزی مرۆیی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان (پۆلیس و سوپا و ...) و راڤەکردنی ڕێساکان (سیستەمی یاسایی) هەیە.
- بەشە سیستەمی ئابووری کە لەگەڵ ئەرکی گونجان ( بەرهەمهێنانی کار و خزمەتگوزارییەکان ) یەکتر دەگرنەوە. لەهەمان کاتدا بەشەسیستەمی ئابووری، خۆی لەگەڵ

چوار ئەرکی سەرەکی پەیوەندیدارە: سەرمایەگوزاری (لەگەڵ ئەرکی گونجان)، بەرهەمهێنان (ئامانج)، ڕێکخستنی کاروبارە ئابوورییەکان (هاوئاهەنگی پاژە جیاوازەکان)، بەڵێنە ئابوورییەکان (مۆدێلەکانی چاودێری و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵە بەهاکان کە بۆ بەدیهێنانی هاندەرە پێویستەکان بۆ کرداری تاکەکەسی پێویستە).

٣- پێکهاتەخوازی . پێکهاتە ئەمجۆرەی ژان پیاژەی زانستناس پێناسەی دەکا بریتییە لە کۆمەڵی ئەو توخمانەی کە لە گشتێتییەکی یەکگرتوودا کۆ بوونەتەوە. بەواتایەکیتر، پێکهاتە بریتییە لە کۆمەڵە توخم و پاژێك کە لە پەیوەندی لەگەل یەکتردا گشتێکی یەکگرتوو پێك دێنن. لە ڕاستیدا پێکهاتەخوازی لە تەنیشت کارکردخوازی و تیۆریی سیستەمەکاندا، سێیەمین ڕوانگەی گشتخوازانە لەمەڕ کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی بیستەم دایە. ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم ڕوانگەیە لە بیرکردنەوەی مۆنتێسکیۆ، مارکس و (دۆرکهایم)دا بەدی دەکرێ. بەڵام لە سەدەی (بیستەم)دا ئەوە فێرناندۆ دۆسۆسێر، زمانناسی سویسری بوو کە کردی بە بنەمای تیۆرییەکی نوێ هەتا زانستی زمانناسیدا: دەنگەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ پێکدێنن کە شیاوی نزم کردنەوە لە ئاستی وشەکان و پەیوەندییان لەگەڵ چەمکەکان نییە . ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی کلۆد ـ لوی سترۆسەوە پێی نایە بیاڤی خەڵکناسییەوە و دواتر تەواوی زانستەکانی کومەڵناسیی گرتەوە. فەرەنسا ناوەندی ئەم هزرە بوو، کەسایەتییە گرنگەکانی پێکهاتەخوازی فەرەنسا لە یەك بابەتدا هاوبیر بوون: نابێ بە ناسینی ڕواڵەتی دنیا ڕازیبین. بە پێچەوانەوە، ئەوان بە شوێن تەکووزییەکی شاراوەوە بوون کە لە بیاڤی دەروونناسیدا بە نەست (لاکان) ، لە بیاڤی کۆمەڵایەتیدا بە کۆمەڵگاکان (ئالتۆسێر) و لە بیاڤی ناسیندا بە ناسینەکانمان (فۆکۆ) پێکهاتە دەبەخشن. پێکهاتەکان دوور لە چاوی ئێمە و بەدەر لە بڕیاری مرۆڤەکان پێکدێنن. بەم پێیە مرۆڤ ڕۆڵێکی لە پێکهاتنی ئەواندا نییە. بەڵام دواتر کەسانێکی وەك پییێر بۆردیڤ دیسان ئاماژە بە ڕۆڵی بەرتەسکی مرۆڤ لە چوارچێوەی پێکهاتەکاندا دەکەن. لێرەدا جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان بۆچوونی ئەمریکی و ئەورووپی لەمەڕ چەمکی پێکهاتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە بۆچوونی ئەمریکیدا، هەروا کە پارسۆنز بیری لێدەکردەوە، پێکهاتەکان زیاتر چوارچێوەگەلێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانن کە چوارچێوەی تایبەتیی کرداری کردارگەرەکان دیاریدەکەن، بەڵام لە بۆچوونی بیرمەندانی ئەورووپیدا پێکهاتە لایەنی فەلسەفی و تەنانەت ئایدۆلۆژیکیش بەخۆوە دەگرێ" ئایدۆلۆژیك لەم



ڕووەوە کە لە بەرامبەر تیۆری و ئایدۆلۆژییەکانیتر وەك ئیگزیستانسیالیزمدا ڕادەوەستێ و، فەلسەفی لەم ڕووەوە کە پەیوەندی بە ناسینەوە هەیە.

٤- تیۆرییەکانی ململانێ. لە بەرامبەر ئەم تیۆرییانەدا کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شتێکی سروشتی و ململانێ بە شتێکی نالەبار و ناکارکردی دەزانن، زۆر تیۆری هەن کە ململانێ و لێکدان بە بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن. مارکس و ڤیبەر لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە بە بناغەدانەرانی تیۆریی ململانێ دەژمێردرێن. مارکس لە ڕەهەندی ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڤیبەر لە ڕەهەندی خەباتی بێوچان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن تاك و گرووپەکانەوە. بە پێی تیۆرییەکی گشتی، کۆمەڵگا مەیدانی تێکهەڵچوون و ڕکابەرایەتی و مشتومڕی گرووپ و تاکەکانە و بنەمای ئەم ململانێیانە نایەکسانییە.

بە باوەڕی هەندێك لە کۆمەڵناسان تیۆرییەکانی ململانێ زۆر ڕەهەندی بەربڵاو لەخۆ دەگرن کە نەك هەر تیۆرییەکانی مارکس، ئینگێلس و ماکس ڤیبەر، بەڵکو تیۆریی جۆرج زیمێل و تیۆریی بژاردەخوازانێکی (نخبەگرا) وەك پارێتۆ، مۆسکا و میخێلزیش لەخۆ دەگرن و ئێستا تیۆریی کەسانێکی وەك ڕالف داهرێندۆرف، لوئیس کۆزێر، تێیۆدۆر کاپلۆ (caplow) و تەواوی تیۆرییەکانی گەمەکانیش دەگرێتەوە[٢٢]. لە ڕاستیدا کەسانێکی وەك کالینز و کۆزێر باس لە ململانێی کارکردی دێننە گۆڕێ" ململانێیەك کە بۆ پاراستن و بەردەوامیی کۆمەڵگایەك زۆر بەکەڵك و کاریگەرە. هەروەك داهرێندۆرف دەڵێ: ﴿وێککەوتنی بەرژەوەندییەکان شتێکی سروشتی، بێدەرچوون و جیهانگیرە و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی نادۆزییەوە کە لەگەڵ ڕەوتی ململانێ و وێککەوتنی بەرژەوەندییەکان بەرەوروو نەبن﴾.[٢٣] بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئەم ململانێیە بە ناوەڕۆکی بنەڕەتی کۆمەڵگا بزانین یان بە پڕۆسەیەکی پێویست یان باو لەقەڵەمی بدەین یان بە دیاردەیەکی لاوەکی و زیاندەر بۆ هاوپەیوەندی و دابەش نەبوویی کۆمەڵگا، کە لەئاکامدا لایەنی ناڕەسەنی و ناسروشتی بەخۆوە دەگرێ.

22- Cf. Duke, James T.; conflict and power in social life; 1976.
23- Dahrrendorf, Ralf; "Toward a Theory of Social Conflict", Journal of Conflict Resolution. no . 2, Jun 1958, p. 170.

## بەشی دووهەم
## سیاسەت چییە؟

وشەی سیاسەت کە لە بەرامبەر وشەی ئینگلیزیی Policy و فەرەنسی Politique ـەوە بەکاردەبرێ ، لە وشەی یۆنانی Polis بە مانای شار یان Cite ـەوە وەرگیراوە و، یەکێك لە ئالۆزترین چەمکەکانە کە لە بیاڤی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دێتە بەرباس . لە زمانی فارسیدا ئەم وشەیە واتاگەلێکی جیاوازی بەخۆوە گرتووە کە بریتین لە زیرەکی، تەمێ کردن، پلان و بەرنامە (گەمیەوان سیاسەتێکیتری بەکارهێنا) و بەڕێوە بردنی کارەکانی کۆمپانیایەك ، کۆمەڵگایەك و مەملەکەتێك. لە زمانی فەرەنسیدا هەرکات لەگەڵ نیشانەی ناسراوی نێرینە، واتە Le دا بەکار بێ (Le Politique)، یا لە بارەی ئەم پیاوانەوە دەگوترێ کە کاری سیاسی دەکەن، یان زیاتر مەبەست ناوەرۆك و چۆنییەتیی سیاسەتە. بەڵام ئەگەر لەگەڵ نیشانەی ناسراوی مێیینە واتە La دا بەکار بێ مەبەست هەمان سیاسەتی بەکردەوە و شەڕی دەسەڵاتە. لە ئینگلیزیدا وشەکانی Policy و Politics نیشاندەری ئەم جیاوازییانەن. Policy لە بارەی سیاسەت و بەڕێوەبەرییەوە دێ کە لە بیاڤێکی تایبەتدا بەکاردەبرێ، وەك سیاسەتی پیشەسازی یان سیاسەتی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا کە Politics بە مانای شەڕ بۆ دەسەڵات یان هاومانای La Politique ی فەرەنسییە (لەگەڵ ئەوەشدا Policy هاومانای Le Politique ی فەرەنسی نییە).

لە مێژووی هزرە سیاسییەکاندا، هەتا ئێستا سیاسەت بە هاوواتای دەوڵەت، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و، دەسەڵات زانراوە، زانستی سیاسەت (یان بە واتایەکی راستتر) لقی سیاسەت زانستێکی هەتیو بوو کە سالانێك لە داوێنی مێژوو، ئەویش مێژووی ورددا پەروەردە کرا، بەم مانایە کە فەلسەفەی مێژوو، یان مێژووی کەلان کاری بە سیاسەت نەبوو، بەڵکو تەنیا ئەو بەشە لە مێژوو کە راڤەی کەسایەتییە سیاسییە گەورەکان، یان رووداوە سیاسی و پەیمانەکان و شەڕەکانی دەکرد، وردە وردە بوو بە زڕباوکی سیاسەت. زانستی یاساش بۆ ماوەیەك سەرپەرشتیی ئەم منداڵە گەورە و مەترسیدارەی لەئەستۆگرت، دواتر تەواوی لقە زانستییەکان لە ئابووری و جوگرافیاوە بگرە هەتا کۆمەڵناسی و خەڵکناسی، دەستێکی لاواندنەوەیان بەسەرداهێنا. ئەگەر بمانەوێ بە گەشبینییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین دەبێ بڵێین سیاسەت چوارڕێیانێکە کە تەواوی زانستە مرۆییەکان لەوێدا دەگەنەوە یەك. لە



کردەوەشدا سیاسەت ناوەڕۆکێکی بەربلاو و نادیاری هەیە. هەموو شتێك، لە یارییەکی فوتبۆڵەوە هەتا وتاردانێك دەتوانێ لە کاتێکدا سیاسی بێ و لە کاتێکی تردا نەبێ. بەڵام هەروەك دواتر دەبینین هیچ زانستێك بەرادەی کۆمەڵناسی لێهاتوویی راڤەکردنی مەسەلە سیاسییەکانی نییە، چونکە کردەوەی سیاسی بەر لە هەر شتێك کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە.[24] بەڵام دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەو، بێگۆمان کاری فەلسەفەیە، مەگەر ئەوەی کە بە دیاردەیەکی تێژتێپەڕ، بەڕێکەوت یان ئامێریی بزانین. بەو هۆیەوە کە ریشەی بیرکردنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، شیکردنەوەی چەمکی cite دەتوانێ تارادەیەك رێگەخۆشکەر بێ. سیتە (cite) هەمیشە لە بەرامبەر شاردا بەکاردەهات نەك لە جێی ئەو. شار بە کۆمەڵێك لە هێما ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەیەك شوێنکار، پێکهاتوو لە شەقامەکان، بنیاتەکان و هتد دەگوترا. بەڵام بە پێچەوانەوە سیتە چەمکێکی ماددی نەبوو، بەڵکو چەمکێکی مرۆیی و یاسایی بوو کە هەموو هاوولاتیانی دەگرتەوە. کەوابوو سیتە هەمان کۆمەڵگا بوو کە خۆی لەخۆیدا سیاسی بوو و لەو مرۆڤانە پێکدەهات کە بارودۆخێکی یاسایی تایبەتییان هەبوو (کەوابوو کۆیلەکان، بیانییەکان، ژنان و منداڵانی نەدەگرتەوە) و لە نێوانیاندا پەیوەندیگەلێکی رێکخراو هەبوو.[25] هەر بەو پێیە گوتنی دەوڵەت ـ شار بە سیتەکان کە هەڵگری روانگەی دەوڵەت و دەسەڵاتە بە هیچ شێوەیەك نالۆژیك نییە.

### ١- داخوا سیاسەت هەمان دەوڵەتە؟

بە هاوواتا زانینی سیاسەت و دەوڵەت لە راستیدا وەستان لە فەلسەفەی سیاسی ئەرەستۆدایە. Polis هێمای کۆمەڵگایەکی سەرەکی و جیاوازە کە رێکخراوی گشتیی ئەو لە بوونی دەوڵەتدا کورت دەبێتەوە. ئەم بۆچوونە بە هاتنەدیی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا و بەهێز بوونیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا پتەو بۆوە و ئەمڕۆ کەم کەس ئەم گریمانەیە کە دەوڵەت بیاڤی سەرەکی و بەرچاوی کرداری سیاسییە، دەخاتە بەر دەستدرێژی و رەت کردنەوە. لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵناسیی سیاسی یان هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر لەمەڕ سیاسەت، لە راڤەکردنی دەوڵەت و بنیاتەکانی ئەودا بەرتەسك دەبێتەوە.

24- Cot, Jean Pierre, Jean Pierre Mounier; pure une sociologie politique; tom 1, p. 12.

25- Debbasch, Charles, Jean-Marie pontier; Intruction a la politique; pp. 2-3.

بە هاوواتا زانینی سیاسەت و دەوڵەت ئەو پوانە بەرچاوەی هەیە کە دەتوانرێ بەوردی دیارییبکرێ و، راڤە پەیوەندیدارەکان لە دەوڵەتناسیدا کورت بکرێتەوە. بەڵام بەو پێیە، لێکۆڵینەوە سیاسییەکان بەدەست دوو کەم و کوڕییەوە دەناڵێنن. یەکەم ئەوەیە کە بیاڤی دەوڵەت جێی باسە و ناکرێ بە روونی سنووری بۆ دیارییبکرێ. داخوا کاری پاسەوانانی موزەخانەیەك هەر بەو هۆیە کە بڕیاری دەوڵەت بەڕێوەدەبەن کارێکی سیاسییە؟ داخوا مانگرتن بەو هۆیە کە لە دەرەوەی دەوڵەت بەڕێوە دەچێ هیچکات بە کارێکی سیاسی نازانرێ ؟ دووهەمین کەم و کورتی، ساکار بوون و بەرتەسك بوونی لەڕادەبەدەری ئەم پێناسەیەیە . لە راستیدا سیاسەت لە موتالآی بنیاتە دەوڵەتییەکان و رێساکانی زاڵ بەسەر ئەودا بەرتەسك دەکرێتەوە . داخوا تەواوی ئەو چالاکییانەی لە دەرەوەی دەوڵەت یان بێ بوونی پەیوەندی بە دەوڵەتەوە بەڕێوەدەچن ناسیاسین؟ لە هەمووی گرنگتر، داخوا ئەو کۆمەڵگایانەی وەك نوێرەکان ( Nuer ) یان قەبیلەسەرەتاییەکانیتر کە بێ دەوڵەتن، بێ سیاسەتیشن؟.[٢٦]

لە لایەکی ترەوە دەوڵەت لە واتای نوێی خۆیدا، دیاردەیەکە کە لە بڕگەی کاتی و شوێنی تایبەت، واتا لە ئەورووپای سەردەمی نوێدا پێکهاتووە و لەگەڵ چەمکی گشتیی دەوڵەت و ئەو فۆڕمانەی لە رابردوودا هەبووە جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە و رەنگە ئەم نموونەیەش رۆژێك کۆتایی پێ بێ. بە باوەڕی هەندێکان تەنانەت هاووڵاتیان کاتێك لە ماڵی خۆیان کلیلی چرای کارەبایی لێدەدەن یان دەستدەدەنە تەلەفۆن، لەگەڵ دەوڵەت رووبەروون. بەڵام بەمجۆرە زۆربەی رەوت و کردارە سیاسییەکان دەکەونە دەرەوەی بیاڤی دەوڵەت. ئەگەر کەسێك سیاسەت هەتا ئاستی دەوڵەت نزمبکاتەوە، وەك ئەوەیە کە ئابووریی هەتا ئاستی بانکی ناوەندی یان وەزارەتی دارایی نزم کردبێتەوە. ئەم بەرگە بە بەری سیاسەت زۆر تەنگە و ئەگەر ئەم روانگەیە لە چوارچێوەی مۆدێلە نوێیەکاندا بێتە بەرباس لە ئاکامدا دەگاتە پێناسەیەك لە سیاسەت لە قالبی رێکخراو و پێکهاتە یان ئەرکی دەوڵەتدا کە هیچکامیان پێناسەیەکی گشتگیر و پڕبەپێست نابن. بە تایبەت کە ئەرکی سیاسەت زۆر بەربڵاوە و بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە و هەروەك گوترا لە فوتبۆڵ ڕا هەتا شەڕ دەگرێتەوە.

**٢- داخوا سیاسەت هەمان دەسەڵاتە؟**

زۆربەی نووسەرانی هاوچەرخ سیاسەت دەگەڕێننەوە بۆ بابەتی دەسەڵات. لاسۆل و داڵ لە ئەمریکا و بۆردۆ، دۆویرژێ و ئارۆن لە فەرەنسا سیاسەت لە بەکاربردنی دەسەڵاتدا دەبیننەوە.

26- Cot, J.P., J.P. Mounier; op. cit.; pt. 1 p. 14.



هەروەك رابێرت داڵ دەڵێ: ﴿سیستەمی سیاسی بریتییە لە پەیوەندییە مرۆییە بەردەوامەکان کە لەخۆگری تەگبیرگەلێکی پڕمانا لە دەسەڵات، باڵادەستی و هێژمۆنین﴾[٢٧] . گومان لەوەدا نییە کە پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ دیاردەی دەسەڵات پەیوەندییەکی لە پسانتەهاتوویان هەیە و، مەسەلەی دەسەڵات لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا، تەنانەت ئەوانەی دەوڵەتیشیان نییە، بەدی دەکرێ. بەڵام داخوا هەر دەسەڵاتێك سیاسییە؟ ئەگەر بەرگی دەوڵەت بە جەستەی سیاسەت تەنگ و بچووك بوو، ئەوا بەرگی دەسەڵات زۆر گەورە و گوشادە. ئەم روانگەیە، سیاسەتناسی لە بنیاتخوازی و چوارچێوەی بەرتەسکی دەوڵەت رزگار دەکا، بەڵام لە بەرامبەردا سیاسەت هەتا ئاستی شەڕ بۆ دەسەڵات نزم دەکاتەوە. مانای فەلسەفیی ئەم روانگەیە، سەرەڕای نوێتر بوونی لە ئاست سیاسەت، ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەت هێزێکی زیاتری هەیە. ماکیاڤیللی ریشەی دەسەڵاتخوازی لە رۆحی مرۆڤدا دەبینێتەوە. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ کە لە لایەك پانتایی دەسەڵات زۆر بەربڵاو و نادیارە ، لە لایەکیتریشەوە ئەم شتە هیچ یارمەتییەك بە دیاریکردنی بیاڤی سیاسەت نادا. بە واتایەکی تر ئەگەر بڕیار وابێ کۆمەڵناسی دەست بداتە شیکردنەوەی دیاردەی دەسەڵات، لە راستیدا دەبێتە کۆمەڵناسیی گشتی، چونکە کام گرووپی کۆمەڵایەتی هەیە کە سەروکاری لەگەڵ دیاردەی دەسەڵات نەبێ؟، بۆ وێنە، داخوا منداڵێك کە بە زۆر شیرینییەکی لە باوکی خۆی دەوێ، کردەوەیەکی سیاسی دەکا؟ هەروەها، دەسەڵات تەنیا یەکێك لە لایەنەکانی ژیانی سیاسییە و، زیاتر وەك ئامرازی ئەو دێتە بەرباس نەك بناغەی ئەو. هێنانە خوارێی سیاسەت هەتا ئاستی دەسەڵات وەك هێنانە خوارێی ئابووری هەتا ئاستی دراوە . دراو لە هەموو جێیەك هێمای ئابووری و گرنگترین دیمەنی ئەوە، بەڵام پاڵپشتی دراو، چالاکییە ئابوورییەکانە و دراو هەرگیز بە بوونێکی سەربەخۆ و رەسەن قبووڵناکرێ. لە لایەکی ترەوە بەرزتر بوونی روانگەی سیاسەت (دەسەڵات بەسەر روانگەی سیاسەتدا)ی دەوڵەت کە لە یارمەتیدان بە رزگار بوونی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان لە بەندی بنیاتخوازیدا هاتە بەرباس، لە کۆتاییدا جۆرێك بنیاتخوازیتر، واتە لێکۆڵینەوەی بە بنیات بوونی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە. زۆربەی نووسەران لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەسەر چۆنییەتی پەیدا بوونی بنیاتەکانی دەسەڵات و، بەدەستەوەدانی چەشنناسییەك لەمەڕ دەسەڵاتە بە بنیات بووەکان چڕ کردۆتەوە.

27- Dahl, Robert; Modern political Analysis; p. 6.

## ٣- ناوەرۆکی سیاسەت چییە؟

"بۆردۆ" و "دۆوێرژێ" کە بابەتەکانی سەرەوەمان لەوان وەرگرتبوو، پاش رەتکردنەوەی ئەو تیۆرییانەی سیاسەت بە هاوکێشی دەوڵەت یان دەسەڵات دەزانن، هەوڵیان داوە پێناسەیەکی گشتگیر و بەربلاو لە سیاسەت بێننە گۆڕێ. بەڵام سەرەنجام لەوپەڕی داماویدا هەر گەیشتنەوە پێناسەکەی ماکس ڤێبەر و لەوێدا وەستان. لە کاتێکدا کە پێناسەی ماکس ڤێبەریش لە بناغەڕا، تێکەڵاوێك لە هەمان بۆچوونی یەکەم و دووهەم واتە بە هاوواتا زانینی سیاسەت لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵات. ئەو، لە دوایین وتاردانی خۆیدا دەڵێ: ﴿هەموو دەوڵەتێك لەسەر بنەمای دەسەڵات دامەزراوە. ترۆتسکی ئەم رستەیەی لە برێست لیتۆفسك دەربڕی و ئەم رستەیە هەقیقەتی هەیە. ئەگەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند پێکهاتەی بێ توند و تیژیدا بەرتەسك کرابانەوە، چەمکی دەوڵەت بە گشتی لەناودەچوو و بارودۆخێك کە بەواتای وردی وشە ئانارشیزمی پێدەگوترێ بەدی دەهات﴾[28] . ناوبراو، هەروەها درێژە دەدا و دەڵێ کە توندوتیژی، بێگومان تەنیا تاکتیکی سروشتیی دەوڵەت نییە، بەڵام تاکتیکێکە کە تایبەتی ئەوە و، ئەمڕۆ پەیوەندی دەوڵەت و توندوتیژی، بەتایبەت، پەیوەندییەکی چڕوپڕە ... . دەوڵەتە هاوچەرخەکان دەبێ وەك کۆمەڵگایەکی مرۆیی لەبەرچاو بگیرێن کە لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراودا بە سەرکەوتووییەوە لافی ﴿پاوانی توندوتیژیی فیزیکی رەوا، وەك مافێکی تایبەت بە خۆیانن﴾ لێدەدەن[29] . جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەش کە ئێمە بۆچوونەکانیانمان وەرگرتووە  لە گێڕانەوەی قسەی ڤێبەردا، سیاسەت لە جێی دەوڵەت دادەنێن و دەڵێن سیاسەت بۆ گرووپێکی دەسەڵاتدار بەکاردێ کە بڕیارەکانیان لە رێگەی دەزگایەکی ئیدارییەوە کە بە هێزی چەکدار، دەستوەشێن و توندوتیژیی فیزیکی تەیارە، لە چوارچێوەی وڵاتێکی تایبەتدا بەڕێوەدەچن و، دواتر دەگەنە ئەو ئاکامە کە ئەم پێناسەیە، توخمی وڵات، رێکخراوی ئیداری و توندوتیژیی فیزیکی (واتە توخمەکانی دەوڵەتی نوێ)ی لە هەناوی خۆیدا هەیە. پێناسەی ڤێبەر، سیاسەت لە بەڕێوەبردنی هەندێك شێوەی تایبەت لە دەسەڵاتدا بەرتەسك دەکاتەوە. ئەم نووسەرانە لە کۆتاییدا بە دانان بەوەدا کە ئەم پێناسەیە بە چاوپۆشییەوە بە تەنیشت بەشێکی گەورە لە چالاکییە سیاسییەکاندا تێدەپەڕێ و زۆر مەسەلەی وەك هەڵبژاردن، باسە

٣٣- ماکس ڤیبەر، بیرمەند و سیاسەتوان، ل ٨٣.

٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ٨٣.



پەرلەمانییەکان و هتد کە لەواندا پەنا بۆ توندوتیژیی فیزیکی نابردرێ، لەبەرچاو ناگرێ و، سەرەنجام بە دانانان بەوەدا کە تەنانەت رەنگە ناوەڕۆکی سیاسەتیش لەم پێناسەیەدا لەبەرچاونەگیرێ، وەك کردەکی ترین پێناسە قبوولێدەکەن. لە راستیدا ئەوان وەك زۆربەی بیرمەندانی سەردەمی نوێ لە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی چەمك و وردەشتەکان خۆ دەبوێرن و، هەوڵی خۆیان لە دۆزینەوەی ئاسەوار و تایبەتمەندییەکان و لایەنە کردەکییەکانیاندا بەرتەسك دەکەنەوە. لە ئاکامدا بۆچوونی ئەوان لەمەڕ کۆمەڵناسیی سیاسی، لە شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی سیستەمی سیاسیدا بەرتەسك دەبێتەوە. ئەم بۆچوونە لە کردەوەدا بەکەڵك و روونە، بەڵام وەڵامی پرسیاری ئێمە لەمەڕ ئەوەی کە سیاسەت چییە، ناداتەوە.

هەروەك لە پێناسەکردنی ئابووریدا، ناکرێ بە سیستەمی ئابووریی فەرمی رازی بین و دەبێ تەواوی هەوڵە تاکەکەسی و گشتییەکان لەبەرچاو بگیرێن کە پەیوەستن بە کاروباری ماددیی ژیانەوە، لە بەرهەمهێنانەوە بگرە هەتا دەگاتە بەکارهێنان و، لە شێوە و جۆری ژیانەوە بگرە هەتا دەگاتە شێوە کردەکییەکانی بنیاتنانەوە و رێسا حوقووقییەکانی تایبەت بە چاودێریی پەیوەندییە ئابوورییەکان و، تەنانەت روانینی خەڵك بۆ بابەتی کەڵك وەرگرتن لە سروشتیش لەخۆ دەگرێ، لە سیاسەتیشدا ناتوانین تەنیا بە سیستەمی سیاسی رازیبین  بەڵکو دەبێ سەرنج بدەینە تەواوی ئەو هەوڵە تاکەکەسی و گشتییانە کە پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و دیسیپلینی گشتییەوە، لە حکوومەت را بگرە هەتا دەگاتە چالاکییە حیزبی و هەڵبژاردنەکان، هەروەها هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان لەمەڕ دیاردە سیاسییەکانیش لەخۆدەگرێ. بەم پێیە ئەگەرچی بیاڤی جیاواز وەك حکوومەت یان حیزب هەن کە زیاتر هێمای ژیانی سیاسین، بەڵام بوون و ناوەڕۆکی ئەو دیاری ناکەن.

ژولین فرۆند سیاسەتناسی فەرەنسی، لە بەشی کۆتایی کتێبەکەیدا بە ناوی ﴿سیاسەت چییە؟﴾ بە توندی هەوڵدەدا پێناسەیەك لە سیاسەت بەدەستەوە بدا کە تا رادەیەك لە ناڕوونی بەدوور بێ: ﴿سیاسەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە کە پشت ئەستوور بە زەبروزەنگ و بە پێی حوقووق، ئاسایشی دەرەکی و رێکوپێکی نێو خۆیی، یەکەیەکی سیاسی تایبەت دەستەبەر دەکا و ، دیسیپلین لە نێو شەڕێکدا کە بەهۆی جیاوازی و ناکۆکیی فکری و بەرژەوەندییەکان پێکدێ، جێگیر دەکا﴾[30]" بەڵام ئەمەشی لێ زیاد دەکا کە سیاسەت هەر تەنیا لە خزمەت کۆمەڵدا نییە بەڵکو لە خزمەت تاکیش دایە. بەم پێیە چالاکییە سیاسییەکان هیچیان بەسەر کردەوە

30- Freund, Julien; Qu'est-ce que la politique? P. 177.

کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەك چالاکییە ئابووری، هونەری، ئەخلاقی، یان زانستییەکانەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوان لە مامەڵەیەکی بەردەوام دایە.[31] پێناسەکردنی سیاسەت وەك چالاکی لە روانینی "فرۆند"دا ئەگەرچی هەتا رادەیەك لە تەنگژەکانی پێشوومان رزگار دەکا، بەڵام هێنانەگۆڕێی هەندێك کۆت و بەندیتر وەك پشت بەستن بە زەبر و زەنگ، دیسان دەمانگەڕێنێتەوە سەر هەمان پێوانە و چوارچێوەکانی پێشوو. دەبێ ئەمەمان لەبەرچاو بێ کە سیاسەت بەرلە هەر شتێك کارێکی کۆمەڵایەتییە و، لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێی بۆ دەکرێتەوە. هەر ئەمەش یەکێك لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان سیاسەت و ئابووری نیشاندەدا . وای دادەنێین لە هەسارەیەکدا تەنیا یەك کەس دەژی و بۆ دابینکردنی بژێو و درێژەپێدانی ژیانی، هەوڵدەدا لەو سەرچاوانەی لەم هەسارەیەدا هەن شتێك بەدەستبێنێ. دەکرێ بڵێین ئەو کەسە کارێکی ئابووریی تاکەکەسی دەکا، بەڵام هەر کارێك بکا بە کردەوەیەکی سیاسی دانانرێ، چونکە سیاسەت کارێکی کۆمەڵایەتییە و پێگەی لە نێو پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان دایە . بۆ روونبوونەوەی بارودۆخی پەیوەندییەتیی سیاسەت، کە لەگەڵ دەسەڵاتدا بەیەك شت زانراون، دەچینە لای میشێل فۆکۆ.

میشێل فۆکۆ فەیلەسووفی فەرەنسی (ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردوە) کە بناغەدانەری یەکێك لە دواین رێبازە بڕواپێکراوەکانی هزرە سیاسییەکان بوو، جگە لەوەی کە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان دەسەڵات و زانست دادەمەزرێنێ ، پێی وایە دەسەڵات تەنیا لە پەیوەندی و کردەوەدا دەردەکەوێ و زانستی مرۆڤ شتێك نییە جگە لە روونکردنەوە و پاساودانی ئەم پێوندییە.[32] بەم پێیە دەسەڵات شتێك نییە کە ببێ بەموڵکی کەس یان پاوانێك بێ کە ببێتە هی چینی دەسەڵاتدار، بەڵکو دەرەنجامێکە لە کۆی هەڵوێستە ستراتیژیکەکانی ئەم چینە. ئەم پەیوەندییە لە تەواوی ئاستەکانی ورد و کەلاندا بەدی دەکرێ و «لەش» (جەستەی مرۆڤ) بەشێوەی راستەوخۆ گیرۆدەی ئەم پەیوەندییەیە . لەو (لەش)یان دەوێ هەتا کار بکا، کڕنۆش بەرێ، بەرهەم بێنێ، چێژ بدا ... بەم پێیە دەسەڵات، بە«تێکنۆلۆژیای سیاسیی لەش»وەسفدەکرێ.[33]

31- Ibid.

32- Chatelet, F.E., Pirier-kouchner; les conceptions politiques au xxe siecle; pp. 927-944.

33- "Surveiller et punir" in, Conceptions… op. cit.; pp. 930-931



پەیوەندی دەسەڵات لە هەموو جێیەك و لە شێوەی جیاواز لە زیندانەوە هەتا قوتابخانە و لە ئایدیۆلۆژییەوە هەتا ئەخلاق بەدی دەکرێ. دەکرێ بەمجۆرە لە بیردۆزی فۆکۆ تێبگەین کە دەسەڵات وەك فڕۆکە وایە کە تەنیا لە بەرامبەر پەرچەکرداری هەوادا دەتوانێ لە ئاسمان بمێنێتەوە و ئەگینا بەردەبێتەوە. لێرەوە دەکرێ تێبگەین بۆچی ستالین کە هەرجۆرە بەرهەڵستکارییەکی بە توندی سەرکوت کردبوو، بۆخۆی دیسانەکە دەیان داستانی لە پیلان و سیخوڕی وەك پیلانی پزیشکان (کە دەرفەتی پێ نەدرا) دادەهێنا و کەسانێکی دادگایی و ئیعدام دەکرد. چونکە هەستی دەکرد لە نەبوونی دژەدەسەڵاتێکدا، دەسەڵاتی ئەویش لەنێودەچێ. بەم پێیە لە بەرژەوەندی هیچ حکوومەتێکدا نییە تەواوی بەهەڵستکاران لەناوبەرێ. حەکایەتی حاکم و ئۆپۆزیسیۆن حەکایەتی هەمان فڕۆکە و پەرچەکرداری هەوایە. بەڵام بە باوەڕی ئێمەش بەستێنی سیاسەت پێوندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام بە ئاراستەی ئامانجێکی هاوبەش. کاتێك کەسانێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و گرووپێك پێکدێنن، لە راستیدا پەیوەندییەك لە نێوانیاندا دامەزراوە کە روویەکی ئەم کارە سیاسییە، چونکە تەواوی ئەندامانی هەوڵدەدەن ئەم گرووپە بپارێزن و، داکۆکی لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی بکەن. بەم هۆیەوە هەندێك لە سیاسەتناسان هەوڵدەدەن ناوەڕۆکی چالاکییە سیاسییەکان لە رووی ئامانجەکانیان پێناسە بکەن: دواین ئامانجی کۆمەڵێکی سیاسی دەکرێ لە شوێنکەوتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا (bein commun) کورت بکرێنەوە.[34] بەم پێیە لە پێناسەکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی شێوازە نوێیەکاندا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان پێدەگوترێ، جیاوازیی بنەڕەتیی بیروڕا دێنەپێش. رەنگە جیاوازیی بیروڕا لەسەر ئەم پێناسەیە، یەکێك لە چوارچێوەکانی کێشەی سیاسی بێ کە کەسانێك ئەویان لەگەڵ خودی سیاسەت لێ تێکدەچێ. لە بناغەڕا داکترین، ئایدۆلۆژییەکان و ئامانجەکان و بەرنامە جیاوازەکان لە نێوان رۆڵگێڕە سیاسییەکان، ئەگەر بە تەواوی لە چوارچێوە یۆتوپیاییەکانی سیاسەتدا جێگیر بن (واتا لەگەڵ خواستە تاکەکەسییەکان تێکەڵ نەبن)، شتێك نین جگە لە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتی. جیاوازییەکی بنەڕەتیی بیروڕا لەمەڕ ئەو بابەتە هەمیشە هەبووە و هەیە، ئەویش ئەمەیە کە ئایا بەرژەوەندیی گشتی شتێکی ماددیی پەتییە یان ماددی ـ مەعنەوی؟. داخوا ئەرکی دەوڵەت لە دابین کردنی پێداویستییە ماددییەکاندا کورت دەبێتەوە یان دەبێ بەختەوەریی کۆمەڵگاش دەستەبەر بکا؟ داخوا دەبێ لەدوای شاری خوا بێ یان تەنیا شاری خاکی بەسە؟ بەداخەوە هەرکات دەوڵەتێك لافی بەدیهێنانی

34 Debbasch, Pontier; op. cit.; p.8.

یۆتۆپیای لێداوە ـ بەم هۆیەوە کە یۆتوپیاکان دەست پێ ڕانەگەیشتوون ـ خۆی بۆتە هۆی مەینەتییەکی پڕ ئێش و ژان.

لە هەر حاڵدا خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە هەر جێیەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبن، پەیوەندییە سیاسییەکانیش پێکدێن. لە راستیدا سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لێکۆڵینەوە لە سیاسەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان بە واتایەکی باشتر لە بیاڤی کۆمەڵناسیدا روو دەدا. بەم پێیە لەگەڵ پرسیارێکیتر بەرەوڕوو دەبینەوە: چ پێویست دەکا بۆ سیاسەت دەفتەرێکی جیاواز بکەینەوە؟ چونکە کاری سیاسی و کاری کۆمەڵایەتی ناوەڕۆکێکی یەکسان و یەك بیاڤیان هەیە و کۆمەڵناسیش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هەردوو بابەت وەڵامدەرە.

دوو خاڵ لەم بنبەستەمان رزگار دەکەن. ئەرکەکان و جۆری پەیوەندییەك کە لە بیاڤی سیاسەت و کۆمەڵگادا هەن. بە واتایەکیتر، بیاڤی کردەوەی تایبەت بە سیاسەت و ئەرکی ئەو بیاڤە، دیاریدەکا کە کام کردەوە سیاسییە و کام کردەوە کۆمەڵایەتی.

ئەرکی سیاسەت یان هەمان گەیشتن بە بەرژەوەندیی گشتی، لە پلەی یەکەمدا پێویستی بە دابینکردنی دیسیپلین لە نێوخۆدا و پاراستنی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەرەوەدا هەیە کە خۆی هەڵگری ئامانج و ئامرازی تایبەتیی خۆیەتی. وێنای هەرە بەرزی ئەم پرۆسەیە دەوڵەت و، ئامرازە هەرەباشەکەشی دەسەڵاتە. لە لایەکیترەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ململانێ و تێکهەڵچوون دامەزراون، لە کاتێکدا کە سیاسەت بیاڤی تێگەیشتن و وتووێژە. بۆ روونبوونەوەی ئەم خاڵەی دوایی کە لەگەڵ زۆر لە تیۆرییە هاوچەرخەکان لە دژایەتی دایە، پەنا دەبەینە بەر شوبهاندن کە بەشێك لە نووسەرانیتر بە جۆرێکی تر پەنایان بۆ بردووە. بۆ وێنە سپنسەر، کە کۆمەڵگای بە بوونەوەرێکی زیندوو دەشوبهاند، یان فێن بێرتالانفی کە لەسەر بناغەی شوبهاندنی سیستەم بە بوونەوەری زیندوو، تیۆریی سیستەمەکانی پێشکەش کرد. کاتێك بوونەوەرێکی زیندوو دروستدەبێ، بۆ هاوئاهەنگیی ئەندام و بەشەکانی و هەرشتێك کە بۆ درێژە پێدانی ژیانی پێویستە، هەوڵدەدا و لەم ناوەدا بەشێك لە چالاکییەکانی پەیوەندی بە خۆی و نێوخۆیەوە هەیە و، بەشەکەی تری پەیوەندیی بە دەرەوە واتا بەرگری و هێرشەوە هەیە . تەنانەت بەشێك لەم ئەرکانە بە شێوەیەکی نەست بەڕێوەدەچن. دڵ لێدەدا، گوشاری خوێن رێکوپێك دەبێ، مێشك رووداوەکان تۆمار دەکا، ئەندامەکان بە شێوەیەکی نائیرادی لە بەرامبەر رووداوەکاندا پەرچەکردار نیشاندەدەن. بەڵام بەشێکی زۆریشیان بە ئاگاییەوە بەڕێوەدەچن. لە نێوان خەو و کار



و رابواردندا هاوسەنگی پێکدێ، رێگای ساناتر بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەروەت و سامان تاقیدەکرێتەوە و دەیان شتی تر. هەمووی ئەم کردەوانە پەیوەندیی بە تەواوی بوونەوە هەیە، بەڵام بەشێکی تایبەتیش لە مرۆڤدا بۆ ئەم چەشنە رێکوپێك کردنانە هەیە کە هەمان عەقڵە. عەقڵ کە چۆنییەتییەکی نامادی هەیە، لە بوونی فیزیکیی مرۆڤدا جێگە و ئەندامێکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم ئەندامە مێشکی مرۆڤە کە بە رواڵەت جێگەی چالاکییە عەقڵانییەکانە، هەروا کە دڵ بە ناوەندی هەستەکان دەزانن. بەم شێوەیە سیاسەتیش بەو چالاکی و ئەرکانە دەگوترێ کە بوونی کۆمەڵایەتی رێکوپێك دەکا و لە بەرامبەر بیانیدا بەرگریدەکا. لە کۆمەڵگاشدا پاژێك کە نوێنەری گشتە، ئەم چالاکییانە رێکدەخا. ئەم پاژە هەمان دەوڵەتە، ئەندام یان ئۆرگانێك کە دەوڵەت دەبێ خۆی تێدا بەرجەستە بکاتەوە حکوومەتە. هەر بەم هۆیەوە بەشێك لە بیرمەندان گەورەترین ئەرکی دەوڵەت بە هاوسەنگ کردن، دابەشکردنی ئەرکەکان و رێکخستنی کۆمەڵگا لەقەڵەمدەدەن کە بەردەوامیی ژیانی ساغ و بێعەیبی ئەو گەرەنتی دەکا. هەروا کە ناوەندێك لە مێشکدا هەیە کە ناهێڵێ رێژەی مادە کانزاییەکان لە رێژەی مادە رووەکەکان لە لەشدا زیاتر بێ یان بە پێچەوانە، چونکە ئەگەر ئەمە نەبێ ژیانی بوونەوەری زیندوو دەکەوێتە مەترسییەوە. لێرەدا دەکرێ بەم ئاکامە بگەین کە ئەو دەوڵەتانەی رێگەی نابەرابەری و ناعەدالەتی دەگرنەبەر زەبرێکی قورس لەخۆیان و لە کۆمەڵگا دەدەن. ئەوەی لەم باسە بەدەستدێ ئەوەیە کە زاتی سیاسەت لەسەر ململانێ و دەسەڵاتخوازی دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر کەمکردنەوەی ململانێکان و هاوسەنگ کردنی ئەو هێزانە دامەزراوە کە بێ ئەوان ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەك لە لەشی مرۆڤدا زۆر هێزی جیاواز لە جۆری کانزا، رووەکی، ئاژەڵی و مرۆیی هەن کە زاڵبوونی هەرکامیان بەسەر ئەوانیتردا، مرۆڤ لە دۆخی هاوسەنگی دوور دەخاتەوە، لە کۆمەڵگاشدا زۆر هێزی جیاواز هەن کە بەیەکەوە لە هاوسەنگی تەواو دان. نەبوونی هەرکام لەو هێزانە نیشانەی کەم و کورتی و نەخۆشییە و، تێکچوونی هاوسەنگیی نێوانیان دەبێتە هۆی نەخۆشی. بۆ وێنە ئەگەر هێزی جۆری کانزا وەك زەرداو لە لەشدا نەبێ تاك تووشی زەردوویی و ئەگەر زەرداو لە رادەیەکی دیاریکراو زیاتر بێ تاك تووشی قەڵسی و تووڕەیی دەبێ. بەم شێوەیە ئەگەر هێزی ئاژەڵیی وارسکەی سێکسی نەبێ، بەشێك لە ژیانی تاك ئیفلیج دەبێ و هێزی پێویست بۆ درێژەپێدانی ژیانی نابێ و، ئەگەر ئەم هێزە لە رادەیەکی دیاریکراو زیاتر بێ، رەوشتی ئاژەڵی (خواردن و خەوتن و تووڕەیی و هەوەس) لایەنەکانی دیکەی ژیانی دەخاتە ژێر تیشکی خۆی. ئەو شتانەی لە نێوان ئەم هێزانەدا هاوسەنگی دروستدەکەن هەندێکیان

پەیوەندییان بە سیستەمی گشتیی لەشەوە هەیە کە ئێمە بە هاوسەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتییان دەزانین و هەندێکیشیان پێوندییان بە عەقڵەوە هەیە کە ئێمە بە هاوسەنگی سیاسەتی دەزانین. لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا ئەو هێزانە هەن. ئەگەر هێزە ئاژەڵییەکان زاڵبن، بوار بۆ رژێمێکی فاشیستی دەڕەخسێ و ئەگەر هێزە رووەکییەکان زاڵبن گەشەسەندنێکی بێ ئامانج پێڕەو دەکرێ. بیاڤی کۆمەڵگا مەیدانی شەڕی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە ، بەڵام دەوڵەت نەك هەر رەنگدانەوەی زاڵبوونی چینێك بەسەر چینێکی تردا نییە، بەڵکو هاوسەنگکاری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و، کەمکەرەوەی ئەم ململانێیانەیە. سروشتییە ئەم نموونەیە کە جۆرێك لاساکردنەوەی مۆدێلی سپنسەرە ناتوانێ نموونەیەکی تەواو بێ، بەڵام لە دوو بوارەوە گرنگە. یەکەم ئەوەیە کە جیاوازییەك لە نێوان جەستە و عەقڵ و ئەرکەکان و بیاڤەکانیاندا دادەنێ، دەقی ئەم جیاوازییە لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵگا و ئەرکەکان و بیاڤەکانیاندا هەیە. لە لایەکی تریشەوە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم خاڵەدا یارمەتیمان دەدا کە بیاڤی سیاسەت بیاڤی پێگەیشتن و وتووێژە نەك بیاڤی دەمەقاڵە و مشتومڕ کردن. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە تیۆریی هانا ئارێنت (١٩٠٦- ١٩٧٥) بیرمەندی ئەڵمانی بکەین کە لەسەردەمی هاوچەرخدا رۆڵێکی گەورەی لە پتەوکردنی چەمکە سیاسییەکاندا هەبوو، ئەو دەڵێ فەلسەفەی بوونی سیاسەت، ئازادییە، چونکە سیاسەت هی بیاڤی گشتی واتە جێیەکە کە مرۆڤەکان بەوپەڕی یەکسانی و ئازادییەوە تێیدا وتووێژ و تێگەیشتن دەکەن و بە تەگبیرێکی بنەڕەتی دەگەن کە بەرهەمی ماملەی هزرەکانە. بەم پێیە سیاسەت پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە و دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی گشتییە نەك دەسەڵاتی گرووپێك کە بەسەر گرووپێکیتردا زاڵ بێ" ئەرکی سیاسەتیش پاراستنی ئەم بیاڤە گشتییەیە، واتە بیاڤی ئازادی و یەکسانی نەك بیاڤی زاڵبوونی گرووپێك بەسەر گرووپێکیتردا.[٣٥] کەوابوو سیاسەت شتێك نییە جگە لە شەڕ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یان رەنگدانەوەی ململانێی چینەکان. ئەوەی هەتا ئێستا گوترا لە راستیدا فەلسەفەی سیاسەت بوو، واتا ئەوەی دەکرێ بە پێی عەقڵ بخرێتە پاڵ سیاسەت یان پێگە و کردەوەکەی لە کۆمەڵگادا دیاریبکرێ. بەڵام دوو خاڵ دەبنە رێگر لە بەردەم قبووڵکردنی بێئەملا و ئەولای ئەم روانگەیەوە. یەکەم ئەوانەی بەکردەوە روو دەدەن و زۆربەی بەرهەمە هاوچەرخەکانیش دەڕواننە ئەم رووداوە بابەتییانە کە حەکایەتی شەڕ و ململانێنە. ئەویتر مەسەلەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانە کە

35- Cf. Arendt, Hannah; Between Past and Future; 1961. Condition de I'homme moderne;(1961) 1983.



شتێکی حەتمی و پارێزهەڵنەگرە، لە کاتێکدا کە روانگەی سەرەوە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و ئارامدا بەدیدێ. بۆ وێنە کاتێك تورکە عوسمانییەکان بەسەر ئاناتۆلیدا زاڵبوون، تەواوی خەڵکی ئەم وڵاتە زمانیان تورکی و مەزهەبیان سوننی بوو، بە جۆرێك کە لە ناخی ئەو کۆمەڵگایەوە وەها حکوومەتێك سەرهەڵبدا ؟ یان بە پێچەوانەوە تورکە عوسمانییەکان کە تەنیا ١٠ هەتا ١٥ لەسەدی خەڵکی ئەم وڵاتەیان پێکدێنا توانیان بە زەبری شمشێر، زمان و مەزهەبی خۆیان وەها بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا بسەپێنن کە ئەمڕۆ وێنای تورك نەبوون بۆ دانیشتوانی ئەستانبوڵ ئاستەمە. لێرەدایە کە کەسانێکی وەك بێرتراند بەدیع باس لە کۆمەڵناسیی سیاسیی کەلتوور دێننەگۆڕێ.[٣٦] ئەوان دەیانەوێ بزانن کە کەلتوورەکان لە چ هەلومەرجێکی سیاسیدا تووشی لێکدابڕان یان وەرچەرخانی تەواو دەبن. داخوا ئەگەر تورکە عوسمانییەکان سەرنەکەوتبان دەمانتوانی بڵێین حکوومەتەکەیان رووداوێکی تیژتێپەڕ بوو، کە رەنگە لە هەر کۆمەڵگایەکدا روویدات؟. بەڵام سەرکەوتنی ئەوان دەریخست کە تەنانەت بە زەبر و زەنگیش دەکرێ پێوانەکانی خەڵك بگۆڕین.

هەر بۆیە کەسانێکی وەك ریمۆن ئارۆن بایەخێکی زۆر بۆ رژێمی سیاسی دادەنێن و، پێناسەی ڤێبەر لە دەوڵەت بێئەملا و ئەولا قبووڵدەکەن. وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە لە کردەوەدا دەتوانین هەموو کارێك بکەین، دەکرێ مرۆڤ بکوژرێ، سنوورەکان بگۆڕدرێن، خەڵکانیتر بە زۆری بخرێنە ژێر دەسەڵات. بەڵام ئەگەر بڕیار وابێ کارێك لەسەر بنەمای فەلسەفەی بوونیدا بەڕێوەبچێ ئینجا سیاسەت دەبێ بەدوای باشترکردنی هەلومەرجی ژیان لەسەر بنەمای بارودۆخی بەدیهاتوودا بێ و لە رێگەی تێگەیشتن و وتووێژ، زمانی یەکگرتوویی و هاوپەیوەندی بێ و وەرچەرخانە سیاسییەکانیش پێڕەوێك لە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان بن. بەواتایەکیتر جێگەی وەرچەرخانی راستەقینە کۆمەڵگای مەدەنییە نەك بیاڤی سیاسەت. جیاوازیی نێوان ئەوەی دەبێ ببێ و ئەوەی هەیە مەسەلەی ئەمڕۆ و دۆێنێ نییە. ئەگەر بمانەوێ بەو شتانەی کە هەن رازی بین یان لەسەر بنەمای رووداوە بابەتییەکان (نەك راستییەکان) بڕیار بدەین، دەبێ وابزانین سواری شەپۆلێکین کە هیچ کاتێکی سەقامگیر و دیاری نییە و، هیچ پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست و تەنانەت گریمانەیەکیش نییە. رەنگە هەروەك بیرۆکە پۆست مۆدێرنەکان دەنوێنن هیچ شتێك هۆی هیچ شتێك نەبێ.

٤١- بدیع،برتران، فرهنگ و سیاست، ل ١٥ بەولاوە.

## بەشی سێهەم
## پەیوەندیی کۆمەڵگا و سیاسەت

لە بەشی پێشوودا روون بۆوە کە پەیوەندییەکی لە پسانن‌ەهاتوو لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵگادا هەیە. بەڵام لێرەدا دەمانەوێ بزانین داخوا ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی هیرارکی، ئاسۆیی، ستوونیی یەك لایەنە، یان بەرامبەرە. سێ روانگەی گشتی پەرە بەو باسە دەدەن: سیاسەت دیاریکەری بارودۆخی کۆمەڵگایە، سیاسەت پەیڕەوێکی پەتیی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە، سیاسەت و کۆمەڵگا لە پەیوەندییەکی دوولایەنە لەگەڵ یەکتردان و، کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێ و کاریگەری لە یەکتر وەردەگرن. ریشەی ئەم سێ روانگەیەش دەتوانین لە هەمان سێ بۆچوون لەمەڕ کۆمەڵگادا بدۆزرێنەوە.

### ١- سیاسەت دیاریکەری بارودۆخی کۆمەڵگا: ئەولەوییەتی سیاسەت

ئەم سێ بۆچوونە کە لە کۆمەڵگا بەدەستهاتن، بۆچوونی یەکەم لەسەر بنەمای هزرەکانی هۆبز و ماکیاڤیللی، نکۆڵیکەری کۆمەڵگا بوو و سیاسەت تێیدا چارەنووسێکی نادیاری پەیدا دەکرد کە لە لایەك بە دیاردەیەکی نارەسەن، تیژتێپەڕ و بێبنەما دەژمێردرا و لە لایەکی‌ترەوە بە بناغەی تەواوی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانرا. کاتێك دەڵێین تاکەکان وەك دەنکەکانی خیز لە تەنیشت یەکتر چنراون، ئیتر هیچ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی رەسەنایەتیی نییە، چونکە بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چۆتە ژێر پرسیار. لە وەها بارودۆخێکدا کە هۆبز بە ﴿بارودۆخی سروشتی﴾ ناودەبا، پێوەری هەر پەیوەندییەك زەبروزەنگ و یاسای دارستانە. لێرەدا دەسەڵات لە لایەك ریشەی لە گیانی مرۆڤ دایە و لە لایەکی‌ترەوە ریشەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دایە. ئێستا ئەگەر سیاسەت و دەسەڵات بە یەك شت بزانین، ئینجا سیاسەت دەبێتە بنەمای تەواوی پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لە لایەکی‌ترەوە سیاسەت بنەمایەکی یاساییش پەیدا دەکا، چونکە بنەمای رزگار بوون لە بارودۆخی سروشتی و پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی، پەیمانێکە کە لە نێوان تاکەکاندا دەبەسترێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیان بدەنە دەست دێوەزمەی دەوڵەت و لەبەرامبەردا بە ئاسایش بگەن. کە وابوو هەموو شتێك لە پەیمانەوە سەرچاوە دەگرێ و پەیمان بنەمایەکی ئاوەزمەندانەی هەیە، نەك سروشتی. کەوابوو کۆمەڵگا رەسەنە، نەك سیاسەت.



دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لەم کۆمەڵگایەش دەوڵەتێکی ملهوڕ و سەرەڕۆیە کە سەر بۆ هیچ یاسامەندییەکی کۆمەڵایەتی دانانوێنێ. بەڵام ئەم هێڵە فکرییە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا قوتابخانەیەکی لێکەوتەوە کە بە قوتابخانەی بژاردەخوازی ناسراو و بیرمەندەکانی بە نۆماکیاڤیلیستەکان ناوبانگیان دەرکرد. ئەم قوتابخانەیە لە بناغەوە بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ تیۆریی شەڕی چینایەتیی مارکسیستەکان پێکهاتبوو. ئەم تیۆرییانەی کە لەم چوارچێوەدا هاتنە بەرباس، بە هەندێك جیاوازییەوە، بەرگرییان لەم هزرە دەکرد کە سیاسەت دیاریکەری لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. بەرزتربوونی سیاسەت لەم جیاوازییانەوە سەرچاوە دەگرێ کە سروشت لە نێوان مرۆڤەکاندا پێکیهێناوە. بە واتایەکی تر نابەرابەری شتێکی سروشتییە کە ناچارین قبوولێبکەین. هەر بۆیە کەسێك کە لەسەرەوەدایە، جڵەوی کارەکان بە دەستەوە دەگرێ و، هیرارکیی کۆمەڵایەتیش لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێ. ئەم هزرە دواتر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە چوارچێوەیەکی نوێدا هاتە بەرباس و لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا راڤە و شیکردنەوەی جۆراوجۆری لەمەڕ بایەخی دەسەڵاتی سیاسی و رۆڵی سیاسەت لێکەوتەوە. لە راستیدا لەم باسەدا ئێمە لەگەڵ دوو پێداگرتنی جیاوازدا بەرەوڕووین کە هەردووکیان لە سۆنگەی باسەکەی ئێمەوە بە یەك ئاکام دەگەن" یەکێك لەوان، بۆ وێنە پارێتۆ، پێ لەسەر بژاردە سیاسییەکان و رۆڵی بەرچاوتری ئەوان دادەگرێ و ئەویتر پێ لەسەر رۆڵی بەرچاوی رێکخراو، یان رژێمە سیاسییەکان دادەگرێ کە لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە ریمۆن ئارۆن بکەین.

١- شەپۆلی یەکەمی بژاردەخوازی. پێشگەنگەکانی ئەم شەپۆلە کە زۆربەیان ئیتالی و پێڕەوی ماکیاڤیللی بوون بریتین لە: ڤیلفەردی پارێتۆ (١٨٤٨ — ١٩٣٠)، گایتانۆ مۆسکا (١٨٥٨ — ١٩٤١) و رۆبێرت میخێلز (١٨٧٦ — ١٩٣٦). هەر سێکیان پێ لەسەر رۆڵی حاشاهەڵنەگری بژاردەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگادا دادەگرن. ئەگەر ناوی پارێتۆ لەسەرەوەی قوتابخانەی بژاردەخوازیدا دەدرەوشێتەوە بەو هۆیەیە کە هیچکەس لەو روونتر و راشکاوانەتر بژاردەی پێناسە نەکردووە. بژاردە کەسێکە کە لە زاتدا خاوەنی پوانی هۆشی، جەستەیی و دەروونییە کە دەبێتە هۆی بەرزتربوونی بە سەر کەسانی تردا. سروشت ئەم بەخششانەی لە ناخی کەسێکدا بە ئەمانەت داناوە. لە راستیدا هەر وەك ئەفلاتوون مرۆڤەکانی بە سێ دەستەی زێڕ و زیو و ئاسن دابەشدەکرد، پارێتۆش مرۆڤەکان بە دوو دەستەی گشتی واتە بژاردەکان و جەماوەر دابەش دەکا کە لە نێو هەرکامیان، بە تایبەت دەستەی یەکەمدا زۆر پلەی وردتر جیادەکاتەوە. ئەم نابەرابەرییە لە نێو تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێ و ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەتر و لێهاتووترن

ڕێبەری گرووپەکە بەدەستەوە دەگرن. پارێتۆ بۆ دیاریکردنی بژاردەکانی هەر گرووپێك بە پێی بەهرە و ئاکامی کارەکەیان نمرەی پێدەدان. بۆ وێنە بە کارامەترین پارێزەر نمرەی ٢٠، بە بریکارێك کە تەنیا یەك بریکراوی هەبێ نمرەی ٤ و بە پارێزەرێك کە هیچ کارێکی پێنەکرێ سفر دەدا" هەر بەم شێوەیە بە بازرگانێك کە بە میلیۆنان یەکەی دراوی بەدەستدێنێ نمرەی ٢٠، بە بازرگانێك کە هەزاران یەکەی دراوی بەدەست دێنێ نمرەی ١٢ و بە بازرگانێك کە هیچ دراوێك بەدەست ناهێنێ نمرەی سفر دەدا و، بە فێڵبازێکی زیرەك نمرەی ٢٠ و فێڵبازێکی بێهێز و بێبەهرە نمرەی سفر. کەوابوو بیرۆکەی بژاردەیی لە لای پارێتۆ هەڵگری هیچ شانازییەك نییە. بژاردە سیاسییەکانیش بەم شێوەیە بە پێی نمرەیەك کە بەدەستی دێنن دیاریدەکرێن.[٣٧] جیاوازیی ئەوان لەگەڵ باقی بژاردەکان لەوەدایە کە بژاردە سیاسییەکان دەسەڵاتیان بەدەستە و بژاردەکانیتر لێی بێبەشن. خاڵیتر لە پێکهاتەی هزریی پارێتۆدا جیاوازی نێوان ڕەفتاری لۆژیکی و نالۆژیکییە. ئەو پێی وایە بنەمای ڕەفتاری مرۆڤ مەرج نییە هەر عەقڵ بێ. پارێتۆ ئەم کردارانە بە لۆژیکی دەزانێ کە تێیاندا ئامرازی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکان بەکار هاتبێ. بەڵام ئەو پێی وایە زۆربەی کردارەکان نالۆژیکین و، هەست و سۆز سەرچاوە بنەڕەتییەکانی کردارە نالۆژیکییەکان پێکدێنێ.[٣٨] هەموو کەس هەوڵدەدا ڕەفتاری خۆی لۆژیکی بنوێنێ، لە کاتێکدا کە لە پشت ئەم ڕواڵەتە لۆژیکییەدا دەبێ بە شوێن پاشماوەکان و لێگیراوەکاندا بگەڕێین. پاشماوەکان دەرکەوتنی هەستە سۆزدارییەکان یا وارسکەکانیانن. پارێتۆ ئەم پاشماوانە بە شەش چین دابەشدەکا:

چینی یەکەم: ڕێکخستن و تەگبیر.

چینی دووهەم: هێشتنەوەی کۆمەڵەکان.

چینی سێهەم: پێویستی درکاندنی هەستە سۆزدارییەکان کە لەگەڵ پێشوازی دەرەکی بەرەوڕووبن.

چینی چوارەم: پاشماوەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگاگری.

چینی پێنجەم: یەکپارچەیی تاك و خزم و کەسەکانی.

چینی شەشەم: پاشماوە جنسییەکان[٣٩]

٤٢- کۆزێر،لوئیس، "زندگی و اندیشه بزرگان جامعەشناسی"، ل ٥٢٣.

٤٣- هەمان سەرچاوە، ل ٥١٣.

٤٤- هەمان سەرچاوە، ل ٥١٨ و ئارۆن، ریمۆن، "مراحل اساسی اندیشه در جامعەشناسی"،ل ٤٦٤.



بەڵام لێگیراوەکان هەمان تیۆرییە پاساودەرەکانن کە سەرپۆش دەخەنەسەر پاشماوەکان. وەك ئایدیۆلۆژی کە پاساوی ئامانجەکانی تاك یان گرووپێکە. بەمجۆرە لێگیراوەکان بە چەند دەستە دابەش دەبن و، هەریەکەیان پەیوەندییان بە یەکێك لە پاشماوەکانەوە دەبێ. پاشماوەکان و لێگیراوەکان لە نێو گرووپە جیاوازەکاندا بە یەکسانی دابەش نەکراون. کەوابوو لە یەکەم مانادا پاشماوەکان دۆخی دەروونی مرۆڤەکانن کە ئامانجەکانمان لە ڕەوتی ژیاندا دیاریدەکەن[٤٠] و زۆر بە هێواشی ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ" لە کاتێکدا کە لێگیراوەکان(مشتقات) کە ڕواڵەتی خەڵکپەسندی ئەم دۆخانەن زۆر خێراتر دەگۆڕێن. لێرەدا ئەرکی کۆمەڵناسە کە پەردە لەسەر ئەم فێڵ و دووڕووییە لادا و دەقی کردەوە تاکەکەسییەکان ئاشکرا بکا. لە ڕاستیدا پارێتۆ لە پشت ئەم دەقەوە دەیەوێ نیشانبدا کە چۆن مرۆڤەکان دەسەڵاتی خۆیان لەسەر بنەمای فریو و دووڕوویی دادەمەزرێنن و لە وشەی دڵڕفێن و ڕازاوەی وەك ئازادی، یەکسانی و بەرابەری و هتد کەڵك وەردەگرن، لە کاتێکدا کە ئەم وشانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ چیرۆکە کۆن و ئەفسانەییەکاندا نییە. هەمیشە تاقمێکی کەم بە کەڵك وەرگرتن لە زەبروزەنگ و فڕوفێڵ بەسەر خەڵکانیتردا زاڵدەبن. سەرچاوەی ئەم دابەشکردنە لە بڵاوکردنەوەی نایەکسانیی هەمان پاشماوەکاندایە. بە باوەڕی پارێتۆ شەش دەستەی پاشماوەکان لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا هەیە و توخمەکانی سەقامگیربوونی هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنن. لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەیان لە نێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکاندا، جگە لەوەی کە لە سروشت و بیۆلۆژیی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێڕەوی شوێنکاری "کۆمەڵایەتی کەلتووری"شیانە.[٤١] بژاردە سیاسییەکان بە شێوەیەکی سروشتی بە دوو بنەماڵە دابەشدەبن: بنەماڵەیەك کە دەبێ بە بنەماڵەی شێرەکان ناو بەرین، چونکە زیاتر حەزیان لە توندوتیژی نواندنە و ئەویتر بنەماڵەی ڕێوییەکان، چونکە زیاتر حەزیان لە فێڵبازییەکی کارامەیە.[٤٢]

هەر لە جێدا بڵاوکردنەوەی پاشماوەکان و لێگیراوەکان لە نێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکسانی بەڕێوە نەچووە. تایبەتمەندیی زاتیی بژاردە سیاسییەکان وەهایە کە پاشماوەکانی دەستەی یەکەم و دووهەمیان زۆر تێدایە. دەبێ بارودۆخی هەر کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای چوار گۆڕێن بەراورد بکرێ: مەبەستەکان، پاشماوەکان، لێگیراوەکان و

٤٥- هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٣.

41- Dubouis, Michel; op. cit.; p. 168.

٤٧- ئارۆن،ریمۆن، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٥.

ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی. ئەم چوار گۆڕینە بەرچاوە کە بزووتنەوەی کۆمەڵگا دیاری دەکەن، بەستراوەییەکی دوولایەنەیان بەیەکەوە هەیە.[٤٣]

بەو هۆیەوە کە مێژوو شتێك جگە لە هاتووچۆی چینی دەسەڵاتدار نییە، یان هەروەك پارێتۆ دەڵێ مێژوو گۆڕستانی بژاردەکانە، دەبێ بزانین ئەم جێگۆڕکێیە چۆن بەڕێوە دەچێ. ئەم بژاردانە یان لە شەڕە سەربازییەکاندا لەناودەچن و جێی خۆیان بۆ بە بژاردەکانیتر بەجێدێڵن، یان وردە وردە بەهرە و زەبروزەنگ (نابێ زەبروزەنگ لەگەڵ توندوتیژی بە یەك بزانین)یان نامێنێ، یان بە هۆی نەبوونی هاوئاهەنگی نێوان بەخششەخواییەکانی تاکەکان و پلەی کۆمەڵایەتییان، ناچار بە بەجێهێشتنی پلەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەبن. ئەوانەی کە جێی بژاردەکانیان گرتۆتەوە بەڵام بژاردە نین و ئەوانەی بژاردەن، بەڵام لە دەسەڵاتدا نین، دەبنە هۆی ناسەقامگیریی کۆمەڵگا. یەکێکیتر لە هۆیەکانی هاتووچۆی بژاردەکان ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە پاشماوەکاندا پێكدێ. ﴿لە توێژی سەرتری کۆمەڵگادا پاشماوەکانی دەستەی دووهەم وردە وردە بەرەو کزبوون دەچن هەتا ئەو کاتەی دیسان بە هۆی ئەو شەپۆلانەی کە لە توێژی خوارترەوە سەرچاوەدەگرێ، بە هێز بکرێتەوە﴾.[٤٤] بە واتایەکیتر ﴿نەجیبزادەکان تەنیا لە باری چەندێتییەوە بەرەو کزبوون ناچن بەڵکو لە باری چۆنییەتیشەوە تووشی لێکهەڵوەشان دەبن. بەو مانایە کە ئازایەتیی خۆیان لەدەستدەدەن و رادەی ئەو پاشماوانەی کە توانای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و پاراستنی ئەویان پێدەدا، کەم دەبێتەوە﴾.[٤٥] بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە بژاردە سیاسییەکانن کە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگایان بەدەستەوەیە، ئەویش لەسەر بنەمای زەبروزەنگ و هزر. تیۆریی پارێتۆ ئەگەرچی دڵخۆشکەر نییە، بەڵام لەم سۆنگەیەوە کە پەردە لەسەر کەلێن و قوژبنە شاراوەکانی جیهانی سیاسەت لادەدا و بایەخی جۆشی دەروونی ئاشکرا دەکا و هۆشداری دەداتە ئەو فێڵبازانەی کە بەرگی لەخواترسی دەکەنە بەر، بایەخێکی تایبەتی هەیە. هەروەها پێکهاتەی تیۆرییەکەی لەگەڵ تیۆریی مارکسیستەکان، کە ئامانجی هێرشەکەشی بوو، جیاوازییێکی ئەوتۆی نییە. لەهەر دوو تیۆریدا چینەکانی سەرەوە و خوارەوە لە بەرامبەر

٤٨- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٨.

٤٩- باتامور،تی.بی.،"نخبگان و جامعه"،ل ٥١.

٥٠- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.



یەکتردا دەوەستنەوە، بەڵام بە باوەڕی پارێتۆ شەڕی چینایەتیی مارکس جێی خۆی دەداتە تەسلیم بوونی چینی زۆرینە لە بەرامبەر چینی کەمینەدا.

گایتانا مۆسکا ئەگەرچی تیۆریی خۆی لە پێش پارێتۆدا پێشکەشکرد، بێگۆمان پارێتۆش کەڵکی لێوەرگرت، بەڵام ناوبانگی لەو بارەوە کەمترە. مۆسکا سێ بەرهەمی بەرچاوی لە پاش بەجێماون کە بریتین لە: "توخمەکانی زانستی سیاسەت" (Le elements de scince politique) (١٨٩٦)، "نامیلکەی حوقووقی بنەڕەتی" (Traite de droit constitutionnel) (١٩٠٦) و "مێژووی بیروڕا و قوتابخانە سیاسییەکان"[٤٦] (١٩٣٣). ئەو لە کتێبی "توخمەکانی زانستی سیاسەت"دا دوو خاڵی گرنگ دێنێتە بەرباس. یەکەم ئەوەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەکرێ دوو چین لە تاکەکان لێك جیا بکرێنەوە: ئەوانەی حکوومەت دەکەن و ئەوانەی حکوومەتیان بەسەردا دەکرێ. چینی یەکەم تەواوی فۆڕمی کۆمەڵگا ڕێکدەخا و فۆڕمێکی تایبەتی پێدەدا، لە حاڵێکدا کە گرووپی دووهەم بێ هەست و بێ دەسەڵات تەسلیمی گرووپی یەکەم دەبێ. بەختەوەری کۆمەڵگا لە بناغەڕا پەیوەندیی بە توانای چینی دەسەڵاتدار لە گەرەنتی کردنی هاوپەیوەندی خۆی، بەتایبەتی پاساودانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگای قامك خستنە سەر باوەڕەکانی چینی ژێر دەسەڵات (ئەوانەی حکوومەتیان بەسەردا دەکرێ) ـەوە هەیە. دووهەم، پێداگرتن لەسەر ئەم خاڵە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی پێکهاتوو لە عەقڵ و هەستە. بەم پێیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەك لە ژێر کاریگەری ورووژانە نەست و پێشبینی نەکراوەکان و سەرچاوەگرتوو لە وارسکەکان و پێشداوەرییەکان دایە، لەلایەکیترەوە لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە راستەوخۆکانی تاکەکان و لە کۆتاییدا ئەو شتەی پێیدەڵێن پێشهات.[٤٧] تیۆریی بژاردە دەسەڵاتدارەکان بە باوەڕی مۆسکا تیۆرییەکی دەروونناسانە نەبوو، بەڵکو زیاتر لایەنی سیاسی هەبوو.[٤٨] لە راستیدا ئەوەی دەبێتە هۆی بەرزتر بوونەوەی گرووپی کەمینە بەسەر زۆرینەدا ڕێکخراو بوونیانە. گرووپێکی بچووکی ڕێکخراو، تەنانەت ئەگەر خاوەن ئەو بەخششە خواییانەش نەبێ کە پارێتۆ دەیگوت، دیسانیش بە سانایی بە سەر زۆرینەیەکی ڕێکنەخراودا زاڵدەبێ. ئەم گرووپە کە هەروەك گوتمان خاوەن ڕێکارێکی حکوومەتییە کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی یان مەڕامدا دەردەکەوێ. ئەم

٥١- ئەم کتێبە بە هۆی دکتۆر "حسین شهیدزادە"وە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی،مروارید ١٣٦٣.

47- Dubois, M.; op. cit.; p. 172.

٥٣ ئارۆن،ر.،هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٧.

ڕێکارە، هەم کارەکەیان ئاسانتر دەکا و، هەم ڕەوابوونی دەسەڵاتەکەیان دابین دەکا. لە لایەکی‌ترەوە نوێ بوونەوەی بژاردەکان پارێزهەڵنەگرە و حەتمییە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ دایە و وێڕای ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی زەینی، ئەخلاقی، ئابووری و نیزامی دەبێ ڕێکخراوی سیاسییان ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ. گرووپی بژاردە ڕەنگە یەکێك لە دوو دۆخی بنەوە لەخۆ بگرێ: یان کراوە بێ، یان داخراو. گرووپی بژاردەی کراوە ئەو گرووپەیە کە دەرگاکانی بەسەر تازەهاتووەکاندا داناخا و لە ئاکامدا جێگۆڕکێی بژاردەکان بە شێوەی سروشتی، بەردەوام و هێدی بەڕێوەدەچێ. ئەوە هەمان بارودۆخێکە کە بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، پێی دەگوترێ دیموکراسی. بەڵام ئەگەر بژاردە دەسەڵاتدارەکان دەرگاکانیان بە سەر تازەهاتوواندا دابخەن ئەم ئاڵوگۆڕە بە هێواشی بەڕێوەدەچێ و ئەو دۆخە دێتە ئاراوە کە سیستەمی ئەریستۆکراسیی پێ‌دەڵێن. لە لایەکی‌تریشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە بژاردە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ پیلانی ئەم بژاردە نوێیانەوە بەرەوڕوو ببنەوە کە نەیانتوانیوە بێنە ناو ریزی حکوومەتکەرانەوە. لەم حاڵەتەدا هەر ئەوەندە بەسە کە گرووپی بژاردەی نوێ بەشێك لە خەڵك هەڵبخەڵەتێنی و لە هێزی خەڵك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ گرووپی دەسەڵاتدار بەکاربێنێ. جا ئەگەر بێتو لە لادانی بژاردە دەسەڵاتدارەکاندا سەرکەوتوو بن، ئەوا بارودۆخێك دێتە ئاراوە کە پێی دەڵێن شۆڕش. شۆڕش شتێك نییە جگە لە هاتووچۆی بژاردەکان. تەپوتۆزێك کە لەم هاتووچۆیەوە بەرز دەبێتەوە لەڕاستیدا هەمان کێشەکانی شۆڕش و کوشتن و کوشتارێکە کە لە کاتی ئەم هاتووچۆیەدا ڕوودەدا. هەندێك جار ئەگەری ئەوە هەیە کە گرووپێك لە بژاردە دەسەڵاتدارەکان بە هۆی ناڕازی بوون و دووبەرەکیی نێوخۆیی لە گرووپەکەی‌تر جیا ببێتەوە و بە بەڵێن و قسەی دلڕفێن و ئاگرین کە لە ڕاستیدا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە، هەوڵبدا ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. لەم حاڵەتەشدا ئەگەر سەرکەوتووبن دۆخێکی وەك کودەتا یان شۆڕش (بە گوێرەی بەشداریی خەڵك) پێکدێ. خەڵك تەنیا بە کەڵکی ئەوە دێن کە بڕژێنە ناو شەقامەکان و بکوژرێن. لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە سەر دەستەواژەکانی پارێتۆ، بژاردە کۆنەپارێزەکان زیاتر بە دوای کەڵك وەرگرتن لە فڕوفێڵ دەکەون و شێوەی ڕێوییەکان بەخۆوەدەگرن" لەکاتێکدا کە خەڵك زیاتر بە دوای پەنابردنە بەر زەبروزەنگن و شێوەی شێرەکان بەخۆوەدەگرن. بەم پێیە نەك هەر چارەنووسی کۆمەڵگا بەدەست بژاردە سیاسییەکانەوەیە، بەڵکو دینامیزمی مێژووش ڕەنگدانەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە کە لە بیاڤی بژاردەییدا پێکدێ. بژاردە پیرەکان دەمرن و بژاردە لاوەکان جێیان دەگرنەوە، یان بە هۆی ئەو دژایەتییانەی کە دێتە



پێش، گرووپێك لە بژاردەکان دەکەونە بەرامبەر گرووپێکی‌ترەوە. بەڵام لەوەتای دنیا بە دنیایە هەمیشە گرووپێکی بچووك بەسەر زۆرینەدا حکوومەتی کردووە و دەشکا. دەستەواژەکانی دیموکراسی، بەڕابەری و برایەتی هەرچەند بەگوڕتر بگوترێن فێڵبازانەترن. خەڵکی عاقڵمەند پێکەنینیان بەم دەستەواژانە دێ، بەڵام نەزانان باوەڕیان پێدەکەن.

ڕۆبێرت میخێلز لە چوارچێوەیەکی بابەتی‌یانەتر و لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوەی سەلمێنراوتردا دەستدەداتە ڕاڤەکردنی دەسەڵاتدارێتی و ڕۆڵی بژاردەکان. میخێلز بیرمەندێکی تاککتێبە. کتێبەکەی لە ژێر ناوی" *حیزبە سیاسییەکان*"، تێڕوانینێکە بە خواستە ئۆلیگارشیکەکان لە نێو ڕێکخراوە دیموکراتیکەکاندا[٤٩]، کە لە ساڵی ١٩١١ دا بڵاو بۆوە و ناوبانگی بە خێرایی هەموو جێیەکی گرتەوە. هۆی ئەم ناوبانگ دەرکردنە ئەوە بوو کە نووسەر بە ڕوانینێکی ورد و مووقەڵێشەوە زۆربەی حیزبە ناودارەکانی ئەو سەردەمی کە زیاتر بەلای سۆسیالیزمدا دەشکانەوە خستبووە بەر ڕاڤەکردن، زۆربەی خوێنەران، نموونە بابەتییەکانی ئەویان بە ڕوونی لەبەر چاو بوو. بەڵام لە ڕەهەندی زانستییەوە بایەخی کارەکەی لە گشتگیر کردنەوەی دەسکەوتەکانی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی جیهانداگر دایە. ئەو زۆر بە باشی نیشانیدا کە چۆن لە نێو لاف لێدەرانی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکان، واتە حیزبە سۆسیالیستەکاندا هەمیشە تاقمێکی کەم بە شێوەی گرووپێکی دەست ڕۆیشتوو بە سەر زۆرینەدا زاڵدەبن و ئەم پرۆسەیە هەتا ئەو جێیە دەچێتە پێش کە تەنانەت حیزب بەناوی ڕێبەرە هەمیشەییەکەی (بە ڕواڵەت هەڵبژاردە، بەڵام لەڕاستیدا هەتا دەژی) دەناسن. ﴿وەك ئەوەی کە حیزبەکان شتومەکی سەرۆکەکانن. وەك ئەوەی لە نێوان ساڵەکانی **١٨٦٣** هەتا **١٨٧٥**دا لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو و لەگەڵ ناوەکانی وەك ﴿لاساڵەکان﴾، بە ناوی ڕێبەری حیزب، پییێر لاسال و مارکسیستەکان بەرەوڕوو بووین. لە فەرەنسا سۆسیالیستەکان، گێدیستەکان (بە ناوی ژۆل گێد) و ژۆریستەکان (بە ناوی ژان ژۆرس ) ناو دەبران﴾.[٥٠] بە پێی بەڵگە هێنانەوەکانی میخێلز ژیانی کۆمەڵایەتی بێ ڕێکخراوەکان بەڕێوە ناچێ، یان بە وتەی خۆی ﴿دیموکراسیی بێ ڕێکخراو وێناکراو نییە﴾.[٥١] بەڵام هەر کە ڕێکخراوێك پێکهات تاقمێکی کەم دەچنە سەرووی

---

٥٤- میخێلز، ڕۆبێرت، "جامعه شناسی احزاب"،١٣٧٥.

٥٥- هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

٥٦- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

ڕێکخراوەکە و جڵەوی کارەکان بە دەستەوە دەگرن. ئەم ڕەوتە بە تایبەت بە هۆکارێکیتر جێگیرتر دەبێ، کە نەبوونی ئەگەری حکوومەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە. خەڵك ناچارن نوێنەرانێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن. ڕاست لێرەدایە کە بناغەی ئۆلیگارشی دادەڕێژرێ، چونکە نوێنەر هەندێك ئەزموون بەدەست دێنێ کە لەو کەسانەی هەڵیانبژاردووە جیایدەکەنەوە. بۆ وێنە وای دانێین تاقمێك لە کرێکاران کە هەموویان لە هەر بارێکەوە لە یەك ئاست دان، لێك کۆ دەبنەوە کە حیزبێك پێکبێنن. چونکە هەموویان ناتوانن کاری خۆیان جێ بهێڵن و ڕوو لە کاری حیزبی بکەن، ناچار چەند کەس لە نێو خۆیان دیاری دەکەن کە کارە حیزبییەکان بەڕێوە بەرن. لە پلەی یەکەمدا ئەم کرێکارانە لە کاری دەستی دوور دەکەونەوە و دەچنە پشت مێز، دووهەم هەندێك ئەزموون بەدەستدێنن کە ئەوانیتر لێیان بێبەشن، سێهەم ئەوەیە کە زانیاری و کارامەییان، سەرکەوتنگەلێك بۆ حیزبەکە دەستەبەر دەکا کە ڕێز و حورمەتیان لە لای جەماوەرە حیزبییەکان زیاد دەکا. لێرەدا هۆکارێکی دەروونی بە هۆکارەکانی دیکەوە زیاد دەبێ. ئەوانەی کە بەڕێوەبەریی حیزبییان لە دەستدایە، لەو بەرزتربوونەی خۆیان ئاگادار دەبن و چیتر ئامادە نین لەگەڵ هاوکارەکانی پێشووی خۆیان لەیەك ڕیزدابن. ئەوە لە کاتێك دایە کە جەماوەرە حیزبییەکانیش لە بیریان دەچێتەوە کە ئەم چەند کەسەی سەرۆکانی ئێستا، هاوکارەکانی پێشووی خۆیانن و وا بیردەکەنەوە کە ئەوان بەرزتر و لێهاتووترن. ئاکامەکەی ئەوەیە کە جەماوەر کڕنۆش دەکەن و سەرۆکەکان لەخۆبایی دەبن. بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێ مەودای نێوان سەرۆکەکان و جەماوەری حیزبەکە زیاتر دەبێ. میخێلز پێی وایە دۆخێکی دەروونیی لە بیرکراو، دەستی لەم کارەدا هەیە و ئەویش تاسەی ڕۆژگاری ڕابردووە کە تێیدا خەڵك ڕێزیان بۆ ڕێبەرانی ئایینی خۆیان دادەنا و ئێستاکە لەسەردەمی بێدینیدا ئەم ڕێز و کڕنۆشە پێشکەشی ڕێبەرانی سیاسی خۆیان دەکەن" ناوی ئەوان لەسەر منداڵەکانیان دادەنێن و، وێنەکانیان بە دیواری دیوەکانیانەوە هەڵدەواسن، وەك پاڵەوانێك پێشوازییان لێدەکەن، وەك بەها پیرۆزەکان ڕێزیان لێدەگرن. ئەم ستایشکردنانە بە ئاسانی هەستی خۆپەرستی لە تاکدا پێکدێنن. لەخۆڕازی بوونی لەڕادەبەدەری ڕێبەرانی نوێ کە جاروبار لەگەڵ هەندێك دیمەنی پێکەنیناوی تێکەڵە، لە ژێر کاریگەری هێزی بەگوێداخوێندن (تلقین) پێکدێ، ئەویش بە نۆرەی خۆی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جەماوەر دادەنێ.[52] ئەم لێك جیابوونەوە هەتا ئەم جێیە دەچێتە

٥٧- تەواوی ئەم بابەتانە لە پاری ٤ی بەشی یەکەم(بەندی ب)ی کتێبی میخێلزەوە وەرگیراون.



پێش کە جەماوەر وا هەستدەکەن کە مردن و ژیانیان پەیوەندی بە سەرۆکەکانیانەوە هەیە و ئەگەر سەرۆکەکان بەرەوڕووی هەر دژایەتییەك ببنەوە هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە دەکەن و، ئەم هەڕەشەیە ئەوەندە کاریگەرە کە زۆربەی جارەکان جەماوەر داوایان لێدەکەن کە بە دەسەڵاتێکی بەربڵاو و زیاتر لە جاران، درێژە بەکار بدەن.

ڕۆبێرت میخێلز ناوی «یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی» لەسەر ئەم پرۆسەیە دادەنێ و پێی وایە هەموو ڕێکخراوەکان گیرۆدەی ئەم یاسایەن. بەم پێیە ئەوەی لەمەڕ حیزبەکان گوترا لەمەڕ ڕێکخراوی گشتیی کۆمەڵگا واتە دەوڵەتیش ڕاستە. ناپلیۆنی سێهەم بەمجۆرە بەسەر دەزگای حکوومەتیی فەرەنسادا زاڵبوو. هەمیشە تاقمێکی کەم بە هۆکاری تەکنیکی، دەروونی و سیاسییەوە دەکەونە سەرەوە و، جەماوەر مل بۆ پەیڕەویکردن لەوان ڕادەکێشن. خەڵك دەیان و سەدان ساڵ لەگەڵ ڕژێمە سیاسییە دواکەوتووەکان هەڵدەکەن. لە ڕاستیدا فریودانی جەماوەر کارێکی زۆر ئاسانە. هەرچەند ژمارەیان زیاتر بێ زووتر فریو دەدرێن. لەکاتێکدا کە ئەگەر ژمارەیان کەم بێ دەبێ یەکەیەکەی ئەوان ڕازی بکرێن. گرنگترین هۆ لە پشتڕاستکردنەوەی لاوازیی ئۆرگانیکی جەماوەردا ئەوەیە کە بە دوای لەدەستدانی سەرۆکەکەیان لە مەیدانی شەڕ هەڵدێن. ڕاست وەك هێڵلانە مێروولەیەك کە تووشی شڵەژان بووبن.[53] ئەم بەسووکی باسکردنە لە جەماوەر لەسەرتاسەری کتێبی میخێلزدا بەرچاو دەکەوێ.

ئەم یاسای ئاسنینە لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەر بەردەوامە. مێژوو شایەتی ئەم ئیدیعایەیە. هەروەك میخێلز لە زمانی ڕۆسۆوە دەگێڕێتەوە، گوایە «ئەمە بە پێچەوانەی سروشتە کە زۆرینە حکوومەت بکا و کەمینە حکوومەتی بەسەردا بکرێ».

جیاوازیی بژاردەخوازیی میخێلز لەگەڵ پاریتۆ لەوەدایە کە هۆکاری ژیانی و جیاوازییە سروشتییەکان هیچ ڕۆڵێکیان لە گریمانەی میخێلزدا نییە. ئەم گرووپەی کە لەسەرەتادا وەك بەرپرس دیاریدەکرێن لەوانەیە لەباری بەهرەی هۆشییەوە لە پلەیەکی نزمتردا بن" بەڵام وردە وردە بە هۆی ئەم ئەزموونانەی کە وەدەستی دێنن، وێڕای ئەم ئاڵوگۆڕە دەروونییانەی کە تێیاندا پێکدێ، لەوانیتر جیاواز دەبنەوە. ئەوانەی کە بڕیار بوو خزمەتکاری خەڵك بن دەبنە سەرۆك و سەروەری خەڵك. خەڵك تێدەگەن کە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیانیان نییە. کەمتەرخەمیی جەماوەر و پێویستییان بە ڕێبەریکاران لەگەڵ حەز و ئیشتیای لەڕادەبەدەری

٥٨- هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

سەرۆکەکان بە دەسەڵات، هاوئاهەنگی هەیە. ئەوا یەك ئۆلیگارشی دیموکراتیك بەستێنێکی گونجاو بۆ گەشەسەندن پەیدا دەکا و لەگەڵ تایبەتمەندییە گشتییەکانی زاتی مرۆڤ خێراییەکی زیاتر بەخۆوە دەگرێ. جیاوازیی میخێلز لەگەڵ مۆسکا لەوەدایە کە ئەگەرچی هەردووکیان قامك دەخەنە سەر توخمی ڕێکخراو، بەڵام ڕێکخراوی مۆسکا دەبێ بە چاودێری و تەگبیر پەرە بستێنێ، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی میخێلز بێ ئەوەی پێویستیی بە چاودێری هەبێ، یان قەست یان توخمێکی ئایدۆلۆژیك لە گۆڕێ دابێ، لەسەر بنەمای یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی دەستدەداتە داهێنانی گرووپێکی دەسترۆیشتوو. کەوابوو شۆڕشەکان و پێشکەوتنەکان و باقی هۆکارەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەم یاسایەدا نییە. شۆڕش، ئیتالیا گوتەنی، ڕەنگە ئاغای کلێسا بگۆڕێ بەڵام موزیك هەمان موزیکی پێشوو دەبێ.[54] وتەکانی پارێتۆ و میخێلز، بە تایبەت پێداگریی میخێلز لەسەر ڕەوتی ئۆلیگارشی لە نێوخۆی حیزبە سۆسیالیستەکان لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا وێڕای لەقاودانێك کە لەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کرا، پرستیژێکی نوێیان بەدەستهێنا. بڵاو بوونەوەی کتێبی "میلوان جیلاس"، نووسەری نارازیی یوگوسلاڤ ، لەژێر ناوی "چینی نوێ" بەجۆرێك پشتڕاسکردنەوەی وتەکانی میخێلز لەم سەردەمەدا بوو. ئەو لەم کتێبەدا ئاماژەی بەم پوانە زۆرانەدا کە ئەندامانی پایەبەرزی حیزبە کۆمۆنیستەکان هەیانبوو، لەکاتێکدا کە جەماوەری کرێکار ژیانیان بە دژواری تێپەڕ دەکرد.

ڕاستە کە میخێلز پەردە لەسەر ئەو ڕاستییانە هەڵدەداتەوە کە ویژدانە ساکارەکان بەخەبەر دێنێ و چەند ساتێك لە جیهانی سیاسەت دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، بەڵام داخوا دەبێ ڕژێمێك کە لە ئاکامی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە هاتۆتە سەرکار، لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی پێش ئەو بە یەکسان بزانین؟" داخوا دەبێ حاشا لە گەشەکردنی سیاسی بکرێ؟ تیۆریی میخێلز سەرەڕای خاڵە لاواز و بەهێزەکانی، لەم بارەوە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشە کە پێیوایە کۆمەڵگا و چارەنووسەکەی پەیوەندیی بەو بژاردە سیاسییانەوە هەیە کە جڵەوی کاروباری کۆمەڵگایان بەدەستەوەیە، نەك بە شێوەی بەرهەمهێنان یا هۆکاریتر، واتە بەرزتر بوونی جیهانی سیاسەت.

٢- شەپۆلی دووهەمی بژاردەخوازی. بە بەهێز بوونی دیموکراسییەکان و پەرەسەندنی بەشداری خەڵك لە مەیدانە سیاسییەکاندا، جێگەیەك بۆ بژاردەخوازی نەمایەوە. هەر بۆیە لە

٥٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١.



ساڵەکانی نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا تیۆرییەکانی میخێلز و پارێتۆ هەتا ڕادەیەك لەبیرچوونەوە. بەڵام لە دەیەی ١٩٤٠ بەولاوە سەرنجدان بە گرووپەکانی دەسەڵات وەك گرووپە دەست ڕۆیشتووەکان، سەرمایەدارەکان، سەربازییەکان، ڕووناکبیران و باقی ناوەندەکانی دەسەڵات ڕووی لە زیاد بوون کرد. هەروەها لێکۆڵینەوە نوێیەکان تاڕادەیەك کاریگەریی ڕوانگەی مارکسیستی بە نیسبەت چینیان لەسەر بوو. دەسپێکی دەورەی نوێی لێکۆڵینەوەکانی بژاردەخوازی بەهۆی "جیمز بۆرنهام"ەوە بوو، کە لەمەڕ تێپەڕبوون لە "ترۆتسکیزم"ەوە بەرەو ڕاستی توندڕەو، کتێبێکی لە ساڵی ١٩٤٠ دا لە ژێر ناوی" *شۆڕشی بەڕێوەبەری*"[55] بڵاوکردەوە و، تێیدا ئاماژەی بە گرووپە نوێیەکانی دەسەڵات کرد کە جێی بورژوایان لە پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا دەگرتەوە. ئەو پێی وابوو کە بورژوازیی سەرمایەدار کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەك چینی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بوو، وردە وردە جێی خۆی داوەتە ڕێکخەران و بەڕێوەبەران. لەمەوبەدوا دەسەڵات لە دەستی گرووپێکی دەست ڕۆیشتوو لە بەڕێوەبەران دایە کە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بە باشترین شێوە گەرەنتی دەکەن. ئاڵۆزی و تێکنۆکراسیی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ وادەخوازێ کە بەڕێوەبەرانێکی پسپۆڕ کە خاوەن لێهاتووییە پێویستەکان بۆ ڕێنوێنی و هاوئاهەنگی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزارییەکان و چالاکییە نەتەوایەتییەکانن، دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. دەبێ بزانین کە ئەم بەڕێوەبەرانە بە گشتی سەرمایەدار یان خاوەندار یان دەوڵەمەندانێك نین کە بە گەڵا نرخدارەکان، یان کردەوەیتر سەروەت و سامان کۆ بکەنەوە. بە واتایەکیتر، دەسەڵاتەکەیان لە بەدەستەوەگرتنی ئامرازی بەرهەمهێنان سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لە زانستی و پسپۆڕییەکەیان سەرچاوە دەگرێ. کەوابوو نابێ پێمان وابێ بە ڕۆیشتنی سەرمایەداری، نۆرە دەگاتە سۆسیالیزم، بەڵکو بارودۆخێکی نوێ پێکهاتووە کە تێیدا تەواوی وڵاتەکان، بە هەر ڕژێمێکی سیاسییەوە کە هەیانبێ، شایەتی گەشەسەندنی دەسەڵاتی تێکنۆکراسیی بەڕێوەبەران دەبن. بەم پێیە شۆڕشەکانی داهاتوو شۆڕشی جووتیاران و کرێکاران نین، بەڵکو شۆڕش لە بەڕێوەبەری دادەبن. بە تایبەت کە تایبەتی بوون، یان گشتی بوونی دامەزراوەکان

55- Burnham, James; The managerial Revolution (1940), L'ere des organisateur; 1947.

کاریگەرییەکی لەسەر ئەم پرۆسەیە نییە. هەرچۆنێك بێ ئۆلیگارشیی بەڕێوەبەران و کاستی تێکنۆکراتەکان دەسەڵاتی بەدەستەوە دەبێ.[56]

دەتوانین ریشەی ئەم بیرکردنەوانە لە نووسراوەکان و وتاردانەکانی ماکس ڤێبەر لەمەڕ برۆکراسیی نوێدا بدۆزینەوە. رەوتێك کە ڤێبەر لە برۆکراسیی دەوڵەتی دەیخاتە بەرچاو نیشاندەدا، کە چینێکی نوێی برۆکراسی لە سازبوون دایە. بەڵام ئەو بەتایبەت لەسەر جیاوازیدانان لە نێوان سیاسەتمەدار و کارگێڕدا پێدادەگرێ. ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە نەمێنێ یان لە چوارچێوە تیۆرییەکاندا بەبەرچاو نەگیرێ، ئەو بارودۆخە دێتە پێش کە بۆرنهام باسی کردووە، واتە سیاسەت هەتا ئاستی تەکنیکێك دێتە خوار. بەڵام رۆڵی بەڕێوەبەرانیش بایەخێکی تایبەتی هەیە. میخێلز ئاماژە بە دەیان قوتابخانە و دامەزراو دەکا کە بەڕێوەبەرانی پسپۆڕیان راهێناوە.

بەهەرحاڵ وێڕای بۆرنهام وەچەیەکیتر لە بژاردەخوازان پێکدێ کە وەك کۆنت گالبرایت، رایزمەن، رایت میلز، رابێرت داڵ و دامهۆف سەرنجیان داوەتە ئاوێتەی مرۆیی دەوڵەتەکان لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا. جیاوازی بیروڕای ئەوان زیاتر پەیوەندیی بە چۆنییەتی ئاوێتەی بژاردە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە. بۆوێنە دامهۆف پێی وایە تەواوی بەڕێوەبەرانی ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگای ئەمریکا لە یەك چینەوە هاتوون. بە واتایەکی تر زۆر بژاردەی جیاواز کە لە بەشەکانی پیشەسازی، سیاسەت و سوپادا خەریکی بەڕێوەبەریی نێوخۆیی کاروبارەکانن، هی چینێکی شاز و هەڵبژاردەن. رایت میلز لە کتێبی "*بژاردەکانی دەسەڵات*"[57] دا تاڕادەیەك ئەم گرووپە بژاردەیەی قبووڵە، بەڵام پێیوایە ئەم گرووپە بە سێ بەش یان بنیات دابەش کراوە: سەربازی، پیشەسازی، سیاسی. سووپا خۆی دەوڵەتێك لە ناو دەوڵەتدایە، بەشی پیشەسازی رادەسپێرێ، لە بەشی ناوەکیدا لێکۆڵینەوە دەکا و هتد. سووپا هەتا زیاتر سەربەخۆیی خۆی پەرە پێبدا زیاتر ئەم سیاسەتانە دەگرێتە بەر کە لە بەرژەوەندیی خۆی دان. بنیاتی پیشەسازی بەڕێوەبەرانی پایەبەرزی دامەزراوە گەورەکان لەخۆ دەگرێ و وەك ئیمپراتۆرییەکی نێونەتەوەیی هەڵسوکەوت دەکا. رێبەرانی ئەم دامەزراوانە بەرژەوەندییەکانی دامەزراوی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بە یەکسان دەزانن و پێیان وایە هەتا قازانجیان زیاتر بێ

56- Schwartzenberg, R.G.; Sociologie politique; pp. 219-220.
57- Mills, C. Wright; The power Elite, Oxford University Press (1956), L'elite du pouvoir; Paris, Maspero, 1969.



بەرژەوەندییەکانی وڵات زیاتر دابین دەبێ" سەرەنجام بنیاتی سیاسەت کە بریتی دەبێ لە فراکسیۆنی باڵای کەسایەتییە سیاسییەکانی وەك سەرۆك کۆمار و دەوروبەرییەکانی، خاوەن پلەکان و سەرۆکەکانی کۆنگرە. رایت میلز لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە هەندێك پەیوەندیی پتەو کە زیاتر لایەنی تاکەکەسی هەیە ئەم سێ بنیاتە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. جێگۆڕکێی کەسایەتییەکانی ئەم سێ بنیاتە بە تایبەت لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاسانی روودەدا. بۆ وێنە زۆربەی بالیۆزەکان بێ ئەوەی پلەکانی دیپلۆماتیکیان تێپەڕ کردبێ لە نێو خاوەنەکانی پیشەسازییەکان هەڵدەبژێردرێن. ئەم هەڵبژاردنانە رەنگە لە بەرامبەر خزمەتگوزاری یان یارمەتییە ماڵییەکانی دامەزراوە پیشەسازییەکان بە بەشی سیاسەت، یان بەرپرسە سیاسییەکان، بەڕێوە بچن. رابێرت داڵیش وێڕای بردنە ژێر پرسیاری دیموکراسی و هەڵبژاردنەکان، کە بە باوەڕی ئەو شتێك نییە جگە لە شانۆ و ئەو رێوڕەسمانەی کە زیاتر لایەنی رواڵەتیان هەیە، دەسەڵاتی سیاسی زیاتر لەسەر بنەمای زانست و کارزانی سیاسەتوانە کارامەکان دەزانێ.[58] بەو هۆیە کە ئەم سیاسەتوانانە هیچ بنەمایەکی ئایدۆلۆژیکییان نییە، دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی تەکنیکیی پەتی بەڕێوەدەبەن. کۆنت گالبرایت ئاماژە بە جێگۆڕکێی دەسەڵات لە کۆمەڵگاکاندا دەدا و، دەڵێ: کەسایەتییە زاڵ و دەسەڵاتدارەکان لەسەردەمی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا ون بوونە ... . گرووپەکانی بەڕێوەبەری جێگەی کەسایەتییە دەسەڵاتدار و دەست رۆیشتووەکان، بۆ وێنە سەرۆکەکانی دامەزراوە پیشەسازییە گرنگەکانی وەك جنێراڵ مۆتۆرزیان گرتۆتەوە. خاوەنکار لە بەرامبەر مرۆڤی رێکخراوەیی (دەستەواژەی ویلیام وایت) بێ ناو و نیشان تەسلیم بووە. بەم شێوەیە رۆڵی خاوەندارێتی{ئامرازی بەرهەمهێنان}یش نەماوە. لە پەنجا ساڵ لەمەوپێشەوە بیرمەندانی پێشڕەو وەك، "ئادولف برێل" و "گاردنیزمینز" بەم ئەنجامە گەیشتوون کە زیاتر لە ٢٠٠ کۆمپانیای هاوبەشیی گەورە لە ئەمریکا، چاودێری دامەزراوەکانی خۆیان خستۆتە ئەستۆی دەستەکانی بەڕێوەبەری .... درێژەی جێگۆڕکێی دەسەڵات لە خاوەندارانەوە بۆ بەڕێوەبەران ـ لە خاوەندارێتییەوە بۆ رێکخراو ـ لە مەوبەدوا بۆتە هێمای بەرچاوی گەشەسەندنی پیشەسازی.[59] "نوام چومسکی"، یەکێك لە ئەندامانی بەناو چەپی نوێ لە ساڵی ١٩٦٨ دا

58- Dahl, Robert; (Who Goverms? 1961), Qui gouverne? P. 100.
٥٩- گالبرایت، جان کنت، کالبد شکافی قدرت، ل ١٨٥-١٨٦.

کتێبێکی لە ژێر ناوی ﴿دەسەڵاتی ئەمریکا و ماندارنە[٦٠] نوێیەکان﴾[٦١] بڵاو کردەوە و تێیدا روونیکردەوە کە چۆن کاتێك لە تێکنۆکرات و زانایانی تەواوی لقەکان، لە بیرکاری و فیزیکی ناوکییەوە هەتا کیمیا و ئابووری و کۆمەڵناسی بە تایبەت زانستە سیاسییەکان، بە شێوەی ماندارنە نوێیەکان بەڕێوەبەریی کاروباریان بەدەستەوە گرتووە. رابێرت مەك نامارا، ئارتوورشێلز نیگێر، ئەمرۆش هێنری کسینجێر نموونەی بەرچاوی ئەم ماندارنانەن. رەفتاری دەسەڵاتخوازانە و سەرنجنەدان بە دیموکراسی لە تایبەتمەندییەکانیانە و دوور نییە رۆژێك دەسەڵاتەکەیان بەلای سەرکوتدا بشکێتەوە. ئەوان دژی وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی ئەو دۆخەن کە هەیە و بە هیچ شێوەیەك بە دوای ئەوەدانین کە گوێ بۆ ئەو رەخنانە بگرن کە لە دۆخی پاش پیشەسازی دەگیرێ.

بەم شێوەیە دەبینین کە نووسەرانی سەردەمی فرەیی و پاش پیشەسازی، جارێکیتر هەرچەند لە گۆشەنیگای رەخنەگرانەوە، پێ لەسەر رۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر بناغەکانی تری کۆمەڵگا، یان بە واتایەکیتر بەسەر بەشە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەگرنەوە. کەسێك کە لەم بەینەدا وتەکانی رەنگ و بۆنی کلاسیکی پێوە دیارە ریمۆن ئارۆنە کە بە بۆچوونێکی ڤێبەرییەوە ئاماژە بە رۆڵی بەرزتری سیاسەت، یان ئەولەوییەتی جیهانی سیاسەت دەکا.

ریمۆن ئارۆن، ئابووری زان، کۆمەڵناس و سیاسەتناسی فەرەنسی (١٩٠٥-١٩٨٣) و نووسەری بەرهەمێکی زۆر لە بواری سیاسی، کۆمەڵناسی و فەلسەفەییەکان، لە راستیدا دەلاقەیەکی کردەوە کە پێیدا هزرەکانی ڤێبەر هاتنە ناو بیاڤی کۆمەڵناسی فەرەنساوە. لە هەمان کاتدا بە جیاکەرەوەی نێوان مارکس (شەڕی چینایەتی) و ئالێکسی دۆتۆکۆیل (کە باوەڕی بە لەناوچوونی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بوو) دەزانن. قوتابخانەکەی لە سیاسەتدا هەمان قوتابخانەیە کە بە واقیع بینی و کارتێکراوی لە ماکیاڤیللی و هۆبز ناسراوە. بەرزتر بوونی سیاسەت بەسەر بیاڤەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمە زۆرەکانیدا رەنگدانەوەی هەبووە. لە کتێبی "*ئاشتی و شەڕ لە نێوان نەتەوەکان*" ( ١٩٦٢ ) دا کە تایبەتە بە پەیوەندییە نێو نەتەوایەتییەکان، لە خستنە بەرباسی هۆکارە کاریگەرەکان بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا، بایەخێکی تایبەتی بۆ رژێمی سیاسی وەك دوایین قسە قایلە. ئارۆن لە کۆمەڵناسیدا وەك پارێتۆ (زۆر جار لە کاتی خوێندنەوە و رەخنە لە زمانی پارێتۆوە قسە دێنێتەوە) لەسەر

٦٠- خاوەن پۆست پلە گەورەکان لە چینی کۆن.

61- Chomsky, noam; American power and the new Mandarins; 1968.



ئەو باوەڕەیە کە سیاسەت دیاریکەری تەواوی لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییە. بەڵگەهێنانەوەکانی کە لە جیهانی دوو جەمسەریدا ئەو کاتدا، لە لایەن دیموکراسییە رۆژئاواییەکانەوە بە باشی کەڵکی لێوەردەگیرا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر لۆژیکی مارکسیستەکاندا هەڵوێست بگرن، زیاتر لە پێشوو بوو بە هۆی ناوبانگ دەرکردنی.

ئارۆن بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەی سێ کتێبی نووسی کە لە حوکمی شێر و رێوی هێنانەوە دەژمێردرێن .

یەکەمین کتێبی لەم بارەدا بریتییە لە ﴿هەژدە دەرس لە بواری کۆمەڵگای پیشەسازییەوە﴾[٦٢] کە تایبەت بە مەسەلە ئابوورییەکان بوو و، تێیدا بە بەڵگەوە نیشانیداوە کەڵەکەبوونی سەرمایە و چەوساندنەوەی چینی کرێکار کە مارکسیستەکان پێیان وایە تەنیا لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا بەدی دەکرێ، پێوەری کۆمەڵگای یەکیەتیی سۆڤییەتیشە. بەم جیاوازییە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا ئەم کەڵەکە بوونە لە دەستی کەرتی تایبەت دایە، بەڵام لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا لە دەستی دەوڵەت دایە. بەم پێیە گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کەڵەکەبوونی سەرمایە تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵگا پیشەسازییەکانە و لەم بارەوە جیاوازییەك لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەتدا نییە. جگە لەوەش ئەوەی بوو بە هۆی ئەوەی کە یەکیەتیی سۆڤییەت ئەم شێوە ئابوورییە هەڵبژێرێ، هاتنە سەرکاری گرووپێکی بژاردەی نوێ لە ساڵی ١٩١٧دا بوو کە سیاسەتێکی نوێیان لەبواری ئابوورییەوە گرتە بەر. کتێبی دووهەم لە ژێر ناوی "*شەڕی چینایەتی*"[٦٣] دەست دەداتە سەلماندنی ئەم خاڵە (هەروەك پارێتۆ و میخێلز پێیان وابوو لە هەموو کۆمەڵگاکاندا گرووپێکی کەمینە بەسەر زۆرینەدا زاڵە) کە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا تاقمێك لە ناز و نیعمەت دا دەژین و تاقمێك لە دۆخێکی نزمتردا و، کێشە و ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو چینەدا شتێکی ئاساییە. بەم جیاوازییە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا ئەم کێشەیە ئاشکراترە و لە چوارچێوەی خەباتی حیزبی یان سەندیکایی و خاوەنکاری خۆ دەنوێنێ، لە کاتێکدا کە لە بلوکی رۆژهەڵات بە هۆی زەبر و زەنگەوە، ئەم خەباتە ئاشکرا نابێ. بەهەرحاڵ هەروەك "میلوان جیلاس" ئاشکرای کرد ئەم کەلێنە کۆمەڵایەتییە هەیە و خەباتی شاراوە لە نێوان ئەم دوو چینەدا لە ئارادایە. ئەگەر تا ئێستا وا نیشاندەدرا کە جیاوازی نێوان کۆمەڵگای یەکیەتیی سۆڤییەت و ئەمریکا لە

62- Aron, R.; Dix-huit lecns sur la societe industrielle; 1962.
63- Aron, R.; La lutte des classes; 1964.

جۆری سیستەمی ئابوورییەکەیاندایە و دوو سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی و سەرمایەداری هۆی ئەم لێك جیابوونەوە و لێکدابڕانەوەیە، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە جیاوازی ئەم دووە لە چی دایە؟

کتێبی سێهەمی ئارۆن لە ژێر ناوی "*دیموکراسی و تۆتالیتاریزم*"[٦٤] کە وەك ئاکامی شێر و ڕێوی هێنانەوەی پێشووە، وەڵامی پرسیاری سەرەوە بەمجۆرە دەداتەوە کە جیاوازی تەنیا لە هەناوی سیستەمە سیاسییەکانی ئەم دوو کۆمەڵگایەدایە. ئەو زۆر جار پێی لەسەر بایەخی ڕژێمی سیاسی دادەگرتەوە. «ڕژێمی سیاسی وەك بەشێکی تایبەت لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی، هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەیە کە بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا زاڵە»[٦٥] پاشان دەست دەداتە شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دوو دەستە لە ڕژێمە سیاسییەکان: یەکیان ڕژێمی فرە حیزبی و پشت ئەستوور بە یاسای بنەڕەتی و، ئەویتر ڕژێمی تاك حیزبی. ئەو بە واقیع بینییە تایبەتمەندییەکانی هەرکام لەم دوو دەستەیە دەخاتەڕوو و، لە کۆتاییدا بەم ئاکامە دەگا کە جیاوازی نێوان کۆمەڵگای ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت نەك لە سیستەمی ئابووری یان کۆمەڵایەتییان، بەڵکو لە سیستەمی سیاسییان دایە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە پاری حەڤدەهەمدا کە تایبەتە بە داهاتووی ڕژێمی یەکیەتیی سۆڤییەت، ئارۆن بارودۆخی ئەو زەمانی یەکیەتیی سۆڤییەت، بە سەرچاوەگرتوو لە پێداویستییەکانی گەشەکردن دەزانێ کە پاش گەیشتن بە ئاستێك لە پەرەسەندن و گەشەکردن پەردە ئاسنینەکان وەلا دەچن، هەروەك کە لە یاسای چەند دەفر لێك بەستراودا، کاتێك ئاو لە یەکێك لە دەفرەکاندا گەیشتە ئاستێك کە ترسی لە زۆرتر بوونی ئاوی دەفرەکانی تر نەما ئیتر پێویست بە دیواری جیاکەرەوە ناکا.

**٢- سیاسەت ڕەنگدانەوەیەك لە بارودۆخی کۆمەڵگا:**

لە ڕاستیدا تەواوی تیۆرییە گشتڕوانەکانی کۆمەڵگا کە کۆمەڵگا بە گشتێتییەکی جیانەبۆوە وەسفدەکەن، نەتەنیا سیاسەت بەڵکو تەواوی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیتر بە پەیڕەوێکی کۆمەڵگا یان بە بەشێك لەو دەزانن. بەم پێیە دەبێ تەواوی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی سەدەی نۆزدەهەم لەم گوتەزایەدا کۆبکرێنەوە. هەر بۆیە ئاماژە سیاسییەکان لە دەقە بنەڕەتییەکانی ئەم سەدەیەدا کەوتوونەتە پەراوێزەوە. لەم کاتەدا جیاوازییەکی گەورە،

64- Aron, R.; Democratie et totalitarism; 1965.
65- Ibid.; p. 56.



تیۆریی کۆمەڵناسیی مارکسیستی لە تیۆرییەکانی تر وەك ڕوانگەکانی ئۆگۆست کۆنت و دۆرکهایم جیا دەکاتەوە. بە باوەڕی دۆرکهایم سیاسەت ڕەنگدانەوەیەك لە گشتێتیی کۆمەڵگایە و لە نێوانیاندا پەیوەندیی گشت و پاژ لە ئارادایە، بەڵام بە باوەڕی مارکس خودی کۆمەڵگاش پەیڕەوێکە لە لایەنە ماددییەکەی، واتە شێوەی بەرهەمهێنان.

١. پەیوەندیی سیاسەت و کۆمەڵگا وەك پەیوەندیی پاژ و گشت. هەروەك ئاماژەی پێکرا کۆمەڵگا بە باوەڕی دۆرکهایم گشتێتییەکی جیانەبۆوە، لە پێشاهاتوو و ڕەسەنە کە بە هۆی پەیوەندییە لە پسان نەهاتووەکانی ویژدانی کۆمەڵی، پاژەکانی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خۆیدا ڕاگرتووە، وەها گشتێتییەکی دەرهەستی پێکهێناوە کە هیچ کام لە بەشەکان و توخمەکانی لە ئابوورییەوە بگرە هەتا کەلتوور و سیاسەت و هتد بە تەنیایی و جیا لە یەکتری وێنا ناکرێن.

سیاسەت بە گوێرەی ئەوەی کە چ ڕۆڵێك لە یەکگرتوویی ئەم گشتە جیانەبۆوەدا دەگێڕێ، لە هیرارکیی کۆمەڵایەتیدا جێگەیەك پەیدا دەکا. چونکە تەواوی دیمەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئابووری و کەلتوورەوە بگرە هەتا سیاسەت، بە بەشێك لەم گشتە دەژمێردرێن. ئێستا ئەگەر سیاسەت بە هەودای پەیوەندیی ئەم گشتە بزانین کە ئەرکی دابینکردنی باڵادەستیی ئەم گشتە بەسەر پاژەکانیدا لە ئەستۆیە و، دەبێ تەواوەتییەکەی لە بەرامبەر مەترسی دەرەکیدا بپارێزێ، جێگەیەکی بەرزی هەیە و دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لەم سیاسەتە، دەوڵەتێکی بەهێز دەبێ، کە بە پێچەوانەی دەوڵەتی جێی ئاماژەی هۆبز، باوکێکی پشتیوان و دڵسۆز بۆ کۆمەڵگا و ئەندامەکانی دەبێ. لە ڕاستیدا دەوڵەت لەم ڕوانگەیەوە وەك دەوڵەتی هێگلی دەبێ کە بە هێمای ئەم گشتە لە پێشاهاتووە (کۆمەڵگا) دەژمێردرێ و دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵگا بە تەواوی و بێئەملا و ئەولا بەڕێوەدەبا. ئەم دەوڵەتە هەروەها هۆکاری ڕزگاربوونی تاك لە وەفادارییە هەرێمییەکان وەك کلێسا، خێڵ، بنەماڵە و هتد.

دۆرکهایم لە کتێبی "*خۆکوژی*" دا دەنووسێ: «... لەم ڕووەوە دەوڵەت بە پێی سروشتی خۆی تەواوی ئەم چالاکییانە کە ڕەنگە خەسڵەتی کۆمەڵایەتییان هەبێ هەڵدەلووشێ، هەتا ئەو جێیەی کە جگە لە تەم و مژێك لە تاکە بێدەسەڵاتەکان لە بەرامبەریدا نەمێنن. لەلایەکی ترەوە ناوەندە تایبەتییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتدا نەبێ تەسلیمی هیچ کردارێکی کۆمەڵی تر

نەدەبوون، چونکە لە راستیدا هیچ حەشیمەتێکی ڕێکخراویتر لەگۆڕێ نییە. تەنیا بە هۆی نێوبژیکەریی دەوڵەتە کە ئەم ناوەندانە هەست بە کۆمەڵگا و بەستراوەیی خۆیان بەو دەکەن».[66]

ئەم بۆچوونە ئەگەرچی لە کۆتاییەکانی تەمەنی دۆرکهایمدا راستکرایەوە و جۆرێك خواستی دەوڵەتی دیموکراتیك لە بەرهەمەکانیدا بەدیارکەوت، بەڵام روانگەی ئەو لەمەڕ پتەویی کۆمەڵگا هەروا پایەدار مایەوە. لەڕاستیدا ئەو بەرامبەر بە نوێنەرایەتیی دەوڵەت لە لایەن خەڵکەوە تووشی دوو دڵی بوو و هەتا ئاستی کارگێڕی کۆمەڵایەتی نزمیکردەوە. بە واتایەکیتر، ئەو پێی لەسەر هاوڕێژەیی گشت و پاژ، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و سیاسەتدا داگرت. دۆرکهایم لە نێوان دەوڵەت لە کۆمەڵگا میکانیکییەکان و دەوڵەت لە کۆمەڵگا ئۆرگانیکەکاندا جیاوازیی دادەنا و پێیوابوو دەوڵەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە میکانیکییەکان دامەزراون بەلای زەبروزەنگ و توندوتیژیدا دەشکێتەوە و، ڕێز لە تاکەکان ناگیرێ. بەڵام لەم کۆمەڵگایانەدا کە دەوڵەت لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئۆرگانیکەکان و دابەشکردنی کار دامەزراوە، دەوڵەت کەمتر پەنا دەباتە بەر زەبروزەنگ. دەوڵەتی دۆرکهایم کە خۆی بە بەرهەمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ بە گشتی وەك باوکێکی بەهێز دەنوێنێ کە نابێ بەبێ هۆ دەست بۆ توندوتیژی بەرێ. جگە لەوە لە ڕێگەی راست دەرچووە، ئەوەندە لە راستییە کۆمەڵایەتییەکان دوور کەوتۆتەوە، کە بە یارمەتیی زەبروزەنگ و گۆڕینی ئەم راستییانە نەبێ توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای نییە. ئەم شیکردنەوانە پەیوەندییان بە کۆتاییەکانی تەمەنی دۆرکهایمەوە هەیە کە بەلای فرەحیزبی و دیموکراسیدا شکابۆوە. سەرەڕای ئەوەش کاتێك دەوڵەت وەك «کۆی شاندە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانن بە نوێنەرایەتیی خەڵکەوە قسە بکەن و کاربکەن»[67] دەناسێنێ، ئەو پتەوییەی کە بۆ کۆمەڵگای قبوڵ بوو، لە دەوڵەتدا دەیبینێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەوەش زیاد دەکا کە هەروەك مێشکی مرۆڤ ژیانی ئەو بەدیناهێنێ، دەوڵەتیش بە بەدیهێنەری کۆمەڵگا یان هۆکاری سەرەکیی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی ناژمێردرێ" هەروەك زۆر کۆمەڵگاش هەن کە دەوڵەتیان نییە.[68]

جیاوازییەك کە لەنێوان هزر و راستییەکاندا هەیە ئەوەیە کە دەوڵەتی بەهێز دەبێ ڕەنگدانەوەی

66- Durkheim, E.; Le suicide (1987); p. 448.
67- Durkheim, E.; Textes; vol 3, p. 173.
68- Ibid.; p. 174.



هێژمۆنیی کۆمەڵگا بێ، بەڵام بەکردەوە ئەم هاوکێشەیە بە پێچەوانە دەبێ و دەوڵەت دەبێتە ئامرازی سەرکوتی کۆمەڵگا.

٢. سیاسەت وەك ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی بەرهەمهێنان: ئەم روانگەیە زیاتر پەیوەندی بە مارکسیزمەوە هەیە و لە ژێر تیشکی فەلسەفەی مێژووی مارکسیزمەوە نەبێ سەرەدەری لێ ناکرێ. ڕەوڕەوەی مێژوو لە ژێر تیشکی ماتریالیزمی دیالێکتیك و وێککەوتنی هێزە دژبەرەکان بەرەو پێش دەچێ و ئەم دژایەتییە لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا لە چوارچێوەی دژایەتیی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆ دەنوێنێ. چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی شێوازەکانی بەرهەمهێنانن. بەم پێیە ئابووری نەك هەر ژێرخانی سیاسەت بەڵکو بە ژێرخانی تەواوی کۆمەڵگا و مێژوو دەژمێردرێ. هەر سەردەمەی بە پێی شێوازی بەرهەمهێنانی ئەم سەردەمە هەڵدەسەنگێندرێ. شێوازی بەرهەمهێنان خۆی ئاوێتەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. هێزەکانی بەرهەمهێنان لە سێ پاژ پێکهاتوون: ئامرازی بەرهەمهێنان یان کەرەسەی تەکنیکی، بابەتی کار یان بوارێك کە مرۆڤ ئەم ئامرازانەی تێدا بەکاردێنێ و سەرەنجام هێزی کار یان توانای لەشی و هۆشی مرۆڤەکان. لە ژێر تیشکی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا ئەم پەیوەندییانە دادەمەزرێنن کە پەیوەندیی بەرهەمهێنانیان پێدەگوترێ و، ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنانە کە چینە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنن. تەواوی ئەم کەسانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دۆخ و پێگەیەکی یەکسانیان هەیە چینێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن. شەڕێك کە لەنێوان ئەم چینانەدا پێکدێ هێزی بزوێنەری مێژوو و بزۆزیی (دینامیزم) کۆمەڵگا پێکدێنێ.




کەوابوو شێوازی بەرهەمهێنان و پاژەکانی بە ژێرخان و، باقی بەشەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی وەك کەلتوور، ئایدۆلۆژی، سیاسەت، یاسا، ئایین و هتد بە سەرخان و

ڕەنگدانەوەی ژێرخان دەژمێردرێن.[69] بۆ وێنە حیزبە سیاسییەکان شتێك نین جگە لە دەربڕینی سیاسییانەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە و، شەڕی نێوانیشیان شتێك نییە جگە لە شەڕی چینایەتی.[70] دەوڵەتەکان کارگێرانی پاراستنی ئەم هەلومەرجەن کە تێیدا چینی کەمینە بەسەر چینی زۆرینەدا زاڵە و دەسەڵاتی لە پاوانی خۆی گرتووە. هەرکات ئەم دژایەتییە نەمێنێ، ئیتر پێویست بە بوونی حکوومەت و دەوڵەت ناکا.

﴿تیۆریی مارکس دەکرێ بە کورتی لە چوارچێوەی دەربڕینەکانی خوارەوەدا بخرێنە بەرباس:

- لە هەر کۆمەڵگایەك، لەسەرەتایی ترینەوە هەتا پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکاندا، دەکرێ دوو دەستە خەڵك لێك جیا بکرێنەوە: چینێکی دەسەڵاتدار، چینێکی ژێردەست.

- پێگەی زاڵی چینی دەسەڵاتدار دەبێ بە هۆی خاوەنداریّتی ئەم چینە بەسەر ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریدا روون بکرێتەوە" بەڵام دەسەڵاتداریّتیی سیاسیی ئەم چینە بە هۆی ئەو چاودێرییە بەهێز دەکرێ کە بەسەر هێزی سەربازی و بەدیهێنانی هزردا هەیەتی.

- لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و چینی ژێردەستدا شەڕێکی هەمیشەیی لە ئارادایە کە چۆنییەتی و ڕەوتی ئەم شەڕە بە شێوەی سەرەکی لە ژێر کاریگەری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، واتە ئاڵوگۆڕە تەکنیکییەکان دایە﴾.[71]

لە جیهانی سەرمایەداریدا ئامرازی بەرهەمهێنان تایبەتییە و، هێزی کار گشتییە: (روون نییە ئەم جیاکردنەوەی گشتی و تایبەتییە کە بنەمای یاسای ڕۆمی کۆنە، چۆن هاتۆتە نێو پێکهاتەی زەینیی مارکس) تا ئەوکاتەی ئەم دژایەتییە لە ناو شێوازی بەرهەمهێناندا هەبێ، سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ ناکۆکیەکی بنەڕەتی بەرەوڕووە، کە بە بەگشتی بوونی ئامرازی بەرهەمهێنان (شۆڕشی سۆسیالیستی) نەبێ کۆتایی پێنایە. سروشتییە رژێمە سیاسییەکانیش وێڕای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بەدیدێ، ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ. ئەگەر کەسێك پێی وابێ بە هۆی پێشکەوتنی مەعنەوی، یان بوونی ئیدارە بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکان، دەکرێ شۆڕشێك ساز بکرێ یان ئاڵوگۆڕێك پێکبێ، بەهەڵە

---

69- Marx, K.; Critique de l'economie politique; tom 1, pp. 273-275.

٧٠- بڕوانە پێشەکیی ئینگلیزیی کتێبی:

Marx, K.; Les lutte de classes en France; p. 12.

٧١- باتامور، تی.بی.،هەمان سەرچاوە،ل ٢٢.



چووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە جگە لە ڕێگەی گۆڕانی هەلومەرجی ماددیی ژیان نایەنە دی، کە ئەویش لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە نێوان هزری مارکسیزم و مارکسیزمی بە کردەوەدا، جیاوازی و ناکۆکیەکی گەورە هەیە. ئەم دەوڵەتە کە دەبوایە لەناوبچێ، لە یەکیەتی سۆڤییەتدا کە لافی دابەزاندنی مارکسیزمی بەکردەوەی لێدەدا، ببووە دێوێکی گەورە و مارکسیستەکان کە دەبوایە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لە شێوازی بەرهەمهێناندا بن، خۆیان دەستیانکرد بە شۆڕش و ڕاپەڕینێکی بەربڵاو لەسەرانسەری جیهاندا. ئەوە کە ئایدۆلۆژی مارکسیزم تا ڕادەیەك لەگەڵ ڕاستییەکان یەك دەگرێتەوە یان ناگرێتەوە، خاڵێك نییە کە لێرەدا پێیوە سەرقاڵ بین، چونکە مەبەست دەربڕینی یەکێك لە لایەنە وێنا کراوەکان لە پەیوەندیی سیاسەت و کۆمەڵگادایە. بە باوەڕی ئێمە دوو توخمی بنەڕەتی لە تیۆرییەکانی مارکسدا هەیە کە لە ئەوپەڕیدا تراویلکەیەك زیاتر نییە: شیکردنەوەی ڕاستی مێژووی سەرمایەداری و چۆنییەتی بایەخ پەیداکردنی ئابووری لە مێژووی ئەورووپادا و، شیکردنەوەی بوونی چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی ئەورووپای ڕۆژئاوادا و کاریگەرییەکانیان. مێژووی ئەورووپا نابێ بە مێژووی تەواوی جیهان بزانرێ . لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەوجۆرە نەبوون کە لە ڕۆژئاوادا بەدیدەکرا، لە ئاکامدا لەوێ چین ئەو ڕۆڵەی نەبوو کە لە مێژووی ئەورووپادا گێرای. لە لایەکیترەوە پێشبینی داهاتووی سەرمایەداری لەسەر بنەمای مێژوو، یان ئەم هەلومەرجەی کە هەیە، زیاتر وەك غەیب وێژی دەچێ هەتا شیکردنەوەی زانستی. لە ئاکامدا هیچکام لە پێشبینییەکان لەمەڕ داهاتووی سەرمایەداری و ڕاستنەگەڕان. مەسەلەی ژێرخان و سەرخانیش لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا لە لایەن شوێنکەوتووەکانییەوە تێکدرا. هەروەك دواتر دەبینین گرامشی بایەخ و ڕۆڵی ژێرخان بۆ سەرخانی ئایدۆلۆژی قایلبوو و لوئی ئالتۆسێر مارکسیزمی لە کۆتوبەندی ئابووری ڕزگار کرد و باسە بان دیاریکەری (surdeterminisme)یەکەی نیشاندەدا کە ئابووری لە چوارچێوەی پێکهاتەی گشتیدا تەنیا دەبێتە هۆکارێك لە تەنیشت باقی هۆکارەکان. ئەمڕۆ مارکسیزم زیاتر شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی توێژبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خوێندنەوەی دەسکەوتەکانی سەرمایەداری کە لە هەمان کاتدا سڕکەرێکی فیکری دەخاتە بەردەست ڕووناکبیرانەوە.[72]

---

72- Cf. Aron, R.; L'opium des intellectuals; 1955.

ئەوانەی زیاتر لێکۆڵینەوە دەکەن شتی وا دەدۆزنەوە کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوشتانەی لایەنگرانی مارکسیزم دەیانگوت.[٧٣]

٣- سیاسەت پیڕەوێك لە مۆدێلە کەلتوورییەکان. لەڕاستیدا ئەوەی لێرە دێتە بەرباس لایەنێکی پالاوتەی تیۆرییەك نییە و، لە مێژووی تیۆری دارێژیشدا ناتوانین نموونەیەکی بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو بە پێچەوانە، دەتوانین ئەم گریمانەیە لە درێژەی ئەو نوختەچینانە بدۆزینەوە کە تیۆرییە کەلتوورخوازەکانی دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ کێشاویاننەتەوە. ئەگەر کەلتوور بە هەودایەکی پەیوەندی بزانین کە لە نەبوونیدا پاژەکانی کۆمەڵگا لێك هەڵدەوەشێن و هیچ تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان تاکەکاندا بەدینایە هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە دانوسانی مانا و واتا بکەن، دەتوانین بەم ئاکامە بگەین کە نەك سیاسەت و باقی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە حەوزی کەلتووردا نوقمن و ئیلهامی لێوەردەگرن، بەڵکو بوونی کۆمەڵگاش بەوەوە بەستراوەتەوە. چونکە بناغەی کۆمەڵگاگریی تاك لە لایەن کەلتوورێکی لە پێشاهاتوو (ماتقدم)ەوە گەرەنتی دەکرێ کە بەردی بناغەی کۆمەڵگایە و، وەك رۆح لە لەشی مرۆڤدا مان و دەوامی کۆمەڵگای بەدەستەوەیە. شك لەوەدا نییە کە کەلتوور لە پشت تەواوی رەفتارەکان، کردارەکان و شێوەی بیرکردنەوەکاندا خۆی حەشارداوە، بەڵام چۆن دەبێ وابیربکەینەوە کەلتوور کە خۆی بەدیهاتووی دەستی کۆمەڵگا و مێژووە داهێنەریش بێ؟. "کلۆکهۆهن" و "کرۆبێر کێلی"، خەڵکناسانی ئەمریکی کە تیۆرییەکانی کەلتوور بە هەوڵ و کۆششی ئەوان پەرەی گرتووە، کەلتوور بە سیستەمێك پێناسە دەکەن کە لە باری مێژووییەوە لە مۆدێلە پاڵەکی یان ئاشکراکانی ژیان پێکهاتووە و دەتوانێ ببێتە لایەنی هاوبەشی تەواو یان بەشێك لە گرووپێك.[٧٤] "کلیفۆردگێرتز"، "برۆنیسلاڤ مالینفسکی" و "رادکلیف براون"یش رۆڵێکی گرنگیان لە بەرجەستە کردنەوەی هزری کەلتوورخوازیدا هەبوو، بەڵام هیچکامیان کەلتووریان بە راشکاوی وەك داهێنەری رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، یان دیاریکەری بیاڤی سیاسەت و ئابووری نەزانیوە. توخمەکانی ئەم تیۆرییانە لە راستیدا لە ناخی هزرەکانی بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم، بۆ وێنە دۆرکهایم و ڤێبەردا هەڵکەوتووە.

٧٣- بیرن بوم، پییر، بدیع، برتران، جامعه‌شناسی دولت، ترجمه نگارنده، انتشارات باز، ١٣٧٩.

٧٤- بدیع، برتران، فرهنگ و سیاست، ل ٢٢.



چونکە جگە لە ڕێگەی زێدەڕۆیی و زیادپێوەنان بە تیۆرییە کەلتوورخوازەکانەوە نەبێ، ناتوانین کەلتوور وەك هۆکاری بنەڕەتی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بخەینە بەرباس، تەنیا ئاماژە بەو خاڵە دەکەین کە بە بازدانی لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکان و زێدەڕۆیی لە رۆڵی کەلتووردا، کە جاروبار دەبوو بە هۆی ئەوەی کە بە نیشانەی شوناسی کۆمەڵگایەك بزانرێ،[٧٥] ئەم گومانە دێتە پێش کە داخوا دەکرێ سیاسەت بە رەنگدانەوەیەکی کەلتووری گشتیی کۆمەڵگا بزانرێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نیگەتیڤە، کەوابوو باس لەو بارەدا بۆ بابەتی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەت دوا دەخەین.

### ٣- پەیوەندیی دوولایەنە و ئاسۆیی نێوان کۆمەڵگا و سیاسەت:

هیچکام لەم دوو روانگە توندڕەوانەی کە ئاماژەیان پێکرا توانای دەربڕینی راستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان نەبوو. ئەم راستییە نیشاندەدا کە هیچ توخمێك بە تەنیایی توانای روونکردنەوەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نییە. ژیانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە تێیدا تەواوی هۆ و هۆکارەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و هیچکام بە هۆی بنەڕەتی هۆکارەکانیتر ناژمێردرێ. ئەم روانگەیە بەرهەمی ئەو زەبرانەیە کە لە روانگە یەکلایەنەکان کەوت. دەتوانین پرۆسەی وەرچەرخان لە دوو رەوگەوە درێژەی پێبدەین. یەکیان ئەو وەرچەرخانانەی کە لە روانگە مارکسیستییەکاندا بەدیهات و ئەویتر ئەو بوارانەی کە یارمەتییان بە چاککردنەوەی روانگەی جۆرج(زیمێل) دا. هەروەها هەردوو رەوگە کاریگەرییان لە روانگەی پێکهاتەخوازی وەرگرت کە لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بەسەر هزرە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵبوو.

خاڵی دەسپێکی ئەم روانگەیە، زیاتر ئەو پێداچوونەوانە بوو کە بەسەر تیۆریی مارکسیستیی ژێرخان و سەرخان، یان بەستراوەبوونی سیاسەت بە شێوازی بەرهەمهێنان و، پەیوەندییەکانی ئەم بەستراوەییەدا کرا. باسی سەربەخۆیی رێژەیی بیاڤی سیاسەت یان سیستەمی سیاسی، وردەوردە دوگماتیکترین هزرەکانی ناچار بە قبووڵکردنی راستییەکان کرد. بەم شێوە نزمکردنەوەی سیاسەت هەتا ئاستی توانایی تاکەکەسییەکانیش کە بژاردەخوازەکان

75- Cuche, Denys; La notion de culture dans les sciences socialet; p. 84.

ڕەچاویان دەکرد، بەپێچەوانەی ڕاستی و بە مانای لەبەرچاونەگرتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارە ئاڵۆزەکانیتر، بۆ وێنە ئاکام و ئامانجەکانی ژیانی بەکۆمەڵ بوو.

یەکێك لەو کەسانەی ڕۆڵێکی گرنگی لە جێگیری هزری سەربەخۆیی دەوڵەت لە بەرامبەر چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو، "ژۆزێف شۆمپتێر" (١٨٨٣-١٩٥٠) ئابووریزانی نەمسایی بوو. ئەو لە نێوان بژاردەخوازەکان، کە دەسەڵاتی سیاسییان سەرسووك لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نێو سیستەمی کۆمەڵایەتی دەزانی و مارکسیستەکان کە دەوڵەتیان بە ئامرازی چینی دەسەڵاتدار دەزانی، هەڵوێستێکی میانەڕۆی هەیە کە لەسەر پەرەپێدانی دەزگای بڕۆکراسیی دەوڵەت دامەزراوە.[76] ئەو لە وەڵامی بەڵگەویستنەکانی مارکسیستەکان و ڕوانگە چینایەتییەکانیان، باسی جیاکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی دێنێتە گۆڕێ. بەو مانایە کە لە سیستەمە ناسراو بە دیموکراسییەکاندا، تاکەکان دەتوانن لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکیتر و لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر تێپەڕبن. ئەم کارە بە تایبەت لە بواری بەدەستەوەگرتنی پۆستە حکوومەتییەکاندا ڕاستە. هەڵبژاردنی کارگێڕانی دەوڵەت لەم سیستەمانەدا، بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتییان بەڕێوەدەچێ و، ئەم کارە پەیوەندییەکی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە نییە، کە ڕەنگە شێوەی چینایەتی هەبێ. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو تاکانەی بۆ پۆستە حکوومەتییەکان هەڵبژێراون شوناسێکی سەربەخۆ پەیدا دەکەن و لە پلەی یەکەمدا دەبنە گرووپێکی کۆمەڵایەتی جیاواز. هەروەها فرەچەشنیی پێگەی کۆمەڵایەتییان دەبێتە هۆی سەربەخۆیی دەزگای حکوومەت لە چینە کۆمەڵایەتییەکان. هۆکارێکیتر کە دەبێتە هۆی خێراتر بوونی ئەم ڕەوتە، بەپسپۆڕانە بوونی کارە سیاسییەکانە. لەڕاستیدا ئەم خاڵە شتێك نییە جگە لە دووپاتکردنەوەی تیۆریی ماکس ڤێبەر لەمەڕ دەوڵەتە پێشکەوتووەکان. تەنیا دەسپێشخەریی ڤێبەر، ڕوونکردنەوەی سەربەخۆیی دەوڵەت لە ڕێگەی پێداگرتنەوە لەسەر هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتییە، کە تێکەڵی جۆرێك هاوئاڕاستەیی لەگەڵ تیۆرییە مارکسیستییەکان، لەسەر بنەمای پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆیە. لە ڕاستیدا دەزگا دەوڵەتییەکان جێیەکن کە تێیاندا هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێتەوە. هەڵبژاردنی کارگێڕان لەنێو لایەن و گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا بێ تێکچوونی پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگا، بەو مانایەیە کە دەوڵەت سەر بە هیچ چینێکی

76- Passeron, J.C.; "Presentation" in Joseph Schumpeter Imperialisme et classes socials; 1919-1927; Paris, Flammarion. 1948, p. 14.



تایبەت نییە و ئەو کارگێڕە جیاوازانە سەربەخۆیی دەوڵەت گەرەنتی دەکەن. شۆمپیتێر لە کتێبی "*سەرمایەداری ، سۆسیالیزم و دیموکراسی*" (١٩٤٢) دا، لەگەڵ پێداگرتنەوە لەسەر بەپسپۆڕانە بوونی کارە سیاسییەکان ئاماژە بەو خاڵە دەکا کە کارگێڕە دەوڵەتییەکان وردە وردە بەرژەوەندییەکی هاوبەش پەیدا دەکەن کە لە هاوکاربوونیان سەرچاوە دەگرێ، ئیتر زۆر سەیر نییە ئەگەر پیاوانی دەوڵەت بێ سەرنجدان بە بەرژەوەندییەکانی چینی خۆیان بڕیارێك دەردەکەن.[77]

"موازی سترۆگۆرسکی"[78] تیۆرییەکی لەمەڕ خۆتەوەریی حیزبە سیاسییەکان هەیە کە دەتوانێ ڕێکخراوی دەوڵەتیش بگرێتەوە. لە ڕاستیدا هەر ڕێکخراوێك پاش گەشەسەندن دەگاتە جێیەك کە لە جیاتی ئەوەی دوای ئامانجە سەرەتاییەکانی بکەوێ، دەکەوێتە بیری بەهێزکردن و پەرەپێدانی خۆی.

لویی ئالتۆسێر لە ژێر کاریگەریی گرامشی کە بایەخێکی تایبەت بە ڕۆڵی هۆکارە سەرخانەکان وەك ئایدۆلۆژی دەدا، هەوڵیدا نیشانبدا کە چۆن دەکرێ هۆکارە سەرخانەکان لە قۆناغێکی هەستیاردا ڕۆڵی دیاریکەری ژێرخان بۆ خۆیان تەرخانبکەن. ئەو کە یەکێك لە مارکسیستە پێکهاتەخوازەکان بوو، توانی مارکسیزم لە شرۆڤە وشکە ئابوورییەکان ڕزگار بکا و یان دیاریکەری (sur-determination)ی پێکهاتەکان لە جێی ژێرخانی ئابووری جێگیر بکا. سروشتییە لەم گریمانەیەدا ڕۆڵی دەوڵەت، بە دوور لە شرۆڤە ئابوورییەکان بایەخێکی تایبەتی پەیدا دەکرد و بەم هۆیە وەك پاساوکەری دەوڵەتی سەرکوتکەری سەرمایەداری ، لایەنگری ڕژێمی ستالینی کەوتە بەر لۆمە و سەرزەنشت. ئەو پێی لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیا دادەگرتەوە کە لە هەلومەرجی کەڵەکە بوونی دژایەتییە لێك جیاوازەکان، سەرەڕای هەلومەرجی نالەباری ژێرخانی (نەگەیشتنی ڕووسیا بە ئاستێکی گونجاو بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی)، سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

نیکۆس پۆلانزاس سەرەڕای وەفادار بوون بە گریمانەی مارکسیزم هەوڵیدا لە نێوان فراکسیۆنێك کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرێ و چینی دەسەڵاتداردا هێڵێکی جیاکەرەوە

٨٧- شومپتر،جی.،"کاپیتالیسم،سوسیالیسم و دموکراسی"، ل ٢٥٨-٢٦٤.
78- Ostrogorski, Moisie; La democratie et les parties politiques (1902); 1979.

بكێشێ. بە تایبەت کە فراکسیۆنە جیاوازەکانی چینی دەسەڵاتدار لە دۆخی رکەبەرایەتی لەگەڵ یەکتردا دەژین.[79] رەنگە ئەو تەنیا کەسێك بێ کە توانی مارکسیزم لە دژ وازبێژییە.

ئەوانە ئەو زەبرانە بوون کە لە دەمارگرژی یان دێتێرمینیزمی کۆمەڵایەتی دەکەوتن و نیشانیاندەدا کە دەوڵەت دیاردەیەکی لاوەکی و سەرخانی نییە کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ. سیاسەت نەك هەر هەمیشە رەنگدانەوەی شێوازی بەرهەمهێنان و سیستەمی ئابووری نییە، بەڵکو خۆی دەتوانێ لەسەر ئاراستە ئابوورییەکان کاریگەر بێ. لێرەدا رێگە بۆ شیکردنەوەکانی جۆری زیمێلی لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان خۆشدەبێ. بە واتایەکی تر جۆرج زیمێل کە باسی کاریگەریی دوولایەنەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی هێنابووە بەرباس چاکتر دەیتوانی ئەم جۆرە پەیوەندییە دوولایەنانە شیبکاتەوە" بەتایبەت کە رێژەییخوازیی کۆمەڵناسییەکەی بە باشی دەیتوانی جێی دەمارگرژی لە هزرە یەك لایەنەبینەکاندا بگرێتەوە.

هەروەك دیتمان بە باوەڕی زیمێل کۆمەڵگا شتێك نییە جگە لە بەرهەمی مامەڵەی نێوان تاکەکان و گرووپەکان. کۆمەڵگا نە فۆڕمی لە پێشاهاتووی هەیە کە رەسەنایەتیی کۆمەڵ و رەتکردنەوەی بەها تاکەکەسییەکانی لێبکەوێتەوە، نە بەرهەمی پەیمانە کە هیچ بناغەیەکی سروشتی نەبێ. کۆمەڵگا لە تاکەکان، گرووپەکان و بیاڤە جیاوازەکان پێکهاتووە کە هاوکات وێڕای سەربە یەکتر بوون، خاوەنی سەربەخۆیی رێژەیین. پەیوەندیی نێوانیان، پەیوەندییەکی پایەدار و نەگۆڕ نییە. سەربەخۆیی بەشەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگا لە روانگەی زیمێلدا چەندین ئاکامی گرینگی بەدواوەیە. یەکەم ئەوەیە کە لێك جیاکردنەوەی بیاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتر پاساوێکی پتەوتری هەیە. لە ئاکامدا دەکرێ بیاڤی سیاسەت، سنوورەکان و تایبەتمەندییەکانی بە ئاسانی لێك جیابکرێنەوە. دووهەم ئەوەیە کە کاریگەریی دوولایەنەی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لەسەر یەکتر، رێگەی ئەوەمان پێدەدا کە چۆنییەتی کارتێکەری و کارتێکراوی دیاریبکەین. هەروەها لێکۆڵینەوەی شتە بابەتی و تایبەتەکان لە چوارچێوەی هەمەکییەکان وەدەردەخا. بۆ وێنە رەنگە لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێران بەشی کەرتی سیاسەت لە باقی کەرتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بێ، لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا رۆڵی بیاڤی ئابووری دیاریکەرترە. لە باری لێکۆڵینەوەکانەوە، لقە

٧٩- پولانزاس، نیکوس، فاشیسم و دیکتاتوری، ل ٧١.



جۆراوجۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە سەربەخۆییەکی زیاتر، رێگەی گەشەسەندن و پەرەپێدان بگرنەبەر. تەنانەت لە نێو لقێکی وەك کۆمەڵناسیی سیاسیش دەکرێ زۆر بیاڤی بچووکتر جیا بکرێنەوە و بکەونە بەر لێکۆڵینەوە. هەروەك لە ئەزموونی قوتابخانەی شیکاگۆوە دەردەکەوێ کۆمەڵناسیی سیاسی دەتوانێ بە کۆمەڵناسیی دەوڵەت، حیزبەکان، هەڵبژاردنەکان و هتد دابەشبکرێ. بە هەر حاڵ قوتابخانەی مامەڵەخوازی زیاتر لەگەڵ راستییە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجێ و لە ئەفسانەدارێژی بەدوورە. دەوڵەت یان سیستەمی سیاسیی سەرچاوەگرتوو لەم قوتابخانەیە سیستەمێکی رێژەییە کە بەپێی هەر کۆمەڵگایەك و لەڕووی ئەو هۆ و هۆکارانەی کە لەم کۆمەڵگایەدا هەن جیاوازی دەبێ. بەمجۆرە بە قبوولکردنی ئەم روانگەیە ئێمە دەتوانین سەرنج بدەینە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لە ئارادایە و لە هەمانکاتدا سەرنج بدەینە کاریگەریی هۆکارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سیاسەت و چۆنییەتی کاریگەریی سیاسەت لەسەر کۆمەڵگا. بە تایبەت کە ئێمە پێمانوایە ناکرێ سیستەمی سیاسی یان دیاردە سیاسییەکان بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە مێژوویی، کەلتووری و دەروونییەکان کە دیاریکەری کۆمەڵگایەکن، بکەونە بەر لێکۆڵینەوە. بە واتایەکیتر، سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگایەك کاردانەوەیەکی تەواوی تایبەتمەندییە ئاشکرا و شاراوەکانییەتی. هەروەك تایبەتمەندییەکانی بوونەوەرێکی زیندوو لە رێگەی کرۆمۆسۆمەکان و جینەکانەوە بۆ خانەی زاوزێ رادەگوێزرێ پەیوەندییە کەلتوورییەکان و سیستەمی کرداری کۆمەڵایەتیش تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان، خوو و رەوشتی نەتەوەیی، رووداوە مێژووییەکان و هۆکارە جوگرافییەکان و دەیان هۆکاری تر بۆ سیستەمی سیاسی رادەگوێزن. لە حاڵێکدا کە بۆچوونە تاکهۆییەکان پەیوەندییان بە بیاڤی فەلسەفەوە هەیە، نەك بە بیاڤی کومەڵناسی. تەنانەت لە بۆچوونە مارکسیستییەکاندا کە تەنیا شێوازی بەرهەمهێنان و فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرچاوەگرتوو لەم شێوازە، وەك هۆکاری دیاریکەر لەبەرچاودەگیرێ، لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان حاڵەتی فەلسەفی و لە پێشڕا ئاراستەکراو بە خۆوە دەگرن. ئەو کتێبانەی کە لەم سۆنگەیەوە نووسراون زۆربەی گوتەزاکانی کۆمەڵناسیی سیاسییان دەرهاویشتووە.

## ٤- چییەتی کۆمەڵناسیی سیاسی و مۆدێلە شیکارییەکەی:

هەروەك دیتمان، سیاسەت رەهەندێکی تایبەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەمڕۆ لە بەرزترین رێکخراوی سیاسی واتە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێتەوە و ئامراز و ئامانجە تایبەتەکانی خۆی دەدۆزێتەوە. لە هەمانکاتدا نابێ سیاسەت لەگەڵ هێماکانی یەکسان لەقەڵەم بدرێ. هێماکان، ئەرکەکان و ئامرازەکان یارمەتیمان دەدەن هەتا بتوانین لە پلەی یەکەمدا تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە سیاسییەکان لە کۆمەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری بکەین، پاشان بیاڤی سیاسەت لە باقی بیاڤەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان جیابکەینەوە. بەم شێوەیە سیاسەت هەرلەخۆوە لە دڵی کۆمەڵگا و، سیاسەتناسی لە نێو کۆمەڵناسیدا جێدەگرێ. ئەم دەربڕینە خۆی بەریانێکی شێوازناسانە(مێتۆدۆلۆژیك)ی هەیە. بەم واتایە کە بۆچوون و پێناسەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگا دەخوازێ کە بە پێی ئەو، سیاسەت بە جۆرێك لە پێوندییە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێ کە لە تەنیشت باقی پەیوەندی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئابووری، کەلتوور و هتد، جێ دەگرێ. خاڵێکیتر کە نابێ لەبیرمان بچێ ئەوەیە کە هەر کۆمەڵگایەك دەبێ بە شێوەیەکی تاك و لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕە مێژوویەکانی هەمان کۆمەڵگادا شرۆڤە بکرێ. کاریگەرییە نەرێنییەکانی مێژوونووسانی مارکسیست یان رۆژئاواخوازەکانی جیهانی سێهەم کە مێژووی کۆمەڵگای خۆیان لە رووی مۆدێلە رۆژئاواییەکەی وەسفکردووە لەبیر نابەینەوە. ئەوان چەندین ساڵ بەیەکەوە ململانێیان هەبوو کە مۆدێلی چین باشترە یان مۆدێلی یەکیەتیی سۆڤییەت، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئەوان رێکارێکیتری پێویست بوو. هەر بەم شێوەیە مۆدێلە رۆژئاواییەکانی پەرەسەندن(توسعە)یش نەیاندەتوانی رێگەی دەرچوون لەم بنبەستە بە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان نیشانبدەن.

کەوابوو ئەوەی پایەدار دەمێنێتەوە رێساکانی کۆمەڵناسییە نەك ئەزموونێکی تایبەت. کەلتوور و مێژوو کاردەکەنە سەر کردارە سیاسییەکان بەڵام چەندی و چۆنی ئەم کاریگەرییە بە گوێرەی هەر کۆمەڵگایەك جیاواز دەبێ. لێرەدایە کە کۆمەڵناسیی مێژوویی دەتوانێ وەك دژەژاری مۆدێلە جیهانگیرەکان بێتەبەرباس.

بەم شێوەیە دەکرێ بابەتی کۆمەڵناسی بە دۆزینەوەی ریشە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەیەکی سیاسی یان دانانی دیاردەیەکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی گشتی و تەواوەتیی کۆمەڵایەتیی ئەودا لەقەڵەمبدرێ. کەوابوو لەم کتێبەدا لە لایەك شێوەی کارتێکەری هۆ و هۆکارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر سیستەمی سیاسیدا و لە لایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییانەی



کە لەنێوان سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵگادا پێکدێ، دەخرێتە بەرباس. سروشتییە کە ئەم پەیوەندییانە یەك لایەنە نین. هەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر سیستەمی سیاسی و هەم سیستەمی سیاسی، کۆمەڵگا وەك بابەتی کرداری خۆی دیاریدەکا و ئامرازگەلێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی خۆی بەکاردێنێ.

لەم حاڵەدا باشترین مۆدێلی کۆمەڵناسیی سیاسی هەمان مۆدێلی ئۆرگانیك (سیستەماتیك)ە کە کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی لە دۆخێکی کارتێکەریی دوولایەنەدا دادەنێ و مامڵەی نێوانیان لە گریمانەیەکی ساکاردا دەخاتە بەرچاو. کەم و کوورپی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە پرۆسەی پێکهاتنی سیستەمێکی سیاسی لەبیردەباتەوە، تەنیا سەرنج دەداتە کاتێك کە گوایە سیستەمی سیاسی لە پێشەوە پێکهاتووە و لەگەڵ دەوروپشتی خۆی کەوتۆتە مامڵەیەکی بێپسانەوە. کەم و کورتییەکەی دیکەی ئەو لەوەدایە کە ژیانی سیاسی لە سیستەمی سیاسیی فەرمیی کۆمەڵگایەکدا کورت دەکاتەوە و لە ئاڵوگۆڕەکان یان ئەو ململانێیانەی کە لە کۆمەڵگادا لە ئارادایە خافڵە. ئێمە هەوڵدەدەین بەپێی توانا کاریگەریی ئەم کەم و کورپییانە بە کەمترین رادەی خۆی بگەیەنین.

**پاری دووهەم:**

## هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی سیاسی

دەتوانین هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی سیاسی بە دوو دەستە، واتە هۆکارە پایەدارەکان و هۆکارە نیوە پایەدارەکان دابەش بکەین. هەندێك لە هۆکارە پایەدارەکان وەك هۆکارە سروشتییەکان لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرن و هەندێکی‌تر وەك هۆکارە کەلتوورییەکان ئەگەر لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەریش نەبن، بەدژواری دەگۆڕین و ئاڵوگۆڕیان کاتێکی زۆری پێویستە. رەنگە بوونی ئەم هۆکارانە بۆتە هۆی ئەوەی بەشێك لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم ئاکامە بگەن کە مرۆڤ هیچ رۆڵێکی لە دیاریکردن یان ئاڵوگۆڕی پێکهاتەکان و هەلومەرجی ژیانی خۆیدا نییە. لە هزری مارکسیزمدا مرۆڤ دیلی پێکهاتەکانە و لەگەڵ ئەوەدا کە مێژوو دروستدەکا، بەڵام هیچ رۆڵێکی لە چۆنییەتی مێژوودا نییە. لە هەمانکاتدا داوای لێدەکرێ شۆڕش بەڕێوەبەرێ و، بە ئاگادارییەوە پێوانی رەوگەی مێژوو خێراتر بکا. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تاکەکەسیش لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە.

بەڵام هۆکارە نیوە پایەدارەکان هۆکارێکن کە ئەگەری ئاڵوگۆڕیان لە وەچەیەك بۆ وەچەیەکی‌تر هەیە و خواستی مرۆڤ دەتوانێ لەم ئاڵوگۆڕانەدا کاریگەریی هەبێ. بۆ وێنە سیستەمی ئابووریی وڵاتێك رەنگە لە ژێر کاریگەریی بڕیارەکانی دەوڵەت یان هۆکاری تر وەك شۆڕشی پیشەسازی، لە دەیەیەکدا شایەتی ئاڵوگۆڕێکی گەورە بێ. هەروەك فەرەنسا لە دوو دەیەی ١٨٢٠ و ١٨٣٠ دا شۆڕشی پیشەسازیی تێپەڕ کرد و ئەمریکا لە دەیەی ١٩٢٠ دا شایەتی دووهەمین شۆڕشی پیشەسازی بوو. ئەم ئاڵوگۆڕانە ژیانی سیاسیی ئەو دوو وڵاتەیان بە توندی خستە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. بەم پێیە ئێمە هۆکارە کاریگەرەکان لە ژیانی سیاسیدا بە دوو دەستە دابەش دەکەین:



## بەشی یەکەم
## هۆکارە پایەدارەکان

### ١- هۆکارە سروشتییەکان: هەرێمی، جوگرافیایی و سەرچاوە سروشتییەکان

مرۆڤ لەو رۆژەوە چاو بەسەر ئەم جیهانەدا دەکاتەوە دیمەنەکانی سروشت لە دەوروبەری خۆیدا دەبینێ، دڵیان پێ دەبەستێ، هۆگریان دەبێ و وەك هێمای نیشتیمانەکەی بە بیر و زەینی خۆیان دەسپێرێ و شیعریان بەسەرا دەڵێ و ئەفسانە سازدەکا:

ئەی کێوی سپیدی پێ لە نێو بەند ئەی گومبەزی ئەم جیهانە ئەی دەماوەند

زۆربەی کۆمپانیا گرنگەکانی جیهان بە ناوی کێوەکان، دەریاکان و چۆمەکان ناودێر کراون. کاریگەریی ئەم هۆکارانە لە ژیانی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لێرەوە دەستپێدەکا.

لە زەمانی ئەرەستۆوە کاریگەریی هۆکارە هەرێمییەکان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا سەرنجی پێدراوە و هەتا ئەمڕۆ دەیان تیۆری و ئایدۆلۆژی پێکهاتوون کە هەندێکیان بوونەتە بنەمای دەستدرێژکەریی زۆر رژێمی سیاسیی تایبەت. یەکگرتووترین پێناسەکان لە سەدەی هاوچەرخدا بە کتێبی "*رۆحی یاساکان*" ی مۆنتسکیۆوە دەستیپێکرد کە لە راستیدا دووبارە گوتنەوەی تیۆرییەکانی ئەرەستۆ بوو (ئەم کتێبە زۆر وەك تیۆرییەکانی ئیبنی خەلدوون دەچێ. بەڵام دەگوترێ ئەوکات هێشتا کتێبی ئیبنی خەلدوون بۆ زمانە ئەوروپییەکان وەرنەگێڕدرابۆوە). کتێبەکانی ١٤ هەتا ٢١ ی "*رۆحی یاساکان*" تایبەتن بە کاریگەریی هۆکارە هەرێمی و جوگرافیاییەکان لەسەر ژیانی تاکەکەسی (بیۆلۆژیك)، کۆمەڵی و سیاسیی خەڵکە جۆراوجۆرەکان: هەوای سارد ریشاڵە دەرەکییەکانی لەش گرژ دەکاتەوە و دەبێتە هۆی زۆر بوونی چالاکییەکانیان. بەو هۆیە لە ناوچە ساردەکان مرۆڤ توانایی و هێزێکی زیاتری هەیە و خوێن باشتر بۆ لای دڵ وەگەڕ دەکەوێ و ماددە تراوەکانی لەش هاوسەنگترن. لە ئاکامدا دڵ بەهێزترە و ئەم هێزە کاریگەرییەکی زۆری بۆ وێنە لەسەر بڕوابەخۆبوون، ئازایەتی و بەخشش

هەیە. لە کاتێکدا کە دانیشتوانی هەرێمە گەرمەکان تایبەتمەندیی پێچەوانەیان هەیە.[٨٠] ئەم تایبەتمەندییانە لە جێی خۆی کاریگەرییان لەسەر داڕشتنی یاساکاندا هەیە. چونکە بۆ خەڵکێك کە بە ئاسانی مل بە کار و یاسا نادەن یاساگەلێکی توند و رەقتر پێویستە" لە کاتێکدا کە لە ناوچە ساردەکاندا کە خەڵك چالاکتر و رێکوپێکترن یاسادانان بە لای نەرمی و هێوریدا دەشکێنەوە و لەگەڵ خوو و رەوشت و تەنانەت هەلومەرجی لەش و سروشتی خەڵك هاودەنگ دەبن. مۆنتسکیۆ لەم بارەوە دەڵێ: «کەوابوو یاسای محەمەد (د.خ) کە رێگەی بە خواردنەوەی شەڕاب نەدەدا یاسایەکە کە لەگەڵ کەش و هەوای عەرەبستان دەگونجێ. بەر لەویش ئاو، خواردنەوەی ئاسایی عەرەبەکان بوو. یاسای نەهێشتنی خوادنەوەی شەڕاب لە کارتاژ (قرتاجە)یش لەگەڵ کەش و هەوای ئەوێ گونجاو بوو».[٨١]

شك لەوەدا نییە کە کەش و هەوا کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جۆری ژیان، بیناکان، شێوەی گوزەران و هتد دادەنێ و جۆری گوزەرانیش هەم راستەوخۆ و هەم ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بارودوخی یاساکان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکدا هەیە بەڵام هیچکات ناتوانین رادە و چۆنییەتی ئەم کاریگەرییە دیارییکەین. مەگەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەگەلێکی تایبەتی بکرێ و هۆکاری کەش و هەوا لە چوارچێوەیەکی پێکهاتەیی و لە تەنیشت باقی هۆکارەکان لەبەرچاو بگیرێ هەتا بە پاڵشتی پێدراوە ژمێرياری و بابەتییەکان ئاکامێکی پتەو و تۆکمەتر بەدەست بێ. ریمۆن ئارۆن لە بەرهەمی بە ناوبانگی خۆیدا لە ژێر ناوی "*ئاشتی و شەڕ لە نێوان نەتەوەکاندا*" کە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکان تاوتوێ دەکا، دەستەدداتە خوێندنەوەی بەڵگەهێنانەوەکانی مۆنتسکیۆ و دەڵێ: «قبوولکردنی ئەوەی کە کەش و هەوا بۆ چالاکییە گشتییەکان یان چالاکییە تایبەتییەکان لەبار یان نالەبارە ئەستەم نییە، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە کەش و هەوا لەسەر چۆنییەتییەکانی میراتیی مرۆڤ دایدەنێ هەرگیز بە جۆرێك نییە کە بتوانین بڵێین فلان گرووپ یان فلان نەتەوە یان رەگەز خاوەنی ئەم یان ئەو بەرزتری یان سووك و نزمتری یان شانازی یان شوورەییانەیە. کەش و هەوا مرۆڤ ئازا یان کەمتەرخەم بارناهێنێ. بەم پێیە ناکرێ ئەم پەیوەندییە هۆکارانەییەی کە مۆنتسکیۆ لە نێوان کەش و هەوا و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤدا پێکیدێنێ قبوولبکرێ. هەرچەند

٨٠- مۆنتسکیو، روح القوانین، ل ٣٩٠.

٨١- هەمان سەرچاوە، ل ٤٠٠.



زانیارییەکانمان زیاتر دەبێ و وێنا وشك و دۆگماکان بێ ئیعتیارتر دەبن. جگە لەوە نموونەکانی گەرما و سەرما یان وشکی و خاوی یان سەحرا و کوێستان ئەوەندە زۆر و جۆراوجۆرن کە ناکرێ بڵێین جۆرێکی تایبەت لە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە جۆرێکی گشتی لە کەش و هەواوە هەیە».[٨٢] بەڵام هەروەك گوتمان خەڵکی هەر ناوچەیەك ناچارن خۆیان لەگەڵ سروشت بگونجێنن و ئەم کارە کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییان دادەنێ و لە درێژخایەندا خوو و رەوشتیان دەخاتە ژێر کاریگەری. هەروەك "گۆردۆن چایلد" پێی وایە جوگرافیا بەو ململانێیەی کە بەرەورووی مرۆڤی کردەوە، فۆڕمی بە بناغە سەرەتاییەکانی شارستانییەت دا.[٨٣]

بوون یان نەبوونی سەرچاوە و سەروەت و سامانە سروشتییەکان یەکێکی تر لە هۆکارە کاریگەرەکانە. بەڵام ئەم کاریگەرییە روون نییە و بە پێی بابەت جیاوازی هەیە. بۆ وێنە وڵاتی یابان وڵاتێکی رووت و رەجاڵە کە نە خاکی بەربڵاوی هەیە و نە سەرچاوە و کانزای زۆری تێدا هەڵکەوتووە. ئەم شتە لەسەر چالاکی و کۆششی خەڵکی یابان بێکاریگەری نەبووە و ئەم ورەیە" ئەوانی هەتا ئاستی هێزێکی ئابووری گەورە بەرز کردۆتەوە" لە کاتێکدا کە وڵاتانێکیش هەن کە بە هۆی بێ بەهرەیی زەوی تووشی نەبوونی و زەبوونی بوون و هەن، بەڵام لە نێویاندا هیچ خەبەرێك لەم چالاکییانە نییە. وڵاتانێکیش هەن کە بە هۆی دەوڵەمەندییەوە کەوتوونەتە بەر ئیرەیی و تەماکاری ئەوانیتر کە ئێران و چین و هیند لە سەدەی نۆزدەهەمدا نموونەی بەرچاوی ئەم وڵاتانەن. بوونی کۆلۆنیالیزم لەم وڵاتانەدا و نەبوونی راستەوخۆی کۆلۆنیالیزم لە بەشێك لە وڵاتەکانیتردا، بۆتە هۆی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەم دوو دەستە لە وڵاتەکاندا.

هەڵکەوتی جوگرافیایی یان ژێۆپۆلیتیك لە هۆکارە گرنگەکانە کە کەوتووتە بەر سەرنجی کۆمەڵناسان. ئەو جیاکردنەوە سەرەکییانەی کە لەم بارەوە دەتوانین بیکەین جیاکردنەوە لە نێوان کۆمەڵگا دورگەییەکان و کۆمەڵگا قوڕنەییەکان لە لایەك و لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانە کە رێگەیان بە دەریاوە هەیە و ئەم کۆمەڵگایانەی کە نیانە لە لایەکیترەوەیە. جاروبار وا بەڵگەدەهێنرێتەوە کە «خەڵکی دورگەکان لە خەڵکی قوڕنەکان زیاتر حەز و مەیلی ئازادییان هەیە ... دەریا، دورگەکان لە ئیمپراتۆرییە گەورەکان جیا دەکاتەوە و زێدەخوازەکان ناتوانن

82- Aron, Raymond; Paix st guerre enter the nations; p. 100.
83- Childe, G.; The Most Ancient East; 1934.

دەستدرێژی بکەنە سەریان. دورگەنشینەکان لە کۆت و بەندی گیران و ژێردەستەبوون ئازادن و بە ئاسانی یاساکانی خۆیان دەپارێزن﴾.[84] درێژەی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بەم شێوەیە کە ئەگەر هێرشێك روونەدا پێویستییەك بە سەربازگیری و دانی باجی قورس نابێ. کەوابوو دەوڵەت پێویستی بە توند و تیژی و پێداگری نییە و خەڵکیش توانای ئابووریی خۆیان دەپارێزن و خاوەنی ئازادییەکی ڕێژەیی دەبن. ئەم بەڵگەهێنانەوانە کەم و زۆر لە "*ڕۆحی یاساکان*" دا دەبینرێ و هەندێك لە نووسەرە هاوچەرخەکان وەك "مۆریس دۆوێرژێ"ش پێڕەوییان لێکردوون. نموونەی راستیی ئەم تیۆرییە بریتانیایە، ئەم وڵاتە تاڕادەیەکی زۆر لە هێرشی بیانییەکان پارێزراو بوو و پادشا بیانوویەکی بۆ گوشارهێنان بۆ سەر گەورەکان نەبوو و، ئەم مەسەلەیە کاریگەری لەسەر دەسپێك و پەرەسەندنی رژێمی پەرلەمانی لەم وڵاتەدا هەبوو. لە کاتێکدا کە فەرەنسا کە لە قوڕنەی ئەورووپادا بوو و، بەردەوام لەگەڵ دراوسێکانی خۆی خەریکی شەڕ بوو بە لای سەنترالیزەبووندا شکایەوە و دەوڵەت بە هێزێکی سەربازی تەیار بوو کە ئەم هێزە خۆی یەکێك لە ئامرازەکانی سەرکوت لە نێو خۆی وڵاتیشدا بوو. بەڵام یابان وڵاتێکی دورگەیی و خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی بریتانیا بوو" داخوا ئەم وڵاتە توانی ئازادی لە باوەش بگرێ، یان بە پێچەوانە هەتا شکستی ئەم وڵاتە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، هەمیشە رژێمێکی دیکتاتۆر و ئەفسانەیی بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵبوو؟ ریمۆن ئارۆن ئاماژە بەو ئاڵوگۆڕە گرینگانە دەدا کە پاش شۆڕشی میجی لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە رەفتاری دەرەکی یاباندا پێکهات و بریتانیا و یابان پاش ١٩٤٥ لە سایەی پێشکەوتنە تەکنیکی و زانستییەکان ڕێگای نزیکبوونە لە قوڕنەی دراوسێی خۆیان گرتەبەر و سەرەنجام ئەوەیە کە بریتانیا لە سەدەی شانزدەهەم بەولاوە بوو بە هێزێکی دەریایی لە کاتێکدا کە یابان هیچکات هێزێکی دەریایی بەهێزتری نەبوو. پاشان بەم ئاکامە دەگا کە هۆکاری جوگرافیی بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی وڵاتێك دیاری بکا.[85] "ویدال دولابلانش" ( ١٨٤٥-١٩١٨ ) باوکی جوگرافیای فەرەنسا، ئاماژە بە رۆڵی مرۆڤ لە هاوسەنگ کردنی هۆکارە جوگرافیاییەکان دەکا و دەڵێ ﴿نە تەنیا پەیوەندییەکی میکانیك و راستەوخۆ لە نێوان جۆرێك کەش و هەوا یان زەوی و جۆرێك

٨٤- دوورژە، موریس، جامعەشناسی سیاسی، ل ٤٨.

85- Aron, Raymond; op. cit.; pp. 198-199.



سیستەمی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی تایبەتدا نییە بەڵکو هێزی مرۆڤ دەتوانێ کاریگەریی سروشت بە توندی کەم بکاتەوە﴾.[86]

بەو حاڵەش دەبێ سەرنج بدرێتە سەر کۆمەڵێك تیۆریی جوگرافی کە زۆر ئاکامی سیاسی توند و تیژیشیان لێکەوتەوە.

یەکێك لە شرۆڤە بە ناوبانگەکان کە هەوڵیدەدا جیاوازیی نێوان ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە سایەی هۆکارە سروشتییەکان روونبکاتەوە تیۆریی ناوداری ﴿شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی﴾ی مارکس و تیۆریی ﴿سەرەڕۆیی رۆژهەڵاتی﴾[87]ی "کارل ویتفۆگل"ە . مارکس بە پێچەوانەی فەلسەفەی مێژووی خۆی کە تەواوی کۆمەڵگاکانی لەخۆگری تێپەڕین لە قۆناغە مێژووییە بەناوبانگەکانی، واتا سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی، سەردەمی کۆیلەداری، فیێۆدالیتە، سەرمایەداری، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و قۆناغی باڵای کۆمۆنیزم دەزانی ، بە زوویی لەو جیاوازییە بنەڕەتی و بەرچاوانە گەیشت کە مێژووی رۆژهەڵات لە رۆژئاوا جیا دەکەنەوە. تیۆریی ﴿شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی﴾ پاساوی جیاوازیی نێوان تیۆری و راستی بوو. بە باوەڕی مارکس: ﴿هەلومەرجی هەرێمی و جوگرافی، بە تایبەت سەرزەوییە سەحراییە بەربڵاوەکان کە لە باکووری ئەفریقاوە دەست پێدەکا و، بە تێپەڕبوون لە عەرەبستان، ئێران، هیند و تاتارستان هەتا دەشتە بەرزەکانی ئاسیای ناوەڕاست درێژەی دەبێ، بوو بە هۆی جۆرێك ئاوداشتنی دەسکرد لە رێگەی کارێزەکان و باقی چالاکییەکانی ئاوداشتنی دەسکرد کە بناغەی کشتوکاڵیی رۆژئاوایی پێکدێنێ ... ( وتاری ١٠/٦/١٨٥٣ )﴾.[88] بە باوەڕی مارکس ئەم جیاوازییە لە بنەماکانی سروشتی کشتوکاڵی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بۆتە هۆی کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی پاشادا و، بەرگریکردن لە پێکهاتنی توێژێکی فیێۆدال بە شێوازی ئەورووپا. ئەم هێزە سەنتراڵە دەبێ حەشیمەتە کەم و بڵاوەکانی سەرزەوییە بەربڵاوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و کاری دابەشکردنی ئاو لە نێوانیاندا ڕێکبخا. مارکس هەرگیز دەرفەتی پەرەپێدانی ئەم هزرە و روونکردنەوەی بیروڕای خۆی وەدەستنەهێنا. هیچکام لە پێڕەوەکانیشی ئەم کارەیان نەکرد. جگە لە کارل ویتفۆگل کە لە دەیەی ١٩٥٠دا هەوڵیدا لەسەر بنەمای شێوەی ئاوداشتن، پاساوێك بۆ شێوەی دەسەڵاتدارێتی

86- Lorot, Pascal; Histoire de la geopolitique; p. 48.

87- Wittfogel, Karl A.; Oriental Despotisme. A comparative study of Total Power; 1957.

88- Cite de Vielle, Paul; La feodalite et l Etat en Iran; p. 27.

لە ڕۆژهەڵاتدا بێنێتەوە: کەمبوونی ئاو، کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگا ئاسیاییەکان، میسر و پێرۆ بووە. بەم هۆیە ئەم کۆمەڵگایانە بەم ئاڕاستەیەدا چوون کە ببن بە هێزێکی سەنترالیزە لەسەربنەمای دەزگایەکی برۆکراسیی سەرکوتکەر.

بە واتایەکی تر ئەم هێزە سەنتراڵە درێژەی دەسەڵاتی میراوە، کە کاری دابەشکردنی ئاوی لە ئەستۆ بووە. ئەم تیۆرییە ئەگەرچی بە هۆی ئامانجی دژە ستالینی، دەنگ و هەرایەکی زۆری سازکرد، بەڵام ڕەخنەگەلێکی زۆریشی بەدواوە بوو.

زۆربەی تیۆرییە جوگرافییەکان لەسەر بنەمای جۆرێك دەمارگرژی و زەبروزەنگ دامەزراون و، ئەو پێوندییە زۆردارانەیە لە نێوان هۆکارە جوگرافییەکان و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت لە بیاڤی جوگرافیای سیاسیدا، ئامرازی گونجاوی بۆ ڕێژیمە فاشیستییەکانی دەیەی ١٩٣٠ پێکهێنا. خاڵی دەسپێکی ئەم شەپۆلە، تیۆریی "ئالفرێد ماهان" (١٨٤٠-١٩١٤) بوو کە لە کتێبی "*دەسەڵاتی هێزی دەریایی لە مێژوودا*" (١٨٩٠) دەستڕاگەیشتن بە دەریا و بوونی هێزی دەریایی بۆ نەتەوەکان بە چارەنووسساز زانی و بەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەیدا ڕکەبەرایەتییەکی بێ پێشینە لە بواری هێزی دەریاییدا دەستیپێکرد. بەڵام تیۆریی ﴿هارتلەند﴾ی "مەکیندر" (١٨٤٠-١٩٤٧) لەسەر ئەو بنەمایە کە هەرکەس بەسەر دڵی جیهاندا زاڵبێ بەسەر تەواوی جیهاندا زاڵدەبێ، بەتایبەت دیاریکردنی بازنەیەك کە بەشی ڕۆژئاوای ئەڵمانیای و، بەشێکی پۆلەندای هەتا ئۆکرانیا دەگرتەوە، وەك هارتلەند بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەڵمانیای نازی بکەوێتە بیری داگیرکردنی ئەم بەشانە.

تیۆریی "کارل هۆس هۆفێر" (١٨٦٩-١٩٤٦) لەمەڕ نهێنییەکانی سنوورەکان و فەزای ژیواری کە لەسەر بنەمای ئەو، دەوڵەتەکان بە بوونەوەرێکی زیندوو دەشوبهێندران کە گەشەیان کردووە و فەزایەکی زیاتر داگیردەکەن و لە ئاکامدا سنوورەکان وێڕای گەشەسەندنی نەتەوەکان دەگۆڕێن و بەربڵاوتر دەبنەوە. ئەم تیۆرییە بوو بە دەسمایەی دەستدرێژییەکانی ئەڵمانیای نازی.

ئەم چەشنە تیۆرییانە وێڕای ئیدانەکردن و ڕەتکردنەوەی نازیزم و ڕژێمە تۆتالیتەرەکانی دەیەی ١٩٣٠ بۆ ماوەیەك لەبیر چوونەوە، بەڵام دووبارە لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا بە مەبەستی لەقاودانی بەرنامەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە چوارچێوەیەکی نوێدا کەوتنەوە بەرباس.

پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و سیاسەت لە فۆرم و ڕەهەند و، لە سۆنگە جۆراوجۆرەکانەوە بەردەوام لە گۆڕێدا بووە و دەشبێ. بۆ وێنە تاقمێك لە پەیوەندی لەگەڵ ناوچە جوگرافییەکان و



ئاڕاستەی ڕای سیاسی دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە. ئەم چەشنە کارانە لە فەرەنسا بە هۆی "ئاندرێ زیگفرید"(١٨٧٥-١٩٥٩)ەوە دەستیپێکرد کە خۆی درێژەدەری ڕێگەی ڕیداڵ دولابلانش بوو. ئەم کارانە وەك کارەکانی قوتابخانەی شیکاگۆ بوون کە سەرنجی دابووە ڕەفتارە سیاسییەکان و خواستی گرووپە جۆراوجۆرەکان و دانیشتوانی ناوچە جۆراوجۆەکان لە هەڵبژاردنەکاندا. لە ئاکامدا، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جوگرافیای سیاسی لە چوار ئاستی نێونەتەوەیی، ناوچەیی، نەتەوەیی و هەرێمی بەڕێوەدەچێ. بۆ وێنە کارەکانی "ئێمانۆئێل ڤالترشتاین" لەبارەی تەکووزی جیهانی و ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا قایل دەبێ و ئەم جیاوازییە لە دەستڕاگەیشتنی ئەورووپای ڕۆژئاوا و، دەستڕانەگەیشتنی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە دەریا لە دەسپێکی چوونە نێو سەرمایەداریی بازرگانییەوە دەزانێ، تیۆرییەکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا. یان تیۆریی "گۆرباچۆف" لەبارەی خانووی هاوبەشی ئەورووپایی لە ئۆراڵەوە هەتا ئاتلانتیك کە لە ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٨٦ دا هێنابوویە بەرباس، تیۆرییەك لە ئاستی ناوچەییدا بوو و، تیۆریی هۆس هۆفێر لە ئاستی نەتەوەیی و تیۆریی زیگفرید لە ئاستی ژێرنەتەوەیی و نێوخۆیی‌یەوە بوون. گرنگ ئەوەیە کە بزانین کۆمەڵگا هەمیشە لە چوارچێوەی جوگرافی خۆیدا پێکدێ، درێژە بەژیانی خۆی دەدا، کاریگەری لێوەردەگرێ و هەر لەم ڕێگەیەشەوە پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان جوگرافیا و سیاسەت لە ئارادایە کە نابێ لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکاندا لەبەرچاو نەگیرێ.

### ٢- مێژوو:

مێژووش وەك باقی لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە گەرمەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شایەتی پەیدا بوونی زۆر تیۆریی نوێ بووە. پاش ئەوەی توانی لە سەدەی هەژدەهەم لە چەنگ مێتافیزیك رزگاریبێ، کەوتە داوی فەلسەفەی ئەرێنییەوە و زۆربەی لایەنە لێکدانەوەیی و بەراوردکارییەکانی خۆی لەدەستدا. لە هەمانکاتدا مێژوو، ئەمجۆرە تەنگەبەرییانە و زۆر داڵانی بچووکی‌تر، وەك تیۆریی پاڵەوانخوازی "کارلایل"یشی تێپەڕ کرد.

یەکێك لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی تەواوی تیۆرییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوانگەی مێژوویی‌خوازی بوو، کە خۆی بە یەکێك لە بەرهەمەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و نوێبوونەوە دەژمێردرێ. لەسەر بنەمای سیستەمی زانستی (یان ئەپیستمە) نوێبوونەوە، کۆمەڵگا مرۆییەکان بەردەوام بەرەوپێش دەچن و پەرەسەندن

بەشی پێوە لکاوی مێژووی مرۆڤە. بەمجۆرە بوو کە زۆربەی کۆمەڵناسان و بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کەوتنە هەوڵی دیاریکردنی قۆناغەکانی ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنە.

"ئۆگۆست کۆنت" سێ قۆناغی مێژوویی لەسەربنەمای وەرچەرخانی رۆحی مرۆڤ دەخستە بەرباس کە بریتیبوون لە قۆناغی هێزە گوماناوییەکان و وەپاڵ خودا نانی کاروبارەکان، قۆناغی مێتافیزیك کە لەگەڵ جۆرێك بەڵگەهێنانەوەی مێتافیزیکییەوە تێکەڵبوو و، قۆناغی عاقڵمەندی یان پۆزیتیویزم کە بەڵگەهێناوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای عەقڵ و بابەتی بوونەوە دامەزراوە.

"مارکس" باوەڕی بە قۆناغ گەلێکی وەك کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلەداری، فیۆدالیزم، سەرمایەداری، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەبوو. دۆرکهایم دوو جۆر کۆمەڵگای گشتی لێك جیادەکردەوە: نەریتی و پیشەسازی. ئەم روانگەیە لە سەدەی بیستەمیشدا دووپات بۆوە. تەواوی تیۆرییە گەشەخوازەکانی دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ قۆناغێکی یەکسان لە گەشەسەندنیان بۆ تەواوی کۆمەڵگاکان لەبەرچاودەگرت.

لە دەسپێکی دەیەی ١٩٣٠ دا قوتابخانەی "ئانال" کە "هانری لوفیور" (Lefevre) و "مارك بلوك" دایانمەزراند خزمەتێکی گەورەی بە گەشەسەندنی ئەم زانستە کرد، چونکە مێژووی لەسەر بنەمای رووداوە لێك جیاوازەکان، یان بە پێداگرتن لەسەر هەندێك رووداوی تایبەت وەك شۆڕشەکان یان ئاڵوگۆڕی رژێیمە سیاسییەکان نەدەخستەبەر لێکۆڵینەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی پێکهاتەیی و لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکردن. بایەخی ئەم شێوازە لەوەدا بوو کە سەرنجێکی تایبەتی دەدا بە مەسەلە کەلتووری و دەروونییەکان و خەسڵەت و شێوەی ژیانی خەڵکەکان. ئەم قوتابخانەیە لە دەیەی ١٩٧٠ و بەتایبەت پاش چاوپێکەوتنی "میشێل فۆکۆ"ی پۆست مۆدێرن و "پیێر نورا"ی ئانارشیست و پێکهاتەخواز، سەرلەنوێ تووشی شۆڕش هاتەوە. بەڵام ئەم پێکهاتەیە شکا و مێژوو هەتا ئەو جێیەی دەکرا بە سەر پارچەی وردی کاتی و بابەتی دابەشکرا" وەك ئەوەی گوایە هیچ رووداوێك یان هیچ بابەتێك پەیوەندی بە هیچ بابەتێکی ترەوە نییە. بەم شێوەیە مێژوو بوو بە مێژووەکان و هیچ هەودایەکی زنجیرەیی تێدا وێنا نەکرا. ئەوانەی کە بە وەچەی سێهەمی قوتابخانەی ئانال ناسراون، وەك لۆرا لادۆری، پیێر نۆرا و ژاك لۆگۆف دیسان دەستیان کردەوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی رابردوو هەتا بیسەلمێنن کە ئەو شتانەی هەتا ئێستا گومانی پەیوەندیی



لەگەڵ یەکتریان لەسەر بووە، هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. لە هەمان کاتدا بووژانەوەی قوتابخانەی کۆمەڵناسیی مێژوویی لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ دا بەرگری لە دووبەرەکی لەڕادە بەدەری مێژوو کرد. بە پێی بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە هێڵێکی جیهانگیری مێژوویی لەگۆڕێدا نییە، بەڵام لێکدابڕانێکی تەواویش لەگۆڕێدا نییە، بەڵکو هەر کۆمەڵگایەك کە لە درێژایی مێژوودا پێکدێ، وەرچەرخانی بەسەردادێ، زۆر رووداوی تایبەت دەناسێ و ستراتێژیی تایبەت لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەسەلەکاندا بەدیدێنێ و، تەواوی ئەوانە داغی خۆیان بە ناوچاوانی کۆمەڵگاوە دەهێڵنەوە. کەوابوو هەر کۆمەڵگایەك مێژووی تایبەتی خۆی هەیە کە هەتا ئاستی مێژووی هیچ کۆمەڵگایەکیتر نزمناکرێتەوە. هەروەك خودی مارکسیش لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان مێژووی رۆژهەڵات و رۆژئاوا گەیشت. بناغەدانەرانی کۆمەڵناسیی مێژوویی مۆنتسکیۆ و ئالێکسی دۆتۆکۆیل بوون کە هەلومەرجی سروشتی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانیان لەبەرچاو دەگرت. کەسانێکی کە لە بووژانەوەی ئەم تیۆرییەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لایەنێك لە بیرمەندە مارکسیستەکان وەك بارنینگتۆن مۆر، ئیسکاچپۆل و پێری ئاندرسۆن بوون کە بە مارکسیستە مێژووخوازەکان ناسراون. بەڵام کەسانێکی وەك نیسبێت، رۆکان، لیپێست، ئیسترێ ئێیر و ئارکی ئێیر نابێ لەبیر بکرێن.

کەوابوو بۆ ناسینی کۆمەڵگایەك دەبێ بگەڕێینەوە سەر مێژووی ئەو کۆمەڵگایە، چونکە ناکرێ مۆدێلێکی تایبەت لە لەرچەرخان وەبەرچاوبگیرێ و تەواوی کۆمەڵگاکان بە پەیڕەوی ئەومۆدێلە بزانرێن. بەم شێوەیە ئیتر ناکرێ دەوڵەت ـ نەتەوەی رۆژئاوایی بە دیاردەیەکی جیهانگیری دابنرێ. رۆکان و لیپێست قۆناغگەلێك لە پەرەسەندنی سیاسی و گەشەکردنی دەوڵەتی نوێ لە ئەورووپای رۆژئاوا دەخەنە بەرباس کە تایبەتی ئەم سەرزەوییەیە و، ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە چاولێکەری لە ئەورووپای رۆژئاوا وەرگری دەوڵەت ـ نەتەوە بوون، بەهیچ جۆرێك ئەم قۆناغانەیان تێپەڕ نەکرد. دەسپێکی پەرەسەندنی سیاسی لە رۆژئاوادا وێڕای پێکهاتنی دەوڵەتی رەها بوو، کە وەها پەیوەندییەك بە سەرنجدان بە دووبەرەکیی دەسەڵات لەسەردەمی پێشووی ئەو واتە سەردەمی فیۆدالیتە بە تەواوی لۆژیك دێتە بەرچاو. بەڵام لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا کە هەمیشە سەنترالیزە بوونی دەسەڵات لە بەرزترین ئاستی خۆیدا هەبووە چۆن دەکرێ لەنێوان پەرەسەندن و سەنترالیزەبوونی دەسەڵات پەیوەندی سازبکرێ. بەم شێوەیە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی لەنێوان رەوتی پەرەسەندن لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەورووپای

ڕۆژهەڵاتدا بەدیدەکرێ کە بابەتی ڕادەربڕینە جۆراوجۆرەکان بووە. ئەگەریش بکرێ بۆ مێژووی ئەورووپای ڕۆژئاوا هەندێك قۆناغی هاوبەش بدۆزینەوە، لەبەرامبەردا شێوەی تێپەڕینی وڵاتانی ئەم قوڕنەیە لە هەرکام لەم قۆناغانە، بەیەکەوە جیاوازی هەبووە. بۆ وێنە ڕۆکان و لیپێست باس لە دوو شۆڕشی نەتەویی و پیشەسازی لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەکەن کە هەرکام لەوانە بوونە هۆی سازبوونی دوو ململانێی مێژوویی.

شۆڕشی نەتەوەیی لە لایەك دەوڵەت و کلێسا و لە لایەکیترەوە ناوەند و دەوروپشتی لە بەرامبەر یەکترا دانا، شۆڕشی پیشەسازی، کار و سەرمایە لە لایەك و شار و دێی لە لایەکیترەوە لە بەرامبەر یەکتر دانا. بەڵام شێوەی کۆتایی هێنان بەم ململانێیانە پەیوەندیی تەواوی بە هەلومەرجی هەر کۆمەڵگایەکەوە هەبوو. لە ئاکامدا مێژووی بریتانیا و مێژووی فەرەنسا لە چۆنییەتی ڕوودان و کۆتایی هێنان بەم ململانێیانە بە تەواوی لێك جیاوازن.

بەم شێوەیە وڵاتانی جیهانی سێهەم سەرەڕای مەسەلە هاوبەشەکانی داگیرکەری و لە کۆلۆنی دەرهاتن، خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش نین. تەنانەت شێوەی هاتنی داگیرکەری و چوونەدەرێ لە هەرکام لەم وڵاتانەدا جیاواز بووە. داگیرکەریی بریتانیا لە هیند هیچ پەیوەندییەکی بە داگیرکەریی فەرەنسا لە ئەلجەزایرەوە نییە. لە نێو ئەم وڵاتانەدا، وڵاتانێك هەن وەك ئێران و چین کە خاوەن مێژوو و کەلتوورێکی لەمێژینەن، لە حاڵێکدا هەندێکیتریان بوونی خۆیان لەسایەی بوونی داگیرکەرانەوە دەبیننەوە. هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نییە کە ژیانیان بە هاتنی داگیرکەرییەوە سەروسامانی گرتبێ، بەڵکو ئەوان هەتا پێش بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ بێگانەکان هیچ وێنایەکیان لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان نەبوو. بارودۆخی زۆربەی وڵاتە ئەفریقاییەکان بەم شێوەیە. لێرەدا چاوخشاندنێك بە سەر مێژووی ئێراندا نیشاندەدا کە تێگەیشتن لە مەسەلەکانی ئەمڕۆی ئێران بێ گەڕانەوە بۆ سەر مێژووی ئەم وڵاتە مەیسەر نییە. سەرەڕای بەردەوامییەك کە لە مێژووی وڵاتی ئێراندا هەیە، هەندێك لێك دابڕانیش بەرچاو دەکەوێ: یەکیان هاتنی عەرەبەکان بۆ ئێران و ئەویتر ئاشنابوون لەگەڵ ژیاری ڕۆژئاوا. کۆماری ئیسلامی ئێران وەك سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە کە لە لایەك پێ لەسەر بەها ئیسلامییەکان دادەگرێ و لە لایەکی ترەوە هەندێك لە هێما سیاسییەکانی ڕۆژئاوا وەك هەڵبژاردنەکان، پەرلەمان، سەرۆك کۆماری و ...هتد قبووڵکردووە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی ئەم قۆناغە مێژووییانەیە. جگە لەوە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەفەوی لە ئێراندا، چاککردنەوەی ئایین و بە پێکهاتەبوونی بنیات و بژاردە ئایینییەکانی بەدواوە بوو کە بێ



لەبەرچاوگرتنی، تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕۆحانییە شیعەکان لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێراندا مەیسەر نابێ.

سێ گرووپ کە لە دەوڵەتی سەفەویەدا ڕۆڵیان هەبوو، واتە قزلباشەکان (نیزامییەکان)، ئیدارییەکان و ڕۆحانییەکان، پاش سەفەوییە بەدوای یەکدا بەدەسەڵات گەیشتن: قاجارەکان، پەهلەوی و ڕۆحانییەکان. ئەم ئاماژە گشتییانە تەنیا بۆ نیشاندانی بایەخی مێژوو لە تێگەیشتنی مەسەلەکانی ئەمڕۆدایە. ئەگینا سەدان خاڵی لە موو باریکتر هەیە کە شتێك جگە لە مێژوو ناتوانێ وەڵامیانبداتەوە.

بە گشتی باسەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی پێدێنین کە هەر کۆمەڵگایەك مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و بنیاتەکان، ململانێکان و ڕەوتە سیاسییەکانی هەر کۆمەڵگایەك ئاکامی ئەم وەرچەرخانەیە کە لە مێژووی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕوویداوە. لە یەك قسەدا سیستەمی سیاسی کۆمەڵگایەك بەرهەمی مێژووی ئەم کۆمەڵگایەیە.

### ٣ . پەیوەندیی کەلتوور و سیاسەت:

### کاریگەریی هۆکارە کەلتوورییەکان لەسەر سیاسەت

کەلتوور لە گوتەزا ساکار و ئاسانەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە هەمووان هەستی پێدەکەن، بەڵام کاتێك بڕیار بێ پێناسەیەکی لێبکرێ دژواری کارەکە ئاشکرا دەبێ. بەم هۆیە کە دەسپێکی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی لق و بابەتە دیاریکراوەکان، لەگەڵ سەردەمی ئەزموونگەرێتی هاوکات بوو، گوتەزا کەلتوورییەکان فەزایەکی گونجاویان بۆ گەشەکردن پەیدا نەکرد، چونکە تێکەڵ کردنی لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکان لە وەها چوارچێوەیەکی تەنگ و دژبەردا ئەستەم دەهاتە بەرچاو. ئەم دژایەتییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کەلتوور لە گوتەزا نامادديیەکانە، لەحاڵێکدا کە ئەزموونگەرێتی لەسەر بنەمای بابەتییەت و چەندییەت دامەزراوە. لە هەمان کاتدا کەلتوور بەر لەوەی بابەتی لقێکی تایبەت بێ بەردەوام لە ناوەندی هزرە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو. کتێبی "*ڕۆحی یاساکان*"ی مۆنتسکیۆ کە هەڵگری شیکردنەوەیەکی خوو و ڕەوشت و داب و نەریتەکانی خەڵکانی جۆراوجۆر بوو، شایەتی ئەم ئیدیعایەیە. لە سیاسەتی بە کردەوەشدا کەلتوور بە پێداگری لەسەر چەند لایەنی تایبەت بەو، وەك خوو و ڕەوشتی نەتەوەیی و داب و نەریتی گەلەکان و خەڵکی وڵاتە جۆراوجۆرەکان، جێی سەرنج بووە. دەستەواژەی ﴿کەلتوور سڕینەوە﴾ کە داگیرکەران لە

پەیوەندی لەگەڵ سڕینەوەی داب و نەریتی نەتەوە داگیرکراوەکان بەکاریان دێنا، خۆی نیشاندەری سەرنجی سیاسەتمەدارەکان بە هۆکاری کەلتوور و کاریگەرییەکەی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بووە. چەمکی کەلتوور لە کەلتووری رۆژئاوا وەك زۆربەی مەسەلەکانیتر ریشەی ئایینی هەیە و لە وشەی culte بە مانای پەرستن وەرگیراوە و پاشان هاوسەنگی culture لە چاوگی cultivar بە مانای چاندن بەکار هاتووە. هەتا سەدەی هەژدەهەم بە هەمان مانا سەرەکییەکەی واتا چاندن و بارهێنان بەکاردەهات و وردە وردە تایبەتکرا بە بارهێنانی هزر، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەهەم لە بەرامبەر سروشت nature دا بەکارهات و لەسەردەمی رۆشنگەری وەك لایەنی جیاکەرەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ و سروشت کارکردێکی بەربڵاوی لە ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەدا پەیدا کرد، بەتایبەت کە مانای بارهێنەرییەکەی لەگەڵ یەکێك لە بنەماکانی مۆدێرنیتە (نوێ بوونەوە) واتە پێشکەوت (progress) هاوئاراستەیە.[89] لە فەرەنسا کەلتوور بە هاوواتای وشەیەکیتر واتا ژیار (civilization) دانرا کە لە بزووتنەوەی رۆشنگەریی فەرەنسادا جێگەیەکی بەرزی هەبوو. لە هەمان کاتدا کەلتوور زیاتر لایەنی تاکەکەسی هەبوو و، ژیار لایەنی کۆمەڵی. سەرەڕای ئەوەش هێشتا رێگەی زۆر هەتا بەدیهێنانی چەمکێکی زانستی لە کەلتوور مابوو. لقی قەومناسی، بە شێوەیەکی روونتر قەومناسێکی بریتانیایی بە نێوی "ئێدوارد برۆنێت تایلۆر[90]" (١٨٣٢-١٩١٧) لەم کارەدا پێشڕەو بوو. ئەو کە لە ژێرکاریگەریی روانگەی فەرەنسی نەیدەتوانی لە نێوان کەلتوور و ژیار جیاوازی دابنێ نووسی: ﴿کەلتوور یان ژیار لە مانای قەومناسییەکەیدا بریتییە لە کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە ناسین، باوەڕەکان، هونەر، ئەخلاق، حوقوق، داب و نەریتەکان و باقی سیفەتە جێگیرەکان یان خوو و رەوشتە دەسکەوتووەکانی مرۆڤ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگایەك﴾.[91] دوای ئەوە، خەڵکناسان و کۆمەڵناسانێکی وەك فرانتس بوئاس (Franz Boas، ١٨٥٨-١٩٤٢) لە ئەڵمانیا، دۆرکهایم لە فەرەنسا و برۆنیسلاڤ مالینفسکی (١٨٨٤-١٩٤٢) لە بریتانیا هەوڵیاندا پێناسەیەکی زانستی لە کەلتوور پێشکەش بکەن. بە تایبەت مالینفسکی لە کتێبی *"تیۆرییەکی زانستی لە کەلتوور"*[92]دا، کەلتووری لە روانگەی کارکردخوازی(فەنکسیۆنالیزم)یەوە

89- Cuche, Denys; La nation de culture dans les sciences socials; p. 9.
90- Tylor, Edward Brunette; (Primitive Culture-London, 187), La civilization peimitive; Paris, Reinwald, 1876-1878, 2 vol
91- Ibid.; p. 1.
92- Malinowski, Bronislaw; Une theorie scientifique de la culture (1944); 1968.



تاوتوێ کرد. "کرۆبێر" و "کلۆکهۆهن" دوو کەس لە خەڵکناسانی ئەمریکایی لە دەسپێکی دەیەی ١٩٥٠ دا لیستەیەك لە پێناسەکانی کۆمەڵناسان و خەڵکناسان بۆ کەلتووریان پێشکەشکرد و ئەوانیان بە ٦ دەستە دابەشکرد.[93]

لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا کەلتوور وەك بابەتێکی سەرەکی کەوتە ناوەندی شیکردنەوە کارکردخوازییەکانی لقی خەڵکناسی. لە نێو سیستەمییەکان (سیستەمخوازەکان)دا، پارسۆنز سەرنجێکی تایبەتی دایە کەلتوور و رۆڵی ئایین و شتەپیرۆزەکان لە نێو سیستەمێکی کەلتووریدا. لە نێو ئەم لێکۆڵینەوە و سەرنجانەدا بوو کە هەندێك لە سیاسەتناسان باسی کەلتووری سیاسییان هێنایە گۆڕێ. دابەشکردنی کەلتوور بە کەلتووری سیاسی، ئابووری و هتد تەنیا دەیتوانی کاری توێژەرە ئەمریکاییەکان بێ، چونکە کۆمەڵناسانی ئەورووپی کە هێشتا بە تیۆرییەکانی دۆرکهایم و ڤێبەر وەفادار بوون ئەم دابەشکردنە رووکەشییانەیان قبووڵنەدەکرد. پاشان کۆمەڵناسانی ئەورووپی وێڕای هەندێك لە کۆمەڵناسانی ئەنگلۆساکسۆن روویانکردە کۆمەڵناسیی مێژوویی کەلتوور کە تێیدا سەرنجێکی تایبەت دەدرایە کاری پیرۆز و رۆڵی ئایینەکان لە پێکهاتنی بیاڤە کەلتوورییەکان و سیستەمە سیاسییەکاندا، چونکە کاکڵی ناوەندیی سیستەمێکی کەلتووری، سیستەمە بەهاییەکەیەتی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئایین هەیە. جگە لە هەندێك لە پەیڕەوانی قوتابخانەی بەناو واقیعبینی کە حاشایان لە هەرجۆرە پەیوەندییەکی نێوان کەلتوور و سیاسەت دەکرد و هەروەها هەندێك لە روانگەکانی کارتێکراوی مارکسیزم وەك تیۆریی"یدا ئیسکاچپۆل" یان "ڤالترشتاین"، باقی لێکۆڵینەوەکانی سەدەی بیستەم بە جۆرێك پەیوەندییان لە نێوان سیاسەت و کەلتوور سازدەکرد.

لە پێشتر بوونی کەلتوور یان سیاسەت؟ لە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژە بە هەندێکیان کرا دەکرێ سێ تیۆریی سەرەکی لەمەڕ پەیوەندی سیاسەت و کەلتوور لێك جیا بکرێنەوە. سەرەتا تیۆریی کەلتوورخوازان کە کەلتوور بە بنەمای تەواوی کردارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وێنە سیاسەت دەزانن" دووهەم ئەوەیە کە ئەولەوییەت دەدەنە کۆمەڵگا و، کەلتوور بە دەسکرد یان بە بەشێکی گۆمەڵگا لەقەڵەمدەدەن و باس لە کۆمەڵناسیی کەلتوور دەکەن، یان چارەنووسی کۆمەڵگاکان لە چوارچێوەی کۆمەڵناسییەکی مێژوویی ـ کەلتوورییەوە تاوتوێ دەکەن. سەرەنجام لایەنگرانی ﴿کاریگەریی دوولایەنە﴾ یان پەیوەندیی دوولایەنە کە کەلتوور و سیاسەت و تەنانەت

93- Kroeber, A.C. Klukhohn; Culture: A Critical Review of Concepts and Definitions; 1952.

باقی دیاردەکان لە کردار و پەرچەکرداری بەرامبەر بە یەکتریدا تاوتوێ دەکەن. بە پێی ئەو بنەمایانەی کە هەتا ئێستا پەیڕەومان کردووە ئەم نووسراوەیە لایەنگری روانگەی سێهەمە و ئەو بە راست و دروستتر دەزانێ.

أ) کەلتوورخوازی و دیاریکەریی کەلتوور. ئەگەر پێناسەی مالینفسکی لە کەلتوور قبوولبکەین کە تێیدا کەلتوور، چ سەرەتایی و چ ئالۆزی، وەك گشتێتییەکی کۆمەلایەتیی بریتی لە ئامرازە ماددییەکان و لایەنە ناماددییەکانی ژیانی مرۆڤ وەك باوەڕەکان و خوو و خدەکان، پێناسە دەکرێ کە بواری ئەوە بە مرۆڤ دەدا کە لە بەرامبەر ئەو مەسەلە هەستپێکراوانەی کە بەرەوڕووی دەبنەوە بەربەرەکانی بکا،[٩٤] ئەوکات کەلتوور نەتەنیا ئاراستەی گومان و رەفتارە تاکەکەسییەکان دیاریدەکا، بەلکو دیاریکەری رەفتارە کۆمەلییەکانیشە“ واتە کەلتوور تەواوی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە و پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و شوێنکارەکەیان رێکوپێك دەکا. بە تایبەت کە لە پڕۆسەی تێکەڵ بوونی تاك لەگەڵ بەدەنەی کۆمەڵگادا رۆڵی بنەڕەتی بە ئەستۆوەیە.

"کلیفۆرد گیرتز" هەر ئەو باوەڕە لە چوارچێوەیەکی سیستەماتیکدا دەخاتەڕوو. بە واتایەکیتر، کەلتوور وەك وەها سیستەمێك دەناسێندرێ کە خاوەن توخم و رەهەندی جۆراوجۆرە و، ئەم توخمانە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا گشتێتییەکی تەواو پێکدێنن. گیرتز تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سیستەمێکی کەلتووری بە شێوەی بنەوە دەناسێنێ:

ـ کەلتوور تێکەلبوونخوازە، چونکە بەدیهێنەری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانە. ماملە کۆمەلایەتییەکان و کردار و پەرچەکرداری نێوان ئەکتەرەکان تەنیا بە مەرجێك مەیسەر دەبێ کە کەمینەیەك لە کۆدی ماناکان یان پەیوەندیی نێوان مانا و مانابەخش لە نێویاندا هەبێ.

ـ کەلتوور بەهامەندە، چونکە رێساکانی ئاڕاستەی کردارە کۆمەلایەتییەکان بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێ.

ـ کەلتوورگشتگرە، چونکە توخمە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی لۆژیکی یەکیەت یدەری کۆدی ماناکانی خۆیدا لێك کۆ دەکاتەوە. بە واتایەکی تر لە سایەی تۆڕێك لە ماناکان و لێکدانەوە هاوبەشەکانەوە، تەواوی چالاکی و پەیوەندییە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵگایەك لێك دەبەستێتەوە.[٩٥]

94- Ibid.; pp. 35-36.
95- Geertz, Cliford; The Interpretation of Cultures; New York, Basic Books, 1973, in Partick le Comte/Bernard denni; Sociologie politique; Gronoble, PUG, 1990, p.65.



لەسەر ئەم بنەمایە "گێی رۆشێ" کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی ئاماژە بە سێ ئەرك بۆ سیستەمێك دەکا کە بریتین لەیەکەم: ئەرکی کۆمەڵگاسازی، واتا کەلتوور بەدیهێنەری کۆمەڵگایە، چونکە تەواوی هۆکارە بابەتی و ماددییەکانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بە هۆی سیستەمی کەلتوورییەوە لە دەستەواژەگەلێکی هێمایی (سەمبۆلیك)یەوە بەرهەم دەهێنرێنەوە و راڤە دەکرێنەوە و مانا و پایەداری و یەکگرتوویی پەیدادەکەن. هەروەك گوترا تاك لە رێگەی ئەم تۆڕەوە دەچێتە نێو کۆمەڵگا و پێیەوە دەلکێ (کۆمەڵگاگری). دووهەم: ئەرکی دەروونی ـ کۆمەلایەتی کە مۆدێل و نموونە دەداتە کەسایەتیی تاك و، رێساکانی رەفتاری کۆمەلایەتیی لەبەردەست دەنێ.

سێهەم: ئەرکی مرۆڤناسی کە شێوەیەکی مرۆیی دەداتە فەزای ژیانی مرۆڤ و لە فەزای ئاژەڵەکانی جیا دەکاتەوە.

"گێی رۆشێ" لە پێداگرتنەوە لەسەر باوەڕی خۆی واتە ئەوەی کە دەڵێ کەلتوور ئاراستەی کرداری کۆمەلایەتی دیاری دەکا، ئەوە بەبیرمان دێنێتەوە کە ئاوێتەکردنی پێنج توخمی بنەڕەتی لەو ئاراستەیەدا رۆڵی هەیە: مۆدێلە کەلتوورییەکان، رۆڵە کۆمەلایەتییەکان، بڕیارەکان، بەهاکان و هێماکان.

- مۆدێلە کەلتوورییە رێساییەکان کەم و زۆر ئاشکران کە لە هەر دۆخێکی کۆمەلایەتیدا جۆرێك پێکهاتە دەدەنە کرداری هەرکام لە ئەندامەکانی حەشیمەتێك کە بۆ باقی ئەندامەکان جێگەی تێگەیشتن و قبوولکردن بێ.

- رۆڵە کۆمەلایەتییەکان هەندێك کۆمەڵەی تایبەت لە مۆدێلە کردارییەکانن، کە پێکهاتەی ئەرکە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکدا دیاریدەکەن، وەك رۆڵی باوك یان دایك و، پەیوەندییان بە رۆڵی منداڵەکان و ئەرکەکانیان لەبەرامبەر دایك و باوکیاندا ...

- بڕیارەکان بە ئەرێ و نەرێنییەوە، دۆخێکی پێویست دەدەنە رۆڵە کۆمەلایەتییەکان. ئەم پێویستییە لەوانەیە لە یاسادا رەنگدانەوەی هەبێ یان تەنیا لە داب و نەریتەکاندا شاراوە بێ.

- بەهاکان گەرەنتی دەسەلاتی بەهامەندی مۆدێل و رۆڵەکانن کە لەرێگەی قبوولکردنی نێوخۆیی رێسا و بنەماکان لەلایەن ئەکتەری کۆمەلایەتییەوە روودەدەن.

ـ هێما یان سەمبۆلەکان، نیشانە ئاشکراکان و دیمەنی زنجیرە راستییەکی شاراوەن کە لەرێگەی ئەو کۆد و نیشانانەوە کە دەبنە جیاکەرەوەی هۆ و بەرهۆ، نیشاندەدرێن. لەنێوان هێماکان و بەهاکاندا هەمیشە پەیوەندییەکی نزیك لە ئارادایە. بەو تایبەتمەندییانە کە کەلتوور وەك رێکخەری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و کردارە گرووپییەکان لێدەکەن و، پێکهاتە بە هیرارکییە

کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، دەکرێ هاودەنگ لەگەڵ کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بڵێین کە کەلتوور تایبەتمەندییەکی بە تەواوی سیاسی هەیە،[96] جا چ بە شێوەی گشتی و لە چوارچێوەی کەلتووری گشتیدا لەبەرچاوی بگرین، یان بە بیاڤگەلێکی جۆراوجۆر بۆ وێنە کەلتووری سیاسی دابەشیبکەین. بەتایبەت کە باوەڕەکان و ئەفسانەکان وەك پاژەکانی سیستەمێکی کەلتووری کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی مرۆڤەکان هەیە. ئەفسانەکان لەڕاستیدا ئەو باوەڕانەن کە بۆ بەشی نەستی بیرەوەریی کۆمەڵی دواخراون، بە شێوەیەکی نەست کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری تاکەکەسی و کۆمەڵی دادەنێن. هەروەك ئەفسانەکانی شانامەی فیردەوسی ئێستاش ڕۆڵێکی گرنگیان لە زەینییەتی خەڵکی ئێراندا هەیە. بەرگری لە زۆرلێکراو، بەهای شەهید بوون، ڕوانینی پاڵەوانانە لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و هتد، کاریگەریی خۆی لەسەر جیهانی سیاسەت دادەنێ. ڕەنگە هۆی ئەوەی کە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە پێیان خۆشە بەرلەوەی سەرچاوەی کاریگەرییەك بن، قارەمانێکی نەتەوەیی بن، ریشەی لەم ئەفسانانە دایە.

"ستەنلی هۆفمەن" پێی وایە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان لە ژێر کاریگەریی کەلتووری گشتییان دایە کە ئەو وەك شێوازی نەتەوەیی (style national) باسی لێدەکا. بۆ وێنە ئەو پێی وایە دەستێوەردانی ئەمریکاییەکان لە کاروباری وڵاتانیتردا لە شێوازی نەتەوەیی ئەوان سەرچاوە دەگرێ کە ڕوانگەیەکی مامۆستایانەیان بەرامبەر بە جیهان هەیە و، خۆیان بە ڕزگارکەری نەتەوەکانی تر دەزانن. ئەوان پێیانوایە لەسەر دورگەیەك ڕاوەستاون و باقی نەتەوەکان لە حاڵی نوقم بووندا دەستیان بۆ لای ئەوان درێژ دەکەن و داوای یارمەتییان لێدەکەن.[97] هەندێکی تر وەك "ژان ژاك ڕۆویێ" مامۆستای زانکۆی سۆربۆن، باس لە خوو و ڕەوشتی نەتەوەیی وەك هێڵی درێژە پێدراوی کەلتوور و دیاریکەری ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەکا. ئەوە خوو و ڕەوشتی نەتەوەییە کە بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێ و ڕەفتاری نەتەوەییەك لەگەڵ نەتەوەکانی تر ڕێکدەخا. دیارە لەم شیکردنەوەیدا ئەرکی کۆمەڵگا تازەدامەزراوەکان، وەك دەیان وڵاتی جیهانی سێهەم کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژ نین ڕوون نەکراوەتەوە. سروشتییە کە بێشوناسیی کەلتووری کە بێشوناسیی سیاسی بەدوادا دێ یەکێك لە دڵتەزێنترین تایبەتمەندییەکانی

96- Schemeil Yves; " Les cultures politiques" in Madelein Grawitz et Jean Leca; Traite de science politique; vol 3, Paris, PUF, 1985, chap. IV.
97- Papa Khalilu-Fall; "Culture et relations Internationales" Paris, Defense national; aout-septembre 1991, pp. 119-129.



ئەم وڵاتانەیە کە کاردەکاتە سەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەیان. وەك زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە دەورووپشتی ئێران هەڵکەوتوون.

"ئالێکسی دۆتۆکۆیل" لە "*کتێبی دیموکراسی لە ئەمریکادا*"، ئەخلاقی پوریتانیزم بە بنەمای کەلتووری گشتی و سیاسیی ئەمریکا لەقەڵەمدەدا. لەسەر ئەم بنەمایە هەر نەتەوەیەك لە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووییدا شایەتی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە کە زیاتر بە هاتنی قەومێکی نوێ و زاڵبوونی کەلتووریی ئەوان دەستپێدەکا و بناغەی سیستەمێکی نوێی کەلتووری دادەڕێژێ کە هەتا ڕوودانی ئاڵوگۆڕێکیتری هاووێنە درێژەی دەبێ.

کەلتووری سیاسی ـ ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان کەلتوور و سیاسەت لە ڕوانگەی هەندێك لە سیاسەتناسانی هاوچەرخیشدا کە ئینتمایان بۆ قوتابخانەی کارکردخوازییەوە هەبوو بەرچاودەکەوێ. بەم پێیە جێی سەرسوڕمان نییە کە ڕوانگەی کەلتووری سیاسی لە ناوەندی شیکردنەوەی کارکردخوازانە لە کەلتووری سیاسیدا جێگیر دەبێ. کاری بنەڕەتی لەم بارەوە لە لایەن "گابرێیل ئالمۆند" و "سیدنی وێربا" لە بواری کەلتووری مەدەنییەوە بەڕێوەچوو.[98] ئەو پرسیارەی کە ئەوان بە شوێن وەڵامەکەیدا بوون ئەوە بوو کە بنیاتەکانی کەلتووری دیموکراسی چییە؟ ئەوان هەوڵیانداوە بە ئاماژە بە سێ نەریت کە لە کۆمەڵناسیی سیاسی ڕۆژئاوادا پێکهاتووە واتە بۆچوونی فەلسەفی، کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. بۆچوونی فەلسەفی لەسەر بنەمای ئەخلاقی سیاسییە و ئەوەیە کە دانیشتوان دەبێ ڕەفتارێکی چۆن لەخۆیان نیشانبدەن هەتا دیموکراسی پێکبێ و بۆچوونی کۆمەڵناسانە واتا بەستنەوەی دیموکراسی بە هۆکارە گشتییەکانیتر وەك پەرەسەندنی سیاسی و بۆچوونی دەروونناسانە واتە پێداگرتن لەسەر دۆخە تاکەکەسییەکان وەك بەرهەمەکانی "ئادرنۆ" و "ئیسنێك" کە جۆرێك تایپۆلۆژیی دەروونی لە هاووڵاتیان بەدەستەوە دەدا، وەك: کەسایەتی دیموکرات یان توندڕەو یان دەسەڵاتخواز و هتد. بەڵام ئەم بۆچوونانە ناتوانن وەڵامێکی ڕاست بە پرسیاری سەرەوە بەدەستەوە بدەن. پێناسەی ئەوان لە کەلتوور بریتییە لە ئاڕاستەی دەروونی لە بەرامبەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، یان بە واتایەکی تر بەناوخۆیی کردنی سیستەمی سیاسی لە دەروونناسیی تایبەتیی هەر تاکێکدا. بەم پێیە کەلتووری سیاسی بریتییە لە شێوەی بۆچوون و ڕوانگەی هەر تاکێك بەرامبەر بە سیستەم و کەسایەتییە سیاسییەکان و، بۆچوونی کەسایەتییە سیاسییەکان بە نیسبەت خەڵك. ئالمۆند و وێربا هاوئاڕاستەیی نێوان کەلتوور و سیستەمی سیاسی بە هۆکاری سەقامگیری سیستەمی سیاسی دەزانن و لەم سۆنگەیەوە سێ ئاستی

98- Almond, G.,S. Verba; The Civic Culture; Princeton University Press, 1963.

كەلتووری سیاسی لێك جیا دەكەنەوە  كە لەگەڵ سێ جۆر سیستەمی سیاسی یەكدەگرنەوە. یەكیان كەلتووری سیاسی سنووردار یان  parochial (paroisse بچووكترین یەكە لە بەشكردنەكانی سەرزەوی لە لایەن كلێساوە بوو، كە تێیدا تەواوی خەڵك چاو و گوێ بەستراو پەیڕەوی پێشنوێژ یان cure بوون) كە لەگەڵ سیستەمە سیاسییە سەرەتاییی و داخراوەكان سازگارە. ئەویتریان كەلتووری سیاسی گوێڕایەڵی، كە تێیدا خەڵك خاوەن وشیاری و ئاگادارین بەڵام بە هۆی ترس یان ڕێزگرتن، پەیڕەوی بێئەملا و ئەولای دەسەڵاتی سیاسین. ئەم كەلتوورە لەگەڵ ئەو سیستەمە نەریتییانە یەكدەگرێتەوە كە تێیاندا ئاستێك لە جیابوونەوەی پێكهاتەیی و دابەشكردنی كارەكان لە ئارادایە، بەڵام بەشداری و پەرەسەندنی سیاسی نییە. سێهەم، كەلتووری سیاسیی بەشداریكەرانە كە تێیدا هەم وشیاری هەیە و هەم بەشداریكردن،  ئەم كەلتوورە لەگەڵ سیستەمە دیموكراتیكەكانی رۆژئاوایی هاوئاراستەیە كە تێیاندا دابەشكردنی كار لە ئاستێكی بەرزدایە و بنیاتگەلێكی سەقامگیر بەدی دەكرێن. ئەوان پێیان وایە ئەو كەلتوورە مەدەنییە ئارمانییە كە لە كردەوەی باشی سیستەمی دیموكراسیدا بەكەڵكە بریتییە لە كەلتوورێكی تێكەڵاو وێڕای هاوسەنگی و هاودەنگی نێوان سێ ئاستی باسكراودا.[99] «یەكەمین خاڵی لاوازی ئەم ڕوانگەیە لە پەیوەندی لەگەڵ بنەمایەك دایە كە رازی بە بوونی كەلتوورێكی سیاسیی جیاواز و سەربەخۆ و بە گوتەی خودی ئاڵمۆند و وێربا شیاوی چنران لە تەنیشت كەلتووری ئابووری یان كەلتووری ئایینییە».[100] وەها پێكهاتەیەكی لە پێشاهاتوو لە چەمكی كەلتووری سیاسی، لە ئاست باقی دەسكەوتەكانی تیۆریی كۆمەڵناسانە هەر لەخۆوە تووشی جۆرێك بەرەو دوا گەڕانەوەیە.[101] لە لایەكیترەوە ئەم ڕوانگەیە بە لەبەرچاونەگرتنی ئەو پەیوەندییانەی كە سیاسەت بە ئایین و ئابووری یان باقی رەهەندەكانی كرداری كۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە، خۆی لە دەسكەوتە بنەڕەتییەكانی شێوازە پێكهاتەییەكان بێبەش دەكا.[102] سەرەنجام ئەوەیە كە وەها گریمانەیەك لە راڤەی كەلتووری، لە كۆتاییدا حاڵەتێكی ئەزموونی لیدەكەوێتەوە و بە ئاشكرایی لە شێوازێكی ئەزموونی نزیك دەبێتەوە كە تەنیا رەفتارە پشتڕاستكراوەكانی ئەزموون قبوڵدەكا.[103]

99- Cot, J.P. Mounier; Pour une sociologie politique; tom 2, pp. 36-39.

١٠٠- بدیع، برتران، فرهنگ و سیاست، ل ٥٣.

١٠١- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

١٠٢ هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

١٠٣ هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.



لایەنێكیتری كارە كەلتوورییەكان سەرنجدەداتە بایەخی ڕۆڵی ئایین لە پرۆسە سیاسییەكاندا. یەكێك لە لایەنەگرنگەكانی ئەم بۆچوونە گەڕانەوەیە بۆ نەریتە رەسەنەكانی كۆمەڵناسی و خەڵكناسی. واتە گەڕانەوە بۆ بەرهەمەكانی دۆركهایم یان ڤێبەر. هەر بۆیە ئایین لەم بۆچوونەدا جێگەیەكی بەرزی هەیە. بە پێی ڕوانگەی دۆركهایم لە كتێبی "*دیمەنە سەرەتاییەكانی ژیانی ئایینی*"[104] دا كاتی سەرهەڵدانی ئایینەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێكی تایبەت لە پێگەیشتنی كۆمەڵگا، كە وەك ئەفسانەی وەبەرنانی ڕۆح لە جەستەی كۆرپەلە، هەم هەبوونی ئاشكرا و هەم بەردەوام بوونی گەرەنتی دەكا. لەسەر ئەم بنەمایە "ئایزێنشتاد" دەستی داوەتە جۆرێك تایپۆلۆژی سیستەمە كەلتوورییە گەورەكان كە خاڵی دەسپێكیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئایینە گەورەكان كە تێیاندا لەنێوان خوا و جیهانی ماددیدا هێڵێكی جیاكەرەوە دەكێشرێ، ئەم دوو كۆمەڵەیە لێك جیا دەكرێنەوە و ئیتر پاشا و زاتی خوای گەورە بە یەك بنچینە نازانرێن.[105] بەڵام جۆری ئەو پەیوەندییەی كە لەنێوان خوا و جیهانی ماددیدا پێكدێ لە لای ئەم ئایینانە جیاوازە. ئایزێنشتاد ئایینە گەورەكان لە باری پەیوەندییەكی كە لەنێوان ئاسمان و زەوی  یان تەكووزی بەرزیخوازانە و، تەكووزی زەمینییەوە پێكیدێنن بە سێ دەستە دابەشدەكا. یەكیان ئەو ئایینانەی كە ئەم پەیوەندییە بە پچڕاو دەزانن و كاروباری دنیا بە دەستی عاقڵمەندان دەسپێرن، بێ ئەوەی ئایین هیچ چاودێرییەكی بە سەر كارەكانیاندا هەبێ. وەك كەلتووری كۆنفۆسیۆسی كە تێیدا هەموو شتێك بە ئەم جیهانییە دادەنرێ و هیچ هۆیەك بۆ بەدیهاتنی گرووپێكی بژاردەی ئایینی نییە. لە ئاكامدا دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە خاوەنی سەربەخۆیی تەواو. دووهەم ئەو ئایینانەی كە چاودێری ئاسمان بەسەر زەویدا بە هەمیشەیی و بەردەوام دەزانن، وەك هیندوئیزم كە تێیدا بژاردە ئایینییەكان وەك نوێنەرانی ئاسمان لەسەر زەوی مافی ئەوەیان هەیە كە چاودێرییەكی بڕیاردەرانە بەسەر سیاسەتدا بكەن. سێهەم، ئایینە ئیبراهیمییەكان (یەهوودییەت، مەسیحییەت و ئیسلام) كە تێیاندا تەكووزی زەمینی ئەركی سەر شانییەتی بەردەوام خۆی لە تەكووزی ئاسمانی نزیكبكاتەوە و ئەو كارە دینامیزمێكی تایبەت دەداتە ئەمجۆرە كۆمەڵگایانە، چونكە سیاسەت كە دەبێ بۆ وەدەستهێنانی رەوایی و یەكخستنەوەی خۆی لەگەڵ تەكووزی ئاسمانی هەوڵبدا، دەكەوێتە ململانێیەكی بەردەوام

104- Durkhiem, E.; Les formes elementaires de la vie religieuse (1912); 1991.
105- Eisenstadt, S.N.; "Cultural Traditions and Political Dynamics: The Origins and Modes of Ideological Politics", British journal of sociology; vol 32, no2, june 1981, pp. 155-181.

لەگەڵ ئایین و، ئەم ململانێیە دەبێتە هۆی دینامیزمی ئەو.[١٠٦] بە گشتی ئایزێنشتاد بەو ئاکامە دەگا کە سیستەمە کەلتوورییە خواناسەکان لە بناغەڕا پلۆرالیستن، چونکە بژاردە سیاسی و ئایینییەکان لێك جیان و ئەو جیابوونەوەیە بنەمای جیابوونەوەکانی دواترە. بەڵام هەندێکی تر بە یەکسان زانینی ئایینەکانی وەك یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام بە جۆرێك بەگشتزانین و لەبەرچاونەگرتنی دەقەکان دەزانن. "بێرتران بەدیع" لە کتێبی ﴿دوو دەوڵەت﴾[١٠٧]دا روونیدەکاتەوە کە چۆن مێژووی مەسیحییەت باس لە دوانەیی ڕێکخستن و بنیاتە ئایینی و سیاسییەکان دەکا کە نەك هەر لە تیۆرییەکانی مەسیحییەت سەرچاوەی گرتووە (تیۆریی دوو شمشێر) بەڵکو بەکردەوەش کلێسا توانی لە بێخەبەریدا ئیمپراتۆریی هیرارکی و دەزگای بروکراسی خۆی دابمەزرێنێ و پەرەیپێبدا. بەم پێیە کاتێك هێزی دنیایی لای لە کلێسا کردەوە ئیتر کار لە کار ترازابوو و، لە نێوبردنی ڕێکخستنەکانی کلێسا کارێکی ئەستەم بوو. لە حاڵێکدا کە لە کەلتووری ئیسلامیدا بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کاتی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە، کە سەردەمی تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای خێڵەکییەوە بەرەو کومەڵگای شارستانی بوو، ئیسلامیش خۆی کاری ئەم تێپەڕینەی لە ئەستۆ بوو و، لە هەموو بیاڤەکاندا داوای یارمەتی لێدەکرا، هیچ جیاکردنەوەیەك لەنێوان ئایین و سیاسەتدا ڕووینەدا و مۆنیزم یان تاکێتی لە تەواوی کارەکاندا لە جیاتی دوانەیی لە مەسیحییەتدا بە نیشانەی کەلتووری ئیسلامی دانرا. ئاکامەکەی بوو بەوە کە لە جیهانی ئیسلامدا سیاسەت هەرگیز نەگەیشتە ئەو سەربەخۆییەی کە سیاسەت لە ڕۆژئاوا هەیبوو و، چارەنووسی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانیش لەگەڵ نۆبەکارییەك لە دەسەڵات و شۆڕشدا لێك گرێدرا، چونکە تەکووزییەکانی ئەم دنیایە وەك تەکووزی ئارمانیی ئیسلام ناچێ و ڕەوایی نییە. کەوابوو ئەگەر ئەم حکوومەتانە هێزی سەپاندنی دەسەڵاتیان هەبێ تەکووزی خۆیان بە بێ بوونی ڕەوایی سەقامگیر دەکەن و ئەگەر ئەم هێزەیان نەبێ لەگەڵ شۆڕشی خەڵك بەرەوڕوو دەبنەوە. لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا کە وردە وردە بناغەی ڕەوایی تەکووزی دنیایی دارێژرا، داواکاری جێگەی شۆڕشی لە چەرخەی سیاسەتدا گرتەوە. بە باوەڕی ﴿بەدیع﴾ دەرچوون لەم بنبەستە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا مەیسەر نابێ. چارەنووسی حەتمییان هەمان نۆبەکاریی دەسەڵات و

106- Eisenstadt, S.N.; "Cultural Orientations, Instutional and Social Change: Comparative Analysis of Traditional Civilizatio" American journal of Sociology; vol 85, 1985, pp.840-869.

١٠٧- بدیع، برتران، دو دولت، ترجمه نگارنده، در دست انتشار.



شۆڕش دەبێ. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم ناسازگارییە لەنێو دەبا و دەتوانێ مۆدێلێك بۆ ڕەوا بوونی سیستەمە سیاسییەکان لە جیهانی ئیسلامدا پێکبێنێ یان نا، پیوەندی بەوەوە هەیە کە لە پلەی یەکەمدا جیهانی سوننە هەتا چ ڕادەیەك وەرگری مۆدێلێکی شیعە دەبێ و، دواتر ئەوەیە کە لە فیقە و ڕێنماییەکانی شیعەدا هەتا چ ڕادەیەك دەکرێ جێنشینێك بۆ ئیمامی پاك و نادیار بدۆزینەوە، ئەگەر وانەبێ، سێبەری قورسی ﴿چاوەڕوانی﴾ هەروا لەسەر کۆمەڵگا شیعەکاندا دەمێنێتەوە.

بەرهەمی ئەم بۆچوونانە بە گشتی ئەوەیە کە دەبێ بناغە کەلتوورییەکانی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەی جیاجیا لەبەرچاوبگیرێ و، کەلتووری باڵادەستانەی تایبەتی هەرکۆمەڵگایەك پێناسە بکرێ.[١٠٨] سروشتییە کە وەرچەرخان و دابڕانە کەلتوورییەکان، وەك بزاوتی چاکسازیی ئایینی، لەسەردەمی بووژانەوەی ئەورووپادا بایەخێکی تایبەتی هەیە بەڵام هیچکات نابێ لەسەرچاوە سەرەکییەکانیش غافڵ بین. هەروەك "پێری ئاندرسۆن" لە شیکردنەوەی جیاوازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا پاش ئەوەی سەرنجی دایە جۆری فیێۆدالیتەی ئەم دوو ناوچەیە، تێگەیشت کە ئەم هۆکارەش بە تەنیایی روون نییە، چونکە لەو حاڵەتەدا یابانیش کە خاوەنی پێکهاتەیەکی فیێۆدالیتەی وەك ئەورووپای ڕۆژئاوا بوو، دەبوایە لەگەڵ وەرچەخانەکانی سەردەمی بووژانەوە بەرەوڕوو بوویێتەوە. بەڵام لە قووڵکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بە ڕۆڵی حوقوقی ڕۆمی کۆن لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی حوقوقی گشتی و حوقوقی تایبەتی گەیشت کە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یابان لەگەڵی نامۆ بوون. ئەم جیاکردنەوەیە بیاڤی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و ڕادەی ئازادی و مافی خاوەندارێتی تاکەکان دیاری دەکا.[١٠٩]

بە گشتی شیکردنەوە مێژوویی ـ کەلتوورییەکان شەپۆلێکی نوێی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێکهێناوە کە لە بەرامبەر تیۆرییە یەكلایەنەکانی مێژوویی خوازی یان تاکڕەهەندی لە جۆری شیکردنەوە مارکسیستییەکان کە لە شیکردنەوەی دیاردە سیاسییەکاندا قامك دەخەنە سەر هۆکاری ئابووری، دیمەنێکی نوێ دەخاتە بەرچاوی توێژەرانی زانستە سیاسییەکان.

ب) فەرهەنگ وەك پەیڕەوێك لە دەسەڵاتی سیاسی. ﴿مارکس و ماکس ڤێبەر هەردووکیان پێیان وایە کە دەسەڵاتی کەلتوورە جۆراوجۆرەکان کە لە ڕکابەرایەتی لەگەڵ یەکتردا بەرەوڕووی یەکتر دەبنەوە، پەیڕەوی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەو گرووپانەیە کە لایەنگر یان هەڵگری

108- Bendix, Reinhold; Kings or People; p. 13.
109- Anderson, Perry; L'Etat absolutiste; Paris, Maspero, 1977, p. 29.

ئەم کەلتوورانەن﴾.[110] هەروەك دیتمان لە تیۆرییەکانی مارکسدا کەلتوور رەنگدانەوەی هەلومەرجی کۆمەلایەتییە و، کەلتووری زاڵ شتێك جگە لە بەهاکان و باوەڕەکانی هەمان چینی دەسەلاتدار نییە. ماکس ڤێبەریش کۆمەڵناسیی سیاسیی کەلتوور واتە ئەو هەلومەرجە سیاسییە تایبەتییەی کە کەلتوورێك تێیدا بەسەر کەلتوورەکانی تردا زاڵدەبێ لەبیر ناکا. ئەو بە باشی دەزانێ کە لانیکەم یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پرۆتستانیزم لە ئەورووپای باکوور، لایەنگریی شازادەکانی ئەم ناوچانە لە ئایینی نوێ بوو کە ئەوانیشی لە کۆت و بەندی باسکی دنیایی کلێسا واتە ئیمپراتۆریی پیرۆزی رۆم ـ ژێرمەنی رزگار دەکرد. هەروەك "پارکین" دەڵێ، سیستەمێکی بەهایی (وەك بناغەی سەرەکیی سیستەمی کەلتووری) بێ پشتیوانیی هێزێکی بەدەزگابوو، ئەگەری بلاوبوونەوە و پایەداری پەیدا ناکا. پێچەوانەی ئەم خالەش راستە، کە بالادەستیی گرووپێکیش سەپاندنی بەهاکانی ئەم گرووپە بە سەر ژێردەسەلاتەکانی پێوەیە.[111] نموونە مێژووییەکانی گریمانەی پارکین ئیمپراتۆرییەکانی ساسانی، سەفەوی و عوسمانییە. ئیمپراتۆری ساسانی ئایینی زەردەشتی وەها چاککردەوە کە لە خزمەتی دەسەلاتی سیاسیدا بێ و، بتوانێ ئێران بە تەیارکردن بە ئایدۆلۆژییەکی ئایینی لە بەرامبەر ئیمپراتۆری رۆم و چیندا بپارێزێ کە ئەوانیش هەرکام بە ئایدۆلۆژییەکی ئایینی تەیاربوون. ئەوا بوو کە ئەگەر کەسێك دەچووە سەر ئایینی مەسیحی بە خیانەتی سیاسیش تاوانبار دەکرا و، تەنانەت وەك سیخوڕی ئیمپراتۆری رۆم سزایەکی قورسی بۆ دیاریدەکرا.[112] تورکە عوسمانییەکانیش کە لە سەدەی یازدە و دوازدەی زایینیدا شتێکی نێوان ١٠ هەتا ١٥ لەسەدی حەشیمەتی ئاناتۆلییان پێکدەهێنا، وێڕای بەربلاوکردنەوەی برشت و دەسەلاتی خۆیان زمانی تورکی و ئایینی سوننیشیان بلاودەکردەوە و، بناغەی رەوایی خۆیان لەو رێگەیەوە جێگیرکرد و، پاش داگیرکردنی قوستەنتەنییە لە سالی **١٤٥٣** دا زمانی تورکی و ئایینی سوننی وەك سەمبولی وەفاداری بە دەسەلاتی سیاسی عوسمانی بایەخێکی تایبەتیان پەیدا کرد. لەمجۆرە دەسەلاتە سیاسییەدا ئەگەر کەلتوور لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیدا کورت بکرێتەوە، سروشتییە کە زیاتر لایەنی سەرکوتکەرانە بەخۆوە دەگرێ. لەم بارەوە لە بەشی تایبەت بە پەیوەندیی سیاسەت لەگەڵ کۆمەڵگا و کارکردەکانی سیستەمی سیاسیدا، زیاتر دەدوێین. بەلام ئەو رەخنەیەی کە لە بۆچوونی سەرەوە

110- Cuche, Denys; op. cit.; p. 69.
111- Parkin, F.; Class, Intequality and Political Order: Social Stratification in Capitaliste and Communist Societies; p. 81.
112- "Velayate faqih sassani?" The Penguine History of the World; 3e ed. By J.M. Roberts pp.308-318.



دەگیرێ ئەوەیە کە بە پێچەوانە، زۆربەی شۆڕشە کەلتوورییەکان لە خوارەوە سەرچاوەی گرتووە و، بۆ شەڕ بە دژی دەسەلاتی حاکم بووە. هەلبژێرانی زۆربەی پێغەمبەران حالەتێکی ئەوتۆی هەبووە. تەنانەت بزووتنەوە و راپەڕینەکانی تەیار بە ئایدۆلۆژیش دەتوانن نموونەیەکی تر لەم پرۆسە پێچەوانەیە پێشکەش بکەن.

ج) کەلتوور و سیاسەت لە مامڵە لەگەڵ یەکتردا. لە نێوان تەواوی ئەو کەسانەی کە بەم روانگەیە وەفادارن، "تالکۆت پارسۆنز" جێگەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو کەلتوور و سیاسەت لە چوارچێوەیەکی پێکهاتەیی و لە تەنیشت باقی هۆکارەکاندا دادەنێ. کەلتوور لە گریمانەی پارسۆنزدا، خۆی یەکێك لە چوار بەشە سیستەمە کۆمەلایەتییەکانە کە هەم لە رێگەی سیاسەتوانانێك کە خۆیان دەست پەروەردەی سیستەمی کەلتووری کۆمەلایەتین و هەم لە رێگەی بنیاتە کەلتوورییەکانەوە کاریگەری لەسەر بەشە سیستەمی سیاسی دادەنێ. بەلام بەشەسیستەمی سیاسیش لەرێگەی سیاسەتە کەلتوورییەکانەوە، چاودێری بەسەر سەرچاوە کەلتوورساز و کەلتووڕپەروەرەکان، بە تایبەت بلاوکراوەکان و راگەیاندنەکان و سەرەنجام بەرهەمە کەلتوورییەکانی بەشە سیستەمی کەلتووری دەخاتە ژێرکاریگەرییەوە. لە هەمان حالدا کاتێك باسی ئالوگۆڕی کۆمەلایەتی دێتە گۆڕێ کەلتوور رۆڵێکی گرنگ لە گریمانەی پارسۆنزدا وەدەست دێنێ، بەجۆرێك کە گوایە وەرچەرخانە کۆمەلایەتییەکان بە پەیڕەوێك لە بەرچەرخانی سیستەمی کەلتووری دەژمێردرێن.[113]

ئەو شێوە بۆچوونە بە نیسبەت پەیوەندیی کەلتوور و سیاسەت دەتوانین لە "پییربۆردیو"یشدا بەدی بکەین. بەم جیاوازییە کە تێگەیشتنی بۆردیو لە مەسەلەی کەلتوور لەگەڵ تێگەیشتنی پارسۆنز جیاوازیی هەیە. بۆردیو کەلتوور لە چوارچێوەی روانگەی چینایەتییەوە دەخاتە بەر تێڕوانین و لە ئاکامدا کەمتر حەز یان سەرنج بە شتێکی بە نێوی کەلتووری گشتی نیشاندەدا و، بە پێچەوانە سەرنجدەداتە کەلتووری گرووپە جیاوازەکان وەك کرێکاران یان خوێندکاران و جیاوازیی کەلتووری ئەم گرووپانە یان جیاوازیی کەلتووری لەسەر بنەمای پێگەی چینایەتی تاکەکان.[114]

113- Rocher, Guy; op. cit.; p. 103.
114 Bourdieu, P., J.C. Passeron; Les heritiers; pp. 30-34

## بەشی دووهەم
## هۆكارە نیوە پایەدارەكان

بۆیە بەو هۆكارانە دەڵێین نیوەپایەدار، چونكە ئەگەری ئاڵوگۆڕیان لە وەچەیەكەوە بۆ وەچەیەكی تر هەیە. ئەم هۆكارانە بە سێ دەستەی گشتیی كۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونی دابەشدەكەین. هەروەك گوتمان ئەگەری گۆڕانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی چینە نوێیەكان، یان تێپەڕینی كۆمەڵگا لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی لە خولێكی پەنجا ساڵیدا كە لە باری كۆمەڵناسییەوە دوو وەچە لەخۆ دەگرێ، بەتەواوی لە ئارادایە. بۆ وێنە لەسەردەمی نزیك بە نیو سەدە پاشایەتیی ناسرەدینشا، یان سەردەمی كورتتری پاشایەتیی ڕەزاشادا ئاڵوگۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی ئێران بەرچاو بوون، لە حاڵێكدا كە كەلتوور و ژیاری ئێران كە بە بەشێك لە هۆكارە پایەدارەكان دەژمێردرێن، هەروا نیشاندەری بەردەوامی و سەقامگیرییەكی ڕێژەیی بوون. لە هەمانكاتدا ڕەنگە ئەم هۆكارە نیوە پایەدارانە چەندین سەدە بچووكترین ئاڵوگۆڕ درێژە بە ژیان بدەن. هەروەك سیستەمی خێڵەكی لە ئێراندا چەندین سەدە بەردەوام بوو و، كردەوە توند و تیژەكانی ڕەزاشاش نەیتوانی بە تەواوی لەناوی بەرێ.

### ١- كاریگەریی پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ژیانی سیاسی:

پێكهاتەی كۆمەڵایەتی بریتییە لە كۆی هۆكارە كۆمەڵێییەكان كە بە پەیوەندیی لەنێو خۆیاندا كۆمەڵەیەكی پێك بەستراوە، گشتی و ئاڵۆز پێكدێنن. پێكهاتە وەك چوارچێوەیەكی تارادەیەك نەگۆڕ، جگە لەوەی كە هێمای دەرەكیی كۆمەڵگا، وەك هیراركییەك لە ڕۆڵەكان و فۆڕمی دژبەری هێزەكان و نابەرابەرییە كۆمەڵایەتییەكان پێكدێنێ، ئاراستەی چالاكییە كۆمەڵایەتییەكانیش دیاریدەكا و تاكەكان، دامەزراوەكان و كۆمەڵەكانی نێو كۆمەڵگا بە شێوەیەكی تایبەت بەرتەسك دەكاتەوە. پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، هەروەها شێوەی مامەڵەی تاكەكان و گرووپەكان، دابەشكردنی بەهاكان و ڕۆڵەكان، دیاریكردنی جێگە و پێگەی گرووپە كۆمەڵایەتییەكان و تاكەكان دیاریدەكا. لە هەر كۆمەڵگایەكدا زۆر پرزە و پلەی دیاریكراو لە تاكەكان و گرووپەكان هەن كە شێوەی مامڵەكردنیان بە یەكەوە، پێكهاتەی گشتی كۆمەڵگا پێكدێنێ. بە واتایەكی‌تر پلەبەندیی كۆمەڵایەتی، سیستەمێك لە نابەرابەری و باڵادەستییەكان



سازدەكا كە بەردی بناغەی تەواوی ئەو كۆمەڵگایانەیە كە لەسەر جۆرێك تەكووزی بڕیاردەرانە لە نێوان مرۆڤەكان، سامانەكان، دەسەڵاتەكان و هێماكان (سەمبولەكان) دامەزراون. بەمجۆرە تەكووزی كۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەكانی شوناسی كۆمەڵیش بە پەیڕەوێكی پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان دەژمێردرێن و ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرن. چۆنییەتی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی وەبیرهێنەرەوەی جۆرێك تەكووز و مشتومڕی هاوكاتە كە سەقامگیری و دینامیزمیان لێدەكەوێتەوە.[١١٥]

لە ڕوانگەی خەڵكناسییەوە شێوە بنەڕەتییەكانی توێژبەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر چوار بنەما دامەزراون: سیستەمی خزمایەتی كە پەیوەندییە بنەماڵەییەكان و پەیوەندییە سۆزدارییەكان ڕێكدەخا" سەرزەوی یان شوێنێك كە سیستەمی خزمایەتی تێدا پێكدێ" ڕێكوپێك كردنی هیراركیی چینە نەریتییەكان و، سەرەنجام دابەشكردنی ڕۆڵەكان و بارودۆخەكان لە نێوان ژن و پیاودا. تەواوی پلەبەندییەكان، جیاوازییەكان و پەیوەندییە ئاڵۆزە كۆمەڵایەتییەكان لەم ئاوێتەكردنەی تۆخمە سەرەكییەكان پێكدێن و پەرەدەستێنن و وەرچەرخان بەخۆوە دەبینن.[١١٦]

١- دابەشكردنە گشتییەكانی كۆمەڵگاكان. لێرەدا، پێكهاتەی گشتیی كۆمەڵگا و جۆری تەكووزی زاڵ بەسەریدا لەبەرچاو دەگیرێ. كۆمەڵناسانی باوەڕپێكراوی سەدەی نۆزدەهەم بەتایبەت فێردیناند تۆنیس، ئەمیل دۆركهایم و هێربرت سپنسەر و ئەوانیتر هەندێك دابەشكاریی باوەڕپێكراو و سەرنجڕاكێش پێشكەش دەكەن كە ئاماژەیان پێدەكەین.

تۆنیس (١٩٣٦-١٨٥٥)، كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكان بە پێی جۆری پەیوەندییە نێوخۆییەكان، ڕادەی یەكگرتوویی، ڕادەی ئاڵۆزی و چەند پێوەری‌تر بە دوو دەستەی سەرەكی دابەشدەكا. یەكیان بە "گمینشافت" نێو دەبا كە گونجاوترین هاوسەنگە ئینگلیزییەكەی community یە و لە زمانی كوردی‌دا ڕەنگە دەستە، گرووپی كۆمەڵایەتی یان كۆمەڵ هاوسەنگێكی باش بن بۆ ئەو. ئەویتریان بە "گزلشافت" ناو دەبا كە هاوسەنگە ئینگلیزییەكەی society یە و هاوسەنگە كوردییەكەی نزیك بە﴿كۆمەڵگا﴾یە. "گمینشافت" دەربڕی ئەو كۆمەڵانەیە كە لە ڕابردووی بەر لە نوێبوونەوە وەك بنەماڵەیەكی گەورە یان خێڵ و قەوم خۆی دەردەخست و زۆر دیمەنیشی لەسەردەمی نوێبوونەوەشدا بەرچاودەكەوێ. لەهەمان‌كاتدا دەكرێ "گمینشافت" و "گزلشافت" وەك دوو ڕووی سككەیەك و دوو جۆر لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە هاوكاتەكان ڕاڤەبكرێ.

115- Balandier, Georges; Anthropo-logiques; pp. 114-169.
116- Lecomte, Patrick, Bernard Denni; Sociologie du politique; p. 44.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە "گمینشافت"دا لەسەر بنەمای سۆزداری، داب و نەریت، خزمایەتی و دۆستایەتی دامەزراوە. بە واتایەکی‌تر بنەمای سروشتیی "گمینشافت" ﴿لە داب و نەریتە گشتییەکان، باوەکان و گومانەکانی چینی ئاسایی دا هەیە ... بە پێچەوانە لە هەر جێیەك کەلتووری شارستانییەت چەکەرە دەکا و دێتە بەر، "گزلشافت" وەك ئامرازە پێویستەکەی خۆ دەنوێنێ﴾.[١١٧]

ئەم کۆمەڵگایە هەروەك دواتر دەبینین زۆر وەك ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە میکانیکییەکانی ئاماژە پێکراوی دۆرکهایم دەچێ. ﴿بنەماکانی وەها کۆمەڵگایەك دەتوانین بەم شێوەیە بێنینە بەرباس: ١) خزمان و ژنان و پیاوانێك کە بەیەکەوە ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە، یەکتریان خۆش دەوێ یان بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەگونجێنن. ئەوان بە یەك زمان پێکەوە قسەدەکەن، وەك یەك بیردەکەنەوە" لەگەڵ دراوسێکان و دۆستەکانیشیان هەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن. ٢) ئەو خەڵکانەی کە یەکتریان خۆش دەوێ باشتر لێك تێدەگەن. کەسانێکی کە یەکتریان خۆش دەوێ و لە یەکتر تێدەگەن لە تەنیشت یەکتری ژیان بەسەر دەبەن و ژیانی هاوبەشیان سەروسامان دەدەن﴾.[١١٨] سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە رای تۆنیسی کۆنەپارێز "گمینشافت" لە "گزلشافت" باوەڕپێکراوترە، لە حاڵێکدا بە رای دۆرکهایم کۆمەڵگای ئۆرگانیك بە پێشکەوتووتر دەژمێردرێ. لە هەر حاڵ جۆرێك ویستی هاوبەش و رێککەوتنێکی بێ ئەملا و ئەولا بەسەر "گمینشافت"دا زاڵە، لە حاڵێکدا کە "گزلشافت" یان کۆمەڵگا لە خاڵی بەرامبەری "گمینشافت" یان کۆمەڵ دایە. لە گزلشافتدا جۆری پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و هۆکاری بەیەکەوە بەسترانیان بە تەواوی جیاوازە. لێرەدا خۆشەویستی و سۆزداری جێی خۆی بە ئەرك و ناچاری و پێویستی دەدا و ویست و ئارەزوو جێی خۆی دەداتە نابەدڵی و حەز لی نەکردن و خزمەتگوزاری جێی دەداتە بەرژەوەندیخوازی و پشتیوانی جێی خۆی دەداتە رکابەرایەتی و ئۆگری و هاوپەیوەندییەکی کە لە "گمینشافت"دا حاڵەتێکی سروشتی و رەسەنی هەبوو لە "گزلشافت"دا حاڵەتێکی دەستکرد و نارەسەن بە خۆوە دەگرێ. لە راستیدا ئەوەی مەبەستی تۆنیس بوو ئەوشتەیە کە بە کۆمەڵگا ئەمڕۆیی و مۆدێرنەکان نێو دەبرێن. هەروەك روونە لە کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا پەیوەندی تاك لەگەڵ کۆمەڵگا لە رێگەی بەڕێوەبردنی کردەوە

---

١١٧- بە وتەی بلونتشلی لە آبراهام،جی.اچ.، مبانی رشد جامعە شناسی، ل ٣٢٢.

١١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٥.



رێکخراوەییەکان، رێکخراوە و دامەزراوە دواناوەندییەکانی وەك حیزبەکان و سەندیکاکان و هتد پێکدێ. تۆنیس لە دەسپێکی کتێبەکەی (کۆمەڵ و کۆمەڵگا) دا دەنووسێ کۆمەڵ بەلای هاوپەیوەندیی مرۆڤەکاندا دەشکێتەوە، دروست وەك ئەو شتەی کە کلێسای کاتۆلیك ئیدیعای دەکرد، بەڵام کۆمەڵگا وەها دیمەنێکە کە تێیدا تاکە سەربەخۆکان لە تەنیشت یەکتری چنرابن.[١١٩]

دەکرێ کۆمەڵ بە چەند جۆر کۆمەڵ وەك خوێنی، شوێنی، دراوسێیەتی و دۆستایەتی دابەشبکەین. ئەگەر پێوەری کۆمەڵ لەسەر یەکگرتوویی و هاوپەیوەندی دامەزراوە، بە پێچەوانە پێوەری کۆمەڵگا لەسەر لێك دابڕان و جیابوونەوە دامەزراوە. بە وتەی تۆنیس لە کۆمەڵگادا تاکەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانیك لێك گرێ نەدراون، بەڵکو بە شێوەیەکی ئۆرگانیك لێك جیاکراونەتەوە.[١٢٠] ئەم شیکردنەوەیە وەبیرهێنەری دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی دۆرکهایمە کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین. بەڵام روانینی دۆرکهایم لەسەر بنەمای پەیوەندیی ئۆرگانیك دامەزراوە، نەك لەسەر جیابوونەوەی ئۆرگانیك. تایفەیەکی وەك تایفەی "بیرانۆند" لەگەڵ خێلێکی وەك خێلی بەختیاری لە ئێران لە رابردوودا هێمای بەرچاوی کۆمەڵێك بوونە کە سەرەڕای جیاییەکان، وەك کەلانتەرەکان، کەیخوداکان، تیرە و تایفە و بنەماڵەکان، هاوپەیوەندییەکی زۆریان لە نێواندا هەبوو کە وەك نموونەیەکی بەرچاوی تیۆریی تۆنیس سەرەڕای جیابوونەوەکان دیسانیش تاکەکان بەیەکەوە بەسترابوونەوە.[١٢١] لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگا سەرەڕای تەواوی ئەو پەیوەندییانەی کە لە ئارادایە، مرۆڤەکان لێك جیان. تاك لە کۆمەڵدا هەست بە ئاسایش و پشتیوانی دەکا لە حاڵێکدا کە لە کۆمەڵگادا هەست بە نەبوونی ئاسایش و رکابەرایەتی دەکا.

ماکس ڤێبەریش بە هزرێکی نزیك لە تۆنیسەوە دەستەواژەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بە کرداری تێپەڕ بەکاردێنێ: کۆمەڵی (communalization) و کۆمەڵگایی (siciation). ڤێبەر دەڵێ بە کۆمەڵ بوون جۆرێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای هەستیاری و زەینییەت (نەریت و سۆزداری)ی تاکەکان لە هۆگری بە کۆمەڵێکەوە دامەزراوە و، بەو پەیوەندییانە دەگوترێ کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای پێکهاتن لە پێناو بەرژەوەندییەکان دامەزرابێ و هاندەری ئەم پێکهاتنەش لە ئاوەزمەندێتیی مەیلەو بەها یان مەیلەو ئامانجەکان پێکدێ.[١٢٢]

---

119- Tonnies; Communaute et societe (1877); pp. 4-5

120- Ibid.; pp. 13-15.

١٢١- امان اللهی، سکندر، کوچ نشینی در ایران، ١٣٦.

122- Weber, Max; Economie et societe; tom 1 p. 47.

"ئەمیل دۆرکهایم"یش (١٩١٧- ١٨٥٨) هەر بەم شێوە دوو جۆر کۆمەڵگا لێك جیا دەکاتەوە کە یەکیان لەسەر بنەمای پەیوەندییە سۆزداری، هەستیاری و پێڕەوییە بێ ئەملا و ئەولایەکان، یان بە قەولی خۆی پەیوەندییە میکانیکییەکان و، ئەویتر لەسەر بنەمای پەیوەندییە ناتاکەکەسی و ئۆرگانیکەکان. پێناسکاری کۆمەڵگای پشت ئەستوور بە پەیوەندییە میکانیکییەکان دەتوانین بە خێڵ یان بنەماڵە گەورە و کەلانەکان بزانین کە شتێکی هاوسەنگی هەمان communite یان "گمینشافت" دەبێ، لە حاڵێکدا کە پێناسکاری کۆمەڵگای پشت ئەستوور بە پەیوەندە ئۆرگانیکەکان، ئەم کۆمەڵگا ئەمڕۆییانەن. تەوەری باسەکانی دۆرکهایم لەسەر دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییە کە بابەتی نامەی دوکتۆرایەکەشی بوو. لەم بارەوە دۆرکهایم دەینداری "ئۆگۆست کۆنت"ە کە پێی لەسەر لایەنی نامادی پەیوەندییە ئابوورییەکان و رۆڵە پێکەوەلکێنەرەکەی لە کۆمەڵگادا دادەگرتەوە. دۆرکهایمیش دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی کە بە هۆی زۆربوونی حەشیمەت و کەڵەکەبوونییەوە، وێڕای زیادبوونی دانوسانە کەلتووری و ئابوورییەکان و هتد، وەك کارێکی پارێز هەڵنەگری لێدێ، بە هۆکاری هاوپەیوەندیی کۆمەڵ لە کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا دەناسێنێ. ﴿دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بە پێی رادەی چڕی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێ و ئەگەریش بە شێوەیەکی بەردەوام وێڕای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، پەرەدەستێنێ بەو هۆیەیە کە کۆمەڵگاکانیش شایەتی زیادبوونی بەردەوامی قەبارە و چڕین﴾.[123] بە گشتی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی پێناسکاری یاسای وەرچەرخان و پەرەسەندن و تێپەڕبوون لە هاوپەیوەندیی میکانیکییەوە بۆ هاوپەیوەندیی ئۆرگانیکە، کە دەبێتە لایەنی جیاوازیی دوو جۆر کۆمەڵگای بنەڕەتیش. دۆرکهایم دەڵێ: ﴿ئەوە یاسای مێژووە کە هاوپەیوەندیی میکانیکی کە لەسەرەتاوە تەنیا فۆڕمی کۆمەڵگای مرۆیی بوو، وردەوردە مەیدانی چۆلکرد و جێی خۆی دەداتە هاوپەیوەندیی ئۆرگانیك بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بسەپێنێ ﴾.[124]

لە کۆمەڵگای پشت ئەستوور بە پەیوەندیی میکانیکی تاك لە رێگەی خزمایەتی، پابەندی توند بە داب و نەریتەکان و ملکەچی بێئەملا و ئەولا لە بەرامبەر نۆرم و خوو و رەوشتەکان و هەروەها پەیڕەوی کوێرانە لەسەرۆك خێڵ، وەك هێما و نیشانەی بوونی ئەو کۆمەڵە، بە

123- Durkheim, E.; De la division du travail socisl; p. 244.
124- Dubois Michel; Les fondateurs de la pensee sociologique; p. 93.



کۆمەڵگای خۆیەوە دەبەسترێتەوە و هیچ ناوبژیکەرێك وەك حیزب و یانە لەنێوان ئەو و تەواوییەتی کۆمەڵدا نابێتە لەمپەر.

لە کۆمەڵگای میکانیکیدا رووبەکی نەنووسراو لە هیرارکیی کۆمەڵایەتی و دابەشکارییە دەروونییەکانیش هەیە کە پشتڕاستکەرەوەی هیچ جۆرە دابەشکردنی کار یان دابەشکردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان نییە. هەر یەکەیەکی بچووکتر، خۆی کۆمەڵەیەکی جیاوازی پێکهاتوو لە رۆڵە وێناکراوەکان و هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابوورییشە. هەر بەم شێوەیە رۆڵە سیاسییەکانیش ساکار و سەمبولێکن. وەك سەرۆك خێڵ، یان لە ئاستێکی بەربلاوتردا پاشایەك بە تەشکیلاتێکی کەم و کورتەوە. بەڵام لە کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا رۆڵەکان دیاریکراون و، پەیوەندیی تاکەکان لە رێگەی دامەزراوە نێوبژیکەرەکان وەك یانە، سەندیکا و حیزب پێکدێ. سیستەمی سیاسیش هەر بەم شێوەیە ئاڵۆزتر دەبن و، پێکهاتەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. لە بناغەڕا بە باوەڕی دۆرکهایم دەوڵەتە نوێیەکان ئاکامی راستەوخۆی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتین کە لە بیاڤی سیاسیشدا وەك سەرهەڵدانی ئۆرگان و رێکخراوەکان و دامەزراوە پسپۆڕییەکان خۆ دەنوێنێ. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە شێوازی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا لەگەڵ ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا جیاوازە. بێ سەرنجدان بەو جیاوازییانە، لێکدانەوەمان لە مەسەلە سیاسییەکان تووشی هەڵە و دووربوون لە راستییەکان دەبێ.

جیاکردنەوەی "هێربرت سپنسەر" لەم رووەوە کە بنەمایەکی سیاسی هەیە شیاوی گرنگی پێدانە. قوتابخانەی ئۆرگانیزمی ئەو کە کۆمەڵگا بە بوونەوەرێکی زیندوو دەشوبهێنێ هەڵگری هزری بەرەوپێشچوونی بەردەوامی کۆمەڵگا مرۆییەکانە. ئەو،کۆمەڵگاکان بە دوو جۆری نیزامی و پیشەسازی دابەشدەکا. کۆمەڵگای یەکەم بە ناوەندخوازییەکی توند و، تویژبەندییەکی چەقبەستووی کۆمەڵایەتی وەك کاستەکان و نەبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکان دیاری دەکرێ، لە حاڵێکدا کە کۆمەڵگای دووهەم شایەتی کەم بوونەوەی دەستێوەردانەکانی دەوڵەت و زیادبوونی سەربەخۆیی و ئازادییە تاکەکەسییەکانە. تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای نیزامییەوە بەرەو کۆمەڵگای پیشەسازی کارێکی پارێز هەڵنەگرە کە لە پرۆسەی پەرەسەندن و پێشکەوتندا بەرەبەرە بەڕێوەدەچێ.[125]

125- Dubois, M.; op. cit.; p.94.

پێوانەیەکیتر کە بۆ تایپۆلۆژی پێکهاتە گشتییەکانی کۆمەڵگاکان بەکارهاتووە دابەشکرنی کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای قۆناغە مێژووییەکانە، کە لە هزری بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم و وەفادارانی روانگەی نوێبوونەوە (مۆدێرنیتە) خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە. چونکە ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای بنچینەی «پێشکەوتن» و فەلسەفەی وەرچەرخانی مێژوویی و دینامیزمی زاتی کۆمەڵگاکان دامەزراوە کە لە بناغە سەرەکییەکانی هزری نوێبوونەوەیە.

"ئۆگۆست کۆنت" پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بە پەیڕەوێك لە پێشکەوتنی گشتی و بێگەڕانەوەی هزری مرۆڤ وەسفدەکا و پێیوایە تەواوی کۆمەڵگا مرۆییەکان و بەدوای ئەودا مرۆڤەکان بە سێ قۆناغی مێژووییدا تێدەپەڕن. یەکەم قۆناغی تیۆریك کە خۆی هەڵگری قۆناغی ئایینی، چەند خوایی و تاك خوایی دەبێ. لەم قۆناغەدا مرۆڤ هۆی رووداوەکان و هۆکاری دیاردەکان دەخاتە پاڵ هێزە پیرۆز و ئەو دنیاییەکان. ئەم قۆناغە بە کۆمەڵگا هیارکی و نیزامییەکانەوە دیاری دەکرێ کە تەوەری سەرەکیی کرداری کۆمەڵی لەسەر سەرکەوتن دامەزراوە. خاڵی چڵەپۆپەشی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپایە. دووهەم، قۆناغی مێتافیزیکە کە تێیدا دیاردەکان وێڕای جۆرێك بەڵگەهێنانەوەی مێتافیزیکی یان بە زمانێکی ئاسایی فەلسەفەبای رووندەکرێنەوە. ئەم سەردەمە، سەردەمی تێپەڕبوون لە قۆناغی یەکەمەوە بۆ قۆناغی سێهەمە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە شایەتی پەرەسەندی پیشەسازین رێکخراوی نیزامی کۆمەڵگا لە نێوناچێ و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تەوەری بەرهەمهێنان و سەرکەوتن دامەزراوە. قۆناغی سێهەم، سەردەمی سەقامگیرییە کە هزری مرۆڤ لەسەر بنەمای بەرچاوەکییەکان و زانست دادەمەزرێ و کۆمەڵگا شایەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئۆرگانیکە کە زانست و پیشەسازی بناغەکانی پێکدێنن.[126]

مارکسیش بەم شێوەیە چەند قۆناغێکی مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤ دەخاتە بەرباس کە لەسەر تەوەری شێوەی بەرهەمهێنان دامەزراوە. ئەم قۆناغانە بریتین لە قۆناغی شەریك بوون یان کۆمۆنی سەرەتایی، سەردەمی کۆیلەداری، سەردەمی فیێۆدالیتە، سەردەمی سەرمایەداری، سەردەمی سۆسیالیزم، قۆناغی کۆمۆنیزم و قۆناغی کۆتایی کۆمۆنیزم. بۆ تاوتوێ کردنی هەر سەردەمێك دەبێ سەرنج بدەینە بوارەکانی کار (ئاژەڵداری، کشت و کاڵ و پیشە سازی ...)، ئامرازی کار و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان. هەر گرووپ یان چینێك کە ئامرازی بەرهەمهێنانی لە دەستدابێ دەسەڵاتدارێتی سیاسیش بۆخۆی تەرخاندەکا. هۆکاری

126- Cf.: Comte, A.; Systeme politique positive (1851-54); pp. 78-79.



دینامیزمی کۆمەڵایەتیش شەڕی دوو چینی سەرەکی واتە خاوەنانی ئامرازی بەرهەمهێنان و خاوەنانی هێزی کارە" وەك خاوەن موڵکەکان و رەعیەتەکان، یان سەرمایەدارەکان و کرێکاران. بەم شێوەیە تەواوی کۆمەڵگاکان هەتا گەیشتن بە قۆناغی کۆمۆنیزم خاوەن پێکهاتەی نەگۆڕی سیاسی ـ کۆمەڵایەتین، بەڵام پەیوەندییەکانی نێو ئەم پێکهاتەیە بە پێی سەردەمی مێژوویی، جیاواز دەبن. دوایین کۆمەڵناس کە بە دابەشکردنی کلاسیکی کۆمەڵگاکان بە نەریتی و پێشکەوتوو وەفادار مابۆوە تالکۆت پارسۆنز (١٩٧٩ — ١٩٠٢) کۆمەڵناسی هەڵکەوتووی ئەمریکییە کە خۆی لە هزرەکانی دۆرکهایم، ڤێبەر و زیمێل ئیلهامی وەرگرتووە. پارسۆنز تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو کۆمەڵگایە بەمجۆرە دەخاتە بەرباس: کۆمەڵگای نەریتی، کۆمەڵگایەکی سۆزداری، بە بۆچوونێکی ناوچەییە کە تێیدا کارەکان لەسەرەوەرا بە تاکەکان دەسپێردرێن (انتصابی بودن کارها) و کار و ئەرکەکان تێکەڵن و سنووری نێوانیان روون نییە، بەڵام کۆمەڵگای پێشکەوتوو، کۆمەڵگایەکی ناسۆزداری (ئاوەزمەندانە) بە بۆچوونێکی جیهان داگرە و تاکەکان ئەرك و کارەکان بە گوێرەی لێهاتوویی و پسپۆڕی خۆیان بە دەستەوە دەگرن(اکتسابی بودن مشاغل) و ئەرکەکان لێك جیاکراونەتەوە. لە حاڵێکدا کە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا توێژبەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای تەمەن و رەگەز بەڕێوەدەچێ، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا چینە کۆمەڵایەتییەکان بنەمای ئەمجۆرە دابەشکردنانەن.

بەڵام دابەشکارییە نوێیەکان زیاتر لەسەر بنەمای پەرەسەندن و پاشکەوتوویی بەڕێوەدەچن. گونجاوترین دابەشکاری لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، "شوارتزێنبێرگ" کۆمەڵناسی فەرەنسی کردوویەتی. ئەو دوو سەردێری «کەم پەرەسەندوویی و زۆربوونی دەسەڵات» و «پەرەسەندوویی و کەم بوونی دەسەڵات»ی بۆ دوو پاری کتێبی کۆمەڵناسیی سیاسیی خۆی هەڵبژاردووە کە نیشاندەری بارودۆخی سیاسی لە دوو جۆر کۆمەڵگای پێشکەوتوو و پاشکەوتوودایە. ئەو پاش باسکردن لە بارەی هۆیەکانی پاشکەوتوویی و هێنانەگۆڕی ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن توێژەرانی پەرەسەندن و نوێکردنەوە وەك هۆکارە کاریگەرەکان لەم پرۆسەیەدا هاتوونەتە بەرباس هەندێك پێوەریش بۆ دیاریکردنی پاشکەوتوویی وەبەرچاودەگرێ کە سەرەکیترینیان بریتین لە ناهاوچەشنی کۆمەڵایەتی، هەژاری و ناکارکردیی سیستەمی سیاسی. ئەو ئاماژە بە ١٥ پێوەری" ایو لاکست" لە ناسینی پاشکەوتوویدا دەکا کە زیاتر لایەنی ئابوورییان هەیە: هەژاریی خۆراکی، زاڵبوونی بەشی کشتوکاڵی بە بەرهەمی کەم، لاوازبوونی داهاتی نەتەوەیی، پیشەسازی کەم، بەستراوەیی بە وڵاتە پیشەسازییەکانەوە، ئاوسانی بەشی بازرگانی، پێکهاتەی

دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، کەم بوونی چینە ناوەنجییەکان، وەڵامدەر نەبوونی رادەی تێکەڵبوونی نەتەوەیی، بایەخی کارە شاراوەکان، لاوازی فێرکردن، زاوزێی زۆر، تەندروستیی لاواز، نائاگایی لەو هەموو دیاردە دامەزرێنەرانەی پاشکەوتوویی لە کۆمەڵگادا (نەزانی).[١٢٧]

دواتر بە لایەنە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگایانەوە سەرقاڵ دەبێ، بە تایبەتمەندیی زۆربوونی دەسەڵاتی وەسفدەکا. ئەم زۆربوونەی دەسەڵات کە لەڕاستیدا ئامادەبوونی دەوڵەت لە هەموو بوارەکاندایە، بەو هۆیەوە بەرچاوە کە دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ لابردنی ئەم کەم و کوڕییانە زیاتر ئاوێتەی توندوتیژییە. "لاکست" ئەرکە قورسەکانی سیستەمە سیاسییەکان لەم جۆرە وڵاتانەدا لە زمانی گابرییێل ئالمۆندەوە ئاوا دێنێتە بەرباس کە پیاوانی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان کات و دەرفەتی تەواویان هەبووە بۆ ئەوەی:

١- لە پلەی یەکەمدا نەتەوەیەك پێکبێنن و فۆڕمی پێبدەن.

٢-پاشان دەسەڵاتی رەوای دەوڵەتی‌یان بەدیهێناوە و خوو و رەوشتی پەیڕەوی لە یاسایان پێکهێناوە.

٣- دواتر ئەوەیە کە لە رێگەی پەرەپێدانی رای گشتی، بەدیهێنانی حیزبە سیاسییەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی‌خواز و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، رەعییەتەکانیان کردۆتە هاووڵاتی.

٤- سەرەنجام داواکارییەکان بە باشترین شێوە بەجێبگەیەنن (دەوڵەتی خۆشبژی).

لە حاڵێکدا کە سیاسەتوانانی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا بە شێوەی هاوکات لەگەڵ ئەم مەسەلانە بەرەوڕوو بوونەتەوە و، هاوکات شۆڕشێکی زۆریان بەڕێوەبردووە: شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشی دەسەڵات، شۆڕشی بەشداری کردن(مشارکت)، شۆڕشی خۆشبژێوی(انقلاب رفاهی).[١٢٨]

لە حاڵێکدا کە دەوڵەتانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کە ئەم قۆناغانەیان تێپەڕکردووە و خاوەنی کۆمەڵگایەکی هاوچەشن و ئابوورییەکی قانوونمەند و خۆشبژێوییەکی رێژەیی و کردەوەی گونجاوی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتین، پێویستییەکیان بە توندوتیژی نواندن و ئامادە بوونی بەردەوام لە مەیدانە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە و زۆربەی مەیدانەکانیان داوەتە دەستی بەشی تایبەتی و، بیاڤی مەدەنییان بە زیانی بیاڤی نیزامی پەرەپێداوە.

---

127- Lacoste, Yves; "Les pays sous-developpes" (1962) in Roger-Gerad Schwartzenberg, Sociologie politique; Paris, Montchreien, 1974, p. 253.

128- Almond, G.; "Democracy and New Nations" in R.G. Schwartzenberg, op. cit.; p. 290.



٢- کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەر ئاسا. کۆمەڵگای مەدەنی تا ئێستا کەوتۆتە بەرامبەر سێ چەمك یان دیاردە کە بریتین لە دۆخی سروشتی، دەوڵەت و کۆمەڵگای جەماوەرئاسا. بەو پێیە کاتێك دەتوانین کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر کۆمەڵگای جەماوەرئاسا دابنێین کە چەمکە دواخراوەکانی(متأخر) لەبەرچاوبگرین. ئێستا ئاماژە بەهەر سێ حاڵەت دەکەین:

*کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر دۆخی سروشتیدا* . لەم واتایەدا کۆمەڵگای مەدەنی بە بارودۆخێك دەگوترێ کە مرۆڤەکان لە ژیان لە «بارودۆخی سروشتی» دوور بوونەوە و پەیوەنییەکانیان لەسەر بنەمای عەقڵ و یاسا رێکخستبێ. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵ نییە و، یاسای سروشت بەسەر هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانیدا زاڵە. بەڵام هەروەك «هۆبز» دەیگوت جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە کە مرۆڤ خاوەن عەقڵە و هەر ئەو عەقڵە ئەوی ناچار بە دانوسانێك کرد کە بەپێی ئەو دانوسانە ئازادی و دەسەڵاتەکانی خۆی لەگەڵ ئاسایش گۆڕییەوە.[١٢٩] لەو رێکەوتەوە مرۆڤ دێتە نێو کۆمەڵگایەك کە تێیدا یاسا و دیسیپلین زاڵە. لێرەدا کۆمەڵگای مەدەنی ئەو ژیار و شارستانییەتە دەخاتە زەینەوە کە خاڵی بەرامبەری دڕندایەتییە. تەواوی ئەو کەسانەی کە بە لایەنگرانی پەیمان ناسراون لە «هۆبز»ەوە هەتا «لاك» و «رۆسۆ» ئەو جیاوازییەیان لە نێوان سەردەمێك لە ژیانی مرۆڤ کە جیاوازی لەگەڵ ئاژەڵ نەبووە و، سەردەمێك کە بە پێچەوانەوە سەردەمی دیسیپلین و یاسایە، قبووڵ بووە. پاش بەدەرکەوتن لە دۆخی سروشتی و مانەوە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، دەوڵەت وەك هێمای ئەم ژیانە سەروسامان گرتووە سەریهەڵدا، کە لە هەمان‌کاتدا پارێزەر و بەردەوامیدەریشێتی.

بەمجۆرەیە کە لە هزری «هیگل»دا کۆمەڵگای مەدەنی دەکەوێتە نێوان بنەماڵە وەك ناوکی سەرەتاییی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت وەك هێمای بەرزی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییشدا بەم ئاکامە دەگەین کە کۆمەڵگای مەدەنی پێشەکی و بەستێنی دەوڵەتە و راوەستان و مانەوەی دەوڵەتەکان پەیوەندیی بە کۆمەڵگای مەدەنییانەوە هەیە. کۆمەڵگای مەدەنی بیاڤی تەواوی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نادەوڵەتییەکانە. ئەم مەیدانەش هەم مەیدانی لێك تێگەیشتن و پێکهاتن و مامڵەی هێدی و هێوری تاکەکان و گرووپەکانە و، هەم مەیدانی مشتومڕ. کۆمەڵگای مەدەنی، بەرەبەرە بە درێژایی مێژوو زۆر

---

١٢٩- بۆ زانیاری زیاتر ئەم کتێبە بخوێننەوە: صناعی، محمود، آزادی فرد و قدرت دولت، ل ٩٠-٩.

بنەمای پتەو وەك بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان، عەقڵی هاوبەش، کەلتووری گشتی، سیستەمی بەهایی یەکسان و زۆر روانگەی حوقووقیی گشتگیریش پەیدا دەکا کە خۆیان بەدیهێنەری یاساگەلێکی پایەدار دەبن. هەرچەند ئەم بنەمایانە پتەوتر بن دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لەوانیش پایەدارتر و سەقامگیرتر دەبێ. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەپێش کە چ جیاوازییەك لە نێوان بیاڤی گشتی و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە؟ بیاڤی گشتی پانتاییەکی بەربڵاوتری لە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە کە تێیدا دەوڵەت، نەتەوە و گرووپەکان لە پێناو پاراستن و مانەوەی کۆمەڵگای خۆیان سەرقاڵی هەوڵ، لێك تێگەیشتن و ڕێگە نیشاندان دەبن. لە حاڵێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنی کە جیاکەرەوەی بیاڤی تایبەتی و سیستەمی سیاسییە، مەیدانی رووبەڕوو بوونەوە و رکەبەرایەتیشە و خۆی بە دژە دەسەڵاتێك لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی دەژمێردرێ. لە لایەکیترەوە کۆمەڵگای مەدەنی شێوە ئابووری، ئایینی و ئایدۆلۆژیکەکان لەخۆدەگرێ. لە حاڵێکدا کە بیاڤی گشتی بیاڤی عەقڵی گشتی و هاوبەشی لەو بڕیاردانانەیە کە پەیوەندی بە چارەنووسی کۆمەڵگاوە هەیە. کەسانێکی وەك هانا ئارێنت تەواوی ئەو تایبەتمەندیيانەی کە دەیخەنە پاڵ مەیدانی گشتییەوە لەپاڵ سیاسەت و دەوڵەتیشی دەنێن. لە ئاکامدا بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر گومان دەکرا، مەیدانی سیاسەت مەیدانی وتووێژ و لێك تێگەیشتنە نەك مەیدانی زۆرەزمە، بە پێچەوانە بیاڤی تایبەتی بیاڤی زەبر و زۆر و بەرکاربردنی دەسەڵاتە. ئێستا چ کۆمەڵگای مەدەنی بە بواری پێویستی سەرهەڵدانی دەوڵەت و دەوڵەت بە هێمای بەرزی کۆمەڵگای مەدەنی دابنێین، چ لە بەرامبەر دەوڵەتدا دابنێین، ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا پەیڕەوێك لە بارودۆخی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ. بەهێزی و لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی کاریگەرییەکی لێبڕاوانەی لەسەر فۆڕمی سیستەمی سیاسی و ڕەوت و ئاراستەی بزووتنەوە سیاسییەکان هەیە و، بە گشتی ناکرێ کۆمەڵگا یان دەوڵەتێك بێ کۆمەڵگای مەدەنی بزانین. تەنیا خاڵێك کە جێی باس و دەمەتەقێیە جۆر یان پلەی کامڵبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. دەکرێ بڵێین کۆمەڵگای مەدەنی لە بریتانیادا کامڵبوون و گەشەیەکی زیاتری بە نسبەت کۆمەڵگای مەدەنیی ئەفغانستان بەخۆوە بینیوە. ئەو کەسانەش کە دەوڵەت بە دیاردەیەی زیادی و بەرهەمی پشێوی کۆمەڵگا دەزانن هیوایان بە کۆمەڵگای مەدەنییە. مارکسیستەکان پێیان وایە دەوڵەت ئاکامی زاڵبوونی چینێکی کەمینە بەسەر زۆرینەدا و بەرجەستەبوونەوەی شەڕی نێوان ئەم دوو چینەیە و" بەدوای زاڵبوونی  زۆرینە بەسەر کەمینەدا و لە نێو چوونی ناکۆکیی چینایەتی، دەوڵەتیش لەناودەچێ. ئەو دیمەنەی کە ئەوان لە



کۆمەڵگای بێ دەوڵەت لە قۆناغی بەهەشتی کۆمۆنیزمدا دەیخەنە بەرچاو کۆمەڵگایەکی مەدەنی ساغ و بێ دەسەڵاتدارێتییە.

*کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر کۆمەڵگای سیاسی یان دەوڵەتدا*. بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی لە بارودۆخێکدا کە دەکەوێتە بەرامبەر دەوڵەت یان کۆمەڵگای سیاسییەوە مانایەکیتر بەخۆوەدەگرێ. لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەمڕۆکەشدا زیاتر ئەم مانایە لەبەرچاو دەگرن. لێرەدا، کۆمەڵگای مەدەنی لەو جێیەوە دەسپێدەکا کە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی لەوێدا کۆتایی پێدێ و سنوورەکەی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی بیاڤی کاروباری تایبەتییە. بەواتایەکیتر هەرشتێك بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و لە قەڵەمڕەوی تایبەتی تاکەکانیشدا نەبێ، دەکەوێتە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە. ئەم بۆچوونە بەرامبەر بە کۆمەڵگای مەدەنی، بەرهەمی سەردەمانی دوای دەوڵەتە رەهاکانە. هەروەك زۆر جار ئاماژەمان پێداوە یەکەمین هەنگاو لە پەرەسەندنی ئەورووپادا، سانترالیزەکردنی دەسەڵات و کورت کردنەوەی دەستی دەسەڵاتی فێیۆدالی بوو کە هێما و نیشانەی ئەو دەوڵەتە رەهایانە بوون کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ دا سەریان هەڵدا. لێرەدا بەربڵاوی دەسەڵاتە فێیۆدالییەکان جێی خۆی دەداتە دەوڵەتێکی سانترال و گشتگیر. هێمای ئەم سانترالیزەبوونەی دەسەڵات، پاشایەکی بەهێزە کە بە هێزی نیزامی و ماڵی و ئیدارییەکی سەربەخۆ تەیارە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە شوێنکارێکی یەکپارچە و ڕێکیش بۆ خۆی پێکبێنێ کە لە ئاکامدا ئەو وردە کەلتوورانە لە کەلتوورێکی نەتەوەییدا بتوێنەوە. قۆناغی دووهەمی پەرەسەندنی سیاسی لە ئەورووپادا بە بەشداریکردنی ئەم دەوروپشتە یەکپارچەیە لە دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی بڕیارداندا دەسپێدەکا. لێرەدایە کە دەبێ چوارچێوەی دەوڵەت بەرتەسکتر بکرێتەوە و سنووری بۆ دیاری بکرێ. هەوڵێك کە لە لایەن دەوروپشتەوە بەڕێوەدەچێ دەبێتە هۆی پێکهاتنی شێوەگەلێك کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا دەبنە دژە دەسەڵات. یەکەمین بیاڤ کە خۆی لە ژێر سێبەری دێوەزمەی دەوڵەت رزگاردەکا بیاڤی ئابوورییە. بەڵام ناکرێ لەبیربکەین کە لە قووڵایی مێژووی ئەورووپادا هەمیشە دژە دەسەڵاتێك هەبووە کە بریتی بووە لە کلێسا و بنیاتە ئایینییەکان. نەك هەر لە ئەورووپا بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانیتر بۆ وێنە لە ئێرانی سەردەمی سەفەوییەکان، قاجارییەکان و پەهلەویدا، بنیاتە ئایینییەکان یەکەمین بیاڤی سەربەخۆی نادەوڵەتییان پێکهێناوە. چینە کۆمەڵایەتییەکانیش کۆمەڵێك بەرزی و نزمی پێکدێنن کە نایهێڵێ دەوڵەت بە کەیفی خۆی بکەوێتە جموجۆڵەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ ئاستەنگێك بەرەوڕوو

بێتەوە. بەڵام بەو هۆیە کە هەمیشە ریشەی دیاردە نوێیەکان وەك حیزبەکان، دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە یەکەمین سەدەکانی سەردەمی نوێدا دەبیننەوە، لە بواری سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنیش بۆ دەسپێکی ئەم سەردەمە دەگەڕێنەوە و دەگەنە سەربەخۆیی بیاڤەکانی ئابووری و بازار و بازرگانی. لیبرالیزمی ئابووری دەستی دەوڵەتی لە کاروباری ئابووری کورت دەکاتەوە و، ئەم شتە بۆ بیاڤەکانیتر وەك بیاڤی رووناکبیری، کەلتووری و حوقوقیش تەشەنە دەکا. هاوتەریب لەگەڵ پەرەگرتنی مافی رای گشتی، بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لە چوارچێوەی حیزبەکان، سەندیکاکان و دامەزراوەکانیتردا سەریان هەڵدا کە ئازادییە تاکەکەسیەکان و مافی مرۆڤیان بە باشترین شێوە بەدیهێناوە و، بەشداریکردنی تاك لە چالاکییە گشتییەکاندا گەرەنتی دەکەن.

لێرەدا بیاڤی کردەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی رێژەیەکی پێچەوانەیان بەیەکەوە هەیە. بەواتایەکیتر هەتا قەڵەمڕەوی دەوڵەت بەربڵاوتر بێ کۆمەڵگای مەدەنی بەرتەسکتر و هەتا کۆمەڵگای مەدنی بەربڵاوتر بێ، قەڵەمڕەوی دەوڵەت بەرتەسکتر دەبێ. هەر بەو هۆیە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە دیاریکەری رژێمی سیاسی ئەو وڵاتەشە. رژێمی تۆتالیتەر رژێمێکە کە دەستدرێژی دەکاتە سەر دوو بیاڤیتر، واتە بیاڤی کۆمەڵگای مەدەنی و هەرێمی ژیانی تایبەتی خەڵك و هاووڵاتیانیش. لێرەدا دەکرێ کۆمەڵگای مەدەنی لە ١ ەوە هەتا ١٠٠ پلەبەندی بکەین. تەنانەت لە رژێمێکی تۆتالیتەری بەهێزیشدا کۆمەڵگای مەدەنی لە دۆخی گەرایی خۆیدایە (واتە ١، نەك سفر). هێزی کۆمەڵگای مەدەنی لە بوونی ئەو بنیات و رێکخراوانەدایە کە وەك کۆڵەکە، میچی ئەم کۆمەڵگایەیان راگرتووە و هەتا رادە و پتەوییان زیاتر بێ ئەگەری رووخانی کۆمەڵگای مەدەنی کەمتر دەبێ. حیزبە سیاسییەکان، بنیاتە ئایینییەکان، سەندیکاکان، یانە دەوڵەتییەکان، دامەزراوە خوێندکارییەکان و سەدان جۆریتر لەو شێوە بنیات و رێکخراوانە بە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەژمێردرێن. ئەگەر بنیات و دەسەڵاتی دەوڵەت بە تانکێکی نیزامی بشوبهێنین و کۆمەڵگاش بەو زەوییانەی کە ئەم تانکە پێیاندا دەڕوا، ئینجا دەتوانین بڵێین هەر وەك رۆیشتنی تانك لەسەر زەوییەکی پڕ لە دار و دارستان و پڕ کێو و تەپۆڵکە بە ئاسانی مەیسەر نابێ و بە پێچەوانە لەسەر زەوییەکی راست و بێ لەمپەر بە ئاسانی دەڕوا، دەوڵەتیش لە کۆمەڵگایەکدا کە بنیاتگەلێکی سەقامگیری تێدایە، ناتوانێ هەموو جۆرە جموجۆڵێك بکا و هەموو هەرێمێك تێپەڕ بکا. لە ئەگەری نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی یان بوونی کۆمەڵگایەکی



جەماوەرئاسادا کە وەك زەوییەکی تەخت و بێ دار و درەختە، دەوڵەت بە سانایی پەنجە دەخاتە قووڵایی بیاڤ و هەرێمەکانی تایبەتییەوە. بەم هۆیە بزاوتێکی تۆتالیتەر بەرلەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك بڵاوکراوەکان، حیزبەکان و سەندیکاکان دەکاتە ئامانج هەتا کۆمەڵگای مەدەنی بکاتە کۆمەڵگایەکی جەماوەرئاسا. یەکەمین کاری ئەم بزاوتانە قەدەغەکردنی حیزبە سیاسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی بڵاوکراوەکانە. پاش ریشەکێش کردنی ئەم دارانە رێگە بۆ چوونەپێشی ماشێنی دەسەڵات بەرەو قووڵایی بیاڤ و هەرێمە تایبەت و مەدەنییەکان خۆشدەبێ. بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز بەرلە هەموو شتێك بە قازانجی دەوڵەتە. بەڵام رژێمە تۆتالیتەرەکان کە زۆرتر بە دەستی کەسانی ساویلکە و دەسەڵاتخواز بەڕێوەدەچن توانای تێگەیشتنی ئەو راستییەیان نییە. لە پلەی یەکەمدا سەقامگیری سیاسی و تەمەنی دەوڵەتەکان لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا باشتر گەرەنتی دەکرێ کە نموونەکەی دەوڵەتە دیموکراتییە ئەورووپاییەکانن. دووهەم ئەوەیە کە رەوتی بڕیاردانی سیاسی لە کۆمەڵگا مەدەنییە پایەدارەکاندا ئاسانترە، چونکە حیزب و دامەزراوەکانی تر دەوڵەت لە بیروڕای خەڵك ئاگادار دەکەنەوە.

بە گشتی ئەوەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای مەدەنی مەبەستە، بوون یان ئەگەری بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گەرەنتی کردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافی مرۆڤ وەك بوونی مەیدانی گشتییە کە تاك و گرووپەکان لە چارەنووسی خۆیاندا بەشدار دەکەن.

*کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر کۆمەڵگای جەماوەرئاسادا* . ئێستا کە روونبۆوە کۆمەڵگای مەدەنی چییە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە، پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی کۆمەڵگای جەماوەرئاسا زۆر ئاسانە. کۆمەڵگای جەماوەرئاسا لەگەڵ نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی جیاوازە. لە کاتی دەوڵەتە رەهاکاندا رێژەی قەڵەمڕەوی دەوڵەت بە کۆمەڵگای مەدەنی رێژەی ٩٩ بە یەك بوو، چونکە نەك هەر بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئارادا نەبوون، بەڵکو خەڵکیش نەهاتبوونە ناو مەیدانی گشتییەوە. لە حاڵێکدا کە مەترسیی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەرئاسا پاش پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی و لانیکەم پاش ئامادەبوونی خەڵك لە مەیداندا مەیسەر دەبێ. چونکە کۆمەڵگای جەماوەرئاسا بریتییە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە تێیدا دامەزراوە مەدەنییەکان لەناو چوونە. بۆ وێنە کۆمەڵگای ئەڵمانیا لە کاتی بسمارکدا بێ کۆمەڵگای مەدەنی، لەسەردەمی حکوومەتی وایمار دا پێناسکاری کۆمەڵگایەکی مەدەنی لاواز و لەرزۆك و نزیك بە کۆمەڵگای جەماوەرئاسا بوو. بەڵام لە کاتی هیتلەردا

پێناسکاری کۆمەڵگایەکی جەماوەرئاسا و، پاش رووخانی هیتلەر پێناسکاری کۆمەڵگایەکی مەدەنی تەواو بوو. مەترسیی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەرئاسا هەمیشە پاش دەسپێکی دیموکراسی و لە حاڵەتی نەبوونی بنیاتە بەهێزە دیموکراتییەکان، یان بوونی بنیاتە لەرزۆکە مەدەنییەکاندا هەستپێدەکرێ، مەترسییەك کە هەڕەشە لە کۆمەڵگای ئێرانیش دەکا. چونکە دەکرێ سەردەمی پەهلەوی بە سەردەمی بسمارك و سەردەمی کۆماری ئیسلامی بە کۆماری وایمار بشوبهێندرێ کە سەرەڕای ئازادی و دیموکراسی، بنیاتگەلێکی مەدەنی و بەهێز لە ئارادا نین و حیزبەکان لە قۆناغی گەرا بەولاتر نەڕۆیشتوون. کۆمەڵگای جەماوەرئاسا بریتییە لە کۆمەڵگایەکی ئاوێتە لە تاکە تەنیا و هاوتەرازەکان کە تێیدا هیچ چەشنە دامەزراوە و توخمێکی پێکهاتەیی لە ئارادانییە. جەماوەری رێکنەخراو و بێ شوناس وەك مێگەلی مەڕانن کە تەنیا پێویستیان بە شوانێك هەیە. بەو هۆیەشە کە زۆربەی بیرمەندانی کۆمەڵناسیی سیاسی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان کۆمەڵگای جەماوەرئاسا و رژێمە تۆتالیتەرەکاندا دەبیننەوە. هانا ئارێنت دەنووسێ: ﴿بزاوتە تۆتالیتەرەکان لەو کۆمەڵگایانەدا مەیسەر دەبن کە جەماوەرێك هەن کە بە هەر هۆیەك حەز و ئارەزووەکی زۆر بە رێکخراوی سیاسی لەخۆیاندا هەستپێدەکەن. ئەوە ئاگاداربوون لە بەرژەوەندیی هاوبەش نییە کە جەماوەر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، چونکە ئەوان لۆژیکی تایبەتی چینایەتیشیان نییە. لۆژیکێك کە بە شوێن ئامانجگەلێکی دیاریکراو و شیاوی دەستپێگەیشتن دایە. دەستەواژەی ﴿جەماوەرەکان﴾ تەنیا بۆ کەسانێك بەکاردێ کە نیشانەکەیان ژمارە، یان کەمتەرخەمییەکەیانە. بە پێی ئەم دوو هۆیە، ئەوان توانای تێکەڵ بوون لەگەڵ هیچ رێکخراوێك کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دامەزرابێ، وەك حیزبە سیاسییەکان، شوورای شارەکان، دامەزراوە پیشەیی و سینفییەکانیان نییە. جەماوەرەکان لە هەموو ولاتەکاندا لە دۆخێکی بەهێزدان و زۆرینەی کۆمەڵگا توێژی بێڕەگەز و لەباری سیاسییەوە کەمتەرخەم پێکدێنن کە بە دەگمەن دەنگ دەدەن و هەرگیز نابنە ئەندامی هیچ حیزبێك﴾.[١٣٠]

"ویلیام کۆرن هۆزێر" یەکێکی تر لە تیۆری دارێژانی کۆمەڵگای جەماوەرئاسا، دەنووسێ: ﴿چاوەڕوانیی دیموکراتیك لە کۆمەڵگای جەماوەرئاسا هەڵگری سێ دۆخی بنەڕەتییە: أ) بە گردیلە بوونی پرۆسەکە (هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا)" ب) گوشاری گشتی بۆ بەدەستهێنانی ئایدۆلۆژیگەلێکی نوێ (بە شوێن دۆزینەوەی کۆمەڵگایەکدا)" ج) تۆتالیتاریزم (بەرزتر بوونی

130- Arendt, H.; Les origins du tutalitarisme: les systemes totalitaires; pp. 31-32



بێ ئەملا و ئەولای کۆمەڵگایەکی درۆیین). لە وەها دۆخێکدا، کۆمەڵگای جەماورئاسا پێناسکاری دۆخێکە کە ئەگەری زاڵبوونی گرووپێکی بژاردە لە جیاتی رێسا دیموکراتیکەکان پێکدێنێ. کۆمەڵگای جەماوەرئاسا لە باری بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە گردیلەیی(ئەتۆمیزە) و لەباری زەینییەوە پێناسکاری کۆمەڵێکی لەخۆ نامۆن. هەر لەم رووەوە کۆمەڵگای جەماوەرئاسا پێناسکاری سیستەمێکە کە تێیدا حەشیمەت بوارێکی باشی بۆ ئامادەکران(بسیج) لە لایەن گرووپی بژاردەوە هەیە﴾. کۆرن هۆزێر پاش گێڕانەوەی قسەی ئارێنت درێژەدەدا و دەڵێ کە ﴿نەبوونی پەیوەندیی سەربەخۆ بەدیهێنەری لەخۆ نامۆبوونێکی کۆمەڵایەتیی بەربلاوە کە راکێشی(جاذبە) بزاوتە جەماوەرییەکان زیاد دەکا، چونکە ئەم بزاوتانە نەك هەر دەرفەتێك پێکدێنن بۆ ئەوەی خەڵك ناڕازی بوونی خۆیان لە بارودۆخێك کە لە ئارادایە دەرببڕن، بەڵکو هەڵگری بەڵێنگەلی جیهانێکی بە تەواوی جیاوازیشن. بە کورتی تاکە تەنیا و بلاوەکان شیاویی ئامادەکرانی(بسیج) خێرا بەدەستدێنن. بەم هۆیە کە تۆتالیتاریزم بە حاڵەتێك لە ئامادەکردنێکی تەواو دەژمێردرێ، کۆمەڵگای جەماوەرئاسا بە توندی لە بەرامبەر بزاوت و رژێمە تۆتالیتەرەکاندا لەرزۆك و لاوازن. لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە لە لایەنگرانی سیستەمە دیموکراتیکەکان بکرێ کە داخوا کۆمەڵگای جەماوەرئاسا خۆی لەخۆیدا تۆتالیتەرە یان تەنیا شیاوی تۆتالیتەر بوونە؟ رەخنەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕون کە تۆتالیتاریزم بە کۆمەڵگایەکی جەماوەرئاسا لەقەڵەم بدەن، چونکە تەوەری بۆچوونەکانیان بە نیسبەت چەمکی تۆتالیتاریزم بریتییە لە ئەزموونی گرووپێکی بژاردە لەسەر بنەمای ئامادەکردنی خەڵك. لە هەمان کاتدا ئەم روانگەیەش لەو رەخنانەدا بەرچاودەکەوێ کە گوایە تەواوی ئەم کۆمەڵگایانەی لە بەرامبەر تۆتالیتاریزمدا خەسارهەڵگر و لاوازن، بە کۆمەڵگای جەماوەر ئاسا دەژمێردرێن. بۆ وێنە هەم کۆمەڵگای ئەڵمانیای وایمار بە جەماوەرئاسا دەزانن و، هەم کۆمەڵگای ئەڵمانیای نازی. ئەم خاڵە یارمەتییەك بە روون بوونەوەی مەسەلەی وەرچەرخانی مۆدێلەکان ناکا، چونکە هۆکارە پاڵنەرەکانی بزاوتە تۆتالیتەرەکان لە نێو دیموکراسییە سیاسییەکاندا بەتەواوی ئەو هۆکارانە نین کە یارمەتی پاراستنی رژێمە تۆتالیتەرە بەدەسەلاتگەیشتووەکان دەکەن. بەم پێیە پێویستە جیاکردنەوەیەك لە نێوان کۆمەڵگا جەماوەرئاساکان و کۆمەڵگای تۆتالیتەردا بکرێ.[١٣١]

131- Kornhauser, William; The politics of mass society; pp. 32-34.

مەترسیی تۆتالیتاریزم تەنیا کۆمەڵگا جەماوەرئاساکانی بە شێوازی ئەڵمانیا ناگرێتەوە، بەڵکو هەڕەشە لەکۆمەڵگا پێشکەوتوو و پاش پیشەسازییەکانیش دەکا کە تێیاندا نەك ئەگەری کۆبوونەوە لە دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەیە، بەڵکو بنیاتە دیموکراتیکەکانیش خاوەن ریشە و لە مێژینەیین، بەڵام بە زۆر هۆیتر حەز لە کۆبوونەوە لەم جۆرە دامەزراوانە و، کەڵك وەرگرتن لە ئازادییە تاکەکەسییەکان لە ناو چووە.

٣- کۆمەڵگای هاوچەشن و کۆمەڵگای ناهاوچەشن. ناتوانین هیچ وڵاتێك بدۆزینەوە کە حەشیمەتەکەی لە ژنان و پیاوانێکی یەکسان پێکهاتبێ کە لە زمان، ئایین، داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانی لەم چەشنەدا هیچ جیاوازییەکیان بە یەکەوە نەبێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەسەردەمی نوێدا دوو جۆر کۆمەڵگا بە باشی شیاوی لێك جیاکرانەوەن. یەکیان کۆمەڵگایەك کە تێیدا زۆرینەیەکی بەربڵاو لە حەشیمەت خاوەن زمان، ئایین و مێژوویەکی یەکسانن و ئەویتر ئەو کۆمەڵگایانەی کە وەك موزاییکێکی رەنگاوڕەنگ لە قەومەکان و هێزەکان و زاراوە جیاوازەکان پێکهاتوون. کۆمەڵگاکانی جۆری یەکەم تایبەت بە ئەورووپای رۆژئاوا و هەندێکیشان تایبەت بەو سەرزەوییانەن کە بە دەستی قەومێك داگیرکراون، وەك فەرەنسا و میسر. لە نێوان ئەم دوو جۆر کۆمەڵگایەشدا جیاوازیی بنەڕەتی لە ئارادایە و ئەویش ئەوە کە گرووپە قەومی یان ئایینییەکان لە فەرەنسا، بە مەترسییەکی ئەوتۆ لەسەر تەواویەتی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە ناژمێردرێن، لە حاڵێکدا کە کەمینەی"قیبت" لە میسر یان "کابیل" لە ئەلجەزایر دەبنە هۆی ترس و نیگەرانی دەسەڵاتداران. ئەم شتە پەیوەندی هەیە بە سەقامگیری و ناسەقامگیری سیاسی، دینامیزمی ئابووری و نەبوونی ئەو، بەهێزی یان بێهێزی بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان و دەیان هۆکاری ترەوە.

بەڵام دەبێ لە بیرنەکەین کە هاوچەشنی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە ئەورووپاییەکاندا بەرهەمی دەوڵەتە رەهاکان لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨ ی ئەم وڵاتانەیە. یەکەمین هەنگاو لە پەرەسەندنی سیاسیی ئەورووپای رۆژئاوا هەروەك زۆر جار ئاماژەمان پێکردووە، پێکهاتنی دەوڵەتی رەها بوو کە بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی پاشا و کورت کردنەوەی دەستی فیئۆدالەکان لە دەسەڵات پێکهات. یەکێکی تر لە کارە تایبەتییەکانی ئەم دەوڵەتانە تواندنەوەی وردە کەلتوورەکان لە نێو کەلتووری زاڵدا بوو. وڵاتێکی وەك فەرەنسا کە لە چوار وڵاتی ئاکتین (باشووری رۆژئاوا)، بۆرگۆندی (باشووری رۆژهەڵات)، نۆستری (باکووری رۆژئاوا) و سترازی پێکهاتبوو و پاش زمانی زانستی واتە لاتینی کە زمانی دەرباریش بوو، دوو زمانی



سەرەکیی ئۆی ( oil) و ئۆك ( oc) و دەیان زاراوەیتر سێبەری خستبووە سەر. بەڵام بەرەبەرە بە زاڵبوونی پاریس بەسەر باقی ناوەندەکانی دەسەڵاتدا و زاڵبوونی زمانی ئۆی بەسەر ئۆك دا و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان و لەناوچوونی سنوورە نێوخۆییەکان و پەرەگرتنی سەرمایەداری لە سەدەکانی پاش رۆێنیسانس، بەتایبەت یەکپارچەیی ئایینی کە لە پەیماننامەی وێستفالیا دا کەوتە بەر رەزامەندیی تەواوی پاشایەکان و بەپێی ئەو خەڵك دەبوایە یان ئایینی پاشا قبووڵبکەن و بمێننەوە، یان ئایینی خۆیان نەگۆڕن و نیشتیمان بەجێ بهێڵن، هاوچەشنیی راستەقینە لەم وڵاتەدا مسۆگەر بوو. ئەم هاوچەشنییە کاتێك مسۆگەر بوو کە وڵاتە ئەورووپاییەکان لەگەڵ هەڕەشە، یان دەستێوەردانە دەرەکییەکان بەرەوڕوو نەبوون و پاشاکان بە دەسەڵاتی تەواوەوە زمان و کەلتوور و ئایینی خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپاند. هەر ئەم کارە لە ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆری سەفەوییەشدا تا رادەیەك بەڕێوەدەچوو. بەڵام سەفەوییەکان حەزیان لە هاوچەشنیی زمان نەبوو و تەنیا سەرنجیان بە ئایین دەدا. بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر دەوڵەتێك بیەوێ ئایینێك یان زمانێك بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ لەگەڵ دەیان هۆکاری بەرگێڕەوە بۆ وێنە کۆمەڵگا نێونەتەوییەکان، وەك مافی مرۆڤ و لێبووردنی نێونەتەوەیی و هتد بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئاکامی باسەکە ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە هاوچەشنییان تێدا هەیە، یەکێك لە گەورەترین هەڕەشە نێو خۆییەکانیان تێپەڕ کردووە و توانای خۆیان لە پێناو پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەبەن. لە حاڵێکدا کە ئەو کۆمەڵگایانەی لەگەڵ ئەمجۆرە لێکدابڕانانە بەرەوڕوونە جگە لەوەی کە رەنگە بەشێکی زۆر لە توانای دەوڵەت بۆ بەرگری لە تێکهەڵچوونی نێوان رەگەزەکان، خێڵەکان و زاراوە جۆراوجۆرەکان بەکاربێنن، لەگەڵ هەندێك داواکاری بەربڵاو و دژبەر بەرەوڕوون کە بەدیهێنانی هاوکاتی هەموویان مەیسەر نابێ. ئەم شتە لەخۆوە دەبێتە هۆی تێکهەڵچوونی دەوڵەت لەگەڵ دەوروپشتی کۆمەڵایەتی خۆی و رەوابوونی دەوڵەت دەباتە ژێر پرسیار. سەختگیری دەوڵەت لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا شتێکی سروشتییە و بۆ پاراستنی بوون و مانەوەی خۆی پێویستە. یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی توندوتیژیی دەوڵەتی ناوەندی ئێران لە هەر جۆرێك بێ، بۆ نەبوونی هاوچەشنیی پێویست لە شوێنکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە. لە حاڵێکدا کە سێهەزار ساڵ مێژووی هاوبەشی هاوپەیوەندییە قەومییەکان، ئایینی هاوبەش و دەیان هۆکاریتر باس لە بوونی بوارە پێویستەکان بۆ هاوچەشنیی کۆمەڵایەتی دەکەن، تەنیا ئەوە وەڵامدەرە کە پلان دانانێکی راست

و دروست و هەمەلایەنە بۆ ماوەی یەك وەچە، پرۆسەی هاوچەشنی بەرەوپێش بەرێ و ئەم گرفتە بۆ هەمیشە چارەسەر بكا. چاوەڕوان كراوە كە كۆماری ئیسلامی بە پاڵپشتی خەڵك و كەڵك وەرگرتن لە خواست و باوەڕە ئایینییەكانی خەڵك ئەم ئەركە بەجێبگەیێنێ. بەڵام نەبوونی تیۆرییەكی یەكگرتوو لەو بارەوە و كەمتەرخەمی بە نیسبەت نەتەوەسازی وەك پێویستییەكی مێژوویی ئەم دەرفەتەی لەناوبرد. دەوڵەتانی جیهانی سێهەم زۆربەیان لەگەڵ ئەم فۆرمە بەرەوڕوون. دەوڵەتی هیند هەر سێ ساڵ جارێك شایەتی تێكهەڵچوونگەلێكی زۆر لە دەوروپشتی كۆمەڵایەتی خۆی لە ناوان زاراوە جیاوازەكان دەبێ و دەوڵەتانی ئەفریقا هەر هەموویان لەگەڵ گرفتی تێكهەڵچوونی نێوان خێڵەكان بەرەوڕوون. دەوڵەت لەم كۆمەڵگایانەدا وەك گوڵدانێكە كە لەسەر مێزێكی شكاو دانراوە و هەر كات ئەگەری ئەوە هەیە كە وەرگەڕێ، یان لانی كەم هیچ كات هەست بەوە نەكات كە خاوەن پێگەیەكی خاترجەم و سەقامگیرە. لە ئاكامدا یەكەمین ئەركی وڵاتانی جیهانی سێهەم (هەم لە ڕەهەندی ئەركە نەتەوەییەكان و هەم لە سۆنگەی پاراستنی خۆیانەوە) بەدیهێنانی شوێنكارێكی كۆمەڵایەتی خاترجەم و سەقامگیرە. بێ ئەم كارە هیچ هەنگاوێك بەرەو پێش هەڵناهێنرێتەوە. لەو كۆمەڵگایانەدا كە هیچ ڕێگەیەك بۆ تێكەڵ بوون نەبێ، گرووپە قەومی و زمانییەكان لە چوارچێوەی دیموكراسییەكی consensule یان ڕێككەوتنێكی چەند گرووپی بە جۆرێك لە هاوژیانی ئاشتیخوازانە گەیشتوون. بۆ وێنە وڵاتی سویس كە كانتۆنە فەرەنسی زمانەكان، ئەڵمانی زمانەكان و زمانی هەرێمی لە تەنیشت یەكتر ژیان بەسەردەبەن. سیستەمی فیدراڵ و كۆنفیدراڵیش ڕێگاچارەیەكی ترە كە تەنیا لە وڵاتە پێشكەوتووە پیشەسازییەكاندا مەیسەر دەبێ كە لەوێ كەلتووری دیموكراسی خاوەن بنەمایەكی قووڵە. ئەم ئەزموونە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەبێتە هۆی جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆ. دەمارگرژییە كوێرانەكان، كەللەڕەقی و كەلتووری نزم ئەو هۆكارانەن كە كەم بوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دەكەنە جێی مەترسی. ئەفغانستان نموونەی بەرچاوی وڵاتێكی جیهانی سێهەمی و سویس نموونەیەكی بەرچاوی وڵاتێكی پیشەسازییە كە تێیاندا جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان شوێنەواری خراپ و دڵخوازی خۆیان دەرخستووە.

٤- پاژەكانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی. لە ناو هەر كۆمەڵگایەكدا توێژبەندی و هیراركییەك پێكدێ كە كۆمەڵگا لە حاڵەتی بێشكڵی و بێڕووخساری ڕزگاردەكا و شوناس و هێمای پێدەبەخشێ. ناتوانین هیچ كۆمەڵگایەك بدۆزینەوە كە وەك مێگەلی مەڕان لە هەندێك تاكی



یەكسان و هاوپایە پێكهاتبێ. هەتا ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی ئاڵۆزتر و پێشكەوتووتر بێ ئەم جیاوازییانە زیاتر دەبن. هەروەك لە ئێرانی كۆندا توێژگەلێكی وەك ئیدارییەكان، ڕۆحانییەكان، جووتیاران، پیشەكاران شیاوی لێك جیاكردنەوە بوون. هۆكاری سەرەكیی جیاوازی دانانی كۆمەڵایەتی بابەتی باس و وتووێژگەلێكی زۆر بووە. بۆ وێنە پارێتۆ تایبەتمەندییە تاكەكەسییەكان بە هۆكاری جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان دەزانێ، دۆركهایم دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتی و ماركس شێوەی بەرهەمهێنان. میراتیش لە كۆمەڵگاكانی ڕابردوودا هۆكارێكی گرنگی بەردەوام بوونی ژیانی توێژێك بوو. تەواوی ئەو هۆكارانە لە ڕاستیدا بە جۆرێك لەو جیاكردنەوانەدا كاریگەرن. توێژبەندییە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر حاڵەتی هیراركی بەخۆوە دەگرن. چینی ئاغاوات، جووتیار، كرێكار هەركام پێگەیەك لە هیراركیی كۆمەڵایەتیدا بەدەست دێنن. "پییێر لارۆك" سێ هۆكار لە دیاریكردنی هیراركیی كۆمەڵایەتیدا بە كاریگەر دەزانێ: «ڕۆڵی هەر چینێك لە كۆمەڵگادا، شێوازی ژیانی هەر چینێك، ڕەوشتی دەروونی و ویژدانی كۆمەڵی».[١٣٢]

بە باوەڕی بیرمەندانی ڕۆژئاوایی گەورەترین توخمی ناوخۆیی كۆمەڵگایەك و گرنگترین پاژی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی چینە، بەڵام شرۆڤەكردنی كۆمەڵگا نائەورووپاییەكان ڕێگە لە گشتاندنی ئەم تیۆرییە دەگرێ. چونكە لە كۆمەڵگا نائەورووپاییەكاندا زۆر گرووپبەندیی كۆمەڵایەتیتر هەن كە لە چاو چین لەم كۆمەڵگایەدا بایەخ و ڕۆڵێكی زیاتریان هەیە. گرووپە قەومی و خێڵەكییەكان لەم نموونانەن. هەروەك لە كۆمەڵگای ئێراندا قورسایی سیاسی و كۆمەڵایەتی عەشیرەت و خێڵەكان لە چینە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر بوو و زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێین خێڵ و عەشیرەكان لە مێژووی ئێراندا جێی چینە كۆمەڵایەتییەكان لە مێژووی ئەورووپادا دەگرنەوە.[١٣٣] "ژۆرژ گۆرویچ" ٦٣ جۆر گرووپی كۆمەڵایەتی ناو دەبا كە لە حیزبی سیاسی و گرووپە زمانی و قەومییەكانەوە هەتا گرووپە شاراوەكان و دەستە ئایینییەكان لەخۆ دەگرێ.[١٣٤]

بەڵام چینە كۆمەڵایەتییەكان لە هیچ جێیەك وەك ئەورووپا ڕوون نەبوونەتەوە و سنووریان دیار نەبووە. ڕەنگە هەر بەو هۆیەش بێ كە ڕۆڵی چینەكانیش لە هیچ جێیەك بەقەد ئەورووپا بەرچاو و دیاریكەر نەبووە. بەرهەمە كۆمەڵناسانەكان لەمەڕ چینی كۆمەڵایەتیش لە هیچ

---

١٣٢- لاروك،پيير، طبقات اجتماعی، ل ١١.

١٣٣- نقیب زاده، احمد، تاثیر ساختار دولت مطلقه رضاشاه بر نفوذ سیاسی عشایر، ١٣٧٩.

134- Gurvitch, G.; La vocation actuelle de la sociologie; 1956.

جێیەك وەك ئەورووپا هەتا ئەو رادەیە دەوڵەمەند نییە. بە پێچەوانەی بۆچوونی هەمووان کە باسی چینی کۆمەڵایەتی و شەڕی نێوانیان بە بەرهەمی مارکس دەزانن، ئەم باسە لە کۆنەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەورووپادا جێگەیەکی تایبەتی هەبووە. خودی مارکس دانی بەم خاڵەدا هێناوە و لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ٢ ی مارسی ١٨٥٢ دا بۆ ﴿وێدرمایر﴾ی نووسیوە دەڵێ: هەتا ئەو جێیە کە پەیوەندی بە منەوە هەیە ئەوە من نیم کە شیاوی ڕێزلێنان لەمەڕ دۆزینەوەی بوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕی نێوانیانم ، زۆر پێش من مێژووزانانی بورژوا دەستیان دابووە شیکرنەوەی پەرەسەندنی مێژوویی شەڕی چینایەتی و، ئابووریزانانی بورژوا خەریکی شرۆڤەکردنی ئابووریی چینەکان بوون. ئەوکارە نوێیەی من کردم ئەوە بوو کە:

١- سەلماندم کە بوونی چینەکان تەنیا پەیوەندی بە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژووییەوە هەیە کە خۆی پەیڕەوێك لە بەرهەمهێنانە.

٢- ئەوەیە کە شەڕی چینایەتی بەناچاری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای لێدەکەوێتەوە.

٣- هەروەها ئەوەیە کە ئەم دیکتاتۆرییە خۆی دەبێتە زەمینەخۆشکەری لادانی شەڕی چینایەتی و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین.

پێناسەی مارکس لە چین زۆر روون و بەرچاوە هەرچەند گریمانەی گشتیی ئەو لە ﴿شێوەی بەرهەمهێنان﴾ یان شەڕی چینایەتی شك و گومانێکی زۆر دێنێتە گۆڕێ. شێوازی بەرهەمهێنان ئاوێتەیەکە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دیاریکەری سنووری چینە کۆمەڵایەتییەکانیشە. هەر کەسێك کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا جێگەیەك پڕدەکاتەوە، ئەندامی چینێکە. خاوەندارانی ئامرازی بەرهەمهێنان لە لایەك و خاوەندارانی هێزی کار لە لایەکیترەوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کە چۆن لەناو هەرکام لە چینە سەرەکییەکاندا هەندێك دابەشکاریتر پێکدێ؟ ماکس ڤێبەر چینە پێگەیی(منزلتی)یەکانیش بە چینە ئابوورییەکانەوە زیاد دەکا: ﴿مەبەستمان لە چین گرووپێك لە تاکەکانە کە بارودۆخێکی یەکسانیان هەیە﴾.[135] ڤێبەر سێ چینی خاوەندار، بەرهەمهێنەر و چینی کۆمەڵایەتی لێك جیادەکاتەوە و لە نێو هەرکامیاندا توێژگەلێکی جۆراوجۆر لێك جیادەکاتەوە.

شیکردنەوەی چینی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیستەمیشدا یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵناسیی گشتی و کۆمەڵناسیی سیاسی پێکدێنێ. تیۆرییە پێڕەوەکانی کۆمەڵناسیش زیاتر

135- Weber, Max; Economie et societe; tom 1 p. 391.



بەو بابەتە تەرخانکراون، چونکە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە گۆڕانی بارودۆخی چینەکۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە.

"ژۆزێف شۆمپیتەر" گرنگترین کۆمەڵناسێك کە پاش مارکس و ماکس ڤێبەر لێکۆڵینەوەی لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، لە سێ کتێبی گرنگی خۆی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٧ دا بڵاوی کردنەوە (کۆمەڵناسیی ئیمپریالیزمەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنکارە قەومییە هاوچەشنەکاندا، قەیرانی دەوڵەتی ماڵی) یەکیانی بۆ لێکۆڵینەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان تەرخانکردووە. لە هێنانە بەرباسی مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە شۆمپیتەر ئاماژە بە چوار مەسەلە دەکا کە پێناسەی چینەکان دەخەنە ژێر تیشکی خۆیانەوە. یەکەم، مەسەلەی سروشت و زاتی دیاردەی چین (داخوا زاتی چینێك ئابوورییە یان کۆمەڵایەتی یان شتێکیتر). دووهەم، ئەرکی چین یان رۆڵی ئەو لەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەی کە پێیوە بەستراوەتەوە. سێهەم، یەکگرتوویی نێوخۆیی چینەکان کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی چینێك لە چینێکیتر و سەرەنجام فۆرماسیۆن یان چۆنییەتی پێکهاتنی چین و ئەوەی کە بۆچی چینی کۆمەڵایەتی لە هەر جۆرێکەوە بێ هەرگیز هاوچەشن و یەکپارچە نەبووە و بەسەر چینی جۆراوجۆردا دابەشدەبێ.[136] خالێکیتر کە شۆمپیتەر ئاماژەی پێدەکا مەسەلەی بزۆزی و جێگۆڕکێ لە ناو چینێکدایە کە خۆی دەبێتە بنەمای ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوە خۆی گرنگی چین لە گریمانەی شۆمپیتەردا دەردەخا.

﴿هەروەك گوتمان ئەوەی کە تاك هی چ چینێك بێ، لە لەدایکبوونییەوە دیاریدەکرێ. کەوابوو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تاك لەدەرەوەی ویست و خواستی ئەودا دیاریدەکرێ ... تاك ئەندامی بنەماڵە و بنەماڵە توخمی بنەڕەتی چینێکە ... ئاڵوگۆڕ و بزۆزی چینایەتیش لە رێگەی ئاڵوگۆڕ لەو توخمە بنەڕەتییەوە روودەدا کە بەردەوام لە گۆڕاندایە.﴾[137] لە لایەکیترەوە ﴿پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەك کاتێك گۆڕانی بەسەردادێ کە پەیوەندییەکانی نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕێ﴾.[138] لە گریمانەی شۆمپیتەردا شێوازی بەرهەمهێنان پایە و بنەمای چینە کۆمەڵایەتییەکان نییە بەڵکو لە پلەی یەکەمدا لێهاتووییەکانی تاکەکەسی لە بەڕێوەبردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێوانەی سەرەکیی توێژبەندییە

136- Schumpeter, Joseph; Imperialisme et classes socials; p. 161.
137- Ibid.; pp. 168-169.
138- Ibid.; p. 191.

کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ. دواتر ئەوەی کە لەم گریمانەیەدا، چین خۆی بە توخمێکی ڕەسەن زانراوە. لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕیشەیان لە ئاڵوگۆڕی بەناچاری پاژ و توخمەکانی کۆمەڵگادایە. بەم پێیە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە خوارەوە بەرەو سەرەوە ئاراستەکراون و ئاڵوگۆڕە بنەماڵەییەکان دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕە چینایەتییەکان و، ئاڵوگۆڕە چینایەتییەکانیش دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

قبووڵکردنی ئەو خاڵە کە چینی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە و بەردەوام بە پێی هۆکارە ناوخۆیی یان دەرەکییەکان لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە، بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە تیۆریدارێژان سەرنجیان بدەنە ئەم ئاڵوگۆڕانە و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا کۆنەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵگا نوێیەکان بخەنە ناوەندی هزر و بیرۆکەکانی خۆیانەوە. "نیکۆلاس پۆلانزاس" یەکێك لە مارکسیستە پێکهاتەخوازەکان لە کتێبی خۆیدا بە ناوی "*چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرمایەداری ئەمڕۆدا*"[139] وەرچەرخانەکانی چینەکانی لە دنیای سەرمایەداریدا خستۆتە بەرباس کە زیاتر تایبەت بە زۆربوون و پەرەسەندنی چین یان گرووپە بورژواکان دەبێ. بەرهەمە گرنگترەکەی پەیوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕەکەیان لە لایەك و، دەوڵەت و سیاسەت لە لایەکی ترەوەیە کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەین.

هەروەك ئاماژەی پێکرا باسکردن لەمەڕ چینەکان وەك یەکێك لە بیاڤە بەرچاوەکانی توێژینەوە بۆ توێژەرە مارکسیستەکان مایەوە. یەکێکیتر لەو کەسانەی کە بنەمایەکی نوێی بۆ پێناسەکردنی چینەکان دانا و کەوتە بەر تۆمەتی پێداچوونەوەخوازی و لە دین وەرگەڕان، "ڕالف دهرندرف"ی ئەڵمانی بوو. بە باوەڕی "دهرندرف" شەڕی چینایەتی گرنگترین جۆری وێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانە و، ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانیش لە وێککەوتنە چینایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام "دهرندرف" پێیوایە لە هەمانکاتدا وێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە بنەمای چینایەتییان نەبێ و بەرتەسك کردنەوەی هۆکارەکانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان لە وێککەوتنی چینەکاندا واقیعبینانە نییە. بەجۆرێك کە ئاڵوگۆڕەکانی دوایی بەتایبەت لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا، بەرەبەرە و بێ ڕووداو و بێ کارتێکراوی لە شەڕی چینەکان، بەڕێوەچووە.[140] بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی مارکسیزمی کلاسیك کە خاوەنداریێتی بە دیاریکەری سەرەکیی بارودۆخی چینێکی

139- Poulanzas, Nicos; Les classes sociales dans le capitalisme aujourd'hui; 1974.
140- Dahrendorf, Ralf; Class and class conflict in industrial society; p. 129.



کۆمەڵایەتی دەزانێ، دهرندرف «دەسەڵات» بە توخمی سەرەکیی چین دەزانێ و بەم شێوەیە جۆرێك پێوەری سیاسی لە جێی پێوەری ئابووریی مارکس دادەنێ.[141] لەسەر بنەمای ڕای دهرندرف چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تەوەری ڕێوشوێنی پێکهاتەیی پرەنسیبی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێن، بەڵام پێگەیان لە دابەشکردنی دەسەڵات لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا سەرچاوەدەگرێ.[142]

ڕای "دهرندرف" لە زۆر بارەوە بۆ شیکردنەوەی مەسەلەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان گونجاوترە. بۆ وێنە ڕەزاشا کاتی هاتنە سەرکار، سەربازێکی بێ ناو و ناوبانگ و هەژار بوو، بەڵام پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ ماوەی ١٨ ساڵ سەروەت و سامانی خۆی زیادکرد بەجۆرێك کە کاتی جێهێشتنی دەسەڵات گەورەترین موڵکداری ئێران بوو. جگە لەوەش دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکان لە زیادکردنی قورسایی کۆمەڵایەتی تاك و گرووپ دەژمێردرێ و ناکرێ بە پەیڕەوی *بێئەملا* و ئەولای هۆکاری ئابووریی بزانین.

یەکێکیتر لەو کەسانەی ئاڵوگۆڕێکی گرینگیان لە تیۆریی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکهێنا "پییێر بۆردیڤ" بوو. ئەویش یەکێك لە پێکهاتەخوازەکانی کارتێکراوی مارکسیزم بوو. کاری گرنگی بۆردیڤ ئەوە بوو کە سەرنجی توێژەرانی لە لێکۆڵینەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بەرهەمهێنانەوە بۆ لای بەکارهێنان ڕاکێشا. بارودۆخی چینەکان و شەڕی نێوانیانی کردە پەیڕەوی سێ هۆکار: یەکەم "هاپیتوس" یان کۆمەڵێ ئەو خوو و ڕەوشتانەی کە مرۆڤ بەدەستیدێنێ. سروشتییە کەسانێك کە لە بارودۆخێکی یەکسانی کۆمەڵایەتیدا بن، خوو و ڕەوشتی یەکسانیش بەدەستدێنن. لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین خوو و ڕەوشتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایەك بە یەك دەچن. دواتر سەرمایە کە بریتییە لە کۆمەڵە ئیمکانیاتێك کە لە دەست تاك یان گرووپ دایە بۆ ئەوەی دەستبداتە کارێك. لە ئاکامدا خوێندەواری و پسپۆڕیش بە بەشێك لەسەرمایە لەقەڵەمدەدرێن. لە کۆتاییدا چوارچێوەی کردار (champ) یان فەزا یان دنیا یان چوارچێوەیەك کە بکەرەکان تێیدا بە پێی ئەو جێگەیەی کە هەیانە پێناسە دەکرێن و چینە دژبەرەکان بەیەکەوە پەیوەندی دەگرن و ڕووبەڕوو دەبنەوە. بە گوێرەی بنیاتە حوقوقییەکان، سیستەمی سیاسی و ڕێساکانی گەمەش بە بەشێك لەم فەزا و چوارچێوەیە

141- Ibid.; p. 136.
142- Ibid.; p. 148.

دەژمێردرێن. تەواوی ئەو کەسانەی لەم فەزایەدا خەبات و دژایەتی دەکەن بە جۆرێك لە بەرهەمهێنانەوەی گەمەدا بەشدارن چونکە باوەڕیان بە بابەتی کێشە و ناکۆکییەکە هەیە و مەبەستیان لەنێوبردنی نییە. لە ئاکامدا فۆرمووڵ بە شێوەی خوارەوەی لێدێ:

Pratique = ( habitus ⁎ capital ) + champ

لەم چوارچێوە پێکهاتەییەدا ئابووری یان دەسەڵات یان هەر هۆکارێکیتر لایەنێکی ڕێژەیی بەخۆوەدەگرێ و پێگەی کارگێڕ (بڵێین چین) بە پێی خوو و ڕەوشت و ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی و ئەو سەرمایەی کە لە دەستیدایە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی باقی کارگێڕان دیاریدەکرێ. چیتر ناکرێ چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای شێوازی بەرهەمهێنان پێناسە بکرێن، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لەسەر بەکارهێنانیش کە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی چینێکە دەکرێ لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی تێبگەین.[١٤٣] لە لایەکیترەوە بکەر یان کارگێر دیلی بێئەملا و ئەولای پێکهاتەش نییە و خۆی توانای ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی فەزای خۆیدا و بە پێی ئەو سەرمایەی هەیەتی دەستبداتە داڕشتنی ستراتیژییەك.

چین و دەسەڵاتی سیاسی. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا مارکس بەرجەستەبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، بە بەرهەمی بوونی چینە دژبەرەکان و دەسەڵاتدارێتی چینی کەمینە دەزانێ. دەوڵەت ئامرازێکە لە دەستی چینی زاڵدا کە لە ڕێگەی ئەوەوە هەژمۆنیی خۆیان بەسەر زۆرینەدا دەپارێزن. زۆربەی مارکسیستەکانیش بەو گریمانەیە وەفادار مانەوە. لە ڕەهەندی گشتییەوە و ئەوەی کە چۆن چین و شەڕی چینایەتی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە دەبەسترێتەوە، ئێمە ئاماژە بە ڕای پولانزاس دەکەین کە پەیوەندیی چینی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی روونتر لە هەمووان خستۆتە بەرباس. پێکهاتەی پولانزاس تۆزێك ئاڵۆز و دژوارە، چونکە لە لایەك بە ئاشکرا پێ لەسەر ئەولەوییەتی کاریگەریی شەڕی چینایەتی لەسەر دەزگا دەوڵەتییەکان دادەگرێ و دەوڵەت بە ئاکامی ئەم شەڕانە دەزانێ ، لە لایەکیترەوە سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتی بە فەرمی دەناسێ و ڕۆڵی ئەو لە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت هەژمۆنیی چینی زاڵ، بە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەزانێ. لە ڕاستیدا ﴿دەوڵەت گشتێتییەك بە ناوەرۆکێکی ئامرازییەوە نییە بەڵکو خۆی جۆرێك پەیوەندی یان باشتر بڵێین کەڵەکەبوونی پەیوەندییە﴾[١٤٤] و ﴿دەزگا دەوڵەتییەکانیش پەیوەندییە

143- Bourdieu, Pierre; Question de socialogie; p. 43. et La Distinction; p. 216.
144- Poulantzas, N.; op. cit.; p. 24.



چینایەتییەکان بەرهەست و بەرجەستە دەکەنەوە﴾[١٤٥]، لە ئاکامدا ئەوە شەڕی چینایەتییە کە ئەم دەزگایانە پێکدێنێ و وەرچەرخانی زیاتریان تێدا ساز دەکا.[١٤٦] سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت لە بەرامبەر چینی زاڵ یان باقی چینە کۆمەڵایەتییەکانیش بەو جۆرە پاساو دەدرێتەوە کە ئەم سەربەخۆییە تاڕادەیەك ئاکامی بوونی ئەو فراکسیۆن و توێژە دژبەرانەیە کە چنگیان بەسەر دەزگا دەوڵەتییەکان دا گرتووە. بۆ وێنە سووپای ئەڵمانیا لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا پێگەی موڵکدارە گەورەکانی هەبوو، لە حاڵێکدا کە دەزگای دادوەری لە دەستی سەرمایەداریی گەورەدا بوو و دەزگای ئیداری لە نێوان سەرمایەداریی گەورە و بچووکدا دابەش ببوو. ئەگەر کۆمەڵگا بەرەو هەژمۆنیی سەرمایەداریی گەورە لە تێپەڕبووندا بێ، زیاتر دەزگای ئیداری و سووپا وەك پێگەی دەسەڵاتی سەرمایەداریی مامناوەندییان لێدێ و، ئەو شتە دەبێتە هۆی لاواز بوونی پەرلەمان لەسەرمایەداریی پاوانخوازدا. لە هەمانکاتدا دەوڵەتی سەرمایەداری لە پشت ئەم دژایەتییانە پێناسکاری جۆرێك هاوچەشنییە کە لە یەکیەتیی دەسەڵاتی چینی زاڵ سەرچاوە دەگرێ. هۆیتری سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بوونی دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتییە کە هێزێکی تایبەت بە سەرخانی سیاسی دەدا.[١٤٧]

بەڵام ئەوەی کە چ چینێك لەگەڵ چ ڕژێمێکی سیاسی یەکدەگرێتەوە خاڵێکە کە لە بەرهەمەکانی مارکس و مارکسیستەکانی سەدەی بیستەمدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ. لە زۆربەی ئەم بەرهەماندا چینی بورژوا خەسڵەتێکی سەرکوتکەر و چینی کرێکار خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕی هەیە، لە حاڵێکدا بە نیسبەت جوتیاران و وەفادارییان بە چینی کرێکار شك و گومان نیشاندراوە. خاڵێکیتر کە لە توێژینەوەکانی "بارینگتۆن مۆر" و "تێدا ئیسکاچپۆل" کەوتۆتە بەر سەرنج، ڕۆڵی چینی بۆرژوا لە ڕێنوێنی و بەلاداشکانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانە. لە گریمانەی مۆر دا پەیوەندییەکی لەپسان نەهاتوو لە نێوان چینی مامناوەندی یان بورژوا و ڕژێمی دیموکراتیدا هەیە. بە واتایەکیتر دیموکراسی لە هەموو جێیەك لەسەر شانەکانی بورژوازی دەگوازرێتەوە.[١٤٨] دەتوانین تیۆریی بارینگتۆن مۆر لەمەڕ شۆڕشی مەشرووتەی ئێران تاقی بکەینەوە. یەکێك لەسەرەکیترین هۆیەکان(ئەگەر نەڵێین تەنیا هۆ)ی شکستی شۆڕشی دیموکراتیکی مەشرووتییەت لە ئێران، نەبوونی چینی مامناوەندی یان لانیکەم لاوازبوونی بوو. بە پێی ڕای مۆر لاوازی بورژوازی لە ئەڵمانیادا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی فاشیزم، چونکە ئەم چینە نە ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێ ڕێبەرایەتی ڕەوتە

145- Ibid.; p. 23.
146- Ibid.; p. 25.
147- Dahrendorf, Ralr; op. cit.; pp. 46-50
148- Moor, B.; Les origins sociales de la dictature et de la democratie; p. 343.

کۆمەڵایەتییەکان بەدەستەوە بگرێ و، نە ئەوندەش لاواز بوو کە لە مەیدان بەدەر کەوێ. لە ئاکامدا هاوپەیمانییەك لە نێوان بورژوازی و ئەریستۆکراسی(ئاغاوات)ی خاوەن زەویدا پێکهات، کە ئاکامەکەی لە بیاڤی ئابووریدا هاوژیانیی بەشەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و لە بیاڤی سیاسەتدا بەدوای یەکداهاتنێکی رێکارە دەسەڵاتخوازەکان (ئۆتوریتەر) و هەوڵە دیموکراتییەکان بوو کە شکستی هەوڵەکانی دوایی، رێگەی بۆ رێکارە دەسەڵاتخوازەکان خۆشکرد. بەم شێوەیە لاواز بوونی بورژوازی لە رووسیا و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران لەم وڵاتەدا رێگەی بۆ هاوپەیمانیی خەڵکی وێڕای زاڵبوونی توخمی جوتیاری بە دژی ئاغاواتی خاوەن زەویی پاشایەتیی رەها خۆشکرد.[149] وێنەی شۆڕشی مەزنی روسیا بەمجۆرە دەکێشرێتەوە کە گرووپێکی بچووك لە رووناکبیران رێبەرایەتی جەماوەرە رێکنەخراوەکان بەدەستەوە دەگرن و شۆڕش بەرەو دیکتاتۆری کۆمۆنیستی رێنوێنی دەکەن. لەوەدا کە پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە رووداو یان روونەدانی شۆڕشەکان لە لایەك و شێوەی شۆڕشەکان لە لایەکیترەوە هەیە گومانێك نییە و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە هەر چینێکیش رابردووی سیاسی خۆی هەیە وەك شتێکی لۆژیکی دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی کە تەنیا بارودۆخی چینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ روونکردنەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان وەڵامدەر بێ بە مانای لەبەرچاو نەگرتنی هۆکارەکانیترە. هەروەك شێوەی خەڵکی بوون یان پۆپۆلێر بوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش بە نەبوونی چینێکی بەهێز کە بتوانێ رێبەرایەتی شۆڕش لەخۆیدا بەرتەسك بکاتەوە شیاوی روونکردنەوەیە، بەڵام ئەو شتە نابێ ببێتە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی هۆ و هۆکارەکانیتر. نەك چینی پایەدار و بەهێز لە کۆمەڵگای ئێراندا نەبوو بەڵکو هیچکام لە گرووپ و حیزبە سیاسییەکانیش پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆیان نەبوو. بەواتایەکیتر کۆمەڵگای مەدەنیی نیوە خەوتوو و نیوە وشیاری ئێران نە ئەوندە بەهێز بوو کە بتوانێ بێ شۆڕش ئاڵوگۆڕی پێویست پێکبێنێ و نە ئەوەندە لاواز بوو کە ئیرادەی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی نەبێ. بەڵام جەماوەری خەڵك لە هیچ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیدا ئەندام نەبوون و جگە لە ژێر رێبەرایەتیی روومایەکی ئایینی و کاریزماتیکدا نەبێ ئامادەبوونێکی رێنوێنیکراویان قبووڵنەدەکرد. لێرەدا بوو کە رۆڵی خومەینی جگە لە ئامادەکردنی جەماوەر و گرووپە سیاسییەکان، بە هۆی گۆڕینی راپەڕینێکی کوێر و بێ ئامانج بە بزووتنەوەیەکی ئامانجدار بایەخێکی گرنگی هەبوو. "تێدا ئیسکاچپۆل"یش رێگەی مۆری درێژەدا و کەوتۆتە شوێن دۆزینەوەی هۆکارەکانی دوو جۆر شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەك ئەوەی

149- Ibid.; pp. 362-365.



لە فەرەنسا و چین و رووسیادا روویدا و شۆڕشی سیاسی وەك ئەوەی لە بریتانیا و ئەڵمانیا و یاباندا روویدا.[150]

بۆ وێنە بوونی کۆمەڵگایەکی جووتیاری و دێهاتی لە لایەك و بوونی دەوڵەتی بەهێز و یەکگرتووی ئەریستۆکراسی لە لایەکیترەوە لە فەرەنسا یارمەتیدا بە شۆڕشگێڕ بوونی جووتیاران و بەرەوڕوو بوونەوەیان لەگەڵ دەوڵەت و بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی. بەمجۆرە لە گریمانەی ئیسکاچپۆلدا پەیوەندییەك لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا پێکدێ کە سەرەڕای ئەو رەخنانەی کە رەوایە لێی بگیرێ، لە روانگەی باسی ئێمەوە (پەیوەندیی چین و سیاسەت و دەسەڵات) بایەخێکی تایبەتی هەیە. ئەو باسە کە کام چین لە خزمەت شۆڕش دایە یان کام چین رۆڵی دیاریکەری هەیە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. لە باسی چینی سیاسی یان چینی دەسەڵاتدار لە هزری بیرمەندانی شەپۆلی دووهەمی بژاردەخوازییەوە کە ئاماژەمان پێکرد هەتا باسی کرێکارە ئێخە سپییەکان کە رایت میلز و مارکۆزێ هێنایانە گۆڕێ و پێیان وابوو توانای شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەدەستداوە و سەرەنجام باسی چینە نوێیە وردەبورژوازییەکان کە پولانزاس هێنایە گۆڕێ، هەموو لە ئاست ئەم بابەتە واتە پەیوەندیی چین و دەسەڵات دانە.

٥- رادەی حەشیمەت. کەم و زۆر بوونی حەشیمەت کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر ژیانی سیاسی دادەنێ، بەڵام دیاریکردنی ئەو کەم و زۆرییە پەیوەندی بە هۆکارگەلێکیتر وەك سەرزەوی و جۆری رێکخستن و لە ئاکامدا رادەی پیشەسازی بوون یان نەریتی بوونی کۆمەڵگاوە پەیدا دەکا. هەروەك لە رابردوودا هۆکاری سەرزەوی دیاریکەر بوو بەڵام ئەمڕۆ توانای تەکنیکی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بایەخیان لە پانتایی خاك زیاترە. بۆ وێنە حەشیمەتی ئێران و فەرەنسا بە ٦٠ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن. لە حاڵێکدا سەرزەوی ئێران سێ جار لە پانتایی خاکی فەرەنسا زیاترە. ئەگەر تەنیا سەرزەوی پێوەر بوایە، دەبێ بڵێین ئێران زۆر کەم حەشیمەت و فەرەنسا زۆر پڕحەشیمەتە. بەڵام بە پێچەوانە، فەرەنساییەکان لە کەم بوونەوەی رادەی زاووزێ بە گلەیین و ئێرانییەکان لە زۆر بوونی ، ئەوە بۆ توانای وەڵامدانەوەی دەوڵەتەکان و دینامیزمی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

لە رابردوودا پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان حەشیمەت و شەڕ و شۆڕشدا پێکدەهات. ﴿مۆنتی (Montaigne) لە پاری بیست و سێهەمی ﴿هزرەکان﴾ی خۆیدا تیۆریی حەشیمەتیی شەڕەکان و تیۆریی شۆڕشەکان بە توندی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و شەڕەکان بە نەشتەرکردنی کۆمار دەزانێ کە

150- Skocpol, T.; State and Social Revolution; 1979.

ئەندامەکان خاوێن دەکاتەوە و نایهێڵێ بەهۆی زۆربوونی خوێن زیانیان پێبکەوێ». [151] «"ئۆلریش فۆن هۆتێن"یش لە ساڵی ١٥١٨دا نووسی کە شەڕ پێویستە بۆ ئەوەی لاوەکان لە خول بەدەرکەون و حەشیمەت کەم بێتەوە» [152] "مالتوس"یش پێی وابوو زۆربوونی حەشیمەت بە شێوەی بەرزەڕووی ٢ ، ٤ ، ٨ ، ١٦ بەڕێوە دەچێ لە حاڵێکدا کە خواردەمەنی بە شێوەی ٢ ، ٤ ، ٦ ، ٨ ، ١٠ زیاد دەبێ. هەر بەو هۆیە هەژاری زیاد دەکا و تێکهەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت هێرشی هەژاران بۆ دەوڵەمەندان بنەواشەی کۆمەڵگاکان تێکدەدا. [153] هەرچەند پشتڕاستکردنەوە یان رەتکردنەوەی ئەم تیۆرییانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە زیاد بوونی حەشیمەتی کۆمەڵگا شوێن لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دادەنێ. دەکرێ ئەم خاڵە بە سانایییەکی زیاترەوە لەمەڕ حیزبەکان تاقی بکرێتەوە: حیزبە جەماوەرییەکان کە حەشیمەتێکی زۆریان هەیە زیاتر بە شێوەی بەڕێوەبەرییەکی چەقبەستوو و توندوتیژترەوە بەڕێوەدەچن، لە حاڵێکدا کە حیزبە کادرەکان کە حەشیمەتێکی کەمیان هەیە تەشکیلات و رێکخراوێکی ئاڵۆزیان نییە. بەو شێوەیە هەڵسەنگاندنی نێوان حەشیمەت و رێکخستنی گشتی لە وڵاتەکانی چین، هیند و رووسیا لە لایەك و، حەشیمەت و رێکخستنی گشتی لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا لە لایەکیترەوە تاڕادەیەك تیۆریی سەرەوە پشتڕاستدەکەنەوە. چین و رووسیا هەردووکیان لە پەنای پاساوە ئایدۆلۆژیکییەکاندا سەرپۆشیان لەسەر ئەم راستییانە دانا کە نەبوونی گەشەی ئابووری و پەرەنەستاندنی بنیاتە مەدەنییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا ئەوانیان ناچار بە قبوولکردنی دەزگایەکی قورسی بوروکراسی و رێکخستنێکی چەقبەستوو کرد. بەم شێوە نەبێ ئەم کۆمەڵگایانە لەگەڵ لێکدابڕان و پشێوی بەرەوڕوو دەبنەوە. هەروەك هیند کە رێکخستنێکی کەمتر چەقبەستووی بەخۆوە گرتووە لەگەڵ پشێوییەکی زیاتر بەرەوڕووە. پەیوەندییەکیش لە نێوان دینامیزمی کۆمەڵایەتی و حەشیمەتدا هەیە. حەشیمەتی بڵاو و دوور لە یەکتر هیچکات خاوەن دینامیزمی پێویست نییە. وڵاتی ئێران لە سێ چوار سەدەی دواییدا بە توندی بەدەست ئەم مەسەلەیەوە ناڵاندوویەتی، لە حاڵێکدا نزیکی شار و گوندەکان لە وڵاتانی ئەورووپاییدا بۆتە هۆی دینامیزمی کۆمەڵایەتی زیاتر. بە باوەڕی ئێمە دینامیزمی کۆمەڵایەتی گرینگترین هۆکاری پەرەسەندن و پێشکەوتن و هۆکاری تەواوی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان لە هزر و مۆدێلەکانەوە بگرە هەتا رێکخراوەکان، بنیاتەکان و رێکارەکانە. لە

١٥١- دوورژە، جامعەشناسی سیاسی،ل ٧١.

١٥٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

١٥٣- هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.



کۆمەڵگا دینامیکەکاندا هزرەکان باشتر بەرهەمهێن بوونە و بیرمەندان رێگاچارەی گونجاوتر بۆ چارەسەری گرفتەکان دەدۆزنەوە. لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەدا دەکرێ لە تیۆریی هابرماس فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەڵمانی کەڵك وەرگرین کە ئاماژە بە عەقڵی پێکگەیشتوانە (ارتباطاتي) یان جۆرێك عەقڵی کۆمەڵی دەکا کە لە ماڵەی عەقڵە تاکەکەسییەکانەوە بەرهەمدێ. بە واتایەکیتر نزیکی گوندەکان لە یەکتر بەستێنێکی گونجاوتر بۆ سەرهەڵدانی ئەم عەقڵە پێکدێنێ. لانی کەم پشتڕاستکردنەوەی رۆسۆ و مۆنتێسکیۆ بۆ ئەم خاڵە کە دیموکراسیی راستەوخۆ تەنیا لە چوارچێوەی سەرزەوی و حەشیمەتێکی هاوسەنگی دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆندا مەیسەر دەبێ و کۆمەڵگا بەربڵاو و پڕحەشیمەتەکانی ئەورووپای سەدەی هەژدەهەم مەگەر لە رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەگینا توانای قبوولکردنی دیموکراسییان نییە، خۆی پشتڕاستکردنەوەیەکی ترە بۆ کاریگەریی حەشیمەت لەسەر ژیانی سیاسی.

خاڵێکی گرنگتر تایبەت بە پەیوەندیی حەشیمەت و دەسەڵاتە. ئەمڕۆ چۆنییەتی حەشیمەت بایەخێکی زۆر زیاتر لە چەندێتی حەشیمەتی پێدەدرێ. ئەو یەهوودییانەی کە لەسەرانسەری جیهاندا بڵاو بوون لە بەدەستهێنانی لێهاتوویی و پسپۆڕی غافڵ نەبوون، بەجۆرێك کە لە هەر دە نەفەر بیرمەندێك کە بە شێوەی چاوخشانێکی خێرا بیخەینە بەرباس بۆمان دەردەکەوێ کە هەندێکیان یەهوودین. لە ئاکامدا نەك هەر کەمینەیەکی چالاك لە کۆمەڵگاکاندا پێکدێنن، بەڵکو لەگەڵ دامەزرانی وڵاتێکی یەهوودیدا ئەم وڵاتە تازە دامەزراوە تووشی کەمی پسپۆڕ نەبوونەوە. ئەم هۆکارە وێڕای باقی هۆکارەکان وەك پشتیوانی وڵاتە رۆژئاواییەکان لە یەهوودییەکان لەسەرکەوتن بەسەر وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆر کاریگەر بوو. عەرەبەکان هەتا ساڵانێکی زۆر نەیانتوانی ئەو سەرشۆڕییە بۆ خۆیان قبووڵبکەن کە بە حەشیمەتێکی زیاتر لە سەد ملیۆن کەسەوە نەیانتوانی بەسەر وڵاتێکی دوو ملیۆن کەسیدا سەربکەون. بێگۆمان لە رابردوودا حەشیمەتی زۆر بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی هێز و توانای وڵاتێك لەقەڵەمدراوە. هێزی جەستەیی و چەکی تاکەکەسی بەڵگەی ئەم راستییەیە. لە هەمان حاڵدا کاتێك باس لە شەڕەکانی ئێران و یۆنان دێتە گۆڕێ مێژوونووسانی ئەورووپایی هەوڵدەدەن ژمارەی سەربازە ئێرانییەکان زۆر زیاتر لەوەی کە بوون نیشانبدەن و ژمارەی سەربازە یۆنانییەکان بە کەمتر نیشانبدەن هەتا بە پاساوی ئەم ناهاوسەنگییەی ژمارەی سەربازەکاندا، خوێنەر چاکتر لە بوێری و لێهاتوویی سەربازە یۆنانییەکان بگا. رێمۆن ئارۆن شیدەکاتەوە کە چۆن هیرۆدۆت ژمارەی سەربازە ئێرانییەکانی لە شەڕەکانی لەگەڵ یۆنانییەکاندا بە ٢ ملیۆن کەس باسدەکا لە حاڵێکدا کە مێژوونووسە واقیع بینەکان کە دەیاندی شەڕە گەورەکانی سەدەی هەژدەهەم بە بەشداری چەند هەزار سەرباز بەڕێوەدەچوون، ژمارەی سەربازە ئێرانییەکان لەو

شەڕانەدا بە ١٤ هەزار کەس مەزندە دەکەن.[154] لە درێژەی باسەکەدا، ریمۆن ئارۆن حەشیمەتی گونجاو و سەقامگیر بە هۆکارێکی ئەرێنی بەراورد دەکا، چونکە حەشیمەتی کەم توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی نییە و حەشیمەتی لەڕادە بەدەریش ڕێکوپێکی و ڕێکخستن تووشی گرفت دەکا. هانا ئارێنت حەشیمەتی زۆر بۆ بزووتنەوەیەکی تۆتالیتەر وەك فاشیزم و نازیزم بە پێویست دەزانێ و دەڵێ بزاوە تۆتالیتەرەکان بەرلە هەرشتێك پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان هەیە کە بەدوایاندا برۆن بە جۆرێك کە سەرهەڵدانی رژێمە تۆتالیتەرەکان لە وڵاتانی کەم حەشیمەتدا شیاوی وێناکردن نییە.[155] تەمەنی حەشیمەتیش بایەخێکی تایبەتی هەیە. حەشیمەتی لاو دەبێتە هۆی بزۆزی و دینامیزمی کۆمەڵگا، بەڵام گرفتێکی زۆر وەك بێکاری، بێ ئەزموونی، فێرکردن و دەیان مەسەلەی تر بەرەورووی دەوڵەت دەکاتەوە. ڕێژەی ژن و پیاویش لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بێ کاریگەری نییە کە بۆ تایبەتمەندییەکانی سروشتی ئەم دوو رەگەزە دەگەڕێتەوە. کە وابوو هۆکاری رەگەزیش نابێ لەبیر بکەین.

باسی بەرزتربوونە رەگەزییەکان زیاتر لایەنی ئایدۆلۆژیکی هەیە کە چڵەپۆپەی بەکارهێنانەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٣٠ و پشێوییەکانی نازیزم. بەڵام ئەوەی کە داخوا پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان سامان، دەسەڵات و بەختەوەری لە لایەك و، جۆرێکی تایبەت لە رەگەزە مرۆییەکاندا هەیە یان نا خاڵێك نییە کە کەس بتوانێ بیسەلمێنێ. لە هەمان کاتدا دوور لە زەینیش نییە کە رەگەزێکی وەك زەرد پێستەکان یان خەڵکێکی وەك یابانییەکان خاوەن هێز و توانایەکی زیاتر بن لە بەرامبەر گیر و گرفت و دژوارییەکاندا. بەڵام کەسانێکیش هەن کە تەواوی ئەم حاڵەتانەیان بە پەیڕەوی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان زانیوە و بە هیچ جیاوازییەك لەنێوان رەگەزەکاندا قایل نین.

**٢- کاریگەریی پێدراوە ئابوورییەکان:**

بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە تیۆرییە مارکسیستییەکاندا دەیبینین کە شێوازی بەرهەمهێنان بە ژێرخانی سیستەم و پەیوەندییە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ و لە ئاکامدا نەك هەر ئەولەوییەتی بیاقی ئابووری بە نیسبەت بیاقی سیاسەت پشتڕاستدەکرێتەوە بەڵکو لەنێوان ئابووری و سیاسەتیشدا پەیوەندییەکی هۆکرد پێکدێ، لێرەدا ئێمە سەرنجمان لەسەر کاریگەرییە ڕێژەییەکانی پێدراوە ئابوورییەکان لەسەر سیاسەتە. ئابووری لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا لە شێوازی

154- Aron, R.; Paix et guerre entre les nations; p. 216.
155- Ibid.; p. 224.



بەرهەمهێنان، چۆنییەتی بژێوی و بەکارهێنان بە سیستەمی پارەیی و بانکیدا کاریگەرییەکی بە برشت لەسەر کۆمەڵگایەك دادەنێ. ئەم کاریگەرییە کاریگەرییەکی ڕێژەییە کە رادەکەی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر جیاوازە. باشترین سەرچەشن کە دەتوانێ پەیوەندیی دوو لایەنەی ئابووری و سیاسەت دەربخا مۆدێلی پارسۆنزە. لە تیۆریی سیستەمی پارسۆنزدا کۆمەڵگا بە چوار بەشەسیستەمی سەرەکی دابەش دەبێ کە بریتین لە ئابووری، سیاسەت، کۆمەڵگاگری و کەلتوور و بەشەسیستەمی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی. پەیوەندیی ئەم چوار بەشەسیستەمە پەیوەندییەکی دوولایەنەیە بەڵام بەشەسیستەمی ئابووری رۆڵی بنەڕەتی هەیە، چونکە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی پێوە بەستراوەتەوە. پەیوەندیی سیاسەت و ئابووری لە رێگەی بەشەسیستەمی لاوەکی گونجاندن و گونجاندنەوە دادەمەزرێ. «ئابووری لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتدا پشت دەبەستێ بە دەوڵەت و تەواوی ئەو ژێدەرانەی کە بەرپرسایەتی ئامادە کردن و هاوئاهەنگ کردنی کاری وەك پاڵپشتی سەرمایەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان لە ئەستۆیە. بە پێی بۆچوونی پارسونز بناغەی سیستەمی پارەیی و ئیعتباری لە سیاسەت دایە: بنیاتەکانی سیاسەت توانای دەست بەسەرداگرتن و بڵاوکردنەوەی رادەی پارە و ئیعتبار و، کەم یان زۆرکردنی پارەیان هەیە. لە بناغەدا سیستەمی ئابووری لەسەر بنەمای بڕیاری سەرچاوە سیاسییەکان دامەزراوە و رادەی پارەی پێویست بۆ تەرخانکردنی سەرمایەش پەیوەندی بەم بڕیارانەوە هەیە. لە بەرامبەردا ئابووریش لە گەڕاندنەوەی سەرمایە و ئیعتباردا، بەرهەمە ئابوورییەکان وەك پاڵپشتی چالاکییە سیاسییەکان دەخاتەڕوو کە ئەمەش بۆ بەشە سیستەمی سیاسەت بابەتێکی پێویستە.»[156] جگە لە تیۆرییەکانی پارسۆنز زۆر تیۆریتر لە گۆشە نیگای تایبەتەوە باس لە پەیوەندیی سیاسەت و ئابووری دەکەن. زۆربەی تیۆری و شیکارییە ئابوورییەکان لە دیاردە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە پەیوەندیی پێشکەوتنی ئابووری و گەشەی سیاسییەوەیە و، بەشێکیتر دەڕوانێتە پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنە ئابوورییەکان و حاڵەتەکان، یان دیاردە تایبەتییە سیاسییەکان.

١- پێشکەوتنی ئابووری وەك مەرجی بنەڕەتیی گەشەی سیاسی. تەواوی تیۆریداڕێژانی گەشەی سیاسی کە لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ بە چەشنی هێڵی و جیهانداگر ئاماژەیان بە قۆناغەکانی گەشەی سیاسی کردووە، هەرکام بە جۆرێك کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تیۆریی مارکسیزم و گەیشتن بە ئاستێکی تایبەتی لە بەرەو پێشکەوتنی ئابوورییان وەك پێشمەرجی حەتمی بۆ گەشەی سیاسی هێناوەتە ئاراوە. رابێرت داڵ لە کتێبی "*پێشەکییەك لەسەر تیۆریی دیموکراسی*" دا شێوەی

156- Rocher, Guy; Talcott Parsons et la sociologie americaine; pp. 119-120.

شیاوی وەدیهاتنی دیموکراسی بە پۆلیارشی یان فرەیی ناوەندەکانی دەسەڵات ناودەبا.[157] دەست ڕاگەیشتن بەم ئاستە لە گەشەی سیاسیش، بە تێپەڕکردنی قۆناغگەلێك لە گەشەی ئابووری و گەیشتن بە ئاستێکی تایبەت لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەبەستێتەوە و بەڕاشکاوی رادەگەیەنێ کە پۆلیارشی بە تەواوی فۆرمی سیاسیی پێشکەوتووترین کۆمەڵگا پیشەسازییەکانە.[158]

﴿برۆس رۆست﴾یش لە کتێبی "*بەریانەکان لە سیاسەتەکانی جیهاندا*"[159] پێوەرە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکان بە پێوەرگەلی سیاسی وەك بەشداری، خەرجە گشتییەکان، ئەندامێتی لە حیزبەکان و هتد دەبەستێتەوە و بە موتالای بارودۆخی ١٠٧ وڵات، پێنج دۆخ لە پەرەسەندنی سیاسی لێك جیادەکاتەوە کە هەر قۆناغەی لەگەڵ دۆخی تایبەتی ئابووری ئەو سەردەمەدا دەگونجێ:

قۆناغی یەکەم: کۆمەڵگا نەریتی ـ سەرەتاییەکان

قۆناغی دووهەم: ژیارە نەریتییەکان

قۆناغی سێهەم: کۆمەڵگاگەلی لە قۆناغی تێپەڕیندا

قۆناغی چوارەم: ئەو کۆمەڵگایانەی کە شۆڕشی پیشەسازییان تێپەڕاندووە

قۆناغی پێنجەم: ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی بەکارهێنانی جەماوەرییان لەسەرەوەیە.

ئەو دیمەنێکی لەو پێنج قۆناغەی لە ١٠٧ وڵاتی ژێر موتالای خۆیدا پێکهێناوە کە تێیدا هاوئاراستەیی پێوەرەکانی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی خستۆتە بەرچاو:[160]

157- Dahl, Robert; A Prefact to Democratic Theory; Chicago, 1956.
158- Dahl, Robert; Polyarchy; University Press, 1971, p. 203.
159- Russet, Bruce; Ttends in World Politics; New York, MacMillan, 1965
160- Ibid.; p. 127 (table: 8-1)



| قۆناغ | ژمارەی وڵاتەکان | بەرهەمی ناپوختەی نەتەوەیی سەرانە | ڕێژەی شارنشینی | ڕێژەی خوێندەواری | ( ١٠٠ هەزار کەس ) خوێندکاران و قوتابیان | ژمارەی تەختە خەوەکانی نەخۆشخانەکان بۆ هەر ١٠٠٠ کەس | رادیۆ | رادەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا | ڕێژەی سەرچاوەکانی حکوومەتی ناوەندی بە بەرهەمی ناپوختەی نەتەوەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١١ | لانیکەم_لانی زۆر ٤٥-٦٤<br>نێونجی : ٥٦ | ٠ - ١٨<br>٦ | ٣-٤٨<br>١٣ | ٥ — ٦٣<br>٢٧ | ٠٠٠١ — ٠٠٣١<br>٠٠٠٤ | ١-٦٣<br>١٢ | ٠—٥٥<br>٣٠ | ٧— ٢٦<br>١٧ |
| ٢ | ١٥ | ٧٠-١٠٥<br>٨٧ | ٠ - ١٩<br>١٠ | ١— ٦٨<br>٢٤ | ٤ — ٢٥١<br>٨٦ | ٠٠٠١—٠٠٥٦<br>٠٠٠٦ | ٣-٧٨<br>٢٠ | ٠—٨٣<br>٤٩ | ٩ —٢٣<br>١٣ |
| ٣ | ٣١ | ١٠٨— ٢٣٩<br>١٧٣ | ٦ - ٧٢<br>٢١ | ٣— ٩١<br>٤٢ | ٣— ٩٧٦<br>١٦٥ | ٠٠٠٣—٠٠٥٦<br>١٤ | ٧-١٦١<br>٥٧ | ٠ — ٩٥<br>٦١ | ٩— ٣٧<br>٢٢ |
| ٤ | ٣٦ | ٢٦٢— ٧٩٤<br>٤٤٥ | ٧-٨٢<br>٣٤ | ٣٨— ٩٩<br>٧٧ | ٤٢— ١١٩٢<br>٣٨٦ | ٠٠٠٥—١٤٣<br>٠٠٤١ | ٣٧-٣٤٨<br>١٥٨ | ٠— ١٠٠<br>٦٩ | ١٠ — ٤٠<br>٢٥ |
| ٥ | ١٤ | ٨٣٦— ٢٥٧٧<br>١٣٣٠ | ٣٠-٧٠<br>٤٥ | ٩٦— ٩٩<br>٩٨ | ٣٦— ١٩٨٣<br>٦٥٠ | ٠٠٧٧— ١٢٥<br>٠٠٩٧ | ٢١٥-٩٤٨<br>٣٥٢ | ٢٨— ٩٢<br>٧٨ | ١٧— ٤٠<br>٢٧ |

"رابێرت داڵ"یش دابەشکاریی "رۆست"ی لەو ١٠٧ وڵاتەدا کردە پێوەری کاری خۆی هەتا لە نێوان بەرهەمی پوختەنەکراوی نەتەوەیی سەرانە لە لایەك و رادەی پۆلیارشی لە لایەکیتردا پەیوەندییەکی راستەوخۆ دابمەزرێنێ. ئەو دیمەنی بنەوەی لە پشتڕاستکردنەوەی تیۆریی خۆیدا پێشکەش کرد.[١٦١]

| | رادەی وڵاتەکان | بەرهەمی پوختەنەکراوی نەتەوەیی سەرانە | رادەی وڵاتەکان | ڕێژەی گشتی | ڕێژەی پۆلیارشی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ . کۆمەڵگای نەریتی _ سەرەتایی | ١١ | کەمترین و زیاترین ٦٤ — ٤٥ نێونجی ٥٦ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢ . کۆمەڵگای ژیارە نەریتییەکان | ١٥ | ١٠٥ — ٧٠ ٨٧ | ١ | ٦/٧ | ٣ |
| ٣ . کۆمەڵگاکانی لە حاڵی تێپەڕیندا | ٣١ | ٢٣٩ — ١٠٨ ١٧٣ | ٣ | ٩/٧ | ٩ |
| ٤ . کۆمەڵگاکانی شۆڕشی پیشەسازی | ٣٦ | ٧٩٤ — ٢٦٢ ٤٤٥ | ١٤ | ٣٨/٨ | ٤٤ |
| ٥ . کۆمەڵگاکانی بەکارهێنانی بەرز | ١٤ | ٢٥٧٧ — ٨٣٦ ١٣٣٠ | ١٤ | ١٠٠ | ٤٤ |
| | ١٠٧ وڵات | | ٣٢ وڵات | | ١٠٠ وڵات |

هەروەك دەبینرێ گوایە تەواوی وڵاتانی بەکارهێنانی بەرز بە سیستەمی پۆلیارشی تەیارن. لە حاڵێکدا کە لە ١٥ وڵاتی نەریتیدا تەنیا یەك وڵات دەستی بە پۆلیارشی راگەیشتووە.

﴿کارڵ دۆیچ﴾یش لە کتێبی "ناسیۆنالیزم و پێکگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان"[١٦٢] دا پەرەسەندنی سیاسی تایبەت بەو وەرچەرخانانە دەزانێ کە دەبێ لە دەوروپشتی سیاسیدا رووبدا. بە باوەڕی دۆیچ تێکەڵبوون و لێك نزیکبوونەوە لە شوێنکار واتە هەمان نەتەوەسازی، پێداویستیی پێشکەوتنە و گرنگترین مەسەلەی وڵاتانی تازەدامەزراو، لێك دووربوونەوەیە. لێك نزیکبوونەوەش روونادا مەگەر بە ئامادەکردنی گشتی و ئامادەکردنی گشتیش بەستراوەتەوە بە پەرەپێدانی راگەیاندنەکان کە ئەویش بەدی نایە مەگەر لە ژێر تیشکی پەرەسەندنی ئابووری.

---

١٦١- دال، رابرت، تجزیه و تحلیل جدید سیاست، ل ١١٤.

162- Deutch, Karl; Nationalism and Social Communication; 1953.



"دانییال لێرنێر"یش کە تەوەری توێژینەوەی خۆی لەسەر چۆنییەتی تێپەڕین لە نەریتەوە بەرەو نوێبوونەوە داناوە[١٦٣] هەر بەوشێوە ئەم تێپەڕبوونە بە پەرەسەندنی پێکگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێتەوە، کە ئەویش پێویستی بە پەرەسەندنی شارنشینی، خوێندەواری، بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان و هتد هەیە. سروشتییە ئەم بوارانە بەدی نایەن مەگەر بە گەیشتن بە ئاستێکی تایبەت لە پەرەسەندنی ئابووری (فرەیی).

٢ . کاریگەریی پێشکەوتنە ئابوورییەکان لەسەر لایەنگەلێکی تایبەت لە ژیانی سیاسی.

﴿سیمۆر مارتین لیپێست﴾یش پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و رکابەرایەتییە سیاسییەکان دادەمەزرێنێ. بە باوەڕی لیپێست رکابەرایەتیی سیاسی یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەمەی دیموکراسییە کە بە نەبوونی خۆشبژێوی ئابووری بە رادەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە. پێوەرەکانی لیپێست لە دیاریکردنی پەرەسەندنی ئابووریدا بریتین لە داهات، بە پیشەسازیبوون، شارنشینی و رادەی خوێندەواری و هتد. کە بە باشی دەتوانن جیاوازییەکانی نێوان ئاستی ژیان لە ئەورووپا و ئەمریکای لاتین نیشانبدەن. هەر بەوشێوەش ئاستی ژیانی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

رابێرت داڵ رۆست لە کارە هاوبەشەکاندا کە بەیەکەوە بەڕێوەیان برد پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لە نێوان ئاستی پەرەسەندنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە لایەك و سەقامگیری سیاسی لە لایەکیترەوە سازکرد: ﴿لە وڵاتێکدا هەتا رادەی بەرهەمی پوختەنەکراوی نەتەوەیی و باقی پێوەرەکانی نوێکردنەوە کە لەگەڵیدان لەسەرتر بێ سەرکەوتن لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی تێکهەڵچوونە سیاسییەکان زیاتر دەبێ.﴾[١٦٤] رۆست بە راستی لەنێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەرابەریی ئابووری لە لایەك و سەقامگیری سیاسی لە لایەکیترەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ سازدەکا.[١٦٥] کەسانێکیتر وەك "هیبس" لە نێوان بەرزبوونەوەی بەرهەمی پوختەنەکراوی نەتەوەیی و دابەزینی توندوتیژیی سیاسیدا پەیوەندییان

---

163- Lerner, D.; The Passing of Traditional Society; 1958.

164- Russet, B.; "A reinstability and Intequality Related?" in Lewis, Potter, The politics of comparative politics; pp. 60-93.

165- Lipest, S.M.; "Some Social Requisites of Democracy: Economic Development and Political Legitimacy",APSR; vol LIII, Mars, 1959, pp. 69-105.

سازکردووە.[١٦٦] لەو ولاتانەی کە کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند زۆرە توندوتیژییە سیاسییەکان جاروبار بەڕادەیەك زۆرە کە دەبێتە هۆی رووخانی حکوومەتەکان. سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووریی مارگرێت تانچێر لە بریتانیا و سیاسەتی هاووێنەی رێیگان لە ئەمریکا لە دەیەی ١٩٨٠ دا کە بوو بە هۆی زیادبوونی کەلێنی هەژار و دەوڵەمەند، راپەڕینگەلێکی لە شارەکانی لۆس ئەنجلیس و لەندەن و بەشێك لە شارەکانی تری ئەمریکا و بریتانیا لێکەوتەوە کە ئەگەر درێژەی هەبا ئاکامی سیاسیی گرنگی لێدەکەوتەوە. سەرهەڵدان یان گەشەسەندنی بزووتنەوە نیۆفاشیستییەکان لە ولاتە ئەورووپاییەکانیشدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی قەیرانە ئابوورییەکان بوو و بەرەی نەتەوەیی فەرەنسا بە رێبەرایەتی ژان ماری لۆپێن کاتێك توانی بچێتە پەرلەمانی فەرەنسا کە قەیرانە ئابوورییەکان پەرەیان بە بەریانە رەگەزپەرستەکان و دژە عەرەبەکاندا.

وەستانی ئابووری تەنانەت کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکەسیی تاکەکانیش دادەنێ. هەروەك قەیرانە ئابوورییەکانی ١٩٢٩ بوونە هۆی چوونە سەری بەرچاوی رێژەی خۆکوژی. جیابوونەوە و کێشە بنەماڵییەکانیش لە کاتی وەستانی ئابووری و زیاد بوونی رێژەی بێکارەکاندا زیاد دەبێ. بزووتنەوە جیاییخوازەکان زیاتر لە کاتی قەیرانە توندەکاندا زیاددەکەن. حیزبە توندڕەوەکانیش سەربازەکانیان لە نێو ئاپۆڕەی بێکارەکان هەڵدەبژێرن و لە بناغەڕا لە کاتی گەشەی ئابووریدا هیچ کەس گوێ بۆ دروشمە توندڕەوەکان شلناکا و هەرکەسە خەریکی کاری خۆیەتی. هیتلەر کە قەیرانی ئابووری ١٩٢٣ ی وەك هۆکارێکی گرنگ لە گەشەی کاروباری خۆیدا دی، دەستی دایە کودەتای ناسراو بە کودەتای رێستورانی بیرە فرۆشی. بەلام ساڵ و نیوێك دواتر کە لە زیندان بەربوو سەردەمی گەشەی ئابووری بوو و کەس گوێی بۆ قسەکانی رانەدەگرت. هەرکە قەیرانە کشتوکاڵییەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٨ دەستیپێکرد کاری هیتلەر برەوی پەیدا کردەوە و قەیرانە ئابوورییەکانی ساڵی دواتر بێ هیچ ماندووبوونێك سەدان هەزار کەس لایەنگری بۆ بە دیاری هێنا کە بە سەرکەوتنی هیتلەری لە ساڵی ١٩٣٢ دا لێکەوتەوە. ئەم قەیرانانە کە بە قەیرانی گەورەی ئابووریش ناسراون نزیك بە تەواوی ولاتانی جیهانی هەرکام بە پلەیەکی جیاواز تووشی ئاڵوگۆڕ هێناوە. بەشێك لە ولاتەکان بە خۆڕاگرتن لەبەر راتڵەکانە کەم و زۆر توندەکان توانیان دیسان راست بوونەوەی خۆیان بەدەست بێننەوە و،

166- Hibbs, D.; Mass Political Violence: A Cross National Causal Analysis; New York, p. 188.



بەشێکیتر وەك یابان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لێوەرگرت. بەرهەمە ئاوریشمییەکانی یابان لە ولاتانی ئەورووپایی دەفرۆشرا کە بە دوای بلاوبوونەوەی ئەو قەیرانە لە ئەورووپادا کڕینی راوەستا و خەڵك بۆ بەکارهێنانی بەرهەمە نەتەوەییەکان هاندران. نسکۆهێنانی کارخانەکانی ئاوریشم چنیی یابان بوو بە هۆی دەرکرانی ئەوکرێکارانە کە زۆربەیان لە گوندەکانەوە هاتبوون. گەڕانەوەی ئەو کرێکارانە بۆ گوندەکان بوو بەهۆی زۆر بوونی لەڕادەبەدەری حەشیمەتی گوندەکان. دۆخی تەقینەوەئاسای گوندەکان هەستە نەتەوایەتییەکانی بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە بەرز کردەوە و هاوکات بەریانی توندوتیژی زیاترکرد. تەواوی ئەم وەرچەرخانانە شێوە کودەتای ناسیۆنالیستەکان و نیزامییە پلە نزمەکانی لێکەوتەوە کە خۆی بە جۆرێك فاشیزمی یابانی دەزانرا. ئاڵوگۆڕ لە رێژیمە سیاسییەکاندا بە تایبەت لە ولاتانی وەك ئەڵمانیا و یابان و ئیتالیا ئاکامی نێونەتەوەییشی بەدواوە بوو. هاوئاراستەیی ئەم ولاتانە بەرەیەکی یەکگرتووی فاشیزمی بەدیهێنا کە لەبەرامبەر دیموکراسییەکان و کۆمۆنیزمی نێونەتەوەییدا هەڵوێستیان گرت. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە خاڵێکیتریش بکەین کە پێگەی ئابووری لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتەکان دایە. پەیوەندیی سیاسیی دەوڵەتان لە هەندێك بوارەکاندا پەیڕەوێکە لە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان. سیاسەتی ئابووری دەوڵەتەکان کە لە رەهەندی ئەو ئاکامانەی کە لێیدەکەوێتەوە دەبێتە هۆی دیاردەیەك بە ناوی ئابووریی سیاسی، کاریگەرییەکی بەبڕشتی لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگا و حکوومەت هەیە. چاکسازییەکانی زەوی و زار لە زەمانی شادا ئاکامگەلێکی کۆمەلایەتی بەربلاوی بەدواوە بوو کە بە کورتی بریتی بوون لە چۆڵ بوونی گوندەکان و پەرەسەندنی پەراوێزنشینی لە شارە گەورەکان، بەستراوەییەکی توندتر بە داهاتی نەوت، بە بازرگانی بوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئێران لە ئاستی بازرگانی دەرەوە لە جیاتی وەلامدانەوە بە داواکارییە نێو خۆییەکان، بە جەمسەری بوونی کۆمەڵگا و لاواز بوونی توێژە نێونجییەکان … . تەواوی ئەوانە لە کۆتاییدا سوپایەکی گەورەی بۆ شۆڕش پێکهێنا. بێگۆمان سیاسەتە ئابوورییەکان لەسەر بارودۆخی هێزە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان، دەستاودەست بوونی دەسەلات، پتەو بوون و لاواز بوونی پێگەی حکوومەتێك دا کاریگەرییەکی زۆری هەیە کە پێشبینی کردنەکەی کارێکی زۆر دژوارە.

## ٣- کاریگەریی هۆکارە دەروونییەکان لەسەر ژیانی سیاسی (دەروونناسی و سیاسەت):

لەسەرەتادا دەروونناسی وەك تاکەکەسترین لقی زانستە مرۆییەکان و گوتەزایەك سەیر دەکرا کە دۆخە دەروونییەکانی تاکەکان بە جیا لە یەکتر دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام بەرەبەرە پەیوەندیی نێوان دەروونناسی و کۆمەڵناسی دامەزرا و گەیشتە ئاستێك کە بۆ هەندێك کەس دەروونناسی بە گوتەزایەکی تەنیا کۆمەڵی، یان بە توندی لە ژێر کاریگەریی پێدراوە کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەمدرا کە دەبوایە لەسەرراوە بکەوێتەوە بەر لێکۆڵینەوە. هاتنی دەروونناسی بۆ ناو قەڵەمڕەوی سیاسەت، تایبەتی سەردەمی هاوچەرخ نییە" هەروەك لە رابردوودا زانایانی مەسیحی وارسکەی دەسەڵاتخوازییان بە یەکێك لە شێوەکانی هەوەس دەزانی کە مرۆڤ بەرەو خراپە هاندەدا. بە باوەڕی ئەوان سێ هەوەسی جەستە (خۆراك و چێژخوازی)، ڕۆح (پەرستن ...) و دەسەڵات، هێزی پاڵنەری مرۆڤەکانیان لە ژیاندا پێکدێنا کە لە نێویاندا هەوەسی دەسەڵات، یان دەسەڵاتخوازی بنەما و هۆکاری خەباتە سیاسییەکان بوو.[١٦٧] بەڵام بازدانی دەروونناسیی سیاسی، یان بە واتایەکی باشتر شیکردنەوەی مەسەلە سیاسییەکان لە روانگەی دەروونناسییەوە بۆ دەیەی ١٩٣٠ دەگەڕێتەوە. ئەو کات دوو پرسیار بنەمای ئەم بزاوتە بوون. یەکیان کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی نازییەکان کە لە چوارچێوەی هیچ لۆژیکێکدا نەدەگونجا، زەینی توێژەر لەخۆوە دەچووە سەر مەسەلە دەروونییەکانی بکەرانی ئەو جنایەتانە کە لەسەرووی لۆژیکی سیاسەت و دەسەڵاتخوازییەوە دەستیان بۆ توندوتیژی دەبرد. ئەویتر راکێشێك کە بزاوە فاشیستییەکان بۆ خەڵك، بۆ وێنە بۆ کرێکارانی پێکهێنابوو و توێژەرانی مارکسیست پاساوی چینایەتییان بۆی نەبوو. ئەو پرسیارەی دوایی بوو بە هۆی پەیوەندیی نێوان مارکسیستەکان و فرۆیدیستەکان، کە هەم دەوڵەمەندی و تۆکمەیی فرۆیدیزمی زیاتر دەکرد و هەم بیرۆکە مارکسیستییەکانی دڵگیرتر دەکرد. شیکردنەوەی دەروونی ـ چینایەتی لە رەفتارە سیاسییەکانی توێژە کۆمەڵایەتییەکان باس و خواسێکی سەرنجراکێشی لە زانستی سیاسەتدا بەدیهێنا. پەرەسەندنی دەروونناسیی نوێ ڕێگەیدا هەتا هەم بکرێ شیکردنەوەیەکی نوێتر لە هاندەرە تاکەکەسییەکان لە شەڕە سیاسییەکاندا بەدەستەوە بدرێ، هەم ئەوەیە کە مەسەلە دەروونییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێدا بێنەبەرباس. خاڵێکیتر کە نابێ لێی غافڵ بین پاڵنەرە سیاسی و

١٦٧- دوورژە، موریس، جامعە شناسی سیاسی، ل ٢٠٥.



ئایدۆلۆژیکەکان لە هێنانە گۆڕی مەسەلە دەروونییەکاندایە. بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم بارەوە زێدەڕۆییەکی زۆر کرا هەتا فرۆید وەك دژەژەهری مارکس بەکاربێنن.[١٦٨]

ئەگەر کرابا دڵساردی لە جیاتی شەڕی چینایەتی وەك هۆکاری ململانێ سیاسییەکان بناسێنن، سەرکەوتنێکی گەورە بە نسیبی سەرمایەداری دەبوو. بەڵام مارکسیستەکان دەستی خۆیان وەپێشخست و فرۆیدیزمیان لە خزمەت خۆیان گرت و هۆکارێکی تەواوکەریان بۆ مارکسیزم لێدروستکرد. بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەکرێ تەواوی تیۆرییە دەروونناسی سیاسییەکان بە دوو دەستە دابەشبکرێن. یەکیان ئەو تیۆرییانەی کە پێ لەسەر تاك و رۆڵی ئەو دادەگرن و، ئەویتر ئەو تیۆرییانەی کە دەروونناسی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵێدا بەکار دێنن.

١- تیۆرییە تاکەکەسییەکان. فرۆید لە بنەڕەتدا سەرکوتی وارسکەکانی بە پێداویستیی ژیار دەزانی و پێیوابوو منداڵ دەبێ بە زوویی ماڵاوایی لە جیهانی منداڵی بکا و لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان ئاشنا بێ و بنەواشەی راستییەکان لە جێی بنەواشەی چێژوەرگرتن جێگیر بکا. بەڵام دژایەتیی سەرچاوەگرتوو لەم جێگۆڕکێیە لە زەینی ئەودا دەمێنێتەوە. بە پاشەکشەکردن بە چێژوەرگرتن، تاك روو لە یەکێك لەم دوو حاڵەتە دەکا. یان ئەو چارەڕەشییە بۆ بەشی نەستی مێشك دەکشێنێتەوە و تووشی خەیاڵاتی پڕوپووچ و نەخۆشییە دەمارگیرییەکان دەبێ، یان خۆشی و شادمانییەکی تر وەك بەرزیخوازی، رکەبەرایەتییە وەرزشییەکان، سەرکەوتنە سیاسی و ئابوورییەکان و هتد لە جێی چێژە لە کیس چووەکەی جێگیر دەکا. هەرکام لەم حاڵەتانە واتە پاشەکشە پێکردن یان جێگۆڕکێ، رێڕەوی ژیانی دوارۆژی تاك دیاری دەکا. فرۆید لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا ئەم دوو حاڵەتەی بە دوو هێزی دژبەر لە نێو لەشدا شوبهاند: وارسکەی مەرگ و ژیان (یان ئێرۆس (eros) و تاناتۆس)، چونکە مرۆڤ ئامادە نییە مردن بۆ خۆی قبووڵبکا و کەس توانای بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ مەرگی نییە، لەخۆی دوور دەکاتەوە و دەست بە خۆدەراویشتن دەکا.[١٦٩] بەو مانایە کە ئەگەر هێزی مەرگ یان خوای تاناتۆس لەودا بەهێز بوو (بە هۆی سەرکوتی وارسکەکان و چاوپۆشی لە چێژەکان) دەست دەداتە گواستنەوەی ئەم هێزە بۆ ئەوانیتر کە بە شێوەی خەڵك شکێنی یان سەرکوتی ئەوانیتر و کوشتنیان خۆ دەردەخا. دیمەنەکانیتری ئەم حاڵەتە بە شێوەکانیتر وەك دەستدرێژی، پاوانخوازی، توندوتیژی، دەسەڵاتخوازی

١٦٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٥.

١٦٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٩.

و تەنانەت حەزی زۆر لە چێژە جنسییەکانیش خۆ دەنوێنێ. بەمجۆرە حەزی دەسەڵاتیش هەم ڕەنگە لە پاڵنەرە بەدیلەکانەوە سەرچاوە بگرێ و هەم لە پشێوییە دەروونییەکان و سەرکێشی تاناتۆس. لەسەر ئەم بنەمایە کەسانێکی وەك مارکۆزێ کە خۆی کاریگەریی فرۆیدی لەسەر بووە پێی وایە ئەوەی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی توانا و بەهرەکان و پەرەسەندنی ژیارەکان، بەختەوەری و بەختیارییە نەك سەرکوت، چونکە سەرکوت مەیلی تێکدان زیاد دەکا و ژیارەکان دەبنە قوربانیی سیستەمی سەرکوتی خۆیان. مارکۆزێ پێی وایە کە دەکرێ پشتڕاستکردنەوەی ئەم رایە هەم لە نێو تیۆرییەکانی فرۆید دا بدوزرێنەوە و هەم لە بەردەوامی ژیارەکاندا کە هەلومەرجی نەمانی سەرکوت پێکدێنن. مارکۆزێ دەیهەوێ بەو ئاکامە بگا کە لانیکەم ئەو ژیارانەی کە هەن، نەك بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە سەرکوت نییە بەڵکو سەرکوت دەبێتە هۆی لەناوچوونیشیان.[١٧٠]

دەروونناسێکیتر کە دەڕوانێتە سەرچاوەی تاکەکەسیی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ "ئادلێر"ە. ئەو پێی وایە ئەو مرۆڤانەی لە کەم و کورتی جەستەیی دەناڵێنن بە لای سەرەڕۆییدا دەشکێنەوە، وەك هیتلەر، موسولینی، ستالین و فرانکۆ کە کورتەباڵا بوون.

تاقمێکیتریش مرۆڤەکانیان لەسەر بنەمای حاڵەتە دەروونییەکانیان دابەش دەکرد. ئەمجۆرە تیۆرییانە لە ڕوانگە نەریتی و کۆنەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە مرۆڤەکان بە خوێنسارد، تووڕەوتۆسن، وازوازی و هتد دابەش دەکرد. بۆ وێنە هەندێك لە دەروونناسان، مرۆڤەکان بە ورووژانپەسندەکان، تووڕەوتۆسنەکان، هەستیارەکان، تەوەزلەکان و هتد دابەش دەکەن کە لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەر بەو حاڵەتانە خۆ دەردەخەن. "ئیسنێك" دەروونناسی بریتانیایی، دابەشکارییەکی سەرنجڕاکێش لەمەڕ ئەو حاڵەتە دەروونییانە کە لەگەڵ بەریانە سیاسییەکان یەکدەگرنەوە بەدەستەوە دەدا. ئەو پێی وایە دوو حاڵەتی سەرەکی واتە توندوتیژ و هێدی لەمرۆڤەکاندا بەدیدەکرێ کە لەگەڵ دوو بەریانی سەرەکیی سیاسی واتا ڕاست و چەپ شیاوی پێکگەیاندنن، کە لە پێکگەیشتنی ئەوان چوار گرووپی سیاسی وەدیدێن. ئەو مرۆڤە توندوتیژانەی کە بەلای ڕاستدا دەشکێنەوە لایەنی فاشیستەکان بەدیدێنن و ئەگەر بەلای چەپدا بشکێنەوە لایەنی کۆمۆنیستەکان پێکدێنن. مرۆڤە هێدییەکان ئەگەر بەلای ڕاستدا بشکێنەوە گرووپی لیبراڵەکان پێکدێنن و ئەگەر بەلای چەپدا بشکێنەوە گرووپی سۆسیالیستەکان پێکدێنن:

170- Marcuse, Herbert; Eros et civilization; Paris, Minuit, 1963, pp. 16-17.






کتێبی "کەسایەتی دەسەڵاتخواز"ی "تێیۆدۆر ئادۆرنۆ"ش دەکرێ وەك یەکێك لە تیۆرییە تاکەکەسییەکان بێتەبەرباس. بە باوەڕی ئادرنۆش بناغەی دەسەڵاتخوازی لە پشێوییە دەروونییەکانی تاکدا دەدۆزرێتەوە کە خۆی لە ژێر کاریگەریی وارسکەکانی ئەودایە. ئادرنۆ ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٥٠ دا بۆ وەسفی کەسایەتیی هیتلەر نووسی. بەڵام ئەم تیۆرییەی گشتاند و کەسایەتی دەسەڵاتخوازی بەمجۆرە وەسفکرد: «بە توندی هەواداری گونجاندنی خۆی لەگەڵ خوو و ڕەوشت و دابونەریتەکانە. کوێرانە بەدوای سیستەمە بەهاییە باوەکان دەکەوێ. گوێ لەمست و ملکەچ و وەفاداری دەسەڵاتەکانە. ڕوانینێکی رووکەشی لە جیهانێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەیە کە بە سەر گوتەزاگەلێکی بە تەواوی جیاوازی چاك و خراپ، ڕەش و سپی و هتد دابەشبووە ... بە گشتی تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکانی کەسایەتیی دەسەڵاتخواز لایەنی جیاکەرەوەی ئەو تاکە نادڵنیایانەیە کە بەرامبەر بە خۆیان بە گومانن و هەرگیز نەیانتوانی کەسایەتیی تایبەتی خۆیان بەدیبێنن و سەقامگیری کەن ... ئەمجۆرە کەسایەتییانە لەسەردەمی هێمنایەتیدا کە هەڕەشەیەك لەسەر تەکووزی نییە پاڵ حیزبە کۆنەپارێزەکان دەدەن، بەڵام ئەگەر ئەو تەکووزییە بکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، هەستی دەستدرێژیخوازییان لەخۆوە توندتر دەبێ و بۆ لای بزووتنەوە فاشیستییەکانیان ڕادەکێشێ».

٢- حاڵەتی دەروونی وەك پەیڕەوێك لە شوێنکاری کۆمەڵایەتی.[١٧١] زۆربەی دەروونناسەکان لە جیاتی دۆزینەوەی ڕیشە نێوخۆییەکانی حاڵەتە دەروونییەکان، دەگەڕێنەوە سەر هۆکارە

١٧١- دوورژە، موریس، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٠.

دەرەكییەكان، بە تایبەت هەلومەرجەكانی سەردەمی منداڵی. لێرەدا سەرەتا پێی بنەماڵە و دواتر سیستەمی فێركاری و سەرەنجام تەواوی كۆمەڵگا دەكێشرێتە نێو مەسەلەكەوە.

هێربرت ماركۆزێ لەو كەسانەیە كە سیستەمی سەركوتی كۆمەڵگا، كە بنەماڵە، قوتابخانە و دەزگا دەوڵەتی و ئایینییەكان لەخۆدەگرێ، وەك بەرپرسی بەریانی كۆمەڵگا بە توندوتیژی دەناسێنێ. شك لەوەدا نییە كە سەردەمی منالی كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر كەسایەتی تاك هەیە. ڕێنماییەكانی ئیسلامیش پێ لەسەر ڕەفتاری مەزنانە لەگەڵ منالان دادەگرێ. پێداگرتن لەسەر دڵسۆزی لەگەڵ مندالانی هەتیو بێگومان جگە لە ڕەهەندی ئەخلاقی ڕەهەندی كۆمەڵایەتیشی هەیە: ورد بوونەوە لە حاڵ و دۆخی زۆربەی ئەو كەسانەی كە تووشی تاوان و جینایەتی سامناك بوونە نیشاندەدا كە ریشەی زۆربەی ئەم پشێوییانە لەسەردەمی منداڵی تاك دایە.

"ئێریك فرۆم"یش لە شیكردنەوەی هۆیەكانی بەریان بەلای فاشیزمدا خاڵێكی سەرنجڕاكێش دەخاتە بەرباس كە بە تەواوی لایەنی كۆمەڵی هەیە. مرۆڤی هاوچەرخ مرۆڤێكی ئازاد بەڵام تەنیا و بێهیوایە كە پاش دانوسانێكی مێژوویی گەیشتۆتە ئێرە. مرۆڤی سەردەمی فیێودالیتە ئازادی نەبوو، بەڵام لەگەڵ سیستەمی كۆمەڵایەتی تێكەڵ ببوو و خۆی بە بەشێك لەو دەزانی. لەكاتێكدا كە مرۆڤی نوێخواز ئازاد بەڵام تەنیایە و ئایینێكی هەڵبژاردووە كە لەگەڵ تەنیایی ئەو دەگونجێ. پرۆتستانیزم ناوبژیكەریی كلێسای لە ناوبرد و مرۆڤی ڕاستەوخۆ بە جیهانی خوایەتییەوە بەستەوە. بەڵام خەمی ڕابردوو (نۆستالۆژی) هیچكات دەستی لە داوێنی ئەم مرۆڤە ئازادە نەكردەوە. ئەوا بوو كە لە خرۆشی بزاوی فاشیزمدا هەستی بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و، دەرچوون لە تەنیایی كرد و ڕەگەڵێكەوت.

بەمجۆرە "فرۆم" وەڵامی پرسیارێكی داوە و، ئەویش ئەوەیە كە بۆچی مرۆڤەكان لە بڕگەیەك لە مێژوودا لە ئازادی هەڵدەهاتن لە كاتێكدا كە هەموو پێیان هەڵدەگوت.[١٧٢] ئەم حاڵەتە ڕەنگە دیسانیش دووپاتببێتەوە، مەگەر ئەوەی كە دەست بە چاكسازی كۆمەڵگا بكەین.

"ویلهێلم ڕایش"یش یەكێك لە ماركسیستە فرۆیدیستەكان بوو كە دەبوایە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە كە بۆچی كرێكارانی ئەڵمانی لە جیاتی تێكەڵبوون لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستی ئەم وڵاتە، لەگەڵ نازییەكان تێكەڵ بوون. ڕایش لە كتێبی "*دەروونناسی جەماوەرەكانی*

١٧٢- فروم، اریك، گریز از آزادی، ترجمه عزت الله فولادوند، انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، ١٣٧٠.



*فاشیست*" دا وادەنوێنی كە گوایە سەركوتی ڕەگەزی، مرۆڤەكان وەهماوی باردێنی. بەو هۆیە كە لە سیستەمی كۆمەڵایەتی ئەڵمانیادا، سیستەمی سەركوت بە گوڕ و هێزەوە لە ئارادا بوو و تاك لە دەسپێكی ژیانییەوە لە وەها سیستەمێكی سەركوتكەردا دەژیا كە بنەماڵە، قوتابخانە، كلێسا و دەوڵەت تێیدا بەشدار بوون، مرۆڤی ئەڵمانی، وەك مرۆڤێكی وەهماوی پەروەردە دەبوو و، بەو هۆیە كە چینی كرێكار لەگەڵ سەركوتێكی دووقات بەرەوڕوو بوو، پلەی وەهماویبوونیشی لەوانیتر زیاتر بوو. ئەم سیستەمی سەركوتە نەك هەر مرۆڤ وەهماوی باردێنی بەڵكو حەز بە توندوتیژیش لەودا زیاتر دەكا. ئەوا بوو كە مرۆڤە وەهماوییەكان لە دەیەی ١٩٣٠ دا بێ ئەوەی لەخۆیان پرسیار بكەن بۆ كوێ دەچن بەدوای بزووتنەوەیەكدا ڕێكەوتن كە لە كۆتاییدا لەناوچوونی خۆیانی دەویست. ڕاسپاردەی ڕایش بۆ تووش نەبوون بە وەها بارودۆخێك ئازادی بێ ئەملا و ئەولا لە كاروباری جینسیدایە. ئەم ئازادییە مرۆڤ هاوسەنگ و بێزار لە توندوتیژی باردێنێ. بە پێچەوانەی گومانی هەمووان بەڕەڵڵایی و بێ سەرەوبەریی لێناكەوێتەوە. مرۆڤ ئەگەر ئازاد بێ لە یەكەم پەیوەندییەكی كە بە واقیع بینییەوە پێكیدێنێ ئارەزووی زەماوەند دەكا. لە حاڵێكدا كە بێبەشی دەبێتە هۆی چنۆكی و تەماكاری و بەدكرداری ئەو لەم بوارانەدا.[١٧٣] پرسیارێك كە دەبێ لە ڕایش بكرێ ئەوەیە كە چۆن نەتەوەیەك كە چەندین سەدە لە ژێر وەها سەركوتێكدا بووە پاش ڕۆیشتنی نازییەكان لە نەكاو دەبنە دیموكرات و لایەنگری ئازادی؟ لەوەدا كە تیۆرییەكانی ڕایش و باقی دەروونناسان خاڵگەلێكی سەرنجڕاكێش لەخۆ دەگرن شكێك نییە، بەڵام كەسیش نەیتوانیوە دەستی بە قەڵای ڕۆح و دەروونی مرۆڤ را بگا.

ئەوەی دەكرێ بڵێین ئەوەیە، كە پێدراوە دەروونناسانەكان لە دوو ڕێگەی تاكەكەسی و كۆمەڵییەوە كاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی دادەنێن. لە ئاكامدا لێكۆڵینەوە پەیوەندیدارەكانیش یان دەڕواننە تایبەتمەندییە دەروونییەكانی سیاسەتوانان و تاكە دەوڵەمەند و كاریگەرەكان، یان دەڕواننە حاڵەتە دەروونییە كۆمەڵییەكان لە كۆمەڵگایەكی تایبەتدا.

173- Reich, Wilhelm; La psychologie de masse du fascisme; Paris, Payot, 1979.

# بەشی دووەم

# هێما ، سیستەم و ئەرکە سیاسییەکان

کاتێك قبوولبکەین کە سیاسەت بەشێك لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە کە کاروباری گشتی ڕێکدەخا و ئامانجەکەی ڕێنوێنی گشتی کۆمەڵگایە، لە تەواوی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێن کاریگەری وەردەگرێ و خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە باقی بیاڤەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیانە، سروشتییە کە ناتوانین ئەم بەشە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لە چالاکییە ئابووری یان کەلتوورییەکان جیا بکەینەوە. بەڵام دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە چالاکییە سیاسییەکان وەك باقی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بەدیهێنەری جۆرێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەت بن و لە بنیات و پێکهاتە کەم و زۆر تایبەتییەکانیشدا بەرجەستە ببنەوە. هەروەك کە لە بوونی مرۆڤ دا، هەر بەشێك لە بوونی ئەو وێڕای یەکگرتوو بوون لەگەڵ بەشەکانیتردا، یەکێك لە ئەندامەکان وەك پێگە و هۆکاری خۆی دادەنێ، لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا هەر بیاڤەی، بنیات و ڕێکخراوگەلی تایبەتی خۆی پەیدا دەکا. بەرزترین ڕێکخراوی سیاسی لەسەردەمی هاوچەرخدا دەوڵەتە، بەڵام هەروەك گوتمان دەوڵەت نە بەرجەستە بوونەوەی تەواوی ژیانی سیاسییە و نە دیاردەیەکی جیهانگیر و کۆن. شوێنی جوگرافیایی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەمڕۆیی ئەوڕووپای ڕۆژئاوا و پێگە مێژووییەکەی دەسپێکی سەردەمی نوێیە. لە بناغەڕا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە داخوا تەواوی کۆمەڵگاکان بە دەوڵەتێکی کەم و زۆر ئەمڕۆیی تەیارن یان نا؟ یان لەوەش زیاتر داخوا سیاسەت پاژی جیانەبۆوەی تەواوی کۆمەڵگاکانە یان دەتوانین کۆمەڵگاگەلێك بدۆزینەوە کە ژیانی سیاسییان نەبێ؟ بە باوەڕی ئێمە سیاسەت بەشێکی پەیوەستکراوی ژیانی کۆمەڵییە، چونکە بنەمای بەڵگە هێنانەوەی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ لێك کۆبوونەوەی تاقمێك و پێکهاتنی پەیوەندیی بەردەوام لە نێوانیاندا و سەرهەڵدانی خوو و ڕەوشت و باوەڕە هاوبەشەکان، کۆمەڵگا پێکدێ کە لە هەموو تاك و گرووپە پێکهێنەرەکانی بەرزترە. ئەم بوونەوەرە نوێیە، شوناسی سەربەخۆ، هەستی پاراستنی خۆ و بەرەبەرە بنیات و ئۆرگانگەلێك پەیدا دەکا کە پارێزگاری لە بوونی ئەو دەکا. هەروەك لەشی بوونەوەری زیندوو بۆ درێژەی ژیانی پێویستی بە جۆرێك تەکووزی نێوخۆیی و هێزی بەرگری لە بەرامبەر دەستدرێژی دەرەکیدا هەیە، کۆمەڵگاش پێویستی بەو شتانە هەیە. ئێمە ئەمجۆرە هەوڵە کۆمەڵییانە بە سیاسەت و ئەو بنیاتانەی کە بەو کارە رادەگەن بە بنیاتە سیاسییەکان دەزانین و پێمان وایە کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، هەڵبەتە بە پێی ڕادەی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی، جۆرێك هەوڵی کۆمەڵی بە نێوی سیاسەت و جۆرێك لە



بنیاتە سیاسییەکان هەن کە دەکرێ کۆی ئەوان بە سیستەمی سیاسی ناو بەرین، بەڵام دەوڵەت و سیاسەت دوو دیاردەی جیهانگیر نین. "ئێدوارد ئیوانس پریچارد" و "مییێر فۆرتز" دوو جۆر کۆمەڵگا لێك جیادەکەنەوە: ئەوانەی کە دەوڵەتیان هەیە و ئەوانەی کە تایبەتمەندییەکی بڵاو و بەشبەشیان هەیە. دەستەی یەکەم خاوەن حکوومەتێکی ناوەندین کە، هەندێك ڕێسای هاوبەش بەسەر تەواوی دانیشتوانی سەرزەویی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەسەپێنن و لەم ڕێگەیەدا لە ئامرازە ماددی، فیزیکی و مێتافیزیکی (بان سروشتی) و هتد کەڵك وەردەگرن. ئەم حکوومەتانە زیاتر هێزێکی نیزامییان لەبەردەستدایە و هەتا ئەو جێیەی دەتوانن چاودێری بەسەر دابەشکردنی ئیمتیاز و سەرچاوەکاندا دەکەن. کۆمەڵگا بڵاو و بێ دەوڵەتەکان، بە پێچەوانە خاوەن حکوومەتی ناوەندی نین کە بتوانێ ئەندامانی کۆمەڵگای خۆی ناچار بە بەڕێوەبردنی کارێك بکا. ئاڵوگۆڕی نێوان گرووپەکان (گرووپەکانی خزمایەتی، دەوروپشت و هتد) لەم کۆمەڵگایانەدا لەسەر بنەمای ئەم ڕێسایانە بەڕێوەدەچن کە لادان لەوان مەترسی بەربەرەکانی و تۆڵە ئەستاندنەوەی بەدواوەیە.[1] بەو پێیە دەکرێ کۆمەڵگاگەلێك بدۆزرێنەوە کە تێیاندا دەوڵەت و تەکووزی سیاسی لەگۆڕێ دانەبێ، بەڵام بە باوەڕی ئێمە لەو کۆمەڵگایانەشدا جۆرێك سیاسەت و بنیاتە سیاسییەکان هەن کە لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و پەرەسەندندا نین.

"لوسی مایێر"یش بەم شێوە سێ جۆر کۆمەڵگا لێك جیادەکاتەوە: کۆمەڵگاگەلێکی بە لانیکەمی حکوومەتەوە، واتە کۆمەڵگاگەلێکی سنووردار کە تێیاندا کەسانێکی کەم کە خاوەن دەسەڵات و توانان ئەرك و داواکارییەکی کەم بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای خۆیاندا دەسەپێنن: کۆمەڵگاگەلی بە حکوومەتی بڵاو و پەرتەوازەوە، واتە کۆمەڵگاگەلێك کە تێیاندا گرووپە جۆراوجۆرەکان و ڕێبەرانێك بە بارودۆخی جیاوازەوە (پایەدار یان ناسەقامگیر، ئایینی یان نیزامی و هتد) چاودێری بەسەر کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە جڤاتییەکاندا دەکەن و سەرەنجام کۆمەڵگاگەلێك کە خاوەنی حکوومەتی ناوەندین و ئەم حکوومەتە لە دەستی ڕێبەرانێك دایە کە بە ئاشکرا جیاوازییان لەگەڵ باقی خەڵك هەیە و دەزگاکانی تایبەتی بەکاربردنی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.[2]

1- Prichard, Evans E., Meyer Fortes; "Systemes politiques africains"(1964) in J.Lagroy Sociologie politique; p. 32.
2- Ibid.; p. 32.

جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان ئەم جیاکردنەوە و تیۆریی "ئیوانس پریچارد"دا هەیە، چونکە لە تەواوی ئەم کۆمەڵگایانەدا جۆرێك دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی حکوومەتدا بەرچاو دەکەوێ. "ژان ویلیام لاپییێر"یش کۆمەڵگاکان بە پێی بەرجەستەبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسییان بە ٩ دەستە دابەش دەکا کە لە کۆمەڵگەلی بە کەمترین ڕێکخراوی سیاسییەوە هەتا کۆمەڵگاکانی خاوەن ڕێکخراوێکی ئاڵۆز و جیاواز لەخۆ دەگرێ:[٣]

- کۆمەڵگاکانی خاوەن تەکووزی بێ ناوبژیوان (بێ بنیات) و دەسەڵاتی سیاسیی شپرزە و ناجیاواز.
- کۆمەڵگاکانی تەکووزگرتوو بە هەژمۆنیی تاکەکەسی (ئەو جێیەی کە ڕۆڵی تایبەتیی ناوبژیوان یان حوکمەکان بەرچاوەدەکەون) وێڕای دەسەڵاتی سیاسیی لێکهەڵوەشاو.
- کۆمەڵگاکانی تەکووزگرتوو بە هەژمۆنیی تاکەکەسی وێڕای دەسەڵاتی سیاسیی جیاواز بەڵام بڵاو (هەبوونی چەند خاوەن دەسەڵات لە ڕۆڵی جیاجیادا).
- کۆمەڵگاکانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی سەنترال و پسپۆڕ لە چوارچێوەی بوونی شوورا یان سەرۆکێکدا.
- کۆمەڵگاکانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی ڕێکخراو لە چەندین شوورا یان سەرۆکی هیرارکێتیدا.
- کۆمەڵگاکانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی تاکەکەسی و زۆر جیاواز (شازادە نشینەکان).
- کۆمەڵگاکانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی بە دام و دەزگابوو کە لە ڕێگەی تۆڕێك لە پەیوەندییەکانی موشتەری ئاسا بەکاردەبردرێن (دەوڵەتە فیدراڵەکان).
- کۆمەڵگاکانی بە دەسەڵاتی بەدەزگابوو کە لە ڕێگەی دەزگایەکی ئیداری پسپۆڕ و هیرارکییەوە بەکاردەبردرێ.

دابەشکاریی لاپییێریش نیشاندەدا کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا جۆرێك دەسەڵاتی سیاسی هەیە کە پلەی جیاوازیدانان و ڕادەی بەدام و دەزگابوونیان بە پێی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازە. ئەوەی لەسەردەمی هاوچەرخدا ڕوویداوە جیاوازیی ئاشکرای بیاڤی سیاسەت و بنیاتەکان و دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ باقی بەشەکانە. بۆ وێنە لە کۆمەڵگای جۆری یەکەم لە دابەشکاری لاپییێر واتە کۆمەڵگاکانی خاوەن تەکووزی بێ نێوبژیوان و

3- Laperre, J.W.; Vivre sans Etat? Essai sur le pouvoir politique et l'innovation sociale; pp. 324-330.



دەسەڵاتی سیاسیی شپرزەدا، یەك ﴿دەسەڵاتی بێ ناوونیشان﴾ (anonyme) و بێ نێوبژیوان هەیە کە هەم ئایینییە و هەم نیزامی و ئابووری و سیاسی، بێ ئەوەی هاووڵاتیانی وەها حکوومەتێك ئەم هۆکارانەی تێدا لێك جیابکەنەوە.[٤]

﴿بەڵام لە ڕیزی بەرهەم و ئاکامەکانی ژیاردا، دابەشکردنی کار و بە پسپۆڕی بوونی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاکامدا ئاڵوگۆڕی گرووپەکان لە ناخی کۆمەڵگاکاندا، گشتگیرن﴾.[٥] بۆ وێنە لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا تاك ڕۆڵ و ئەرکی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبا بێ ئەوەی باسی پسپۆڕی لەئارادابێ. ڕەنگە یەکێك لە جووتیاران کە لە ماوەی وەرزی گەرمادا خەریکی کشتوکاڵ دەبێ، وەك سەرچاوەی چارەسەری گیروگرفتەکانی گوندنشینەکانیش بناسرێ یان هەندێك ڕۆڵی ئایینی وەك پرسە و سەرەخۆشیش وەئەستۆ بگرێ و ئەگەر خوێندەوارییەکیشی هەبێ هەندێك ڕۆڵی ڕاهێنانیش بەڕێوە بەرێ. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی پەرەگرتوودا هەرکام لەو ڕۆڵانە لە ئەستۆی کەسێك دەبن. بە واتایەکی تر هەروەك کۆمەڵگا، نانکەر و قەساب و کرێکار و جووتیار پەروەردە دەکا بۆ ئەوەی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی دابینبکا، دیپلۆماتیش پەروەردە دەکا بۆ ئەوەی ڕۆڵە سیاسییەکان بەڕێوەبەرێ. سیاسەت وتەزایەکی کۆمەڵایەتییە کە لە ناخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دایە و لە دەرەوەی ئەو شیاوی وێناکردن نییە. قبووڵکردنی ئەم ڕاستییە خاڵی دەسپێکی کۆمەڵناسیی سیاسییە. ﴿بەمجۆرە سیاسەت بە ڕەهەندێکی تایبەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانرێ کە دەکرێ بیر لەو ڕێکار و چالاکییە تایبەتانە بکەینەوە کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین سیاسەت پێناسە بکەین﴾.[٦] ئێمە لەو پارەدا هێمای ژیانی سیاسی لە سێ گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە کە لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکتریشن، دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. هەر بەو هۆیەش ڕەنگە دووپات بوونەوەیەك لە بابەتەکانی ئەم سێ بەشەدا بەرچاوبکەوێ. ئەم سێ گۆشەنیگایە بریتین لە: دەسەڵاتی سیاسی، سیستەمی سیاسی، دەورگێڕانی سیاسی.

٤- لاپییر، ژان ویلیام، قدرت سیاسی، ل ١٠٢.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢.

6- Lagroy, J; op. cit.; p. 33.

## پاری سێهەم

# دەسەڵات، باڵادەستی و ڕەوایی سیاسی

لە باسەکانی ڕابردوودا ئەوە گوترا کە بیاڤی سیاسەتیش وەك بیاڤی گشتی، بەپێچەوانەی بۆچوونی باو، بیاڤی کێشە و ململانێ نییە بەڵکو بیاڤی لێك تێگەیشتن و وتووێژە. ئەوە بەو مانایەیە کە بیاڤی سیاسەت تەنیا بیاڤی عەقڵی ئامرازی نییە، بەڵکو مەیدانی عەقڵی پێکگەیشتن و حیکمەتیشە. بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا، سازکردنی هاوسەنگیی ماددی و مەعنەوی بەشێکن لەو بابەتانەی کە بەڕێوەبردنیان تایبەت بە دنیای سیاسەتە و یارمەتی عەقڵی پێویستە. لە لایەکیتریشەوە ئەم کارانە بێ بەشداریی گشتی بەڕێوەناچن و ناکرێ ئەوان لە پاوانی چەند کەسی تایبەتدا بزانرێن. ئەوەی کە سیاسەت بیاڤی لێك تێگەیشتنە نەك ململانێ، هیچ دژایەتێکی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵام لەگەڵ باڵادەستیی سیاسی دژایەتی هەیە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی کۆی دەسەڵاتی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگایە کە لە خزمەت بەرژەوەندیی کۆمەڵگا و پشتیوانی لەو (لە بەرامبەر بیانییەکان)دا دەبێ لە حاڵێکدا کە باڵادەستیی سیاسی بە مانای دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر دوو گرووپی حاکم و مەحکووم دایە. ئەم بابەتە کە یەکێك لە ڕاستییەکانی جیهانی سیاسەتیش بووە و هەشە، بەهۆی ئەم خاڵەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کە هی هەموو خەڵکی کۆمەڵگایە، لە دەستی تاقمێکی کەمدا کۆ دەبێتەوە. ئەم تاقمە کە دەسەڵاتی سیاسییان لەدەستدایە کارگێڕانی گشتین کە نابێ ئەو دەسەڵاتە جگە لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگا بەکاربێنن، بەڵام بە کردەوە ئاوا نییە. پۆلیسێك کە دەبێ چەك و توانای خۆی بۆ پاراستنی گیانی خەڵك بەکاربێنێ بە کردەوە وەك ئامرازی باڵادەستیی خۆی بە سەر ئەوانیتر و حوکمکردن بەسەریاندا بەکاریدەبا. داخوا دەکرێ وەها لادانێك وەك ڕاستی بە تەواوی کۆمەڵگاکان بگشتاندرێ و باڵادەستی بە بەشێکی جیانەبۆوەی کۆمەڵگا و سیاسەت بزانرێ؟



## بەشی یەکەم
## دەسەڵات و دەسەڵاتی سیاسی

دەکرێ دوو شرۆڤە لە دەسەڵات بکرێ: یەکیان زاتی و ئەویتر پەیوەندیتی. بەو مانایە کە دەسەڵات بنچینەیەکە بە شێوەگەلی هەستپێکراو و خۆنوێنییەکانی تایبەت بە خۆی، یان بە پێچەوانە تەنیا لە چوارچێوەیەکی پەیوەندیتیدا شیاوی وێناکردنە. بە بنچینە زانینی دەسەڵات بە مانای قبووڵکردنی دوو بنەمای بە ڕواڵەت لێك جیاوازە. بنەمای یەکەم ئەوەیە کە قبووڵبکەین دەسەڵات بنچینەیەکی دەرهەست و نەگۆڕی هەیە. بنەمای دووهەم ئەوەیە کە دەسەڵات شتێکە کە هەندێك کەس دەستیان پێڕادەگا، وەك شتومەکێك لە پاوانی خۆیانی دەگرن. وەك ئەوەی کە دەسەڵات جۆرێك وزە و توانا بێ کە لە ناخی سەرۆك یان کەسێکیتردا دانرابێ و ئەم تواناییە هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخی کۆمەڵگا یان تاکەکانەوە نییە. دەکرێ وابزانین کە پاشا بنچینەیەکی تایبەتی هەیە و دەسەڵاتی ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی تاکەکانەوە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەنگە بە چاك یان خراپ وەسفبکرێ، دەسەڵاتی خوایی یان شەیتانی. لە بناغەڕا قبووڵکردنی دەسەڵات وەك بنچینە جۆرێك ڕوانینی بەهامەندانەشی پێوەیە.[٧]

بەڵام دەسەڵات وەك جۆرێك پەیوەندی، بە تەواوی لەگەڵ ڕوانگەی دەسەڵات ـ بنچینەوە جیاوازە و بە هیچ شێوەیەك ڕەهەندی بەهامەندانە و چاك و خراپی نییە و باسکردن لە دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕەها (لە پێکگوتراندا) مانای نییە. لەم دۆخەدایە کە دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ جۆرێکی تایبەت لە زاڵبوونی سیاسی لێك گرێدەدرێ کە ماکس ڤێبەر بە دەسەڵاتی یاسایی ناوی دێنێ. لەم جۆرە باڵادەستییەدا هەروەك دواتر دەبینین ملکەچیی تاك بۆ تاکێکی تایبەت لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو پەیڕەوی تاکەکان لە دەسەڵاتی گشتی و ناکەسێتی(غیر شخصی) لە گۆڕێدایە. بەڵام ماکس ڤێبەر جیاوازییەك لە نێوان ئەم جۆرە توانایی و باڵادەستییە لەگەڵ جۆرەکانی تری وەك ملکەچی تاك بۆ تاك (باڵادەستیی نەریتی و کاریزماتیك) دادەنێ. لە حاڵێکدا کە بە باوەڕی ئێمە ئەمجۆرە توانایی و باڵادەستییە وەبیرهێنەری کەم وکورتی و ناکامڵبوون یان لادانە. ماکس ڤێبەر بە گشتی دەسەڵات بە توانایی تاکێك بۆ بەدەستهێنانی

---

٧- بۆ شیکردنەوەی زیاتر بڕواننە کتێبی: Denquin, Jean-Marie; Science politique; pp. 120-121.

ڕەزامەندی تاکەکانی تر بۆ بەجێگەیاندنی ویستەکانی خۆی وەسفدەکا. کەوابوو دەسەڵات پێویستیی بە دوو لایەن هەیە: یەکیان ئەوەی حوکم دەکا و ئەویتر ئەوەی فەرماندەبا. نادیارییەکی کە لەم بۆچوونەدا هەیە ئەوەیە کە دەسەڵات لە هەموو جێیەك هەیە: لە پەیوەندیی دوو قوتابی، دوو دراوسێ، ژن و مێرد، باوك و مناڵ و لە شێوەگەلی جۆراوجۆردا. لە لایەکی ترەوە، ئەو ئیدیعایە کە بکرێ دەسەڵات تەنیا لەسەر بنەمای دیتنی ڕەفتارەکان پێناسە و شی بکرێتەوە، لە وەهم و خەیاڵێك زیاتر نییە و دەبێ ڕێگەیەکی باشتر هەڵبژێردرێ.[8] ئەو ڕێگە باشترە بە باوەڕی هەندێکان (Lewin،Bales،j.i.Monero ) لێکۆڵینەوەی ئەزموونی و بابەت بە بابەتی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە.

بۆچوونی ئەزموونی لەمەڕ دەسەڵات. ئەم ڕوانگەیە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیی ورد لەمەڕ دەسەڵات دامەزراوە و دەڕوانێتە پێکهاتنی ئەو گرووپانە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش بەرەبەرە لەواندا خۆدەنوێنێ. گرووپەکان ئاخێزگەی دیاردەیەکی گرنگ واتە سەرهەڵدانی ڕێبەران و سەرۆکەکانن. ڕێبەران کەسانێکن کە دەستڕۆیشتوویی و پرستیژێکی بەرزتریان لەچاو ئەندامەکانی تری گرووپەکە هەیە. ڕێبەران چەشنی جۆراوجۆریان هەیە و سەرچاوەی دەست ڕۆیشتووییەکان لە یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێساکانەوە بگرە هەتا لێهاتوویی یان کارامەیی ئەوان لە چارەسەریی گرفتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازیی هەیە. ئەوەی لەم ڕوانگەیەدا شیاوی لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کە «گرووپە مرۆڤییەکان لەخۆوە بەدیهێنەری جۆرێك جیاوازیدانانی ناوخۆیی دەبن کە پاڵنەری دەرەکی نییە و ئەوە بەو مانایەیە کە دیاردەی دەسەڵات شتێکی سروشتییە. ئەویتر ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە لە هەر جۆرێك بێ، ئازادیخواز یان سەرەڕۆ، چ لە باری بنچینەوە چ لە باری بارودۆخەوە، شیاوی ڕەخنەگرتن و ململانێیە. کەوابوو تەواوی ئەو ئایدۆلۆژییانەی کە کۆمەڵگای بێ دەسەڵات بە مەیسەر دەزانن نەك هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە بەڵکو نەفامانەشە».[9]

مەسەلەیەك کە کۆمەڵناسیی ورد توانای وەڵامدانەوەی نییە مەسەلەی ڕەزامەندی و زۆرەملێیە ، لە ئاکامدا ڕەوابوون، هەروەها ئەو نوکتەیەیە، کە چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەوەی لە زۆرەملێ و ویستی تاقمێکی کەمەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەوەی لە ڕەزامەندی و هاوڕاییەوە سەرچاوە دەگرێ.

8- Ibid.; p. 124.
9- Ibid.; p. 124.



## ١- تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی:

"ژان مێری دێنکێن" لەمەڕ تایبەتمەندیی سیاسیی دەسەڵات یان دەسەڵاتێك کە تایبەتمەندیی سیاسی هەبێ ئاوا دەڵێ: «هەروەك کاروباری سیاسی کاروبارێکی ئاڵۆز، بەهەڵکەوت و نادیارن ، ناکرێ ئەوان لەسەر بنەمای پێوەرە بابەتییەکان لە باقی کاروبارەکان جیا بکرێنەوە، دەسەڵاتی سیاسیش لە باری بنچینە یان سروشتەوە، شیاوی دیاریکردن یان دەست نیشانکردن نییە، مەگەر ئەوەی کە بڵێین دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکە کە ئەگەری چوونە ژێر پرسیار، ڕەخنە یان لەوانەیە وەرگەڕانی هەبێ. دەسەڵاتی سیاسی هەڵگری بوونی ڕای گشتییە. ڕای گشتی بە سەر خاوەنانی دەسەڵاتدا چاودێری و سانسۆر دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لایەنی «بەهەڵکەوتی»ی هەیە ... هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ڕای گشتی پێکدێ و خاوەنانی دەسەڵات و کردەوەکانیان بەهەڵکەوت و ناپایەدار دەبن و ئەو لێهاتووییە وەدەستدێنن کە شتێك بن جگە لەوەی کە هەن، دەسەڵات دەبێتە دەسەڵاتی سیاسی ... دەسەڵاتی سیاسی پاش پێکهاتن، بزۆزیی تایبەتی خۆی بەدەستدێنێ و بەو مەسەلانەوە خەریك دەبێ کە پێشتر کاری پێیان نەبوو. ئەم مەسەلانەش تایبەتمەندیی سیاسی پەیدا دەکەن و بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە. ئەگەر ئەم مەسەلانەش پێشتر دەیانتوانی چارەسەری بابەتییانە یان زەینی بدۆزنەوە لەمەوبەدوا چارەسەریان بۆ نییە و تەنیا دەبێ ڕێکوپێك بکرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێ».[10]

ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی دۆخێکی ناپایەداری هەیە و هەرکاتێك ئەگەری ئەوەی هەیە بچێتە ژێر پرسیار و بکەوێتە بەر ململانێ، شتێکی شیاوی قبوولکردنە. بەڵام ئەوەی کە ئەم تایبەتمەندییە بۆ پێناسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی کە دەوڵەت تەنیا شێوەیەکی تایبەت لەوە و بۆ جیاکردنەوەی لە باقی دەسەڵاتەکان وەڵامدەرە، هەتا ڕادەیەك جێی لێوردبوونەوەیە. بە باوەڕی ئێمە دەبێ بە پێی ڕای بیرمەندانی ڕابردوو و هاوچەرخ چەند تایبەتمەندیی بنەڕەتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دیاریبکرێ کە بتوانین بە پێناسەیەکی دیار لە دەسەڵاتی سیاسی بگەین:

١ - بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە «بەکارهێنانی» دایە نەك لە هەبوونیدا. هەروەك "ژان مێری دێنکێن" ئاماژەی پێ دەکا، دەسەڵاتی سیاسی شتێك نییە کە ببێتە ملکی کەس بەڵکو لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندایە. "میشێل فۆکۆ"ش ئەم خاڵەی بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لەبەرچاوگرتووە و پێیوایە دەسەڵات لە کردەوە و بەکاربردنیدا خۆ دەردەخا. لە ئاکامدا دەسەڵات لەگەڵ ستراتێژی واتە کۆی تەگبیرەکانی بەکاربردنی دەسەڵات پەیوەندییەکی نزیکی هەیە و جەستەی

10- Ibid.; p. 138-140.

مرۆڤ ئامانجی ئەم ستراتیژییەیە. بەم پێیە «لەش» بە شێوەی راستەوخۆ لە بیاڤی سیاسەتدا گیرۆدەیە. لەش هێزێکە کە لە ئابووری و بەرهەمهێناندا، لە پەیوەندیی باڵادەستانەی نێوان مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا، لە باری فیزیکی و ماددی، رێکخستنی هێز، رێزلێنان و بەرزنرخاندندا بەکاردەبرێ. لەم روانگەیەوە دەکرێ دەسەڵات وەك تێکنۆلۆژیای سیاسیی لەش پێناسە بکرێ.[١١] لەشێك کە تەمێدەکرێ، رادێ و چاکدەکرێتەوە و دیسان بەکاردەهێنرێتەوە. پەیوەندیی دەسەڵات لە تەواوی ئاستەکاندا لە ئارادایە و ناکرێ لە دەوڵەتدا سەنترالێزە بکرێتەوە. دەوڵەت خۆی لەسەر تێکەڵ کردنی بەدامودەزگای پێوندییەکانی دەسەڵات دامەزراوە و بەرجەستە بوونەوەی بەرچاوی پەیوەندییەکی باڵادەستانەیە کە لە کۆمەڵگادا هەیە.[١٢] زانست و دەسەڵاتیش بەیەکەوە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. زانست لەسەردەمی کلاسیك بەولاوە شتێك نییە جگە لە پاساوی رێکخستنی هێزەکان و قبوولکردنی فکری پەیوەندیی باڵادەستانەی سەردەمی خۆی. تاك رادەهێنرێ هەتا چاکتر لە ناو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا جێ بگرێ.

٢- دەسەڵاتی سیاسی لە کۆتاییدا دەسەڵاتێکی گشتییە و هی گشتە. لە راستیدا پەیمانی کۆمەڵایەتیی هۆبز هەڵگری ئەم راستییەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکیتر کە ئەرکی پاراستنی تەکووزی ناوخۆ و بەرگری لە بەرامبەر مەترسیی دەرەکی لە ئەستۆیە لە کۆی دەسەڵاتی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا پێکهاتووە. دەسەڵاتەکانی دەرەوەی دەوڵەتیش بەو مەرجە بە سیاسی دەزانرێن کە یان ئیدیعای لە ئەستۆگرتنی ئەرکەکانی سەرەوەیان هەیە یان بە جۆرێك لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو ئەرکانە بەرێوەدەبا پەیوەندییان هەیە. بۆ وێنە دەسەڵاتی حیزبێکیش کە دەسەڵاتێکی سیاسییە، لە راستیدا دەسەڵاتێکی گرووپییە، بەڵام ئیدیعای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی گشتی دەکا.

٣- دەسەڵاتی سیاسی ئامانجی کۆمەڵایەتی هەیە و لە ئاستی کۆمەڵگایەکدا بەکاردەبرێ. "ژۆرژ بۆردۆ" سیاسەتناسی فەرەنسی، دەسەڵاتی سیاسی بەمجۆرە پێناسە دەکا: «بۆ ئەوەی دەسەڵاتێك لایەنی سیاسی بەدەست بێنێ پێویستە یەکجار کۆمەڵایەتی بێ. لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندیی نێوان تاکەکان لەسەر بنەمای ئامانجێك دادەمەزرێ کە تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەیە. بۆ وێنە کەسانێك کۆ دەبنەوە هەتا خواپەرستی بکەن یان کارخانەیەك دابمەزرێنن، ئەم ئامانجانە تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵگایانە دیاری دەکەن. سیاسەت لەم کۆمەڵگایانەدا ئامانج نییە بەڵکو

11- Chatelet, F., E. Pisier-Kouchner; Les conceptions politiques du xxe siecle; p. 930.
12- Ibid.; p. 943.



شێوازێکە بۆ بەدیهاتنی بەها ئایینی، ئابووری، کەلتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایە. بەم شێوەیە دەسەڵاتێك کە لەو کۆمەڵگایەدا بەکاردێ لایەنی ئامرازیی هەیە، چونکە فەلسەفەی بوونی خۆی لەم ئامانجانەوە وەردەگرێ کە کۆمەڵگا بۆی پێکهاتووە. جیاوازیی کۆمەڵگای گشتی یان نەتەوەیی لەگەڵ کۆمەڵگا بچووکترەکان، وەك کۆمەڵێکی ئایینی یان گرووپێکی ئابووری لەوەدایە کە ئامانجی ئەم کۆمەڵگا گشتییە لە دەرەوەی خۆیدا نییە. ئەم کۆمەڵگایە خۆی ئامانجی خۆیەتی و خۆشی بناغەی ئەو بەهایانەیە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش لەسەر بنەمای ئەوان لە نێو کۆمەڵگادا دادەمەزرێن. لە ئاکامدا کۆمەڵگا خۆی لەخۆیدا سیاسییە و پەیوەندییە سیاسییەکەی لایەنی ئامرازی نییە بەڵکو چەمکێکی بوونییە. بەم شێوەیە دەسەڵاتی سیاسی تەنانەت ئەگەر لە بوونی سەرۆکێك یان رێبەرێکدا کە خۆی سەپاندووە دەربکەوێ، سەرچاوەکەی لە ناو خودی کۆمەڵگادایە، چونکە ئەم دەسەڵاتە بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسی کە بێ بوونی ئەو، کۆمەڵگاش بوونی نابێ».[١٣]

بەم شێوەیە «دەوڵەتیش دەسەڵاتێك نییە کە لە دەرەوەڕا سەپابێ ... بەڵکو خۆی بەرهەمی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا لە قۆناغێکی تایبەت لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆیدا، دەستدەداتە بەدیهێنانی دەوڵەت و ئەو دەسەڵاتە کە خۆی بەرهەمی کۆمەڵگایە لەسەرەوەیدا جێدەگرێ و بەرەبەرە لێی دوور دەبێتەوە».[١٤]

٤- دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی پاوانخواز و پێویستیهێنەرە. ئەم دەسەڵاتە بە شوێن ئەمر بە چاکە، یان بەکاربردنی دەسەڵاتی ئەخلاقییدا نییە بەڵکو دەتوانێ پەنابەرێتە بەر زۆرەملێ. لێرەدا پێناسەی ماکس ڤێبەر دێتە زەینەوە کە دەڵێ: «دەبێ دەوڵەتە هاوچەرخەکان وەك کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە قەڵەمبدرێن کە لە چوارچێوەی سەرزەوییەکی دیاریکراودا بەسەرکەوتنەوە ئیدیعای پاوانکردنی توندوتیژیی فیزیکیی رەوا، وەك مافی تایبەت بە خۆی دەکا.»[١٥] پاوانی دەوڵەت لە بەکاربردنی توندوتیژیدا زیاتر لەبارەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا راستە کە تێیاندا دەوڵەتەکان یەکپارچە بوونە و بڕشتێکی سەرانسەرییان بەدەست هێناوە. لە رابردوودا جاروبار دەوڵەتەکان لە نێوان پاشا و فێیۆدالەکاندا دابەشدەکران. ئەمجۆرە دابەشکردنەی دەسەڵات، دەبێ بە حیسابی جۆرێك تێکچوونی تەکووزی کۆمەڵایەتی یان لادان لە رەوگە بزانرێ، نەك وەك بنەمایەك، چونکە لە کۆمەڵگایەکی فێیۆدالیدا پاشا بە رواڵەت دەسەڵاتی باڵای پێکدێنا بەڵام بە کردەوە، چونکە بە

13- Burdeau, Georges; L'etat, seuil, 1970, pp. 22-24.
14- Engels; L'origine de la famille, de la propriete et de l'Etat; Edition Sociales, 1971, pp. 154 et sq.

١٥- وبر، مارکس، دانشمند و سیاستمدار، ل ٨٣.

تەنیایی نەیدەتوانی کاروبارەکان بەڕێوەبەرێ بەشێك لە کارەکانی بە کەسانیتر دەسپارد. بەم شێوەیە هەمیشە لە نێوان ڕواڵەتی ئاوەزمەندانەی ژیانی سیاسی و ئەوەی بە کردەوە ڕوودەدا، مەودایەك هەیە.

٥- دەسەڵاتی سیاسی گشتگیرە. دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێ هەر دەسەڵاتێکیتر لە بەرامبەریدا هەندەکی و ناتەواو بێ. دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێ لە بەرزترین و باڵاترین ئاستدا بەکاربێ و لە گرنگترین مەسەلەکان وەك بڕیاردان لەمەڕ شەڕەوە بگرە هەتا بچووکترین ئاست واتە ژیانی تاکەکەسی لەخۆ بگرێ.[16] ئەگەرچی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان حکوومەتێکی تۆتالیتەر و حکوومەتێکی دیموکراتدا هەیە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی هیچ سنوورێك ناناسێ. حکوومەتێکی تۆتالیتەر چاوەدێری بەسەر ژیانی تایبەتی تاکەکانیشدا دەکا، بەڵام حکوومەتی دیموکراتیك بە ڕواڵەت دەست لە ژیانی تایبەتی تاکەکان وەرنادا و کاروباری گشتیش بە بەشداری خەڵك لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە بەڕێوەدەبا. لە هەمانکاتدا حکوومەتێکی دیموکراتیکیش ئەگەر بە پێویستی بزانێ بیاڤی تایبەتیش تێپەڕدەکا. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەم دوو حکوومەتە زیاتر لە شێوازی کارەکەیاندا بێ هەتا جیاوازیی چییەتی و بنچینەیی.

٦- دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی بە دەزگا بووە. دەوڵەتی سیاسی لە باری ماناوە نزیك بە دەوڵەت یان دەسەڵاتی دەوڵەتە. تەنانەت ئەگەر بنیاتی دەوڵەتیش بە شێوەی ئەمڕۆ بوونی نەبێ، دەرباری پاشا، یان هەرێمی سەردارێك کە دەسەڵاتی سیاسی لەدەستدایە خۆی بە بنیات دادەنرێ. بنیات دیاردەیەکە کە ڕیشەی لە بیروەری جڤاتیدا هەیە و تەنیا لایەنی بابەتی یان ڕێکخراوەیی نییە. یەکێك لە باسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوە بوو کە داخوا پاشا دوو جەستەی ئاشکرا و نهێنی هەیە؟ جەستەی ئاشکرای، ئەوی لە ڕێژەی باقی مرۆڤەکان دادەنا و جەستەی شاراوەی لایەنی خوایەتی هەبوو و پاشایەتییەکەی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو نوکتەیە بەو مانایەیە کە پاشا خۆی بنیاتێکیشە.

٧- دەسەڵاتی سیاسی بەجۆرێك خاوەن چەشنە ڕەواییەکە . چەنگیزخان لە ئێران خاوەنی هیچ چەشنە ڕەواییەك نەبوو، بەڵام بە کردەوە دەسەڵاتی سیاسی بۆ ماوەیەك لە دەستدا بوو. ئەگەر کەسێك کۆتەکەتان بە زۆر لەبەردەرێنێ و لەبەر خۆیکا، ناوی ئەم کارە بنێین چی؟ بڵێین خاوەنی کۆت ئێوەن یان ئەو کەسەی داگیریکردووە؟ پێوندی بە داوەریی ئێوەوە هەیە. بەمجۆرە بەشێك لە مەسەلە سیاسییەکان لایەنی زەینییان هەیە و، پەیوەندییان بە پێناسە و بۆچوونی ئێمە لە

16- Denquin, J.M.; Interoduction a la politique; p. 28.



مەسەلەکەوە هەیە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی کۆمەڵگایە، دەبێ تاکەکانی کۆمەڵگاش هەست بەوە بکەن کە ئەو دەسەڵاتە لە وان یان بەشێك لە کۆمەڵگای وانە، تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشیان لێی هەبێ.

زەینییەتی کۆمەڵگا بە یەکێك لە توخمە گرنگەکان لە پێناسەکردنی دیاردە سیاسییەکان دەژمێردرێ. ئەوەی کە چ دەسەڵاتێك یان کردارێك یان کەسێك بە سیاسی بزانین یان نەزانین پەیوەندی بە زەینییەتی ئێمەوە هەیە. بەو هۆیەوە ئێمە پێمان وایە بە هیچ جۆرێك ناکرێ داوەرییە تاکەکەسی و جڤاتی و زەینییەتەکان لە شرۆڤەکردنی مەسەلە سیاسییەکان جیا بکرێنەوە. کەوابوو ناکرێ لە نێوان هەقیقەت و ڕاستبوون یان لە نێوان ئەوەی بە پێی عەقڵ دەبێ ببێ و ئەوەی هەیە، یان لە نێوان مەسەلەیەکی لۆژیکی و مەسەلەیەکی دژوار و پارادۆکس جیاوازی دانێین. ئەگەر وابا هیچ بنەمایەکی نەگۆڕ بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە دەستدا نەدەبوو.

## ٢- جۆرەکانی دەسەڵاتی سیاسی:

دەسەڵاتی سیاسی سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی هەیەتی لە شێوەی جۆراوجۆردا دەردەکەوێ و ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە، بۆ وێنە شێوە یان ڕادەی سەنترالیزەبوونی، شوێنی دەرکەوتنی و جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ بابەتی خۆی پێکیدێنێ. دێنکین سێ جۆر دەسەڵاتی سیاسی لێك جیادەکاتەوە کە بریتین لە: دەسەڵاتی بە تاکەکەسی بوو، دەسەڵاتی بەدەزگابوو و دەسەڵاتی بەکەسێنی بوو.[17]

دەسەڵاتی بەتاکەکەسی بوو . دەسەڵاتی تاکەکەسی لە لایەك دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی نادیار یان نەناسراو کە نیشانەی گرووپە سەرەتاییەکانە و لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی بەدەزگابوو کە تایبەتی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانە. لێرەدا دەسەڵات بە هۆی تاکێکەوە بەکاردەبردرێ کە خۆی زۆر لایەنی جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە دەکرێ بە تیرانییەکانی یۆنانی کۆن بکەین کە دەسەڵاتەکەیان پشت بەستوو بە هیچ یاسا و ڕێسایەك نەبوو. لە هەمانکاتدا تیران پشتیوانیی تاقمێکیشی لە پشت دەبوو، چونکە زیاتر کاتێك دەسەڵاتی بە دەستەوە دەگرت کە کۆمەڵگا لە تێکهەڵچوونە ناوخۆییەکان ماندوو ببوو. پاراستنی دەسەڵات لە بنەماڵەی تیراندا دەیتوانی جێنشینەکانی بکاتە پاشایەکی سەرەڕۆ کە خۆی جۆرێکی تر لە دەسەڵاتی تاکەکەسی بوو.

17- Denquin, J.M.; Science politique; pp. 140-150.

دەسەڵاتی بەدەزگابوو: دەسەڵاتی بەدەزگابوو دەسەڵاتێکە کە ڕادە، سنوورەکان و شێوەی بەکاربردنی لەسەر بنەمای ڕێسا و یاسایەك دیاریکراوە کە بەجۆرێك کەوتۆتە بەر ڕەزامەندی خەڵکی سەرزەوییەك. سروشتییە ئەم دەسەڵاتە زیاتر لەوەی کە هی تاکەکەس یان تاکەکەسانێکی تایبەت بێ لە هەندێك بنیاتی وەك دەوڵەت یان ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە و تاکەکانیش بە پشت بەستن بە لەئەستۆگرتنی ئەم ڕێکخراوانە یان بەرجەستەکردنەوەی بنیاتەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. تەنانەت لە حکوومەتی دەستووریشدا شا بە پشت بەستن بە بوون لە پۆستەکەیدا خاوەنی دەسەڵاتە نەك بە پشت بەستن بە کەسێتی خۆی.

دەسەڵاتی بەکەسێتی بوو. بە کەسێتی بوونی دەسەڵات بەڵایەکە، کە ڕەنگە لەو کۆمەڵگایانەی کە حکوومەتی بەدەزگابوویان هەبووە سەرهەڵبدا. سەرهەڵدانی دەسەڵاتە کاریزماتیکەکان وەك هیتلەر لە ئەڵمانیا یان جۆری باشتری واتە دیگۆل لە فەرەنسا، یان برەوپێدانی ئایینی کەسایەتی وەك ئەوەی ستالین لەمەڕ خۆی کردی پلەگەلێك لە دەسەڵاتی بەکەسێتیبوو نیشاندەدەن. بەکەسێتی بوونی دەسەڵات وەك پێچەوانەکردنی هاوسەنگی لە دەسەڵاتی بەدەزگابوودایە. بەو مانایە کە لە دەسەڵاتی بەدەزگابوودا تاکەکان بە پشت بەستن بە لەئەستۆگرتنی کارە دەوڵەتییەکان دەسەڵات بەکاردێنن، لە حاڵەتی بەکەسێتیبوونی دەسەڵاتدا، تاکەکان لەسەرووی بنیاتەکان، دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. "ڕۆژێ ژێرار شوارتزنبێرگ" پێیوایە تەلەفزیۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە بەکەسێتیکردنی دەسەڵاتدا دەگێڕێ، چونکە تەلەفزیۆن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەورگێڕی سیاسی بە بێ ناوبژیوانی دامەزراوە کلاسیکەکان و بنیاتە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگادا پێکدێنێ. دەورگێڕ لە جیاتی پشت بەستن بە بنیاتەکان، ڕوو لە جەماوەر دەکا و هاوڕایی ئەوان دەکاتە پاڵپشتی دەسەڵاتەکەی خۆی. لە وەها بارودۆخێکدا تاکی سیاسیی بەهێز ڕەنگە لە چوارچێوەی پاڵەوانێکی وەك دیگۆل یان بەرێزێکی وەك تەواوی خەڵك (کارتێر دەیگوت من پیاوێکم وەك تەواوی خەڵك) یان ڕێبەرێك بە شکۆیەکی خواییەوە یان باوکی خەڵك دەربکەوێ.[18]

بەڵام ئەمڕۆ تەواوی شیکارییەکان لەسەر دەسەڵاتە بەدەزگابووەکان و سیستەمە سیاسییەکان کۆ کراونەتەوە، کە لە بەشی تایبەت بە سیستەمە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیی دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا ئاماژەی پێدەکەین.

18 Schwartzenberg, R.G.; L'Etat spectacle: star system en politique; pp. 19, 57, 79, 102.



# بەشی دووهەم

## باڵادەستیی سیاسی

### ١- پێناسەی باڵادەستی:

جگە لە هانا ئارێنت، فۆکۆ و کرۆزێی کە شیکردنەوەی دەسەڵات لە چوارچێوەی باڵادەستی و توندوتیژیدا ڕەتدەکەنەوە، زۆربەی بیرمەندانی بیاڤی سیاسەت پێیانوایە کە دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی پەیوەندیتی(بەرهەمی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا)یە و لە ئاکامدا لەگەڵ باڵادەستی هاومانایە. بە واتایەکی تر باڵادەستی ڕووی بابەتییانەی دەسەڵاتی سیاسییە. یان وەك بیرمەندێکی فەرەنسی دەڵێ «باڵادەستی خۆی یەکێك لە بابەتەکانی دەسەڵاتە. چونکە، پێکهاتەی دەسەڵات لە چوارچێوەی باڵادەست و ژێردەستدا دەردەکەوێ».[19] لە هەمان کاتدا نابێ ئەو دوو چەمکە بە یەك بزانین.[20] پێناسەی ماکس ڤێبەر لە باڵادەستی بریتییە لەو بەختە بڵیندە کە تاقمێك بتوانن کەسانێکی تایبەت بدۆزنەوە کە ئامادە بن پەیڕەوی لە تەکووزێك بە ناوەرۆکێکی دیاریکراوەوە بکەن. ئەم پێناسەیە نیشاندەری توخمی زەینی باڵادەستییە، چونکە باڵادەستی هەڵگری ئەوەیە کە فەرمان لە لایەن فەرمانبەرەوە قبووڵبکرێ بەڵام ئەم فەرمانبەرییە ناڕەوایە. خاڵێتری جێی لێوردبوونەوە لە هزری ڤێبەردا ئەوەیە کە باڵادەستی دەسەڵات پێکدێنێ نەك پێچەوانەکەی. سەرەنجام ئەوەیە کە فەرمانبەری ڕەنگە لەسەرچەشنی جۆراوجۆرەوە دەربکەوێ کە لە خوو و ڕەوشتی باوڕا بگرە هەتا تێبینییە ئاوەزمەندانەکان لەخۆ بگرێ. بە شێوەی ئاشکرا «باڵادەستی» دیمەنی هەستیاری بەکاربردنی دەسەڵات لە ڕێگەی کۆمەڵێك پەیوەندیی ئاڵۆزەوەیە کە چاودێریی کۆمەڵایەتی و ڕێساکان و پێویستییە ناوخۆییەکان لەخۆ دەگرێ و دەکەوێتەبەر پەسندی مرۆڤەکانەوە. ئەم پێویستییانە ڕەنگە تایبەت بە بیاڤە جۆراوجۆرە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەکان و هتد بن، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکان لە باسی باڵادەستیدا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە.[21]

19- Russ, Jacqueline; Les Theories du pouvoir; p. 251.
20- Weber, Max; Economie et codiete; p. 56.
21- Russ, J.; op. cit.; p. 252.

ئەم خاڵە لەبیر نەکەین کە باسی باڵادەستی لەسەر بنەمای راستییەکانی جیهانی سیاسەت و ئەوەی هەتا ئێستا بووە و هێشتاش لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا دەبینرێ، شیاوی پاساو کردنە. ئەگینا ئێمەش وەك هانا ئارێنت دەسەڵات بە هی کۆمەڵ دەزانین کە بنەمای داهێنەری و کردەوەیە نەك ئامرازی باڵادەستیی تاقمێك بە سەر تاقمێکی تردا. کەوابوو باڵادەستیش وەك راپەڕین، خیانەت و زۆرشتی لەو بابەتە بە لادان لە رەوگەی ئاوەزمەندانەی ژیانی سیاسی دزانرێ لەحاڵێکدا کە سیاسەت بیاڤی ئاوەزمەندی و دووربوونەوە لە خوو و رەوشتی ئاژەڵییە. لە هەمانکاتدا هەروەك راپەڕین و هۆیەکانی دەکەوێتە بەر سەرنجی کۆمەڵناسیی سیاسی، باڵادەستیش دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە.

## ٢- ریشەکانی باڵادەستی:

باڵادەستی ئەوەندە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا برەوی هەیە کە هەندێك کەس بە بناغەی نەگۆڕی رەفتار و کردەوەکانی مرۆڤیان زانیوە. هەندێکیش ئەویان بۆ پشێوییە دەروونییەکان گەڕاندووەتەوە“ بەڵام تیۆرییە کۆمەڵناسانەترەکان، بە سەرچاوەگرتوو لە بارودۆخە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکانیان وەسفکردووە.

١- ریشە وارسکەیی و ژیوارییەکان. ماکیاڤیللی دوو جۆر شەڕی لێك جیاکردۆتەوە، وێڕای ئاماژەکردن بە سروشتی مرۆڤ، دەڵێ جۆرێك شەڕ کە بۆ پاراستنی ژیان روودەدا لە نێوان هەموو بوونەوەرەکاندا هاوبەشە و جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا نییە، بەڵام شەڕێکیتریش هەیە کە تایبەتی مرۆڤە و بە مەبەستی باڵادەستی روودەدا.[٢٢] ریشەی ئەم شەڕەش لە سروشتی مرۆڤ دایە. هەر بەم شێوەیە سیاسەت بە هاومانای دەسەڵات و دەسەڵات بە هاومانای باڵادەستی لەقەڵەمدەدرێ. لەم شرۆڤەیەدا سیاسەت بە پێچەوانەی ئەوەی هەتا ئێستا گوتوومانە بە کارێکی کۆمەڵایەتی نازانرێ بەڵکو ریشەیەکی تاکەکەسی و زیندەوەرناسانە (بیۆلۆژیك)ی هەیە. زۆرن ئەو کەسانەی کە وەك "ئێدگار مۆرن" پێیانوایە بەریانە باڵادەستخوازەکان لایەنی هاوبەشی مرۆڤ و ئاژەڵن و ریشەیان لە سروشتی ژیواری مرۆڤەکان دایە. هەر وەك لە گرووپی مەیموونەکاندا حاڵەتەکانی خۆبەزلزانی و باڵادەستێتی بە ئاشکرا بەرچاودەکەوێ. مرۆڤیش هێشتا میراتی رابردووی ئاژەڵییانەی خۆی لەگەڵ دایە.[٢٣] بەو پێیە

22- Chanteur, Janine; De la guerre a la paix; pp. 46-47.
23- Russ, J.; op. cit.; p. 274.



دابەشکردنی کۆمەڵگا بە باڵادەست و ژێردەست کارێکی پارێزهەڵنەگرە. پارێتۆش بێ ئەوەی بیەوێ مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ هەڵبسەنگێنێ پێیوایە کە ریشەی نابەرابەرییەکان کە بنەمای باڵادەستیی تاقمێك بەسەر تاقمێکیتر دایە، لە سروشتی نابەرابەری مرۆڤەکان دایە. بەشێك لە مرۆڤەکان لە چاو ئەوانیتر هۆش و بەهرەیەکی زیاتریان هەیە و هەر ئەو شتە باڵادەست بوونیان بە سەر ئەوانیتردا مسۆگەر دەکا.

٢- ریشە دەروونییەکان. ئەگەرچی فرۆید مەسەلەی دەسەڵات و باڵادەستی نەکردە بابەتی هیچکام لە کتێبەکانی خۆی، بەڵام قوتابییەکانی هەوڵیاندا زیاتر بەو مەسەلەوە سەرقاڵبن. لە نووسراوەکانی "زیگمۆند فرۆید"، "ئان فرۆید" و "دانییێل لاگاش"دا دەتوانین هۆکارەکانی بنەوە وەك بنەما دەروونییەکانی باڵادەستی بدۆزینەوە:

یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤ لەوپەڕی لاوازی و لە حاڵێکدا کە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی خۆی بە توندی ئاتاجی ئەوانیترە دێتە سەر ئەم دنیایە. کەوابوو لەدایکبوونی بە بەستراوەییەوە تێکەڵە و ئەم بەستراوەییە خاڵی دەسپێکی پەیوەندییەکی باڵادەستانەشە. ﴿بێتوانایی منداڵ دەگاتە ئاستێك کە لە رێگەی داواکردن لە دەوروبەرییەکانی نەبێ، پێداویستی و ئاواتەکانی بەجێناگەن. لەئاکامدا ویست و داواکاری، خۆی هەڵگری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. دەسەڵاتی کەسێك کە داوای لێ دەکرێ و دەتوانێ داواکاری قبووڵبکا یان رەتیبکاتەوە، هەروەها دەسەڵاتی داواکار کە هەستدەکا کە دەتوانێ بە سەر ویستی داوالێکراودا زاڵبێ﴾.[٢٤]

دووهەم قبووڵکردنی شوناسی دیاریکراوی دەستدرێژیکەر لە لایەن کەسی دەستدرێژیپێکراوەوەیە. ئان فرۆید ئەم خاڵەی لە ساڵی **١٩٣٦** دا خستە بەر باس کە منداڵ لە ١٥ مانگییەوە بەردەوام لەگەڵ وەڵامی رەتی دایکی بەرەوڕوو دەبێتەوە. هەر وەڵامێکی رەت، هەم بە مانای بێبەری بوونە و هەم بە مانای رۆچوون لە پەسیڤی و ناچالاکییە. لەو کاتەوە منداڵ هەوڵدەدا شوناسی کەسی بەرگر قبووڵبکا و ئەویش بە نۆرەی خۆی بە سەر گەورەکاندا کە توانا و دەسەڵاتیان هەیە زاڵبێ. بەمجۆرە ﴿ژێردەست﴾ خۆی دەبێتە باڵادەست.

سێهەم ﴿بەرزەمن﴾ وەك هێمای ئاغای زلهێز و میراتی گرێی ئۆدیپە. فرۆید پێیوابوو کە منداڵ لە **٣** هەتا **٥** ساڵیی بە نیسبەت یەکێك لە دایك و باوکی کە رەگەزی بەرامبەری خۆییەتی ئەوین و خۆشەویستییەکی زۆری هەیە و بە نیسبەت ئەویتر کە لە رەگەزی خۆیەتی هەست بە بێزاری دەکا. بێزاری و ترسی کوڕ لە باوك و بێتوانایی لە لادانی باوکیدا، دەبێتە

24- Lagache, Daniel; "Pouvoir et personne", pouvoir; No 8. 1979, p. 78.

هۆی پڕۆسەی بەژوورەوەبیکردنی دەسەڵاتی بەرزی باوك لە زەینی كوڕدا، لە ڕاستیدا دەبێتە بەشێك لە كەسایەتیی خۆشی. هەر بەم شێوە باڵادەستیش بە ژوورەوەیی دەبێ: باڵادەستیی «بەرزەمن» بەسەر «من»دا. هیچ بەدوور نییە كە ئەو «بەرزەمن»ـە لە كەسێكی تریشدا دەركەوێ و ببێتە هۆی باڵادەست پەسندی ئەو. بەڵام لە هزرەكانی لایەنگرانی فرۆیددا وەك ئادلێر، ڕایش و فرۆم شرۆڤەیتر لەمەڕ باڵادەست پەسندی بەرچاودەكەوێ. ئالفرێد ئادلێر هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێكرا پێیوایە مرۆڤ هەوڵدەدا كەم و كورتییە جەستەییەكانی قەرەبوو بكاتەوە. هەر بەو هۆیە كەسانێك كە كەم ئەندامی وەك كورتەباڵایی و خێلی و هتد یان هەیە پێیان خۆشە لە ڕێگەی باڵادەستی بەسەر ئەوانیتر و بەدەستهێنانی دەسەڵات و توانایی قەرەبووی ئەم كەم وكووڕییانە بكەنەوە. ئەم ڕایە لە لایەن بیرمەندانەوە زۆری پێشوازی لێنەكرا.

ویلهۆڵم ڕایش پێیوایە كە شێوەكانی باڵادەستی دەبێ لە دەستەواژەكانی حەز و هەوەسدا بكەونە بەر لێوردبوونەوە. كەسێك كە بۆ دەسەڵاتێك ملكەچ دەكا بەو هۆیەیە كە لەسەردەمی منداڵیدا لە باری جینسییەوە لە بەنددابووە و هەوەسی بە توندی سەركوت كراوە. كەسانێك كە وەها سەردەمێكی سەركوتیان تێپەڕكردبێ لە بناخەڕا لە ئازادی بێزارن و بە ئیشتیاوە باڵادەستی قبووڵدەكەن.[25]

"ئێریك فرۆم"یش كە وەك ویلهۆڵم ڕایش لە لایەنگرانی قوتابخانەی فرۆید ـ ماركسی بوو هەوڵیدەدا بنەمایەكی كۆمەڵایەتی بە پێدراوە دەروونناسییەكان بدا. بە باوەڕی فرۆم باڵادەستەكان بەرجەستە بوونەوەی ڕوخسارە جۆراوجۆرەكانی باوكان و ژێردەستەكان هێمای پەیڕەوییە سەرەتاییەكان(منداڵان)ن. لە چینە خوارووەكانی كۆمەڵگادا لاوازیی كۆمەڵایەتی و زەبوونیی سەرچاوەگرتوو لەوەوە وەك لاوازی منداڵان دەبێتە هۆی داهێنانی «بەرزەمن»ێكی دەسەڵاتخواز لە زەینی ئەواندا كە پەیڕەویكردنیان لە چینی سەرەوە ئاسانتر دەكا. لێرەدا حاڵەتێكی سادومازوخیزمیان سادیستی و مازوخیستی (چێژخوازی لە ئازاردا) پێكدێ. ڕەزامەندی وێڕای سووككردن لە لایەن كەسیتر(سادیزم) لە لایەك و حاڵەتی قوربانی بوون (مازوخیزم) لە لایەكیترەوە. "ڕۆبێرت میخێلز"یش بێ چوونە ناو بیاڤی پسپۆڕی دەروونناسییەوە باس لە پێویستیی جەماوەر بە ڕێزلێنان و بەرزنرخاندنی گەورەكان دەكا كە لە ڕابردوودا پێشكەشی گەورە ئایینییەكان دەكرا بەڵام لەسەردەمی نوێبوونەوەدا

25- Reich, W.; La psychologie de masse du fascisme (1933); pp. 75-76.

پێشکەشی گەورەکانی سیاسەت دەکرێ.[26] باڵادەستی پەسندیی جەماوەر ڕێگە بۆ باڵادەستی خوازی گەورەکان خۆشدەکا.

٣- بەڵگەهێنانەوە فەلسەفییەکان . بە باوەڕی ئەفلاتوون باڵادەستی و هیرارکی کۆمەڵایەتی لە تەکووزی سروشتی سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤەکان بە زێڕ و زیو و ئاسن دابەش دەبن و ئامرازەکان بە بێدەنگ یان بێگیان (پاچ و پێمەڕە) و قسەکەر (کۆیلەکان) دابەشدەبن. بەڵام بە باوەڕی هێگل ئەوەی دەبێتە هۆی باڵادەستی پەسندی ترس و نیگەرانی لە مردنە. لە ڕاستیدا مرۆڤ ئەویتر بەپێشدەدا بۆ ئەوەی خۆی لە پشت سەری ئەودا بپارێزرێ. لە ڕاستیدا ئەم بەڵگەهێنانەوە فەلسەفییانەش شتێك جگە لە ڕوونکردنەوە دەروونناسییەکان نین کە لە زمانی فەیلەسووفەکانەوە دەگوترێن. هەروەك کانت باس لە عیشق وەك نۆکەری و خزمەتکاری دەکا. کانت پێیوایە ڕەعییەتەکان لە ئازادی دەترسێن، چونکە ڕێنوێنیکران لە لایەن کەسانیترەوە زۆر ئاسانتر و خۆشترە.[27] مرۆڤ ئاژەڵێکە کە پێویستی بە ئاغا و سەروەر هەیە، چونکە سەروەر بەرجەستە بوونەوەی کەسێکە کە لێبڕاوانە نوێنەرایەتی و دادوەریی ویست و ئیرادەی تاکەکان دەکا.[28] بەڵگەهێنانەوەی هۆبز فەلسەفی ترە. جیاوازیی مرۆڤ و ئاژەڵ هەبوونی عەقڵە و، هەر ئەو عەقڵە ئەو بەرەو پەیمانی کۆمەڵایەتی هاندەدا. مرۆڤ باڵادەستیی لێویاتان قبووڵدەکا بۆ ئەوەی ئاسایشی هەبێ. بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە پاربەندی کتێبدا بە کورتی تیۆرییەکانی فەیلەسووفان لەمەڕ دەسەڵات و باڵادەستی دەخەینەڕوو.[29]

### أ) بەرێکەوتبوونی دەسەڵات:

ماکیاڤیللی . بە باوەڕی ماکیاڤیللی دەسەڵات بنیاتێکی دڵخواز و بەرێکەوتە و هیچ سەرچاوەیەکی جگە لەخۆی نییە. دەسەڵات بۆیە دەسەڵاتە کە بەسەر ئەوانیتردا دەسەپێ. دەسەڵات جێی ڕێزلێنانە، چونکە ڕێز بۆخۆی دادەنێ واتە خۆی دیاریکەری بارودۆخی خۆیەتی. لە ئاکامدا مەسەلە تەنیا ئەوەیە کە چۆن بە دەسەڵات بگەین، چۆن بەکاریبێنین و چۆن بیپارێزین؟ هەر بۆیە لێرەدا باسی ڕەوابوون لە ئارادا نییە. لە هەمانکاتدا ماکیاڤیللی لەو

---

٢٦- میخلز، ربرت، جامعەشناسی احزاب سیاسی، ترجمە نقیب زادە، نشر دادگستر، ١٣٧٩.
27- Russ, J.; op. cit.; p. 294.
28- Ibid.; p. 295.
29- Cf.; Bartholy, Marie-Claud, J.M.Denquin; "Le pouvoir: science et philosophie politiques", pouvoir; no 2, 1977, pp. 47-107.



تایبەتمەندییانەی کە پاشا بۆ زاڵبوون بەسەر خەڵك و ڕووداوەکاندا پێویستییەتی خافڵ نییە، بەڵام پێیوایە بەخت و ماڵ ڕۆڵێکی زیاتریان لەو شتەدا هەیە.

پاسکال: پاسکال (١٦٢٣ — ١٦٦٢) یش وەك ماکیاڤیللی ئەزموونخوازە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوە ڕووداو و هەڵکەوتە کە شازادەکان بە دەسەڵات دەگەیەنێ، نەك مافی سروشتی. کەس پێی وانەبێ ئەو دەسەڵاتەی وەدەستی هێناوە مافی خۆی بووە، چونکە فلان تایبەتمەندییەی هەیە. زۆرن ئەو کەسانەی کە مەزنایەتییەکی زیاتریان هەیە بەڵام هەرگیز دەستیان بەدەسەڵات ڕانەگەیشتووە. {تەنانەت لەسەردەمی ئێستاشدا کتێبی نووسەرێکی فەرەنسیی لە ژێر ناوی: "ئەم نەزانانەی کە حکوومەتمان بەسەردا دەکەن"} هەوڵی سەلماندنی ئەم خاڵەی داوە.

دێیڤید هیوم: هیوم (١٧١١ — ١٧٧٦) یش هیچ بنەمایەکی حوقوقی بۆ دەسەڵات قایل نابێ و هەر بەو هۆیەش بە توندی دژی پەیمانی کۆمەڵایەتییە. ئەو باوەڕی بەو قسەیە هەیە کە دەڵێ «کەسێك کە شتێکی هەبێ مافی بوونیشی هەیە» و پێی وایە کەسێك کە زووتر لە هەمووان دەسەڵات داگیربکا وەك حاکمێکی ڕەوای لێدێ. دەسەڵات تەنیا ڕەواییەکی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئاشتیی کۆمەڵایەتی گەرەنتی بکا. لە ئاکامدا بە باوەڕی هیوم تەواوی ڕژێمەکان ڕەواییان هەیە و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵیش بەسەر بەرژەوەندییەکانی تاکدا ئەولەوییەتی هەیە. ئەو هەروەها لایەنگریی لە هزری بەرژەوەندیی دەوڵەت دەکا و پەیڕەویکردن بە بنەڕەتیترین ئەرکی ژیانی هاوبەشی دەزانێ.

### ب) دەسەڵات وەك بنیاتێکی پیرۆز و خودایی:

تیۆریی مافی خودایی لە سەدەی ١٧ دا هاتەگۆڕی و کەسانێکی وەك سوازێر و بۆسوئێ دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی. کاتێك دەسەڵات بە ڕەهەندی ڕەهایی دیاردە خواییەکانەوە گرێ بدرێ دەسەڵاتی ڕەها یان دەوڵەتی ڕەهاشی لێدەکەوێتەوە هەروەك دەسەڵاتی خوا ڕەهایە، دەسەڵاتی پاشا لەسەر زەویش سنوورێك ناناسێ.

١-سەن پۆل و ریشەی پیرۆزی دەسەڵات. تەواوی تیۆریداڕێژانی حوقووقی خوایی کاری خۆیان لە کتێبی «وتەکانی سەن پۆل بۆ ڕۆمییەکان»ەوە دەسپێدەکەن. وتەی بە ناوبانگی ئەم کتێبە ئەوەیە کە «پاشاکان وەزیرەکانی خوا لەسەر زەوی و هەروەك پەیڕەوی لە خوا

دەکەین، پێویستە پەیڕەوی لە وەزیرەکانی خواش بکەین. لە بناغەڕا هیچ دەسەڵاتێك نییە کە لە لای خواوە نەهاتبێ﴾.[30]

٢- ژان بۆدێن: بۆدێن (١٥٢٩ – ١٥٩٦) بێ ئەوەی راستەوخۆ تیۆریداڕێژی حوقووقی خوایی بێ ئاماژەگەلێکی بە دەسەڵاتدارێتی حوقووقی خوایی هەیە. دەسەڵاتدارێتی بە باوەڕی بۆدێن بریتییە لە دەسەڵاتی رەها و هەمیشەیی کۆمارێك {کۆمەڵگا}. ئەوە بەو مانایەیە کە پاشا جگە لە خوا پەیڕەوی هیچ سەرچاوەیەك نییە. ئەم شرۆڤەیە "بۆدێن" لە ریزی پێشەنگەکانی حوقووقی خوایی دادەنێ، چونکە خوا هۆ و سەرچاوەی تەواوی دەسەڵاتەکانە و هەر ئەوە کە دەتوانێ بیبەخشێ یان بیستێنێتەوە.

٣- بۆسۆئێ: بۆسۆئێ کە لە ساڵی ١٧٧٠ دا فێرکردنی ئەخلاق و سیاسەت لە فەرەنسا لەئەستۆ دەگرێ چەند تایبەتمەندی بۆ دەسەڵاتی پاشا لەبەرچاو دەگرێ کە ریشە پیرۆزەکانی دەسەڵات نیشاندەدا: ١) دەسەڵات یان توانایی لایەنی پیرۆزی هەیە و لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە" ٢) دەسەڵات باوکانەیە و، بەسەر رەعییەتەکاندا کە هەتیون و توانای حکوومەت بەسەر خۆیاندا نییە چاودێریی باڵای هەیە" ٣) دەسەڵات رەها و پەیڕەوی عەقڵە. تایبەتمەندیی دوایی لەگەڵ دوو تایبەتمەندیی پێشوو جیاوازیی هەیە. چونکە عەقڵ هەندێك سنوور بۆ دەسەڵات دادەنێ و رێساگەلێك بۆ بەڕێوەبردنی دیاریدەکا کە لەگەڵ لایەنی پیرۆز و رەهابوونی دژایەتی هەیە. بەڵام بۆسۆئێ لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە پاشا خوای سەر زرەوییە و دەسەڵاتێکی رەهای هەیە و رەعییەتەکان ئەرکی سەرشانیانە پەیڕەوی لێ بکەن.

**ج) دەسەڵات وەك بنیاتێکی مرۆیی و ئاوەزمەندانە:**

لە هەمان سەدەی حەڤدەهەمدا مانایەکی تر لە دەسەڵات لە بەرامبەر هزری حوقووقی خواییدا پێکدێ کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی مرۆڤی تەنیا وەك خوڵقێنراوی خوا لە لایەك و، مرۆڤی کۆمەڵایەتی وەك خوڵقێنراوی مرۆڤ لە لایەکیترەوە دامەزراوە. بیرمەندانێکی وەك هۆبز (١٥٨٨–١٦٧٩)، گرۆسیوس (١٥٨٣– ١٦٤٥) و سامۆئێل پۆفندۆرف (١٦٣٢-١٦٩٤) و جان لاك (١٦٣٢-١٧٠٤) رێبەرایەتیی ئەم رەوتە دەکەن.

30- "Epitre de paul aux romains, XIII, 1", Ed: CERF, 1953 pouvoir, no 2, 1977, p. 53.



١- هۆبز: هەروەك ئاماژەی پێکرا هۆبز لە هەرکەسێك باشتر بنەما خوایی، یان لەپێشاهاتوو، یان سروشتییەکانی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی رەت دەکاتەوە و پێیوایە کۆمەڵگا بنیاتێکی مرۆڤییە کە لایەنی یاسایی و سازکراوی هەیە و ئامانجەکەی دیاریکراوە، ئەویش دابینکردنی تەکووز و ئاسایش بۆ مرۆڤە. جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ لە عەقڵ دایە. لە بناغەڕا جیاوازییەك لەنێوان کۆمەڵگای ئاژەڵەکان و کۆمەڵگای مرۆڤەکاندا نییە، جگە لەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان بڕیاریان داوە لە بێسەروبەریی خۆ بپارێزن و ئاسایش لە بەرامبەر چاوپۆشین لە دەسەڵات بەدەستبێنن. بناغە و بنەمای تەکووزی کۆمەڵایەتیش دەسەڵاتی کۆمەڵییە کە بە دەوڵەت سپێردراوە.

٢- گرۆسیوس: گرۆسیوس لە شرۆڤەی تیۆریی حوقووقی خوایی سەنپۆل دا بەو ئاکامە دەگا کە دەسەڵاتی حاکم دەبێ بەدوای خۆشبژێویی گشتیدا بێ کە خۆی هەڵگری خۆشبژێویی تاکەکانیشە و شك لەوەدا نییە کە پشتیوانی لە دەسەڵاتەکان بۆ ئێمە ئەم پوانەی بەدواوەیە کە دەستمان بە خۆشبژیوییەکی زیاتر رادەگا. بەو هۆیە کە هیچ کەس بەدوای زیانی خۆیدا نییە و بەختەوەریی حاکمیش بە بەختەوەریی رەعییەتەکانەوە بەستراوەتەوە، پێکهاتنی دەسەڵاتێکی گشتی هەم لە بەرژەوەندی حاکم و پاشادایە و هەم لە بەرژەوەندی رەعییەتەکان.

٣- پۆفندۆرف: بە باوەڕی پۆفندۆرف لە کتێبی "*حوقووقی سروشتی و حوقووقی مرۆڤەکان*"دا پەیڕەوی لە حکوومەت لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی دوو لایەنەوە بەڕێوەدەچێ. لە ئاکامدا باڵادەستی شتێکی یەك لایەنە نییە بەڵکو مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان وەها پەیوەندییەك پێکدێنن.

٤- لاك: لاکیش جیاکردنەوەی نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی کۆمەڵایەتی قبووڵ دەکا. بەڵام لە شرۆڤەکردنی حاڵەتەکانی ئەم دوو دۆخەدا هەندێك جیاوازیی لەگەڵ هۆبز و پۆفندۆرف هەیە. بۆ وێنە بە پێچەوانەی هۆبز کە دۆخی سروشتی لەگەڵ شەڕی بێ پسانەوە بە یەکسان دەزانێ، لاك باس لە ئازادی ئەوان لە دۆخی سروشتیدا دەکا. بەڵام مەبەستی سەرەکیی مرۆڤەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەکان و پەیڕەوی کردن لە حکوومەتەکان تەنیا پاراستنی ماڵ و داراییەکانیانە کە لە دۆخی سروشتیدا گەرەنتی پێویست بۆ پاراستنیان نییە. ئاکامی تەواوی ئەو هزر و بەڵگەهێنانەوانە لە سۆنگەی ئەو باسەدا یەکسانە و ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵات، حکوومەت و باڵادەستی، دیاردەگەلێکی چاکراو و داتاشراوی دەستی مرۆڤن.

**د) دەسەڵات وەك بنیاتێكی هاوچەشنی تەكووزی جیهانی:**

ئەرەستوو و مونتسكیۆ لە نێوان كۆمەڵی تیۆریدارێژانی دەسەڵات و سیاسەتدا هەوڵدەدەن لە نێوان تەكووزی سیاسی و تەكووزی شتومەكەكاندا هاوشێوەییەك بدۆزنەوە و تەكووزی سیاسیش بەو شێوازانە شیبكەنەوە كە شتە سروشتییەكانی پێ شیدەكەنەوە.

ئەرەستوو یەكەم كەس بوو كە سیاسەتی بە شێوەیەكی زانستی خستە بەر لێكۆڵینەوە، لەوبارەوە لە شێوازەكانی زانستە سروشتییەكان كەڵك وەردەگرێ. ئەو بە كەڵك وەرگرتن لەو شێوازە، حكوومەتەكانیش ریزبەندی دەكا و لایەنەكانی دابڕان و هاوبەشی ئەوان وێڕای هۆیەكانی وێكچوون و جیاوازییان دەخاتە بەرباس. بنەمای شرۆڤەكانی ئەرەستوو لەسەر ئەو وتە بەناوبانگەی خۆی دامەزراوە كە دەڵێ: مرۆڤ ئاژەڵێكی سیاسییە، ئەو تەكووزەی بەسەر سروشتدا زاڵە بەسەر كۆمەڵە مرۆییەكانیشدا زاڵە. مۆنتسكیۆش بە توندی لە ژێر كاریگەریی شێوازی ئەرەستوو، شێوازی شیكردنەوەی زانستی لە كتێبە بەناوبانگەكەی خۆی " *رۆحی یاساكان*" دا بەكار هێناوە. بە باوەڕی ئەویش حكوومەت و دەسەڵات دوو دیاردەی دڵخواز و بەهەڵكەوت نین كە مرۆڤەكان هەڵیانبژێرن یان رەتیان بكەنەوە، بەڵكومرۆڤ و كۆمەڵە مرۆییەكان لە زاتدا سیاسین. ئێستا دەبێ بزانین چ هۆكارگەلێك لە جۆری حكوومەتەكەیاندا كاریگەرە.

مۆنتسكیۆ بەو شێوەیە لە كتێبی *"رۆحی یاساكان"* دا چوارچێوە بابەتییەكان و هۆكارە كاریگەرەكان لەسەر سیاسەت و حكوومەت لە كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكاندا شیدەكاتەوە كە لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەمان پێكرد.

بە گشتی تیۆرییە فەلسەفییەكان لەمەڕ دەسەڵات و سیاسەت بە دوو دەستەی سەرەكی دابەش دەبن: ئەوانەی باڵادەستی و دەسەڵات بە شتێكی سروشتی و مسۆگەر دەزانن و ئەوانەی كە بە شتێكی دەستكرد، دڵخوازانە و بەرێكەوتی دەزانن. سروشتییە ئەوانەی دەسەڵات بە شتێكی دووەمی و دەستكرد دەزانن كۆتاییەكیشی بۆ لەبەرچاو دەگرن. لەم سۆنگەیەوە تیۆریی ماركس زۆر بەرچاوە. بە پێچەوانەی هێگل كە دەوڵەتی بە شتێكی پێویست بۆ ئازادی مرۆڤ و لە هەمان كاتدا هێمای بوونی كۆمەڵگایەك دەزانی كە بە تێپەڕ بوونی زەمان بایەخەكەی زیاتر دەردەكەوێ، ماركس دەوڵەت بە دیاردەیەكی زیادی دەزانێ. ماركس دژایەتی نێوان بارودۆخی ئامرازی بەرهەمهێنان و هێزەكانی كاری بە هۆی سەرەكی باڵادەستی دەزانێ كە هێما دەرەكییەكەی دەوڵەتە. بەو مانایە كە ئەوانەی خاوەنی ئامرازەكانی بەرهەمهێنانن بەسەر



ئەوانەدا كە خاوەنی هێزی كارن، باڵادەست دەبن. رۆژێك كە ئامرازەكانی بەرهەمهێنانیش وەك هێزی كار ببنە گشتی و ئەو ئامرازە لە دەستی چینێكی تایبەتدا نەبێ، باڵادەستیش لە ناودەچێ" بە واتایەكیتر، ئەوكات دەوڵەت فەلسەفەی بوونی خۆی لەدەستدەدا. دەبێ ناوی كەسانێكی وەك هانا ئارێنت، فرۆم و ماركوزێش بێنین كە باوەڕیان بە سازبوونی كۆمەڵگایەكی سالم هەیە كە تێیدا باڵادەستی لەگۆڕێدا نییە، چونكە باڵادەستی بەرهۆی نەساغی و نەخۆشییە. لە كۆمەڵگای سالمدا دەسەڵات لەجیاتی ئەوەی كە ببێتە هۆی باڵادەستی، لە خزمەت خولقێنەریدا دەبێ.

**٣- ئامرازەكانی بەكاربردنی دەسەڵات و باڵادەستی:**

هەركە باس لە بەكاربردنی دەسەڵات دەكرێ تەواوی سەرنجەكان دەچنە سەر زەبروزەنگ، ئامرازەكانی توندوتیژی، پۆلیس، سووپا و هتد، لە حاڵێكدا كە ئامرازە ناماددییەكانی بەكاربردنی دەسەڵات بایەخێكی زۆر زیاتریان هەیە. بەكاربردنی زۆر و توندوتیژی دوایین چەك و دوایین قۆناغی بەكاربردنی دەسەڵاتە، لە هەمانكاتدا بەرچاوترین لایەنی بەكاربردنی دەسەڵات و باوترینیان لە مێژووی سیاسەتیشدایە. بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان رێگە ناتوندوتیژەكان كارامەیی زیاتر پەیدا دەكا. تەنانەت لە بیاڤی پەیوەندییە نێونەتەوەییەكانیش كە دەگوترێ بە هۆی نەبوونی حكوومەتێكی جیهانی، تەنیا پەیوەندیی دەسەڵات زاڵە، رۆژبەرۆژ بایەخی هێزی نیزامی كەم دەبێتەوە و بابەتگەلێكی وەك مافی مرۆڤ، دیموكراسی، رای گشتی و هتد، بایەخێكی زیاتر بەدەستدێنێ. تەواوی دەوڵەتەكان هەستدەكەن كە تەنانەت لەو رێگەوە باشتر دەتوانن بەرژەوەندییە نەتەوییەكانیان دابین بكەن.[31]

وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێراندا لە ساڵی ١٩٩٧ بەولاوە، رووكردن لە بابەتگەلێكی وەك وتووێژی ژیارەكان، لەبەرچاوگرتنی مافەكانی ئەوانیتر، دەستێوەرنەدان لە كاروباری ئەوانیتردا و هتد، كاریگەریی ئەرێنی ئەم پرۆسەیە لە تواناییە نێونەتەوەییەكانی ئێران نیشانەی كەم بوونەوەی كاریگەریی تاكتیكە نیزامی و توندوتیژیهێنەرەكانە . ئێستا بە جیا دەستدەكەین بە شیكردنەوەی نامادیترین هەتا ماددیترین ئامرازەكانی بەكاربردنی دەسەڵات و باڵادەستی .

31- Cf.: Mozaffari, Mehdi; "Mega Civilization: Global Capital and New Standard of Civilization" par, International studies Association, august 1999.

**أ) ئامرازە مەدەنییەکان:**

١- کەڵك وەرگرتن لە شتی پیرۆز لە بەکاربردنی دەسەڵات و باڵادەستیدا. یەکێك لە کۆنترین شێوازەکانی بەکاربردنی باڵادەستی بەسەر ئەوانیتردا وەپاڵنانی دەسەڵات بە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوەیە. فیرعەونەکان لە میسر خۆیان بە خوا ناودەبرد و پەیڕەوی لەخۆیان بە کارێکی واجب دەزانی، کە لادان لەو دەبووە هۆی ئەو سزایانەی کە لە باقی ئایینەکانیشدا بەدیهاتنیان دەکەوێتەوە رۆژی سزا. پاشاکانی ئێران وەپاڵنانی دەسەڵاتیان بە زاتی خوای مەزن بە شێوەگەلی زانایەنەوە تێکەڵ دەکرد کە زیاتر وەبیرهێنەرەوەی ملکەچی بۆ خوا بوو، نەك رق و غەزەبی پلەی خوایەتی ئەو. داریووش لە نووسراوەکانی خۆیدا سووپاسی ئەهورامەزدا دەکا کە زەوی و مانگی خولقاند و پاشایەتی پێ بەخشی. داریووش دەڵێ: ﴿ئەو مەملەکەتەی پارس کە ئەهورامەزدا داوییەتی بە من زۆر باشە، ئەسپی باشی هەیە، شەڕکەری چاکی هەیە، بە ئیرادەی ئەهورامەزدا هی منە. داریووش شا لە بەرامبەر هیچکەسدا جگە لە ئەهورامەزدا نالەرزێ﴾.[32] لە جێیەکیتردا دەڵێ:﴿ئەوەیە ئەو کارەی من بە هێز و یارمەتیی ئەهورامەزدا کردوومە﴾.[33] یان دیسان دەڵێ: ﴿هەتا ئەهورامەزدا لەگەڵ تەواوی خوایەکان یارمەتیم بدەن و دیسانیش ئەهورامەزدا ئەم سەرزەوییە لە سووپای دوژمن و وشکەساڵی و درۆ بپارێزێ. کە بەسەر ئەم مەملەکەتەدا نە سووپای دوژمن و نە وشکەساڵی و نە درۆ نەیەتە خوار﴾.[34] قسەکانی لە بەستنەوەی دەسەڵاتەکەی بە بیاڤی پیرۆزدا ئەوەندە ورد و لێهاتووانەن کە دەڵێی یەکێك لە رێبەرە ئایینییە خواپەرستەکانە کە لەسەردەمی ئێستادا قسەدەکا. هەر بەو هۆیە بە جێگۆڕکێی هەندێك لە دەستەواژەکانی دەتوانین ئەو قسانە لەگەڵ وتاردانەکانی بەرزترین بەرپرسانی ئێستای ئێران بەراورد بکەین، کە ئەو بەردەوامییە لە شێوازدا، لە هیچ جێیەکیتردا نابینرێ. هەر ئەو شێوە بیرکردنەوە رووحانییە ببووە هۆی ئەوەی کە بە پێچەوانەی سێ قووچەکەکەی میسر یان دیواری چین و دەیان شتیتر لەوبابەتە بینای گەورەی تەختی جەمشید،

---

٣٢- از کتیبه تخت جمشید: بریان، پییر، تاریخ امپراتوری هخامنشیان، ج١، ترجمه مهری سمسار، انتشارات زریاب١٣٧٧ ، ل ٤١٠.

٣٣- \ هەمان سەرچاوە، ل ٤٦٤

٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ٥١٧



بێ بچووکترین بێگاری، بە دانی هەقدەستی تەواو بە کرێکارانی ئێرانی و بیانی (بە پێی نووسراوە گڵێنە دۆزراوەکان) ساز بکرێ.

باب و باپیران و گەورەکانی کلێساش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی ناشیییانە، دەسەڵاتی خۆیان لەپاڵ عیسای مەسیح یان "روح القدس" دەنا و لەسەر ئەو بنەمایە ئەوەندەیان زوڵم و زۆر بەرامبەر بە پیڕەوانی خۆیان رەچاوکرد کە لاپەڕە رەشەکانی ئێستاش لە مێژووی کلێسادا پانەبۆتەوە. پێشەنگەکانی چاکسازیی ئایینیش لەوە کەمتر نەبوون. کالڤین کە بۆ ماوەیەك رێبەریی کۆماری ژێنێڤی بەدەستەوە بوو، فەرمانیدا کە کاستیلۆ بە زیندوویی لە ئاگردا بسووتێنن هەتا کەسیتر نەوێرێ لە بیروباوەڕەکانی ئەو دڕدۆنگ بێ یان لانیکەم بیدرکێنێ.[35] دوایین هەوڵەکانی لەوبابەتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا روویدا. ڤاتیکانی یەکەم (کە لە ٨ ی دێسامبری ١٨٦٩ وە هەتا ١٨ ی ژوئیەی ١٨٧٠ لە رۆم پێکهات) کە تێیدا کلێسا هەوڵیدەدا تاوان هەڵنەگری دەسەڵاتی ڤاتیکان کە وەك بنەمایەك قبووڵکراوە، بەسەر دانیشتوان و پیڕەوانی خۆیدا بسەپێنێ.

بە گشتی یەکەمین دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان کە پێکهاتن، لە سیحر و جادوو کەڵکیان وەرگرت و دواتر دەسەڵاتی رووحانی، گەورەترین و دەستڕۆیشتووترین دەسەڵاتەکانیان پێکهێنا. بۆ وێنە لە یۆنانی کۆندا یەکەمین هەنگاو کە لە پێناو دیموکراسیدا هەڵگیرا جێگیرکردنی ٩ ئارکۆنت لە جیاتی پاشا بوو کە بە دەستپێشخەری سۆلۆن (٦٤٠ هەتا ٥٥٨ پێش زایین) جێبەجێکرا. ئارکۆنتی یەکەم کە دەسەڵاتی لە هەمووان زیاتر بوو کەسێك بوو کە بە کاروباری ئایینی رادەگەیشت. هەروەها چاودێری کۆمەڵایەتی و دیاردە "توتمی" و تابۆکانیش وەبیرهێنەرەوەی دەسەڵاتی نادیاری کۆمەڵگا بەسەر تاکەکاندا بوو کە جاروبار حاڵەتی پیرۆزی بەخۆوەدەگرت و لە دەستی تاقمێکدا کۆ دەکراوە.

٢- کەڵك وەرگرتن لە ئەفسانەکان. ژۆلیێن فرۆند، ئەفسانە بە جۆرێك روونکردنەوەی رابردووخواز وەسف دەکا کە گریمانەی ناڕاسەقینە یان ئەفسانەیی لە جێی شیکردنەوی هۆکرد دادەنێ.[36] بەڵام بە باوەڕی ئێمە ئەفسانەکان دەستەیەك لە گومانە کۆمەڵییەکانن کە لە باری کاتییەوە بێ رێکەوت، لە باری پەیوەندی لەگەڵ راستییەوە سوریالیزمن و دەستدەدەنە بەڵگەهێنانەوە بۆ دیاردە سروشتییەکان، سروشت و نهێنییەکانیتر. ئەفسانەکان پتەوترین

---

٣٥- تسوایگ، اشتفان، وجدان بیدار، ترجمه سیروس آرین‌پور، تهران، نشر فروزان، ١٣٧٦.

36- Freund, Julien; Essence du politique; p. 76.

هەوداکانن کە بەردەوامیی کەلتووری کۆمەڵگایەك گەرەنتی دەکەن و بناغەیەکی پتەو بۆ شوناسی کەلتووری قەوم یان کۆمەڵگایەك بەدیدێنن. ئەمڕۆ کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە خێرایی لە بناغە بابەتییەکان بێبەش دەبن و لە چوارچێوەی خەبەر و دەق و راڤەدا پێناسە دەکرێن، ئەفسانەکان کە خۆیان گێڕانەوەیەکی مێژوو و رووداوەکان بە شێوەی ناباون، بایەخێکی تایبەت وەدەستدێنن. تەنانەت کەسانێکی وەك پۆل رێکیوەر، گەورەترین فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسا، ئەفسانە بە جۆرێك راڤەی فەلسەفی دەناسێنێ.[٣٧] ئەفسانەکان خۆیان دامەزرێنەری کۆمەڵگا، دەوڵەت و هەر دیاردەیەکی کۆمەڵێتریشن. ئەوە خاڵێکە کە پییێر کلاستێر بەتوندی داکۆکی لێدەکا و پێیوایە کە چاوگەی کۆمەڵگا لە بزۆزیی نێوخۆیی خۆیەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەوە داب و نەریتە سەرەتاییەکان و ئەفسانەکانن کە یەکەمین ماددەی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەدیدێنن: «ئەگەر کۆمەڵگا خۆی دەست دەداتە بەرهەمهێنانەوەی خۆی، نابێ پێمان وابێ کە بناغەی خۆشییەتی. بناغەدانەری کۆمەڵگا و بنیاتەکەی پەیوەندی بە هۆکارێکی پێش کۆمەڵایەتی یان بانکۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم هۆکارانە کاری کەسانێکن کە پێش مرۆڤەکانی ئێستا و لەسەردەمێك جگە لەسەردەمی ئەواندا ژیاون. ئەو هۆکارانە کاری باب و باپیرانی ئێمە بووە و ئەفسانەکان وەك شیکردنەوەی شانۆی بناغەدانانی کۆمەڵگا بە هۆی ئەژدادی ئێمەوە، بناغەی کۆمەڵگایان داڕشتووە و دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی ئامۆژگارییەکان، رێسا و یاساکان و کۆمەڵە زانستێك کە دەبێ لە بۆنە فێرکارییەکاندا بۆ لاوان بگوازرێنەوە».[٣٨] رۆمۆلیۆس کە پاش لەدایکبوونی، گورگ بردبوویە کێوەکان پاش گەورەبوون هاتەوە و شاری رۆمی بنیاتنا. ئەم ئەفسانەیە دامەزرێنەری دەوڵەت ـ شاری رۆم بوو. "جەمشیدی جەم"یش وڵاتی ئێرانی بنیاتنا و تەواوی ئەو یەکسانی و دادپەروەری و کشتوکاڵ و داهێنەرییانەی کە بەڕێوەی بردن، وتەگەلێکن کە بناغەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی و گشتی ئێرانیان داڕشت. رازی بەردەوامبوونی کەلتووری ئێرانیش لەو ئەفسانانەدا شاراوەیە. جوامێری و شەڕ لەگەڵ ئەهریمەن و دوژمنان و بەرزتربوونی شەهید بوون لە چاو ژیانی بێهوودەئێستاش لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەك شەش سەدەی پێش لەدایکبوونی مەسیح بەشێك لە سیستەمی بەهایی خەڵکێکە کە لە گۆشە و کەناری ئەو سەرزەوییەدا دەژین. سەرکەوتنی ئێرانییەکان لە

37- Encyclopaedia universalis; vol 2, pp. 527-528.
38- Clastre, P.; Mythes et rites des indiens d'Amerique du sud; pp. 78-79.



شەڕی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراقدا جارێکیتر بوون و کارامەیی ئەفسانەکانیان لە ژیانی کۆمەڵی ئێرانییەکاندا خستەبەرچاو.

هەزاران شەهید کە وەك گوڵ لە بەرەکانی شەڕدا هەڵوەرین هەرکام سیاوەشێك بوون کە لە گڵکۆی سینگی ئێرانییەکاندا نێژران. لە درێژەی ئەم شەڕەدا جۆش و خرۆشێك پێکهات کە هیچ چاوەدێرێکی بیانی کەمتەرخەم نەهێشتەوە و کەس نەیدەزانی ئەم جۆش و خرۆشە لە کوێوە سەرچاوەی دەگرێ. بەمجۆرە ئەگەر دەوڵەت یان حکوومەتێك بتوانێ پشت بە دەسەڵاتی ئەفسانەکان ببەستێ ئەستێرەی بەختی لە هەر دەوڵەتێکی عەقڵخواز بریقەدارتر دەبێ، چونکە هەروەك نووسەری کتێبی "ئەفسانە سیاسییە مۆدێرنەکان" دەڵێ ئەفسانە، مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی زێڕین و ئەفسانەیی رابردوو و هەست بە روانگەیەکی یەکگرتوو و بەردەوام لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی دەکا.[٣٩] ئەفسانەکان ئێستاش دۆخی دامەزرێنەری خۆیان پاراستووە، دەوڵەتە تازە دامەزراوەکان کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی شوناس بدەنە نەتەوی خۆیان و بنەمایەك بۆ دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بدۆزنەوە. کەڵك وەرگرتن لەئەفسانەکان ئەگەر لە رادەیەك تێپەڕی زەنگی مەترسیی فاشیزم لێدەدرێ. دەوڵەتە نائارامەکانی ئێستا ئەوانەن کە بناغەی کاری خۆیان لەسەر ئەفسانەکان دانەناوە.[٤٠] دەوڵەتی هیتلەر نموونەی بەرچاوی دەوڵەتێکە کە لەسەر بنەمای نەمرییەکی ئەفسانەیی دامەزرابوو. دەوڵەتی ئیسرائیل بە تەواوی لەسەر ئەفسانە دامەزراوە و تەواوی دەوڵەتە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووەکانی ئاسیای ناوەندی بەدوای ئەفسانەی دامەزرانی خۆیانەوەن. دەوڵەتی تورکییاش ماوەیەك لە دوای ئەفسانەی پان تورانیزم و پان تورکیزمدا بوو. هەروەها نابێ وتاردان و تەشریفاتە سیاسییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ئەفسانەداڕێژی لەبیر بکەین. داخوا کەس پرسیاری لەخۆی کردووە کە بۆچی دەبێ تەشریفاتی سیاسی بەوجۆرە بێ کە ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دەبینرێ؟ فەرشی سوور، بەرێز بوونی پیاوانی سیاسی، سانی نیزامی یان کڕنۆش و رێزلێنان، گوتنەوەی قسەگەلێکی ئەفسانەیی، هەمووی بۆ کەڵك وەرگرتن لە خەیاڵ و وەهمی خەڵك بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتە. رەنگە هیچ شتێك بە رادەی ئەفسانە لە پڕۆسەی باڵادەستیدا رۆڵی نەبێ. بەمجورە ناسیاسیترین بابەتەکان (شتی پیرۆز، ئەفسانە ...) دەبنە سیاسیترین دیاردەکان. خاڵێکی تر کە باشە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە گەورەترین بیرمەندانی هاوچەرخی رۆژئاوایی وەك نیچە،

39- Reszler, A.; Les mythes politiques modernes; p. 219.
40- Ibid.; p. 219.

فرۆید و تەنانەت ڤێبەر کەسانێکن کە گریمانەکانی خۆیان لەسەر  بنەمای ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن بنیات ناوە.

**٣- ئایدۆلۆژی وەك ئامرازی باڵادەستی.** ئەگەر ئەفسانەکان بنەمایەکی هەستیاری و سوریالیستیان هەبوو، ئایدۆلۆژییەکان بنەمای فەلسەفی و ئاوەزمەندانەیان هەیە. بەڵام ئەرکەکەیان یەکسانە. ئایدۆلۆژییەکانیش وەك ئەفسانەکان دامەزرێنەری کۆمەڵگای نوێن، هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی گەرەنتی دەکەن و ڕێگە بۆ باڵادەستیی سیاسی خۆشدەکەن. بە قەولی نووسەرێکی فەرەنسی ﴿ئەفسانە خۆی دەسەڵاتێکی نییە بەڵام لە ڕێگەی ئەو ئایدۆلۆژییانەی دەیورووژێنێ، دەسەڵات پەیدا دەکا و ئایدۆلۆژییەکانیش لە ئەفسانەدا تۆخمێك دەبیننەوە کە بێ پشت بەستن بەوان پووچ و بێمانا دەبن﴾.[41]

ئایدۆلۆژی چەمکێکی بەربڵاو و لە هەمان کاتدا وەهماوییە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لە لایەن "دستوت دوتراسی" یەوە بە مانای ﴿زانستی هزرەکان﴾ بەکارهات.[42] ئەمڕۆ کە ئەم چەمکە تەمەنی دووسەد ساڵەی خۆی تێپەڕدەکا، دیاریکەری بەریانە فیکرییەکانە کە دەیانەوێ جیهان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەك سامان بدەن. کەوابوو ئایدۆلۆژی لە پلەی یەکەمدا هەڵگری ئەو ڕوانین و بۆچوونانەیە کە لەسەر بنەمای جۆرێك سروشتناسی، بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆرییە زانستییەکان و هەڵبەت لە ژێر کاریگەریی شوێنکار و تەنانەت بەرژەوەندییە کەسێنییەکانی هزردارێژ و تیۆریدارێژ دەستدەدەنە ڕوونکردنەوەی بابەتی ئاماژەپێکراو و خاوەنەکانیشیان لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەو بۆچوونانە بە کردەوە بەڕێوەبەرن. ئەو تیۆریدارێژانە یان ڕووناکبیرانەی کە دەستدەدەنە بەدیهێنانی ئایدۆلۆژی و چوارچێوە فیکری و کردەوەییەکان بۆ کردارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لە ڕاستیدا پێغەمبەرەکانی سەردەمی عەقڵخوازی، پۆزیتیویزم و لائیسیزمن کە دەبێ خاوەن عەقڵی چالاك، زانیاری بەربڵا و هەستیاری بە نیسبەت مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بن. لەمەڕ ڕووناکبیران لە بەشی تایبەت بە دەورگێڕانی سیاسیدا قسە دەکەین.

ڕیمۆن ئارۆن ئایدۆلۆژی بە ﴿سیستەمێك لە ڕاڤەکان لە بیاڤی کۆمەڵایەتیدا پێناسەدەکا کە هەڵگری تەکووزێك لە بەهاکانە، ئەو چاکسازییانە دەخاتە مێشکەوە کە ڕەنگە هەڵگری

41- Griolet, Pierre; "Eglise et chretiente" in, Cabat et al., Histoire des ideologies, no 2, Paris, Hachette, 1978, p. 26.
42- Denquin, J.M.; Science politique; p. 194.



ئاڵوگۆڕی مەترسیدار یان هیوابەخش بن﴾.[43] "لویی ئالتۆسێر"یش ئایدۆلۆژی بە ﴿سیستەمێك لە وێناکان (پێکهاتوو لە خەیاڵەکان، ئەفسانەکان، هزرەکان یان چەمکەکان) پێناسەدەکا کە لۆژیك و ڕاوەستاوی تایبەتی خۆی هەیە و لە نێو کۆمەڵگای خۆیدا ڕۆڵی مێژوویی هەیە﴾.[44]

بەڵام مارکس لە "ئایدۆلۆژیی ئەڵمانی" دا ئایدۆلۆژی بە گوتەزای وەهمەکان، بە تایبەت وەهمەکانی چینی بورژوا وەسف دەکا کە دەیانەوێ بەها و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە بەرگێکی خەڵك پەسند و جیهانگیردا پێشکەش بکەن و وابنوێنن کە گوایە بەرگریکەری بەرژەوەندییەکانی هەمووانن.[45] لینین ئایدۆلۆژیی چینی کرێکار بە ویژدانی وشیاری ئەم چینە وەسف دەکا کە هەروەها ترافلایتی کردەوەی ئەم چینەشە. ئەوە یەکەم جار نییە کە لەگەڵ لۆژیکێکی دوانە لە مارکسیزمدا بەرەوڕوو دەبینەوە. ئەوەی لە ئاوێتەی ئایدۆلۆژیدا وەك تۆخمی سەرەکی نابێ لەبیر بکرێ سیستەمی بەهایی ئەوە. ﴿کردەوە کاتێك ڕەنگی ئایدۆلۆژی بەخۆوە دەگرێ کە بە شێوەیەکی وشیارانە لەگەڵ سیستەمێکی بەهاییدا پەیوەندی ساز بکا﴾.[46] کاتێك باس لە سیستەمی بەهایی دەکرێ، هەڵوێست گرتن، پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی، مشتومڕ و بەربەرەکانی و شێوەی بەڵگەهێنانەوەش دێنە بەرباس. هەر بەو هۆیەش ئایدۆلۆژی لە هەموو جێیەك بە پاڵنەر و هاندەری چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەزانرێ و بە قەولی "فرانك لیند فێلد" تۆخمی سەرەکیی ئایدۆلۆژی ناوەڕۆکە وروووژێنەرانە و مەڵغەی کردەوەییەکەیەتی.[47] هۆی دەروونی بوونی ئەم تۆخمە لە ئایدۆلۆژییەکاندا، باوەڕی لایەنگرەکانی بە گەیشتن بە ڕاستییە کە ئایدۆلۆژییەکە ئیدیعای دەکا، لە حاڵێکدا کە ڕەنگە لە خاڵێك زیاتر نەبێ. ئەم خاڵەی کە کارل مانهایم لە کتێبەکانی خۆیدا بە ناوەکانی "کۆمەڵناسیی ناسین"، ١٩٤١ و "ئایدۆلۆژی و یوتۆپی"، ١٩٦٣ دا بە باشی شیکردۆتەوە. مانهایم ئەوە دەگەیەنێ کە تیۆرییە زانستییەکان کە خۆیان تۆخمی بنەڕەتی ئایدۆلۆژییەکان پێکدێنن لە وەڵامی پێداویستییەکانی هەر دەورە و سەردەمێکدا دادەهێنرێن و هەڵگری هیچ ڕاستییەکی ڕەها نین. لە ئاکامدا دەبێ ئایدۆلۆژییەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا تاوتوێ بکرێن.

43- Aron, Raymond; L'opium des Intelectuels, p. 375.
44- Althusser, Louis; Pour Marx; p. 238.
٤٥- دوورژە، موریس، اصول علم سیاست، ل ٩٩
46- Ansart, Pierre; Les ideologies politiques; p. 6.
47- Lindefeled, Frank; Reader in Political sociologie; p. 459.

کۆمەڵناسیی ئایدۆلۆژی خۆی یەکێك لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی کۆمەڵناسییە. هەروەك تیۆرییەکانی دەیەی ١٩٦٠ کە لە پێناو رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژییە چەقبەستووەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تێدەکۆشان، بەڵگەکەیان ئەوە بوو کە ئایدۆلۆژیی مارکسیزم لەگەڵ شەڕ لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەوکاتدا گونجاو بوو کە خاوەنکارەکان خەریکی چەوساندنەوەی کرێکاران بوون بەڵام ئێستا (دەیەی ١٩٦٠) کە کرێکاران خۆشبژیوییەکی رێژەییان هەیە ئیتر کەس کاری بەم ئایدۆلۆژییە نییە. هەر بەو هۆیەش حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٥٩ و حیزبی کرێکاری بریتانیا لە ساڵی ١٩٦٣ دا ماڵاواییان لە مارکسیزم کرد. ئایدۆلۆژی نازیزمیش تەنیا لە هەلومەرجی جۆش و خرۆشی دەیەی ١٩٣٠ دا راکێشیی هەبوو نەك لەسەردەمی دوای ئەودا، مەگەر ئەوەی کە دیسانیش هەمان هەلومەرج پێکبێتەوە. کاری گرنگی ئایدۆلۆژی لە بیاڤی سیاسەتدا پاساودانی ئەو تەکووز و باڵادەستییە سیاسییە لە ریگەی گەیاندنی بەها و باوەڕەکانی دەسەڵاتداران بە ژێردەسەڵاتەکانیەوە. ﴿رۆڵی ئایدۆلۆژی لە سیاسەتی بەکردەوەدا ئەوەندە بەرچاوە کە دەکرێ بڵێین بە هەر سیاسەتێك شێوەیەکی ناوازە دەبەخشێ ... چونکە سیاسەت بەکردەوە سەر بە هەمان قوتابخانەیە کە پەیڕەوی لێدەکا﴾.[48] جگە لەوانەش هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ بێ پشت بەستن بە ئایدۆلۆژییەك تەواوەتی بەدەست بێنێ و بچێتە نێو بیاڤە تایبەتییەکانەوە. هەر بۆیە تەواوی رژێمە پاوانخواز(تۆتالیتەر)ەکان بێ ریزپەڕ، پشت بەستوو بە ئایدۆلۆژییەکیشن. سروشتییە کە ئایدۆلۆژی رێژیمێکی پاوانخواز لە پێناو پاوانخوازیدایە و لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکانیتر وەك لیبرالیزم یان پراگماتیزم جیاوازە. تەنانەت لە رابردووکانی دووریشدا دەوڵەتەکانی وەك ساسانییەکان لە ئێران کە خۆی بە ئاتاجی دەسەڵاتێکی گشتگیر دەزانی، لە ئایین وەك ئایدۆلۆژیی حکوومەتی کەڵکیان وەردەگرت و ئەویان بە جۆرێك چاکدەکردەوە کە دابینکەری مەبەستەکانیان بێ. رۆڵی ئایدۆلۆژی لە سیاسەتدا تەنانەت لە لای هەندێك لە زانیارانی مارکسیستدا کە ئەویان بە وتەزایەکی سەرخان و فاکتەرێکی ناسەربەخۆ دەزانی، ئەوەندە گرنگە کە لە هۆکارە ژێرخانەکانیش زیاترە. بە ئاماژە بە تیۆریی گرامشی و ئالتۆسێر کۆتایی بەو باسە دێنین.

مانای سەرەکیی تیۆریی سیاسی ئانتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١-١٩٣٧) فەیلەسووفی ئیتالی و رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە کە لە زیندانی موسولینیدا مرد، هێژمۆنی یان باڵادەستیی هەمەلایەنەی سیاسییە. بە باوەڕی گرامشی ﴿کۆمەڵگای مەدەنی ئەو کۆمەڵە

48- Dumont, Fernand; Les ideologies; pp. 87-88.



ئۆرگانانە لەخۆدەگرێ کە بە شێوەیەکی رووکەشی بە ئۆرگانە تایبەتییەکان ناودەبرێن. بەڵام ئەم ئۆرگانانە لەگەڵ ئەو باڵادەستییەی کە گرووپی باڵادەست بەسەر تەواوی کۆمەڵگایدا دەکا، پەیوەندیی راستەوخۆیان هەیە. کۆمەڵگای مەدەنی بەستێنی ئەخلاقی دەوڵەت پێکدێنی. کۆمەڵگای مەدەنی یانی لەخۆگری رێکخراوی ماددی کە ئامانجەکەی پاراستن، بەرگری و پەرەپێدانی بەرەی تیۆریك و ئایدۆلۆژیکی چینی باڵادەستە. سێ بنیاتی سەرەکی ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژییان لە ئەستۆیە کە بریتین لە کلێسا، رێکخراوی فێرکاری و راگەیاندنە گشتییەکان. بەڵام رێکخراوگەلێکی وەك سووپا یان دەسەڵاتی دادوەریش بە شێوەی لاوەکی چالاکیی کەلتوورییان هەیە. بەگشتی دەکرێ تەواوی ئەو شتانەی کە رەنگە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر رای گشتی هەبێ، وەك کتێبخانەکان، ئەنجوومەن و یانەکان لەو کۆمەڵەیەدا جێبگرن.

پێکهاتەی ئایدۆلۆژیك لە رێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن وەك کتێب، رۆژنامە، کەرەسە دەنگی و رەنگییەکان و تەنانەت ئارشیتێکت، چاکردن و دیاریکردنی ناوی شەقامەکان دەستدەداتە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژی. کۆی ئەمانە، پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێکدێنن. گەرەنتی کردنی ئەرکی باڵادەستی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژی باڵادەست، کاری رووناکبیرانە. بۆچوونی گرامشی بۆ بابەتی رووناکبیری پانتاییەکی زۆر بەربڵاوتری لە مانا باوەکەی خۆی هەیە و روحانییەکان، چالاکە حیزبییەکان یان رێکخراوە سەندیکاییەکانیش لەخۆدەگرێ.

دەوڵەت لە بنیاتە بە ناو سیاسییەکاندا بەرتەسك نابێتەوە. دەوڵەت شتێکی هەڵگری کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسییە کە هاوکاریی پێویستی نێوانیشیان رێکدەخا. ئەو هاوکاری و پەیوەندییە لە بوونی رێکخراوە دژوازەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە. هەروەك پەرلەمان کە هەم ئۆرگانێکی کۆمەڵگای سیاسییە و هەم نوێنەری فەرمیی رای گشتی، بە بەشێك لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانرێ﴾.[49] بەمجۆرە روون بۆوە کە پێگەی ئایدۆلۆژی، کۆمەڵگای مەدەنییە. بەڵام گرامشی بە پێچەوانەی لینین کە پێی لەسەر لایەنی سیاسی باڵادەستیی چینایەتی و رووخانی توندوتیژانەی دەزگای دەوڵەتی دادەگرت، مەیدانی بنەڕەتی خەباتی سیاسی بە کۆمەڵگای مەدەنی دەزانی. بە باوەڕی گرامشی دەوڵەت بەشی هێمایی باڵادەستیی سیاسییە کە قەڵا بەرزەکانی ئایدۆلۆژی و رووناکبیری لە پشت سەرە. رووخانی ئەم

49- Cot, J.P., Mounier, J.P.;Pour une sociologie politique; t. 2, pp. 58-59.

قەلایانە لە رووخانی دەوڵەت گرنگترە.[50] ئەوەی گرینگە باڵادەستی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدایە کە لە ڕێگەی چالاکییە کەلتووری و ئایدۆلۆژییەکانەوە مەیسەر دەبێ و کاتێکی دوور و درێژی گەرەکە" جگە لەوە بەدەستهێنانی باڵادەستیی سیاسی یان باڵادەستی بەسەر دەزگای دەوڵەتی وەك شۆڕشی گەورەی ١٩١٧ لە رووسیا، باڵادەستییەکی رواڵەتی و پاژەکییە و بە دیکتاتۆری نەبێ بەردەوام نابێ، هەروەك رژێمی فاشیستی ئیتالیاش شتێك جگە لە باڵادەستیی گرووپێك بەسەر دەزگای دەوڵەتیدا نەبوو. ئەم حاڵەتە کاتێك دێتە پێش کە "بلوکی" مێژوویی تووشی قەیران بێ، واتە باڵادەستی هاوئاهەنگ بەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیدا لە ڕێگەی دەزگا ئایدۆلۆژیکەکانەوە سازنەکرابێ. رۆڵی ئەو هاوئاهەنگییە هەمیشە لە ئەستۆی رووناکبیرانە. لە رابردوودا باب و باپیرانی کلێسا باڵادەستیی ئایدۆلۆژیکیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە ئەستۆی زانستگایی و رووناکبیرانە. شیکاریی گرامشی لەمەڕ دیکتاتۆرییەکانی راست و چەپی سەدەی بیستەم یەکێك لە واقیع بینانەترین شیکردنەوەکان لەو بوارەدایە کە هەروەها گرنگیی مەسەلە کەلتوورییەکانیش نیشاندەدا. کورتکراوەی باسەکەی گرامشی ئەوەیە کە دەوڵەت بەرچاوترین بەشی باڵادەستییە بەڵام گرنگترین بەشی نییە. گرنگترین و بەردەوامترین بەشی باڵادەستی، باڵادەستی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدایە و باڵادەستی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا مەیسەر نابێ مەگەر بە کاری فەرهەنگی و بەکارهێنانی تەواوی ئامرازەکانی فێرکاری و فیکری و ڕێگە دروستەکانی کاریگەری لەسەر رای گشتی و هزری خەڵك. ئاکامە لاوەکییەکانی شیکردنەوەی گرامشییەکیان سەربەخۆیی رێژەیی دەوڵەت لەناو سیستەمی باڵادەستییە و ئەویتر لەپێشتر بوونی مەسەلە کەلتوورییەکان و دیاریکەرییان بە نیسبەت شێوازی بەرهەمهێنان (ژێرخان).

لویی ئالتۆسێر لە گۆشەنیگایەکی جیاواز لەگەڵ گرامشییەوە بایەخێکی تایبەت بۆ رۆڵی ئایدۆلۆژی لە باڵادەستی چینی دەسەڵاتداردا قایلە. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی گرامشی بە تیۆریی مارکسیستی لەمەڕ دەوڵەت و رۆڵی ئەو لە گەرەنتی کردنی باڵادەستیی چینە باڵادەستەکان وەفادار مایەوە. لە تیۆریی مارکسیستیی نەریتخوازدا رۆڵی دەزگای دەوڵەت یان دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت، کە پێکهاتووە لە حکوومەت، دەزگای ئیداری، سووپا، پۆلیس، دادگاکان، زیندانەکان و هتد، وەك ماشێنێك کە ئەو دەرفەتە بۆ چینی دەسەڵاتدار پێکدێنێ کە باڵادەستیی خۆی بەسەر چینی کرێکاردا درێژە پێبدا، بایەخێکی تایبەتی هەبوو. ئالتۆسێر پێشنیاری دەکرد کە دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتیش بە تیۆریی مارکسیتی دەوڵەتەوە زیادبکرێ، چونکە لە تەنیشت دەزگای

50- Portelli, Hugues; Gramsci et le bloc historique; p. 39.



سەرکوتکەری دەوڵەتدا ژمارەیەکی بەرچاو دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتیش بەرچاو دەکەون، وەك کلێساکان، قوتابخانەکان، بنەماڵە، دەسەڵاتە دادوەرییەکان، سیستەمی سیاسی (پێکهاتوو لە سیستەمی سیاسی و سیستەمی حیزبی)، سەندیکا، چاپەمەنییەکان، دەنگ و رەنگ و کەلتووری (ئەدەبیات، هونەرە جوانەکان و وەرزش). دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت بە پێچەوانەی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی پەرەسەندن و فرەچەشنی هەیە و لە جیاتی پشت بەستن بە توندوتیژییەوە، پشتی بە ئایدۆلۆژییەوە بەستووە. ئەم پەرەسەندنە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژی باڵادەستەوە کە بوونی بۆ پاراستنی درێژخایەنی دەسەڵاتی دەوڵەت پێویستە، یەکدەگرێتەوە. هەر بەو هۆیەش دەزگا ئایدۆلۆژیکەکان جگە لەوەی بابەتی مشتومڕی چینەکانن، مەیدانی ئەم ململانێیەش پێکدێنن، چونکە چینی باڵادەست بەو ئاسانییەی کە دەستی بە دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی رادەگا و حوکمی بەسەردا دەکا، دەستی بە دەزگای ئایدۆلۆژیك راناگا، بەتایبەت کە گرووپە کۆنەکان یان چینە سەرکوتکراوەکانیش ئەگەری دزەکردن بۆ ناو دەزگای ئایدۆلۆژیك بەدەستدێنن.[51] بە گشتی بە باوەڕی ئالتۆسێر رۆڵی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی کاتی و بێناوبژیوانە، لە حاڵێکدا کە رۆڵی دەزگا ئایدۆلۆژیکە دەوڵەتییەکان لە درێژخایەندا دەردەکەوێ و شوێنەواری پایەدارتر دادەنێ.

٤- پڕوپاگەندە و راگەیاندنە گشتییەکان. پڕوپاگەندە و کاریگەری لەسەر رای گشتی یەکێك لە کۆنترین ئامرازەکانی باڵادەستی سیاسی بووە کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە. بەڵام بە پەرەسەندنی راگەیاندنەکان، دیاردەی رای گشتی لایەنێکی بەرچاوتر و هەستپێکراوتری بەخۆوە گرتووە کە دەکرێ بە روونی ببینرێ. پڕوپاگەندەش لەژێر تیشکی سەرمایەداری و پێویستیی زیادبوونی بەکارهێنان، دەرکەوتنێکی زیاتری بە خۆوە بینیوە کە باقی بیاڤەکان بۆ وێنە سیاسەت بە کەمتەرخەمی ناهێڵێتەوە. مەیدانی کردەوەی پڕوپاگەندەش وەك ئایدۆلۆژی، کۆمەڵگای مەدەنییە. جیاوازیی پڕوپاگەندە لەگەڵ ئایدۆلۆژی لە بەربڵاوی و فرەچەشنی و یەکنەگرتوویی ئەودایە. بۆ پڕوپاگەندە پێویست نییە پشت بە جیهانبینییەکی تایبەت ببەستین. دەکرێ لەمەڕ رەوشت بەرزیی رێبەری سیاسی، کارە بەکەڵکەکان یان سیاسەتە ژیرانەکانی حکوومەت و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی خەڵکی دەکا پڕوپاگەندە بکرێ. تەنانەت خودی ئایدۆلۆژی دەوڵەتیش دەکرێ بابەتی پڕوپاگەندە بێ. هەتا کارامەیی پڕوپاگەندە زیاتر بێ، پەسندبوون و وەرگیرانی حکوومەتیش زیاد دەکا. سروشتییە پڕوپاگەندە دەتوانێ دروست یان نادروست بێ، بە هەق یان ناهەق بێ. داوەری لەو بارەوە بابەتی باسی ئێمە نییە. پڕوپاگەندە لەسەرنجی حکوومەت

51- Cot, J.P., Mounier; op, cit.; pp. 61-64.

به خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ. حکوومەتێکی کە لە خەڵك دابڕاوە یان سەرنج بە رای خەڵك نادا هەست بە پێویستیی پڕوپاگەندە ناکا. بەڵام حکوومەتە گرووپییەکان یان ئەو کەسانەی بیانەوێ بەسەر دڵەکاندا حکوومەت بکەن لە پڕوپاگەندە غافڵ نابن. شێوەی پێکهاتنی حکوومەتی ئیسلامی لە لایەن پێغەمبەری گەورەی ئیسلامەوە زۆر وانەی باشمان پێدەدا. ئەو بەرلەوەی باس لە حکوومەت، دەسەڵاتداریێتی یان تەنانەت بەڕێوەبردنی یاساکانی ئیسلام بکا بانگەشەی ئایینی ئیسلامی دەکرد. کاتێك کۆمەڵگای مەدەنی کەوتە بەر کاریگەریی ئەم پڕوپاگەندانە، دەسەڵاتداریێتی ئیسلامیش بە سانایی و بێ پەنابردنە بەر توندوتیژی مەیسەر بوو.

ئەمڕو راگەیەنە گشتییەکان، بە نووسراوە و دەنگ و رەنگەوە، ئامرازگەلێکی گونجاوی پڕوپاگەندە دەخەنە بەردەست دەسەڵاتدارانەوە. پەیوەندیی راگەیاندنەکان و دەسەڵاتی سیاسی بە رادەیەکە کە لە زۆربەی کۆلیژەکانی زانستە سیاسییەکان لە ئەوڕووپادا وانەیەك لە ژێر ناوی ﴿راگەیاندنەکان و دەسەڵات﴾ دەگوترێتەوە. لە باسی هزرەکانی گرامشی و ئالتۆسێردا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەوان، دەزگا ئایدۆلۆژیکە دەوڵەتییەکان وەك قوتابخانەکان، زانکۆکان، چاپەمەنییەکان، کڵێسا و هتد، بە گرنگترین ئامرازەکانی باڵادەستیی سیاسی دەزانن. هەر بەو هۆیەش دەوڵەتەکان بە پێی سروشتێکی کە هەیانە سەرنجێکی تایبەت دەدەنە چاپەمەنی و راگەیاندنە گشتییەکان. حکوومەتە پاوانخواز(تۆتالیتەر)ەکان ئەو ئامرازانە دەخەنە پاوانی خۆیان و، دەوڵەتە دیموکراتیکەکان لە رێگەی ئاشتی و راکێشانی سەرنجی ئەواونەوە دەچنە پێش. بە واتایەکیتر دەوڵەتە پاوانخوازەکان بە نیسبەت چاپەمەنییەکانەوە هەڵوێستێکی هێرشکەرانە و، دەوڵەتە دیموکراتەکان هەڵوێستێکی بەرگریکەرانەیان هەیە.

خاڵێکیتر کە نابێ لەبیر بکرێ پێویستیی دەسەڵاتداران و حکوومەتەکان بە زانیارییە. کۆکردنەوەی زانیاری لە رابردووەکانی دوورەوە مەسەلەی سەرەکیی دەسەڵاتداران بووە کە خۆی مێژوویەکی تێروتەسەلی هەیە. بەڵام ئەمڕۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیشی پێوە زیاد بووە. کارگێڕییە (ئاژانسەکان) هەواڵنێرە گەورەکان وەك یەکێك لە جەمسەرەکانی دەسەڵات لە جیهانیان لێهاتووە و هەرکام بە شوێن پاوانکردنی هەواڵ و زانیارییەکان لە دەستی خۆیاندان. بەو هۆیە بابەتی چاپەمەنی و راگەیاندنەکان لە سنوورە نەتەوەییەکان تێپەڕبوونە و خۆیان بوونەتە بابەتی کێشە و مشتومڕە توندە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت لە نێوان وڵاتانی جیهانی سێهەم و وڵاتە پیشەسازییەکاندا. وڵاتە بەهێز و داگیرکەرەکان بایەخێکی تایبەت دەدەنە بەرنامەی دەرەوەی سنووریەکانی خۆیان و بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. رادیۆیەکی وەك



"بیبیسی"ی بریتانیا دەیان قات زیاتر لە دەزگا دیپلۆماسییەکانی ئەم وڵاتە خزمەت بە بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیزمییەکانی بریتانیا دەکا. ئەم رادیۆیە توانیوێتی کاریگەریی لەسەر زۆربەی رەوتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێ کە خۆی نیشاندەری دەسەڵاتی چاپەمەنی و راگەیاندنەکانە.

**ب) ئامرازە سیاسی و نیزامییەکان (توندوتیژانە):**

هەروەك دیتمان گرامشی کۆمەڵگای سیاسی بە دەزگایەکی سەرکوتکەر دەزانێ کە هەوڵدەدا جەماوەرەکان لەگەڵ شێوازەکانی بەرهەمهێنان یان باڵادەستیی چینی باڵادەست لەسەردەمێکی تایبەتدا هاوڕێ و هاوڕا بکا. کەسانێکی تایبەت ئەم ئەرکە توندوتیژانەیە گەرەنتی دەکەن کە هەمان کارگێڕە نیزامی و ئیدارییەکانن. بەدوای دابەشکردنی کارگێڕانی سەرکوت بە لەشکری و نێوخۆیی، دەزگای سەرکوتکەریش بە ئیداری و نیزامی دابەشدەبێ.

**١- دەزگای ئیداری:** ﴿دەزگای ئیداری ئەرکی بەکاربردنی دەسەڵاتی سەرکوتکەری لە ئەستۆدایە و پیاوەکانی ئەو دەزگایە خۆیان کاست پێکدێنن﴾.[٥٢] دەزگای ئیداری دەسەڵات و باڵادەستیی دەوڵەتی بردۆتە نێو قووڵاییی کۆمەڵگا و بەسەر تەواوی تاکەکانیدا بەڕێوە دەبا و کەسێك کە دەیەوێ بۆ منداڵەکەی ناسنامە وەربگرێ، کەسێك کە داوای ئاو و کارەبا دەکا، کەسێك کە دەیەوێ بۆ خۆی خانوو سازبکا، کەسێك کە دەیەوێ لە بێهیوایی، یان لە رووی داهاتووبینییەوە بستە خاکێك بۆ گۆڕەکەی بکڕێ و ... سەروکاریان لەگەڵ دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتە، کە بە نوێنەری دەوڵەت دەزانرێن. خەڵکیش هەر بەو پاڵپشتە پەیڕەوی لە فەرانبەرێکی دەوڵەت کە رەنگە کەسێکی لاوازیش بێ، دەکەن. دەوڵەت بە هۆی ئەو دەزگایەوە دەتوانێ ئازادییە تاکەکەسییەکان بەرتەسك بکاتەوە، بۆ وێنە بەر بگرێ بە دانی پاسپۆرت بە کەسێکی کە خوازیاری سەفەری دەرەوەی وڵاتە، یان پێش چوونی کەسێك بۆ زانکۆ کە داوای درێژەدانی خوێندنی هەیە. بەو هۆیە کارامەترین ئامرازی باڵادەستی، باڵادەستیی ئیدارییە کە وەك تەونە جاڵجاڵۆکە تەواوی لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە دەستی خۆی گرتووە. لە پاری تایبەت بە دەوڵەتدا ئاماژە بە مەسەلە ئیدارییەکان دەکەین.

٢- دەزگا سەرکوتکەرە نیزامییەکان: دەزگا سەرکوتکەرە نیزامییەکان بریتین لە: سووپا، پۆلیس، زیندان و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەری. وەها دەزگاگەلێك رەوایی خۆیان لە وەدیهێنانی

52- Portelli, Hugues; Les regimes politiques europeens; p. 30.

تەکووز و هەروەها لە ئەگەری هێرشی دەرەکی و پەلامارەدەران و پشێوی نێو خۆیی وەردەگرن. بەڵام بوونی ئەم دەزگایانە لە دوایین قۆناغدا، باڵادەستیی سیاسیش گەرەنتی دەکا. لە پلەی یەکەمدا لایەنی بەرگیڕەوەیی ئەم هێزانە بایەخدارە. بوونی ئەم هێزانەیە کە تاکەکان لە کردەوە دژە دەوڵەت، یان دژە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێتەوە. بەڵام کارامەیی ئەو هێزانە بەستراوەتەوە بە چاودێریی ناتوندوتیژی دەوڵەت وەك چاودێریی مەعنەوی، پەرەپێدانی کەلتووری سیاسی، بەتایبەت پڕوپاگەندە لە پێناو ڕەوایی سیاسیی حکوومەت و دەسەڵاتداران. ئەگەر دەوڵەت لەم بوارانەدا لاواز بێ ڕێگەیەکی جگە لە پەنابردن بۆ توندوتیژی نییە. لە رابردوودا دەسەڵاتداران، زۆر دەزگای تۆقێنەر وەك دەزگای پشکنینی بیروڕاکان، بوونی تاکە مرۆڤخۆرەکان لە تەنیشت خۆ و دەزگاکانی ئەشکەنجەدانیان بەکاردێنا بۆ ئەوەی بەرلە شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرکێشی خەڵك بگرن. ئێستاش پاشماوەکانی ئەم دەزگایانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەون. ئەوەی لە نێوان حکوومەتێکی جیهانی سێهەمی و حکوومەتێکی دیموکراتیك لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا جیاوازی سازدەکا، بوون یان نەبوونی چاوەدێری و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ نییە، بەڵکو جیاوازی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆنترۆڵ و چاوەدێریدایە. حکوومەتە دیموکراتیکەکانی وڵاتانی پیشەسازی لە پلەی یەکەمدا کۆمەڵگای مەدەنییان وەها ڕێکخستووە کە پێویستییەك بە بەکارهێنانی توندوتیژی نییە. پاشان لە ڕێگە پێشکەوتووە تەکنیکی و بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە چاوەدێرییەکی شاراوە و کارامە بەسەر دەورووپشتی خۆیاندا دەکەن. بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتو کە نە ئەو ئامرازە پێشکەوتووە تەکنیکییانە هەیە و نە بەڕێوەبەرایەتییەکی دروست بەکاردەبرێ، بوونی هێزی توندوتیژانە(قوە قهریە)ی دەوڵەت هەستپێکراو و شێوەی چاودێری زۆر زەق و سووکانەیە. بەتایبەت کە دەورووپشتی سیاسیش نائارام و ئاڵۆزە. ئەگینا شك لەوەدانییە کە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ چاوپۆشی لە هەبوونی هێزی توندوتیژانە و بەکاربردنی چاودێری بکا. جار و بار لە شۆڕشە ڕزگاریدەرەکاندا خەڵك تووشی ئەو خەیاڵە دەبن کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی هەنووکەیی خەبەرێك لە زیندان و پۆلیس نابێ، لە حاڵێکدا کە ئەو دەزگایانە وەك زۆربەی دەزگا دەوڵەتییەکانیتر، لە دەوڵەتی دوای شۆڕشدا زیاتر لە جاران دادەمەزرێنەوە و بەکاردەهێنرێن.



# بەشی سێهەم
# ڕەوایی سیاسی

### ١- پێناسە:

ڕەوایی سیاسی بریتییە لە قەبووڵکردنی لە دڵەوەی حکوومەت، حاکمەکان و سیستەمی سیاسی لە لایەن ژێردەسەڵاتەکانەوە. ئەم شتە کاتێك دێتە دی کە شێوەی هەنوکەیی باڵادەستیی سیاسی (لە چوارچێوەی حکوومەت یان هەر جۆرێکیتردا) لەگەڵ بەهاکان و باوەڕە گشتییەکانی کۆمەڵگا هاوئاراستەیی هەبێ. لەو حاڵەتەدا گرووپێکی گەورە (زیاتر لە نیوە) ی تاکەکانی کۆمەڵگا باڵادەستیی سیاسیی هەنووکەیی قبووڵ دەکەن و پەیڕەوی لێدەکەن، دەسەڵاتدارەکانیش پشتیوانی لایەنێکی بەربلاوی کۆمەڵگا بەدەستدێنن. لە ڕەوایی سیاسیدا بە پێچەوانەی ئەوەی گوماندەکرێ باس لە هەقانییەت نییە. تەنانەت ئەگەر گرووپێکی دەسەڵاتدار یان تاکێکیش بتوانێ خەڵك هەڵبخەڵەتێنێ و ڕای ئەوان بۆلای خۆی ڕاکێشێ، ڕەوایی سیاسی بەدەستدێ. هەروەك جۆرێك لە دەسەڵاتی کاریزماتیکی جێی ئاماژەی ماکس ڤێبەر، واتە کەسایەتیی کاریزماتیکی خەڵك هەڵخەڵەتێن، دەبێتە نموونەی وەها باڵادەستییەکی ڕەوا. لە هەمان کاتدا ڕەوایی سیاسی شتێکی وەهماوی، هەروەها خەسارهەڵگرە. کەس نازانێ کە بۆ وێنە فڵان ڕژێمی جیهانی سێهەمی کە هەوڵدەدا لە ڕێگەی شانۆ دیموکراتیکەکانەوە دەسەڵاتدارێتی خۆی ڕەوا بنوێنێ خاوەن چ ڕادە قبوولکراوی لە لایەن خەڵکەوەیە. لە لایەکیترەوە دەوڵەتێك کە ڕەوایی هەیە ڕەنگە بە هۆی حەرەکەتێك یان ڕووداوێك، ڕەوایی خۆی لەدەستبدا. چیرۆکە سەرزارەکییەکان دەگێڕنەوە کە لە رابردووی دووردا، حاکمێك کە خۆی بە خوا، یان نوێنەری خوا دەناساند و حکوومەتی بەسەر خەڵکدا دەکرد بە هۆی ڕژانی تەشتێك خۆڵەمێش لەسەربانەوە تووشی ترسان دەبێ و خەڵك تێدەگەن کە نوێنەری خوا نییە و لێی هەڵدەگەڕێنەوە. لە رابردوودا زۆربەی حکوومەتەکان هەوڵیاندەدا خۆیان بە شتێکی پیرۆزەوە ببەستنەوە و بیکەنە بنەمای ڕەوایی خۆیان. لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتییە خواییەکاندا، بنەمای ڕەوایی، وەپاڵ ئیرادەی خوانانی دەسەڵاتی حاکم بوو. لە لایەکیترەوە دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی تاق و هاوبەش بۆ ڕەوایی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا کارێکی ئاسان نییە. بۆ وێنە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا دەکرێ ناوی سێ سەرچاوەی ڕەوایی سیاسی بێنین کە بریتین

لە: سەرچاوەی نەتەوەیی نائایینی و بەستراوە بە بەهاکانی ئێرانی پێش ئیسلام، سەرچاوەی ئیسلامی و سەرچاوەی مۆدێرن و کردەوەیی کە لە لایەك پشت بە کردەوەیی بوونی دەزگای سیاسی و لە لایەکیترەوە بە پشتیوانی ژمارەیی و رادەی دەنگەکان دەبەستێ.

باسی رەوایی کە لە رابردوودا بە هۆی لە مەیدانی سیاسەتدا نەبوونی خەڵك و لەپاڵ ئیرادی خوانانی دەسەڵاتی حاکم نەدەهاتە گۆڕێ، وێڕای بنەمای دەسەڵاتدارێتی خەڵك هاتە نێو باسە سیاسییەکانەوە. ماکیاڤیللی و هۆبز بنچینەی دەسەڵاتیان بە رەوا دەزانی. دەوڵەتەکان بەو مەرجە دەناسران کە بڕوانامەکەیان لە لایەن خەڵکەوە پەسند کرابا. لە هەمانکاتدا پێش ماکس ڤێبەر هیچکام لە بیرمەندان مەسەلەی رەواییان بەو روونییە نەخستبووە بەرباس. ماکس ڤێبەر باڵادەستی و رەوایی بە دوو رووی سککەیەك دەزانی. باڵادەستی بە باوەڕی ئەو هەڵگری ئەم بەختە بوو کە حاکم یان حکوومەت کەسانێك بۆ ملکەچی و قبووڵکردنی باڵادەسیی خۆیان بدۆزنەوە. بەو پێیە هەر باڵادەستییەك ئاوێتەی جۆرێك وەرگیران قبووڵکران لە لایەن کەسانی ژێردەستەوەیە. بە واتایەکیتر تەواوی پەیوەندییە باڵادەستهێنەرەکان لانیکەم پێویستییان بە کەمێك مەیل و ویستی پەیڕەوی و ملکەچی لە لایەن فەرمانبەرانەوە هەیە، چونکە بێ رەزامەندیی فەرمانبەرەکان هیچ باڵادەستییەك ناتوانێ بەدیهێنەری سیستەمێکی بەردەوام و پایەدار بێ.

## ٢- جۆرەکانی باڵادەستی:

ڤێبەر سێ جۆر رەوایی سیاسی ناو دەبا کە بریتین لە : رەوایی ئاوەزمەندانە، رەوایی نەریتی و رەوایی کاریزماتیك.

١- رەوایی ئاوەزمەندانە: ﴿ئەم جۆرە رەواییە لەسەر باوەڕمەندی بە هەقانییەتی ریزبەندیی دەرکراو و مافی دیاریکردنی رێوشوێن لە لایەن کەسانێکەوە دامەزراوە کە داوایان لێکراوە لە رێگەی ئەم ریزبەندییانەوە دەستبدەنە بەکاربردنی باڵادەستی﴾.[53] پاش ئەو پێشەکییە دەستدەکەین بە شیکردنەوەی رەوایی ئاوەزمەندانە. ﴿ئێمە بە قەست بابەتەکەمان بە شیکردنەوەی جۆری مۆدێرنی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا دەستپێدەکەین هەتا باشتر بتوانین دوو جۆرەکەی تر شیبکەینەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی باڵادەستیی ئاوەزمەندانە پشتبەستن بە یاسا و بەکارهێنانی دەزگایەکی ئیداری ناکەسێتییە. باڵادەستیی یاسایی کە لەسەر بنەمای چەمکە باوەڕپێکراوەکانی خوارەوە دامەزراوە:

53- Weber, Max; Economie et societe; t. 1, p. 289.



١) لە باری عەقڵییەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر یاسایەك لە رێگەی پەیمان یان پێسپاردنەوە دابمەزرێ. ئەو یاسایە رەنگە لە ئاراستەی ئاوەزمەندێتیی ئامانج خواز یان ئاوەزمەندێتی بەهاخواز، یان لە ئاراستەی هەردووکیاندا بێ. ٢) هەر یاسایەك لە چۆنییەتی خۆیدا کۆمەڵێك لە رێسا دەرهەستەکانە، کە بە ئامانجی لە پێشڕا دیاریکراو ئامادەکراوە. ٣) لە ئاکامدا خاوەنانی دەسەڵاتی یاسایی ملکەچی تەکووزی کەسێتی نین. ٤) بەمجۆرە کەسێك کە پەیڕەوی دەکا وەك ئەوەیە کە وەك ئەندامێکی کۆمەڵ پەیڕەوی لە یاسایەك دەکا کە بە بنچینەی رای کۆمەڵەکە دەزانرێ. ٥) بەمجۆرە کەسانێك کە پەیڕەوی دەکەن بە پێی بەندی ٣، پەیڕەوی لە تاکی خاوەن دەسەڵات ناکەن بەڵکو پەیڕەوی لە رێسا ناکەسێتی(غیر شخصی)یەکان دەکەن.

جۆری پوختەکراوی باڵادەستیی یاسایی لەسەر رێکارە ئیدارییەکان دامەزراوە. گرووپی رێبەری ئیداری لە فەرمانبەرە تاکەکان پێکهاتووە کە لە باری کەسێتییەوە ئازادن و، تەنیا پێڕەوی ئەرکە بابەتییەکانی خۆیان دەکەن. ئەوان لە نێو هیرارکییەکی چەقبەستوودا، لێهاتووییەکی تەواویان هەیە و هەڵبژاردنیان بە شێوەیەکی ئازاد بەڕێوەدەچێ. ئەمجۆرە باڵادەستییە رەوایە، لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ دەگونجێ و رەوتی پەرەسەندنی دیموکراسی بە جۆرێکە کە دەخوازێ بنەمای باڵادەستیی ئاوەزمەندانە قبووڵبکەن﴾.[54]

٢- **رەوایی نەریتی:** ﴿ئەم رەواییە لەسەر باوەڕی بەردەوام بە دروستیی نەریتە هەمیشە باوەڕپێکراوەکان و هەقانییەتی کەسانێك دامەزراوە، کە بە شێوەی نەریتی دەستدەدەنە بەکاربردنی دەسەڵات﴾.[55] ﴿ ئێمە باڵادەستییەك بە نەریتی ناو دەبەین کە رەواییەکەی لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی پیرۆزی دەسەڵاتی سەرۆکێك دامەزرابێ کە دەسەڵاتی لە کۆنینەوە بە میرات پێگەیشتووە. خاوەنی دەسەڵات لێرەدا لەسەر بنەمای رێسا و یاسایەك دیاریدەکرێ کە لە پێشینیانەوە بە میرات پێی گەیشتبێ و خەڵکیش بە هۆی باوەڕمەندی بە پیرۆزیی کەسایەتیی ئەو، پەیڕەوی لێدەکەن. لێرەدا باڵادەستی لەسەر بنەمای رێزلێنان دامەزراوە و راهێنانی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ لە بەردەوام بوونیدا دەگێڕێ. خاوەنی دەسەڵات لێرەدا تەنیا بە مرۆڤێکی بەرزتر نازانرێ، بەڵکو ئاغا و دۆستیشە. دەزگا ئیدارییەکەشی لە فەرمانبەران پێکنایە بەڵکو دەستەیەك لە رەعییەتە کەسێتییەکانی ئەون کە بە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی سەرۆك هەڵدەستن. ژێردەسەڵاتەکانیش (بە پێچەوانەی ئەوەی لە بارەی باڵادەستیی ئاوەزمەندانەوە دیتمان) پەیڕەوی لە

54- Ibid.; pp. 290-301.
55- Ibid.; p. 289.

﴿تاك﴾ دەكەن نەك لە یاسا و ڕێسا. فەرمانەكانی سەرۆكیش بە هۆیەكانی بنەوە ڕەواییان هەیە: بەشێكیان بەو هۆیە كە لە چوارچێوەی نەریتدا دەردەكرێن، ئەوە بەو مانایەیە كە بۆ خودی سەرۆك و سیستەمی نەریتی، لادان لە نەریتەكان زۆر مەترسیدارە، بەشێكیش بە هۆی دەسەلاتدارێتی خودی سەرۆك. لە ئاكامدا دوو بیاڤ واتە نەریت و ڕێبەری هەیە. بەشێك لە فەرمانەكان تایبەت بە خودی سەرۆك و بەشێك تایبەت بە نەریتەكانە﴾.[56]

دەستەی ئیداری دەسەلاتی نەریتیش ئەگەر بوونی دەرەكی هەبێ بە شێوەی باو و لەسەر بنەمای نەریت لە نێوان ئەندامەكانی بنەماڵەی سەرۆك یان مریدەكان و نۆكەرەكان و كۆیلەكانییەوە هەڵدەبژێردرێن و جاروبار لەسەر بنەمای متمانەیەك لە نێوان سەرۆك و ئەوانیتردا لە هەر توێژێك وەك "واسال"ـەكان یان فەرمانبەرە ئازادەكاندا هەیە هەڵدەبژێردرێن. بنەمای باو لە باڵادەستیی نەریتیدا، هەڵبژاردنی كارگێڕان لە نێوان تاكەكانی خێڵدایە. لە باڵادەستییە "پاتریمونیال"ـەكاندا زۆرجاران دیتراوە كە كۆیلە ڕزگاركراوەكان هەتا پلە و پۆستی بەرز و تەنانەت هەتا وەزارەت چوونەتە پێش. لە ئەورووپاش جۆری خانەكیی فەرمانبەران وەك "سنشال" (seneschal) و " مارشال " وەك كارگێڕانی دەسەلاتی نەریتی هەبوونە.

دەتوانین چەندین جۆر لە باڵادەستیی نەریتی لێك جیابكەینەوە: جۆری فیێودالی لە ئەورووپا و جۆری پاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتەمەنسالاری و باوكسالاری كە لەسەرەتاییترین جۆرەكانی باڵادەستیی نەریتین.

٣- ڕەوایی كاریزماتیك: ﴿ئەمجۆرە ڕەواییە تەسلیمی نا باوی خەڵك لە بەرامبەر كەسایەتیی پیرۆز و بەرزیی قارەمانەتی یان بەها ناوازەكانی تاكێك و فەرمانەكانی ئەو دامەزراون﴾.[57] ﴿مەبەستی ئێمە لە كاریزماتێك، تایبەتمەندیی سەرئاسایی كەسایەتییەكە كە بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەر لە ڕووخساری پێغەمبەران، حاكمان، داوەران یان سەرۆكی خێڵە ڕاوچییەكان و پاڵەوانانی شەڕدا دەردەكەوێ و حاڵەتێكی بان سروشتی و بان مرۆڤی پێدەبەخشن. كەسانی ئاسایی و نابەردەوام ئەم پلەیە بەدەستناهێنن كە وەك ناردراوی خوا یان پێشەوایەك بكەونە بەر ڕەزامەندیی خەڵك﴾.[58] دیارە مەبەستی ڤێبەر سروشتی ڕاستەقینەی وەها كەسانێك نییە. بەو هۆیە ڕەنگە

56- Ibid.; pp. 301-302.
57- Ibid.; p. 289.
58- Ibid.; p. 320.



كەسایەتیەكی خەڵك هەڵخەڵەتێن یان ئاژاوەگێڕیش هەمان پلەی كاریزمایی بەدەستبێنن كە پاڵەوانەكان یان ڕزگاركەران بەدەستیدێنن.

دەسەلاتی كاریزماتیك بە ئاشكرایی دەكەوێتە بەرامبەر دەسەلاتی ئاوەزمەندانە یان نەریتییەوە، چونكە نە ئاوەز بنەمای وەها باڵادەستییەكە نە نەریت، بەڵكو هەستیاری و نەریتشكێنی، پێویستیی وەها دەسەلاتێكە. دەزگای ئیداری دەسەلاتی كاریزماتیكیش جیاوازە، چونكە ئەم دەزگایە حاڵەتی شۆڕشگێڕانەی هەیە و لە هەوڵی سڕینەوەی ڕابردوودایە. ماكس ڤێبەر لەمەڕ دەسەلاتی كاریزماتیك ئاماژە بەو خاڵانە دەكا:[59]

ـ پێویستیی قبووڵكردنی ئاگادارانە و تێكەڵ بە ڕێز و تاسەی باڵادەستی و نیازپاكی بەرامبەر قارەمان و متمانە بە كەسایەتی سەرۆك. هەرچەشنە سووكایەتی یان سەرنج نەدانێك نەك لەگەڵ سزا لە لایەن كەسی كاریزما، بەڵكو لەگەڵ پەرچەكرداری یەكپارچەی خەڵك بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ـ ئەگەر سەركەوتنی كاریزما دوابكەوێ یان بە جۆرێك بێ كە گوایە خوا ئەوی وەلاناوە یان حاڵەتی جادوویی لەدەستبدا، دەسەلاتەكەی دەكەوێتە بەر مەترسی لێكهەڵوەشان.

ـ گرووپێك كە لەسەرەوە و لە دەوروبەری سەرۆك كۆ دەبنەوە، دەستەیەكی ورووژاون كە بە هیچ جۆرێك مەبەستیان ڕاهێنانی كادری پسپۆڕ نییە، بەڵكو هەڵبژاردنیان لە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تایبەتمەندییە كاریزماییەكانی سەرۆك بەڕێوەدەچێ. بۆ ئەو گرووپە نە ئەزموونی پیشەیی لەبەرچاوە، نە پێشكەوتن و نە لادان، بەڵكو بە ئاماژەیەكی سەرۆكی كاریزماتیك دێنە سەر كار و بە ئاماژەی ئەویش لادەچن.

ـ دەسەلاتی كاریزماتیك لەگەڵ ئابووری نامۆیە. ئەو هیچ بایەخێك بە مەسەلە ئابوورییەكان نادا و بە چاوی سووك سەیریان دەكا، بە پێچەوانە بایەخ بۆ بەها ئەخلاقییەكان، بوێری و چاونەترسی، خۆنەویستی و لەخۆبردوویی دادەنێ.

ـ كاریزم دەسەلاتی شۆڕشگێڕانە و گەورەی ئەو سەردەمانەیە كە بە نەریتەوە گرێدراون {لە حاڵێكدا كە ئەمڕۆ مەترسی سەرهەڵدانی كاریزما لە كۆمەڵگا پێشكەوتووە پیشەسازییەكاندا لە ئارادایە} . بە پێچەوانەی دەسەلاتی شۆڕشگێڕانە و ئاوەزمەندانە كە بە شوێن ئاڵوگۆڕی بارودۆخی ژیان دایە و بۆ لای دەرەوە ئاراستە كراوە، كاریزما ڕووی لە نێو خۆیە بۆ ئەوەی بیر و دیاردەگەلێكی نوێ بخوڵقێنێ.

59- Ibid.; pp. 320-326.

*سەرەنجامی دەسەڵاتی کاریزماتیك.* بارودۆخی دەسەڵاتی کاریزماتیك رەنگە بۆ یەكێك لە دوو جۆر باڵادەستییە رەواكەی تر بگۆڕێ. لە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجەکاندا، دەسەڵاتی کاریزماتیك، جۆرێك لە جۆرەکانی باڵادەستیی ئاسایی بەتایبەت پاتریمونیال یان بروکراتیکی لێدەکەوێتەوە. ئەم پرۆسەیە بێ ململانێ و مشتومڕ نییە. بەتایبەت کە دوو جۆر جێنشین بۆ دەسەڵاتی کاریزماتیك لە بەرامبەر یەکتردا رادەوەستن. یەکیان کاریزمای میراتی و هەڵبژێراو لە لایەن کاریزمای پێشوو کە بە باشترین سەرەنجام بۆ دەسەڵاتی کاریزماتیك دەناسرێ و ئەویتر دەسەڵاتی کاریزمای نوێ. ئەم تێکهەڵچوونە زۆرجاران لە مێژوودا بینراوە.[٦٠]

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە کۆمەڵگا لە چ هەلومەرجێکدا پەنا بۆ دەسەڵاتی کاریزماتیك دەبا یان بەلایدا دەشکێتەوە. هاتنە سەر کاری دیگۆل یان ناپلیۆنی هەوەڵ و سێهەم نیشاندەدا کە بێهیوایی و هەلومەرجی قەیراناوی کۆمەڵگا پەرە بە وەهم و خەیاڵاتێك دەدا کە خەڵك دەخاتە چاوەڕوانی رزگاریدەرێکی ئاسمانییەوە. سروشتییە ئەو حاڵەتانەی کە لە رابردوودا بەدیهێنەری دەسەڵاتی کاریزماتیك بوونە لەگەڵ حاڵەتەکانی سەردەمی ئێستادا جیاوازن. ئەگەر لە رابردوودا سەرکەوتن لە شەڕەکاندا، قارەمانەکانی وەك رێبەرێکی کاریزماتیك لێدەکرد، ئەمڕۆ رێکخراوی ئاڵۆزی سووپاکان کەمتر رێگە بە تاك دەدا کە سەرکەوتن بە ناوی خۆی تۆمار بکا، لە حاڵێکدا کە تەلەفزیۆن دەتوانێ لە تاکە بێ شکۆ و گەورەییەکان دەسەڵاتێکی کاریزمایی سازبکا. دووهەم ئەوەیە کە لەسەردەمی جادووسڕینەوەدا بەردەوامی کاریزما مەیسەر نابێ، هەروەك دیگۆل پاش سەرکەوتن لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەك خۆشەویستی فەرەنساییەکان هاتە سەر کار، ماوەیەك دواتر لەگەڵ ناڕەزایەتی گرووپ و تاکەکان رووبەڕوو بۆوە کە داوایان لێدەکرد یاسا لەبەرچاو بگرێ و رێز بۆ بیروڕای خەڵك دابنێ. خاڵێتر ئەوەیە کە نابێ هیچکات چاوەڕوانی شێوەیەکی پوختەکراو لە یەكێك لە جۆرەکانی باڵادەستیی رەوا بین. هەمیشە تێکەڵاوێك لە دوو یان سێ جۆر باڵادەستی رەوا دەبینرێ. بۆ وێنە دەسەڵاتی دیگۆل لە کۆماری پێنجەمدا تێکەڵاوێك لە دەسەڵاتی ئاوەزمەندانە و کاریزمایی بوو. ئەمڕۆ لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا باڵادەستیی ئاوەزمەندانە بەسەر دوو لایەنەکەیتریدا هەیە، مەگەر کۆمەڵگاگەلێکی کە وەك عەرەبستانی سعوودی ئێستاش لە خەوی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵنەستاون.

60- Ibid.; pp. 332-333.



### ٣- خوێندنەوەی رای ڤێبەر و هێنانەگۆڕی مەسەلەگەلێکی نوێ:

بە گشتی رەخنەگەلێکی زۆر لە رای ڤێبەر گیراوە کە روونترینیان تایبەتە بە هانا ئارێنت. ئارێنت رەخنە لە تێکەڵکردنی چەمکگەلێکی وەك دەسەڵات (pouvoir)، توانایی (puissance)، هێز (force) و ئۆتۆریتە (autorite) لە گریمانەی ڤێبەردا دەگرێ. بە باوەڕی ئارێنت هاومانا زانینی دەسەڵات و باڵادەستی و توندوتیژی و دابەشکردنی تاکەکان بە فەرمانڕەوا و فەرمانبەر و حاکم و مەحکووم هەڵەیەکی ئاشکرایە. لە حاڵێکدا کە دەبێ دەسەڵات دووبارە پێناسەبکرێتەوە و بە توانای داهێنەری شرۆڤەبکرێ کە رێگەی کردەوە بۆ مرۆڤ خۆشدەکا. دەسەڵات بەدوور لە ناچارکردن و باڵادەستی، کرداری جڤاتی مرۆڤ رێکدەخا. لە ئاکامدا دەسەڵات شتێکی جڤاتییە و نەك تاکەکەسی و لەگەڵ توانایی، کە کارێکی تاکەکەسییە بە تەواوی جیاوازە، هەروەك کە لەگەڵ هێز (force) واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی وزە جیاوازە.[٦١] لە راستیدا رەخنەیەکی بنەڕەتی کە بەرەوڕووی ڤێبەر دەبێتەوە تایبەت بە گریمانەی ئەو لە سیاسەتە. لە گریمانەی ڤێبەردا بنچینەی سیاسەت هەتا ئاستی پەیوەندییە باڵادەستیهێنەرەکان نزم دەبێتەوە. وا دێتە بەرچاو کە ڤێبەر بە توندی لە ژێرکاریگەریی تیۆرییەکانی یۆنانی کۆندا بوو کە ئەمڕۆ بە تەواوی پێداچوونەوەیان بەسەرداکراوەتەوە.

جگە لە رەخنەکانی ئارێنت، روانگەی ڤێبەر بە توندی لەگەڵ روانگە نوێیەکان وەك روانگەی "میشێل فۆکۆ"، "میشێل کرۆزۆیە" و "پییێر بۆردیو"یش لە دژایەتیدایە. ئەم بیرمەندانەش لەگەڵ دابەشکردنی کۆمەڵگا بە حاکم و مەحکووم و فەرمانڕەوا و فەرمانبەر دژایەتییان هەیە. بە باوەڕی فۆکۆ دەسەڵات زۆر ورد و بڵاوە و تەنیا لە چوارچێوەی باڵادەستیی دەوڵەتدا ناگونجێ. لە پەیوەندییەکانی ژن و مێردەوە بگرە هەتا پەیوەندییەکانی خاوەن کار و کرێکار، لە تەواوی ئاستەکانی ژیاندا بە جۆرێك پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەرچاو دەکەوێ. بەمجۆرە دەکرێ رەواییش بەسەر رەهەندی گەورە و بچووکدا دابەشبکرێ. تەنانەت رەوایی لە نێو دەوڵەتیشدا لە پەیوەندییەکی گشتیدا ناگونجێ. بۆ وێنە رەنگە خەڵك لە حکوومەتی بەرێز x رازی بن بەڵام لە بوونی فلان وەزیر کە لە کابینەدایە ناڕازی بن.

بە گشتی بنەمای رەوایی کە لەسەردەمی هاوچەرخدا، لانیکەم لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا لەگەڵ رابردوو جیاوازە. ئەمڕۆ خەڵك دەیانەوێ ئەرکی خۆیان بزانن، سەر لێشێواو نەبن، بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو نەبن، بۆ خوێندنی

61- Arendt, Hannah; "Sur la violence" in Du mensonge a la violence; pp. 143-144.

منالّەکانیان کەلوپەلی پێویستیان لە بەر دەستدابێ. ئەو کات چییان لەوە داوە کە سەرۆك کۆمارەکەیان کێیە و چ ئایینێکی هەیە. لە ئاکامدا سیستەمی سیاسی دەبێ وەك ماشێن کار بکا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵك لەسەر بنەماگەلێکی دیار و ئاسان دابمەزرێ. لەو حاڵەدا هیچ دەسەڵاتێکی کاریزماتیك ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە رێگەی فرت و فێڵ کردن لە خەڵك، حکوومەت بکا و هیچ دەسەڵاتێکی نەریتی ناتوانێ لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە بێ بنەماکان و پەنا بردنە بەر بنەما پەست و نزم و سەدەناوەڕاستییەکان خەڵك هەڵبخەڵەتێنێ. لێرەدایە کە کارامەیی و پسپۆڕی جێگەی رەواییش دەگرێتەوە. چەند کۆمەڵگایەکیش کە وەك ئیسرائیل دەیانەوێ بە پەنابردنە بەر ئایین و نەریت مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن، بەرەبەرە لە رەوتی بەجیهانیبووندا دەتوێنەوە و ناچار بە قبوولکردنی رێکارە زانستییەکان، فرەییخوازی، فرەچەشنی شێوازەکانی ژیان دەبن.

دەیڤید هێلد یەکێك لە سیاسەتناسانی بریتانیایی، ئاماژە بەو قەیرانانە دەکا کە ئەمڕۆ داوێنی سیستەمە سیاسییەکانی رۆژئاوای گرتۆتەوە، بەڕاستی بەبیر دێنێتەوە کە «هاوڕایی»ی ئاماژەپێکراوی تیۆریداڕێژانی رابردوو بە هیچ شێوەیەك دابین نابێ. دژایەتی نێوان بەرژەوەندییەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە لایەك دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر گرووپێك لە روانگەی تایبەتیی خۆیەوە بڕوانێتە ئەرکەکانی دەوڵەت و لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی دەوڵەت و چوارچێوەی دەستتێوەردانی ئەو دەکەوێتە بەر راڤەگەلێکی جیاواز. بۆ وێنە دەوڵەتی خۆشبژێوی رەنگە بکەوێتەوە بەر رەزامەندی گرووپە کەمداهاتەکان بەڵام سەرمایەدارەکان نارازی دەکا. «ئەگەر ئەو داواکاری و ویستە جۆراوجۆرانەی کە لە دەوڵەت دەکرێ بە شێوەیەکی گونجاو وەڵام نەدرێتەوە دەوڵەت بەرەوڕووی قەیرانی رەوایی و بەگژداچوونەوە دەبێتەوە ... لەو هەلومەرجەدا رەنگە دیسان شایەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی بە هێز وەك دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکانی دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ بین ...».[٦٢] بە گشتی هەلومەرجەکە بە رادەیەك ئاڵۆز و فرەچەشنە کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بڕیارێکی گشتی لەمەڕ رەوایی سیستەمێکی سیاسی دەربکرێ، یان بنەمایەکی نەگۆڕ و جیهانداگر بۆ رەوایی وێنا بکرێ.

62 Held, David; Political Theory and the Modern stat; Oxford, Polity Press, 1948, p. 124.



## پاری چوارەم:

## سیستەمی سیاسی و دەوڵەت

هێمای بەرچاوەکیی ژیانی سیاسی، لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێتەوە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان سیستەمی سیاسی و دەوڵەت لە شێوەی شیکردنەوە و سەرچەشنی لێکۆڵینەوەیان دایە. هەروەك جیاوازیی نێوان سیستەمی سیاسی و باڵادەستیی سیاسیش لە شێوەی شیکردنەوەیان دایە. ئەم سەرچەشنە جیاوازانە ئەو ئەگەرەمان بۆ پێکدێنن کە زیاتر لە جاران لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی بگەین و وێنەیەکی روونتر لە چالاکییەکان، هێزەکان و رێکخراوە سیاسییەکان پێشکەش بکەین. ئەم سەرچەشنانە هەروەها زەینمان لە شیکردنەوەی لۆژیکی مەسەلەکان رادێنن و دەرەنجامگیرییەکەمان بە پاڵپشتێکی بەڵگەیی بەهێزەوە پشتئەستوور دەکا. ئەمڕۆ ئیتر ژیانی ئاڵۆز و پێویستیی خێرایی لە کردەوەدا، جێگەیەك بۆ زەینە پەشێوەکان ناهێڵنەوە.

## بەشی یەکەم
## سیستەمی سیاسی

هەروەك لە پاری یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد تیۆریی گشتیی سیستەمەکان لە دوو چاوگەی جیاواز واتە روانگەی بوونەوەرناسانە (بیۆلۆژیك) و تیۆریی سایبرێنتیکەوە سەرچاوەی گرت. روانگەی یەکەم لە لایەن "فێن بێرتالانفی"یەوە لە ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی خانی زیندوو و ئەو دانوسانانەی کە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دەیکا، داڕێژرا و تیۆریی سایبرێنتیك لە لایەن "نۆربێرت واینێر" لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و لەسەر بنەمای دیاردە تەکنیکییەکان وەك سندووقی رەش داڕێژرا، کە لەبەرامبەر ئەو پەیامانە کە لە دەرەوەڕا دێن وەڵامێکی گونجاو دەداتەوە. داڕێژەری تیۆریی گشتیی سیستەمەکان بێرتالانفی بوو کە لە دەیەی ١٩٥٠ دا لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی جیهانداگردا پێشکەشکرد. واتە دەکرێ مۆدێلی سیستەمەکان بە شێوەی ستوونی یان ئاسۆیی هەتا بێکۆتایی پەرەپێبدەین: ستوونی لە بێکۆتایی وردەوە هەتا بێکۆتایی درشت و ئاسۆیی واتە لە بارەی هەموو شتێکەوە. دێیڤید ئیستۆن ئەم تیۆرییەی بۆ شیکردنەوەی ژیانی سیاسی بەکارهێنا و بە هۆی ئاسانی، گشتگیری و لەبەرچاوگرتنی جموجۆڵەکان و ئاڵوگۆڕەکان پێشوازی لێکرا. چونکە سیستەمی سیاسی جگە لە هەبوونی گشتێتیی پێکهاتەکان، بە پێچەوانەی پێکهاتە، ئاڵوگۆڕەکانیش نیشان دەدا و دیسانیش بە پێچەوانەی پێکهاتە لەگەڵ دەوروپشتی خۆیدا لە پەیوەندیدایە و، کاریگەری لێوەردەگرێ و کاریگەری لەسەر دادەنێ و لە ڕێگەی دەرچووەکانەوە (outputs) کاریگەری لەسەر دەوروپشتی خۆی دادەنێ و دەرچووەکان لە دەوروپشتدا لەگەڵ پێدراوەکان و توخمەکان یان سیستەمەکانیتر پێکدەکەون و دەوروپشت لە ڕێگەی هاتووەکانەوە (inputs) کاریگەرییەکانی خۆی بۆ سیستەم دەگوازێتەوە، وەك هێڵکاری خوارەوە:






مۆدێلی سیستەمەکان یەکێك لە باشترین مۆدێلەکانە کە دەتوانێ ژیانی سیاسی و بەرهەمەکانی بنوێنێ. لەمەڕ سیستەمی سیاسی، بارودۆخەکە بەو جۆرەیە کە کۆی توخمەکان و هۆکارە سیاسییەکان واتە بنیاتەکان، هێزەکان، ژێدەرەکان، دەورگێڕەکان و ڕێساکانی گەمەی سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا و لە کردار و پەرچەکردار لەگەڵ یەکتردا پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگا پێکدێنن. ئەم پێکهاتەیە بە بەشە سیستەمێکی بڕیاردان تەیارە، بەو جۆرە کە ئامانجەکانی خۆی لەمەڕ دەوروپشت لە ڕێگەی یاسادانان، بەیاننامە یان هەرشتێکی ترەوە دەپێکێ. «دەستڕۆیشتوویی سیستەمی سیاسی لە ناو تەواوی کۆمەڵگادا لە دەستڕۆیشتوویی باقی وردەسیستەمەکانی کۆمەڵگا زیاتر و چالاکترە، چونکە ئەم سیستەمە خاوەن هێزی باڵایە و زیاترین بەختی بۆ بەدەستەوەگرتنی سەرچاوەکانی کۆمەڵگا هەیە».[٦٣] دەوروپشتی سیستەمی سیاسی بریتیە لە باقی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی وەك سیستەمی کەلتووری، فێرکاری، ئابووری، بە تایبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. ئەم دەوروپشتە لە بەرامبەر بڕیارەکان یان کردارەکانی سیستەمی سیاسی پەرچەکردار نیشاندەدا. بەو کردار و پەرچەکردارانە دەڵێن کاردانەوە (feed-back). پەرچەکرداری دەوروپشت بەرامبەر بە جووڵانەوەی سیستەمی سیاسی بە دوو شێوە وێنا دەکرێ: پشتیوانی یا ناڕەزایەتی و داواکاری.[٦٤] ئەگەر پشتیوانی هەبێ سیستەمی سیاسی لە درێژەدانی ڕێگەی خۆیدا پشتڕاستکردنەوەی دەوروپشتی لە پشتە و دەتوانێ بڕیارگەلی هاوشێوە دەربکا و

٦٣- بورلاتسکی، فیودر، قدرت سیاسی و ماشین دولتی، ل ٥٢

64- Easton, David; A Systems Analysis of political Life; New York, John Wiley, 1965, (Analysis du systems politique; Paris, A. Colin, 1974, chap. 7).

ئەگەر لەگەڵ نارەزایەتی یا داواکاری بەرەورووبێ دەبێ بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوە. بەمجۆرە سیستەمی سیاسی و دەوروپشتەکەی بەردەوام لە حاڵی گونجاندن و گونجاندندان و ئەگەر ڕۆژێك ئەم پرۆسەیە بە بنبەست بگا و بۆ وێنە سیستەمی سیاسی خۆی لەگەڵ وەرچەرخانەکانی دەوروپشت کە لە چوارچێوەی داواکارییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە نەگونجێنێ، مەودای نێوان سیستەمی سیاسی و دەوروپشت زیاد دەکا و دەبێتە هۆی لەناوچوونی سیستەمی سیاسی (شۆڕش). ئەم بنبەستە بە دوو جۆر پێکدێ. یەکیان بە شێوەیەکی ئیرادی کە زیاتر لە بارەی سیستەمە ئایدۆلۆژیکەکاندا راستە و ئەویتر بێتوانایی، کە بە هۆی لاوازی لە بەڕێوەبەریدا دێتەپێش. سیستەمە ئایدۆلۆژیکەکان وەها پابەندی وەهم و خەیاڵەکانی خۆیان دەبن کە ئامادە نین چاو بەسەر راستییەکاندا هەڵێنن و خۆیان لەگەڵ وەرچەرخانەکانی دەوروپشت بگونجێنن، بەرەبەرە مەودای نێوانیان لەگەڵ دەوروپشت لە سنووری دیاریکراو تێدەپەڕێ و لە ئاکامدا سەرەتا تووشی قەیرانی رەوایی و پاشان تووشی راپەڕین و سەرکێشی توند دەبنەوە. بەڵام بێتوانایی سیستەمە سیاسییەکان لە وەڵامدانەوەی خواستەکانی دەوروپشت و تێکەڵ بوون لەگەڵ وەرچەرخانەکانی دەوروپشتدا، حاڵەتێکی باوترە کە دەبێتە هۆی رووخانی سیستەمە سیاسییەکان. لە بنەڕەتدا کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پێشبینی داهاتوو بە هۆی ئاڵۆزی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئەرکە شاراوەکانی کە بەبەرچاو نایەن و، سەرەنجام لاوازی ئابووری و بەڕێوەبەری دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکان نەتوانن وێنایەکی دروست لە داهاتووی خۆیان بەدیبکەن. تەنانەت زۆر دیتراوە کە سیستەمێکی سیاسی بۆتە قوربانیی وەرچەرخانگەلێك کە خۆی بەدیهێنەری بووە. بسمارك (١٨٧٠-١٨٩٠) ئەڵمانیای یەکگرتوو کرد و بواری گەشەسەندنی پیشەسازیی پێکهێنا، بەڵام لەوە غافڵ بوو کە هێزە نوێیەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی ئەڵمانیا (بورژوازی و کرێکاری) دوژمنانی سەرسەختی ئەو سیستەمە دەبن کە ئەو بەرگری لێدەکرد. ئەم فێڵەی مێژوو بۆتە هۆی ئەوەی کە هیچ رژێم یان سیستەمێکی سیاسی نەتوانێ تەمەنی هەتا هەتایی هەبێ. هەموو رژێمەکان بوونەتە قوربانیی هێزگەلێکی گوماناوی کە دوور لە چاوی ئەوان گەشەی کردووە و وەك خۆرە پایەکانیانی خواردووە. رژێمی سیاسی، رێکخستنی دروست، توانایی لە پەرچەکرداری گونجاو و سازگاریی سیستەمە سیاسییەکان ئەو هۆکارانەن کە دەتوانن بۆ ماوەیەك ئەم رووخانە دوا بخەن.

هەر سیستەمێکی سیاسی لە دوو بەش یان توخمی سەرەکی پێکدێ کە بریتین لە پێکهاتە و ئەرك کە ئێستا شییان دەکەینەوە.



**١- پێکهاتەی سیاسی:**

کۆی ئەم بنیات و ناوەندانەی کە دەسەڵاتی سیاسییان بە دەستەوەیە و گشتێتییەکی یەکگرتوو پێکدێنن بە پێکهاتەی سیاسی ناو دەبرێن. لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیەی کە لە کۆمەڵناسیی سیاسیمان بەدەستەوەدا، ئەم گشتێتییە لە ژێر کاریگەری تەواوی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیە کە شوناسی کۆمەڵگا دیاریدەکا. بەو پێیە لە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جۆری میکانیکی، ئابووری جوتیاری یان کشتوکاڵی و کارە دەستییەکان، ئاستی نزمی فێرکاری، کەلتووری نەریتی و هتد ناکرێ چاوەڕوانی سیستەمێکی ئاڵۆز و گشتگیر بکەین. ئەگەر سیاسەت بە دیاردەیەکی جمکی کۆمەڵگا بزانین کە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی بچووك، وەك پارێزەر و بەرجەستەبوونەوەی شوناسی ئەو بەدیدێ، لەم حاڵەتەدا رەنگە سیستەمی سیاسیش لە تاکێك واتە سەرۆکی خێڵ یان ریش سپی بنەماڵەیەکی گەورە و چەند کەس لە نزیکەکانی ئەودا کورت بکرێتەوە. هەر ئەو سیستەمە لە وڵاتێکی گەورە و پیشەسازیی ئەمڕۆییدا، بە شێوەی دەزگایەکی ئاڵۆز بە فرەچەشنی و جیاکردنەوەی پێکهاتەیی دەردەکەوێ.

بە گشتی دەکرێ دوو جۆر پێکهاتەی سەرەکی لێك جیا بکرێنەوە: یەکیان پێکهاتەی ساکار و ناپسپۆڕی کە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا دەبینرێ و تێیدا ئەرکەکان و ئۆرگانەکان لێك جیاکراونەتەوە و پاژەکانی پێکهاتە و کەسانێك کە دەور دەگێڕن پسپۆڕییان نییە و لە ئاکامدا جیاوازییان لەگەڵ باقی بەشەکان دەرناکەوێ، کەلتووری سیاسیش لە جۆری کوێرکوێرانە و بەستراوەییە. جۆرەکەیتر، پێکهاتەی ئاڵۆز، فرەچەشن، جیاکراوە، پسپۆڕی و بەدەزگابووە کە لە کۆمەڵگای پیشەسازی و تەیار بە کەلتووری سیاسی بەشداریکەرانەدا پێکدێ.

لە شیکردنەوەی پێکهاتەی سیاسیدا دەبێ سەرەتا سەرنج بدرێتە رێکخستنی هێزەکان و بڵاو، یان کۆکردنەوەی دەسەڵات، پاشان بنیات و رێکخراوەکان لە لایەك و کەسانێك کە دەورگێڕن لە لایەکیترەوە بکەونە بەر سەرنج.

١- دەسەڵاتی سیاسی: دەسەڵاتی سیاسی گرنگترین پێوانەیە کە دەتوانێ چییەتی و جۆری پێکهاتەی سیاسی روونبکاتەوە و ئەوە خاڵی هاوبەشی تەواوی تیۆرییە سیاسییەکانە. چ ئەو کەسانەی کە وەك هانا ئارێنت دەسەڵات بە هی هەمووان و سیاسەت بە بیاڤی لێك تێگەیشتن دەزانن، چ ئەوانەی کە وەك ماکس ڤێبەر دەسەڵاتی سیاسی بە هی گرووپێك دەزانن کە بە هەر جۆرێك و هەر نرخێك توانیویانە پاوانی بەکارهێنانی توندوتیژیی رەوا لە چوارچێوەی

سەرزەوییەکی تایبەت بەدەستبێنن. سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا بە سێ شێوە وێنا دەکرێ. یەکیان کۆکردنەوەی تەواوی دەسەڵات لە دەستی تاکێکدا، ئەویتر بڵاوکردنەوەی بەرتەسکی دەسەڵات لە نێوان تاقمێکی تایبەتدا و سێهەمی بڵاوکردنەوەی تەواوی دەسەڵات، دیارە دەبێ بگوترێ کە هیچکات ناکرێ شێوەیەکی پاڵاوتە لەم سێ جۆرە بەدەستەوە بدرێ. کاتێك کە دەسەڵات بە تەواوی لە دەستی کەسێکی وەك نادرشا دا کۆبۆتەوە، دیسانیش کەسانێك هەن کە ئەو بە شێوەیەکی بەرتەسك دەسەڵاتیان لەگەڵ بەش بکا، یان لە سیستەمێکی فێیۆدالیدا بنەماڵەی نەجیبزادەکانیش لە دەسەڵاتی سیاسیی شا دا شەریك بن. لە وەها دۆخێکدا پێکهاتەی سیاسی داخراو و رێ تێنەچوو و رەقە کە بە شێوەی خۆسەری، سەرەرۆیی، تیرانی و رەنگە جۆرێکیش سەرەرۆیی خێرخوازانە خۆ دەردەخا. بەڵام زیاتر دامەزراوە بەهێزەکانی وەك چینەکان و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان لە تەنیشت شا دەبینین. لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی بەرتەسکدا، تاقمێك لە چوارچێوەی ئاغاواتی (ئەریستۆکراسی) یان ئۆلیگارشیدا دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن. ئەم گرووپە رەنگە بچێتە ژێرباری هاتنە ژووری بەرتەسکی کەسانێکیتر بۆ بیاڤی سیاسی و ئەگەری ئەوەش هەیە کە دەرگاکان بە تەواوی بەسەر بێگانەکاندا داخەن. لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی تەواودا شاهیدی رژیمێکی دیموکراتیك دەبین کە تێیدا دەسەڵات هی تاکەکانی خەڵکە. بەڵام ئەوەی دیاریکردنی بارودۆخەکە دژوار دەکا جیاوازی نێوان ناو و ناوەرۆکە. ناتوانین هیچ کۆمەڵگایەك بدۆزینەوە کە تێیدا خەڵك بەو جۆرە کە لەباری حوقووقییەوە یەکسانن لەباری سیاسی و دەسەڵاتیشەوە لە یەك رِیزدا بن. بۆیە دەبێ هەر کۆمەڵگایەك بە جیاواز و بێ لەبەرچاوگرتنی رووکەش و ئەو نازناوەی کە لەباری سیاسییەوە لەخۆی ناوە بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەی ورد. ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانە یەکێك لەسەرنجراکێش ترین و ئاڵۆزترین جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسین. ئەدەبیاتی سیاسی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم کە لە مارکسیستەوە وەرگیراوە بە شێوەیەکی بەرچاو رووی کردۆتە شیکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا. لە لایەکی ترەوە دەبێ هەمیشە لە نێوان ناوەندە فەرمییەکانی دەسەڵات وەك دەوڵەت، حیزبەکان و هتد لە لایەك و ناوەندە نافەرمی و شاراوەکانی دەسەڵات وەك گرووپە دەستڕۆیشتووەکان لە لایەکی ترەوە جیاوازی دابنێین. ئەمرۆ بنەواشەی جیاکردنەوەی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان سێ دەسەڵاتی سەرەکیدا جێی رەزامەندی هەموانە و وەك رێکارێك بۆ خۆپاراستن لە کۆکرانەوەی دەسەڵات بەکاردێ، بەڵام ئەم بنەواشەیە بە تەنیایی وەڵامدەر نییە .



بنەواشەیەکیتر کە لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆتە بەر سەرنج، سەربەخۆیی رێژەیی بەشە کۆمەڵەکان(زیرمجموعه) یان بەشەسیستەمەکانی سیستەمی سیاسییە.

هێمای سیستەمەکانی ئەمرۆ دەتوانین بەمجۆرە بکێشینەوە :




١. پاوانخوازی زێدەرۆ (یەکیەتیی سۆڤیەت)
٢. پاوانخوازی کۆنەپارێز (ئەڵمانیای نازی)
٣. دەسەڵاتخوازی کۆنەپارێز (ئیسپانیای فرانکۆ)
٤. دەسەڵاتخوازی نوێخواز (برازیلی دەیەی ٦٠ )

٢- بنیاتەکان و رێکخراوەکان. بنیاتەکان یەکێك لە ئاڵۆزترین دەرکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین، چونکە لە بیرەوەری جڤاتی سەرچاوە دەگرن و بە گوێرەی پێداویستییەکان بە درێژایی مێژوو پێکدێن. نابێ بنیاتەکانمان لەگەڵ رێکخراوەکان لێ تێکبچێ. هەندێك لە بنیاتەکان لە رێکخراو و تەشکیلاتێکی بەرچاوەکی و هەمیشەییدا بەرجەستە دەبنەوە و هەندێکی تر حاڵەتی دەرهەستیی خۆیان دەپارێزن و لەخۆ نواندنگەلێکی برگەییدا بەرجەستە دەبنەوە. ﴿هەر بنیاتێك چ زەماوەند، کلێسا، سوپا یان پەرلەمان لە پلەی یەکەمدا پێناسکاری کۆمەڵێك لە کردەوەکان، ئەرکەکان، داب و نەریتەکان و رێسا رەفتارییەکانی نێوان تاکەکانە. بەڵام رێکخراوێك، کۆمەڵێك لە باوەڕەکان و گومانەکانی تایبەت بەم کردەوانەشن ماناکانی خۆیان دەناسێنن و، پاساو بۆ خۆیان دێننەوە. لە ئاکامدا بەو لایەنە دوانەیەیە،کە دەتوانین بنیات دەرکبکەین﴾.[65] لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا جیاوازی دانان لە نێوان بنیاتە کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسییەکان ئاسان نییە، بەڵام لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بنیاتە سیاسییەکانی وەك سەرۆك کۆماری، پەرلەمان، هەڵبژاردنەکان،

65- Lagroy, Jacque; Socilogie politique; p. 151.

حیزبەکان و هتد، بەتەواوی لایەنی پسپۆڕی و سیاسییان هەیە . بوونی بنیاتە فرەچەشن و جیاوازەکان لە بوونی ڕێکخراوەکاندا، یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکانە. هیچ سیستەمێك بێ بوونی بنیاتەکانی تایبەت بە خۆی توانای درێژەدانی بە ژیان نییە. بۆ وێنە ناکرێ ئیدیعای سیستەمێکی دیموکراتیك بکەین بەڵام خۆمان لە بوونی هەڵبژرادەکان، پەرلەمان و بنیاتەکانیتر کە دەربڕی ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی خەڵکن بەبێ منەت بزانین.

هەروەك ئاماژەی پێکرا، ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراو لە ئاڵۆزی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ سەرچاوە دەگرێ و پێویستی بە خێرایی و زیاترین کارامەیی و کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوە و ئیمکانات هەیە. گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی هەمان دەزگای ئیداری دەوڵەتییە کە بە هۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لەگەڵ سیستەمی سیاسی هەیەتی هەندێك کەس لەگەڵ دەوڵەت یان سیستەمی سیاسی لێیان تێکدەچێ. پەرلەمان بنیاتێکە کە بە ڕێکخراوێکیش تەیارە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتی دەرەوە تەنیا ڕێکخراوێکن. ڕێکخراو ئامرازێکە کە ڕێگە بۆ کردەوە و چاودێری سیاسی خۆشدەکا، بە واتایەکیتر، بەڕێوە بردنی ئەرکە سیاسییەکان کە فەلسەفەی بوونی ئەم سیستەمانەیە بە کارامەیی ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە بەستراوەتەوە.

ڕێکخستنە ئیدارییەکان لە کۆنەوە جێی سەرنجی دەسەڵاتداران بوونە. ئێران و چین لە کۆنترین کۆمەڵگاکانن کە تێیاندا تەشکیلاتێکی ئیداری ئاڵۆز، ژیانی سیاسی ڕێکخستووە . دابەشکارییە وڵاتییەکانی هەخامەنشییەکان (ساتراپی) و سیستەمی چاودێری بە سەر کردەوە دەوڵەتییەکاندا (چاو و گوێی شا یان پشکێنەرانی دەوڵەت) ئەوە دەگەیەنێ کە وڵاتێکی پان و بەرینی وەك ئێران جگە لە ڕێگەی تەشکیلاتێکی یەکگرتووی ئیدارییەوە نەبێ بەڕێوە ناچێ. نووسراوە گڵێنەکانی تەختی جەمشیدیش نیشاندەدا کە لە ڕۆژگارێکدا کە کۆیلەیی و بێکاری لە جیهاندا باو بووە ئەو کرێکار و سەرکرێکارانە کە لە سازکردنی بینای تەختی جەمشید دا کاریان کردووە چ ئێرانی و چ بیانی هەقدەستی دیاریکراویان هەبووە. بەڵام دەقە سیاسییەکانی ئەمڕۆ، زیاتر دەڕواننە دەزگای ئیداری و ڕێکخراوەیی کە لە ئەورووپای پاش ڕێنسانس(بووژانەوە) دا بەرەبەرە پێکهات و وەك ماشێنێکی ناکەسێتی لێهات. زاڵبوون بەسەر ئەو دەزگایەدا یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی ململانێ سیاسییەکان پێکدێنێ. ئەمڕۆ وێناکردنی دەوڵەت بێ دەزگای ئیداری وەك شتێکی ئەستەم دێتە بەرچاو.

٣- بەشەکۆمەڵەکانی سیستەمی سیاسی . تیۆریی سیستەمەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە کە دابەشبوونی بێکۆتایی قبووڵدەکا. بەو مانایە کە دەکرێ سیستەمێکی سیاسی هەتا بێکۆتایی بە



سەر بەشەسیستەمەکاندا دابەش بکرێ. بۆ وێنە سیستەمی حیزبی خۆی بە یەکێك لە بەشە سیستەمە سیاسییەکان دەژمێردرێ. "بولاتسکی" ئاماژە بە چوار توخم لە توخمەکانی پێکهێنەری سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا دەکا کە بریتین لە: ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەها سیاسییەکان، پەیوەندییە سیاسییەکان و ئاگاداریی سیاسی. گرنگترین بەشەکۆمەڵەی سیستەمە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا سیستەمی حیزبییە کە بریتییە لە کۆمەڵی حیزبە سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان. سیستەمی حیزبی دوایین قۆناغی پەرەسەندنی سیاسی لە ڕۆژئاوادایە کە پردێك لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی سیاسیدا ساز دەکا و پاش دەوڵەت زیاترین بەش لە ژیانی سیاسی بە خۆی تەرخاندەکا. سیستەمی ئیداریش بە یەکێك لە بەشەکۆمەڵەکانی تری سیستەمی سیاسی دەژمێردرێ کە تەنانەت لەسەر سروشتی دەوڵەتیش بێ کاریگەری نییە. بۆ وێنە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەی فێدراڵ یان سەنتراڵ و چۆنیەتی پەیوەندیی ناوەند لەگەڵ ئەیالەت و ویلایەتەکان پەیوەندی بە سروشتی حکوومەتەوە هەیە و، کاریگەری لێوەردەگرێ و کاریگەری لەسەر دادەنێ. سیستەمی یاسادانانی کۆمەڵگا، پێکهاتوو لە پەرلەمان و شووڕا هەرێمی و ئەیالەتییەکان کە شێوەی بەشداری خەڵك دیاریدەکەن بەشێکیتر لە بەشەکۆمەڵەکانی سیستەمی سیاسین. ئەوەی کە پەرلەمان یەك مەجلیسی بێ یان دوو مەجلیسی، شووڕاکانی شار و دێ سەربەخۆ بن یان لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا بن، یان هەر لە بنەڕەتدا ئەم شووڕایانە هەبن یان نەبن نیشانەی ڕادەی دیموکراسی و مەیلی دەوڵەت بە دابەشکردن یان کۆکردنەوەی دەسەڵاتە. سیستەمی چاودێری، وەك پشکنین، وەرگرتنی زانیاری و پێشگیری لەسەرپێچییەکان و دەیان سیستەمی تر دەتوانین ناوبەرین کە بە بەشێك لە بەشە سیستەمی سیاسی دەژمێردرێن و دەبێ بە شێوەی بابەت بە بابەت بکەونە بەر لێکۆڵینەوە.

## ٢- ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی:

سیستەمی سیاسی ڕۆڵ و ئەرکگەلێك بەڕێوە دەبا کە تایبەتی خۆیەتی. لە پلەی یەکەمدا ئەرکی سیستەمی سیاسی ئەوەیە کە تەکوز لە ناو خۆ دابمەزرێنێ، پاشان لە بەرامبەر دەستدرێژی دەرەکیدا بەرگری لە تەواوەتیی کۆمەڵگا بکا. دەبێ لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسیدا جیاوازی دابنێین و بە پێی بایەخەکەیان دەستەبەندییان بکەین. "بورلاتسکی" کردەوەکانی سیستەمی سیاسی بەمجۆرە دێنێتە بەر باس: دیاریکردنی ئەرکەکانی کۆمەڵگا" ئامادە کردنی بەرژەوەندییەکان" یەکتا کردنی تەواوی توخمەکانی کۆمەڵگا {تێهەڵکێشانی کۆمەڵایەتی}"

ڕەوایی، واتە گونجاندنی ژیانی سیاسیی بەکردەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ بەها سیاسییە فەرمی و یاساییەکان.[٦٦] بەڵام بە باوەڕی ئێمە بنەڕەتیترین ئەرکی سیستەمی سیاسی، ئەو ئەرکەیە کە فەلسەفەی بوونی لەسەر دامەزراوە. تەواوی بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەریکی چالاکییەکانی تایبەتی خۆیان دەبن بەڵام سیاسەت ئەرکی دامەزراندنی تەکووزی، دادوەری و هاوئاهەنگ کردنیان بە مەبەستی گەیشتن بە «قازانجی گشتی»، یان بەرژەوەندیی گشتی لە ئەستۆیە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە سیستەمی سیاسی کارایی پێویستی هەبێ و چاودێرییەکی ورد بەسەر دەوروپشتی خۆیدا بکا. دەتوانین ئەم کاراییانە بەم چەشنەی بنەوە کورت بکەینەوە:[٦٧]

ـ کارایی چاودێری، واتە توانای چاودێری و هاوئاهەنگ کردنی ڕەفتاری تاکەکان و گرووپەکان لە هەموو ڕێگەیەکی شیاو، بۆ وێنە ڕێگە ئیدارییەکان و دانانی یاساکان. سروشتییە کە سیستەمی سیاسی دەبێ خۆ لە توندگرتنە نابەجێیەکان ببوێرێ و چاودێری خۆی بۆسەر بیاڤی ژیانی تاکەکان تەشەنە نەدا بەڵکو تەنیا لە ئاستی ئەرکەکانی خۆیدا هەڵسوکەوت بکا. جیاوازیی دەوڵەتە پاوانخوازەکان و دیموکراتیکەکان لە شێوەی چاودێرییەکەیان دایە.

ـ کارایی کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکان. کەڵك وەرگرتنی سیستەمی سیاسی لەسەرچاوەکان بۆ پاراستنی خۆی و بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیەتی، پێویستە. ئەم سەرچاوانە بە دوو دەستەی سروشتی و مرۆڤی دابەشدەبن. یەکێك لە ماناکانی بێهێزی ئەوەیە کە مرۆڤ نەتوانێ لەو بەخشیشانەی کە خوا یان سروشت پێیان بەخشیوە کەڵکی پێویست وەرگرێ. هەر بەو هۆیە دەتوانین تەواوی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە بێهێز و لاواز وەسفبکەین، چونکە توانای کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکانی خۆیانیان نییە. لەوە گرنگتر سەرچاوەکانی هێزی مرۆڤییە کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بایەخی پێنادرێ. لە ڕاستیدا کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوە سروشتییەکان بەستراوەتەوە بە بوونی هێزی مرۆڤی. سەرنج نەدانی بەرپرسانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتانە تاقمێکی زۆر لە تاکە کارامەکانی خۆیان لەدەستبدەن. هێزی مرۆڤی ناکارامە و نەبوونی تاکی ژیر و وشیار لە بەشی سیاسەت دانانی دەرەکی ئەم وڵاتانەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن.

٦٦- بورلاتسکی، فیودر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

٦٧- مستخرج از کتاب ژرار شوارتزنبرگ ( Sociologie politique)، ص ١٤٠ – ١٤٣.



ــ کارایی بڵاوکردنەوە یان توانای بڵاوکردنەوەی دروست و گونجاوی کەلوپەلەکان، خزمەتگوزارییەکان و شانازییەکانی نێوان تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان . دەوڵەت نەك هەر نابێ ئامرازی دابینکردنی ئامانجەکانی چینێك بێ، بەڵکو دەبێ سەروەت و سامان و ئیمکاناتەکەش هاوسەنگ بکا. داخوا دەکرێ کاتێك کە شەڕ روو دەدا بە خەڵك بگوترێ کە هەموو دەبێ بە شێوەیەکی بەرامبەر بەشداری لە شەڕدا بکەن بەڵام کاتی دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی ڕێوشوێنێکیتر بگرنەبەر؟. ئەمڕۆ سیستەمی دراوی ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی گونجاوی سامانەکاندا هەیە. داهاتانە و دانی سوبسید بە ئەندامانی کەم داهاتی کۆمەڵگا یەکێك لە ڕێگاکانی بڵاوکردنەوەی گونجاوی سامانە. لەبەرچاوگرتنی پیشە پڕ مەترسی و پڕزەحمەتەکان یان بایەخدان بەو لقانەی کە خزمەتگوزارییەکی زیاتر پێشکەشی کۆمەڵگا دەکەن لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا دەگونجێن. بۆ وێنە داهاتە بەرچاوەکانی بەشی دەلاڵی لە ئێراندا زۆربەی خزمەتگوزارەکانی بێهیوا و ناڕازی کردووە، هەر بەو چەشنەش تەرخانکردنی بەخشیشە دەوڵەتییەکان بەو توێژانەی کە زیاتر بوونەتەوە باڵی ئەستۆی کۆمەڵگا و بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی گشتی.

- کارایی وەڵامدەری کە توانای سیستەمی سیاسی لە بەرامبەر هاندانەکانی دەوروپشت و داواکارییە سەرچاوەگرتووەکان لە تاکەکان و گرووپەکان نیشاندەدا. هەندێك لە سیستەمەکان لە بەرامبەر داواکارییەکانی دەوروپشتدا پەرچەکرداری خێرا و گونجاو نیشاندەدەن و بەشێکیتر لە بەرامبەریدا هیچ نەرمییەك لەخۆ نیشانادەن. ئەم شتە پەیوەندیی بە کەلتووری سیاسی، جۆری ڕژێم و بایەخی تاك لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

- کارایی هێمایی (سیمبۆلیك)کە لە وروژاندنی هەستەکان و بەدیهێنانی هاوپەیوەندیی نێوان خەڵکدا زۆر بەسوودە. وەك بەبیرهێنانەوەی شانازییە نەتەوەییەکان و پێداگرتن لەسەر بەهاکان، ئەفسانەکان و جەژنەکان. ئەگەر سیستەمێك ئەم کاراییانەی هەبێ ئینجا روو دەکاتە ئەرکەکانی هاتوو (ورودی) و دەرچوو (خروجی)، کە بە باوەڕی ئالمۆند و پاول بریتین لە:

**هاتووەکان:**

- دەربڕینی خواست و بەرژەوەندییەکان بە شێوەی کۆمەڵە، بەو مانایەی کە کەناڵی باوەڕپێکراو هەبن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە تاکەکان و گرووپەکان بتوانن خواستەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە و بە گوێی بڕیاردەرانی بگەیەنن. ئەم ئەرکە زیاتر لە لایەن گرووپە دەستڕۆیشتوو و سینفییەکانەوە بەڕێوەدەچێ.

- کۆکردنەوەی بەرژەوەندی و خواستەکان لە چوارچێوەی رێکارێك و دروشمێکی بنەڕەتی و سیاسیدا کە زیاتر کاری حیزبە سیاسییەکانە. لە راستیدا داواکاری بە شێوەی سیاسەتێکی گشتی پێشکەش دەکرێ و لەخۆگری خواست و بەرنامە درێژخایەنەکانی گرووپە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگایە.

**دەرچووەکان:**

- دانانی یاساکان بە مەبەستی بوونی بەرنامەیەکی کارایی نەگۆڕ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و رێکوپێك کردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگا و پەیوندییەکانی تاکەکان بەیەکەوە. (دەسەڵاتی یاسادانان)
- رێکارەکانی بەڕێوەبردنی یاساکان یان چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان لە رێگەی پەسند کردنی بەرنامەی کار و ئایین نامە پێویستەکان و هتد. (دەسەڵاتی دادپەروەری)
- بەکارهێنانی بەکردەوەی یاساکان یان بەڕێوەبردنیان لە کۆمەڵگادا (دەسەڵاتی بەڕێوەبەری)
- پێکگەیشتنە سیاسییەکان یان دانوسانی زانیارییە سیاسییەکان لە نێوان دەسەڵاتداران و ژێردەسەڵاتەکانەوە و سازکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پەیوەندییە سیاسییەکان.

ئەم ئەرکانە کە رەوتی سیاسی کۆمەڵگا گەرەنتی دەکەن بەسەر سێ دەستەدا دابەشدەبن، یان بە واتایەکیتر سێ ئاکامیان لێدەکەوێتەوە. یەکیان کردەوەی گۆڕین کە خواستە جۆراوجۆر و فرەچەشنەکان بۆ بڕیارە سیاسییەکان دەگۆڕین، ئەویتر کردەوەی خۆگونجاندن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی خۆی لەگەڵ وەرچەرخانەکانی شوێنکار هاورێ و هاوئاهەنگ بکا و سەرەنجام کردەوەی لەگەڵ خۆگونجاندن یان هاورێ کردنی دەوروپشتی سیاسی لەگەڵ خۆ کە ببێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی کاریگەریی پێویستی خۆی لەسەر دەوروپشت دابنێ و بەرلە ساز بوونی مەودای نێوان سیستەمی سیاسی و دەوروپشت بگیرێ. جگە لەوە سیستەمی سیاسی بەرەبەرە لە دەوروپشتی خۆی غافڵ دەبێ و دوور کەوتنەوە لە شوێنکاری کۆمەڵایەتی بە مانای لەدەستدانی بناغە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانە کە یەکەمین ئاکامەکەی لەناوچوونی رەوایی و سازبوونی قەیران، دواجار بەبادا چوونی سیستەمی سیاسییە.



## بەشی دووهەم
## دەوڵـــــەت

دەوڵەت بە گەورەترین بنیات، رێکخراو، دەورگێڕ و گرنگترین بناغەی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگایەك دەژمێردرێ.

بایەخ و گشتگیری دەوڵەت بە رادەیەکە کە هەندێك لە توێژەران، زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسییان بە زانستی لێکۆڵینەوەکان لەسەر دەوڵەت و مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەوەوە زانیوە. ئێمە وەها گریمانەیەك بەو هۆیانەوە کە لە پاری یەکەمدا باسمانکرد بە ساکارزانین و بەرتەسك کردنەوەی جیهانی سیاسەتمان زانی، رەت دەکەینەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بایەخی دەوڵەت وەبەرچاو نەگرین . دەوڵەت بە پێی بارودۆخی هەر کۆمەڵگایەك لە نێوان ٥٠ هەتا ١٠٠ لە سەدی ژیانی سیاسی لەخۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە و هەتا ئێستا تیۆریگەلێکی زۆر لەمەڕ بنەماکان، شێوەکان، کردەوەکان و چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و ناوەرۆکەکەی پێشکەشکراوە. بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا زیاتر جۆرێك کۆمەڵناسیی دەوڵەت و پێگەی دەوڵەت لە سیستەمی سیاسیدایە، دەوڵەتێك کە بە باوەڕی زۆربەی توێژەرانی زانستی سیاسەت دیاردەیەکی نوێیە کە شوێنی جوگرای سەرهەڵدانەکەی ئەورووپای رۆژئاوا و جێگە مێژووییەکەی سەردەمی نوێ و پاش فیۆدالیتەیە.

### ١- پێکهاتنی دەوڵەتە نوێیەکان:

هەروەك ئاماژەی پێکرا شوێنی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نوێیەکان ئەورووپای رۆژئاوا بوو کە دەبێ هۆیەکەی لە مێژوو و جوگرافیای ئەو سەرزەوییەدا بدۆزینەوە. "پێری ئانرسۆن" پێکهاتەی چەقبەستووی فیۆدالیتەی ئەورووپای رۆژئاوای وێڕای زۆر هۆکاری تایبەت کە لە مێژوو و کەلتووری ئەم سەرزەوییەدا هەبووە وەك حوقووقی رۆم (لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی حوقووقی گشتی و تایبەتی) بە هۆی سەرەکیی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و تێپەڕین لە فیۆدالیتەوە بەرەو دەوڵەتی رەها دەناسێنێ.[٦٨] لە حاڵێکدا کە ڤالێرشتاین پێ لەسەر هۆکاری

68 Anderson, Perry; L'Etat absolutiste; Paris, Maspero, 1977. tom 1. 2.

ئابووری دادەگرێ و پێیوایە لەسەردەمی بەجیهانی بوونی بازرگانی و پێکهاتنی سەرمایەی بازرگانیدا، ئەوروپای رۆژئاوا بە هۆی دەستڕاگەیشتن بە دەریاوە بوو بە بەستێنی گونجاوی سەرمایەداری. بە باوەڕی ڤالێرشتاین پێویستییەکانی سەرمایەداری بە تەنیا دەتوانن روونکەرەوەی دابەشکردنی کاری نوێی نێونەتەوەیی و جێگیربوونی دەوڵەت ـ نەتەوە لە جیاتی پێکهاتەکانی فێیۆدالی و ئیمپراتۆری لە حاڵی هەڵوەشاندندا بن.[٦٩]

بەڵام لە باری بابەتییەوە دوو وەرچەرخان لە بنەما تیۆریکەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دوو سەدەی کۆتایی سەدە ناوەڕاستەکاندا یارمەتییەکی زۆری بە پێکهاتنی دەوڵەتی رەها گەیاند کە یەکەمین قۆناغی پێکهاتنی دەوڵەتە نوێیەکان بوو. لە رەهەندی تیۆریکەوە پرەنسیپی دووفاقێتی یان جیایی بیاڤی ئایین و مەزهەب لە یەکتر (تیۆریی دوو شمشێر) لە سەدەی سێزدەهەمی زایینی و سەدەکانی دواتردا بوو بە هۆی ئاوەڵە بوونی دەستی ئیمپراتۆر لە کارە دنیایی و سیاسییەکاندا. "سن توماس داکن" پێویستیی شاری دنیایی و بوونی تەکووزی سیاسی لە دەرەوەی بیاڤی ئایینیدا لە هەمووان باشتر شیکردۆتەوە. ئەم راشکاوییە کۆتایی بە چەند سەدە کێشە و مشتومڕی نێوان پاپ و ئیمپراتۆرەکان هێنا و بواری بۆ کۆکرانەوەی دەسەڵات لە دەستی پاشادا خۆشکرد. کۆمەڵێ ئەدەبیاتی سیاسی ـ ئایینی لە دوو سێ سەدەی کۆتایی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەشێك لەسەرنجڕاکێش ترین دەقەکانی هزری سیاسییە کە دەتوانین ناوی کەسانێکی وەك "گیوم دێکام"، "سن توماس داکن"، "مارسیل دوپادۆ" و "مانگۆلد دولوتنباخ" لەسەرروویاندا ببینینەوە.[٧٠] وێڕای ئەم وەرچەخانە، ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بوون بە یارمەتیدەری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە کاکڵی دەوڵەتە نوێیەکان بوو. ئەم قەیرانانە لە لایەك پەیوەندی بە کێشەی نێوان فێیۆدالەکان و داوای نێوبژیوانی کردن لە پاشاوە هەبوو، لە لایەکیترەوە بە هەڵاتنی جووتیاران و پەنابردنی دەسەڵاتە فێیۆدالەکان بۆ شا بە مەبەستی بەرگری لەم بارودۆخە. شا کە هەم لە بوارە فیکرییەکان کەڵکی وەردەگرت و هەم لەو قەیرانانە، توانی دەسەڵاتی خۆی بەربڵاوتر بکاتەوە و بەرەبەرە دەسەڵاتە هەرێمییەکان بەرتەسك بکاتەوە.[٧١] پاشا لەمەودا روویکردە هێزگەلێکی نوێ کە پێگەی کۆمەڵایەتییان نەبوو. ئەم هێزانە کەسانێك بوون کە ماکس ڤێبەر بە توێژە

69- Wallerstein, I.; The Modern World System; New yOrk, Academic Press. 1976.

٧٠- بدیع، برتران، فرهنگ و سیاست، ص ١١٢ - ١٢٨

٧١- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨ — ١٣٨.



سەربەخۆکانیان ناو دەبا و ئەوان بە بنەمای دەزگای ئیدارییی نوێ دەناسێنێ[٧٢] کە لە پاری پێشوودا ئاماژەمان پێکرد.

ئەو دەوڵەتە رەهایەی کە لەسەر ئەم بنەمایە پێکهات لە لایەك روویدەکردە هاوچەشن کردنی کۆمەڵگا و لە لایەکیترەوە بە دەزگایەکی ئیداری سەربەخۆ و تەیار دەبوو. قۆناغی دووهەمی دەوڵەتە نوێیەکان بە بەشداریکردنی دەوروپشت لە بڕیاردانەکان و دیاریکردنی نوێنەرانی خۆیان وەك چاوەدێرانێك کە چاودێری بە سەر کاری دەوڵەتدا دەکەن دەستیپێکرد. درێژەی ئەم دۆخە سێهەمین قۆناغی پەرەسەندنی سیاسی لێکەوتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی حیزبیدا بەرجەستە دەبۆوە.

خاڵێك کە لە مێژووی دەوڵەتی نوێدا نابێ لەبیر بکرێ ئەوەیە کە ﴿کۆمەڵێك لە هەلومەرجەکان لە بڕگەیەکی زەمەنی تایبەتدا، هاوکات ئەگەر و پێویستیی پێکهاتنی دەوڵەتیان پێکهێنا. بەڵام ئەم هۆکارانە بەتەنیا نەبوونە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت، بەڵکو دەبێ ئەو شێوە بیرکردنەوە تایبەتەش کە لەهەمبەر دەسەڵاتی سیاسی پێکهات، پێیەوە زیاد بکەین. ئەم دۆخە دەروونییە، بورای بەدەزگابوونی دەسەڵاتی سیاسیی پێکهێنا﴾.[٧٣]

دەوڵەتی ئەوروپایی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە بەرەبەرە لە رێگەی داگیرکەری و لاسایی کردنەوەی کۆمەڵگاکانی دیکەوە، پێی نایە رێگەی بە جیهانی بوونەوە. سروشتییە رۆڵی سەرمایەداری لە بە جیهانی بوونی دەوڵەتی ئەوروپاییدا زۆر گرنگ بوو. ئەمڕۆ تەواوی وڵاتانی جیهان زۆر و کەم بە لاسایی کردنەوە لە رۆژئاوا روویان کردۆتە قبوولکردنی بنیاتە سیاسییەکانی رۆژئاوا و شێوەیەك لە دەوڵەتی رۆژئاوایی کە لەگەڵ کۆمەڵگاکانیان گونجاوترە. لایەنی کارکردی ئەم دەوڵەتانە هۆکاری سەرەکیی قبوولکرانیان لە لایەن کۆمەڵگاکانی ترەوەیە.

**٢- جۆرەکانی دەوڵەت:**

جۆرە جیاوازەکانی دەوڵەتە نوێیەکان کە لەسەرەتاوە هەتا ئێستا پێکهاتوون، دەتوانین بە پێی مێژوو بەوجۆرە بناسێنین:

٧٢- وبر، مارکس، دانشمند و سیاستمدار، ص ١٠٠ — ١٠٤.

73- Burdeau, George; L'Etat; pp. 32-33.

١- دەوڵەتی ڕەها.﴿چەمکی دەسەڵاتدارێتی ڕەها چەمکی بنەڕەتی و تەوەری تیۆریی دەوڵەتی ڕەهایە. گرنگترین تیۆریداڕێژانی جێی باس لەو بارەوە ژان بۆدێن و تۆماس هۆبزن﴾.[٧٤] ﴿"ئا.جی. کارلایل" و "ئار.و. کارلایل" گوتوویانە پرەنسیپی بنەڕەتی تیۆریی بۆدێن ئەوە بوو کە دەبوایە لە نێو دەوڵەتدا جێگەیەك بۆ ئۆتۆریتەی سەرەڕۆ و تەواو هەبێ﴾.[٧٥] هەروەك کە لە ناوەکەیرا دیارە، دەوڵەتی ڕەها دەرکەوتەی دەسەڵاتدارێتی تەواو و ڕەها بوو کە دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ هیچ هێزێکیتر دابەش نەدەکرد. نموونەی بەرچاوی ئەم دەوڵەتانە، دەوڵەتی لویی سێزدەهەم و لویی چواردەهەم لە فەرەنسا بوو و هەروەك باسمانکرد ئەرکی ئەم دەوڵەتانە، یەکسان کردنی دەوروپشتی کۆمەڵایەتییە. کۆکرانەوەی تەواوی دەسەڵات، کردەوەی دەوڵەت لە هەر بوارێکیدا مەیسەر دەکرد و پاساوی ئاوەزمەندانەشی ﴿بەرژەوەندیی دەوڵەت﴾ بوو. ئەم دەوڵەتە ناچار بوو پشت بە دەزگایەکی ئیداری هیرارکی و سەنترالەوە ببەستێ کە خۆی بە دەسپێکی سەرهەڵدانی دەزگای ئیداریی ئێستا دەزانرێ.

٢- دەوڵەتە دەستوورییەکان. دەستەواژەی constitutionalism کە لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتە دەستوورییەکان بەکاردێن بە مانای دامەزراندن، هەروەها یاسای بنەڕەتییە. دەسەڵاتی دەوڵەت لە یاسادا بەرتەسك دەکرێتەوە و بیاڤگەلێکی تایبەت لەخۆ دەگرێ. ئەم دەوڵەتە ئاکامی خەباتی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافی چاودێری بەسەر کردەوەکانی دەوڵەتە. ئەم خەباتە لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەستیپێکرد، واتە لەسەردەمێکدا کە دووهەمین قۆناغی پەرەسەندنی سیاسی ئەوروپا دەستیپێکرد و ئاکامەکانی زیاتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت. یاسا بنەڕەتییەکانی، بەلجیکا، فەرەنسا، ئیسپانیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا نیشاندەری پەرەسەندنی بزووتنەوەی دەستووری لە ئەورووپادا بوو.

٣- دەوڵەتی لیبراڵ. مەبەست لە دەوڵەتی لیبراڵ دەوڵەتێکە کە لەسەر بنەمای لیبراڵیزمی ئابووری و سیاسی هەوڵدەدا هەتا ئەو جێیەی دەکرێ دەست لە کاروباری ئابووری و ڕەوتە سیاسییەکان وەرنەدا. ئەو دەست تێوەرنەدانە زیاتر رووی لە کاروباری ئابوورییەوەیە. چونکە لیبراڵیزم لە بناغەرا تیۆرییەکی ئابوورییە بەڵام دەبێ ئازادییەکانی خەڵك و گرووپەکانیش بە فەرمی بناسێ. هەر بەو هۆیە دەوڵەتی لیبراڵ بە جۆرێك لە دەوڵەتی دەستووری دەزانرێ. بەریانی

٧٤- وینسنت، اندرو، نظریه‌های دولت، ص ٨٦

٧٥- هەمان سەرچاوە، ل ٨٧.



بنەڕەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوە بوو کە دەوڵەتەکان هەتا دەکرێ لە دەستێوەردانی خۆیان لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی کەمبکەنەوە. سەرگوڵی ئەم دەوڵەتانە، بریتانیا و بە شێوەیەکی بەرچاو حیزبی لیبراڵی ئەم وڵاتە بوو. بەدوای ئەودا ئەمریکا بوو بە ئاڵاهەڵگری ئەم هزرە و لە ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی زۆری پێ لەسەر ئەوە دادەگرت کە پرەنسیپی لیبراڵیزمی ئابووری وەك یەکێك لە بنەماکانی سیستەمی نێونەتەوەیی و پاڵپشتی ئاشتیی جیهانی بکەوێتە بەر ڕەزامەندی هەمووان.

٤- دەوڵەتی ڕابەری. ئەم دەستەواژەیە تۆزێك قورسە بەڵام کاتێك باس لە دەوڵەتی خۆشبژی دەکرێ، بۆ دەبێ دەوڵەتانێکی کە لە دەیەی ١٩٣٠دا پێکهاتن بە ناوی دەوڵەتە ڕابەرییەکان نەناسرێن، چونکە ئەوانە هەردووکیان شێوەیەك لە دەوڵەتە لیبراڵەکانن. تیۆرییەکانی کینز لە دەیەی ١٩٢٠ دا دەیسەلماند کە یاسای دەرخستن و خواستن بە تەنیایی ناتوانێ کاروباری بازاڕ ڕێکبخا. چونکە ڕەنگە دیاردەیەکی بە ناوی وەستان ـ ئاوسان(stagflation) ڕوو بدا کە بە پێچەوانەی وەستانی نرخەکان هەروا لەسەرێ بمێنێتەوە. ڕێگە چارەی ئەم قەیرانە، دەستێوەردانی دەوڵەت و گرتنەپێشی ڕێگەی ڕابەرییە. بەو هۆیە دەوڵەت بۆی هەیە دەست لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری وەربدا و بەر بە قەیرانە ڕوو لە زیادبوونەکان بگرێ.

٥- دەوڵەتە خۆشبژییەکان(رفاه). ئەم دەوڵەتانە لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕۆژئاوادا پێکهاتن کە لە ڕاستیدا بریتی بوون لە دەوڵەتێکی بەرنامەدارێژ کە بواری خۆشبژیوی هەمە لایەنەی خەڵك پێکبێنێ و بەر بە کۆبوونەوەی سەرمایە لە ناوەند و دامەزراوە تایبەتییەکاندا بگرێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو کۆکردنەوەیە دژایەتییەکی لەگەڵ خۆشبژیوی و بەختەوەری خەڵك نەبێ.

٦- دەوڵەتە نیۆلیبراڵەکان. ئەم دەوڵەتانە بەرهەمی قەیرانە ئابوورییەکانی دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ ن. ئەم قەیرانانە کە وڵاتە پیشەسازییەکانی گرتبۆوە، پێویستیی ڕکەبەرایەتی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا دەهێنا ئاراوە و بۆ ئەو کارە پێویست بوو دامەزراوە تایبەتییەکان دەستبدەنە نوێکردنەوەی پیشەسازییەکانیان. لە ڕاستیدا دەوڵەتە نیۆلیبراڵەکان خاڵی بەرامبەری دەوڵەتە خۆشبژییەکان بوون. تاچیر و ڕێیگان کە پێشەنگی ئەم بزووتنەوانە بوون، دەستی خاوەن کارەکانیان لە کەم کردنەوەی هەقدەستەکان و دەرکردنی کرێکاراندا ئاوەڵا کرد و مالیاتی داهاتی پیشەسازییەکانیان کەمکردەوە.

## ٣- پێناسەی دەوڵەت:

هەروەك گوترا دەوڵەت بریتییە لە بنیاتێك كە بەڕێوەبردنی ئەركە بنەڕەتییەكانی سیستەمی سیاسی واتە بەدیهێنانی تەكووزی ناوخۆ و پاراستنی كۆمەڵگا لە بەرامبەر مەترسییە دەرەكییەكانی لە ئەستۆیە. «دەوڵەتی مۆدێرن هەروەك تالكۆت پارسۆنز پێناسەی دەكا بریتییە لە كاملترین شێوەی سیستەمی سیاسی كە گونجاوترین هەلومەرجەكان بۆ كرداری سیاسیی كارامەی لە بەردەست دایە و وا گومان دەكرێ كە بۆ گەیشتن بە قۆناغی كاملبوونی خۆی پێویستیی بە پەرەسەندنی ئابووری و جیهانخوازی كۆمەڵگا هەیە. دەوڵەت لەم سۆنگەیەوە بە كۆمەڵێك بەها و چۆنیەتییەكان تەیارە كە بە باوەڕی پارسۆنز بە بەشێكی جیانەبۆوەی ئەو دەژمێردرێن. لە پلەی یەكەمدا دەوڵەت دۆخێكی كاركردی هەیە و لە باری مێژووییەوە بە رێگە چارەی ئەو كەم و كورتییانە دەژمێردرێن كە لە رەوتی تێكەڵبوونی كۆمەڵگادا هەبوونە. كەوابوو ناكرێ دەوڵەت بە كارگێڕی ململانێ یان ئامرازی گرووپێكی تایبەت بزانین. جگە لەوەش دەوڵەتی جێی ئاماژەی پارسۆنز دەوڵەتێكی حوقووقییە كە لە پێكهاتنی سیستەمێكی یاساییەوە بەرهەم هاتووە و رەوایی خۆی لە پرەنسیپی دەسەڵاتداریێتی یاسا وەردەگرێ. وەها دەوڵەتێك ناتوانێ شتێك بێ جگە لە دەوڵەتێكی دیموكراتیك كە پەرەسەندنیشی لەسەر بنیاتی پەرلەمان و پرەنسیپی هاوولاتی بوون دادەمەزرێ».[76]

«شیكردنەوەی كۆمەڵناسانەی گشتگیر لە دەوڵەت لەسەر ئەو پێوەرانەی بنەوە دامەزراوە: یەكەم، رۆڵی كۆمەڵایەتیی دەوڵەت" دووهەم، پێكهاتەی رێكخراوەیی دەوڵەت" سێهەم، ماف و دەسەڵاتە هێزەكییەكانی تایبەت بەو لە بەراورد لەگەڵ باقی بنیاتە كۆمەڵایەتییەكان" چوارەم، سروشتی پەیوەندییەكانی دەوڵەت لەگەڵ كۆمەڵگا، چینەكان و خەڵكان».[77] «شیكردنەوەی تێروتەسەلی سیاسیی دەوڵەت و تایبەتمەندییەكانی، پێویستی بە لێكۆڵینەوە لەسەر پێكهاتەی رێكخراوەیی، بڵاوكردنەوەی كاركردەكان لە ناو ئۆرگانە جۆراوجۆرەكاندا، پێكهاتەی نێوخۆیی و یاسامەندیی بزۆزیی بنیاتە دەوڵەتییەكان، رێگەكانی پێكهاتن و دامەزران و سەقامگیری ئایدۆلۆژیی فەرمی و سیستەمی بەهایی بە هۆی دەوڵەتەوە، تاوتوێكردنی رۆڵی ئابووری و سیاسیی دەوڵەت، رۆڵی كۆمەڵایەتیی یاسا، رێكخستن و ئاوێتەی دەزگای ئیداری، رۆڵی گرووپە بچووكەكان لە سیاسەتدا، رەفتاری سیاسیی جەماوەرەكان، هەروەها پێویستی بە

76- Badie, Bertrand Pierre Birnbaum; Sociologie de l'Etat; pp. 58-59.

٧٧- بورلاتسكی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.



لێكۆڵینەوە لەسەر هەندێك لە مەسەلە ئەزموونییەكانی تر هەیە. مەسەلەی شێوەكانی دەوڵەتیش بۆ تێگەیشتن لە پرۆسە گشتییەكان و ئەو سیاسەتە تایبەتییانەی كە لە ئارادان، بایەخێكی تایبەتی هەیە. لە حاڵێكدا كە پەیوەندییە ئابوورییەكان و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كاریگەریی تایبەتیان لە جۆری دەوڵەتدا هەیە. بۆ داوەری كردن لەسەر شێوەی ئەو دەبێ، پێكهاتەی سیاسی، شێوەی حكوومەت و رێكخراوی دەوڵەتی، رژێمی سیاسی و بزۆزییە سیاسییەكان بدەینە بەر لێكۆڵینەوە».[78]

دوو راڤەی جیاواز لە دەوڵەت دەكرێ. یەكیان ئەوەی كە تەواوی ئەو رێكخراوانەی كە بە درێژایی مێژوو كاروباری گشتیی كۆمەڵگای خۆیان لە ئەستۆ بووە بە دەوڵەت ناو دەبرێن كە هەڵبەت لەگەڵ ئەو دەوڵەتە رێكخراو و بروكراتیكانەی ئێستا جیاوازییان هەیە. لە روانگەی یەكەمدا، ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە شێوە و چۆنیەتیی ئەوانەوە  هەیە نەك بە سروشتیان. دەوڵەتی هەخامەنشییەكان ناتوانین بە شتێكی جگە لە دەوڵەت ناوبەرین، هەروەك دەوڵەتە فێیۆدالییەكانی بەرلە سەرمایەداریش شێوەیەكی تایبەت لە دەوڵەت بوونە كە لەگەڵ دەوڵەتەكانی سەردەمی سەرمایەداری جیاوازییان هەبووە. ئەو بۆچوونە بە پێچەوانەی بۆچوونی كەسانێكی وەك "ئاندرو وینسێنت" و "ژۆرژ بۆردۆ"یە كە لایەنگری بۆچوونی دووهەمن و، دەوڵەت بە دیاردەیەكی بە تەواوی نوێ دەزانن كە نابێ لەگەڵ هەر كۆمەڵگایەكی كە لە باری سیاسییەوە رێكخراوە لێمان تێكبچن. وینسێنت دەڵێ:«بەڵگەی ئێمە ئەوەیە كە دەوڵەت دیاردەیەكە كە لەمێژ نییە هاتۆتە ئاراوە و، پێشینەی بۆ سەدەی شازدەهەم دەگەڕێتەوە. ناكرێ باس لە دەوڵەتی یۆنانی یان دەوڵەتی سەدەی ناوەڕاستی بەو مانایەی كە ئێستا لە دەوڵەت دەكرێ، بكەین. بەكارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بەو جۆرە دروست نییە. دەوڵەت جیاوازیی هەیە لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری خێڵێك یان ئیمپراتۆرییەك، ئەگەرچی ئێستا بەكارهێنانی لەو بارانەشدا باوە. كەوابوو دەتوانین كۆمەڵگاگەلێكی زۆر لە ژێر سەردێڕی گوتەزای كۆمەڵگای بێ دەوڵەتدا جێ بكەینەوە».[79] "ژۆرژ بۆردۆ"ش كە لە سیاسەتناسانی ناوداری فەرەنسایە، قامك دەخاتە سەر توخمی بەدەزگا بوونی دەوڵەتە نوێیەكان و دەوڵەت بە «دەسەڵاتی بەدەزگابوو» پێناسە دەكا.[80] بۆردۆ دەڵێ هەر كۆمەڵگایەك كە لە باری سیاسییەوە رێكخرابێ دەوڵەت

٧٨- هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

٧٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

80 Bureau, G.; op. cit.; p. 32.

نییه. ئەم ڕێکخراوییە نیشاندەری بوونی دەسەڵاتە نەك دەوڵەت. کەسانێك کە ڕێکخراوی سیاسی بابل، ماد و پارس وەك دەوڵەت دەناسێنن یا تەنانەت دەسەڵاتی بەکارهاتوو لە لایەن فلان سەرۆك خێڵ لە "ملانزی" یان لە ئەفریقای کەمەرەیی بە دەوڵەت ناو دەبەن تووشی بێهوودەوێژی بوونە.[81] خاڵێکی گرنگ کە بۆردۆ ئاماژەی پێدەکا، توێژەری زانستە سیاسییەکان دەبێ لەبەرچاوی بگرێ، جیاوازیی نێوان دەسەڵات و دەوڵەتە کە لە پاری یەکەمدا باسمانکرد. دەوڵەت یەکێك لە شێوەکانی دەسەڵاتی سیاسییە، نەك تەنیا شێوەی دەسەڵاتی سیاسی. خاڵی دووهەم بە دەزگابوونە. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەسەڵاتی سیاسی لە تاکەوە بە بنیات گەیشتووە.﴿هزری دەوڵەت دەبێ لە چوارچێوەی وەرچەرخان گەلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بکەوێتە بەر لێوردبوونەوە، کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك دەسەڵاتی سیاسی کە لە بەکارهێنەرەکانی جیادەبێتەوە و لە بنیاتێکدا بەرجەستە دەبێتەوە﴾.[82]

لێرەدا دەبێ ماڵاوایی لەگەڵ تەواوی شیکارییە نابنیاتییەکان لە دەوڵەت بکەین. تەنانەت پێناسەی ماکس ڤێبەر کە دەوڵەت بە گرووپێك دەزانێ﴿کە بەکارهێنانی توندوتیژیی فیزیکی لە چوارچێوەی سەرزەوییەکی تایبەتدا بۆ خۆی تەرخانکردوە﴾ ئیعتیباری خۆی لە دەستدەدا، چونکە دەوڵەت بنیاتێکە کە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیەوە دەسەڵاتداریێتی نەتەوەیی بەرجەستە دەکاتەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لە ئەستۆ دەگرێ، بێ ئەوەی لایەنی کەسێتی یان گرووپیی هەبێ. پێناسەی مارکسیستەکان لە دەوڵەتیش لە ژێر ناوی﴿ئامرازی باڵادەستیی چینی باڵادەست﴾ ئەگەرچی لەگەڵ ڕاستیی مێژوویی ئەوڕووپا یەك بگرێتەوە، ئیعتیبارێکی جیهانگیری نییە. ئەوەکە دەوڵەت لە چەند بڕگە لە مێژووی ناوچەیەکدا لە دەستی چینێك دابووە، نابێتە هۆی جیهانگیربوونی ئەم ڕاستییە، هەروەك ڕەنگە لە دەستی گرووپێکی نیزامیشدا بێ. دەوڵەت خۆی بابەتی ململانێی گرووپە سیاسییەکانە و هەر حیزب یان گرووپێك دەیەوێ لە دەستی خۆی بگرێ. بەڵام ئەم شتە پەیوەندی بە سروشتی دەوڵەتەوە نییە کە بمانەوێ ئەو بە ئامرازی بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی ئەو گرووپە بزانین.

خاڵێکی تر کە نابێ لەبیری بکەین، جیاوازیی دەوڵەت لەگەڵ سیستەمی سیاسییە. سیستەمی سیاسیی جڤاتی ئەو هۆ و هۆکارانە دێنێتە بەرچاو کە بە پەیوەندیی نێوان خۆیان گشتێکی بزۆز و وەرچەرخاو بەدیدێنن.

81- Ibid.; p. 21.
82- Ibid.; p. 17.



بەمجۆرە سیستەمی سیاسی بریتیە لە دەوڵەت، حیزبەکان، بنیاتەکان و ڕێکخراوەکان. ﴿ناکرێ سیستەمی سیاسی هەتا ئاستی دەوڵەت نزم بکرێتەوە ... سیستەمی سیاسی جگە لە دەوڵەت زۆر پێکهاتەی سیاسی تریش لەخۆ دەگرێ﴾.[83] لە هەمان کاتدا دەوڵەت گرنگترین بناغە و تۆخمی سیستەمی سیاسی پێکدێنێ و هەوڵدەدا پێناسکاری تەواوی دەسەڵاتداریێتی کۆمەڵگای خۆی بێ. هەر بۆیەشە گرووپەکان و هێزە سیاسییەکان هەوڵدەدەن بنیاتی دەوڵەت بەدەستەوە بگرن و بگەنە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی.

لەمەڕ چییەتی و سروشتی دەوڵەت زۆر تیۆریی جۆراوجۆر پێشکەشکراون و لە کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نوێیەکانەوە، زۆر جۆری جیاوازی دەوڵەت سەریان هەڵداوە کە هەرکام لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی سەردەمێکی تایبەتدا یەکتر دەگرنەوە و ئاماژەمان پێکردن. ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بەو تیۆرییانە بکەین کە باس لە سروشت و پێگەی دەوڵەت دەکەن، دەتوانین بەمجۆرە دەستەبەندییان بکەین:

١- دەوڵەتی هیگلی. دەوڵەتی هیگلی دەوڵەتێکی ڕەسەن و بنەڕەتییە کە بە پێشکەوتنی مرۆڤ و کامڵبوونی عەقڵ و ڕوون بوونەوەی ڕۆحی لە دۆخی دیوەزمەیی، دەردەکەوێ. ڕۆح کە بنچینەی بوونی مرۆڤە، سەرەتا بە شێوەیەکی تاکەکەسی و دواتر بە شێوەی کۆمەڵی بەرجەستە دەبێتەوە و عەقڵ هێمای بەرچاوەکی و دەرەکی ئەم ڕۆحە جڤاتییەیە. بە هۆی ئەوەی کە وەها دەوڵەتێك بە نوێنەری بوونی کۆمەڵگایەك دەزانرێ، زۆر بەهێز، ڕزگارکەر و بەرزیشە. ئەو دەوڵەتە بەرهەمی مێژووشە، چونکە مێژوو شتێك نییە جگە لە ڕوونتر بوونەوەی ڕۆحی مرۆڤ. وێڕای ڕۆحی مرۆڤ، شێوەی ژیانی سیاسیش وەرچەرخانی بەسەردادێ. بە باوەڕی هێگل مێژوو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەستپێدەکا و لە ڕۆژئاوا کۆتایی پێدێ:﴿ئێمە وێڕای ئیمپراتۆری ئێران دەچینە نێو داڵانی مێژووەوە، ئێرانییەکان یەکەمین خەڵکانی مێژوون ... ڕۆژهەڵات پێیوابوو کە تەنیا کەسێك ئازادە، ... لەئاکامدا یەکەمین شێوە کە لە مێژووی جیهاندا دەیبینین سەرەڕۆییە. یۆنانییەکان و ڕۆمییەکان هەروەها پێیان وابوو کە تەنیا هەندێك کەس ئازادن و لە ئاکامدا دووهەمین شێوەی مێژوو دیموکراسی و ئەریستۆکراسییە. ئەڵمانییەکان دەزانن کە هەموو ئازادن و شێوەی سێهەم واتە پاشایەتی پێکدێ ... کەوابوو دەبێ سەرەتا لە ڕۆژهەڵاتەوە دەستپێبکەین. بناغەی جیهانی ڕۆژهەڵات لەسەر ئاگاداریی ڕاستەوخۆ و لەسەر ڕۆحانییەتێك دامەزراوە کە

٨٣- بورلاتسکی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

ویستی زەینی لە چوارچێوەی ئیمان، متمانە و ملکەچیدا بەرجەستە دەبێتەوە و ئەوە سەردەمی منداڵیی مێژوویە. پاشان سەردەمی باڵغبوون دادێ کە دەبێ لەگەڵ سەردەمی یۆنانی بەراورد بکەین ... قۆناغی سێهەم لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی دەرهەستەکان دەستپێدەکا کە پێوەرەکەی مێژووی رۆمە. چوارەمین قۆناغی مێژووی جیهان لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەڵمانی بەرجەستە دەبێتەوە کە لە بەراورد لەگەڵ تەمەنی مرۆڤ بە سەردەمی پیری و کامڵبوون دەژمێردرێ ... بەڵام پیرییەکی رۆحانی، واتە باڵغبوونی تەواو، کە ئاوێتەی یەکیەتییەکی رۆحانییە. لێرەدا دژایەتی دەوڵەت و کلێسا نامێنێ و ئیتر دەوڵەت لە کلێسا نزمتر نییە. ئێرە خاڵی کۆتایی مێژووی جیهانییە ...﴾.[84] هیگل جگە لەو ئاکامە رەگەزپەرستانەیەی کە پێی دەگا، نیشاندەدا کە دەوڵەت لە تیۆریی ئەودا ئاکامی باڵغبوونی مێژوویی و وشیاریی رۆحانییە، واتە خاڵی کامڵبوونی مرۆڤە. بەرهەمی هزری هیگل دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و رەنگە پاوانخوازە کە بە پێی پێویست دەبێ هێمای خێرخوازی و رۆشنگەری بێ نەك لە جۆری تۆتالیتەری هیتلێر و ستالین.

٢- دەوڵەتی کارگێڕ و نوێنەر. گرنگ نییە دەوڵەت چ شێوەیەك بە خۆوە دەگرێ، تاکێك بەسەریدا زاڵە(پاشا) یان گرووپێك (ئەریستۆکرات یان ئۆلیگارك) یان تەواوی خەڵك(دیموکراسی)، گرنگ ئەوەیە کە دەوڵەت نوێنەر و کارگێڕی خەڵکە. لە ئاکامدا دەوڵەت هی تاکێکی تایبەت وەك چین یا حیزب نییە، نووسینگەیەکە کە دەبێ کاروباری گشتی رێکبخا.[85] لە لایەکیترەوە وەها دەوڵەتێك بەرهەمی پەیمان و خواستە، نەك بوونەوەرێکی لە بنەڕەترا رەسەن و هەتاهەتایی. بە واتایەکیتر ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی حقووقییە کە مانەوەی بەستراوەتەوە بە درێژەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە. تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا پێکهاتوون تایبەتمەندییەکانی سەرەوەیان هەبووە. دەوڵەتێك کە نوێنەری خەڵکە و دەبێ لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەر بێ.

٣- دەوڵەتی مارکسی، یان زیادی، یان دەوڵەتی چینایەتی. بە باوەڕی مارکس بوونی دەوڵەت ئاکامی لادانێك لە مێژووی مرۆڤ دایە. ئەم لادانە لە ویست و مەیلی چینێکی بچووکەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەیەوێ بە ناحەق بەسەر زۆرینەدا باڵادەست بێ. وەها باڵادەستییەك جگە لە سایەی دەزگایەکی سەرکوتکەر بە ناوی دەوڵەتدا نەبێ مەیسەر نابێ. هەر بۆیە بوونەوەرێکی

84- "Hegel et Ancien Orient" in Amir Mehdi Badie, La paix du roi; Lausanne, Payot, 1984, pp. 337-389.
85- Cf.; "L'Etat-Gerant" in F. Chatelet, O. Duhamel, E. Pisier, Histoire des idees politiques; Paris, PUF, 1982, pp. 127-157.



زیادییە کە بە کۆتایی هاتنی، شەڕی چینایەتی فەلسەفەی بوونی خۆی لە دەستدەدا. ماکس ڤێبەریش بە جۆرێکیتر دەوڵەت بە بەرهەمی باڵادەستیی گرووپێك بە سەر گرووپێکیتردا دەزانێ کە لە باسی باڵادەستی و رەواییدا قسەمان لەسەر کرد.

٤- دەوڵەتی کارکردی. دۆرکهایم دەوڵەت بە بەرهەمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دەزانێ.[86] دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بە هۆی زۆر بوونی حەشیمەت و ئاڵۆزیی کاروباری کۆمەڵایەتی پارێزهەڵنەگرە، سەرهەڵدانی دەوڵەت، هاوولاتیان لە کۆت و بەندی چاودێری دەوروپشت، وەفادارییە هەرێمییەکان و کلێسا رزگار دەکا.[87] پاش دۆرکهایم کارکردخوازان بە تایبەت تالکۆت پارسۆنز تیۆریی کارکردیی دەوڵەتیان پەرە پێدا و ئەرکەکانیان وێڕای باقی دامەزراوەکان شیکردەوە. لە ئاکامدا دەوڵەتی کارکردیش دەوڵەتێکی ئەزەلی و زاتی و بەرز نییە بەڵکو دامەزراوەیەکە لە تەنیشت باقی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

٥- دەوڵەتی خەیاڵی. تیۆرییەکانی پۆست مۆدێرن لەمەڕ دەسەڵات، دەوڵەت و سیاسەت هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی کامڵبوون و روونبوونەوە. بەڵام ئاکامی ئەم روانگەیە کە دەسەڵات جۆرێك لە ستراتیژییە کە لە هەموو جێیەکدا هەیە ... ئەوەیە کە نەکرێ دەستمان بە فیزیکێکی گشتی لە دەسەڵاتی{دەوڵەتی} یەکپارچە و باڵادەست بە سەر کۆمەڵگا رابگا[88] لە هەمان کاتدا دەوڵەت بەرهەمی کۆی ئەو دەسەڵاتە بچووکانەیە کە لە کۆمەڵگادا بڵاو بوونەتەوە، بێ ئەوەی رەسەنایەتی یان بایەخیان هەبێ. میشێل فۆکۆ لە جیاتی دەوڵەت سەرنج دەداتە سەر جەستەی مرۆڤ کە ناوەندی تەواوی دانوسانە کۆمەڵایەتییەکانە: ﴿بەرهەمی دەسەڵات بێ نێوەدان لەسەر جەستە دەردەکەوێ. دەسەڵات لەسەر جەستە سەرمایەگوزاری دەکا، سێرەی لێدەگرێ، لەسەرپێی رادەگرێ، کڕنۆشی پێدەکا و ناچار بە کار و بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی دەکا و داوای لێدەکا نیشانەگەلێك لەخۆ دەربخا(دەست لەسەر سینگ دابنێ، پێبکەنێ، بگری و ...) ... جەستە کاتێك هێزێکی بەسوودە کە بەرهەمبێنێ و تەسلیم بێ﴾.[89] "ژیل دلوز" و "فلیکس گواتاری"یش بایەخێکی تایبەت بە جەستە وەك شوێنی بەکارهێنانی ویستەکان دەدەن. دەوڵەت کە کۆمەڵی ئەم روانگەیانە، یان بە رێکخراوێکی بێ بەرهەم و زیادی دەزانرێ، یان بە بنیاتێکی وەهماوی و خەیاڵی دەزانرێ کە ناتوانێ بە هێمای جڤاتی یان راستییە کۆمەڵایەتییەکان بزانرێ.

86- Durkheim, Emill; De la division du travail Social; p, 201.
87- Durkheim, Emill; Sociologie de l'Etat; p. 33.
88- Histoire des idees politiques; p. 306.
89- Ibid.; p. 306.

## ٤- ئەرکەکانی دەوڵەت:

لێرەدا باشتر وایە لە جیاتی ئەرکی تایبەت کە کاریگەرییەکی لەخۆوەییە و زیاتر لە بارەی شیکردنەوەی سیستماتیکدا بەکاردێ، لە ئەرکەکان و ستراتیژی کە کردەوەیەکی وشیارانەیە ناوببەین. ئەرکی دەوڵەت لە پلەی یەکەمدا وەك بوونەوەرێکی زیندوو، پاراستنی خۆیەتی و دەبێ ئەندامەکانی خوی بپارێزێ، باشتر بوونی دۆخەکەیان لەبەرچاو بگرێ، دواتر روو بکاتە ئەرکە لاوەکی و دووهەمەکان.

أ) توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت لە بەرامبەریاندا. توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت بریتین لە نیشتیمان، حەشیمەت، دەسەڵاتداریتی و حکوومەت. جیاوازیی سەرزەویی دەوڵەت لەگەڵ سەرزەویی ئیمپراتۆر یان سەرۆك خێڵ لەوەدایە کە لێرەدا نیشتیمان بە میراتێکی جڤاتی دەزانرێ و، نەك بە موڵك و ماڵی حاکم. دەوڵەتیش لە ئەستۆیەتی کە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای خۆی لەگەڵ ئەو چوارچێوە جوگرافییەی کە تێیدا دەژی بە شێوەی پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و لە هەمان کاتدا سۆزداری رێکبخا. پاراستنی مەرزەکان بە تەنیا وەڵامدەر نییە و ئەمڕۆ مەسەلەی رێکخستنی سەرزەوی (amenagement du territoire) یە، کە سازکردنی هاوسەنگی لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان، کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکان، سازکردنی رێگا و بان و دەیان مەسەلەیتر لەخۆ دەگرێ. لە هەمان کاتدا رێکخستنی سەرزەوی رەهەندی دەروونی و مەعنەوی هەیە کە رۆڵی کاریگەری لەسەر سەلامەتی رۆحی کۆمەڵگا هەیە. لە بناغەرا دەوڵەت دەبێ بەرلە هەرشتێك شوێنکارێکی یەکپارچە، هاوسەنگ و سەقامگیر بۆخۆی پێکبێنێ. ئەم ئەرکە لە ئەورووپادا هەروەك بینرا بە هۆی دەوڵەتە رەهاکانەوە جێبەجێ کرا. مەسەلەی ناوچە هەژارەکان کە کەم و زۆر لە هەموو کۆمەڵگایەك هەیە، تەواوەتی خاکی وڵات، هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە.

وڵاتی "برتانی" لە باکووری رۆژئاوای فەرەنسا کە ساڵانێکی زۆر بوو هیچ ئاوڕێکی لێ نەدرابۆوە، ببووە ناوەندی پشێوییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئێستاش ئەو گرفتە چارەسەر نەکراوە. توخمێکی تری دەوڵەت، نەتەوەیە. هزری نەتەوە لە شۆڕشی فەرەنسادا بایەخێکی زۆری بەدەستهێنا و دەوڵەتەکان بە بۆنەی نوێنەرایەتیی نەتەوەی خۆیانەوە قەدر و حورمەتیان پەیدا کرد. نیشتیمانپەروەریی و نەتەوەخوازی لە کۆنەوە لە قووڵایی هزری مرۆڤەکاندا بووە و ئەدەبیاتی هەموو وڵاتەکان زۆر دەرهاویشتەی جوانی لێ خستۆتە بەرچاو کە لەو ناوەدا



ئەدەبیاتی فارسی پێگەیەکی بەرزی هەیە. لە "ئیبنی موقەفەعە"وە هەتا "روودەکی" و "فیردەوسی" و "دێهخودا" خۆشترین شیعرەکانیان پێشکەشی هەستی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەخوازی کردووە. هەروەك دێهخودا ئاماژەی پێدەکا ئاژەڵ و باقی بوونەوەرەکانیش پارێزگاری لە ماڵ و نیشتیمانی خۆیان دەکەن، مەگەر ئەو مرۆڤانەی کە بەرادەیەك نزم بوونەتەوە کە خۆیان لە خزمەت بیانی و داگیرکەران و لە بەرامبەر نەتەوە خۆیاندا داناوە. دێهخودا دەڵێ:

بەبیرم دێ بە منداڵی چەلێکی     کە دەستم کردە هێلانەی مەلێکی
بە دندوکی وەهای لێدام لە ناکاو     لە دەستم دەرپەڕی خوێن و لەچاو ئاو
کە باوکم پێکەنی: فێر بە کوڕی من     بپارێزی وڵاتی خۆت لە دوژمن

بەڵام دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ کە بە دەوڵەت ـ نەتەوەش ناسراون توخمی دووهەمی خۆیان لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە دۆزییەوە. هەر دەوڵەتێك کە خاوەنی نەتەوەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو بێ، هێز و دەوام و پاڵپشتێکی گەورەی هەیە. هەم لەو بارەوە کە دەبێ هزری نەتەوە بە جیددی لەبەرچاو بگیرێ چونکە مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوە وەك مەسەلەی ئەو گوڵدانەیە کە لەسەر مێزێك دانراوە. ئەگەر مێزەکە شکاو و پێچکەکانی شەق و لەق بێ بە دڵنیاییەوە گوڵدانەکە دەکەوێ و دەشکێ. دەوڵەتانێك لە جیهاندا هەبوونە کە لە ژێرکاریگەریی ئایدۆلۆژییە بێهوودەکانی خۆیان ئەگەرچی بە کردەوە و بە پێی پێویستییە بەرچاوەکییەکان سەرنجیان داوەتە نەتەوەسازی، بەڵام لە رەهەندی تیۆرییەوە بایەخێکیان بۆ دانەناوە، سەرەنجامی کاری خۆیان دۆزیوەتەوە. یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو یەکێك لەو چەشنە دەوڵەتانە بوو. ستالین دەستیکردبوو بە بەرووسی کردنی ئیمپراتۆری، بەڵام لەگەڵ هزری نەتەوەیی دژایەتی دەکرد. سامانی نەتەوەی رووسی پێشکەش بە ئایدۆلۆژیی جیهان نیشتیمانی دەکرد بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکانی تر(نا رووسی) لە خراپترین هەلومەرجەکاندا لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچ دەکێشا هەتا شوناسیان لە ناوبەرێ. هیچ نەتەوەیەك لە وەها دەوڵەتێك خۆش نابێ.

مەسەلەی نەتەوەسازی بە مانای کەم کردنەوەی لایەنەکانی دژایەتی و ناکۆکیی نێوان خەڵکانێك کە لەسەرزەویی ئاماژە پێکراودا دەژین و زیادکردنی لایەنەکانی هاوبەش و سازکردنی پەیوەندی و هاوپەیوەندی لە نێوانیاندا لە باسی پەرەسەندنی سیاسیدا جێگەیەکی

تایبەتی هەیە. هەروەك ئاماژەی پێکرا دەوڵەتە رەهاکانی ئەوروپا لە برگەیەکی زەمەنی تایبەتدا توانییان زمان، ئایین و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو خەڵکی خۆیاندا بەدیبێنن. بەڵام وڵاتانی جیهانی سێهەم لەم بەخششە بێبەری بوون و هەن و، هەر ئەو شتە گرژییەکی زۆری لە شوێنکاری کۆمەڵایەتیدا بەدیهێناوە کە بەشی هەرە زۆری توانای دەوڵەت بە خۆی تەرخاندەکا.

یەکپارچەیی نەتەوەیی بواری رەوایی سیاسیش بەهێز دەکا. ئەگەر لەسەرزەوییەکدا دووبەرەکیی قەومی و نەتەوەیی و ئایینی هەبێ هەرکام لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێوەرێکی تایبەت دەکەنە بنەمای پەسندیی رێژیمی سیاسی. دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەم و تازەدامەزراوەکان پەنا دەبەنە بەر ئەفسانە سەیر و سەمەرەکان بۆ ئەوەی بیانکەنە بنەمای نەتەوەی خۆیان. وەك گورگی بۆر بۆ تورکەکان، یان کەسایەتییە دزێوەکانی مێژوو وەك تەیموری لەنگ بۆ ئۆزبەکەکان یان ئەفسانەی زایۆنیزم بۆ جوولەکەکان. نەتەوەی مەزنی ئێران کە سێ هەزار ساڵ مێژووی هاوبەش، هەزار ساڵ ئەدەبیاتی فارسی، دەیان سیمبولی جوانی وەك نەورۆز، وەك پاڵپشتی یەکگرتوویی نەتەوەیی خۆی لە پشتە، پێویستییەکی بە پەنا بردنە بەر هێما سەیروسەمەرەکان نییە، بەڵام پێویستی بە دەوڵەتێکی زانا و وشیار هەیە کە بواری پەرەسەندنی پەیوەندییەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی زانیارییە مێژووییەکان و بەهێز کردنی هێما نەتەوایەتی و بیرەوەرییە مێژووییەکان پێکبێنێ هەتا کوردەکان کە لە ژێر ستەمی حکوومەتە بێگانەپەرستەکانی پێشوو لە بنچینەی نەتەوەیی خۆیان غافڵ بوونە کە خۆیان بەرهەمی مێژووی ئێرانن و لاوانی ئازەری کە زۆرجار لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی بێگانەکان و بێگانەپەرستەکان لە نرخ و بەهای خۆیان غافڵ ماونەتەوە بە شیعری شەهریاری شیرین وتار تێبگەن کە:

تۆ بێشکەی پیرۆزی زەردەشتی و رۆڵەکانت کوڕانی ئێران و ئایینی پاك و نەژادی ئاریای

جیاوازیی زاراوە نابێتە هۆی ساز بوونی نەتەوە نەتەوەیەك بە یەك زمانەوە نایەتە بیری کەس

دایکی ئێران رۆڵەیەکی وەك تۆ بوێری نییە رۆژی تەنگانە هەروا چاوەی هەر لە تۆیە

دەسەڵات چەمکێکی دەرهەستە کە لە زەمانی ژان بۆدێن(١٥٢٩-١٥٩٦)ەوە هەتا ئێستا بەردەوام لە ناوەندی هزرەکانی پەیوەندیدار بە حوقووقی سیاسیدا بووە. بوون و نەبوونیشی تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە هەیە. بۆ وێنە ئیرلەندا هەم خاوەنی



سەرزەوییە و هەم خاوەنی حەشیمەتێکی یەکپارچەیە، بەڵام کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەسەڵاتەکەی بە فەرمی نەناسیوە. بەدیهاتنی ئەمەش هەم پەیوەندی بە ویست و هەوڵی خەڵکی ئیرلەنداوە هەیە و هەم بە رای باقی نەتەوە و دەوڵەتەکان کە کۆمەڵگای ئیرلەندا بە فەرمی بناسن.[٩٠] ئەو دەوڵەتانەی کە سەرزەوی خۆیان دەخەنە دەستی بێگانەکانەوە یان رێگە بە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە کاروباری نێوخۆیی خۆیاندا دەدەن، لێهاتوویی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان نییە. لە هەمان کاتدا دەبێ بڵێین کە چەمکی دەسەڵات لایەنی رەهایی خۆی لە دەستداوە. بەستراوەیی دوولایەنەی ئابووری، بوونی هێزە بان نەتەوەییەکان و دەستێوەردانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی لاواز کردووە. ئەم بارودۆخە تاڕادەیەك لە ویستی دەوڵەتەکان بەدەرە و تاڕادەیەکیش رەنگە بە قازانجیان بێ. دامەزراوە ناوچەییەکان یەکێك لە نموونەکانی بەستراوەیی دوو لایەنەیە کە بە ئیزنی دەوڵەتەکان بەدیدێ و هەڵگری بەرژەوەندیگەلێکی ئابووریشە.

ئەگەر مەسەلەی دەسەڵات چارەسەر بکرێ، رێکخراوێك پێویستە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بەرجەستە بکاتەوە. ئەم رێکخراوە حکوومەتە کە بە ویستی خەڵك و پشتڕاستکردنەوەی ئەوان پێکدێ. سێ توخمەکەی تر حاڵەتی دامەزراوەییان هەیە و ئەرکێکیان لە ئەستۆ نییە، تەنیا حکوومەتە کە وەك توخمی زیندوو، کاری داڕشتنی ستراتیژی، دانانی بەرنامە و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دەوڵەتی لە ئەستۆیە و لە ئاکامدا وەك بەرچاوترین توخمی دەوڵەت لە گۆڕەپانی ژیانی نەتەوەیەکدا بەرجەستە دەبێتەوە و دەبێ کارامەییەکی بەرزی هەبێ.

**ب ) ئەرکەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگادا:**

١- ئەرکە سیاسییەکان. ئەرکی سیاسی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگادا ئەوەیە کە لە رێگەی راهێنانەوە، شێوەیەکی چالاك و پەیوەندیدار بە سیستەمی سیاسی بە تەواوی خەڵك بدا و پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی بەدەستبێنێ. سیستەمی سیاسی دەبێ بە پلەیەك لە گەشەکردن گەیشتبێ کە بزانێ بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی هەیە. دەکرێ کردەوەی دەوڵەت لەم بوارەدا لە ژێر ناوی تێهەڵکێشانی سیاسی تاوتوێ بکرێ.

- *تێهەڵکێشانی سیاسی* (integration politique) پرۆسەیەکە کە تێیدا تاك لە نێو کەلتووری کۆمەڵگای خۆیدا هاوپێچ دەکرێ و تێیهەڵدەکێشرێ و خۆی لەگەڵ کۆمەڵگایەك کە

90- Cf.; Held, D.; op. cit.; p. 215.

شوێنکاری ئەو پێکدێنێ، دەگونجێنێ و دەبێتە دەورگێڕێك بۆ سیستەمی سیاسی، یان بە کورتی دەبێتە«هاوولاتی». ئەم پرۆسەیە کە یارمەتی بە هاوئاراستەیی سیستەمی سیاسی و دەوروپشتی دەگەیەنێ، ڕێگە بۆ باڵادەستیی سیاسیش خۆش دەکا، چونکە هەتا کەسانێکی زیاتر بێنە نێو ڕەوتی ژیانی سیاسییەوە، سەقامگیری، دەوام و کارایی سیستەمی سیاسیش زیاتر دەبێ. لەم پرۆسەیەدا سەرەتا ڕێساکان، کۆدە کەلتوورییەکان و سیستەمی بەهایی کۆمەڵگا بۆ تاك دەگوازرێتەوە و پاشان کرداری تاك لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵێدا ئاراستەیەکی گونجاو لەگەڵ بەها و ڕێساکان بەخۆوە دەگرێ و لە کۆتاییدا مامڵەیەکی گونجاو لە نێوان تاك و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێکدێ. ئەم پرۆسەیە خۆی لە سێ قۆناغ پێکدێ کە بریتین لە: بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت، ئاراستەی سیاسی یان پەیدا بوونی شێوەی بیرکردنەوەی سیاسی لە تاکدا و، سەرەنجام هاوبەشی.

- *بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت*(کۆمەڵگاگری)(sociolisation politique). بریتییە لە ئاشناکردنی تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێساکان، بەهاکان و پرەنسیپە ئەخلاقی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگای خۆیان و سیستەمی سیاسی زاڵ بەسەریدا لە ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام و شێلگیر. لە ڕاستیدا لێرەدا باس لە ڕەهەندی ئەرێنی ئەو شتەیە کە گرامشی و ئالتوسێر وەك دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت یادیان لێ دەکردەوە. ئاکامەکانی ئەو پەیوەندییە یەکیان بە پێکهاتەبوونی کەسایەتیی تاك و گونجاندنی لەگەڵ شوناسی کۆمەڵییە و ئەویتر گەیاندنی کەلتووری گشتی بە تاکەکان و تێهەڵکێشانیان لە کۆمەڵ دایە. ئەوە دوو کردەوە دەروونی ـ کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکان و تەواوی دەرهاویشتەکانی ژیانی کۆمەڵی بەتایبەت سیاسەت، پردێك دروستدەکا کە ئاکامە سیاسییەکەی ڕیشە داکوتانی سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگادایە کە هەر لەخۆوە دەبێتە هۆی پتەو بوون و سەقامگیریی سیاسی. لە ئاکامدا بنەمای بە کۆمەڵایەتی کردن لەسەر ڕاهێنان دامەزراوە و ئەم فێرکاری و ڕاهێنانە لە باغچەی ساوایانەوە هەتا زانکۆ و تەواوی ڕاگەیەنە گشتی و گرووپییەکان لەخۆ دەگرێ. لە لایەکیترەوە بە کۆمەڵایەتی کردنی سیاسەت پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کەلتووری سیاسی هەیە. یەکێك لە نووسەرە فەرەنسییەکان کەلتووری سیاسی لە سۆنگەی ڕوانین بە نیسبەت سیستەمی سیاسی هەنووکەیی بە سێ دەستە دابەش دەکا: یەکەم کەلتوورێك کە لە ئاراستەی پشتیوانی لە سیستەمی سیاسی هەنووکەییدایە، دووەم کەلتوورێك کە خوازیاری چاکسازییە، و سێهەم کەلتوورێك کە چاکسازی بە ئەستەم دەزانێ و خوازیاری تێکهەڵچوونی شۆڕشگێڕانە



لەگەڵ سیستەمی سیاسی هەنووکەییە.[91] بەڵام ڕۆڵی فێرکاریی هەر سێ کەلتووری سیاسی یەکێکە و ئەویش بەرزکردنەوەوی ئاستی زانیاری سیاسی تاکەکانە. زانیاری سیاسیش لە جێی خۆیدا دەبێتە هۆی پەرچەکرداری سیاسی.

ئەمڕۆ زۆر بایەخ بە ڕاهێنانی سیاسی منداڵان دەدرێ. دێڤید ئیستۆن لەسەر بنەمای ئەم پێشەکییە کە کاتی پێکهاتنی شێوەی بیرکردنەوەی سیاسی لە مرۆڤدا بۆ سەردەمی بەر لە باڵغ بوون دەگەڕێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەر دنیای سیاسی منداڵان دەستپێکرد. ئەو سەرچەشنێکی لە بە کۆمەڵایەتی کردنی سیاسەت لە نێو منداڵاندا پێشکەشکرد کە چوار قۆناغی لەخۆ دەگرت: ۱) قۆناغی هەستیاری بە نیسبەت مەسەلە سیاسییەکان۲) بە کەسێتی کردنی مەسەلە سیاسییەکان و سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسی لە ڕێگەی ئاشنا کردن لەگەڵ چەند کەسایەتی بەرچاوی سیاسی ۳) ئارمانی کردنی هێژمۆنی سیاسی و سازکردنی رق یان خۆشەویستی لە بەرامبەریدا ٤) بە دەزگا کردن و ئاشناکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسی.[92]

بە دوای کارەکانی ئیستۆندا شەپۆلێك لە ئەدەبیاتی سیاسی بۆ دنیای منداڵان تەرخانکرا کە باسکردنیان لەم کتێبەدا ناگونجێ. بۆ وێنە توێژینەوەی کۆمەڵناسانی فەرەنسا لەسەر بنەمای سەرچەشنی ئیستۆن دەردەخا کە منداڵانی ئەو کرێکارانەی کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسان لەگەڵ چەمکگەلێکی دژوارتر وەك داگیرکەری و چەوسانەوەش ئاشنان.[93] لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ئەزموونی ڕاهێنانە سیاسییەکانی ڕژێمی فاشیستی موسولینیش بکەین. ئەم ڕژێمە ڕێکخراوێکی فێرکاری توندی دامەزراندبوو. منداڵەکانی لە دایکیان جیا دەکردەوە و بە ناوی بێچووەکانی گورگی مێ( ئاماژە بە ئەفسانەی دێمۆلۆس و چاکردنی شاری ڕۆم) لە پانسیۆنەکاندا ڕایدەگرتن و بە دیسیپلین و دروشمگەلی تایبەتی سیاسی پەروەردەی دەکردن. لە تەمەنی مێرمنداڵیدا دەچوونە هەندێك قوتابخانەی تایبەت و لە تەمەنی لاویدا دەبوونە ئەندامی حیزبی فاشیست. بەڵام هیچکام لەم کردەوانە نەیتوانی تەمەنێکی بەردەوام بۆ ڕژێمی موسولینی مسۆگەر بکا.

91- Lagroy, J.; op. cit.; pp. 373-374.

92- Easton/Dennis; Children in the Political Systm: Orrigines of Political Legitmacy; pp. 25-38.

93- Percheron. A.; "La conception de l'autorite chez les enfants francais", Revue francaise de science politique; vol, XXI, No1, fev. 1971.

هەر ئەو دۆخە لەسەردەمی پەهلەویشدا هەبوو. بەڵام هەر ئەو لاوانەی کە دەبوو لە سالڕۆژی لەدایکبوونی شادا شانۆ بەڕێوە بەرن و کاریتر بکەن لە شۆڕشی ٢٢ ی ڕێبەندانـدا خوازیاری رووخانی رژێمی شا بوون. رژێمە سیاسییەکان کاتێك لە راهێنانی سیاسیدا سەرکەوتوو دەبن کە کارەکەیان بە راستی و واقیع بینییەوە بێ و خۆ لە پڕوپارەگەندەی تونـد و ناچارکردنی خەڵك ببوێرن و لە جیاتی ئەوانە، قامك بخەنە سەر ئەو شتانەی کە خەڵك پێیان خۆشە. مەسەلە کەلتوورییەکان پێویستیان بە رێگەچارەی کەلتووری هەیە و لەگەڵ رێگە چارەی نیزامی و سیاسی دژایەتی تەواوییان هەیە.

- *ئاراستەی سیاسی*. فێرکاریی سیاسی وەك هۆکاری پاڵنەری دەرەکی، دەبێتە هۆی روانینێکی تایبەت لە زەینی تاکدا کە شێوەی بیرکردنەوە(attitude)ی پێدەڵێن. شێوەی بیرکردنەوە مەودای نێوان راهێنان و کرداری سیاسییە. شێوەی بیرکردنەوە چرایەکی رێ پێشاندەرە کە لە هەموو جێیەك مرۆڤ رێنوێنی دەکات و ئاراستە بە کردەوەکانی دەدا. شێوەی بیرکردنەوە خۆی سێ لایەنی هەیە کە بریتین لە لایەنی تێگەیشتن، لایەنی سۆزداری و لایەنی رەفتاری یان کرداری. لایەنی تێگەیشتنەکەی ناسین و زانیاری دەدا بە مرۆڤ، لایەنی سۆزداری بە جۆرێك لەگەڵ سیستەمی سیاسی لە پەیوەندیدا یە و چاك و خراپی مەسەلەکان روون دەکاتەوە و سەرەنجام لایەنی کردارییەکەی زەینی مرۆڤ دەکێشێتە گۆڕەپانی کردەوە کە بە خاڵی کۆتایی تێهەڵکێشانی سیاسی دەژمێردرێ و بە ترۆپکی پەرەسەندنی سیاسیش دەژمێردرێ، واتە بەشداریکردن.

- *بەشداریی سیاسی*. دوا ئامانجی راهێنانە سیاسییەکان ئەوەیە کە تاك لە دۆخی پەسیڤی بەدەر کەوێ، وەك هاوڵاتییەکی چالاك لە مەسەلە سیاسییەکانی کۆمەڵگای خۆیدا بەشدارییکا. سروشتییە کە مەبەستی سیستەمی سیاسی ئەوەیە کە ئەو بەشدارییە ببێتە هۆی بەهێزبوونی سیستەم، نەك لاواز کردن و رووخانی. بەشداری ئەگەر لەسەر بنەمای زانیاری و روانینێکی نەگۆڕ بەڕێوە بچێ و کەناڵگەلێکی گونجاو و بەدەزگابووشی بۆ دەربڕینی خواستەکان هەبێ، دەبێتە هۆی سەقامگیری و پەرەگرتوویی سیاسی. بەڵام بە شێوەی نائاگادارانە و بێ بوونی بنیات و کەناڵی گونجاو، دەبێتە هۆی بێسەروبەرەیی و ناسەقامگیری سیاسی و، زیاتر دەکەوێتە بەر کەڵکاژۆی دامەزراوە دەسەڵاتخوازەکانیش. پرۆسەی سیاسی دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە نیشان بدەین:






هەروەك بینرا بەشداریی سیاسی بە خاڵی کۆتایی ژیانی سیاسی دەژمێردرێ کە تەواوی هۆ و هۆکارەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵی تێیدا بەشدارن. کەسایەتیی تاك، دەسەڵاتخواز بێ یان دیموکرات، چالاك بێ یان پەسیڤ، وێڕای باقی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك چینەکان، بنیاتەکان، ئایین و سیستەمی بەهایی و سەرەنجام راهێنانە سیاسی، ئایدۆلۆژی، حیزب و رژێمی سیاسی دەستیان بە دەستی یەك داوە و روانگەی سیاسیی تاك بەدیدێنن و ئەم روانگەیە دەبێتە رێنوێنی سیاسی تاك. دەنگێك کە دەخرێتە نێو سندوقی دەنگدانەوە کاکڵی تەواوی ژیانی سیاسییە. تەنانەت ئەگەر لەڕووی بێ خەبەریشەوە بهاوێژرێتە ناو سندووقەوە خۆی نیشانەی کەلتووری سیاسیی لاواز و پەسیڤی سیاسییە. لەئاکامدا دەکرێ بەشداریی سیاسی و قەیرانی بەشداربوون بکرێ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگایەك. قەیرانی بەشداربوون بەبیرهێنەرەوەی تەواوی قەیرانەکانی پەرەسەندن لە قەیرانی شوناس و رەواییەوە هەتا قەیرانەکانی کۆمەڵگاگریی سیاسی، تێهەڵکێشانی و بڵاوکردنەوەیە.

٢- ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت. لە پاری یەکەمی کتێبدا باسمان لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە کرد کە دەتوانن کاربکەنە سەر ژیانی سیاسی، پێکهاتنی سیستەمی سیاسی و کردەوەکانی. ئێستا ئەگەر بمانەوێ ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەکی پێچەوانە شیبکەینەوە، دەبێ کاریگەریی دەوڵەت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی بخەینە بەرباس، هەتا وێڕای شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل لە کۆمەڵناسیی سیاسی، بتوانین ئەو تیۆرییەی کە لەم نامەیەدا بەکار هاتووە بسەلمێنین. سروشتییە، دەوڵەت وەك بەهێزترین و بەربڵاوترین بنیاتی کۆمەڵایەتی رەنگە سەرچاوەی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی چاك یان خراپ بێ، بەڵام کاریگەرییە لۆژیکییەکانی بۆ فەلسەفەی بوونی دەگەڕێتەوە. دەوڵەت بۆیە پێکهاتووە کە تەکووز دابمەزرێنێ. مارکس راستی دەکرد کە دەیگوت رۆژێك کە ناکۆکییە چینایەتییەکان نەمێنن و هۆیەك بۆ زوڵم و زۆر نەمێنێ، ئیتر هیچ پێویستییەك بە بوونی دەوڵەت نییە. بەڵام چونکە ئەم ناکۆکییە

کۆمەڵایەتییانە هەمیشە هەن و تەکووزی پێکهاتووش هەر کات ئەگەری رووخانی هەیە، بوونی دەوڵەتیش شتێکی پێویست و هەمیشەییە. دابینکردنی تەکووز پێویستیی بە سازکردنی هاوسەنگی یان دادپەروەری بە واتا ئەفلاتوونییەکەی هەیە. لێرەدا تەکووز بە سەرخانی هاوسەنگی دەزانرێ. هەر بۆیە یەکەمین ئەرکی کۆمەڵایەتی دەوڵەت سازکردنی هاوسەنگییە.

– سازکردنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی. دادپەروەری لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا بەو مانایەیە کە هەرکەس و هەرشتێك لە جێی خۆی دابنرێ. هەروەك رۆژ و مانگ و کێو و دەریا لە جێی خۆیان دانراون و تەکووزی سروشتیش بەرهەمی ئەم لەجێ دانرانە دروستەیە، لە کۆمەڵگاش تەکووز کاتێك دادەمەزرێ کە هەرکەس و هەرشتێك لە جێگەی سروشتی خۆی دابنرێ. بۆیە دادپەروەری لەگەڵ بەرابەری، دیموکراسی و ئازادی یەك دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ حەق دژایەتی نییە. نابێ کەسێکی وشیار و تێگەیشتوو بکرێتە سکرتێر(منشی)ی کەسێکی گێژ و نەزان. هەروەك کە ناکرێ زانا و نەزان لە یەك گوتەزادا بگونجێنین. ئەوەی کە چۆن دەکرێ ئەم پرەنسیپە لەگەڵ پرەنسیپی ئازادی و دێمۆکراسی ئاشت بکەینەوە، بابەتی باسێکی جیاوازە. بەڵام بە کورتی دەکرێ گۆڕینی فۆرمولی دیموکراسی لە حکوومەتی خەڵك بەسەر خەڵکەوە، بۆ حکوومەتی بژاردە هەڵبژێراوەکانی خەڵك بەسەر خەڵکدا بە هێمای ئەم ئاشت بوونەوەیە بزانین. ئەم تیۆرییە کە دەڵێ حکوومەت ئەرکی سەر شانییەتی کە هاوسەنگی لە کۆمەڵگادا دابمەزرێنێ، لەگەڵ تیۆرییەکانی ململانێ لەمەڕ دەوڵەت، بۆ وێنە تیۆریی مارکسیستەکان، دژایەتییەکی تەواوی هەیە. ئێمە لەسەر بنەمای ئەم بەڵگە و شاهیدانەی کە هێنامانەوە هیچکات ئەم تیۆرییەمان قبووڵنەکرد کە دەوڵەت خۆی یەکێك لە کارگێڕانی ململانێ یان ئامرازی بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی چینێکە،[٩٤] ئەگەرچی رەنگە لە بڕگەیەکی مێژووودا دەوڵەت وەها رۆڵێکی لە ئەستۆ گرتبێ. بەڵام بە پێچەوانە دەوڵەت دەبێ هۆکاری کەم کردنەوەی گرژیی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە ململانێی دابڕێنەر بێ. مارکسیستەکانیش هەرکات گەیشتوونەتە ئەم رۆڵەی دەوڵەت، ئەویان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی بورژوازی وەسفکردووە. لە کاتێکدا کە دەوڵەت وەك گوڵدانێك کە لەسەر مێزێك دانراوە، بەرژەوەندییەکەی لە پاراستن و پتەو بوونی پێگەی مێزەکەدایە، چونکە بوون و نەبوونی خۆی بە بوونی مێزەکە بەستراوەتەوە.

94- Cf.; Dukk, James T.; Conflict and power in social Life; Brighman Young University Press, 1976.



دەوڵەت ئەگەر بیەوێ گرژی و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکا، ناچارە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرێ. رۆژێك فەیلەسووفێك گوتبووی ئەگەر باڵی مێش بە قەدەر یەك لە سەدی میلیمەتر کەم یان زیاد بکرێ تەکووزی جیهان تێکدەچێ. رۆژێك بە رەزاشایان گوتبوو، چونکە کرێکارانی کانەکان کارەکەیان زۆر و قورسە بڕی دە شایی بە هەقدەستەکەیان زیاد بکەین. وەڵامی داوە، تەکووزی ئابووری تێکدەچێ. چونکە جووتیاران کاری خۆیان بەجێدێڵن و بۆ کار روو دەکەنە کانەکان. ئەمڕۆ ئەگەر دەڵاڵێك کە خوێندەواریشی نییە، لە بارودۆخێکدا کە شیکردنەوەی لە حەوسەڵەی ئێمەدا نییە، مانگانە سێ ملیۆن تمەن بەدەستدێنێ، چۆن دەکرێ چاوەڕوان بین کە پەرەستارەکان بە هەقدەستێکی کەمەوە شەوانە ئاگایان لە نەخۆشەکان بێ یان مامۆستایەك واز لە حەسانەوە و خۆشگوزەرانیی خۆی و بنەماڵەکەی بێنێ و خەریکی توێژینەوەی قورس و تاقەت پرووکێن بێ؟ دارِژانی متمانەی خەڵك، نارەزایەتییان لە نابەرابەری، کەلێنی گەورەی نێوان دەوڵەمەند و هەژار، وردە وردە دبێتە قەیرانی کۆمەڵایەتی و قەیرانی کۆمەڵایەتیش دەبێتە قەیرانی سیاسی و بارودۆخێك پێکدێ کە وڵاتانی ئەمریکای لاتین نموونەی بەرچاوی ئەون. حکوومەتە ناسەقامگیرەکان، توندوتیژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەوتنی زانستی، نەبوونی رەوایی سیاسی و دەیان دەرەنجامی تر کە لە یەك وشەدا کورت دەکرێتەوە: نەبوونی هاوسەنگی.

لە هەمان کاتدا دەبێ لەبیرمان بێ کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ناتوانین هاوسەنگیی تەواو، دادپەروەری کۆمەڵایەتی دڵخواز و هاوئاهەنگیی پێویست لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا بکەین. تەواوی ئەوانە رێژەیی و بەستراوە بە هەلومەرجە کاتی و شوێنییەکان. ئەوەی گرنگە رادەیەك لە هاوسەنگی و دادپەروەرییە کە ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی تێکنەدا. مۆنتسکیۆ لە شیکردنەوەی هۆکارەکانی رووخانی ژیاری رۆمدا ئاماژە بە خاڵ گەلێك دەکا کە زۆر سەرسوڕهێنەرن. کورتکراوەی ناوەرۆکی بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ ئەوەیە کە سەرکەوتنەکانی رۆم بوو بە هۆی لەخۆبایی بوون و زۆربوونی ماڵ و سامان لە کۆمەڵگادا و خەڵك هەستی نیشتیمانپەروەری و بوێرییان لە دەستدا و روویان کردە پووچی و بێهوودەیی.[٩٥] ئەوە ئاکامی تێکچوونی هاوسەنگی لە کۆمەڵگای رۆمدا بوو. لە راستیدا دانەری سەرەکی ئەم تیۆرییە ئەرەستوو بوو و، مۆنتسکیۆ بابەتێکی تایبەتی لێ شیکردەوە.

٩٥- منتسکیو، ملاحظات در باب علل عظمت و انحطاط رومیان، ترجمە علی اکبر مهتدی، امیرکبیر.

هەروەك "ویل دورانت"یش شیکارییەکی تێروتەسەل لەم خوێڕپیایەتی و بێهوودەییانە دەکا کە ئاکامی تێکچوونی هاوسەنگی لە کۆمەڵگای ڕۆمدا بوو و رووخانی ئەم کۆمەڵگایەی لێکەوتەوە.[٩٦] کەوابوو تاوانی دەوڵەت لەو بارانەدا تەنیا تاوانێکی سیاسی نییە کە بە زیانی خۆی تەواو دەبێ، بەڵکو هەڵەکانی لەم بوارەدا دەبێتە هۆی رووخانی کۆمەڵگایەك و جاروباریش رووخانی ژیارێك.

- باقی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت. بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەربلاوی دەوڵەت لە بەربلاوی سیستەمی سیاسی کەمترە، ئەرکەکانی زۆر ئاڵۆزتر و قورسترە. سیستەمی سیاسی حاڵەتێکی پەسیڤ و سروشتی هەیە کە چاوەڕوانی ستراتیژی و تووڕەیی لێناکرێ، لە کاتێکدا کە دەوڵەت وەك دەورگێڕێکی ئاگادار دەبێ پارێزەری بەهاکان و دارێژەری ئەو بەرنامانە بێ کە جاروبار رەنگە لە ئاوەزمەندیش دوور بن. بو وێنە برەوپێدانی هزری نیشتیمانپەروەری یان وروژاندن بۆ بەرگری لە تەواوەتی خاکی وڵات یان داڕشتنی ستراتیژییەك بۆ تێپەڕین لە قۆناغێکی قەیراناوی لە ئەستۆی دەوڵەتە. دەوڵەت لە دۆخی سروشتیدا نوێنەر، کارگێڕ و بەرجەستەبوونەوەی سیاسیی کۆمەڵگای خۆیەتی و دەبێ بکەوێتە بەر رەزامەندی ئەندامانی کۆمەڵگاش(رەوایی). ئەم شتە بەستراوەتەوە بە ستراتیژی و کردەوەکانی دەوڵەت، تەنانەت دەوڵەت کارگێڕی وەرچەرخان و تێپەڕینی کۆمەڵگا لە نەریتەوە بەرەو نوێبوونەوە یان رێنوێنی کۆمەڵگا لە قەیرانی سیاسییەوە بەرەو گەشەی ئابووریشە. لە کاتێکدا ئەوەی لە سیستەمی سیاسی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە تەنیا بۆ پاراستنی دۆخی هەنووکەیی هەوڵبدا، نەك بە ئاراستەی گۆڕینی ئەو. بە گشتی ئەرکەکانی دەوڵەت بە پێی بارودۆخی کۆمەڵگا و هەلومەرجی مێژوویی ئەو جیاوازە. بەڕێوەبردنی فێرکاری و پەروەردە، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کەلتووری گشتی، تەندروستی و سەلامەتی تاکەکان، رێگاوبان و بیناسازی و هەر مەسەلەیەکی کە پەیوەندی بە ژیانی جڤاتی و کۆمەڵایەتییەوە هەبێ بە ئەرکی دەوڵەت دەژمێردرێ. بە گشتی روانگەکانی تایبەت بە کارکردی دەوڵەت بە سەر سێ روانگەدا دابەشدەبن:

---

٩٦- ویل دورانت،تاریخ تمدن، جلد سوم، قیصر و مسیح، ص ٧٧٦ به بعد.



- ﴿یەکەم، روانگەی دەوڵەت لە باری کارکردەوە، بە کارگێڕی دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵك دەزانێ، وەك ژێدەرێك کە خاوەن دەسەڵاتە و دەبێ وەڵامدەری پێویستییەکانی خەڵك بێ.

- دووەم، دەوڵەت وەك ئامرازێك کە لە خزمەت چین یان گرووپە تایبەتەکان دایە. لەم روانگەیەوە دەوڵەت سەربەخۆییەکی کەمی هەیە، یان پێناسکاری بەرژەوەندییەکانی سەرمایەیە( تیۆرییەکانی نیۆمارکسیست) یان پێناسکاری بەرژەوەندییەکانی بروکراتەکان و شارەزایانێکە کە لە ناوەوە دەوڵەتیان لە دەستدایە( تیۆرییە نیۆڤێبەرییەکان).

- سێهەم، گرووپێك کە بە شوێن رێگاچارەیەکی میانەوەنە و، پابەندی شرۆڤەیەکن کە قامك دەخاتە سەر نۆبەکارییەك لە هاوسەنگی و نەبوونی هاوسەنگی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا﴾.[٩٧]

لە سۆنگەی چاودێری دەوڵەتیش بە سەر کۆمەڵگادا دەبێ سەرنج بدرێتە سێ حاڵەت: یەکەم چاوەدێری تەواو و قبوولکردنی تەواوی بەرپرسایەتی وێڕای کۆکردنەوەی بڕیارەکان لە دەستی دەوڵەتدا کە هێماکەی حکوومەتە پاوانخوازەکانن. دووهەم، دەستێوەردانی رێژەیی دەوڵەت کە بە شێوەی سیاسەتە رێنوێنانەکان و دەوڵەتە خۆشبژییەکان بەرجەستە دەبێتەوە. سێهەم، بەدوور بوونی دەوڵەت و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئابووری و ئاوەڵاکردنی دەستی کەرتی تایبەت لە بیاڤی ئابووریدا(لیبرالیزم) و ئازادیی تەواوی کۆمەڵگای مەدەنی لە بیاڤی سیاسەت و کەلتووردا.[٩٨] بەڵام ئەم رێبازە زیاتر جۆرێك دەستێوەردان بە قازانجی سەرمایەداران و دەوڵەمەندەکان دەبێ کە نموونەکەی سیاسەتە نیۆلیبراڵییەکانی تاچیر و رێیگانە.

## ٥- پێکهاتەی دەسەڵات لە دەوڵەتدا:

پێکهاتەی دەسەڵات لە دەوڵەتە نوێیەکاندا بە پێچەوانەی ئەو رژێمانەی کە پێوەرەکەیان دەسەڵاتی تاکەکەسییە، زۆر ئاڵۆزە. ﴿چونکە دەبێ لە نێوان دەسەڵاتدارێك کە بناغەدانەری دەوڵەتە و دەسەڵاتدارانێك کە ئەم دەسەڵاتە بەڕێوە دەبەن و، توانایی دەوڵەت کە بەڕێوەچوونی بڕیارەکان گەرەنتی دەکا جیاوازی دابنرێ... هەندێك لە توێژەران ئەم جیاوازی دانانە بە وەهم و خەیاڵێك دەزانن و پێیان وایە کە لە دیاردەی دەوڵەتدا هەمیشە بەو راستییە دەگەین کە چەند

---

97- Politiques publiques, op. cit.; p. 65.
98- Cf.; Braud, Philippe; La politique; pp. 49-51.

کەسانێك لە ناو دەسەڵاتداراندا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆرن و، هێزی پێویستیهێنەری دەوڵەتیان لە دەستدایە. بەڵام ئەم شیکردنەوە بە ناو واقیع بینانەیە خۆی ناڕاست و هەڵەیە، چونکە ڕاستییەکان نیشاندەدەن کە تەنیا دەسەڵاتداران نین، بەڵکو لە پشت ئەو دەسەڵاتدارە ناسەقامگیرانە، دەسەڵاتێکی نەگۆڕیش هەیە. بە واتایەکیتر لەسەرووی دەسەڵاتدارەکان هەژمۆنییەکی دەسەڵاتداریش هەیە کە دەتوانێ دەسەڵاتدارەکان لە دەسەڵات بخا، ئەوە هەمان دەسەڵاتی دەوڵەتییە کە خاوەن سەربەخۆیی و سەقامگیرییە».[99] ئاڵۆزی پێکهاتەی دەسەڵات بە شێوەیەکی سەرەکی لە بوونی دوو توخمی جیاوازی مرۆیی و نامرۆیی لە دەزگای دەوڵەتدا سەرچاوە دەگرێ. دەسەڵات کە لە ئاڵۆزترین بابەتەکانی حوقووقی گشتییە ڕەوگەیەکی پڕ پێچ و پەنای تێپەڕ کردووە: دەسەڵاتی خودایی، تاکەکەسی و نەتەوەیی. بە پێی دەسەڵات، دەسەڵاتدارانیش تووشی ئاڵوگۆڕ هاتوون. ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی نەتەوە لە هەموو جێگەیەك پەسند کراوە دەسەڵاتدارانیش بە هەڵبژاردنی ئەوانەوە بەستراونەتەوە. بەڵام لە هەمووان گرنگتر دەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەتە کە سەربەخۆییەکەی گەرەنتی دەکا. لەهەمانکاتدا ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە دەبێ لە خزمەت چ هۆکار یان ئامانجێك بێ بە پێی دەوڵەت و کۆمەڵگا جیاوازە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ«بەرژەوەندیی گشتی» ئامانجی بەرزی دەوڵەتەکانی پێکدێنا، بەڵام پاش ماوەیەك ڕەخنەیەکی زۆر هاتەوە سەر ئەو ئامانجە وەهماوییە و تاقمێك بە ئەفسانە یان وەهمیان وەسفکرد. ئامانج گەلێکیتری وەك بەدیهاتنی فلان ئایدۆلۆژییە یان گەیشتن بە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا یان حیزبوڵڵاش شیاوی باس کردنن.

١- خاوەنەکانی دەسەڵات. بنیاتەکان و ڕێکخراوەکان بەشێك لە سیستەمی سیاسی پێکدێنن. بەشی سەرەکییەکەی تایبەت بە کەسانێکە کە دەسەڵاتیان لە دەستدایە. خەڵکناسیی سیاسی یەکێك لە نوێترین لقەکانی لێکۆڵینەوە سیاسییەکانە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی خاوەنانی دەسەڵات و چۆنیەتی هاتنیان بۆ سەر دەسەڵات و جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانیاندا ساز دەبێ، شیدەکاتەوە. تەواوی ئەو تیۆرییانە کە لەمەڕ گرووپەکانی دەسەڵات پێکهاتوون، دەڕواننە کۆمەڵگایەکی تایبەت و لە ئاکامدا هەموویان لە باری بابەتی و ڕاستبوونەوەی باوەڕپێکراون، بەڵام لە باری جیهانگیرییەوە جێی گومانن. مارکسیستەکان دەسەڵات تایبەتی بە چینی باڵادەست دەزانن و ئەوە لە چەند بڕگەیەکی مێژووی ئەوڕووپادا ڕاستە. وەچەی یەکەمی بژاردەخوازانیش دەسەڵات بە هی گرووپێکی

99- Mills, C. Wright; L' elite du pouvoir; pp. 283-288.



دەستڕۆیشتوو و بژاردەیی دەزانن کە یان بە شێوەی سروشتی یان بە هۆی ڕێکخراوبوونیانەوە توانیویانە ڕێبەریی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن. بەڵام کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ئەمڕۆ، شاهیدی چینێکی دەسەڵاتداری ئاڵۆزتری پێکهاتوو لە بەڕێوەبەرانی پیشەسازی، نیزامی و سیاسین کە کەوتۆتە بەر سەرنجی کەسانێکی وەك رایت میلز. ئاوێتەی مرۆیی دەستەی دەسەڵاتدار لە هەر کۆمەڵگایەك ئاوێتەیەکی تایبەتە کە لێکۆڵینەوەیەکی بابەت بە بابەت و ورد دەخوازێ. خاڵێکی کە لەو لێکۆڵینەوانەدا نابێ لەبیر بکرێ پەیوەندیی کەسایەتییە سیاسییەکان و بنیاتە سیاسییەکانە کە بە گوێرەی پێشکەوتوویی کۆمەڵگا دەگۆڕێ. ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زۆر زیاترە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان. خاڵێکی تر شێوەی هەڵبژاردن و ڕێگەکانی گەیشتن بە دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگایەکە.

دەبێ بزانین کە «پێکهاتەی سیاسی، ڕێگەی ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبردنی چالاکییە سیاسییەکان بە هۆی تاکەکانەوەیە».[100] واتە نابێ توخمە مرۆییەکان بە هیچ جۆرێك لە قەڵەمبکەون. لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا ڕێگەگەلێك دابینکرابوون کە کەسانێکی تایبەت دەیانتوانی بگەنە ترۆپکی دەسەڵات، لە وڵاتانی ڕۆژئاواییش هەندێك ڕێگەی تر بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراون. لەو بارەیەوە دەبێ سێ جۆر سیستەمی سیاسی لێك جیا بکرێنەوە، سیستەمە پاوانخوازەکان، سیستەمە تەواو دیموکراتیکەکان و دیموکراسییە بەرتەسککراوەکان.

بە گشتی ئەو تیۆرییانەی کە لەمەڕ دەستەی دەسەڵاتدار پێشکەش کراون، بریتین لە:

- تیۆریی بژاردەخوازان: پارێتۆ، مۆسکا، میخێلز و میلز کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا.

- تیۆریی فرەییخوازەکان: رابێرت داڵ و تیۆرییەکانی پولیارشی(زۆربوونی ناوەندەکانی دەسەڵات)یەکەی: هەروەها ریمۆن ئارۆن و تیۆرییەکەی لەمەڕ جیاوازی و ڕکەبەرایەتی نێوان گرووپە جۆراوجۆرە بەتواناکان وەك بژاردە سیاسی، ئیداری، ڕێبەرانی سەندیکاکان، خاوەن پلە نیزامییەکان، خاوەنەکانی دەسەڵاتی مەعنەوی وەك ڕووناکبیران، بەرپرسانی کلێسا و زانایان. ئارۆن ڕکەبەرایەتی نێوان گرووپەکان بە بنەما دەزانێ نەك یەکیەتییان و“ سەرەنجام ئارتور بێنتلی(ڕەوتی حکوومەت١٩٠٨) و دێیڤید ترومەن(ڕەوتی حکوومەت١٩٥١) کە پێیان وایە کۆمەڵێك لە گرووپە خاوەن دەستڕۆیشتووەکان کە لە حاڵی ڕکەبەرایەتی و مامڵەکردن لەگەڵ

١٠٠- الموند، گابریل،جی. بینگهام یاول جونیور، رابرت جی. مونت، چارەجویی نظری برای بررسی سیاست تطبیقي، ص ٨٧.

یەکتر دان، سەرەنجام لە خاڵێکدا پێکدێن و ناوی ئەم پێکهاتنە دەنێن بڕیاری حکوومەتی. ئەم دوو تیۆریدارێژە هیچ باوەڕێکیان بە دەسەڵاتی بەدەزگابوو و بنیاتەکان نییە و گرووپە کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەکانیان بە بنەمای دینامیزم(بزۆزی)ی سیاسی دەزانن.

– تیۆرییەکانی مارکسیست کە دەسەڵات بە هی چینە دەسەڵاتدار و باڵادەستەکان دەزانن. بەڵام نیۆمارکسیستەکان بە جۆرێکی تر بیردەکەنەوە. تیۆریی نیۆمارکسیستەکان لەمەڕ سەربەخۆیی دەوڵەت دەکرێ بە سێ گرووپ دابەش بکرێن:

ـ ڕەوتی یەکەم کە نکوڵی لە هەر چەشنە سەربەخۆییەکی دەوڵەت دەکا و، ئەو بە پێناسکاری پێکهاتەی ئابووری دەناسێنێ. لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت لە دەستی چینی سەرمایەدار دا دەمێنێتەوە.

– ڕەوتی دووهەم خۆی لە شیکردنەوەی سیستەماتیکی ئەمریکایی نزیك کردۆتەوە و، سیاسەت وەك بابەتێکی تایبەت لەبەرچاو دەگرێ و پێ‌لەسەر قەیرانە پێکهاتەییەکانی سەرمایەداری وەك ڕێگەخۆشکەری دەستێوەردانەکانی دەوڵەت دادەگرێ. "کلۆز ئۆفێ" لە ئەڵمانیا و "ئۆکنێرل" لە ئەمریکا پێناسکاری ئەم ڕوانگەیەن و پێیان وایە دەوڵەت لە دەستی چینێکی تایبەتدا نییە.

– ڕەوتی سێهەم تایبەت بە مارکسیستە پێکهاتەخوازەکانە کە شیکردنەوەکانی ئالتۆسێر دەکەنە پێوەر. ئەم ڕوانگەیە زیاتر لە لایەن نیکۆس پۆلانزاسەوە هاتۆتە گۆڕێ کە سەربەخۆیی دەوڵەت بە فەرمی دەناسێ».[١٠١] بە پێی باوەڕی پۆلانزاس دەوڵەت دەکەوێتە دەستی فراکسیۆنە جۆراوجۆرەکانی چینی سەرمایەدار. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە پێکهاتەی دەوڵەت زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بکرێ لە چوارچێوەی تیۆرییەکی جیهانگیردا ڕوون بکرێتەوە.

٢- دەزگای ئیداری: دەزگای ئیداری کە ئەمڕۆ بە بەشی پێوەلکاوی دەوڵەتە نوێیەکان دەژمێردرێ، دیاردەیەکی زۆر نوێیە کە دەسپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حکوومەتە ڕەهاکان. ماکس ڤێبەر بوارە سیاسییەکانی سەرهەڵدانی بوروکراسیی نوێ بە باشی شیدەکاتەوە. کاتێك لە ناو مشتومڕی نێوان شا و دەسەڵاتە فیێۆدالییەکاندا، شا پێگەیەکی باشتر لە دەسەڵاتە هەرێمی و فیێۆدالییەکانی بەدەستهێنا، بڕیاریدا دەسەڵات بە تەواوی لە دەستی خۆی کۆبکاتەوە. ستراتیژی ئەو لەو بوارەدا وەك ڕەوتی سەرمایەداریی نوێ بوو. سەرمایەدار، کرێکاری لە ئامرازی خۆی جیا کردەوە و کرێکار کە شتێکی جگە لە هێزی کاری

101- Meny, Yves, Jean-Claude Thoenig; Politique publique; p. 86.



خۆی نەبوو، بە توندی بە سەرمایەوە بەستراوە. پاشاش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە دەسەڵاتە هەرێمییەکان بێنیاز بکا هەوڵیدا ئامرازەکانی دەسەڵات، واتە هێزی نیزامی و ئابووریی تایبەتی خۆی پێکبێنێ و هاوکات، دەسەڵاتە هەرێمییەکان لەو چەکانە بێبەری بکا. «لە شەڕ بە دژی چینە باڵاکان(فیێۆدالەکان)دا، شایەکان پشتیان بە توێژێکی کۆمەڵایەتییەوە بەست کە لە باری سیاسییەوە سەر بە هیچکام لە چینە باڵاکان نەبوون و ئامادەیی قبووڵکردنی خزمەتیان هەبوو».[١٠٢] ئەم گرووپە سەربەخۆیانە کە بۆ خزمەت بە شا لەبەرچاو گیران بریتی بوون لە ڕوحانییەکان کە خوێندەوارییشیان هەبوو، خوێندەوارانی مرۆڤدۆست(ئۆمانیست)، گەورەپیاوانی دەربار کە لە هەمان کاتدا بەستراوەییەکی زۆری بنەماڵەییان بە چینێکی تایبەتەوە نەبوو، ئاغاواتی بچووك و مافناسانی خوێندەوار لە زانستگاکان. هاوکات لەگەڵ ئەو پرۆسەیە ڕێکخراو و بنیاتگەلێکی نوێش کە خەریکی کاروباری سیاسی بوون ڕوویان لە زیاد بوون و سەربەخۆیی کرد. بەمجۆرە کارگێڕە نوێیەکانی پاشاش بەرەبەرە پۆست و پلەی دەوڵەتییان بە خۆیان تەرخان کرد، چونکە بەستراوەیی کۆمەڵایەتییان کەمبوو، خۆیان بوونە گرووپێکی ڕێکخراو. ئەم گرووپە کە پسپۆڕی و ئەزموونیشی هەبوو، بەڕێوەبەرانی دەزگا ئیداری و دەوڵەتییەکانیان پێکهێنا و، تا ئەو جێیە چوونە پێش کە بۆرنهایم لە ساڵی ١٩٤١دا لە کتێبی "شۆڕشی بەڕێوەبەری" دا، ئەوانی بە گرووپی دەسەڵاتدارانی نوێ ناو برد کە جێی چینی سەرمایەدار یان چینی ئاغاواتیان گرتۆتەوە و سەرمایەکەیان ئەزموون و پسپۆڕییەکەیانە. سەربەخۆیی چینی بروکرات سەربەخۆیی بروکراسی پێوە بوو. دەزگای ئیداری بە خێرایی وەك دەزگایەکی ناکەسێتیی ماشێنی و سەربەخۆ لێهات کە وێڕای بە پسپۆڕی بوون و ئاڵۆز بوونی کاروباری کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی بێ پێشینە بەربڵاوی، قەبارە و بایەخی زیاد بوو. ژمارەی فەرمانبەرانی ئیداریی دەوڵەتەکانیش زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. بۆ وێنە «٣ هەزار کەس فەرمانبەری فیدراڵی ئەمریکا لە سەدەی ڕابردوو دا بۆتە ٣ میلیۆن کەس لە ساڵی ١٩٨٠دا، و ٥٠ هەزار کەس فەرمانبەری ئیتالیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە ٤٠ قات واتە ٢ میلیۆن کەس و، ٢٠ هەزار فەرمانبەری بریتانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ ٥٠٠ هەزار کەس زیادی کردووە».[١٠٣] ئەمڕۆ ئیتر ناتوانین هیچ دەوڵەتێك بێ دەزگای ئیداری وێنا بکەین. بایەخی دەزگای ئیداری لە بەکارهێنانی باڵادەستی، چاودێری بە سەر کارەکاندا، بەڕێوەبردنی

١٠٢- وبر، ماکس، دانشمند و سیاستمدار، ص ١٠٠.

103- Meny, Yves; Politique compare; p. 326.

بڕیاره دەوڵەتییەکان، ڕەزایەت و نارەزایەتی خەڵك و لە هەمووان گرنگتر، لەسەربەخۆیی دەوڵەت لە چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و هتددا، حاشای لێناکرێ. ئەگەر لە رابردوودا پۆستە دەوڵەتییەکان بە گوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان پێیان دەدرا، ئەمڕۆ هەڵبژاردنیان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانی دامەزراندن و لەسەر بنەمای لێهاتوییە تاکەکەسییەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لە ئاکامدا فەرانبەرانی دەوڵەت لە گرووپ و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێن. بە باوەڕی ژۆزێف شۆمپیتەر، ئەو خاڵە هۆی سەرەکی سەربەخۆیی دەوڵەتە، خاڵێك کە تەواوی شیکردنەوە مارکسیستییەکان لەمەڕ دەوڵەت دەباتە ژێر پرسیار. ئیتر ناتوانین بڵێین کە دەوڵەت ئامرازێکە لە دەستی چینی باڵادەستدا. لە هەمان کاتدا ئەم شیکردنەوەیە پتەوی و راوەستاویی لە لای هەندێك لە بیرمەندان هەر ماوە. ویلیام دامهۆف پێی وایە پۆستە بەرزەکانی دەزگای ئیداری ئەمریکا هەر لە دەستی چینێکی باڵادا ماوەتەوە. ئەم چینە نەك هەر بەسەر سوپا و دەزگای ئیداری و پۆستە سیاسییەکاندا زاڵە بەڵکو بەشێکی زۆری سامانی نەتەوەییشی بە خۆی تەرخانکردووە.[١٠٤] لە بەرامبەردا کەسانێکی تر وەك ئارتور بێنتلی، دێڤید ترومەن، رابێرت داڵ و پۆلسبی (Polsby) پێیان وایە کە حکوومەت شوێنی چاوپێکەوتن و گوشاری گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانە و بژاردە دەسەڵاتدارەکان لە چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێن.

بۆ ئەوەی بتوانین باسی بەربڵاوی بروکراسی کورت بکەینەوە ئەو خاڵانەی خوارەوە دەخەینە روو:

– دەزگای ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و پاراستنی باڵادەستیی سیاسی پێویست و حەتمییە.

– ئەم دەزگایە بە خێرایی بەرەو ناکەسێتی بوون، بە پسپۆڕی بوون و ئاوەزمەندێتی دەڕوا.

– ئەم دەزگایە لە دوو بەشی ناوەند و ریز پێکهاتووە. «نووسینگە باڵادەستەکان لە لایەك پێویستییان بە ناوەندێکی هاوبەش و لە لایەکیترەوە بە ئامرازە مادديیەکانی بەڕێوەبردن هەیە».[١٠٥] کەوابوو دەزگای ئیداری لە لایەك پێویستی بە تاکە لێهاتوو و بەرنامەدارێژەکان

104- Domhoff, G.W.; Who Rules American? Englwewood Chif, 1967.

١٠٥ وبر، مارکس، هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.



هەیە و لە لایەکیترەوە بە تاکگەلێکی بەڕێوەبەری بە هێز کە ئەو بەرنامانە بە باشی بەڕێوەبەرن.

– جۆری دەزگای ئیداری لە یەکیەتیخوازەوە هەتا فرەییخواز، سەنترالیزە و فیدرالیستەوە[١٠٦] پەیوەندیی راستەوخۆی بە جۆری رژێمی سیاسییەوە هەیە.

– ئەم دەزگایە لەگەڵ مەترسیی خۆ تەوەری و ئەوەی کە لە حاڵەتی ئامرازەوە ببێتە ئامانجێك بەرەوڕووە. ئەم لایەنەی بروکراسی بابەتی رەخنە و گلەییەکی زۆر بووە. بۆ وێنە ویلیام وایت[١٠٧] باس لە فەرمانبەرێك کە وەك برغووە بێگیانەکانی دەزگایەکی لێهاتوو دەکا و وەك «مرۆڤی رێکخراوەیی» ناو دەبا کە دەیەوێ تەواوی مەسەلە کەلتووری و مرۆڤییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەستە بێگیانەکانی خۆیدا بکوشێ. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە رێکخراو و رێکخستن و دەزگای ئیداری شەڕێکی پێویستن و بێ ئەوانە ناتوانین مەسەلە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ چارەسەر بکەین.

– رۆژئاوا شوێنی سەرهەڵدانی دەزگای ئیداریی نوێیە. بەڵام رۆژهەڵات بەدیهێنەری یەکەمین دەزگای ئیداری ئاڵۆزە، بۆ وێنە هەخامەنشییەکان یەکێك لە نموونەکانی پێشکەوتوو و ئاڵۆزی دەزگای ئیداری و رێکخستنی وڵات لە ئێران پێشکەش دەکەن کە لە دنیای ئەوکاتدا سەرسوڕهێنەر بوو.

– رادەی پسپۆڕی و لێهاتوویی دەزگای ئیداری و ئەو تاکە لێهاتووانەی کە تێیدا کار دەکەن لەگەڵ رادەی سەرکەوتنی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و وڵاتدا پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە. کردەوەی دەزگای ئیداری پەیوەندی بە تاکە لێهاتووەکان و ئەزموونی پیشەیی (carierre)ی ئەوانەوە هەیە.

ئەمڕۆ لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا قوتابخانە و زانکۆگەلێك هەن کە خەریکی راهێنان و پەروەردە کردنی کادری بە ئەزموونی ئیدارین، وەك قوتابخانەی نەتەوەیی کاروباری ئیداری(ENA) کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە فەرەنسا پێکهاتووە، یان قوتابخانەی باڵای فەرەنسا کە زۆربەی سیاسەتوانانی هاوچەرخ لەوێ خوێندنیان تەواو کردووە.[١٠٨] سەرەڕای ئەوە ئێستاش

١٠٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: Quermonne, J.L.; L'appareil administrative de l'Etat; Paris, Seuil, 1991.

107- Whyte, W.; L'homme de l'organisation (1959) in R.G. Schwartzenberg; op. cit.; p. 337.

108 Quermonne, J.L.; op. cit.; pp. 194-199.

بەشێك لە پۆستەكان وەك پۆستەكانی دیپلۆماتیك هی بنەماڵە كۆن و ئاغاواتەكانی ئەوروپایین.

پێویستیی پشت بەستن بە كەسانی پسپۆڕ و كارامە بە رادەیەكە كە تەنانەت لە شۆڕشە ئایدۆلۆژیكەكانیشدا وەك شۆڕشی ئۆكتۆبەری ۱۹۱۷ی رووسیا، خاوەنانی نوێی دەسەڵات خۆیان لە كادری پسپۆڕی رژێمی پێشوو بەبێ نیاز نەزانی. ئەمڕۆ تەنانەت لاف لێدەرترین گرووپە دیموكراتیكەكانیش ناتوانن حاشا لە پرەنسیپی شایستە سالاری بكەن. لە هەمان كاتدا هێشتاش گرووپە سیاسییەكان بە نیسبەت پرەنسیپی پسپۆڕی و بێلایەنی كەمتەرخەمن. ئەم گرووپانە زیاتر وەفاداری پرەنسیپی ﴿راوڕووت﴾ یان ﴿spoil system﴾ن. بەو مانایە كە كاتێك دەسەڵاتی سیاسی بەچنگ دێنن پۆستە سیاسییەكان لە نێوان لایەنگرانیان دابەش دەكەن(وەك دەسكەوتەكانی شەڕ) و ئەو كارە گەورەترین خەسار بە تەكووزی سیاسی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی دەگەیەنێ. لەرابردوودا دەسەڵاتە هەرێمییەكان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشێكی زۆریان هەبوو. كەسایەتییە هەرێمییە بەرجەستەكان و دەوڵەتی ناوەندی بە نۆبە پشتیوان و ركەبەری یەكتر بوون.[109] جاروبار دەوڵەت ئەوانی وەك نوێنەری خۆی هەڵدەبژارد و جاروباریش دەسەڵاتە هەرێمییەكان بە تایبەت كاتی لاوازی یان گیروگرفتی دەوڵەتی ناوەندی سەرپێچییان لە بڕیارەكانی دەكرد. ئێرانی سەردەمی قاجار نموونەیەكی بەرچاو لەو دانوسانانە بەدەستەوە دەدا. بەڵام ئەمڕۆ دەزگای ئیداری لە تەواوی كۆمەڵگاكان، چ نەریتی یان پیشەسازییەكان، بە شێوەیەكی یەكپارچە و یەكگرتوو بڕیارەكانی دەوڵەت بە هەموو جێگەكانی وڵات دەگەیەنێ. سیستەمی ئیداری ئێرانیش لە زەمانی كۆماری ئیسلامیدا لە دوو بواردا وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە. یەكیان لە سۆنگەی ئەندامگیری و بەدەركەوتنی لە پاوانی چینە تایبەتەكان و ئەویتر لە بواری چەندێتییەوە. بەڵام لە باری چۆنیەتییەوە وەرچەرخانێك بەدی ناكرێ. بۆ وێنە لە زەمانی شادا تەنانەت سەرۆك عەشیرەكانیش لایەنی حیسابی دەوڵەتی ناوەندی بوون و دەوڵەت لەگەڵ جەماوەری عەشیرە پەیوەندییەكی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ تاكەكانی خەڵك راستەخۆ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت لە پەیوەندیدان.[110]

109- Cf.; Gremion, Pierre; Le pouvoir peripherique; pp. 159-167.

۱۱۰- نقیب زاده، احمد، دولت مطلقة رضاشاه و قبایل و عشایر، مركز اسناد انقلاب اسلامی ایران، ۱۳۷۹، فصل "ایل و سیاست"



لە هەموو بارەكانەوە دەبێ كۆمەڵگای نەریتی و كۆمەڵگای مۆدێرن جیا بكرێنەوە. ئێستاش دەكرێ دوو دەوڵەت لێك جیا بكرێنەوە.

۱- پێكهاتەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە كۆمەڵگای نەریتیدا. دەوڵەت لە كۆمەڵگا نەریتییەكاندا بە شێوەیەكی بەرچاو نیشاندەری كۆكردنەوەی دەسەڵات و پشت بەستن بە زۆر و زەبروزەنگی ئاشكرایە. كۆمەڵگای مەدەنیی لاواز و نەبوونی دامەزراوەكان كە بتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، دژە دەسەڵاتێكی رێكخراو و بە دەزگابوو پێكبێنن لە لایەك و، لاوازیی كەلتووری گشتی و دەوروپشتی پشێو و گرژ لە لایەكی ترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتی دەوڵەت زۆر قورس و هەستپێكراو بێ. جگە لەوەش هیچ رێكارێكی حوقووقی و رێكخراوەیی كە لە وڵاتانی پێشكەوتوودا دەبێتە بەربەست لە بەرامبەر كۆكرانەوە و گەندەڵی دەسەڵات، لە وڵاتە نەریتییەكاندا بەدیناكرێ. جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان كە لە كۆنەوە وەك یەكێك لە رێگەكانی بەرگری لە كۆبوونەوەی دەسەڵات پێشبینی كراوە، لەو كۆمەڵگایانەدا لەبەرچاو ناگیرێ یان بە شێوەیەكی فۆرمالیتە و بە ناو قبووڵدەكرێ. ئاكامەكەی ئەوەیە كە سێ توخمی جێی ئاماژە لە پێكهاتەی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا واتە حكوومەت، دەسەڵاتداران و دەسەڵات لە نادیاری و ئاڵۆزیدا دەمێننەوە و ئەسیری پێكهاتە نەریتی و پاتریمونیالەكان دەبن. دەسەڵات دەخرێتە پاڵ هێزە مێتافیزیكەكانەوە و حكوومەت دەكەوێتە دەستی بنەماڵە دەستڕۆیشتووە كۆنەكانەوە و دەسەڵاتی دەوڵەت لە جیاتی لە خزمەت بەرژەوەندییە نەتەوەییەكان، قازانجی گشتی یان گەیشتن بە فڵان ئامانجدا بێ دەكەوێتە خزمەت بەرژەوەندییەكانی دەسەڵاتدارانەوە. نموونەی بەرچاوی ئەو كارە كەسایەتپەرستی لە سووپاكانی ئەو وڵاتانەدایە. سووپای شاهەنشایی ئێران لە زەمانی پەهلەویدا وەك هێزی وەفادار بە خودی شا رادەهێنرا نەك بە مەبەستی بەرگریكردن لە وڵات. تەنانەت سروودی نەتەوەییش سروودی شا بوو و دروشمی خوا، شا، نیشتیمان نیشان دەدا كە شا لە پێش نیشتیمان دایە، وەك ئەوەی كە گوایە نیشتیمانیان بۆ شا خوڵقاندووە و نەك شا بۆ خزمەتی نیشتیمان.

لە زۆربەی كۆمەڵگا نەریتییەكانی لە حاڵی ئاڵوگۆڕدا، دەسەڵات لە دەستی رێبەرانی نیزامی و كەسانێك دایە كە تواناییەكی فیزیكی و رێكخستنێكی چەقبەستوویان هەیە. توركییای كەمال پاشا و ئێرانی رەزاشا نموونەی ئەم بارودۆخەن. پەیوەندیی دەوڵەت و كۆمەڵگا لەم جۆرە كۆمەڵگایانەدا بە شێوەی یوپاتریمونیال، موشتەری ئاسا و دەسەڵاتخواز سەرهەڵدەدا. ﴿بالادەستیی پاتریمونیال پێویستیی بە وەها دەزگایەكی ئیداری هەیە كە بە تەواوی لە ژێر

چاودێری پاشا یان تاکێکی بە توانا لەسەرووی کۆمەڵگادابێ و بە خۆی ئەندامەکانی هەڵبژێرێ و، هیرارکییەکەی ڕێکبخا و ئاراستەکەی دیاری بکا﴾.[111] لە دۆخی موشتەری ئاساییدا ﴿پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و ژێردەستەڵاتەکان لە چوارچێوەی پەیوەندیگەلێکدا بەڕێوە دەچێ کە "ژان فرانسوا میدارد" بە پەیوەندیی بەستراوەیی کەسێنی وەسفدەکا کە لەسەر دانوسانی بە سوودی دوو لایەنەی نێوان دوو کەس بە بەرژەوەندیی نابەرابەر، واتە خاوەنکار و موشتەری دامەزراوە﴾.[112] لە حاڵەتی دەسەڵاتخوازیدا دەوڵەت بە بێ هەر جۆرە تێبینییەك بڕیار و خواستەکانی خۆی بە سەر ژێردەستەکانیدا دەسەپێنێ و پێش بەهەر جۆرە بەشدارییەك دەگرێ.

٢- پێکهاتەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا. لەو کۆمەڵگایانەدا دەسەڵاتی نەتەوە بێ ئەملا و ئەولا وەك پرەنسیپی بنەڕەتی حکوومەت قەبوولکراوە. لە ئاکامدا دەسەڵاتدارانیش بە دەنگی خەڵك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن و دەسەڵاتی دەوڵەت لە خزمەت ئامانجە نەتەوەیی و ناکەسێتییەکان دایە. زۆر ڕێگای گونجاو بۆ بەرگری لە کۆکرانەوەی دەسەڵات و گەندەڵییەکەی بەکار دێ و کۆمەڵگای مەدەنیی بەهێز و بەدەزگابوو وێڕای سیستەمێکی چاودێریی کارامە بە سەر کردەوەکانی دەوڵەتدا، نوێبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و ملکەچی لە بەرامبەر یاسادا گەرەنتی دەکا. لە هەمان کاتدا باسی دەسەڵاتداران و ئەوەی کە چ کەسانێك دەگەنە ترووپکی دەسەڵاتی دەوڵەتی، یەکێك لە ئاڵۆزترین باسەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە پێکدێنێ. لە پارەکانی رابردوودا ئاماژەمان بەو خاڵە کرد. تایبەتمەندی سەرەکی لە هەڵبژرادنی دەسەڵاتداراندا، شایستە سالاری و هەڵبژاردنی سەرگوڵەکان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانی دامەزراندن و لە پلەکانی سەرەوەدا لە ڕێگەی حیزبێکەوەیە. ئەوەی کە ئەم هەڵبژێراوانە لە توێژە باڵاکانی کۆمەڵگا بن یان لە تاکەکانی خەڵك، هیچ خەوشێك بە پرەنسیپی شایستە سالاری ناگەیەنێ. تیۆریداڕێژانی مارکسیست پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەسەڵاتداران لە چینی باڵادەستی کۆمەڵگا هەڵبژێرن،[113] لە حاڵێکدا کە زۆرجار کرێکارانێکی وشیار دیتراون

١١١- بدیع، برتران، توسعه سیاسی، ص ١٦٨.

١١٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩.

113- Therborn, Goran; What Dose the Ruling Class When it Rules? N.L.B., 1978, pp. 183-217.



کە بە وەزارەت و پۆستی بەرز گەیشتوون. شك لەوەدا نییە کە خاوەنانی پوانە ئابوورییەکان بەختێکی زیاتریان بۆ راهاتن و بەدەستهێنانی لێهاتوویی پیشەیی هەیە و لە ئاکامدا ڕێگەی ئەوان بۆ گەیشتن بە پۆستە دەوڵەتییەکان خۆشترە. لە راستیدا دەبێ سەرنج بدرێتە سەر رووبەڕوو بوونەوەی نێوان بژاردەکان، مارکسیستەکان و فرەیی خوازەکان.[114]

خاڵێکیتر پێوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دایە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر رێ و شوێنە یاساییەکان و حاڵەتە ناکەسێییەکان دامەزراوە. لە هەمان کاتدا جۆرێك حاڵەتی موشتەریی ئاساییش دەبینرێ کە لەرێگەی سەرۆك حیزبەکان، سەندیکاکان و دامەزراوەکانی تر بەڕێوە دەچێ. دەستەواژەی﴿لابی﴾ یان چەنەلێدانی دالآنی لە ئەمریکا نیشاندەری ئەمجۆرە پەیوەندییە سیاسیی کۆمەڵایەتییانە لە نێوان دەسەڵاتداران و ژێردەسەڵاتەکانە.

لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیشدا دەبێ لە نێوان سێ جۆر حکوومەت جیاوازی دابنرێ. یەکیان حکوومەتە پاوانخوازەکان کە پەیوەندییەکی یەك لایەنە لەگەڵ دەوروپشتی خۆیان دادەمەزرێنن و، نەك دەست لە تەواوی بەشەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵی وەردەدەن بەڵکو ئەگەری هەر چەشنە چاودێرییەکیش لە خوارەوەڕا لەناودەبەن. دووهەم، حکوومەتە دەسەڵاتخوازەکان کە ئەگەری چاودێری لە بیاڤی سیاسیدا لە خەڵك دەستێنن و چالاکییە سیاسییەکان لە پاوانی خۆیان دەگرن، بەڵام دەست لە ژیانی تایبەتی خەڵك وەرنادەن. سێهەم، حکوومەتە دیموکراتیکەکان کە تێیاندا خەڵك مافی بەشداری و چاودێرییان هەیە و لە ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەهرەمەندن.

114 Held, D.; op. cit.; pp. 56-79.

## پاری پێنجەم:

# دەور گێڕان و هێزە سیاسییەکان

دەتوانین ژیانی سیاسی بە یارییەك بزانین و بۆ شیکردنەوەی کەڵك لەسەرچەشنەکانی تیۆریداڕێژی وەرگرین. بەو پێیە پێگەکان، بنیاتەکان و پێکهاتەکان لەبەرچاو نین بەڵکو ڕەفتارەکان گرنگییان هەیە. ئێمە دەمانەوێ دەورگێڕەکان وەك تەواوکەرێك بۆ دوو پار بخەینە بەرباس.

وایدادەنێین کە لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا تەواوی خەڵك دەورگێڕی سیاسین کە لە ڕێگەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەندامەتی لە کۆڕ و کۆمەڵە گشتییەکان و هتد، خەریکی دەورگێڕانن. بەڵام بەشی تاك لە بەراورد لەگەڵ گرووپەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکاندا، زۆر کەمە. مەبەستی ئێمە لە دەورگێڕانی سیاسی ئەو ڕێکخراوانەن کە یا بە شێوەی دیار خۆیان لە یارییە سیاسییەکان وەردەدەن و بە شوێن بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوەن یان بە هۆی پێگەیەکی کە هەیانە ژیانی سیاسییان بە نیسبەت خۆیان کەمتەرخەم نەهێشتۆتەوە و، کاریگەری لەسەر دادەنێن. لە ناو تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی کە پێدەنێنە ئەم ڕێگەیەوە، ڕۆڵی حیزبەسیاسییەکان زۆر بەرجەستەیە. دوای دەوڵەت، حیزبە سیاسییەکان بەهێزترین و ڕوونترین هێزە سیاسییەکانن کە زیاترین بەش لە چالاکییە سیاسییەکان بە خۆیان تەرخان دەکەن. دەوری حیزبەکان لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بە ڕادەیەکە کە سیستەمی حیزبی بە باشی دەتوانێ بە پێناسکاری سیستەمی سیاسی وڵات بزانرێ و حیزبە سیاسییەکانیش ئیدیعای دەوری چارەنووسساز لە ژیانی سیاسیدا بکەن. دوای حیزبەکان گرووپە دەستڕۆیشتووەکان کە ئەوانیش بە سەر دوو دەستەی ئابووری و نائابووریدا دابەش دەبن، زیاترین بەشیان بە خۆیان تەرخاندەکەن. پاشان بە گوێرەی هەر کۆمەڵگایەك، هێزە مەعنەوییەکان وەك گرووپە ڕووناکبیرییەکان و دامەزراوە ئایینییەکان بە بەرچاوترین هێزە سیاسییەکان دەژمێردرێن.



## بەشی یەکەم

# حیزبە سیاسییەکان

حیزبە سیاسییە نوێیەکان، ڕێکخراوگەلێکی سەقامگیرن کە وێڕای پەرەسەندنی مافی دەنگدان پێکهاتوون و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە شێوەی ڕێکخراوە سەراسەری و سەربەخۆ لە تاکەکانیان لێهاتووە کە ئیتر سەر بە بناغەدانەرانی خۆیان نەبوون و بە شێوەیەکی دیار لە ڕێگەی پشت بەستن بە دەنگی خەڵکەوە بە شوێن بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا بوون. ئەم دامەزراوانە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە چوونە نێو گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگاکانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە.[115] بە دوای ئەودا ئەم حیزبانە بە خێرایی بە سەر ژیانی سیاسیدا زاڵ بوون و، نزیك بە تەواویان خستە پاوانی خۆیانەوە. تایبەتمەندیی بەرچاوی حیزبە نوێیەکان ڕێکخراوەکەیان بوو، ئەگینا گرووپی سیاسی وێنەی ئەوان لەرابردووشدا زۆر هەبوون. سەرەتا هیچ کەس ڕایەکی باشی بە نیسبەت ئەوانەوە نەبوو و هەموو ئەوانیان بە هۆکاری ئاژاوە و دووبەرەکی دەزانی، بەڵام پێویستی و ئاڵۆزی و بە پسپۆڕی بوونی ژیانی سیاسی ڕێگەی بۆ خۆشکردن. ئێمە لێرەدا ڕوو دەکەینە جۆرێك لە کۆمەڵناسیی حیزب کە هەم هەڵگری هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی پێکهاتنی ئەو بێ و هەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆیی ئەو لەخۆ بگرێ. هەڵبەت ئەرکەکانیشیان لەبیر ناکەین.

### ١- بوارەکانی سەرهەڵدانی حیزبەکان:

مۆریس دۆوێرژێ کە لە پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوە حیزبییەکان لە فەرەنسایە، زیاتر پشت بە توخمی تەکنیکی پێکهاتنی حیزبەکان دەبەستێ. ئەو پێیوایە وێڕای پەرەسەندنی مافی دەنگدان، گرووپە پەرلەمانییەکان کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە کۆمیتەکانی هەڵبژاردن چالاك ڕابگرن هەتا لە دەورەکانی دواتری هەڵبژاردنەکاندا بەختێکی زیاتریان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان هەبێ. ئاڵقەی پەیوەندیی گرووپە پەرلمانییەکان و کۆمیتەکانی هەڵبژاردن، نووسینگەیەك بوو

115- Lapalombara, Joseph, Myron Weiner; political parties and political Development; p. 6.

که به مەبەستی هاوئاهەنگکردنی چالاکییەکانی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن بەدیهاتن و بەرەبەرە کاکڵی سەرەتایی حیزبەکانیان پێکهێنا. دواتر جۆرێکی تر لە حیزب پێکهات کە یا پەیوەندی بە دەستپێشخەریی کەسانی دەستڕۆیشتوو هەبوو یان کاکلەسەرەتاییەکانی لە گرووپە سینفییەکان، سەندیکاکان و یانەکان پێکدەهات. لە ئاکامدا دۆوێرژێ دوو جۆرە ئاخێزگە بۆ حیزبەکان دەخاتە بەرچاو: پەرلەمانی و دەرەکی (دەرەوەی پەرلەمان).[116] بەڵام ئەو ڕێکخراوانە بە خێرایی لەگەڵ کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆیان یەکیان گرتەوە و هەرکام نوێنەرایەتی یەکێك لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئەستۆ گرت. هەر بۆیە هەندێکی تر لە کۆمەڵناسان سەرنجێکی زیاتریان دایە بنەما کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی حیزب. لەو ناوەدا "اشتین رکان" و "سیمۆن مارتین لیپێست"، ململانێ مێژووییەکان و شوێنەوارەکانی ئەو ململانێیان وەك بنەمای حیزبە نوێیەکان ناساند. ئەوان پێیان وایە لەسەردەمی نەرمتر بوونەوەی ململانێ سیاسییەکاندا، ململانێکانی ڕابردووش خۆیان لە چوارچێوەی حیزبەکان و خەباتە حیزبییەکاندا بەرجەستە دەکەنەوە. ئەوان پێیان وایە لە مێژووی ئەوڕووپادا دوو شۆڕشی نەتەوەیی و پیشەسازی، هەرکام بەدیهێنەری دوو ململانێ بوو. شۆڕشی نەتەوەیی بوو بە هۆی ململانێی ئایین و دەوڵەت و ململانێی ناوەند و دەوروپشت. لە هەندێك لە کۆمەڵگاکاندا کە ئایین بە دەوڵەتی‌کرا، ململانێی نێوان ئایین و دەوڵەت نەما و بوار بۆ حیزبە لاییکەکان ڕەخسا. بەڵام لە هەندێك لە کۆمەڵگاکانیتردا ئەم ململانێیە کۆتایی پێنەهات و لە ئاکامدا لە چوارچێوەی ململانێی حیزبە ئایینییەکان و حیزبە لاییکەکاندا درێژەی کێشا. ململانێی ناوەند و دەوروپشتیش ئەگەر تەواو نەبووبێ حیزبە نەتەوەییەکان لەگەڵ حیزبە هەرێمییەکان بەرەوروو دەکاتەوە. شۆڕشی پیشەسازیش بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی ململانێی نێوان کار و سەرمایە و ململانێی شار و لادێ.

ماکس ڤێبەریش بە جۆرێك، حیزب لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی مێژوویی و پێك گەیاندنەوەی لەگەڵ دیاردەی ڕێکخراو شیدەکاتەوە. ﴿لە هەر جێیەك کە بڕیار وابێ هەڵبژاردنە دەورەییەکان بە دەستی وەرگرانی دەسەڵاتەوە بەڕێوەبچێ، دامەزراوەی سیاسی بە پێی پێویست دامەزراوەیەکی کەڵك وەرگر دەبێ. واتای ئەو ڕستەیە ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەم لەو تاکانە کە بە ڕاستی خوازیاری ژیانی سیاسی و بەشداری لە دەسەڵاتن، دەستدەکەن بە ئەندامگیری خۆبەخشی هەوادارەکانیان ، پاشان خۆیان یا ئەندامەکانی خۆیان بە پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکان

116- Duverger, M.; Les parties politiques (1951); pp. 2-16.



دیاریدەکەن و پاش وەرگرتنی بودجەی پێویست دەستدەدەنە بەدەستهێنانی دەنگەکان. وێناچێ بێ وەها ڕێکخراوێك بکرێ هەڵبژاردنەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا بەڕێوەبچێ﴾.[117] ڤێبەر پاشان ئاماژە بە مێژووی خەباتی سیاسی لەسەردەمی نوێدا دەکا و دەڵێ لەسەرەتاوە ئاغاوات بوون کە بە شوێن دەسەڵاتی سیاسییەوە بوون. دواتر بورژواکانیش هاتن لەو ڕێگەیەوە. تەوەری سەرەکی باسەکەی ڤێبەر باڵادەستیی سیاسییە. خەبات بۆ دەسەڵات هەم لە نێوان حیزبەکاندا لە ئارادایە و هەم لە ناو خۆی حیزبەکان. بۆچوونێکی بێلایەنانەتر کە پێکهاتنی حیزبەکان شیدەکاتەوە، بۆچوونی پەرەخوازانەیە. لەم ڕوانگەیەوە حیزبە سیاسییەکان ئاکامی ڕاستەوخۆی ئاڵۆز بوونی کاروبارەکان، بە پسپۆڕی بوونی کارە سیاسییەکان و پێویستیی یەکگرتوویی هێزەکانن. ئەگەر بمانەوێ داوەری بکەین، باسەکەی ڤێبەر هەر سێ ڕوانگە (ڕێکخراو، مێژوو، پەرەسەندن) لەخۆ دەگرێ. خاڵێك کە بە هیچ جۆرێك نابێ لەبیر بکرێ، پەیوەندیی حیزبەکان و دیموکراسییە. ڤێبەر دەڵێ:﴿ئەم تەشکیلاتە نوێیە ڕۆڵەکانی دیموکراسی و ڕای گشتی و ئاکامی پێویستیی ڕاکێشان و ڕێکخستنی جەماوەرەکان و پێویستیی وەرچەرخانی حیزبە کۆنەکان بە ئاراستەی یەکیەتیی زیاتر لە ئاستی ڕێبەری و دیسیپلینی پتەوتر و لە تەواوی ئاستەکاندایە﴾.[118] مێژووی بابەتیی پێکهاتن و کامڵبوونی حیزبەکان نیشاندەدا کە حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ پەرەسەندنی مافی ڕای گشتی گەشەیان کردوە.[119] بەڵام ئەو خاڵە لەگەڵ تیۆریی یەکگرتنەوەی حیزبەکان لەگەڵ کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان دژایەتییەکی نییە. سروشتییە ئەو ڕێکخراوانە پاش پێکهاتن لەگەڵ ڕوخساربەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکبکەون. یا تەنانەت هۆکاری یەکگرتوویی ڕێکخراوی حیزب، شتێکی وەك بەژەوەندییە گرووپییەکان، بیروڕای هاوبەش و تەنانەت دەسەڵاتخوازییەکی پەتی بێ. هەروەك ڤێبەر یەکێك لە هۆیەکانی پەرەسەندنی ڕای گشتی بە گەندەڵیی ماڵی دەزانێ، وەها هۆکارێکیش دەتوانێ پاڵنەری پێکهاتنی حیزب بێ. گرنگ ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی بنیاتی، کارکردی و فەرمی بچنە ناو ژیانی سیاسییەوە.

١١٧- وبر، ماکس، دانشمند و سیاستمدار، ص ١٠٩.

١١٨- هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

119- Borella, Francois; Les parties politiques en Europe; pp. 113-114.

## ٢- جۆرەکانی حیزب:

موریس دۆوێرژێ حیزبە سیاسییەکان بە سەر دوو جۆری سەرەکیی حیزبە کادرەکان و جەماوەرییەکاندا دابەشدەکا. ئەم دابەشکردنە هەتا ئەمڕۆ ئیعتیباری خۆی پاراستووە. حیزبە کادرەکان دیاریی سەردەمێکن کە هیچ کەس جگە لە دەرەبەگ و ئاغاواتەکان مافی دەنگدانیان نەبوو.لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا دوو گرووپی سیاسیی کۆنەپارێزەکان و لیبرالەکان لە بەرامبەر یەکتریدا رادەوەستان کە هەردووکیان لە کەسانی بەناوبانگ و دەسترۆیشتوو پێکهاتبوون و زیاتر پێناسکاری گرووپێکی پەرلەمانی بوون. لەم سەردەمەدا هێشتا مافی رای گشتی زۆری پەرەی نەستاندبوو و پێوەری مافی دەنگدان، دانی بڕێکی تایبەت مالّیات بوو کە رژێمی سانسیتێر(censitaire)یان پێدەگوت. ئەندامانی ئەمجۆرە حیزبانە بە گشتی کەم بوون و لە هەمان کەسانێك پێکدەهاتن کە خەرجەکانی حیزبیان لە ئەستۆ بوو. لە ئاکامدا رێکخراوەکەشیان لەسەر بنەمای ناناوەندێتی و رێکخستنێکی نەرمکێش دامەزرابوو. سەرۆکایەتی حیزبیش زیاتر بە دەستی ئەندامانی پەرلەمانی حیزب بوو. حیزبە جەماوەرییەکان بە پەرەگرتنی مافی دەنگدان و هاتنی کەسانی نوێ بۆ ناو گۆڕەپانی چالاکییە سیاسییەکان پێکهاتن و لە ئاکامدا لە باری مێژووییەوە تایبەت بە قۆناغی دووهەمی مێژووی حیزبایەتین. بەریانە چەپەکان وەك دامەزراوە سۆسیالیستییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرهەلّدانی ئەمجۆرە حیزبانە هەبوو، چونکە بە پێچەوانەی توێژە نەریتی و ئاغاواتەکان کە حەزیان لە بەشداریی جەماوەرەکان نەبوو، حیزبە چەپەکان بەریانی خەلّکییان هەبوو و دەرگاکانیان بە ئاسانی بە سەر تازەهاتوواندا دەکردەوە. بەلّام لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا حیزبە جەماوەرییە راست (فاشیست)ـەکانیش پێکهاتن کە هۆی سەرەکی ئەو، بەریانە پۆپۆلیستی و لایەنە شانۆییەکانی ئەم بزووتنەوانە بوو. بە گشتی حیزبە جەماوەرییەکان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێکهاتن لە باری رێبەری، بەریانە فکرییەکان و چەندێتییەوە لەگەلّ حیزبە کادرەکان جیاوازیی بنەڕەتییان هەبوو. ئەم جیاوازییانە دەبوونە هۆی جیاوازی لە رێکخستنیشدا. ژمارەی زۆری ئەندامان لە دامەزراوەیەکدا، پێویستیی رێکخستنێکی چەقبەستووی هێنایە ئاراوە. ئەم رێکخراوە چەقبەستووە وێڕای ئایدۆلۆژیی خەبات و ئەندامانی چالاك، حیزبە جەماوەرییەکانی وەك گرووپێکی نیزامی لێدەکرد. بەرپرسانی دابینکردنی خەرجەکانی ئەم حیزبانەش لەسەرۆکەکانەوە بۆ جەماوەرەکان دەگوازرایەوە.



مۆریس دۆوێژرێ ئاماژە بە دوو جۆر دابەشکاری تریش دەکا. یەکیان حیزبە راستەوخۆکان و ناڕاستەوخۆکان و ئەویتر حیزبە رەقەکان و نەرمەکان. ئەم دوو دابەشکارییە شیاوی گونجان لەگەلّ هەمان دابەشکارییەکانی کادر و جەماوەریشە. حیزبە راستەوخۆیەکان ئەو حیزبانەن کە تاکەکان بە شێوەی راستەوخۆ تێیاندا دەبنە ئەندام. ئەم جۆرە ئەندامەتییە وەبیرهێنەرەوەی ئەندامەتی لە حیزبە کادرەکان دایە. لە کاتێکدا کە ئەندامەتی لە حیزبە ناراستەوخۆکاندا لە رێگەی ئەندامەتی لە دامەزراوە سەندیکاییەکاندا کە خۆیان ئەندامی حیزبێکن جێبەجێ دەبێ. حیزبە سۆسیالیستەکان بەدیهێنەری ئەمجۆرە ئەندامەتییەن. حیزبە جەماوەرییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هەر دوو شێوازەکەیان پەسند دەکرد، گوتەزای نەرم و رەقیش تایبەت بە رێکخستنی حیزبەکان دەبێ کە جۆری نەرمەکەی لەگەلّ حیزبە کادرەکان و رەقەکەی لەگەلّ حیزبە جەماوەرییەکان یەك دەگرێتەوە.

لە سالّەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا جۆرێکی نوێ لە حیزب، لە گۆڕەپانی سیاسەتی ولّاتانی ئەوڕووپاییدا سەریهەلّدا کە ئاکامی وەرچەرخانە کۆمەلّایەتی - ئابوورییەکانی ئەم سالّانە بوو. بەو هۆیە کە فرەیی ئابووری و پێشکەوتنی پیشەسازی دژواریی کاری کرێکارانی کەم دەکردەوە و لە باری ئابووریشەوە ئاستێکی گونجاوی ژیانی بۆ دابین دەکردن، کەلێنە چینایەتییەکان تاڕادەیەك نووژەن کرانەوە و ئیتر حیزبە نەریتییەکان نەیاندەتوانی پێ لەسەر شەڕی چینایەتی دابگرن و، چینێکی تایبەت بکەنە بەردەنگی خۆیان. لەئاکامدا حیزبە چەقبەستوو و ئایدۆلۆژیکەکان پتەوی و توندگرتنی خۆیان کەم کردەوە و لە ئایدۆلۆژییە دۆگمەکان دوور کەوتنەوە.[١٢٠] بۆ وێنە حیزبی کرێکارانی بریتانیا و حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلّمانیا بە شێوەی فەرمی رایانگەیاند کە ئیتر مارکسیزم ناکەنە رێنوێنی کردەوەی خۆیان. بەلّام ئەم پرۆسەیە تەنیا بە نەرمتر بوونەوەی حیزبە ئایدۆلۆژیکەکان کۆتایی نەهات بەلّکو بە قەولی پییێر ئاوریل زەمانە بۆ وەچەی سێهەمی حیزبەکان ئامادە بوو.[١٢١] ئەم حیزبە نوێیانە کە بە ﴿حیزبە گشتگیرەکان﴾(Catch all party) ناسراون، لە باری رێکخستنەوە هەلّگری چەشنی جۆراوجۆری کادر و جەماوەری بوون، بەلّام لە باری ئایدۆلۆژیکەوە پراگماتیست و بە واتایەکی تر نائایدۆلۆژیك و لە باری چینایەتییەوە، بە فرەچین یان نێوان چینەکان دەژمێردران. بەو هۆیە کە ئەو حیزبانە تەنیا بە شوێن کۆکردنەوەی زۆرترین

120- Epstein, Leon; Political Partise on Western Democracy; pp. 130-166.
121- Avril, Pierre; Essais sur les parties politiques; p. 83.

دەنگەکانەوە بوون، هەندێك لە کۆمەڵناسان وەك شوارتزنبێرگ، ناوی ﴿حیزبە راکێشەکان﴾یان بۆ پێشنیار دەکا، چونکە ئەو حیزبانە تەنیا سەرنجیان لەسەر دەنگدەرەکانە، کەسانێکی وەك "ژان شارلۆ" ناوی حیزبی دەنگدەرانیان بۆ پەسند دەکەن.[122] شارلۆ هەروەها چەشنناسی(تایپۆلۆژی)یەکی نوێ بەدەستەوە دەدا کە بریتییە لە: حیزبەکانی بەرجەستەکان( بەرابەر بە حیزبە کادرەکانی دۆوێرژێ)، حیزبەکان خەباتکاران( کە هاوچەشنی حیزبە جەماوەری و ئایدۆلۆژیکەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمن) و حیزبەکانی دەنگدەران کە هەمان حیزبە گشتگیرەکانن.[123] "هۆگ پۆرتلی"یش چەشنناسییەکی دوولایەنە و وردتر پێشکەش دەکا کە تەواوی حیزبەکان لەسەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ لەخۆ دەگرێ: حیزبە بنیاتییەکان و حیزبە دژە سیستەمەکان، حیزبە ڕێکخراوەییەکان و حیزبە بزاڤییەکان، حیزبە خەباتکارییەکان و حیزبە هەڵبژاردنییەکان، حیزبە هاوچەشنەکان و حیزبە متکسرەکان کە گرووپە فرەچەشنەکان لەخۆ دەگرن.[124]

### ٣- ئەرك و کردەوەی حیزبەکان:

ئەرك یان وەڵامێك کە حیزبە سیاسییەکان بە بەشێك لە پێداویستییەوکانی سیستەمی سیاسی دەدەنەوە و دەبنە هۆی پاراستنی سیستەم، بە گشتی ئەرکگەلێکی سیاسین. لە ناو ئەرکەکانی حیزبە سیاسییەکاندا، ئەرکەکانی هەڵبژاردنەکانیان بایەخێکی تایبەتیان هەیە، بەتایبەت کە فەلسەفەی بوونیشیان لەسەر ئەم ئەرکانە دامەزراوە. بە واتایەکی تر حیزبەکان لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا پێکهاتن و ڕۆڵیان لەسەرەتادا ڕۆڵێکی تەکنیکی بوو کە گوایە بە بێ بوونی ئەوان، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی راستەقینە و کارامە ئەستەمە. لە هەمان کاتدا حیزب وەك هەر ڕێکخراوێکی تر، پاش ئەوەی پێکهات و گەشەی کرد، دەستدەداتە بەڕێوەبردنی ڕۆڵگەلێك کە لەسەرەتادا لێی چاوەڕوان نەدەکرا. بۆ وێنە رەنگە زۆر پیشەی نوێ بەدیبێنێ یان دەوری ئاوەدانکردنەوە و شتی لەو بابەتە بگێڕێ کە ئەرکە شاراوەکانیان پێدەگوترێ. ئێمە لێرەدا ئەرکە ئاشکرا و شاراوەکانی حیزبەکان دەخەینە بەرباس.

122- Charlot, Jean; Les parties politiques; p. 217.
123- Ibid.; pp. 217-218.
124- Portelli, Hugues; Les regimes politiques europeens; pp. 81-85.



**أ) ئەرکە ئاشکراکان:** مەبەست لە ئەرکە ئاشکراکان ئەو ئەرکانەن کە لە هەموو جێیەك و لە هەموو سەردەمێکدا لە حیزبەکان چاوەڕوان دەکرێن و دەکرێ بەسەر ئەرکەکانی هەڵبژاردن و کۆمەڵایەتی ـ فێرکارییەکان دابەشبکرێ.

١- ئەرکەکانی هەڵبژاردنەکان.[125] یەکەمین ئەرکی حیزب، ئامادە (بسیج) کردنی خەڵك و ڕێنوێنییان بۆ لای سەندوقەکانی دەنگدانە. حیزب، تاکە کەمتەرخەمەکان دەکاتە هاووڵاتییەکی چالاك و داوایان لێدەکا لە چوارچێوەی یاسادا و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی حیزب، بەشداریی سیاسی بکەن. لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆدا، تاکەکان بە ئاسانی تووشی داهێزراوی و سەرلێشێواویی دەبن و مافە سیاسییەکان و ئەرکە شارەستانییەکانی خۆیان لەبیردەکەن. لە نەبوونی حیزبە سیاسییەکاندا، بەشداری لەگەڵ زۆر قەیرانی بنەڕەتی بەرەوڕوو دەبێتەوە، یان دۆخێکی بێلایەنی ساز دەبێ، یان بەشداری دۆخێکی جەماوەری و وەهماوی بەخۆوە دەگرێ کە ئەویش مەترسەییەکە لەسەر دیموکراسی.

دووهەمین ئەرکی هەڵبژاردنەکانی حیزبەکان پەروەردەکردنی دەستەیەکی سیاسیی لێهاتوو و ناساندنیان وەك پالێوراوانی نوێنەرایەتی خەڵکە. لە کۆمەڵگایەکی بەرتەسککراو و بچووکدا رەنگە خەڵك یەکتر بناسن و لە بیر و بۆچوونەکانی یەکتر ئاگادار بن، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی بەربلاو و چەند ملیۆنیدا ئەم کارە مەیسەر نییە و حیزبە سیاسییەکان باشترین پێناسکاری پالێوراوانی نوێنەرایەتین. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پالێوراوانی حیزبەکان لەو وڵاتانەدا کە کەلتوور و بنیاتەکانی دیموکراسی بە باشی جێگیر بوونە، لە نێو باشترین و بە ئەزموونترین ئەندام و سیاسەتوانان هەڵدەبژێردرێن.

سێهەمین ئەرکی هەڵبژاردنەکانی حیزبەکان، ڕێکوپێککردن و ڕێکخستنی رەفتار و هەڵوێستەکانی نوێنەران لە ناو پەرلەمان و سازکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەوان و دەنگدەران دایە. پێکهێنانی گرووپێکی پەرلەمانی بەر لە بڵاوبوونەوەی دەنگەکان و دوور بوونەوەی نوێنەران لە دروشمەکانی کاتی هەڵبژاردنیان دەگرێ. چاودێری حیزب بە سەر هەڵوێستی نوێنەرەکاندا، بە گوێرەی هەر حیزبێك جیاوازە. لە بریتانیادا، حیزبەکان لە ڕێگەی چاودێرێك کە ویپ (whip)ی پێدەڵێن چاودێرییەکی ورد بەسەر رەفتار و هەڵوێستی نوێنەراندا دەکەن، لە حاڵێکدا کە لە فەرەنسا وەها چاودێرییەك نییە و حیزبەکان پاکانە حیسابی خۆیان لەگەڵ نوێنەرەکان دەهێڵنەوە بۆ دەوری دواتری هەڵبژاردنەکان. خاڵێکیتر ئەوەی کە دەنگدەران پاش

125- Schwartzenberg, R. Gerard; op. cit.; pp. 471-474.

هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان هیچ جۆرە دەستڕاگەیشتن و چاودێرییەکیان بەسەر نوێنەرەکەیاندا نییە، لە کاتێکدا کە حیزب پردێکە کە پەیوەندییەکی بەردەوام لە نێوان نوێنەر و دەنگدەران دادەمەزرێنێ.

٢- ئەرکە کۆمەڵایەتی ـ فێرکارییەکان. فێرکارییە سیاسییەکانی حیزب جار و بار لە حیزبدا بەرتەسک ناکرێتەوە. بەو هۆیە کە حیزبەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا دژە دەسەڵاتێك پێکدێنن کە دەبێتە هۆی شکانی پاوان و دەسەڵاتی دەوڵەت، کەش و هەوای سیاسی رەنگی ئازادی بەخۆوە دەگرێ. ئەو دۆخە هەر ئەوەیە کە رابێرت داڵ بە زۆر بوونی ناوەندەکانی دەسەڵات (پۆلیارشی) راڤەدەکا و بە دوایین مەنزڵگای پەرەسەندنی سیاسیی دەزانێ. لە وەها کەش و هەوایەکدا هەر حیزبێك لە رکابەرایەتی لەگەڵ دەوڵەت یان بە واتایەکی باشتر، ئەو حیزبەی دەوڵەتی بە دەستەوەیە(حیزبی دەسەڵاتدار) و، لە رکابەرایەتی لەگەڵ حیزبەکانیتر کە دەیانەوێ دەوڵەت بە دەستەوە بگرن، دەستدەداتە دارشتنی ستراتیژی و کۆمەڵێك لە کردار و پەرچەکردارەکان، کە لە پلەی یەکەمدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و ئاگایی سیاسی خەڵك. لە لایەکیترەوە هەر حیزبێك رۆژنامەیەك بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا وێڕای روون کردنەوەی هەڵوێست و روانگەکانی خۆی دەستدەداتە خوێندنەوەی روانگەکانی حیزبە رکەبەرەکان و کردەوەکانی دەوڵەت و جاروبار هەندێك لە زانیارییە نهێنییەکان دەدرکێنێ. لە سیستەمی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا کە وەها رکابەراتییەك نەبوو، زانیارییەکانی خەڵك لە بارەی دەسەڵات زۆر کەم و وێناکانیان لە دەسەڵاتداران زۆر وەهماوی بوو. سەرنج راکێش ئەوە بوو کە هەندێك کەس ببوونە پسپۆڕی وێنەناسی و لە وێنەکانی سەر رۆژنامە فەرمییەکانەوە، هەندێك شتیان گومان دەکرد کە بۆ وێنە فلان کەس لە ناوەندی دەسەڵات نزیك دەبێتەوە و فلان بەرپرس خەریکە پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا لەدەستدەدا. ئەمڕۆ کە بە پێی بەڵگە بڵاوکراوەکان هەندێك کتێبی وەك "بریا"[١٢٦] بڵاو بۆتەوە، روون دەبێتەوە کە پەیوەندییەکانی دانیشتوانی کریملین تا چ رادەیەك هەرزە و بێنرخ بوونە، لە حاڵێکدا کە خەڵکی ئەو کات ئەوانیان بە مرۆڤی هەڵکەوتوو و بێ وێنە دەزانی.

١٢٦- امی نایت، بریا، ترجمه جمشید شیرازی، نشر فروزان، ١٣٧٦.



بەمجۆرە راهێنانی تیۆریك و بە کردەوەی جەماوەر بەتایبەت ئەندامانی حیزب لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی سیاسیی زۆر کاریگەرە. بەو مانایە کە جگە لە پەروەردە کردنی دەستەیەکی سیاسی پسپۆڕ و بە ئەزموون کە داهاتووی سیاسیی وڵات گەرەنتی دەکا، جەماوەری حیزبی تێڕوانین و بۆچوونێکی سیاسی بەدەستدێنن و دەتوانن مەسەلە سیاسییەکان شیبکەنەوە کە بەبێ ئەوە، کرداری سیاسی لێڵ و ناروون و پێشبینی نەکراو دەبێ. هەروەك دیتمان منداڵەکانی کرێکارانی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا شارەزای زۆر چەمکی ئاڵۆز بوون کە هاوچەشنە بورژواکانیان نەیان دەناسین. بەمجۆرە حیزبەکان باشترین ئامراز بۆ تێهەڵکێشانی سیاسی و کۆمەڵگاگریی سیاسین.

**ب ) ئەرکە شاراوەکان:** ئەرکی شاراوە ـ هەروەك دیتمان ـ دەستەواژەیەکە کە رابێرت کینگ بۆ شیکردنەوەی ئەو کردەوانە بەکاریدێنان کە لە رێکخراو یان بنیاتێکی تایبەت چاوەڕوان ناکرێن و بە بەشێك لە ئەرەکانی ئەو ناژمێردرێن بەڵام بەرەبەرە بەڕێوەیان دەبا و چاودێرانیش کەمتر سەرنجی پێدەدەن.[١٢٧] مۆرتۆن خۆی لەبارەی حیزبە سیاسییەکانی ئەمریکاوە ئاماژە بە چەند ئەرکی شاراوە دەکا: یەکەم بە مرۆیی کردنی پەیوەندییە سیاسییەکان، بەو جۆرە کە ﴿باس﴾ یان کارگێڕی هەرێمی حیزب پەیوەندییەکی گەرم لەگەڵ ئەندامەکانی حیزب پێکدێنێ و، گرفتەکانیان لە شارەوانی، ناونووسی منداڵەکانیان، کەم کردنەوەی مالیات و هتد، چارەسەر دەکا و لە بەرامبەردا داوایان لێدەکا لەخۆپێشاندانەکان و کۆبوونەوەکانی حیزبیدا چالاکانە بەشداری بکەن. ئەم جۆرە پەیوەندییانە کەش و هەوای وشکی سیاسی نەرمتر دەکاتەوە. دووهەم ئەوەی کە ماشێنی حیزب دابینکەری پوانی سیاسی بۆ هەندێك لە دامەزراوە ئابوورییەکانە. لە راستیدا لێرەدا دوو دامەزراوەی سیاسی و ئابووری بە یەکەوە دەکەونە دانوسان و شتومەکی سیاسی و ئابووری دەگۆڕنەوە. حیزب لە لای دەوڵەت پشتیوانی لە دامەزراوەی ئابووری دەکا و دامەزراوەی ئابووری پشتیوانی مالی لە حیزب دەکا. سێهەم ئەوەیە کە ماشێنی حیزب لە رێگەی ئامادەکردن (بسیج) ی کۆمەڵایەتییەوە شەقامەکان بە سەر هەژاراندا دەکاتەوە. پێویستیی حیزب بە دەنگەکانی خەڵك دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێبینییە کۆمەڵایەتی و رەگەزییەکان و هتد کە لە ناو بنەماڵەکاندا باوە، لەبیر بچنەوە و هەمووان بۆ بەشداری بە قازانجی حیزب بانگهێشت بکا. چوارەم، سازکردنی کار لە رێگەی دامەزراندنی کەسانێك بۆ بڵاو کردنەوەی راگەیەنراوەکانی

127- Merton, Robert K.; Elements de theorie et de methode sociologiques; p. 126.

حیزب و لە دار و دیواردانی بڵاوکراوەکانی حیزب و هتد. مۆرتۆن پێیوایە ئەو ئەرکە شاراوانەن کە دەبنە هۆی مانەوەی حیزبە سیاسییەکان لە ئەمریکا.

حیزبە سیاسییەکان هەروەك گوترا لە رەوتی تێهەڵکێشانی سیاسیدا دەورێکی گرنگ دەگێڕن. ئەم دەورە لە سێ ئاستی تاکەکەسی، گرووپی و کۆمەڵێدا شیاوی وێناکردنە. کۆمەڵگاگریی تاك یەکێك لە بەرهەمە دانراوەکانی چوونە ناو حیزبە. یەکێك لە ئەرکەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت حیزبەکان، بریتییە لە تێپەڕاندنی تاك لە سروشتەوە بۆ کەلتوور.[128] دەرهێنانی تاك لە تەنیایی و گرێدانی بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە یەکێك لە ئامانجەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە. یەکێك لە گرنگترین رۆڵەکانی حیزبەکانی ئەمریکا، تێهەڵکێشانی تازەهاتووان و کۆچەران بۆ نێو کۆمەڵگای ئەمریکا و هێنانە ژووریان بۆ نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تازەهاتووان بە خێرایی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکا و بەهاکانی ئاشنا بن و لە جیاتی نەگونجان، خۆیان لەگەڵ ئەم بەها و رێسایانە هاوڕێبکەن. ئەگەر وا نەبا، کۆمەڵگای ئەمریکا ئەمڕۆ مەیدانی تێکهەڵچوون و کێشەی توندی قەوم و گرووپە جۆراوجۆرەکان دەبوو کە لەسەراسەری جیهانەوە بۆ ئەم وڵاتە کۆچیان کردووە. هەروەك منداڵەکانی کرێکارانی ئەلجەزایری و تونسی کە بە هاندانی سەرمایەدارە فەرەنساوییەکان بۆ ئەم وڵاتە کۆچیان کردووە، بە هۆی پێکهاتەی چەقبەستوو و کەلتووری رەگەزپەرستانەی فەرەنساوییەکان لەم کۆمەڵگایەدا تێکەڵنەبوونە. ئەمڕۆ مەترسییەك کە لە لایەن ئەوانەوە تووشی تەکووزی و سەقامگیری سیاسی فەرەنسا هاتووە بۆتە هۆی نیگەرانی حکوومەتی فەرەنسا.

لە ئاستی گرووپیشدا حیزب دەتوانێ شوێنی وێککەوتن، تێکەڵبوون و یەکگرتنەوەی بیری گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بێ. تێکهەڵچوونە گرووپییەکان هەمیشە یەکێك لە پڕزەرەرترین شێوەکانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بوونە و هەن، کە رێگا چارەی لە نزیك بوونەوەی ئەوان لە یەکتر دایە. حیزبێکی بەهێز، خەڵکی و سەراسەری دەتوانێ ئەم دەورە بگێڕێ.

لە ئاستی کۆمەڵیش حیزب دەورێکی کاریگەر لە جیاکردنەوەی تاکەکان لە بەستراوەیی و وەفادارییە هەرێمییەکان و بەستنەوەیان بە بەرژەوەندی و شوناسی نەتەوەیی دەگێڕێ. هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەمڕۆ تێهەڵکێشانی نەتەوەیی یەکێك لە گرفتەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەمە کە

128- Debbasch C., J.M. Pontier; Introduction a la politique; p. 212.



هەتا چارەسەر نەکرێ، ناکرێ هیچ چاوەڕوانییەك بۆ داهاتوویەکی باشتر بکرێ. لێرەدایە کە حیزب دەتوانێ لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا دەورێکی گرنگ بگێڕێ.

ئالمۆند و پاول هەروەها ئاماژە بە دەوری حیزبەکان لە رێگەخۆشکردن بۆ هاتووەکان و دەرچووەکانی سیستەمی سیاسی دەکەن. حیزبەکان ئامرازێکی گونجاون بۆ کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و کردنیان بە دروشمی سیاسی.[129]

کارێکی سەرنجڕاکێشیتر کە بە هۆی یەکێك لە کۆمەڵناسانی فەرەنساییەوە بەرێوەچوو ئەوەیە کە حیزبە سیاسییە دژ بە یەکەکان دەتوانن دەورێکی کارکردیی گرنگ وەك دەوری سووپایی خاترجەمی بگێڕن. ئەو کە لەسەر حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای رۆژئاوادا لێکۆڵینەوەی کردبوو، بەو ئاکامە گەیشت کە ئەگەر بەر لە چالاکییەکان و دەربڕینی دژایەتییەکانی ئەم جۆرە حیزبانە بگیرێ، رێگە بۆ گرووپە تیرۆریستییە نهێنییەکان خۆش دەبێ. بوونی حیزبی کۆمۆنیست لە فەرەنسا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنگرانی کۆمۆنیزم لەو وڵاتەدا وا هەستبکەن کە کەناڵێکیان بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خۆیان هەیە، لە حاڵێکدا کە قەدەغە بوونی ئەم حیزبانە لە ئەڵمانیا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی گرووپی" بادرمانیهف" و لە ئیتالیاش لەو کاتەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە لەگەڵ باقی حیزبەکان بۆتە هاوپەیمان و چۆتە نێو دەوڵەتەوە (دەوری دژایەتیکەری خۆی لە دەستداوە) رێگە بۆ سەرهەڵدانی بریگاردی سوور خۆش بوو.[130]

تیۆرییەکیتر کە شیاوی لێکۆڵینەوەیە تیۆریی دیاریکەریی شوێنکارە کە "فرانك سۆرۆف"[131] خستوویەتە بەرباس و دەڵێ شێوەی کردەوەی حیزبەکان پێڕەوی دەوروپشتی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ئەوانە و کردەوەش لە جێی خۆیدا پێکهاتەی حیزب دیاری دەکا:

شوێنکاری کۆمەڵایەتی ← بەرنامەکانی حیزب ← ئەرکی حیزب ← پێکهاتە

سەرەنجام "ئانتۆنی دوانز" کردەوەی حیزبەکانی بە دامەزراوەیەکی ئابووری و کارەکەیانی بە دانوسانی ئابووری شوبهاند.[132] بۆ وێنە کەسێك کە فرۆشگایەك دادەمەزرێنێ شتومەکێك لەوێ

129- Almond, G., B. Powel; Comparative politics; Boston University Press, 1966, p. 99.

130- Lavau, Georges; "A la recherché d'une cadre theorique pour l'etude du parti communiste francais" RESP; 1968, p. 445.

131- Sorauf, Frank; political parties in the American system; Boston University Press, 1964, p. 476.

دادەنێ و بە ڕێکوپێکی دەیانخاتە بەر چاوی موشتەرییەکانەوە. ئەم شتومەکانە زیاتر شتومەکێکن کە لە رووی ئەزموونەوە دەرکەوتووە کە داواکاری زیاتریان هەیە. حیزبە سیاسییەکانیش بەم شێوەیە دروشم و بەرنامەکانیان بە وردبینییەکی تایبەتەوە پێشکەش دەکەن کە لە حوکمی هەمان شتومەکەکان دان. بەڵام لە جیاتی دراو دەنگ بەدەستدێنن. سروشتییە لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵك ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیان هەیە دروشم و بەرنامە کۆمۆنیستییەکان لایەنگرێکیان نییە و حیزبەکان ناچارن شتومەکێکی تر پێشکەش بکەن. رای دوانز ئەوەیە کە دەکرێ شوێنکاری سیاسی بە بازاڕ و پەیوەندییە سیاسییەکان بە دەرخستن و خواستن بشوبهێندرێن. ئەم رایە لە زۆر کۆمەڵگای تایبەت کە سەقامگیری و بڕەوی ئابووریيان هەیە و دەوروپشت، دەورێکی چارەنووسسازی لە بازاڕدا هەیە، راستە. بەڵام لە بارەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا کە حیزبەکان دەبێ بۆ دەوروپشت ئاراستە دیاری بکەن و لە رێگەی ئایدۆلۆژییە چەقبەستووەکانەوە خەڵك ئامادە(بسیج) بکرێن و رێگەیەك بۆ دەرچوون لەبنبەست بدۆزرێتەوە، راست نییە.

## ٤- سیستەمە حیزبییەکان:

ئەگەرچی سیستەمە حیزبییەکان بە یەکێك لە بەشە سیستەمەکانی سیستەمی سیاسی دەژمێردرێن بەڵام خۆیان دیاریکەری ئەم سیستەمەشن. سیستەمە حیزبییەکان دەکرێ بە دوو گرووپی سەرەکی واتە سیستەمە رکابەرییەکان و نارکابەرییەکان دابەش بکرێن کە خۆی پێناسکاری سروشتی سیستەمی سیاسیی بەستراوە بەویشەوە.

أ) سیستەمە رکابەرییەکان . رکابەرایەتی پرەنسیپی بنەڕەتی دیموکراسییە رۆژئاواییەکان و، نیشاندەری بوونی ئازادی و دیموکراسییە. سیستەمی حیزبی رکابەری بریتییە لە سیستەمێك کە تێیدا زیاتر لە حیزبێك چالاکی هەبێ. ئەوەی تا ئێستا بە کردەوە هەبووە سێ جۆر سیستەمی رکابەرییە کە بریتین لە: سیستەمی دوو حیزبی، سیستەمی چەند حیزبی و سیستەمی حیزبی باڵادەست. هەرکام لەو سیستەمانە جۆرێك لە سیستەمێکی چەند حیزبین. لە سیستەمی دوو حیزبیدا زۆر حیزبی جۆراوجۆر هەن، بەڵام بە هەندێك هۆ کە باسی لێدەکەین، دوو حیزب زیاتر لە

132- Downs, Anthony; "An Economic Theory of Democracy" in Jacques Attali, Analyse Economic de la politique; paris, PUF, 1979, pp. 141-154.



٧٠ لە سەدی دەنگەکان بە خۆیان تەرخان دەکەن و گەمەی سیاسی لە نێو خۆیان دابەش دەکەن. ئەگەر ئەو دوو حیزبە بتوانن ٩٠ لە سەدی دەنگەکان بە خۆیان تەرخان بکەن، دوو حیزبیی تەواوی پێدەڵێن و ئەگینا جگە لەوە دوو حیزبیی ناتەواوی پێ دەگوترێ. یەکێك لە هۆیەکانی باڵادەستیی دوو حیزب، ورەی نەتەوەییە. خەڵکی ئانگلۆساکسۆن ورەیەکی روون و بەبڕشتیان هەیە کە دەیانەوێ کاروباری دنیا بە چاك و خراپ، رەش و سپی و سەر و خوار دابەش بکەن کە مۆریس دۆوێرژێ بە دابەشکاریی سروشتی دەزانێ. دووهەم، هۆکاری تەکنیکی کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە. رژێمی هەڵبژاردنی یەك قۆناغی زۆرینەیی بەستێنێکی گونجاو بۆ سیستەمی دوو حیزبی پێکدێنێ، چونکە حیزبە بچووکەکان هێوایەکیان بە بەدەستهێنانی ٥٠ لە سەدی دەنگەکان نییە و، لە مەیدان بەدەردەکەون و دوو حیزبی بەهێز کە نزیك بە ٥٠ لە سەدی دەنگەکان بەدستدێنن لە مەیداندا دەمێننەوە. هۆکاری سێهەم رەوتی پێکهاتنی مێژوویی ململانێ سیاسییەکانە. هەروەك ئاماژەی پێکرا رۆکان و لیپێست ئاماژە بە دوو شۆڕش کە هەرکام بەدیهێنەری دوو ململانێ لە مێژووی وڵاتانی ئەورووپاییدا بوونە، دەکەن و هەر ململانێیەکیش بەدیهێنەری دوو لایەنی کێشەیە کە هەرکام لە چوارچێوەی حیزبێکدا بەرجەستە دەبێتەوە. سیستەمی دوو حیزبی لەو سۆنگەیەوە بە مانای چارەسەری یەکجارەکیی تەواوی ململانێ مێژووییەکان جگە لە ململانێی دوایی واتە رووبەڕوو بوونەوەی کار و سەرمایەیە کە کۆمەڵگای بریتانیا نموونەیەکی بەرچاوییەتی.[١٣٣]

سیستەمی چەند حیزبی سیستەمێکە کە تێیدا زیاتر لە دوو حیزب چالاکن. شێوەکانی وەها سیستەمێك جۆراوجۆرە. هەندێك جار زیاتر لە ٢٠ حیزب و هەندێك جاریش تەنیا سێ حیزب لە مەیداندا هەن. ئەم دۆخە لە باری کۆمەڵایەتییەوە نیشاندەری دووبەرەکیخوازییە کە زیاتر دەخرێتە پاڵ خەڵکی بە رەچەڵەك لاتینەوە. هۆکاری دووهەم پەیوەندی بە رێژیمی هەڵبژاردنی یەك قۆناغی بە زۆرینەی رێژەییەوە هەیە کە رێگە بە هەموو حیزبەکان دەدا بە گوێرەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستیدێنن لە دەسەڵاتدا بەشداربن. لە باری ململانێ مێژووییەکانیشەوە سیستەمی چەند حیزبی بە مانای کۆتایی نەهاتنی ئەم ململانێیانەیە. سیستەمی چەند حیزبی لە باری دیموکراسییەوە دڵخوازترە بەڵام لە باری سەقامگیری سیاسییەوە، سیستەمی دوو حیزبی بە دڵخواز تر دەزانرێ.[١٣٤]

133- Lipest, S.M., S. Rokkan; Party System and Voter Alignements; pp. 10-40.

١٣٤- نقیب زاده، احمد، حزب سیاسی و عملکرد آن در جوامع امروز، تهران، نشر دادگستر، ١٣٧٦.

سیستەمی حیزبی باڵادەست بە دۆخێك لە سیستەمی چەند حیزبی دەگوترێ کە تێیدا بۆ ماوەیەك، حیزبێك بتوانێ بە رادەیەکی بەرچاو بەپێش باقی حیزبەکان بکەوێتەوە. بۆ وێنە حیزبی دیموکراتی مەسیحیی ئیتالیا بۆ ماوەی سی ساڵ بێپسانەوە کرا بە مەئمووری پێکهێنانی کابینە. چونکە لە نێو پرش و بڵاوی دەنگەکان توانی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە ٣٠ لە سەدی دەنگەکان بۆ خۆی تەرخانبکا.[١٣٥] هەر بەو هۆیەش دەورێکی گرنگی لە سەقامگیری رێژەیی ئیتالیادا گێڕا. لە هەمان کاتدا ناوەندی تەمەنی حکوومەتەکان لە ئیتالیا لە ٦ هەتا ٩ مانگ تێناپەڕێ.

ب ) سیستەمی نارکابەری یان تاك حیزبی. سیستەمی نارکابەری سیستەمێکە کە تێیدا یەك حیزب پاوانی چالاکییە سیاسییە یاساییەکان بەدەستەوە دەگرێ.[١٣٦] زیاتر ئەم حیزبانە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەزۆر پاوان دەکەن، تەنانەت ئەگەر وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٣دا لە ئەڵمانیا روویدا، حیزبی پاوانخواز لە رێگە یاساییەکان بە دەسەڵات بگا، دەس بەجێ دەستدرێژی دەکاتە سەر رۆحی یاسا.[١٣٧] ئەم سیستەمە حیزبییانە پێناسکاری سیستەمە سیاسییە گشتخوازەکانن کە تووشی جۆرێك رۆمانتیزم، ئامانجخوازی(ئایدیالیزم) و خەیاڵپەروەریشە، چونکە پەیوەندیی حیزبی تاك لەگەڵ دەوڵەت، لەسەر بنەمای مێژوویی، لە دوو حاڵ بەدەر نییە، بە دژواری دەکرێ ئەو جۆرە حیزبانە بە حیزبێکی بە مانای راستەقینەی حیزب ناو بەرین. لەم جۆرە سیستەمانەدا یان ئامرازی بەرێوەبردنی بڕیارەکان دەوڵەتی(ئەڵمانیای نازی) یان دەوڵەت ئامرازی بەرێوەبردنی خواستەکانی حیزبە(وەك یەکیەتیی سۆڤییەت). لە حاڵێکدا کە مەرجی حیزب بوونی رێکخراوێکی سیاسی، سەربەخۆییە. لێرەدا دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کە بۆچی رژێمێکی گشتخوازیش خۆی بە هەوجەداری حیزب دەبینێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێك لە هاورێیەتیی خەڵك بێنیاز نییە. بەتایبەت کە دەوڵەتە گشتخوازەکان پشت بە جۆرێك ئامادەکردن(بسیج)ی جەماوەری(ئەڵمانیا) یان رێکخراو(یەکیەتیی سۆڤییەت) دەبەستن کە حیزب باشترین ئامراز بۆ وەها ئامادەکردنێکە.

135- Borella, Francois; Les parties politiques en Europe; p. 174.
136- Aron, R.; Democratie et totalitarism; p. 80.
137- Ibid.; p. 38.



# بەشی دووهەم

## گرووپەکانی گوشار

گرووپەکانی گوشار، گرووپە دەستڕۆیشتووەکان و گرووپە بەرژەوەندی و فیکرییەکان بە گشتی شێوە جۆراوجۆرەکانی گرووپی گوشارن. بەڵام هەندێك لە نووسەران جیاوازییان لەناو دادەنێن. بە باوەڕی ئێمە وا باشە ئەو جیاوازییانەی کە لەناو ئەم گرووپانەدا هەیە لە ژێر ناوی جۆرەکانی گرووپەکانی گوشاردا شیبکرێنەوە.

دوو جیاوازیی سەرەکی دەبێتە هۆی جیابوونەوەی حیزبەکان لە گرووپە گوشارەکان. یەکەم ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکان خاوەن رێکخراوی فەرمی و بەدەزگابوون کە گرووپە گوشارەکان یان دەستڕۆیشتووەکان لێی بێبەرین. دووهەم ئەوەیەکە حیزبە سیاسییەکان بە ئاشکرا و بە فەرمی بە شوێن بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوەن. لە حاڵێکدا کە گرووپەکانی گوشار بە شوێن گوشار خستنەسەر دەسەڵاتی سیاسی و رێنوێنیی ئەو بە ئاراستەی خواستەکانی خۆیانەوەن. لە نێو گرووپەکانی گوشاردا تەنیا سەندیکاکانن کە بەرەبەرە رێکخراوێکی یەکگرتوویان پێکهێناوە. لە هەمان کاتدا رێکخراوە سەندیکاییەکان یان لە ژێر دزەی حیزبەکاندان یان لە پەراوێزی سیستەمی سیاسی دەستدەدەنە چالاکیی سەربەخۆ. نەبوونی رێکخراوە دیاریکراوەکان، لێکۆڵینەوە لەسەر گرووپەکانی گوشار دژوار دەکا، بەتایبەت کە ژمارەیان زۆر و فرەچەشن بێ.

بایەخی گرووپەکانی گوشار بە بڵاوبوونەوەی کتێبی ئارتوور بێنتلی لە ژێر ناوی "*رەوتی حکوومەت : لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ گوشارە کۆمەڵایەتییەکان*"[١٣٨] لە ساڵی ١٩٠٨ دا ئاشکرا بوو. ئەو پێیوایە ئەوەی بە ناوی بڕیارەکانی دەوڵەت دێتە گۆڕێ شتێك نییە جگە لە بەرهەمی رێککەوتنەکان یان خاڵی پێکگەیشتنەوەی گرووپە بەرژەوەندییەکان. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٤٩ دا دووبارە لەچاپدراوە و پاش ماوەیەك دێڤید تروومەن کتێبێکی لەو چەشنەی لە ژێر ناوی "*رەوتی حکوومەتی*"[١٣٩] بڵاوکردەوە کە لە پشتڕاستکردنەوەی کتێبی بێنتلیدا بوو.

138- Bentley, Arthur F.; The Process of Govrenment. A Study of Social Pressures; Chicago University Press, 1908.
139- Schwartzenberg, R. Gerard; Sociologie politique; p. 587.

## ١- پێناسەی گرووپی گوشار و توخمە پێکهێنەرەکانی:

پێناسەی گرووپی گوشار لە چوارچێوەی «ڕێکخراوێك کە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستدەداتە گوشار خستنەسەر دەسەڵاتی گشتی و دەوڵەتی بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوڕێ بکا»، نیشاندەدا کە دەبێ سەرنج بدرێتە سێ توخم: بوونی گرووپێکی ڕێکخراو، بەرگری لە بەرژەوەندییەکان، گوشار هێنان.

ڕێکخراو. هەندێك لە نووسەران بوونی لانیکەمی ڕێکخراو بۆ جیاکردنەوەی گرووپەکانی گوشار لە کردارە خۆڕسك و ڕێکنەخراوەکان بە پێویست دەزانن. بەڵام هەندێکی دیکە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ببێتە هۆی گوشار هاتن بۆ سەر دەوڵەت، ڕێکخراوەکان و حیزبەکان، لە ژێر ناوی گرووپەکانی گوشاردا دەستەبەندی دەکەن. ئالمۆند و پاول، لەسەر بنەمای ڕێکخراو، ئەم گرووپانە بە چوار جۆر دابەش دەکەن.[١٤٠]

– گرووپە بەرژەوەندییە بێناو و نیشان و بێ ڕێکخراوەکان، کە بە شێوەی خۆڕسك و ناپایەدار و بە گشتی وێڕای کرداری توندوتیژانە سەرهەڵدەدەن.

– گرووپە بەژەوەندییە نائەنجوومەنی، نافەرمی و نائیدارییەکان، کە لە ڕێگەی پەیوەندییە خزمایەتی، بڕوایی، یان جوگرافیاییەکانەوە لێك گرێدەدرێن و لە مەیداندا هەن.

– گرووپە بەرژەوەندییە بەدەزگابوو و فەرمییەکان کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی وەك سووپا و پەرلەمان لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکە فەرمییەکانی خۆیاندا بە شێوەی گرووپێکی گوشاریش هەڵسوکەوت دەکەن.

– گرووپە بەرژەوەندییە ئەنجومەنییەکان، وەك ڕێکخراوە ئیدارییەکان کە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە گرووپییەکان پێکهاتوون، وەك سەندیکاکان و یانەکان.

وا وپێدەچێ کە لانیکەمی ڕێکخراو پێویست بێ بۆ ئەوەی بتوانرێ سنوورەکانی گرووپی ناوبراو دیاریبکرێ. لە هەمان کاتدا ئەم لانیکەمە، بە گوێرەی هەر کۆمەڵگایەك جیاوازە. لە ئێراندا ئەم لانیکەمەش لانیکەمەکەیەتی. بۆ وێنە «بازاڕ» کە خۆی چەمکێکی وەهاوییە، وەك گرووپێکی گوشار پێناسە دەکرێ. ئەگەر مەبەست لە بازاڕ، هەمان بازاڕی کۆنی تارانە و

١٤٠- آلموند، ثاول و ديطران، ضارضوبي نظري براي بررسي تطبيقي، ترجمه عليرضا طيب، مركز آموزش مديريت دولتي، ١٣٧٦، ص ١٢٠ – ١٢٧.



لە واتای گرووپییەکەیدا تەواوی ئەو کەسانە لەبەرچاون کە لەو شوێنەدا خەریکی کار و کاسبین، دەبێ دان بەوە دابێنین کە هیچ ڕێکخستنێك لە نێویاندا نییە. پەیوەندییەکانیان نەریتی و لە ڕادەی هاتووچۆ بنەماڵەییەکان دایە. لە هەمان کاتدا ئەو پەیوەندییانە، بەدیهێنەری جۆرێك ڕێکخراوی نافەرمین کە بۆ دەستەبەندی لەنێو گرووپەکانی گوشاردا وەڵامدەرە.

بەرگری لە بەرژەوەندییەکان. ڕێکخراو بە تەنێ وەڵامدەر نییە. بەڵکو دەبێ ئیرادەی کردار و خەبات و سازکردنی گوشاریش لەئارادابێ. بە واتایەکی تر ڕێکخراوێکی کەمتەرخەم نابێتە سەرچاوەی هیچ کاریگەرییەك. ڕێکخراو دەبێ بە شوێن ئامانجەکانیدا دۆخی ئامادەیی(بسیج) بە خۆوە بگرێ و لە هەوڵی بەرگری کردن لە بەرژەوەندی یان ئارمانەکانی خۆیدا بێ.[١٤١] لە لایەکیتریشەوە مانای بەرژەوەندی زۆر ڕوون نییە. زۆربەی نووسەرە ئەمریکاییەکان بەرژەوەندی بە واتا بەربڵاوەکەی کە لە ڕاستیدا هەمان خواست و داوا جۆراوجۆرەکانە، وەبەرچاو دەگرن. لە ئاکامدا نابێ وا بیربکەینەوە کە بەرژەوەندی بە تەواوی لایەنی ماددی هەیە. بەڵام نووسەرە ئەورووپاییەکان وایان پێ باشە کە لە نێوان بەرژەوەندی، هزر و ئارمان جیاوازی دابنێین. "ژان مینۆ" یەکێك لە کۆمەڵناسانی فەرەنسایی کە توێژینەوەگەلێکی زۆری لەمەڕ گرووپەکانی گوشار بەڕێوە بردووە، پێیوایە نابێ ئەم جیاکردنەوەیە بە کەم بگرین. کەسێك بۆ زیاد بوونی هەقدەستەکەی خۆی خەبات بکا لەگەڵ کەسێك کە لە پێناو بەرەوپێش چوونی بیروباوەڕ و ئارمانەکانی خۆیدا چالاکی دەنوێنێ، جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە.[١٤٢] ئەم جیاوازییە، لە ڕێکخراو، کردەوە و جۆری کرداریشدا بەرجەستە دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە زۆربەی ڕێکخراوەکان ئامانجەکانیان شاراوە ڕادەگرن و داوەریکردن لە بارەی ئامانجەکەیان دژوارە.

گوشار هێنان: یەکێك لە باوترین و کۆنترین جۆرەکانی چالاکییە سیاسییەکان، گوشار هێنان بۆ سەر دەسەڵاتە هەنووکەییەکانە کە جۆرەکانی کردارە سیاسییەکان، لە خستنە ژێر کاریگەری و شەڕ و ئەخلاقی خاوەن هێزەکانەوە بگرە هەتا هەڕەشە و مانگرتن و تەنانەت کوشتن و تیرۆر لەخۆدەگرێ. پێکهاتە، ئایدۆلۆژی، کەلتووری سیاسی و زۆر هۆکاریتر لە شێوەی کرداری گرووپەکانی گوشاردا کاریگەرن. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاستی کەلتووری گشتی و

141- Denquin, J.M.; Science politique; p. 354.
142- Meynaud, Jean; Les groupes de pression; pp. 13-14.

سیاسی لە خوارێیە، گرووپەکانی گوشار لە کەڵك وەرگرتن لە هیچ ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان خۆ نابوێرن. سووکایەتیکردن، وەپاڵنانی تۆمەتی ناڕەوا، چوون بۆ ناو بیاڤی تایبەتیی ژیانی تاکەکان، بەشێکن لەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا لە لایەن گرووپەکانی گوشار و تەنانەت حیزبە سیاسییەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ و کەش و هەوایەکی سیاسیی قێزەوەن بەدیدێنن کە یەکەمین ئاکامەکەی روو وەرگێڕانەوەی تاکە لێهاتووەکان لە سیاسەت و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و مەیدانداریی لات و لووت و تاکە بێ لێوەشاوەییەکانە.

سەربەخۆیی. هەندێك لە نووسەران پێ لەسەر سەربەخۆیی گرووپی گوشار دادەگرنەوە. ئەگەر گرووپێك لە ژێر چاودێری گرووپێکی تر یان حیزب یان ڕێکخراوێکدا بێ، دەبێ بە یەکێك لە ئامرازەکانی گوشار هێنان بزانرێ، نەك بە گرووپی گوشار. وا باشە کە رادیەك لەسەربەخۆیی هەبێ بۆ ئەوەی گرووپی ناوبراو بتوانێ بە نیسبەت ئامانج و ستراتیژییەکانی خۆی بڕیار بدا ، هەتا بکرێ ئەو گرووپە لە گوتەزای گرووپەکانی گوشاردا جێبکرێتەوە.[143]

## ٢- چەشنناسیی گرووپەکانی گوشار:

هەروەك ئاماژەی پێکرا چەشنناسیی گرووپەکانی گوشار کارێکی زۆر دژوارە. ئەو هەولانەی لەو بوارەدا دراون لەسەر چەندین پێوەر دامەزراوە کە ئاماژەیان پێدەکەین:

١- دابەشکاری لەسەر بنەمای پێکهاتەی ناوخۆیی.[144] لە پلەی یەکەمدا دەتوانین گرووپەکانی گوشار وەك حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامەکانی، بە گەورە و بچووك و پاشان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی ئەندامەتی بەسەر گرووپە ئیرادی و نائیرادییەکان دابەش بکەین. لە گرووپە ئیرادییەکاندا تاکەکان بە زانیاریی پێشوو و بە ئیرادەوە، هەوڵی پێکهێنانی گرووپێك دەدەن، لە حاڵێکدا کە لە گرووپە نائیرادییەکاندا، بوونی گرووپ پەیوەندی بە ئیرادەی ئەندامەکانییەوە نییە، وەك گرووپە خزمایەتییەکان. هەروەها دەکرێ گرووپە گوشارەکان بە پێی ڕێکخستن بە سەر گرووپەکانی کادر و جەماوەردا دابەش بکەین.

143- Denquin, J.M.; Introduction a la politique; p. 126.
144- Debbasch, C., J.M.Pontier; op. cit.; pp. 378-379.



٢- دابەشکاری لەسەر بنەمای جۆری بەرژەوەندییەکان و ئامانجی مەبەست لە لایەن گرووپەکانەوە.[145] لەم سۆنگەیەوە دەکرێ گرووپەکان بە سەر گرووپە ماددی و مەعنەوییەکاندا دابەشبکرێن:

- *گرووپ بە بەرژەوەندی ماددییەوە.* ئەم گرووپانە زیاتر ڕێکخراوگەلێکی پیشەیین کە لە بەرامبەر ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە پیشە و هەقدەستیان دەکا بەرگری لەخۆیان دەکەن. لەم گرووپانەدا سەندیکای کرێکاری و خاوەنکارییەکان بایەخێکی تایبەتیان هەیە کە دوو چینی بنەڕەتی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان پێکدێنن. ئەم سەندیکایانە بە باسکی بەهێزی حیزبە سیاسییەکانیش دەژمێردرێن. وەك سەندیکای CGT لە فەرەنسا کە پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتەوە هەیە و، سەندیکایەکی کرێکارییتر بە نێوی GFDT لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستە، هەر بەو چەشنە سەندیکاکانی ئەڵمانیا (CSA) کە لەگەڵ حیزبی سۆسیال دیموکراسی هاوڕێیەتی سیاسییان هەیە.

- *گرووپەکانی پشتیوانی بەرژەوەندییە مەعنەوییەکان.* بە پێچەوانەی گرووپی یەکەم، لەخۆگری دەیان جۆر لە گرووپ و ڕێکخراو و یانە بڕوایی، ئایینی و رووناکبیرییەکان و هتد. زۆر گرووپی وەك گرووپی لایەنگرانی ژنان (فیمینزم)، شەڕکەرانی پێشوو(شەڕی جیهانی دووهەم)، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، کلێساکان، وەك بنیات و ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی ـ ئایینی (بە دوور لە ئایین و تەنیا وەك ڕێکخراوێك)[146]، گرووپە فراماسونەکان و یانە سیاسییە تایبەتەکان بەشێك لە گرووپە مەعنەوی یان ماددی ـ مەعنەوییەکانن کە لەگەڵ سەندیکا کرێکاری و جووتیارییەکان جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە.

٣- دابەشکاری لەسەر بنەمای کەسایەتیی حوقووقی ئەندامان. لێرەدا دەتوانین لە نێوان گرووپە تایبەتی و گشتییەکاندا جیاوازی دابنێین. ئەو گرووپانەی کە ئەندامەکانیان لە تاکەکان وەك هاووڵاتی پێکدێن، بە گرووپە تایبەتییەکان ناو دەبرێن و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان کە خۆیان وەك گرووپێکی ئیداری، بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان هەیە و دەستدەدەنە گوشار هێنان بۆ سەر کۆمەڵی بنیاتە دەوڵەتییەکان و تەنانەت لە هەڕەشەکردنیش خۆ نابوێرن، بە گرووپە گشتییەکان دەژمێردرێن.[147] بۆ وێنە ئەوجۆرەی کە لە بەڵگە بڵاوکراوەکان دەردەکەوێ کوشتنی

145- Denquin, J.M.; Science politique; p. 374.
146- Ibid.
147- Debasch, Pontier; op. cit.; pp. 382-385.

کێنێدی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لـە سـاڵی ١٩٦٣دا بەرهـەمی کـەین و بـەینی ڕێکخـراوی سیخوڕی ئەم وڵاتە(CIA) و ناوەندی هاوبەشـی سـوپا(پێنتـاگۆن) بـووە. شـیکردنەوەی ئـەم مەسەلەیە بەمجۆرەیە کە نیزامییەکان و ئەنـدامانی CIA لـە سیاسـەتی نزیکیـی ئـەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت کە دەبووە هۆی کەمبوونەوەی بڕشتی ئەم دوو ڕێکخراوە، ناڕازی بـوون و، دەکەونە بیری کۆتاییهێنان بە سەرۆکایەتیی کێنێدی لە ڕێگەی تیرۆر کردنییەوە.

دابەشکارییەکی تر کە دەتوانین بیکـەین، جیاوازیـدانان لـە نێـوان گرووپـە نەتەوەییـەکان و گرووپە نێونەتەوەییەکانە.[١٤٨]

**٣- ئامرازەکانی گوشار، ناوەندە جێی ئاماژەکان و چۆنیەتیی کردار:**

ئالمۆند و پاول لە نێوان سروشتی ڕێکخراو و گرووپی ناوبراو لە لایەك و چـۆنیەتیی کـردار و ئەو ئامرازانەی کە بەکاری دەبا، لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکی ڕاستـەوخۆ دادەمـەزرێنن.[١٤٩] گرووپە بەرژەوەندییە نالەبار و بێ ناو و نیشانەکان زیـاتر دەسـتدەبەنە کـردەوەی توندوتیژانـە. هەر ئەو نووسەرانە لە نێوان کەناڵە ڕەوا و ناڕەواکانی گوشارهێنانیش جیاوازی دادەنێن. گوشار هێنان لە ڕێگەی ناڕەواوە جگە لـە جـۆری گرووپەکـە، پەیوەنـدیی بـە بـوون و نـەبوونی ئـەم کەناڵانەشەوە هەیە. ئەگەر لە سیستەمی سیاسیی وڵاتێکدا ڕێگـە یاساییەکانی بـەرگری لـە بەرژەوەندییەکانی گرووپەکان لەبەرچاو نەگیرابێ، هەر لەخۆوە گرووپـە بەرژەوەنـدی و تەنانـەت بڕوایی(عقیدتی)یەکانیش بۆ لای کەڵك وەرگرتن لە ئامراز و کەناڵە نایاسـاییەکان دەکێـشرێن. گرووپە گوشارەکان ڕەنگە سێ بەردەنگ یان سێ جۆر ئامانج بۆ کردارەکانیان لەبەرچـاو بگـرن کە بریتین لە: سەرچاوە یاساییەکان، حیزبە سیاسییەکان و ڕای گشتی.

سەرچاوە دەوڵەتییەکان بە گوێرەی ڕادەی دەسـەڵاتێك کـە هەیانـە دەکەونـە بـەر سـەرنجی گرووپەکانی گوشار. بۆ وێنە لە ڕژێمێکی پەرلەمانیدا، پەرلەمان و لە ڕێژیمێکی سەرۆکایەتیدا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بایەخێکی زیاتریان هەیە. گوشارهێنان بۆ سەر سەرچـاوە دەوڵەتییـەکان یان بە شێوەی ئاشکرا و لە ڕێگەی یاساییەوە بەڕێوەدەچێ، یان بە شێوەی نهێنی و نایاسـایی. لە حاڵەتی یەکەمدا، گرووپەکان سەرەتا خواستەکانیان بە گـوێ بەرپرسـان دەگەیـەنن و داوای وەڵامدەکەن. پاش خستنە ڕووی داواکارییەکان، ڕاوێژ و وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی دوو لایـەندا

148- Ibid.; 385.

١٤٩- آلموند و دیگران، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩،١٢٣،١٢١.



پێکدێ. دوای ئەوە ئەگەر گرووپەکانی گوشار بە مەبەستەکانی خۆیـان نەگەیـشتن بـە گـوێرەی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەستبەکار دەبن. ئەم کارە دەتوانێ لـەخۆگری پرسـیار و لێپرسینەوەی وەزیر، هەڕەشەی مانگرتن، خۆپێشاندان و هتـد بـێ. کـردارە ئاشـکراکان زیـاتر بنیاتەکان دەکەنە ئامانجی خۆیان. بەڵام کردارە نهـێنی و نایاسـاییەکان تاکـەکان و بەرپرسـان دەکەنە بەردەنگ. مەسەلێکی بریتانیایی دەڵێ هەر شتێکی ئاشکرا بـێ مـەترسیی نامێنـێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەتا ئەو جێیەی دەکرێ دەبێ ڕێکار و کەناڵی یاسایی دابین بکرێ هەتا هەرکەس و هەرگرووپێك بتوانێ داواکانی خـۆی بـە ئاشـکرا و بـێ نیگـەرانی دەربـڕێ. ئـەو کەسانەی ترسی خەڵك بە نیشانەی ڕەزامەندی ئەوان دەزانن بە هەڵە چوونە. تەنیا بابەتێك کـە ئیجازەی بەرتەسك کردنەوە لەو بـوارەدا دەدا ئاسایـشی نەتـەوەیی، تـەواوەتی خـاکی وڵات و دەسـەڵاتە. جگـە لـەو بوارانـە، هـەر چەشـنە ئاسـتەنگێك دەبێتـە هـۆی بـە نهـێنی بـوونی چالاکییەکانی گرووپەکانی گوشار کە مەترسییەکەی زۆر زیـاترە. گوشـار هێنـانی نهـێنی بـە شێوەی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ خاوەن پۆستەکان، بـەرتیل، یارمـەتیدان بـە هەڵبژاردنـەکانی حیزبـی دەسـەڵاتدار، لـە قـاودانی زانیارییـە نهێنییـەکان و هتـد. لـەخۆ دەگـرێ. بـۆ وێنـە "ژیسکاردستۆن" سەرۆك کۆماری فەرەنـسا لـە سـاڵی ١٩٨٠ دا داوای چـاوپێکەوتنی یاسـر عەرەفاتی قبووڵکرد. بەڵام کۆمەڵگا یەهوودییەکانی فەرەنسا داوایان کرد ئەو کارە نەکا. ئـەو قبووڵینـەکرد و ئـەم چـاوپێکەوتنە بەڕێوەچـوو. کۆمـەڵگا یەهوودییـەکانی فەرەنـسا بـە وردبینییـەکی تـەواوەوە لـە بڵاوکـراوەی فکـاهی ﴿کانـار ئانـشنێ﴾(canard enchaine)دا بابەتێکیان لەسەر ئەو ئەڵماسەی کە "بوکاسا" سـەرۆك کۆمـاری ئـەفریقای باشـوور دابوویـە "ژیـسکاردستۆن"، نووسـی کـە هاتوهـاوارێکی زۆری سـازکرد. وێـڕای ئـەو کـارە هەنـدێك کاریتریشیان کرد بۆ ئەوەی حیزبی سۆسیالیـستی ئـەو وڵاتـە و خـودی فرانـسوا میتـەران کـە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایانە هەبوو، بە دەسـەڵات گەیـشت. لێـرەدا دەتـوانین بەراوردێکی باش لە نێوان حیزبێك و گرووپێکی گوشار و شێوەی کردەوەیاندا بکەین.

حیزبەکان دووهەمین ئامانج بۆ گرووپەکانی گوشارن. بەڵام ئەم کارە پێویستی بـە ئەگـەری بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی نـاوبراو و پەیوەنـدیی ئۆرگـانیکی ئـەم گرووپـە لەگـەڵ حیزبـی ناوبراودا هەیە. بەڵام لە هەر حاڵدا چـونکە حیزبـەکان دەسـەڵاتێکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتیی باشیان هەیە، هەمیشە جێی سەرنجی گرووپەکانی گوشارن.

سێهەم، رای گشتی کە لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکاندا بایەخێکی تایبەتیی هەیە، دەکەوێتە بەر سەرنجی گرووپەکانی گوشار. گوشارهێنان بۆ سەر رای گشتی بە دوو شێوەی رازی کردن و ترساندن بەڕێوە دەچێ. مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان و شێوازەکانی تری توندوتیژی نواندن دەبێتە هۆی ترساندنی رای گشتی، رای گشتیش لە جێی خۆی گوشار دەخاتە سەر دەوڵەت بۆ ئەوەی ویستەکانی گرووپەکانی گوشار بەجێبێنێ. مانگرتن لە دامەزراوەکانی وەك کارەبا و ئاو و هاتووچۆ نیشانیداوە کە زۆر زوو کاریگەریی خۆی دادەنێ. هەموو ساڵێ جووتیارانی فەرەنسا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سیاسەتە کشتوکاڵییەکانی کۆمەڵگای ئەورووپا دەستدەدەنە خۆپیشاندانی توندوتیژانە و بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی خۆیان لە مانگەکانی پشوودان کە خەڵك بۆ سەفەر دەچن، لەسەر جادەکان بڵاودەکەنەوە و بەر لە سەفەرەکەیان دەگرن. بەڵام شێوەکانی رازی کردن پێویستی بە وردبینییەکی زیاترە. گرووپەکان دەبێ لە رێگەی رۆژنامە، شانۆ و شەوی شیعر و هتد خەڵك بە نیسبەت داواکانی خۆیان رازی بکەن. ئەم شێوازە ئاکامی خێرای لێ ناکەوێتەوە بەڵام لە درێژخایەندا رەوگە دەگۆڕێ.

### ٤- ئەرکی گرووپەکانی گوشار:

ئەرکی تێکنەدەرانەی گرووپەکانی گوشار تا رادەیەکی زۆر وەك ئەرکی حیزبە سیاسییەکان دەچێ، بەڵام لە ئاستێکی کەمتردا. ئەگەر حیزبەکان روویان دەکردە کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکانیان، گرووپەکانی گوشار روویان دەکردە لێك گرێدانی بەرژەوەندییەکان ، بەرژەوەندییەکانی گرووپێکیان لە چوارچێوەی داوایەکدا دەخستەڕوو. ئەم کارە دەبێتە هۆی رەزامەندیی تاکەکان و، نایهێڵێ تاکەکان دەست بۆ کردەوەی توندوتیژانە بەرن. دەوری گرووپەکانی گوشار لە تێهەڵکێشانی کۆمەڵایەتیش نابێ لەبیر بکرێ. بەسترانەوەی تاك بە کۆمەڵگاوە سەرەتا لەرێگەی گرووپی پیشەیی و بڕواییەوە پێکدێ. لە هەمان کاتدا دۆخی کارکردی یان ناکارکردیی (disfonctionnel) گرووپەکانی گوشار و دەستڕۆیشتوو، پەیوەندی بە هۆ و هۆکارگەلێکی تریشەوە هەیە. ئەگەر سیستەمی سیاسی وابێ کە رێگەی یاسایی بۆ دەربڕینی خواست و ویستەکانی تەواوی گرووپەکان هەبێ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش خاوەن کەلتووری دیموکراسی بن و نەیانەوێ ویستەکانی گرووپی خۆیان بە سەر هەمووانیدا بسەپێنن، کردەوەی گرووپەکان لە کۆمەڵەی سیستەمی یاساییدا بە شێوەی کارکردی دەبێ. لە لایەکیترەوە کۆمەڵگا دەبێ بە ئاستێك لە تێهەڵکێشان، هاوڕایی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی



گەیشتبێ کە ویستەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکان بە نیسبەت یەکتر دژ و ناکۆك نەبن و دۆخێکی دابڕان هێنەر بە خۆوە نەگرێ. جیاوازیی ئاستی ئابووریش لە باری جوگرافیایی و کۆمەڵایەتییەوە لە رادەیەکی ئاوەزپەسند دا بێ. بۆ وێنە باکووری ئیتالیا کە لەگەڵ باشوورەکەی لە دوو ئاستی جیاوازی ئابووری دان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی زۆر گرووپی مافیایی لە باشووردا. یان ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند بە رادەیەك بێ کە هیچ رێگەیەك جگە لە شەڕی چەکداری نەمێنێتەوە نابێ چاوەڕان بکرێ کە ئەو گرووپانەی پێناسکاری چینی خوارەوەن بە شێوەیەکی هێمنانە داخوازەکانی خۆیان دەربڕن. لەو حاڵەتەدا لە جیاتی گرووپە مافیاییەکان، گرووپە چریکییە نهێنییەکان سەرهەڵدەدەن. مەترسیدارترین گرووپەکانی گوشار گرووپە بڕوایی و ئایدۆلۆژیکەکانن کە هەموو رێگە و کەلێنەکان بە سەرخۆیاندا بە داخراوی دەبیننەوە و هیچ هیوایەکیان بە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە رێگەی یاساییەوە نییە. هەر بۆیە بەرژەوەندیی تەواوی ئەو گرووپە کارکردییانەی کە خوازیاری پاراستنی تەکووزی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگای خۆیانن ئەوەیە کە رێگەیەکی دەرچوون بۆ ئەم جۆرە گرووپانە بدۆزنەوە. چونکە سیستەمی سیاسی لە بەرامبەر ئەو گرووپانەدا دوو رێگەی زیاتر نییە. یان لەناوبردنی تەواوی ئەوان یان دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ چالاکیی یاسایی ئەوان. ئاشکرایە کە رێگەی دووهەم ئیعتیبارێکی زیاتری هەیە. چونکە گرووپی تێکدەر بەرەبەرە لە ئاست باقی رەوتەکان کەم رەنگ دەبێتەوە و وەك ئاگری بن خۆڵەمێشی لێدێ.

## بەشی سێهەم
## هێزەکانی تر

جگە لە حیزبەکان و گرووپەکانی گوشار زۆر هێزی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیتریش هەن کە هەندێك کەس ئەوان بە جۆرێك لە گرووپەکانی گوشار دەزانن و هەندێکیتریش حیسابی ئەوان جیا دەکەنەوە. ئەم گرووپانە رەنگە بە شێوەیەکی دیار، نە دەست بدەنە سیاسەت و نە بە نیازی گوشارهێنان بۆ سەر ئەو بن، بەڵام جیهانی سیاسەت کاریگەرییان لێوەردەگرێ. وەك رووناکبیران کە نە بە نیازی بەدەستهێنانی دەسەڵاتن و نە ئیدیعای هەبوونی دەورێکی سیاسییان هەیە، بەڵام کۆمەڵگا ناتوانێ بوونیان لەبەرچاو نەگرێ. کەسانی دەستڕۆیشتوو، فەیلەسووفان و ناودارانیش خۆیان وەك هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ دەور دەگێڕن. بڵاوکراوەکان و رای گشتییش دەورگێڕانی نوێن کە جاروبار وەك حیزبێکی سیاسی دەور دەگێڕن. جگە لەوەش زۆر هێز هەن کە تایبەت بەو کۆمەڵگایەن و لە جێگەی تر دەستناکەون. وەك قوتابیانی زانستە ئایینییەکان لە ئێران و ئەفغانستان.

### ١- رووناکبیران و کۆمەڵگا رووناکبیرییەکان:

دەستەواژەی رووناکبیر، هاوسەنگی دەستەواژەی فەرەنسی intellectual بەکار هاتووە و شرۆڤەی جۆراوجۆری لیکراوە کە زیاتر لایەنی بۆچوونە تاکەکەسییەکانی هەیە. واتا فەرەنساییەکەی بۆ کەسێك بەکار دێ کە خاوەن زەینێکی چالاك و بیرمەند بێ. باقی پاشگرەکان وەك دەروەست، لائیك، هۆمانیست و هتد. لاوەکی و بەدەستهاتوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە سروشتی رووناکبیرییەوە نییە. کەوابوو رووناکبیر لە پلەی یەکەمدا کەسێکە کە زەینێکی چالاك و بیرێکی بزۆزی هەبێ و بە دوای ئەودا، کەرەستەی خاوی پێویست کە هەمان زانست و زانیارییە گشتگیر و بەربڵاوەکانە بۆ خۆی دابینبکا. رەنگە زۆر بن ئەو دێهاتییانەی کە زەینێکی چالاك و تێگەیشتوویان هەیە بەڵام بە هۆی نەبوونی کەرەستەی خاو، واتە زانستە کارامەکان، قەت پێیان نەناوەتە مەیدانی رووناکبیرییەوە. رووناکبیر رەنگە خزمەتکار یان خەیانەتکار بێ، رەنگە لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی



کۆك یان ناکۆك بێ، رەنگە ئایینی یان دژە ئایین بێ و سەرەنجام رەنگە چەپ یان راست بێ، بەڵام هەرچییەك بێ رادەی کاریگەری و شوێندانەریی ئەو، لە تاکە ئاساییەکان زۆر زیاترە. سروشتییە دۆخی دەروونی رووناکبیریش لەگەڵ خەڵکی ئاسایی جیاوازە. رووناکبیر سروشتێکی رەخنەگر و ورەیەکی هەستیاری هەیە و قورسایی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا لەسەر شانی خۆی هەست دەکا" زیاتر هەستی تەنیایی، دڵساردی، خۆ بە زلزانی و خەم و ئازاری هەیە، مەگەر ئەو کەسانەی کە رێگەیەکیان بۆ سەرچاوەی لە بڕان نەهاتووی مەعنەوییەت دۆزیبێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو پێناسەی کە لە رووناکبیرمان بە دەستەوە دا دەتوانین وا گومان بکەین کە رووناکبیری یەکێك لە کۆنترین گوتەزاکانی ژیانی مرۆڤە. ئەرەستوو، ئەفلاتوون، هۆبز، لاك و ... هەموویان رووناکبیر بوون. بەڵام رەوتی رووناکبیری تایبەت بە سەدەی هەژدەهەمە. لەو سەردەمەدا ژمارەی زۆری بیرمەندان لە لایەك و ئەگەری هاتووچۆ و پەیوەندیی نێوانیان لە لایەکی ترەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە رووناکبیران لە چوارچێوەی رەوتێکی کۆمەڵایەتی کە بەرەبەرە پێکهاتە و ئەرکی خۆشی بەدەستهێنا، سەر هەڵبدا. بەو هۆیە کە شۆڕشێکی گەورە و خوێناوی لەرێدا بوو، رووناکبیرانیش بوونە پەیامهێنەری ئەم شۆڕشە. بەڕێوەبردنی دەوری گرنگی ئەوان لە رێنوێنی شۆڕش و تیۆریدارێژی لە بارەی ئەوەو، قەدر و بایەخێکی نوێی بە رووناکبیران بەخشی. لە لایەکی ترەوە ئەو سەردەمە، سەردەمی جیایی ئایین و دەوڵەت، سەردەمی خوێندنەوەی زانایانەی دۆخی کۆمەڵایەتی و، لە هەمووی گرنگتر سەردەمی ئاوەزمەندی بوو و ئاوەزمەندان(رووناکبیران) وەك خاڵی پەرگاری بوون(وجود)، کەوتنە ناوەندیی بازنەی بوون و سیستەمی زانستی (ئۆپیستمە)ی نوێ و لە دامەزرانیدا دەورێکی گرنگیان گێڕا. هەر بۆیە تەواوی تایبەتمەندییەکانی رووناکبیرانی سەدەی هەژدەهەم وەك ئازادبیری، دژایەتی لەگەڵ ئایین، لیبراڵیزم و هتد، هەتا ماوەیەکی زۆر( و ئێستاش لە ئێران) بە پێداویستی و توخمە سەرەکییەکانی رووناکبیری دەزانرێن. بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا رووناکبیرانی چەپ و لە سەدەی بیستەمدا رووناکبیرانی ئایینی وەك گابرییێل مارسێل و ماریتۆن لە فەرەنسا هاتنە گۆڕەپانی رووناکبیرییەوە[١٥٠] و، دەرکەوت کە مەرجی رووناکبیری، دژایەتی لەگەڵ ئایین، یان لیبراڵ بوون نییە.

---

١٥٠- ر.ك.:"فیلسوفانی که کاتولیك هم بودند" در استوارت هیوز، راه فروبسته، ترجمه عزت الله فولادوند، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٥٣، ص ٨١ — ٨٥.

بەو هۆیە کە بزووتنەوەی رووناکبیری رێکخراو و تەشکیلاتێکی یەکگرتووی نییە، دەبێ سەرنج بدرێتە سەر ئەرکی بزووتنەوەی رووناکبیری.

١- ئەرکی رووناکبیران و رووناکبیری. هەروەك دیتمان ئانتۆنیۆ گرامشی دەورێکی گرنگ بۆ رووناکبیران قایلە، کە بریتییە لە گەیاندنی ئایدۆلۆژیی چینی دەسەڵاتدار بە خەڵك و لەئاکامدا پتەوکردنی بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوخۆی کۆمەڵگای مەدەنیدا، واتە پێگەی سەرەکیی دەسەڵات.[١٥١] سروشتییە کە رۆڵی کۆمەڵایەتی و کەلتووری رووناکبیران لە پلەی یەکەم دایە و دەورە سیاسییەکەشیان پێڕەوێکن لە رۆڵی یەکەمیان. بەو هۆیە کە رووناکبیر، داهێنەری هزری نوێ، دارێژەری رێگە چارە نوێیەکان بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیامهێنەری داهاتووە، ناکرێ تەنیا بە دەورگێڕی ئەو رۆڵەی بزانین کە گرامشی باسی لێوە دەکا. رووناکبیر دەتوانێ بە ئاراستەی شۆڕش و تێکدانی دەسەڵاتی هەنووکەییش هەنگاو بنێ. بەڵام ئەو خاڵە کە گرامشی دەڵێ ئەو رۆڵەی کە لە رابردوودا لە ئەستۆی رۆحانییە مەسیحییەکان بوو، بە لاواز بوونی ئایین کەوتۆتە ئەستۆی رووناکبیران، بە تەواوی راستە. هەرکام لە رووناکبیران بانگەشەکەری قوتابخانەی خۆیەتی و لە بەرگری کردنیدا وەها قسە دەکا کە گوایە دەستی بە راستییەکی رەها گەیشتووە. ئەو بانگەشەکەرانەی بەهەشتە خەیاڵییەکان، بەشی زۆری تاوانەکان، شەڕەکان، کۆمەڵکوژی و براکوژییەکان، برەو پێدانی رەگەزپەرستی و سووکایەتیکردن بە کەلتوورەکانی تریان لە ئەستۆیە. ﴿خوا دەزانێ، هەتا چ رادەیەك بەرپرسایەتیی کەسایەتییە گەورەکانی ژیاری رۆژئاوا لە تێکدان، لە ناوبردن و بێ ناوەرۆك کردنی باقی کەلتووره ئەمریکایی، ئاسیاسی و ئەفریقاییەکاندا مەترسیدار بووە.﴾[١٥٢] لە هەمان کاتدا دەوره ئەرێنییەکەشیان نابێ بە کەم بزانین. هەر بۆیە جێی خۆیەتی لەگەڵ "جەلال ئالی ئەحمەد" هاودەنگ بین کە دەڵێ خزمەت و خەیانەتی رووناکبیران زۆر گەورەترە لە خزمەت و خەیانەتی باقی تاکەکان.[١٥٣] چونکە رووناکبیران دەتوانن لە پەڕە کایەك کێوێك ساز بکەن و کێوێك بکەنە پەڕە کایەك، نەك هەر دەقی وتەکان و نووسراوەکانیان، بەڵکو شێوەی قسەکردنیشیان کاریگەریی لەسەر خەڵك دادەنێ. بە گشتی دەکرێ ئەرکی رووناکبیران بە ئایدۆلۆژیدارشتن، هێنانە گۆڕی هزری نوێ و پێکهێنانی باس و وتووێژە کەلتوورییەکان لە کۆمەڵگادا وەسفبکەین.

151-- Portelli, HUGUES; Gramsci et historique; p. 34.
152- "Hegel et Ancien Orient" in Amir Mehdi Badie, La paix du roi; p. 337.
١٥٣- آل احمد،جلال، در خدمت و خیانت روشنفکران، انتشارات فردوسی، چاپ سوم، بیجا، ١٣٧٦



٢- رووناکبیران و دەسەڵاتی سیاسی. گرامشی دابەشکارییەکی دروست لە رووناکبیران بە دەستەوە دەدا و، ئەوان بە رووناکبیرە ئازاد و ئۆرگانیکەکان دابەش دەکا. دەکرێ ئەوان بە رووناکبیرە ناوخۆ دەوڵەتی و دەرەکییەکانیش دابەش بکرێن. شك لەوەدا نییە کە هەمیشە رووناکبیرانێك هەبوونە کە کەوتوونەتە خزمەتی دەزگا دەوڵەتییەکان و داکۆکییان لە کردەوەکانی حکوومەتی سەردەمی خۆیان کردووە، یان بە شێوەیەکی مەسڵەحەتخوازانە رێنوێنییان کردووە، بەڵام پەیوەندیی دەوڵەت و رووناکبیران زیاتر پەیوەندییەکی پڕ لە گرژی، ناپایەدار و تێکەڵ بە رەشبینییەکی دوولایەنە بووە. نەتەنیا دەوڵەتەکان بەڵکو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش رووناکبیرانیان خستۆتە پەراوێزەوە، تەنانەت رێگەیان پێنەداون کەڵك لە بەرهەمی هەوڵەکانی خۆیان وەرگرن یان بە ناوی خۆیانی تۆمار بکەن. "هێربرت مارکۆزێ" یەکێك لەو رووناکبیرانە بوو کە کەم و زۆر رووداوە خوێندکارییەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ ی بە جۆرێك پێشبینی کردبوو و رەهەند و ئاراستەکانی دیاریکردبوو. بەڵام کاتێك ئەم رووداوانە هاتنە پێش، خوێندکارەکان ئەویان دایە بەر رەخنە و هێرش و لە مەیدانیان بەدەرنا. دەوڵەتەکانیش بە گشتی خوێندنەوە رووناکبیرییەکان قبووڵناکەن، چونکە رووناکبیر سەرنجدەداتە بنچینەی شتەکان بەڵام دەوڵەت خوازیاری تێپەڕبوونی کارەکان و سەرپۆش دانان لەسەر مەسەلەکانە. رووناکبیرانیش سەلماندوویانە کە ناتوانن هیوایان بە کارە بەڕێوەبەرییەکان هەبێ. "پییێر بیرن بوم" یەکێك لە کۆمەڵناسانی ناوداری فەرەنسا، پێیوایە هاوکاری کردن یا نەکردنی دەوڵەتەکان لەگەڵ رووناکبیران پەیوەندی بە بنچینەی رووناکبیرییەوە نییە، بەڵکو لە لۆژیکی دژوازی دەوڵەت سەرچاوە دەگرێ.[١٥٤] ئەو بۆ سەلماندنی رای خۆی دەستدەداتە بەراوردکردنی ئەمریکا و فەرەنسا. لە ئەمریکادا رووناکبیرانی نەریتی(بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆ) و رووناکبیرانی تێکنۆکرات هەمیشە لە دەسەڵاتی سیاسی دوور دەخرێنەوە، لە کاتێکدا کە لە فەرەنسا دەوڵەت لە هاوکاریی هەردووکیان لە بڕگە زەمانییە جۆراوجۆرەکاندا کەڵکی وەرگرتووە. هۆی ئەم جیاوازییە، پێکهاتە، ئامانجەکان و روانگە جیاوازەکانی دەوڵەت لەو دوو وڵاتەدایە. لە ئەمریکادا چاودێرییەکی دەسەڵاتدارانە بە سەر رووناکبیراندا بەڕێوەدەچێ بەڵام لە فەرەنسادا رووناکبیران جاروبار بە پلەیەك لە پۆستە سیاسییەکان دەگەیشتن کە کاریگەرییان لەسەر حکوومەت دادەنا. رەنگە هۆی ئەو شتە بگەڕێتەوە بۆ نەریتی پتەوی رووناکبیری لە فەرەنسادا کە لەسەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە هەتا ئێستا هەر ماوەتەوە و فەرەنسییەکان بە جەیازی نەتەوەیی

154- "Les intellectuals face au pouvoir politique" in P. Birnbuaum, La logique de l'Etat; paris, Fayard, 1989, p. 54.

خۆیانی دەزانن. ڕووناکبیرانی فەرەنسی بە درێژایی دوو سەدەی دوایی خۆراکی زۆربەی بیرە ڕووناکبیرییەکان لەسەرانسەری جیهانیان دابینکردووە. لە "سارتێر"، "مێرلۆ پۆنتی" و "لویی ئیستراوس"ـەوە بگرە هەتا "بۆردیو"، "لیۆتار"، "فۆکۆ" و "گواتاری"، زنجیرە پێغەمبەرانی خوانەناسی سەدەی بیستەمیان بۆ خاکی فەرەنسا تەرخانکرد.

لۆژیکی ڕووناکبیر لەگەڵ لۆژیکی دەوڵەت سازگار نییە. لۆژیکی ڕووناکبیری، ئازادی و بێکۆت و بەندی لە ئاست تەکووزی هەنووکەییە، لە کاتێکدا کە لۆژیکی دەوڵەت لەسەر ملکەچی و دەستەمۆ بوون دامەزراوە. لە لایەکیترەوە ناکرێ ڕووناکبیر لە نێو پێکهاتە و ڕێکخراوەکاندا بەند بکرێ، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەرکی خۆی لە دەستدەدا. لە هەموو ڕێکخراوەکانیشدا تێکهەڵچوونێکی ئاشکرا و شاراوە لە نێوان ڕووناکبیران و بروکراتە قوتەکان بەرچاو دەکەوێ. میخێڵز ئاماژە بە زۆر نموونەی لەوبابەتە لە حیزبە سیاسییەکاندا دەکا.[155] بروکراتەکان پەروەردەکانی قوتابخانەی حکوومەتن کە ملکەچی باڵادەستەکانی خۆیانن و داوای ملکەچی لە ژێردەستەکانیان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیران لە ریزە هیرارکییەکاندا جێناگرن و پەیوەندییەکەیان لەگەڵ بروکراتەکان ڕوون نییە. کێشەی نێوان ڕووناکبیران و دەوڵەت لە کۆمەڵگا بەپەلەکاندا کە دەوڵەت دەیەوێ بەرنامە سەد ساڵەکان لە شەوێکدا بەڕێوەبەرێ، زۆر بەرچاوە. ئەم دەوڵەتانە بە هیچ جۆرێك ناتوانن لەگەڵ ڕووناکبیران هەڵبکەن. نەك هەر شاهیدی نموونە لە وڵاتە جیهانی سێهەمییەکان لە بەردەستە، بەڵکو لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیشدا شتی لەو بابەتە بینراوە. بۆ وێنە حکوومەتی دویگۆل لە دەیەی ١٩٦٠ دا کە تەنیا لەسەر تەوەری بروکراتەکان و تێکنۆکراتەکان دەسووڕا و هیچ ڕووناکبیرێك لە دەوڵەتدا نەبوو.[156]

سەرەڕای تەواوی ئەوانە حکوومەتەکان کەم و زۆر دەزانن کە بە بێ ڕووناکبیران ناتوانن قەیرانەکان تێپەڕ بکەن، ماشێنە حکوومەتییەکەیان سەر و سامان پێبدەن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکبخەن و ڕێگەیەك بۆ چوونەدەر لە بن بەستەکان بدۆزنەوە. لە لایەکیترەوە ئاگاداری توانای ڕووناکبیرانیشن و دەزانن کە یان دەبێ ئەوان لە تەنیشت خۆیان ڕاگرن و یان چاوەڕوانی هێرش و ڕەخنە توندەکانیان بن کە جاروبار وەك قسەکانی "ساخارۆف" و "سۆلژێنستین" کە بوونە هۆی بێ ئابڕوویی ڕژێمی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ئاستی جیهانیدا، کاریگەرییەکی قەرەبوونەکراو دادەنێ. ڕەنگە هەر بەو هۆیانەیە کە پەیوەندیی دەوڵەتەکان و ڕووناکبیران هەمیشە

١٥٥- میخلز، جامعەشناسی احزاب.

156- Ibid.; p. 64.



لەگەڵ ئەوین و نفرەتەوەیە. ئەم پەیوەندییە لەسەردەمی ئێمەدا کورت نابێتەوە. چارەنووسی بەرمەکییەکان، خواجە نیزامەکان و خواجە نەسیرەکان و حەسەنەك وەزیرەکان نیشاندەری کێشەیەکی لەمێژینە لە نێوان ئەم دوو توخمەدایە. لە هەمانکاتدا هەر ئەو پەیوەندییە وەهماوی و گرژە باشترین پەیوەندیی گونجاو لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و ڕووناکبیرانە، چونکە ئەگەر جیاییەکی تەواو هەبێ دەزگای حکوومەت لە کار دەکەوێ و ئەگەر پەیوەندییەکی تەواو هەبێ ڕووناکبیران بۆ لای دەوڵەتەکان ڕادەکێشرێن و دەورە ڕەخنەگرانەی خۆیان لە دەست دەدەن. لە هەر دوو حاڵەتدا ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەو وشکی و بێ ڕۆحی دەڕوا.

٣- ڕەخنە لە ڕووناکبیران و ڕووناکبیری. ڕەخنە لە ڕووناکبیران لە پلەی یەکەمدا ئاکامی بە پسپۆڕی بوونی کارەکان و بەشبەش بوونی زانستەکانە. زانستخوازیی دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ وایدەخواست کە هەر کەس لە چوارچێوەی پسپۆڕیی خۆیدا و لەسەر بنەمای بینراوەکان و بەڵگە زانستییەکان قسە بکا، لە حاڵێکدا کە کاری ڕووناکبیر پشتبەستن بە بەڵگە هێنانەوە فەلسەفییەکانە. ڕووناکبیر لەسەر بنەمای زنجیرەیەك لە بەڵگە عەقڵی، بابەتی و فەلسەفییەکان، قوتابخانەیەك ساز دەکا کە دەبێ ڕێگە خۆشکەری توێژەرانی هەقیقەت و یۆتۆپیاکان بێ. بەڵام زانستخوازیی ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هێندە بەهێز بوو کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ناچار بە لاساییکردنەوە لەسەرچەشنەکانی زانستە پەتییەکان کرد. ڕووناکبیریش بە دوای ئەم پرۆسەیەدا جێی خۆی دایە بیرمەندان. هەروەك ئایدۆلۆژییەکان جێی خۆیان بە زانست دەدا. پرۆسەیەکی تر لە پڕۆسەی پەراوێز خرانی ڕووناکبیران کاریگەر بوو ئەویش وەرچەخانە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکان و دەستپێکرانی سەردەمی فرەیی ئابووری بوو کە ئایدۆلۆژییە چەقبەستووەکانی بێ ئیعتیبار کرد. سەردەمێك دەستی پێکرد کە باسێکی زۆر لە ئایدۆلۆژی سڕینەوە دەکرا.[157] لەو پێناوەدا کتێبی ریمۆن ئارۆن بە ناوی "ئەفیونی ڕووناکبیران"[158] و پێشتریش کتێبی "ئایدۆلۆژی و خەیاڵ"[159] لە نووسینی کارل مانهایم زەبرێکی جیددیی لە ئایدۆلۆژی ساڵاری دابوو. بە باوەڕی ئارۆن ئایدۆلۆژییە چەپەکان بەرهەمی پەیجۆریی ڕووناکبیران بۆ دۆزینەوەی ئەو هزرانەیە کە ئاسوودەیی و ئۆقرەییان پێ ببەخشێ و بە باوەڕی مانهایم ئایدۆلۆژییەکان چاکراو و داڕێژراوی پێویستییەکانی مرۆڤ لە بڕگەیەکی زەمەنی تایبەتدایە. بەڵام ئەم ڕەخنە و ڕوانگەیانە نەك هەر نەبوونە هۆی لەناوچوونی ڕووناکبیران، بەڵکو ئەوانی بە نیسبەت وتەکان و کردەوەکانیان

157- Cf.; Bell, Daniel; The End of Ideology; Glencoe, Free Press, 1967.
158- Aron. R.; opium des intellectuals; Paris, Calmann-Levy, 1955.
159- Mannheim, Karl; Ideologie et utopie (1944), Paris, Marcel Riviere, 1956

وشیارتر کردەوە و بوو بە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانیان قووڵتر و وتەکانیان بەڵگەدارتر بێ. ئەم هەوڵە، یارمەتیشی بە هاوکاریی نزیکی رووناکبیران گەیاند، بۆ ئەوەی هەرکەسە روو بکاتە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر لەسەر بابەتێکی تایبەت و دواتریش ئاکامەکی بە هاوکارەکانی رابگەیەنێ.

بەڵام خوێندنەوەی رووناکبیری لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەمییەکان لە پلەی یەکەمدا لە کردەوەی لاواز، شێوەی لاساییکردنەوە و دەسکردی رووناکبیران و بەستراوەییان بە هزری رووناکبیرانی رۆژئاواوە سەرچاوە دەگرێ. دژایەتیی بێ لێکۆڵینەوە و بنچینەی زانستی لەگەڵ نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگای خۆیان لە لایەك و داهێنەر نەبوونیان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیان پەیوەندییەکی هەمەلایەنە پێکنەهێنن، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی نامۆ بوونی رووناکبیران. لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندیی حکومەتەکانی ئەم وڵاتانەدایە کە ئەم رەوتە لاوازە بەهێز بکەن تا بەڵکو لە داهاتوودا شاهیدی سەرهەڵدانی رەوتێکی رەسەن و راستەقینەی هەڵقووڵاو لە ناخ و سەرچاوەگرتوو لە بزۆزیی کۆمەڵگای نەتەوەیی بن. ئەگەر وانەبێ دەبێ چارەنووسی کۆمەڵگای خۆیان بە دەستی چەند بروکراتێکی زەبوون و کەسانی زمان لووس و بێ هزر و بیر بسپێرن.

٤- کۆمەڵگا رووناکبیرییەکان: کۆمەڵگا رووناکبیرییەکان ناوێکی ناڕوون و وەهماوی بۆ دیاردەیەکی وەهماوییە. جگە لەو رووناکبیرانە کە توانییان مەتەرێزی زانکۆ بەدەستبێنن و وەك دۆرکهایم بیکەنە پێگەی هزرەکانی خۆیان باقی رووناکبیران روویان کردە ئەو بنیاتە خەیاڵییانە کە لە هەمان کاتدا زۆریش خەیاڵی نەبوون. خەیاڵی، لەو بارەوە کە هیچ سنوور و چوارچێوەیەکیان نییە و ناخەیاڵیش لەو بارەوە کە کاریگەری و شوێندانەریان لەسەر رەوتە فیکرییەکان، زۆر گەورەیە. بۆ وێنە دەکرێ قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەڵقەی ڤییەن و یانەی رۆم ناو بەرین کە تێیاندا گرووپێك لە بیرمەندان هاوکارییەکی نزیکیان دامەزراندووە و هزرەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. سروشتییە کە ئەمجۆرە قوتابخانە و کۆمەڵگایانە کاریگەرییەکی جیهانییان هەیە. هەندێك جار چاپخانەیەکیش دەتوانێ دەوری ناوەندێکی رووناکبیری بگێڕێ، وەك چاپخانەکانی گەڕەکی لاتینی پاریس کە پێگەی "ژان پۆل سارتێر" و چەند کەسێتر لە نووسەران بوو. کاریگەریی ئەم چاپخانانە لە ئێرانیشدا بەرچاو بووە و یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەم رێبازە سادقی هیدایەت بوو. بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی هزرە رووناکبیرییەکان سەردانی سێ بەرگ کتێبی "ستوارت هیوز" بە ناوەکانی "زانیاری و کۆمەڵگا" و "رێگەی بەستراو" و "کۆچی هزری کۆمەڵایەتی" بکەن.[160]

١٦٠- ترجمه عزت الله فولادوند، انتشارات علمی و فرهنگی و طرح نو، ١٣٧٣،١٣٧٥.



## ٢- رای گشتی:

دەستەواژەی «را»(opinion) بۆ یەکەمین جار لە سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵدا و هەتا کاتی شۆڕشی فەرەنسا پێناسکاری رای بژاردە هەڵکەوتووەکان بە تایبەت ئاغاواتە داوێنپۆشە پەرلەمانییەکان بوو کە ئاڵای خەبات بە دژی پاشایەتیی رەهایان هەڵدابوو. ئەوان رای خۆیان لەبارەی پاشاوە بە خەڵك رادەگەیاند. لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە ئەم دەستەواژەیە لە جیاتی خرانە پاڵ ئاغاواتەکان خرایە پاڵ هاووڵاتیان و نوێنەرەکانیان.[161] واتە رای گشتی بە بۆچوونی هاووڵاتیان و نوێنەرە سیاسی و فیکرییەکانیان لەمەڕ مەسەلە جۆراوجۆرەکانەوە دەگوترا.

هابرماس پێیوایە کە سەرهەڵدانی بیاڤێکی گشتی کە تێیدا رای گشتی دەرفەتی خۆدەرخستنی بۆ برەخسێ، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بورژوازی یەکتری دەگرتەوە، چونکە بنەواشەی بە گشتی بوونی کارەکان، بورژوازی لە بەرامبەر دەوڵەتدا دەپاراست. بەڵام بە پەرەگرتنی مافی دەنگدانی گشتی، بزاڤە جەماوەرییەکان و پەرەسەندنی بڵاوکراوە گشتی و کۆمەڵییەکان جۆرێکی تر لە رای گشتی پێکهات کە لەگەڵ بیرە«رووناکەکانی» بژاردەکان جیاوازی هەبوو. بەڵام ئەو رای گشتییەش زۆر زوو بۆ راگەیاندنەکان، پڕوپاگەندە و سیاسەت دۆخێکی ئامرازی بە خۆوە گرت. ئامرازەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، تەکنیکەکانی تاوتوێکردنی رای گشتی و راگەیاندنی لە راگەیاندنەکاندا، هەستی هاوپەیوەندیی خەڵك لە بەرامبەر دەوڵەتەکاندا و زۆر هۆی ورد و درشتی تر، لە پلەی یەکەمدا بوو بەهۆی هەستپێکراو بوونی رای گشتی و لە پلەی دووهەمدا بوو بە هۆی سەربەخۆیی رێژەیی ئەو[162]، بەجۆرێك کە بتوانێ وەك دەورگێڕێکی سەربەخۆ لە رێگەی جۆراوجۆرەوە دەور بگێڕێ.

لە باسی تایبەت بە کۆمەڵگادا باسی ئەوەمان کرد لە هاوپەیوەندیی نێوان تاکەکان و گرووپەکان گشتێکی یەکگرتوو بە ناوی کۆمەڵگا بەدیدێ و هەتا هاوپەیوەندیی نێوان پاژەکانی کۆمەڵگا زیاتر بێ، یەکگرتوویی و توانای ئەم گشتەش زیاتر دەبێ. ئەگەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی گرووپەکان و هێزەکان و تاکەکان، فیزیك یان جەستەی کۆمەڵگا پێکدێنێ، رای گشتی رۆح و گیانی ئەوە و هەر بەو شێوە هەتا هاوپەیوەندیی جەستەیی کۆمەڵگا زیاتر بێ رۆحی ئەو واتە رای گشتیش ناودارتر و هەستپێکراوتر دەبێ، چونکە رێگە و ئامرازەکانی پەیوەندیی گشتی لە ژێر تیشکی پەرەگرتنی تەکنیکی لەسەردەمی پیشەسازی و بە شێوەیەکی دیار لە دەسپێکی سەدەی

161- Chagnollaud, Dominique; Sociologie politique; p. 193.
162- Ibid.; p. 194.

نۆزدەهەم بەولاوە پەرەگرتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، رای گشتیش وەك ئاکامی ئەم پرۆسەیە لەم سەردەمەدا شێوەیەکی بەرچاوتری پەیدا دەکا، ئەگینا هەمیشە لە شەڕەکان، شۆڕشەکان و ئەو رووداوانەی کە پەیوەندییان بەخەڵکەوە هەبوو رای گشتیش بەرجەستە بۆتەوە: دیاردەی رای گشتی ئێستا سنوورە نەتەوەییەکانیشی تێپەڕ کردووە و لایەنی نێو نەتەوەیی و جیهانی بە خۆوە گرتووە. ئەمڕۆ رای گشتی گەیشتۆتە وەها یەکگرتوویيەك کە خۆی وەك دەورگێڕ یان هێزێکی سیاسیی نوێ هاتۆتە گۆڕێ.[١٦٣]

رای گشتی خۆی رەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە بە جۆرێك لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە زمان، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، کەلتوور، ئایین، مێژووەوە بگرە هەتا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و بارودۆخی گوزەرانی خەڵکەوە گرێدەدرێ. دەکرێ رای گشتی بە سەر دوو بەشی بنەڕەتی و هێماییەوە دابەشبکەین. لایەنە بنەڕەتییەکەی لە راستیدا تەواوی ئەو هۆ و هۆکارانە لەخۆ دەگرێ کە بناغەکانی ژیانی جڤاتی پێکدێنێ. ئەم لایەنە کەمتر تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ. بەڵام بەشە هێماییەکەی خۆپێشاندان و بەرجەستەبوونەوەی رای گشتی بە بۆنەی رووداوێك یان لە پەرچەکردار لە بەرامبەر شتێکی تایبەتدایە. بۆ وێنە زۆربەی خەڵکی ئێران مەزهەبی شیعەیان هەیە و لەدۆخی ئاساییدا بە شیوەیەکی ئاسایی کاروباری ئایینی خۆیان بەجێدەگەیەنن. ئەم مەزهەبە لە تەنیشت هۆکارەکانی تر وەك مێژووی خەباتیان، ئەدەبیاتی عیرفانی و شیعرە ئایینییەکانیان کە بە درێژایی مێژوو کاریگەری لەسەر پێکهاتنی هەست و ورەی ئەوانەوە هەبووە، بەستێنی فکرێکی جڤاتی پێکهێناوە کە بە بەشی رەقئامێری رای گشتی ئەم خەڵکە دەژمێردرێ. ئێستا وای دابنێین لە رۆژنامەیەکی ناوخۆیی یان دەرەکیدا خاڵێکی نابەجێ لە بارەی پیرۆزەکانی ئەم مەزهەبەوە بنووسرێ، زۆر خێرا خۆپێشاندانێکی خۆڕسك ساز دەبێ و سەدان هەزار کەس بە دژی ئەم بابەتە نارەزایەتی دەردەبڕن . ئەم خۆپێشاندانە بەشی هێمایی و ویترینی رای گشتی ئاشکرا دەکا. بەشی بنەڕەتیی رای گشتی دەبێ بە سیاسەت دارێژیی گشتیدا دەوڵەت لەبەر چاوی بگرێ و تەواوی دەورگێڕە سیاسییەکانیش دەبێ ئەوە وەك توخمێکی هەمیشەیی لە کرداری خۆیاندا لەبەرچاو بگرن. بەشی هێمایی کە هەم وەك دەورگێڕێك کاردەکا و هەم وەك هێزێکی گوشار، رەنگە بکەوێتە بە کەڵك وەرگرتن یان کەڵکاژۆی هەر دەورگێڕێکی تر.

---

١٦٣- ر.ك.:اسدی علی، افکار عمومی و ارتباطات، ص ٣٩.



### ٣- راگەیاندنە گشتییەکان:

راگەیەنە گشتییەکان لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان دەربڕی رای گشتین، دەتوانن پێکهاتەبەخش و پاڵنەریشی بن. لێرەدایە کە راگەیەنە گشتییەکان وەك گرنگترین هۆکاری پرۆپاگەندە لە لایەك و، گرنگترین هۆکاری کاریگەر لەسەر رای گشتی لە لایەکی ترەوە، لە جیهانی ئەمڕۆدا بایەخ و توانایەکی لەرادەبەدەریان هەیە و هیچ دەورگێڕێکی سیاسی ناتوانێ لە ئاستیدا کەمتەرخەم بێ. راگەیاندنە گشتییەکان سەرەتا لە چاپەمەنییەکان و راگەیاندنە نووسراوەکان پێکدەهات. بەڵام بەرەبەرە راگەیاندنە دەنگییەکان وەك رادیۆ و کاسێت و دواتر راگەیاندنە رەنگییەکان وەك تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتیشی پێوە زیاد بوو.[١٦٤] هەرکام لە جۆرەکانی راگەیاندنەکان پێکهاتە و ئەرکی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە یەك خاڵدا هاوبەشن و ئەویش ئەوەیە کە بەردەنگەکەیان تەواوی خەڵك و رای گشتییە. رۆژنامەکان زیاتر روویان لە لایەنی رووناکبیر و خوێندەواری کۆمەڵگایە لەحاڵێکدا کە تەلەفزیۆن تەواوی تاکەکانی خەڵك دەکاتە ئامانج. هەر بەو هۆیە رۆڵی تەلەفزیۆن مەترسیدارتر و بەربلاوترە و هەروەك گوترا دەورێکی گرنگ لە بە کەسێتی بوونی دەسەلاتدا دەگێڕێ. «لە دەیەی ١٩٥٠ بەولاوە بەتایبەت لە کاتی پەرەگرتنی تەلەفزیۆندا، دیاردەی راگەیاندن، وەك سیستەمێکی دەگمەن لە توانای دزە کردندا دێتە گۆڕێ کە دەکرێ بە «راگەیاندن سالاری» راڤە بکرێ. لێرەدا رۆڵی بالادەستیی تەلەفزیۆن جێی تێڕامانە».[١٦٥] «بە هۆی شۆڕشی تەکنیکییەوە جۆرێك لە توانای تەشەنە و دزەکردن پەیدا بووە کە تەواوی سەرچاوە هەستیاری و خەیاڵپەروەرییەکان بەدەستەوە دەگرێ . بەکارهێنانی تەلەفزیۆن بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕی قووڵی دەروونی و کۆمەڵایەتی. ئەم دیاردەیە تەواوی ژیانی ئێمەی تووشی ئاڵوگۆڕ کردووە. هەروەك دەزانین "مەك لوهان" هەتا ئەو جێیە دەچێتە پێش کە دەڵێ تەلەفزیۆن بلاوکراوەکانی بردۆتە ژێر پرسیار».[١٦٦]

"ژۆرژ بالاندیێ" یەکێك لە کۆمەڵناسان و خەڵکناسانی فەرەنسی، دەنووسێ: «لە ژێر تیشکی راگەیاندنەکان و ئەو وەرچەرخانە گەورانەی کە لەو بوارەدا بەدیهاتوون، شێوازی بەرهەمهێنانی وێنە سیاسییەکانیش گۆڕاوە. جیهانی سیاسەت بە شێوەیەکی بێپێشینە دەکەوێتە بەرچاوی

---

١٦٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە: Cayrol, Roland; La Press; PUF, 1973.
Albert, Pierre; La presse; PUF, 1985.

165- Russ, J.; op. cit.; p.221.

166- Ibid.

ژێردەسەڵاتەکانەوە و بە ڕادەیەکی زۆر لایەنی ڕازاویی خۆی لە دەستداوە، ئەوە خۆی بۆتە هۆی جادووسڕینەوە و کەمبوونەوەی پەیجووری لە ئاست مەسەلە سیاسییەکان».[١٦٧]

"ڕۆژێ ژێرار شوارتزنبێرگ" لە کتێبی" *دەوڵەتی شانۆیی: سیستەمی ئەستێرەیی لە سیاسەتدا* " دەورێکی دیاریکەر بۆ بڵاوکراوەکان بەتایبەت تەلەفزیۆن دادەنێ و پێی وایە تەلەفزیۆن، دامەزراوە کلاسیکە نێوبژیوانەکان لە ژیانی سیاسیدا لەکاردەخا و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کەسایەتییە سیاسییەکان و خەڵکدا دادەمەزرێنێ. لەم پرۆسەیەدا گۆڕەپانی سیاسەت دەبێتە گۆڕەپانی شانۆ و تێیدا سێ توخم دەکەونە کرداری دوولایەنەوە: دەورگێڕانی ڕۆڵی یەکەم، بینەران و دەرهێنەران. دەورگێڕەکان ئەو دەورە دەگێڕن کە دەرهێنەر دیاریدەکا و ئەم دەورە بە گوێرەی ویست و ورەی بینەران هەڵدەبژێردرێ. بینەرەکانیش پێش زەینێکی تایبەتیان نییە، یان زەینیان لە ژێر تیشکی دروشمەکان و پڕوپاگەندەی هەمان ڕاگەیاندنەکان پێکدێ و تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەورگێڕەکان( پاڵەوانی سینەما). بینەران خەرجەکانی شانۆیان لە ڕێگەی دانی هەقی هاتنەژوورەوە لە ئەستۆیە و دەورگێڕان لە بەرامبەر ئەو دەورەی دەیگێڕن هەقدەست وەردەگرن. براوەی سەرەکی و هەڵسووڕێنەری شانۆ دەرهێنەرە کە لە پشت سێن شاراوەیە و داهاتی شانۆیەکەی وەگیر دەکەوێ. لەو ناوەدا سیاسەت زیاتر لە جاران حاڵەتی شانۆیەکی یەك کەسی ( one man show) بە خۆوە دەگرێ. لەو حاڵەتەدا چ باشترە کە لە جیاتی سیاسەتوان یان چالاکانی سیاسیی باوەڕمەند بە بنەماگەلێکی تایبەت، لە ئەکتەرەکان کەڵك وەرگیرێ بۆ ئەوەی ئاکامێکی دڵخوازتری لێکەوێتەوە.[١٦٨] نموونەیەك کە دەتوانین بۆ تیۆریی شوارتزنبرگی بێنینەوە، هاتنە سەرکاری ڕێیگان، ئەکتەری کۆمێدی سینەماکانی ئەمریکایە، کە لەو بڕگە کاتییە(دەیەی ١٩٨٠)دا دەبوایە دەوری بەڕێوەبەرێکی سەرسەخت بگێڕێ. ئەم سەرسەختییە کەوتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە. دەرهێنەر، سەرمایەدارێکی ئەمریکایی بوو، بینەران خەڵکی ئەمریکا بوون کە لە جیاتی هەقی هاتنە ژوورەوە دەنگیان دا و پاڵەوانی دەوری یەکەم ڕێیگان بوو.

نموونەیەکی تر کە بۆ شیکردنەوەی بایەخی ڕاگەیاندنەکان بەتایبەت تەلەفزیۆن لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا دەتوانین بیخەینە بەرباس، هاتنە سەرکاری بێرلۆسکۆنی لە ئیتالیایە. لە کاتێکدا کە حیزبە سیاسییەکان ئیعتیباری خۆیان لەدەستدابوو، حیزبێکی نوێی لە نەکاو پەیدابوو،

167- Balandier; G; Pouvoir sur scenes; p. 110.

168- Schwartzenberg, R. Gerard; L'Etat spectacle: star system en politique; pp. 291-317.



پێکهات و بە کەڵك وەرگرتن لە ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕێبەری حیزب و دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت، پاش دوو مانگ پڕوپاگەندە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٤ دا زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی بە دەستەوە گرت.[١٦٩]

لەو ناوەدا، بڵاوکراوەکان بەو دەستڕۆیشتووییەی کە هەیانە ڕەنگە وەك دەورگێڕێکی سەربەخۆ بێنە مەیدانەوە. بۆ وێنە ڕۆژنامەیەك دەتوانێ ڕووناکیی کۆڕ و تەوەری گرووپێك لە مرۆڤە هاوبیرەکان بێ، یان بە بڵاوکردنەوەی بابەتگەلێکی تایبەت، گرووپێك لە هاووڵاتیان بێنێتە نێو بازنەی لایەنگرانی خۆیەوە. بۆ وێنە گۆڤاری "سەردەمی نوێ" کە ژان پۆل سارتێر دەریدەکرد، یان تەنانەت لە ئێران ڕۆژنامە و گۆڤارگەلێك وەك "ایرانشهر" یان "الفبا" بۆ ماوەیەك دەورێکی وایان گێڕا. هەروەها هەندێك لەو ڕۆژنامانەی کە دوای ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی لە ئێراندا بڵاو بوونەوە لە ڕاستیدا وەك حیزبێکی سیاسی دەوریان گێڕا. لە هەمان کاتدا جیاوازیدانان لە نێوان ڕۆژنامەیەك کە قسەکەری گرووپێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتییە و ڕۆژنامەیەك کە کەسایەتییەکی حوقووقی و سیاسیی سەربەخۆی بەدەستهێناوە و لایەنگرانێکیشی پەیدا کردووە زۆر دژوارە. ڕەوتی وەرچەرخانی ڕۆڵی ڕۆژنامە و، ئەوەی کە چۆن لە حاڵەتی ئامرازێتییەوە بۆتە کارگێڕێکی سەربەخۆ و ئامانجدار، دەمێکە سەرنجی کۆمەڵناسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. "ڕۆبێرت ژۆڤنێل" لە ساڵی ١٩١٤دا ئاماژەی بەو خاڵە کرد کە ئەمڕۆ هیچ سیاسەتوانێك ناوێرێ وەڵامی "نا" بداتەوە بە هەواڵنێرانی ڕۆژنامەکان. ژۆڤنێل ڕۆژنامەکان وەك دەسەڵاتی چوارەم لە تەنیشت سێ دەسەڵاتی سەرەکیی دەوڵەت دەناسێنێ.[١٧٠] بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩١٤دا ڕۆژنامەکان سەردەمی لاوێتی خۆیان تێپەڕ دەکرد، ڕوون دەبێتەوە کە بە چ خێراییەك بوونەتە دەسەڵاتێکی سیاسی. شوارتزێنبێرگ نیشاندەدا کە چۆن ئەو سیاسەتوانانەی کە لەگەڵ ڕۆژنامەکان تێکهەڵچوونیان بووە هەمیشە دۆڕاون. زۆربەی ئابڕووچوونە سیاسییەکان کە بوونەتە هۆی دەست لە کار کێشانەوە، یان وەلانرانی سیاسەتوانە گەورەکان، بە هۆی لە هەڵڵادانی ڕۆژنامەکان ئاکامێکی وەها پڕمەترسییان لێکەوتۆتەوە، ئەگینا ئەگەری چارەسەرکردنیان بە نهێنی و بەبێ دەنگی هەبوو. ئابڕووچوونی ناسراو بە "واترگێیت" و وەلانرانی نیکسۆن لەو نموونانە بوو. بە پێچەوانە، ئەو

١٦٩- ر.ك.: نقیب زاده، احمد،"واگشتهای سیاسی و نشانەهای انحطاط دموکراسی در ایتالیا"،تهران ماهنامه اطلاعات سیاسی اقتصادی،شماره ٨١-٨٢، تیر ١٣٧٣،ص ٣٢-٣٩.

170- Jouvenel, Robert de; La republique des camarades; Paris, Grasset, 1914, p. 225.

سیاسەتوانانەی کە پشتیوانی رۆژنامەکانیان لە پشت بووە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. جۆن کێنێدی سەرکەوتنی خۆی لە ساڵی ١٩٦٠دا لە ژێر تیشکی هاوکاری و رەزامەندیی رۆژنامەکان بەدەستهێنا.[١٧١] یەکێك لەسەرنجڕاکێش ترین باسەکانی کۆمەڵناسی ئەم جۆرە گۆڕانانەیە کە لە دیاردە کۆمەڵییەکاندا دێتە پێش. بۆ وێنە زۆرجاری وا هەبووە کە گرووپێکی سیاسی، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی تاقمێکی بە کرێ گرتووە بۆ ئەوەی لە کاری رکابەرەکانیاندا کارشکێنی و توندوتیژی بنوێنن. بەڵام ئەم تاقمە پاش ماوەیەك بۆتە گرووپێکی سەربەخۆ و هەر لەخۆوە دەستی بۆ کاری ئەوتۆ بردووە کە لە کۆتاییدا بە زیانی بەرژەوەندییەکانی گرووپی ناوبراو تەواو بووە.

### ٤- تاکەکان و کەسایەتییەکان:

وای دادەنێین کە لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا تەواوی ژنان و پیاوانی باڵغ مافی دەنگدان و باقی مافە سیاسییەکانیان هەیە و بە بەشێك لە دەورگێڕانی سیاسی دەژمێردرێن. ئەم گریمانەیە لە باری حوقوقییەوە بە تەواوی راستە، بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە بە کردەوە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا توانای کەڵك وەرگرتن لەو مافانەیان نییە، ئەگەریش هەیانبێ بەشداریکردنیان لە رادەیەکی کەم و بەرتەسك و لە رادەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دایە. لە کاتێکدا کە جاروبار کەسایەتییەکان، ناوداران و بیرمەندان و تەنانەت وەرزشوانان، بە بێ بوونی رێکخراو و تەشکیلاتێکی تایبەت بە رادەی حیزبێك دەوریان هەیە. "ریمۆن بار" لە فەرەنسا ئەندامی هیچ حیزبێك نییە، بەڵام بە کردەوە بە رادەی حیزبێکی کادر دەستڕۆیشتوویە. خوالێخۆشبوو "تەختی" (پاڵەوانی زۆرەوانی) لەسەردەمی ژیانی خۆیدا شتێکی لەو بابەتە بوو. لێرەدا مەبەست بەبیرهێنانەوەی جیاوازییەکە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەك لە باری دەوری سیاسییانەوە هەیە.

---

171- Schwartzenberg, R. Gerard; L'Etat spectacle: star system en politique; pp. 197-198.